بسم الله الرحمن الرحيم

# ئوممـەتی مسـوڵمان
## واتاو پێكهاتەو بنەماكانی

# مەبەست لە زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

- دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییە بە گرنگترین و کاریگەرترین دەقی ئەو کتێبانەی کە مەشخەڵی سەرڕێی هزری هاوچەرخی ئیسلامین .
- ئاشناکردنی خوێنەرو لاوی موسڵمانی کوردە بە دەقی ئەو کتێبانەی کە سەرچاوەن بۆ ڕۆشنبیری ئیسلامی و سازێنەری ڕابوونی ئیسلامین .
- شارەزاکردنی ڕاستەوخۆی لاوی کورد بەم سەرچاوانە ، ئازادکردنیەتی لە گشت کۆت و بەندو بۆچوونی تەسکی حزبایەتی و تاکڕەوی و ڕەوتگەرایی .
- بناغەیەک بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتیەکی ئیسلامی بەهێز بۆ هەر تاکێکی موسڵمانی کورد ، تا توانای ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریانەی هەبێ ، کە خوای پەروەردگار پێی سپاردوە .

دەگەڵ ڕێزو تەقدیرمان بۆ بیروڕای نوسەرانی ئەم زنجیرەیە ، مەرجیش نیە ئێمە پابەندی هەموو بیرو بۆچونەکانیان بین .

با دەستورێشمان لەوەرگرتن فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار بێت :

ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمْ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٨﴾ سورة الزمر

التفسير

# ئوممـەتی موسـڵمان

## واتاو پێکهاتەو بنەماکانی

دکتۆر ماجد عرسان الکیلانی

وەرگێڕانی

ئازاد نجم الدین

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ

**نوسینگەی تەفسیر**

ناوی کتێب بە عارەبی: الأمة المسلمة

ناوی نوسەر: د. ماجد عرسان الكيلاني

ناوی کتێب بەکوردی: ئوممەتی موسوڵمان

ناوی وەرگێڕ: ئازاد نجم الدين

چاپ و بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/ هەولێر

دیزاینی ناوەوە : جمعه صديق كاكه

خەت: نەوزاد کۆیی

بەرگ : ئەمین مخلص

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٣١ك – ٢٠١٠ز

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی گشتی سلێمانی ژمارەی سپاردنی ( ١٩٧٧ ) ی ساڵی ٢٠٠٩ دراوەتێ

بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن

هەولێر- شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس

ت : ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٣٠٩٠٨- ٢٥١٨١٣٨

مۆبایل : ٠٧٥٠ ٤٦٠ ٥١ ٢٢ - ٠٧٧٠ ١٣٨ ٧٢ ٩١

tafseeroffice@yahoo.com

tafseeroffice@maktoob.com

altafseer@hotmail.com

www.al-tafseer.com

پێشکەشە بە:

بەو موسـڵمانانەی باوەڕیـان وایە،
کە ئیسـلام دینـی ئوممـەتێکــە
بە بزاڤێکی شیاو، جاهیلییەت دەگۆڕێت
تا خواپەرسـتی و دادپەروەریی
لە دار الاسلامێکدا بچەسپێت..

# نوسەرکێیە؟!

## * کەسایەتی و خوێندنی :

ـ دکتۆر ماجد عرسان الکیلانی لە گوندی الششەجەرەی پارێزگای ئیربدی وڵاتی ئوردون لەدایك بوە.

ـ دکتۆرای لە زانکۆی پیتسبۆرگی ویلایەتی پێنسلڤانیای ئەمریکا لەسەر بنەماکانی پەروەردە وەرگرتوە.

ـ ماجستێری زانکۆی ئوردون لە بنەمای پەروەردەدا وەرگرتوە.

ـ ماجستێرێکی دیکەی لە زانکۆی ئەمریکایی لە بەیروت لە مێژوی ئیسلامیدا وەرگرتوە.

ـ بڕوانامەی لیسانس (بەکالۆریۆس) ی لە مێژودا لە زانکۆی قاهیرە وەرگرتوە.

ـ خولی تایبەتی لەسەر هەڵسەنگاندن و پێوان لە زانکۆی ئەمریکایی لە قاهیرە بینیوە.

## * پسپۆڕی و وەزیفەکانی :

ـ ئێستا مامۆستای زانکۆی شاریقەیە لە دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی.

ـ مامۆستای پرۆفیسۆری پەروەردەو پەروەردەی ئیسلامی بو لە کۆلیجی کچان لە زانکۆی ئوممولقورا لە مەککەی پیرۆز.

ـ سەرۆکی بەشی پەروەردەی ئیسلامی و پەروەردەی بەراورد بو لە کۆلیجی پەروەردە لە زانکۆی مەلیك عبدالعەزیز / لقی مەدینە.

ـ بەڕێوەبەری مەڵبەنـدی دیراسـاتی ئیـسلامی و توێژینـەوە بـو لـە رابیتـەی جیهانی ئیسلامی لە نەتەوە یەکگرتوەکان.

ـ مامۆستا بو لە زانکۆی پیتسبۆرگ لە ئەمریکا.

ـ بەڕێوەبەری فێرخوازیی وراهێنانی وەزارەتی ئەوقافی ئوردون بو.

ـ سەرۆکی بەشی پەروەردەیی لە وەزارەتی پەروەردەی ئوردون.

## * پسپۆڕی هونەریی :

ـ بەشدار بوە لە نەخشەوانی بەرنامەی زانکۆکانی وڵاتانی عەرەب.

ـ بەشداری دەیان کۆنگرەی پـەروەردەیی لـە وڵاتـانی عـەرەبی و ئیـسلامی و ئەمریکاو ئەوروپا کردوە،

ــ ئەنــدامی ئەنجومــەنی (مەڵبەنــدی بــاس و دیراســاتی پــەروەردەیی و دەروونناسی) بوە لە زانکۆی ئوممولقورای مەککەی پیرۆز.

## * ئەندامێتی ئەکادیمی :

ـ ئەندامی کۆمەڵەی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە ئەمریکا.

ـ ئەندامی کۆمەڵەی مێژوەوانانی پەروەردەییە لە ئەمریکا.

ـ ئەندامی پەیمانگای دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە واشنتۆن.

## * بەرهەمەکانی :

١ـ تطور مفهوم النظرية التربوية.

٢ـ فلسفة التربية الاسلامية.

٣ـ الفكر التربوي عند ابن تيمية.

٤ـ أهداف التربية الاسلامية.

٥ـ مناهج التربية الاسلامية والمربون العاملون عليها.

٦ـ التربية و الوعي و التجديد.

٧ـ اتجاهات معاصرة في التربية الاخلاقية.

٨ـ الامة المسلمة، مفهومها، مقوماتها، إخراجها.

٩- مقومات الشخصية المسلمة أو الانسان الصالح.

١٠ - هكذا ظهر جيل صلاح الدين و هكذا عادت القدس (كراوه به كوردی).

١١- التعليم و مستقبل المجتمعات الاسلامية.

١٢ - الصنمية و الاصنام في ثقافة العصبيات القبلية.

١٣ - رسالة المسجد.

١٤ - رسالة المسلم في المجتمع الامريكي.

١٥ - مقدمة في فلسفة التربية (وەرگێڕراوە).

١٦ - الاصول التربوية لمشكلات الناشئة في الاسرة.

١٧ - رسالة مفتوحة الى الفتاة المسلمة.

١٨ - دەيان بەحسی دیکە کە لە گۆڤاردا بڵاو کراونەتەوە.

# پێشەکی وەرگێڕ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسوله الامين محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

ساڵی ١٩٩٩ بو لە کتێبخانەیەکی ئەستەمبوڵ نوسخەیەکی شڕۆڵەو خۆڵاوی ئەم کتێبەم دی، هەرچەندە چاپی کتێبەکەش ١٩٩١ بو ناوی نوسەرەکەشیم زۆر نەبیستبو، کابراش هەر ئەو نوسخەی لا بو.. دڵم بە کڕینیەوە نەبو! دوای دو دڵیم وتم کابرایەکی تورکی دینداری ریشداری عەرەبی نەزان! لە ئەستەمبوڵێکی بازاڕی بازرگانیدا و لە کتێبخانەیەکی گەورەی وادا، کە هەمو کتێبەکانی تورکین، جگە لە هەندێك کتێبی سەرچاوەی کۆنی شەرعی هیچی تری بە زمانی عەرەبی لا نییە، گوناحە بۆ تەشجیعیش بێ با لێی بکڕم.. کڕیم.. بەڵام دوای ئەوەی لە ئوتێلەکە پێشەکی و چەند لاپەڕەیەکیم خوێندەوە، دیم کتێبێکە بە ڕاستی لە ئاستی کتێبی (معالم في الطريق)ەکەی سەیید قوتب بەرزتر نەبێت نزمتر نییە.. بۆ دو سبەی گەڕامەوە لای کابرای تورك. زۆر گەڕام هی تری پێ پەیدا نەکرا. خۆشمی بۆ چەندین کتێبخانەی تر نارد! بەڵام نوسخەی ترم دەست نەکەوت.. جارێ سێ نوسخەم لێ کۆپی کردەوە، تا نەفەوتێ، نوسخەیەکم بە برایەکدا ناردەوە کوردستان و نوسخەیەکیشم لە تورکیا لای دۆستێك جێ هێشت و، نوسخەی سێیەمم بۆ خۆم هەڵگرت..

ئینجا وێڵ بوم بە دوای نوسەرەکەیدا! تا بزانم کێیەو خەڵکی کوێیەو ئاراستەی فیکری و سیاسی چییە؟! لە زۆر شینە ئیخوانی وەك دکتۆر کەمال هەلەباویم پرسی، وتیان نایناسین.. تا جارێکی تر لە بەهاری ساڵی دو هەزارو دودا لە کتێبخانە ئاوەدانەکەی مزگەوتی وەقف لە کۆبنهاگنی دانمارك، برایەکی

فەلەستینیم لە هاورایانی مزگەوت دی، خەریکی لیست کردنی کتێبە.. لێم پرسی ئەگەر ئەو کتێبێکی ئاوای دیوە یان نوسەرەکەی دەناسێت..

ـ بە بایەخێکەوە پرسی : بۆچیتە؟!

منیش ـ کورد بدوێنە شەرحی حاڵی خۆی دەکات ـ حاڵ و مەسەلەم بۆ گێڕایەوە.

ـ وتی : نوسەرەکە خزممەو مانگێك لەمەو بەر لای بوم لە ئەردەن و سێ کتێبی خۆشی بە دیاری داومەتێ، یەکێکیان چاپی نوێی (الامة المسلمة) یە! هەستا چو هەر سێ کتێبەکەی هێنا.. هەموی پەروەردەیی.. نایاب..

ـ وتم : کاکە برا.. دەشزانم ئەمە دیاری نوسەرەو، خۆشە خەڵك بۆ یادگاریش بێ دەیەوێت هەیبێت، بەڵام ئەم پیاوەتیە لەگەڵ مندا بکەو بیاندە بە من!!.. پارەکەشیم بە دو قات و سێ قات لێ بسەنەو منیش مەمنون!! ئەو لاپەڕانەی نوسەر بە خەتی دەستی بۆ تۆی نوسیوە، بۆت لێ دەکەمەوەو دەتدەمەوە.. یان ژمارە تەلەفۆنی نوسەرەکەم بدەرێ بەڵێنت بۆ لێ وەردەگرم نوسخەی ترت بداتەوە.. گەر واسیتەش قبوڵە، با مدیری وەقفی ئێرەشت بکەم بە گژدا. ماڵی ئاوەدان بێت لەگەڵ ئێوەدا، زۆر بە سینە فراوانیەوە دایمێ..

بەڵام لەبەر کێشەی ئەملاولا خێرم لێ نەبینین!

ناچار هاتمەوە سەر کۆپی نوسخە خۆڵاویەکە! کە لەو کاتەوە هەمەو نەموێراوە لەگەڵ خۆمدا بیگێڕم!! پێش تەواو کردنی خوێندنەوەی هەموی، کاتێکی باشم بۆ وەرگێڕانیم ڕەخسا، ئیدی کەوتمە وێزەی.

شەوێکیش بە دیار بەرنامەیەکی پەروەردەیی کەناڵی تەلەفزیۆنی (الشارقە) وە دانیشتبوم، دیتم یەکێك لە بەشدار بوە چالاکەکان نوسەری (الامة المسلمة)ەکەی منە!! هەر خێرا ئیمیلێکم بۆ شارقە کردو ئەوانیش پەیوەندییەکەیان گەیاندە دکتۆر ماجید عرسان الکیلانی. پاش ماوەیەك ئیمیلێکی بەڕێزیانم پێ گەیشت و هەواڵم دایێ، کە ئەو کتێبەی دەکەمە کوردی، زۆری پێ خۆش بو، بە (پۆستی زۆر خێرا) لە شاریقەوە نوسخەیەکی

چاپی نوێی (الامة المسلمة)ەکەی بۆ ناردم و ئەمەی بەردەستی بەڕێزتان وەرگێڕاوی ئەو چاپەیە.. خوا بکەم هەمومان خێری لێ ببینین.. ئامین

مامۆستای نوسەر کتێبی پەروەردەیی زۆرن و (الحمد لله) بۆ خۆشی لقە مەدرەسەیەکی پەروەردەیی گۆشە نیگا فراوان و بە تەجروبەیە، هەر کەس کتێبەکانی تری دیبێت ئەم راستیەی بۆ دەردەکەوێت، پێش ئەم کتێبەی ئێمەش کتێبی (هكذا ظهر جيل صلاح الدين) لە لایەن کاك صادق عثمان عارف ەوە کرا بە کوردی و پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی / لقی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١ دا بڵاوی کردەوە. بەڕاستی جێی خۆیەتی کتێبەکانی تریشی بکرێنە کوردی (بۆ خۆشم دەرفەتم هەبێت درێغی ناکەم)، چونکە بۆچونەکانی دکتۆر ماجید، ڕەسەنێتی فیکری ئیسلامی تێدایەو، نوێ کردنەوەی سەردەمیشی لە خۆ گرتوە..

دەربارەی وەرگێڕانەکە : هەر ئەوەندە هەیە بیڵێم، کە هەندێ پشێوی لە ژمارەی ئایەت یان سەنەدی حەدیسەکان دەکرێت، کە دکتۆر کردونیەتە بەڵگەی بۆچونەکانی بۆیە منیش زیاتر حەدیسەکانم توێژیونەتەوەو، هەندێ زاراوەش ـ کە پێویست بو بێت ـ لە راڤەم کردوە، یان ڕونکردنەوەم نوسیوە، بەڵام لەبەر زۆریی تەخریجی فەرمودەکان پیتی (و)م لە لاوە نەنوسیون، دەتوانم بڵێم پەراوێزەکان هی منەو، ئەوانەی نوسەری بەڕێز لێم نوسیوە : نوسەر.. بۆ بەشکردنی بابەتەکانی کتێبەکەش دوای پێشەکیەکان کراون بە دو بەشی گەورەوە، بە ناوی کۆبەندی یەکەم و کۆبەندی دوەم،، کۆبەند چەند بەندێکە، بەندیش چەند بەشێکە، بەشیش دەبێتەوە بە چەندین باس، لە باسیش بچوکتر بڕگەیە.. کۆبەندی یەکەم سێ بەندی کورتی لە خۆ گرتوە، کە یەکەمیان لەسەر واتای ئوممەتی موسوڵمانەو دوەمیان سەرەتای پێکەوەنانی ئوممەتی موسوڵمانەو، سێیەمینیان دەربارەی گرنگی هێنانە دی ئوممەتی موسوڵمانە.. ئینجا کۆبەندی دوەم دێت، کە دەربارەی شەش توخمی پێکهاتەکانی ئوممەتەکەیە، دەشێت بڵێین هەمو کۆبەندەکە تەفسیری چوار

ئایەتی ئەخیری سورەتی ئەنفالە، کە لەسەر (باوەڕ وکۆچ و جیهادو دالّدەدان وپشتگیری و وەلاو) ە کە هەر یەکەیان بۆتەوە بە بەندێکی سەربەخۆی کۆبەندی دوەم. بۆیە کۆبەندی دوەم شەش بەندیان باسی ئەو شەش توخمەی پێکهاتنی ئوممەتەکە دەکات و، حەوتەم بەند بەراوردێك دەکات لە نێوان دیدو تێڕوانینی ئیسلام بۆ پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤ(Maslow) لەگەڵ تیۆرە دەرونناسیەکانی سەردەم، بە تایبەتی تیۆری ماسلۆ بۆ پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤ کە پێی دەوترێت (سایکۆلۆجی هیومانستیك Humanistic Psychology).. ئەوەش ماوە بڵێین کە ئەم کتێبە بەرگی یەکەمی هەمو کتێبەکەیە، بەرگی دوەمی دەربارەی زیندەیی و نەخۆشی و مەرگی ئوممەتان دەکات کە ئەویشیان زیاتر لە دوسەد لاپەڕەیە.. ئومێدەوارین، تا خوێنەری کوردی ئەم بەرگەیان دەخوێنێت و دەخوێنێتەوە بەرگەکەی دیکەشی بکەوێتە بەردەست..

خوای گەورەش یارمەتیدەر بێت..

والحمد لله رب العالمين..

ئازاد نجم الدين

ئابی ٢٠٠٨

# پێشەکی نوسەر

پێکەوەنانی ئوممەتی موسوڵمان مەبەستی دوەمی پەروەردەی ئیسلامییە، ئەگەر رەنجی تەواو بایەخی تەواو بە هێنانە دی ئەم مەبەستە نەدرێت و مرۆڤی پەروەردەی ئیسلامی بۆ بەرهەم نەهێنرێت ؛ هەر رەنج و هەوڵێکی تر کە بۆ داڕشتنەوەی شەخسەیەتی موسوڵمان دەدرێت هێندە گرنگ و کاریگەر نابێت! چونکە (داڕشتن و بەرهەم هێنانی پیاوچاکان و ئەندامانی ساڵح لە کۆمەڵگەدا) بە تەنها بەس نییە.. داڕشتنەوەی کەسێتی موسوڵمان توخمێکە لە توخمەکانی پێکهاتەی ئوممەتی موسوڵمان.. چونکە دەبێت پەیوەندی نێو ئەندامانی چاکی کۆمەڵگە لە پەیکەرێکی کۆمەڵایەتی واقیعی وادا گۆش بکرێن، بتوانرێت پێداویستیەکانی کۆمەڵگە بهێنرێتە دی و هەمو ئەو کۆسپانە تەخت بکرێن کە بەربەرەکانێکانی ژیان دەیانخوازن... لەم روانگەشەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : (إِنَّ الْمُؤْمِنَ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا)[1] واتە : موسوڵمان بۆ موسوڵمان وەك ریزە خشتی خانویەکی رێکە، هەر یەك ئەوی تر دەبەستێتەوە.. یان (مَثَلُ المؤمنينَ في تَوادِّهِم وتراحُمِهم وتعاطُفِهم مَثَلُ الجَسَدِ اذا اشْتَكَى مِنْهُ عضوٌ تَداعَى لَهُ سائِرُ الجَسَدِ بِالسَّهَرِ والْحُمَّى)[2] واتە : نمونەی موسوڵمانان لە ناو خۆیاندا لە خۆشویستن و بەزەیی و سۆزیاندا دەرهەق یەکتر

---

[1] البخاري : الصحيح/ كتاب الصلاة ـ تشبيك الاصابع/ رقم ٤٥٩، مسلم/ كتاب البروالصلة/ رقم ٤٦٨٤، سنن الترمذي/ كتاب البر والصلة/ ١٨٥١، النسائي/ الزكاة/ ٢٥١٣، مسند احمد ١٨٧٩٨

[2] مسلم : الصحيح ـ بشرح النوي/ كتاب البر ١٦/ ل١٤٠ ژمارە (٤٦٨٥).هەروەها مختصر صحيح مسلم/ المنذري رقم ١٧٨٢، البخاري/كتاب الادب/ باب رحمة الناس والبهائم/ ٥٥٥٢ هەروەها ٥٦٦٥، مسند احمد ١٧٦٤٨.

وەکو جەستەیەکن، ئەگەر ئەندامێکی ئازاری گەیشتێ سەراپای جەستە، تا دای دەگرێت و شەونخونی دەکێشێت..

هەر وەکو چۆن خانویەکی رێك بریتی نییە لە کۆمەڵە بەردێکی کەڵەکە کراو، بەڵکو پێکهاتەی چەند دیوارێکی راست و رێکەو بە بلۆك، یان بەردی پتەو نەقارِی هەڵچنراوەو هەر یەکەیان بە چیمەنتۆو شیشی ئاسن، بە پێی نەخشەیەکی ئەندازیاری پێکەوە چەسپێنراون، ئەم خانوە هەمو شتێکی بە پێی نەخشەیە : پایەکانی، پردی پەیوەست و گرێ و تێهەڵکێشی سەربان و کۆڕنیش و لاشیپانی، قوڵی و پانی بنەپایەو ئەستوری بناغەو پایەو دیوارو رادەی بڵندیان، هەروەها هەمو حساباتێکی تین و قورسی و بارودۆخی کەش و سەرماو گەرماو ئاڵ و گۆڕی هەواو.. هتد.

دیسان چۆن جەستەش، ئەگەر ئەندامێکی نەخۆش کەوت، تا دای ناگرێت و جەستەش شەونخونی بۆ ناکێشێت ئەگەر جەستەکە خۆی تەواو زیندو نەبێت، دەبێت ئەو جەستەیە خەو خۆراکی رێك وپێك بن، دڵێکی زیندوی چوستی تێدا بێت، مێشکێکی ساغ سەرپەرشتی بکات و فەرمانی گونجاوی بۆ دەرکات، دەبێت هەمو کۆئەندامی هەرس و هەناسەی لە کاردا بن، شاخوێنبەرو خوێن هێنەرو دەمارو دەزولە خوێنینەکان ساغ و سەلیم بن و هەڵسورێن، حەتمەن دەبێت خوێنەکەش پاك وپاڵفتە کراو بێ پێکهاتەو رێژەی توخمەکانی ناوی پارسەنگ بن

ئوممەتیش هەر وایە.. ئەمیش کۆمەڵە جەستەیەکی ـ باش یان خراپی ـ کەڵەکە کراو نییە، بەڵکو چنراوێکی کۆمەڵایەتییە، دەبێت بە پێی یاساو رێسای بنیاتنانی ئوممەتان بێت، بە پێی ئەو رێسایانەش زیندوی و نەخۆشی و مەرگی ئوممەتان دەزانرێت، دەبێت فەحسی هەمو بەشێکی پێکهاتەی جەستەی ئەو ئوممەتە بکرێت تا بزانرێت ئایا هەموی ساغن، ئینجا ئایا هەموی پێکەوە کار دەکەن و لەگەڵ یەگ سازاو گونجاون؟! سەرەنجامی ئەم

ناسین وزانین و فەحسە وردەكاریە دڵنیا بونە لـە سـەلامەتی جەسـتەكە، بـەڵام بۆ كاریگەرێتیەكەی حەتمەن دەبێت سەرنج لە بەرهەمی بدرێت، بزانین داخـۆ ئوممەتی موسوڵمانی وەبەرهەم هێناوە یان نا؟ ئایا ئـەو ئوممەتـەش لـە ئاسـتی پێداویستیەكانی كات و جێدان؟!

بـە هـەردو قۆناغەكـە (قۆنـاغی پـەروەردەی تـاكی موسـوڵمان و قۆنـاغی بەرهەمهێنانی ئوممەتە موسوڵمانەكە) ئینجا كۆرسەكە تـەواو دەبێـت، قۆنـاغی یەكەم پێشەكی قۆناغی دوەمە، هەردوكیشیان لازم و مەلزومی یەكن و هیچیان بـێ ئـەوی تریـان نابێـت. لەبـەر ئـەم خاڵەیـە كـە لـە مـاوەی قۆنـاغی مەككـە ئاڕاستەكان بە چڕی تەرخان كرا بون بۆ پەروەردە كردنی تاكی موسوڵمان، یان (مرۆڤـی چـاك و چاكـساز) كەچـی دەبینیـت لـە قۆنـاغی مەدینـەدا ئاڕاسـتە پەروەردەییـە عەمەلیـەكان بـۆ وەبەرهـەم هێنـانی ئوممـەتی موسـوڵمان چـڕ دەبنەوە.[1]

لــە توێژینــەوەی سەرچــاوە ئیــسلامیەكانەوە ئــەوە رون دەبێتــەوە كــە (ئوممەت) بە درێژایی مێژوی ئیسلامی بە دو واتا هاتوە :

واتایەكی تیۆری كە لە قورئان و حەدیسدا هەیە : ئەمیش ئەو نمونەیە كـە دەبێت ئوممەتەكە لەو شێوەدا بنیات بنرێت، ئەمەشیانە كـە مـن لـەم باسـەمدا ناوم لێناوە(ئوممەتی موسوڵمان) .

واتایەكی عەمەلی : ئـەو قەوارەیـە كـە لـە سـەردەمی پێغەمبـەرەوە ﷺ تـا ئێستا بە درێژایی چاخە جیاوازەكانی مێـژوی موسـوڵمانان لـە واقیعـدا هـەبوە، ئەمەشیانم ناو ناوە (ئوممەتی ئیسلامی).

---

[1] لەگەڵ ئەم كتێبەدا كتێبی (مقومات الشخصیة الاسلامیة) ش بخوێنەرەوە كە لە زنجیرەی (كتاب الامە/ رقم ٢٩) لە قەتەر دەردەچێت تا بە هەردوكیان ستراتیژی كاری ئیسلامیت لا رون كەنەوە. (نوسەر)

لاپەڕەكانی مێژو ئەوە دەسەلمێنن كە واتا عەمەلیەكەی ئوممەت بۆ ماوەیەكی زەمەنی كورت لە گەڵ واتا تیۆریەكەدا پڕاوپڕ لە واقیعدا هاتنە دی، ئەویش سەردەمی پێغەمبەرو دو جێنشینەكانی بو ئەبو بەكری سددیق و عومەری كوڕی خەتتاب ـ خوا لێیان رازی بێت ـ چونكە دوای ئەوان ئەو دو واتایە بەرە بەرە لێك دەترازان ودور دەكەوتنەوە، تا كار گەیشتە لێك جوێ بونەوەی تەواو، هەر وەكو كە پێغەمبەر ﷺ خۆی فەرمو بوی:

ـ (تَدورُ رَحَى الاسلامِ لِخَمْسٍ وثلاثينَ او سِتّ وثلاثين او سبعٍ وثلاثين، وإنْ يَقُمْ لَهم دينُهم يَقُمْ لهم سبعين عاماً)[1] واتە : دەستاڕەكەی ئیسلام (مەبەستی چەسپاندنێتی بە رێك و پێكی) تا سی و پێنج ساڵ، یان سی و شەش ساڵ، یان سی و حەوت ساڵ دەگەڕێت، ئەوجا ئەگەر دینەكەیان بۆ پیادە ببێت ئەوا بۆ حەفتا ساڵ بۆیان پیادە دەبێت..

ـ هەروەها : (خَيْرُ أُمَّتِي قَرْنِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ .. ثُمَّ إِنَّ بَعْدَكُمْ قَوْمًا يَشْهَدُونَ وَلَا يُسْتَشْهَدُونَ وَيَخُونُونَ وَلَا يُؤْتَمَنُونَ وَيَنْذُرُونَ وَلَا يَفُونَ وَيَظْهَرُ فِيهِمْ السِّمَنُ)[2] واتە: چاكترین سەردەم سەردەمی منە، پاشان ئەوانەی بە دوایاندا دێن، پاشان ئەوانی بە دوی ئەوانیشدا دێن.. پاشان كۆمەڵە خەڵكی تری وا دێن

---

[1] سنن ابي داود ب٤ ل ٩٨ ژمارە ٤٢٥٤، عون المعبود ٣٦٢،٣٦٤/١١، ومسند احمد ٢٩٠/١ـ٢٩٢، وصححه الالباني. حەدیسێكی تری بەناوبانگیش هەیە كە ئەبو داودو وئبنو نوعەیم و ئیبنو ئەبی دونیاو تەبەرانی لە مەعازی كوڕی جەبەلەوە ـ خوا لێی رازی بێت ـ گێڕاوێتیەوە، كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (ألا إنَّ السُلطانَ و القرآنَ سَيفْتَرقَانِ ، فَالْزمُوا الكتابَ. ألا و إِنَّهُ سَيُوَلِّى عَلَيكُمْ أُمَرَاءٌ ضَالُّونَ مُضلُّونَ ، إنْ اتَّبَعْتُمُوهمْ أَضَلُّوكُمْ ، وإنْ خَالَفْتُمُوهُمْ قَتَلُوكُمْ ، قَالُوا فَمَاذَا نَفْعَلُ يَارَسولَ الله؟ قالَ : كَمَا فَعَلَ أَصْحَابُ عِيسَى شُدُّوا عَلَى الْخَشَبِ و نُشِروا بِالْمَنَاشِيرِ فَوَالذي نَفْسُ محمدٍ بِيَدِهِ لَمَيتَةٌ فِي سَبيلِ اللهِ خَيرٌ مِنْ حَياةٍ في مَعْصِيَتِهِ) رواه أبو نعيم في دلائل النبوة، الطبراني/ المعجم الصغير ژمارە ٧٤٩، المعجم الكبير ٩/٢٠، ومسند الشاميين ٦٥٨، ومجمع الزوائد ٤٢٨/٥..)

[2] متفق عليه بلفظ : (خَيرُ القُرُونِ قَرْنِي، ثُمَّ الذينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الذينَ يَلُونَهُمْ) : صحيح البخاري/ المناقب ـ فضائل اصحاب النبي ﷺ ژمارە ٣٣٧٧، مسلم/٢٥٣٥، الترمذي، النسائي، وابن ابي شيبة : المصنف ١٧٧/١٢، احمد ٢٦٧/٤، ٢٧٦، ٢٧٧. ریوایەتێكی تری موسلیم لە دایكە عائیشەوە ـ خوا لێی رازی بێت ـ: (سَألَ رَجلٌ النبيَّ : أيُّ النَّاسِ خَيرٌ؟ قالَ : الْقَرْنُ الذي انَا فيهِ، ثُمَّ الثَّاني ثم الثَّالِثُ).

خۆ لە شاهیدی هەڵ دەقورتێنن بێ ئەوەی کەس داوای شاهیدی دانی لێ کردبن، لە جێی دەستپاکی خیانەت دەکەن، نەزر لە خۆ دەگرن و نایبەنە سەر، دیاردەی قەڵەوییان لێ دەردەکەوێت (مەبەست لە گەدەبەلی و زێدەڕۆییە لە خواردندا، واتە هەر بایەخ بە ورگیان دەدەن) والله اعلم.

کەوا بو بە شاهیدی پێغەمبەرەکەی خوا ﷺ (ئوممەتی ئیسلامی) لە هەمو ماوەکانی مێژودا (ئوممەتی موسوڵمان) و راشیدە نەبوە، بەڵکو هەر لە زوەوە لە نمونە قورئانیەکەی قورئان و حەدیس لایداوە تا گەیشتۆتە ئەوەی کە هەر بە تەواوی لەو دابڕاوەو پێچەوانەی بۆتەوە! چونکە دەزگاکانی ئاڕاستەو پەروەردەی ئیسلامی لە هەمو سەردەمەکانی دوای قۆناغی پێغەمبەرایەتی و خیلافەتی راشیدەوە وازی لە (فقه اخراج الامة المسلمة) هێنا، یان بەزۆر وازیان پێ لێهێنا، واتە : ناچاریان کرد هەقی نەبێت بەسەر ئەو رێسا پەروەردەییانەوە کە ئوممەتەکە بە (امة مسلمة) رادەگرێت. ئێ ئەو رێسایانەشن کە سیستم و یاساو شێوازو دەزگای وا دێننە کایەوە کە ئوممەتەکە لە دەسەڵاتی بە خورتی سەپاندن و هۆکارەکانی نەخۆشی و دژواری مەرگ دەپارێزن. ئینجا کە ئەم ئامانجە گرنگە فەرامۆش کرا هەمو بایەخەکان لە پەروەردە کردنی تاکی موسوڵماندا گیری خوارد. لەمەشدا بوە مایەی پەروەردەکردنی تاکی چاکی غەیری چاکساز! لەوانەی کە هەر لە منداڵیانەوە وا گۆش دەکرێن بەرەو قیامەت بکەونە رێ و هەقیان بەسەر دنیاوە نەمێنێت! بەو ئیعتیبارەی پیاوی موسوڵمان هەر چاوی لە قیامەتەو دنیای مەبەست نییە! هەتا ئەم زەمانەی ئێستای ئێمەش دەزگاکانی پەروەردەو ئاڕاستەی ئیسلامی سەردەم هەر بەم نمونەی پەروەردە کردنە لاسەنگەدا دەڕۆن و هێشتا هەر برەو بەوە دەدەن کە (اذا صلح الفرد صلحت الامة : ئەگەر تاك چاك بو ئوممەتەکەش چاك دەبێت) لەگەڵ ئەوەشدا کە واقیعەکە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەمە وا نییە، کەچی دەزگا کلاسیکیەکانی پەروەردەو ئاڕاستەی ئیسلامی و

گـروپ و بزاڤـە ئیـسلامیەکانی نـاو سـاحەی گۆڕانکـاری کۆمـەڵ، وا پێـوەی پابەندن، لێیان بۆتە بەڵگەنەویست و لێی لانادەن، دەڵێـی ئایـەتی قورئانـە!! لـە کاتێکدا ئەمە تەنها تیۆرە، دیدە، بۆچونی مرۆڤە.. ئیحتیمـالی هەڵـەو راسـتی هەیە.. لە تاقیگەی کارو بزاڤی دەرون واقیعیـدا دەردەکـەوێت کـە ئیحتیمالـە وا بێـت و ئیحتیمالیـشە هـەر وا نـەبێت. سـەرەنجامی ئـەم دیـدە لێـڵ و بۆچـونە ئاڵۆزو لاسەنگەیە ئـاوا موسوڵمانان دەبینیـت دەڵێـی لیژنـە داری کەڵەکـە کـراو کـەف و پـوش و پەڵاشـی لافـاو تۆپـەڵ و دومـەڵی کۆمەڵگـەن! هـیچ بۆچـونێکی زانـستیانەی واقیعیـان دەربـارەی بنیاتنـانی ئوممـەتان نییـە! دیـدێکی رونیـان دەربارەی بە گەڕ خستنی ئـەو هـەمو وزە مـاددی و بەشـەریەی کۆمەڵگەکانیان نییـە! هـەر لەبـەر ئەمەشـە دەبینیـت موسـوڵمانان دەبنـە تـۆپی سـوکی گەمـەو گورزی ململانێی دەستی ئەم ئیحتیلال و ئەو زلهێـزی نـاوەکی و دەرەکـی تـا بـە کەیفی خۆیان و بۆ مەرامی خۆیان لـە لـەتك و پـەتکی ئوممەتەکـەمان، قـەوارە وکیـانی لێـك جـوداو دور، دروسـت دەکـەن و نـاوی دەنـێن : (ئوممەتـە ئیسلامییەکان)! بۆ هەر لەتێکیشیان رەگەزنامە (الجنسیە) و (کلتورو کەلەپور) و (دۆستایەتی و دوژمنایەتی) ی بە گوێرەی دەیان رەگەز پەرستی و تیرەگـەری و تەنگدیـدی دیـاری دەکـەن!! کـە هـەر یەکـەیان لـە ئاوازێـك بخوێنێـت و بـە شێوازێکی لێك جوداو دور کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداری خۆی ببات بەڕێوە! لە ناو خۆشیاندا وابن کەس نامەی کەس نەخوێنێتەوە!!

کۆتا بەرهەمی ئـەم نـەزانین و پـەی پـێ نەبردنـەی دەزگاکـانی پـەروەردەو ئاراسـتەی ئیـسلامی بـەو حەقیقەتـە گـەورەو گرنگەیـە ـ کـە تـا ئێـستاش هـەر سـورن لەسـەر مانـەوەو راپەڕانـدنی! ـ کـە وای کـردوە تـاکی موسـوڵمانی چـاکی غـەیرە چاکسازی ئاوا نا کامڵ و لاسـەنگ وەبەرهـەم دێـنن و فڕێـی دەدەنـە نێـو گۆنگەڵی کەش و بارودۆخ و کۆمەڵگەی چەوت وناپەسەندەوە کە هـەمو چـاکەو باشـیەکانیان دەبنـە سـوتەمەنی ململانـێ و ناکۆکیـەکی خـراپ و نابەرابـەری

کۆمەڵایەتییەوە تا سەرەنجام یان دەفەوتێن، یان لە رەوشت و رەفتارو هەڵس و کەوتیاندا توشی ئیزدیواجییەت دەبن (دو جۆر کەسێتی لە یەك کەسدا)، یان دەکەونە خۆخۆری و گلەیی و گازاندەو لۆمە، تا ئارامیان نامێنێت و دەبنە قوربانی هەنگاوی هەڵەشەی رق و قین و تورە بون و کارو کاردانەوەی نابەرابەر.. یان دەکەونە جیهادێکی شەفەیی بێ بەرنامەو پلان، کە لەوانەیە لایەنێکی تر بۆ بەرژەوەندی خۆی رایان کێشێتە ناو دەبەرێك راچونی سەرپێیی و هەمو وزە کۆکراوەکەیان بۆ خۆی و مەرامی بخاتە گەڕو ئەمانیش هەر بهاڕرێن، تا بە هیوابڕاوی (گەرچی نییەت پاکیشن) توشی خۆبەکۆمەڵ کوژی دەبن [١] ئیتر کە دەبەزن، بەزینەکەشیان دەبێتە تێکشکانێکی دەرون و رەشبینیەکی کوشندەو رمان.. بێ ئەوەی کەسیان لە پێدا چونەوەیاندا، یان لە گەرمەی گلەیی و گازاندەو بۆڵە بۆڵ و رەخنە لەم و لەو گرتنیاندا، لا بکەنەوە بە لای ئەم خاڵە گرنگەی کە ئێستا لە باسیداین، کە تێگەیشتنەوەیەکی نوێ و زانیاریەکی نوێیە لە چۆنیەتی بنیاتنانەوەی ئوممەتی موسوڵمان و هۆکارەکانی ساغی و نەخۆشی و ژیانەوەو مردنی دا

بیرۆکەی نوسینی ئەم کۆمەڵە باسە لەم زەرورەتەوە هات، بەو هیوایەی لە گۆشەیەکەوە بەشداری خۆ دۆزینەوەو کەشف کردنەوەیەکی نوێی (رێسای بنیاتنانی ئوممەتی موسوڵمان) بکات و بتوانێت تیشکی تەواو بخاتە سەر

---

[١] لە وڵاتانی رۆژئاوا کە تاکێکی کۆمەڵگەکەیان لە ژیاندا شکست دێنێت و دەرەقەتی کێشەکانی نایەت خۆی دەکوژێت، بەڵام لە جیهانی ئیسلامیدا تاکی شکست خواردو بە کۆمەڵ خۆکوژی کۆمەڵایەتی دەکەن، بەوەی کە لە ژیان دەکشێنەوەو چوست و چالاکیە کۆمەڵکارییەکانیان دەپوکێتەوە، ئیتر چاوەڕوانی مەرگی بە کۆمەڵ و پاداشتی رۆژی دواییان دەکەن. دەرچەی ژەهرینی ئەم خۆکۆمەڵ کوژیەش ئەوەیە کە ئیتر ئوممەتەکە توانای بەرگری ستەمکاری ناوەو دەستدرێژی دەرەوەی پێ نامێنێت و کۆڵ دەدات، هەر وەکو شەکەتێکی ناو ئاو کە بێ هیوا دەبێت ئیدی تەسلیم بە مۆنجی دەریا دەبێت و لێ دەگەڕێ مۆنجی بێ ئامان بۆ کوێی دەبات با بیبات و بە چی دەکێشێت با پێی کێشێت! ئوممەت ئاوا دەبێتە کەف و کوڵی دەریا و بێ تین و لاواز دەکەوێت و رقی لە هەمو جۆرە خەبات و قوربانیدانێك دەبێتەوە!! (نوسەر)

بابەتەکە و بیکاتە مایەی هاندانی نوسەرانی تریش کە بێنە ئەو مەیدانەوەو لەبەر رۆشنایی ئاراستەکانی قورئانی پیرۆزو سونەتی پاکی پێغەمبەردا ﷺ بتوانن داهێنانی نوێ بخەنە بەردەست بەرپرسانی پەروەردەو ئاراستەی دەرون و بزاڤی کۆمەڵکاری..

خوای گەورەش بە رێنمایی خۆی سەرپەرشتیمان کات، ئێمە هیچ نازانین ئەوە نەبێ کە خۆی فێری کردوین، لە هیچیش باش تێنەگەیشتوین مەگەر ئەوەی ئەو تێی گەیاندبین..

# کۆبەندی یەکەم

# ئوممەتی موسڵمان

# واتاو پێکهێنان و گرنگێتییەکەی

**بەندی یەکەم : واتای ئوممەتی موسڵمان**

**بەندی دوەم : سەرەتای پێکەوەنانی ئوممەتی موسڵمان**

**بەندی سێیەم : گرنگی هێنانەدی ئوممەتی موسڵمان**

# بەندی یەکەم

# واتـای ئوممەتی موسوڵمان

## مانای ئوممەت :

ئوممەت زاراوەیەکە وەکو زاراوەکانی نوێـژو زەکات و حـەج و کـوفر.. بـە هاتنی پەیامی ئیسلام لەدایك بوە..

ئوممـەت لـە روی زمانەوانییـەوە بـە مانـای : (کۆمەڵـە خـەڵکێك کـە روەو شـوێنێکی دیـاری کـراو دەڕۆن)[١] دێـت، لـە روی زاراوەییـشەوە ـ لـە زۆر جێگـای قورئان و حەدیسدا بە کۆمەڵێك مانای پەیوەندیدار هاتوە، گرنگترینیان :

مانای یەکەم : ئوممەت : مرۆڤ و پەیامە :

پەیام : لێرەدا بریتییە لەو نمونە جوان و مەزنەی وا لە کۆتا پلـەی ئاسـتی پێشەوایەتی شوێن کەوتن و ئیقتیدا پێ کردن لە هەمو لایەنەکانی خێرخوازی رەفتارو رەوشت بۆ تاك و کۆمەڵ، تا هەمو خەڵکی وەری گرن و پێـوەی پابەنـد بن و لەو رێیەوە بەختەوەر بن. هەروەها هەمو لایەنەکانی شەڕخوازی دەرونی و رەوشتی بۆ تاك و کۆمەڵ رون دەکاتەوە تا هەمو خەڵکی خۆیـانی لـێ لادەن و توخنی نەکەون، تا لەم رێیەشـەوە دیـسان ئاسـەواری دژوارو خراپـەیان نەیەتـە رێ. قورئـانی پـیرۆز لـە چـەندین جێیـدا ئامـاژە بـە پـەیام دەکـات و بـە نـاوی فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە دەیناسێنێت..

---

[١] قورتوبی : الجامع لاحکام القران : ب٢/١٢٧

## ئەمما مرۆڤ :

ـ لەوانەیە یەك كەس بێت، وەكو سەییدنا ئیبراهیم، كە خوای پەروەردگار دەربارەی دەفەرموێ : ( إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ) النحل/١٢٠ واتە : ئیبراهیم بە تەنها خۆی ئوممەتێك بو، بۆ خوا سوڵحاو، لایەنگری حەق و دینی پاك، هەرگیز لە ڕیزی موشریكان نەبو..

پێغەمبەر ﷺ دەربارەی زەیدی كوڕی عەمری كوڕی نوفەیل دەفەرموێ : (يبعث أمة وحده لانه لم يشرك في دينه أحدا)[١] ئەو وەكو ئوممەتێك بە تەنها زیندو دەكرێتەوە، چونكە لە دینەكەیدا هاوەڵی بۆ خوا بڕیار نەداوە.

یان وەكو ئەو وەسفەی مەعازی كوڕی جەبەل كە عبداللەی كوڕی مەسعود، كردویّتی، كە فروە الاشجعی لێوەی دەگێڕێتەوە، دەڵێ : لای ئیبن مەسعود دانیشتبوم، فەرموی : مەعاز ئوممەتێك بو بۆ خۆی، ملكەچ و گوێ ڕایەڵی خوا بو، قەت لە ڕیزی موشریكان نەبو.. وتم: ئەی ئەبو عبدالرحمن، خۆ خوای گەورە دەربارەی سەیدنا ئیبراهیم فەرمویەتی : ( إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ )! ئەویش دیسان رستەكەی پێشوی خۆی فەرموەوە، ئیدی زانیم قسەكەی پێشوی هەر بە ئەنقەست و هەر بەو مانایە كرد.

پاشان هەر خۆی فەرموی : دەزانیت ئوممەت چییەو ملكەچی چییە؟!

وتم : خوای گەورە دەزانێت.

فەرموی : ئوممەت ئەو كەسەیە كە خەڵكی فێری خێرخوازی دەكات و ئەوانیش ئیقتیدای پێ دەكەن، ملكەچیش ئەو كەسەیە كە گوێڕایەڵی هەمو فەرمانێكی خوایە، مەعازی كوڕی جەبەلیش ـ خوا لێی رازی بێت ـ مامۆستای خێرخوازی بو، گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا بو[٢].

---

[١] هەمان سەرچاوە

[٢] تەبەری : جامع البیان ١٤/١٩٠

ـ لەوانەشە (مرۆڤەکان) کۆمەڵێك زاناو شەرعناس بن، لەوانەی بانگەوازی پەیامێکی ئیسلاحییان هەڵگرتوە، وەکو کە خوای گەورە دەرهەق کۆمەڵێك لەوانەی ناو بەنو ئیسرائیلی دەفەرموێ : (وَمِن قَوْمِ مُوسَىٰٓ أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِٱلْحَقِّ وَبِهِۦ يَعْدِلُونَ ) الاعراف/١٥٩ واتە : لە ناو قەومەکەی موسادا ئوممەتێك هەبون رێنمایی حەق و حەقخوازیان وەرگرتبو، دادپەروەریشیان پێ بڵاو دەکردەوە.. یان دەفەرموێ : (وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ) آل عمران/١٠٤ واتە : با لە ناو خۆتان ئوممەتێك پێك بێت، کە خەڵکی بۆ خێرخوازی بانگ کەن و فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە بکەن.

ـ لەوانەشە (مرۆڤەکان) بەرەبابێك بن، یان تیرە هۆزێك بن، کە خاوەن بیروباوەڕو دیدو بۆچون و رێبازی تایبەتی خۆیان بن، وەك خوای گەورە دەربارەی تیرەو بەرەبابەکانی بەنو ئیسرائیل دەفەرموێ : (وَقَطَّعْنَٰهُمُ ٱثْنَتَىْ عَشْرَةَ أَسْبَاطًا أُمَمًا ) الاعراف/١٦٠ واتە: کردمانن بە دوازدە ئوممەتی بەرەبابییەوە. یان: (وَقَطَّعْنَٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ أُمَمًا ۖ مِّنْهُمُ ٱلصَّٰلِحُونَ وَمِنْهُمْ دُونَ ذَٰلِكَ ) الاعراف/١٦٨ واتە : لەسەر زەمیندا کردمانن بە چەندین ئوممەتەوە، ئیدی هەیانبو پیاوچاك دەرچون، هەشیانبو وا دەرنەچون.

ـ لەوانەشە (مرۆڤەکان) نەوەیەکی مرۆڤایەتی بن کە هەمویان لەسەر یەك بیروباوەڕ بن، لەسەر یەك شێوازی شارستانێتی بن، یەك جۆر داب و دەستوری کۆمەڵایەتییان هەبێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێ : (تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ ۖ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ ۖ وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ) البقرة/١٣٤ واتە : ئەوانە ئوممەتێك بون پێش ئێوە هاتن و چون، ئەوی کردویانە وا بە گەردنی خۆیانەوە ئاوێزانە و ئێوەش ئەوەی کردوتانە وا بە گەردنی خۆتانەوە..

پێغەمبەری نازداریش ﷺ کە بەرامبەر نەوەی یاوەرە ئازیزەکانی ـ کە خۆی پەروەردەی کرد بون ـ دەفەرموێ : (إن لكل أمة أجلا وإن لأمتي مائة سنة

فإذا مـرت علـى أمـتي مائـة سـنة أتاهـا مـا وعـدها الله)[1] واتـە : هـەر ئوممـەتێك ئاكامێكی هەیە، ئاكامی ئوممەتەكەی منیش سەد ساڵە، ئەگەر سەد ساڵ بەسەر ئوممەتەكەی منیشدا تێپەڕی بەڵێنەكەی خوای بەسەردا دێتە دی..

ــ لەوانەشــە (مرۆڤــەكان) كۆمەڵــە كەسـێك بـن بـەو پــەیام و ڕێبــازەی گرتویانەتـە بـەر جیـاوازتر بـن خـەڵكی، وەكـو خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێ: (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ) آل عمـران/١١٠ واتـە : ئێـوە باشـترین ئوممـەتێك بـون لـە نـاو خەڵكیـدا وەبەرهـەم هـاتن، كـە فـەرمان بـە چـاكەو بەرهەڵـستی لـە خراپـە دەكـەن و باوەڕیشتان بە خوا هەیە..

بە هۆی ئەم جیاوازییەوە بو، كە عومەری كوڕی خـەتتاب ـ خـوا لێـی ڕازی بێت ـ كە ئەو ئایەتەی لا خوێندرایەوە فەرموی : (ئەمە بۆ نـەوەی یەكەممانـە نەك بۆ نەوەكانی دواییشمان..

ئیبنو عەبباسیش ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ لە ناساندنی ئەو ئوممەتەدا كە لەو ئایەتەدا ئاماژەی بۆ كراوە، دەیفەرمو : ئەوانە ئـەو كەسانەن كـە لـە مەككەوە كۆچیان كرد بۆ مەدینە[2].

مانـای (مـرۆڤ) لەمانـەش بـەرفراوانتر دەبێـت، تـا دەكاتـە هـەمو كۆمەڵگەو نـەوەی مرۆڤایـەتی ئەگـەر لەسـەر بیروبـاوەڕو بەرنامەیـەك كۆبونـەوە.. وەك خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێ : ( وَمَا كَانَ النَّاسُ إِلَّا أُمَّةً وَاحِدَةً فَاخْتَلَفُوا ) یـونس/١٩ واتـە : هـەر هـەمو خـەڵكی یـەك ئوممـەت بـون، دواتـر لێـك جـودا بونەوە.. یان : (وَلَوْلَا أَن يَكُونَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِالرَّحْمَٰنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ ) الزخـرف/٣٣ واتـە : ئەگـەر لەبـەر ئـەوە نەبوایە، كـە خـەڵكی هـەمو لەسـەر ڕێبـازی كـوفر دەبونـە یـەك ئوممـەت، هـەر

---

[1] كنز العمال ١٩٣/١٤ لە ئیمامی الطبراني وەرگیراوە لە كتێبی المعجم الكبیرەكەیەوە

[2] تەبەری : جامع البیان ٤٣/٤ـ٤٤.

کەس باوەڕی بە خوای میهرەبان نەهێنایە، سەقفی خانوەکانیانمان بۆ دەکردنە زیو و هۆکاری شیاویشمان بۆ تەرتیب دەکردن، تا پێیدا سەرکەون..

## مانای دوەم : ڕێبازو بەرنامەی ژیانە :

یەکێکی تر لە ماناکانی ئوممەت بەرنامەو ڕێبازو پەیڕەو پرۆگرامی چیانە بە هەمو عەقیدەو کلتورو دیدو تێڕوانین و داب و نەریتێکەوە، کە لە خۆیان دەگرێت، بەم مانایەشە کە خوای گەورە دەفەرموێ : (إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهۡتَدُونَ ) الزخرف/٢٢ واتە : ئێمە باب و باپیرانی خۆمان لەسەر داب و نەریت و بەرنامەیەك دیوە، ئێمەش لەسەر ئەو بەرنامەی ئەوان دەمێنینەوەو ئەوانیش دەکەینە سەرمەشق و ڕێنمامان..

## مانای سێیەم : کات و وەخت :

ئوممەت بە مانای زەمانێکی دیاری کراویش هاتوە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : (وَقَالَ ٱلَّذِي نَجَا مِنۡهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعۡدَ أُمَّةٍ ) یوسف/٤٥ واتە : ئەو کابرایەیان، کە ڕزگاری بو، لە دوای زەمانێك بیری کەوتەوە..یان : ( وَلَئِنۡ أَخَّرۡنَا عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابَ إِلَىٰٓ أُمَّةٖ مَّعۡدُودَةٖ ) هود/٨ واتە : ئەگەر سزاکەیان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لەسەر هەڵگرین..

## مانای چوارەم : کۆمەڵە خەڵکێکی خاوەن پیشە :

وەکو خوای گەورە باسی ئەهلی مەدیەن دەکات و دەفەرموێ : ( وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ مَدۡيَنَ وَجَدَ عَلَيۡهِ أُمَّةٗ مِّنَ ٱلنَّاسِ يَسۡقُونَ ) القصص/٢٣ واتە : کە هاتە سەر ئاوەکەی مەدیەن دیتی وا کۆمەڵە خەڵکێکی شوانکارە وان لەسەری و دەیانەوێت ئاژەڵەکانیان ئاو دەن.

## ماناى پێنجەم : ڕەگەزى ئاژەڵ و گيانلەبەرانى تر :

وانە توخمى گيانەوارانى وەكو ئاژەڵ و باڵندەو حەشەراتى وەكو هەنگ و ئەوانى تر، كە هەر يەكەيان سەر بە توخم و ڕەگەزێكى سەربەخۆيە، وەكو خواى پەروەردگار دەربارەيان دەفەرموێ : (وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ ) الانعام/٣٨ واتە : هەرچى گيانلەبەر هەيەو بەسەر زەويدا ڕێ دەكات، يان باڵندەيەو بە باڵەكانيان بە ئاسماندا دەفڕن، هەمويان ئوممەتى وەكو ئێوەن..

زانستى ئاژەڵناسى ئێستا ئەوە دەسەلمێنێت، كە هەر پۆلە گيانلەبەرێك زمانێكى تايبەت و نەريتێكى تايبەت و شێوازى ڕێكخستنى تايبەتى خۆيان بۆ پێكەوە ژيان ولێك حاڵى بون و كۆبونەوەو ئيدارەى خۆيان هەيە!!

لێكدانەوەو مانا كردنى زاراوەى ئوممەت لەلايەن ئەوانەوە كە قورئانيان تەفسير كردوە هەر وا لە ڕيزى ئەو تەوەرە مانايانەوە، كە هێنامانەوە، ئەوەتە ئيمامى تەبەرى دەڵێ : (ئوممەت كۆمەڵە خەڵكى زەمانێكن)[1].هەروەها دەفەرموێ : ئوممەت (دين و ملة)[2]واتە : دين و نەتەوەكەيە. هەروەها دەشفەرموێ : (ئەو خەڵكەن كە لەسەر دينێك بون و دواتر لێك جودا بونەوە).. (ئەو پێشەوايەيە كە لەسەر خێرو ڕێگاى چاكەخوازى شوێنى دەكەون)[3].ديسان بە مانايەكى ترى دەفەرموێ : (ڕێبازە : چونكە دەفەرموێ : كُنْتُمْ خَيرَ أُمَّةٍ واتە : ئێوە ئەهلى چاكترين ڕێباز بون)[4] ئيمامى قورتوبيش : (ئوممەت بريتييە لە زەمانێكى ديارى كراو كە ئوممەتێكى تێدا دێت و ئوممەتێكى ترى تێدا دەڕوات)[5].

---

[1] تەبەرى : جامع البيان ٥٦٣/١
[2] هەمان سەرچاوە ٦٠/٢٥-٦١
[3] هەمان ٣٣٤/٢ و ٣٣٦
[4] هەمان ٤٦/٤
[5] قورتوبى : الجامع لاحكام القران ٢/ ١٣٧ تەفسيرى ١٢٨ ي البقرة.

لە هەمو ئەمانەی سەرەوە دەربارەی ماناو واتاو چەمکی ئوممەت لە ـ بە دیدی ئیسلام ـ دەگەینە چەند تێبینییەك :

تێبینی یەکەم : مانای تەواوی زاراوەیی (ئوممەت) چوار توخم دەگرێتەخۆ: یەکەم : توخمی مرۆڤەکان، دوەم : توخمی دیدو بیر، سێیەم : توخمی کۆمەڵایەتی، چوارەم : توخمی کات. چونکە ئوممەت : لە کۆمەڵێك مرۆڤ پێك هاتوە، کە پەیامێکی شارستانێتی بەسودیان بۆ مرۆڤایەتی هەڵگرتوە، خۆشیان بە پێی تەعلیماتی ئەو پەیامە سازاون.. هەر کۆمەڵێك ئەم سیفەتانەی بەردەوام لە خۆدا هێشتەوە وەسفی ئوممەتی بەسەرەوە دەمێنێت، بەڵام ئەگەر لەم سیفەتانەی بزر کرد، هەر بە ئوممەتی لەوانەیە بمێنێتەوە بەڵام پێناسەی (نمونەی ئوممەتی موسوڵمان) ی بەسەردا نابڕێت. هەر وەکو زاراوەی دینەکە، بۆ هەمو دینێکە بەڵام ئەوە زاراوەی تایبەتە بەو دینەوە کە لای خوا قبوڵە..

تێبینی دوەم : توخمی سەرەکی مانای ئوممەت توخمی (پەیام)ە، ەواتە ئەوەی ئەو کۆمەڵە خەڵکە بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبەخشن، تا توخمی مرۆڤ هەر لە گەشەو نەش و نماو زیاد بون دا بێت و بەرەو ئاسۆی ئاسودە تر بەرز بێتەوە.

تێبینی سێیەم : مەرج نییە لە توخمی یەکەمی پێکهاتەی ئوممەتدا ـ کە توخمی مرۆڤەکانە ـ پەیوەندی خوێن و خزمایەتی، یان پەیوەندی ناوچەی جوگرافیایی و نیشتیمان یان چەندێتی و زۆرێتی ژمارەیان پێکەوە هەبێت. چونکە لەوانەیە ئەم توخمە یەك مرۆڤێك بێت و پەیامێکی هەڵ گرتبێت، یان کۆمەڵێك مرۆڤی ناوچەیەکن، یان نەوەی سەردەمێکن، یان هەر هەمو ئەندامانی مرۆڤایەتین، ئەمانە گرنگ نین، گرنگ پەیامەکەیانە ، دیدو بۆچونەکانی خۆشیان گرنگە بەرامبەر خودی پەیامەکەیان، کە خۆیان چۆن لێی حاڵی بون و چۆن چەسپاندویانەو چ شێوەیەکی سیستم و یاساو رێسایان لێوە وەرگرتوە بۆ رێکخستنی ژیان و کۆمەڵگەکەی خۆیان، نمونەی دیدو بیرو

پەیامەکەیان کامەیە، کە بە تەمان بە هەمو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگەێنن، تا گەشەو نەش و نماو زیاد بونی هەر بەردەوام بێت و بەرەو لوتکەیەکی بڵندتری ئاسودەیی بەرز بێتەوە؟!

**تێبینی چوارەم :** ئوممەت ـ وەکو جەستەی مرۆڤ ـ قۆناغ بە قۆناغ نەش و نما دەکات، چۆن لەشی مرۆڤێك یەکەم جار تۆوێك بوە، دواتر بۆتە زەرویەکی وەکو سەرەمێکوتە و، ئینجا بۆتە کۆرپەو لەدایك بوە، پاشان گەورەتر بوەو بۆتە هەرزەکارێك، ئینجا گەنجێکی بەخۆو ئیتر بەرەو پیری شۆڕ دەبێتەوە.. هەروەها چۆن لەش و لاری مرۆڤێك کە تەواو دەبێت لە ڕوی جەستەیی و دەرونی و فیکرییشیەوە بەرەو تەواێتی دەچێت و ئەرکەکانی خۆی بە رێك وپێکی جێبەجێ دەکات، ئوممەتیش هەر وایە : سەرەتا بە کەسێك دەست پێ دەکات، ئینجا دەبنە پێرێك، ئینجا کۆمەڵێك ئینجا تیرەیەك، هۆزێك، گەلێك، تا هەمو بازنەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە.. ئوممەتی پێگەیشتو موتەکامیلیش ئەو کۆمەڵەیە، کە گەیشتۆتە پلەی باڵغ بونی شارستانێتی. دیارترین و زەقترین نیشانەی ئەم باڵغ بونە شارستانێتییە، بریقە دانەوەی پەیامە شارستانێتیەکەی ئەو ئوممەتەیە لە بانگەوازو خەباتی خێرخوازی و بەرهەڵستیکاری و روبەڕو بونەوەی شەڕەنگێزاندا..

**تێبینی پێنجەم :** جۆراو جۆری گەل و تیرە هۆزو، جیاوازی ڕەنگ و پیشەو ناوچەو زمان، یەکێتی ئوممەتی باڵغ و پێگەیشتو لاواز ناکەن و هیچ زیانێکیان بۆی نابێت، بەو مەرجەی هەمویان لەو کارو ئەرکەی خۆیان دەرنەچن، کە بریتییە لە یەکتر ناسین و هاوکاری کردنی یەکتری، مادام دۆستایەتی و دوژمنایەتییان لەسەر هەڵوێست لە پەیامەکەیان دیاری دەکەن، نەك لە کەسایەتی و شتی تر. هەروەها مادام ئەم هەمو پۆلە جیاوازو جۆراو جۆرانە وەکو دەزگایەکی ئیداری دائیرەیەك کار دەکەن. کارەکان بە پێی تایبەتمەندی و پسۆڕی و شارەزایی دابەش دەکرێت، بەڵام وزەی هەموان ڕوی لە هێنانەدی یەك مەبەستە..

**تێبینی شەشەم :** ئوممەت قەوارەیەکی دەستکردە، دەکرێت بینا بکرێت و دەشکرێت لێك هەڵوەشێتەوە، ئوممەت بۆ فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە دروست دەکرێت، ئەمەش ڕەنجێکی زۆری دەوێت، تا دێتە کایەوە ڕەنجێك بۆ پەروەردەکردنی تاك، یەکی دی بۆ پێشخستنی دەزگا ئیداری و تەنزیمیەکان، یەکی دی بۆ لێکۆڵینەوە پلان دانان و نەخشەرێژی.. وە هەروەها. چونکە دروست کردن و گەشەدان بە ئوممەت و بەروە پێش بردنی بەرەو ئەو ئاست و توانایەی شیاوی ئەوە دەرچێت، کە پێداویستییەکانی کات وشوێنی نەوەی نوێ کارامانە بهێنێتە دی، تا ئەوەندە لێوەشاوە دەرچێت، شایانی ئەو پلەو پێناسە خواییە ببێت، کە دەفەرموێ : (وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ) آل عمران/١٠٤ واتە : با لە ناو خۆتاندا ئوممەتێك پێك بێت، کە بانگێشتی خێرخوازی بکات و فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە بکات، لە ڕاستیدا ئەوانە سەرفرازو سەرکەوتون.

**تێبینی حەوتەم :** بەردەوام بون و ژینی ئوممەت پەیوەستە بە بەردەوام هەڵگرتنی پەیامەکەیەوە، بە بریقە دانەوەو چەسپاندنی یاساو ڕێساکانیەوە، کە لە دیدو بیرییەوە هەڵی هێنجاون و کارگێڕی ئوممەت و ژیان و کۆمەڵگەکەیانی پێ دەبات بە ڕێوە، هەر کاتێك ئوممەت ئەم کۆڵەی دانا، یان لە چەسپاندنیدا لاواز بو، کاریگەرێتی بانگەوازو هەبونی خۆی لاواز دەکات، تا دەیوەستێنێت. ئیدی لە جێی ئەو ئوممەتێکی تر بە جۆش و خرۆش و ورەیەکی بەرزەوە دێتە کایەوە. ئوممەتێکی نوێ، کە پەیوەندی بەسەر ئوممەتە کۆنەکەوە نامێنێت، با لە لایەنەکانی زمان و نەتەوەو ناوچەو کلتورو ڕۆشنبیریشیاندا هەر یەك بن!! ئەمە ئەو تێگەیشتنە بو، کە یاوەرانی پێغەمبەر ﷺ ڕەفتاریان لەگەڵیدا دەکرد، ئاوا لەو ئایەتە تێگەیشتبون : (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ

بِٱللَّهِۗ ) آل عمـران/١١٠ واتــە : ئێـوە باشـترین ئوممـەتێك بـون لـە نـاو خەڵكیـدا وەبەرهـەم هـاتن، كـە فـەرمان بـە چـاكەو بەرهەڵـستی لـە خراپـە دەكـەن و باوەڕیشتان بە خوا هەیە..

عومـەری كـوڕی خـەتتاب ـ خـوا لێـی رازی بێـت ـ جـەخت لەسـەر ئـەم تێگەیـشتن و دیـدە دەربـارەی ئوممـەت دەكاتـەوەو لەسـەر ئـەو ئایەتـەی پێـشو دەفـەرموێ : گـەر خـوای گـەورە حـەزی بكردایـە هـەموان بخاتـە ریـزی ئـەو ئوممەتەوە دەیفەرمو : (أنتم خیر أمة) ئەوساتە هەمومانی دەگرتەوە، بەڵام ئـەو فـەرموی : (كنـتم) بـۆ ئـەوەی یـاوەرە تایبەتییـەكانی پێغەمبـەر ﷺ بگـەیێنێت، هـەروەها ئەوانـەش، كـە رێـی ئـەوان دەگرنـەوە بـەر، چـونكە ئـەوان باشـترین ئوممـەت بـون لـە نـاو خەڵكیـدا وەبەرهـەم هـاتن، كـە فـەرمانیان بـە چـاكەو بەرهەڵستیان لە خراپە دەكرد..

لـە بۆنەیـەكی تـردا هـەر سـەییدنا عومـەر گـوتی : (كنـتم خیر أمـة أخرجـت للناس) بۆ موسوڵمان بوانی ئەوەڵمانە، نەك بۆ ئەوانەی دوایی.

جـارێكی تـریش لـە حەجـدا ئـەم ئایەتـەی بـۆ خەڵكەكـە خوێنـدەوەو پێـی فـەرمون : هـۆ خەڵكینـە، ئـەوی دەیـەوێت بـچێتە ریـزی ئـەو ئوممەتـەوە، بـا مەرجەكانی خوا جێبەجێ بكات..

ئیبنو عەبباسیش ـ خوا لێیان ڕازی بێت ـ لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا گوتی : ئەم ئوممەتە ئەوانەن، كە لە مەككەوە كۆچیان كرد بۆ مەدینە.

ئەبو هورەیرەش ـ خوا لێی رازی بێت ـ هەر دەربـارەی ئـەو ئایەتـە گـوتی : ئێوە باشـترین ئوممـەتن، چـونكە خـەڵكی بـە زنجیرەبەنـدی دێـنن و دەیانخەنـە بازنەی ئیسلامەوە، تا بچنە بەهەشتەوە[١].

**تێبینی هەشتەم** : بەرفراوانی بازنەی ئوممەت بـە دورو نزیكی پەیوەنـدی و پێك گەیشتن دیاری دەكرێت، كە تەكنۆلۆژیای سەردەم رەنگی دەڕێـژێت! لـەو سەردەمانەدا، كە خەڵكی بە پێ دەڕۆیشتن و دەم بەدەم بانگەوازییان بـە یـەكتر

---

[١] تەبەری : التفسیر ٤/٤٣ـ٤٤

دەگەیاندو، لە نزیکەوە لاشە بەلاشە دەگەیشت، سنوری بازنەی ئوممەت ئەو ناوچە جوگرافیاییانە بو، کە دەیانتوانی بیگەنێ، دواتر کە بە سواری گوێ درێژو ئەسپ و وشتر سەفەریان دەست پێ کرد، بازنەی ئوممەتەکە بەرفراوانتر بو، لە سنوری ئەم گوندو ئەو گوند تێپەڕی.. دواتر کە گالیسکەو عەرەبانە هاتە کایەوە، کە ئەسپ ڕایدەکێشان، هەروەها، کە پیت وهێمای نوسین داهات، سنوری بازنەی ئوممەت گەیشتە کیشوەرەکان.. ئیدی کە گەیشتە سەردەمی فڕۆکەو تەلەفۆن و فاکس، پەیامی ئیسلام سنوری بازنەی ئوممەتی وا بەرفراوان کرد، کە بگاتە هەمو مرۆڤایەتی[١]..

ئەم پێشڕەفتە جوگرافیاییەی ئوممەت، پێشڕەفتێکی تری تەریبی کۆمەڵایەتیشی پێوە پەیوەست بوە، کە ئەمیش بازنەی داب و نەریتی قۆناغە جیاوازەکانی رابوردو بەرفراوانتر دەکات، ئەمیش لە نەریتی خێزانی و خانەوادەییەوە دەیکات بە نەریتی تیرەو هۆز، پاشان بە نەریتی گەل، ئینجا بە نەریتی نەتەوایەتی و دواتریش بە نەریتی جیهانی. وەك ئاماژە بەم ڕێسایەیە کە پێغەمبەر ﷺ دەیفەرمو کە پێغەمبەران هەر یەکەیان بۆ گەلی خۆیان هاتون، بەڵام ئەم بۆ هەمو خەڵکی نێرراوە

بەڵام کێشەی سەرەکی تێگەیشتنی ئەم پێشڕەفتە لەوەدایە کەزۆر لەکۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی ـ ئێستاش هەیە هەر وایە ـ نەیدەتوانی هاوشانی ئەم ڕەوتە ڕێ کات! ئیدی خۆی دەخستە دو کەندەڵانەوە :

یەکەمیان ئەوە بو، کە خەڵکانێکی زۆر هەبون، ڕەفزیان دەکردەوە بکەونە نێو ئەم کاروانەوە، نەیاندەویست لە نەریتی قۆناغێکی کۆنەوە ـ کە زەمانی بەسەر چو بو ـ بچنە نەریتی قۆناغەکەی دواتر، کە هاتبوە جێی کۆنەکە.

دوەمیان : ئەو تەماع و چاوچنۆکی و، گیانی شەڕخوازی و خۆپەرستییەی، لە بیرو دیدو کەسێتی هەندێك کەسدا چەکەرەی کرد بو، کە بە بەرژەوەندی

---

[١] بێگومان ئەم سەردەمی ئینتەرنێتی سەدەی بیست و یەکەمە، سنوری هەر نەهێشت و ئوممەت و پەیامەکەی بردە هەر هەمو ماڵێك لەم سەر زەمینە بەرفراوانەی، کە بۆتە گوندێکی ئەلیکترۆنی.

سامان و دەسەڵاتەوە گرێدرا بو ـ کە ئێستاش هەر وایە ـ بەردەوام مانـاو واتـاو چـەمکی ئوممەتەکـەی دەشـێواند، جەوهـەری بـیرو نـاوەرۆکی پەیامەکـەی لـە تـەوەرەی سـەرەکی ژیانـەوە دەکـردە پـەڕاوێزێکی سـادەی کـەم بایـەخ! ئینجـا پەیوەندییەکانی خوێن و خزمایەتی و نیشتیمان و، بەرژەوەندییە ماددیـەکانی بەسـەردا زاڵ دەکـردەوە، تـا بـچوك و کـەمی بکاتـەوە! بۆیـە دیتـت، کـە زاراوەی ئوممەت بە پێی قورئان و حەدیس ـ تا ئێـستاش ـ لـە کۆمـەڵانێك دەنرێـت، کـە شایانی نین و سیفەتی ئوممـەتییان تێـدا نەچەسـپیوە، چ جـای ئـەوەی تێیانـدا بریقێتەوە..

لـەم روانگەشـەوەیە، کـە دەڵـێین : لـە بەرپرسـی هـەرە گـەورەی دەزگاکـانی پـــەروەردەی ئیـــسلامی ئەوەیـــە، کـــە هـــەمو نەوەیـــەك پێداچـــونەوەیەك و هەڵـسەنگاندنەوەیەکی باشـی ئـەو مانـاو واتـاو چـەمکانە بکـات، کـە لـە بـاب و باپیرانییەوە ـ دەربارەی ئوممەت و پێکهاتەو پەیوەنـدی نێـوان تاکـەکانی ـ بـۆی ماونەتەوە، تا بزانێت و بتوانێت دیـدو هەڵوێـستەکان نـوێ کاتـەوە، بـێ ئـەوەی خۆی توشی نوقسانی و شێوان و پشێوی بکات..

..........★★★.........

# بەندی دووەم

# سەرەتای پێکەوەنانی ئوممەتی موسوڵمان

سەرەتای ئامادەسازیی پێکەوەنانی (ئوممەتی موسوڵمان) دەگەڕێتەوە بۆ پەیامی سەییدنا ئیبراهیم، کە خوای گەورە لە قورئاندا بەوە وەسفی کردوە کە: ( إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ) النحل/١٢٠ واتە : ئیبراهیم بە تەنها خۆی ئوممەتێك بو، بۆ خوا سوڵحاو، لایەنگری حەق و دینی پاك، هەرگیز لە ریزی موشریکان هەر نەبو..

زاراوەی (ئوممەتی موسوڵمان) ئاڵقەیەکە لە زنجیرەی پەیامە ئاسمانییەکان، کە لە گەڵ قەبارەو پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گەشەی دەکرد. ئەو زەمانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بریتی بو لە خێزان و خانەوادەی سەییدنا ئادەم، خوای گەورە پەیامی پێغەمبەرێتی سەییدنا ئادەمی بەقەدەر قەبارەو پێداویستی ئەو کۆمەڵگە بچوکە نارد. کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەوەوە فراوانتر بو، چوە قۆناغی بەرە باب و تیرەو هۆزەوە، خوای گەورە پەیامی هۆزەکی و ناوچەیی وەکو پەیامەکانی سەییدنا ساڵح پێغەمبەرو سەییدنا هود پێغەمبەری بۆ ناردن. کە لەو قەبارەشەوە فراوانتر بون و چونە قۆناغی قەومەوە، خوای گەورە پەیامی وەکو پەیامی سەییدنا نوحی بۆ ناردن.

زاراوەی قەوم، کە لە ئینگلیزیدا پێی دەوترێت : (People) مانای خوێن و خزمایەتی و بەرەبابی دەگەیێنێت، چونکە ئەو زەمانەی قەوم دروست بو، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە بازنەی ئینتیمای خوێندا گەشەی دەکرد، ژیان ژیانی شوانکارەیی مرۆڤایەتی و گەڕۆکی تاك و خێزان و تیرە بو، هەمو ئەندامانی

هۆزو بەرەبابێك پێكەوە دەهاتن و دەچون و، سەریان بەسەری یەكەوە دەنا، لێرە دەژیان و لەوێ دەڕۆیشتن..

زاراوەی گەل (الشعب) یش، كە لە ئینگلیزیدا پێی دەوترێت : (Nation) واتایەكی جوگرافیایی هەیە، ئینتیمای ناوچەو خاك دەبەخشێت، دروست بونی ئەم زاراوەش لەو زەمانەدا بو، كە تیرەو هۆزەكانی مرۆڤایەتی چونە قۆناغی چاندنەوە، ئیدی دەبو بە زەوی و زارەكانیانەوە ببەسترێنەوە، دەبو لە نزیك زەویەكانیانەوە نیشتەجێ بن تا واریدات و بەرهەمەكانیان بچننەوە، دەسەڵاتی گەلانیش بە زۆری ئەندام و پتەوی پەیوەندی و گیانی شەڕو جەنگاوەرییان، جار بۆ جار لای ئەم گەل و لەو ناوچە زیادی دەكرد..

گواستنەوەو گۆڕانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە قۆناغێكیەوە بۆ قۆناغێكی تری، جاری وا هەبو ساڵانێكی زۆر تولانی دەویست، شەڕو شۆڕێكی زۆریشی لەسەر بەرپا دەبو، داب و نەریتی هەر قۆناغێك و هەر گەلێك هەڵوەشان و لاواز بون و نەمانی بە خۆوە دەدیت. باو داب و دەستوری نەوەكانی پێشو نەدەمان، چونكە داب و نەریت و باوی نەوەكانی نوێ دەهاتنە جێی و لەگەڵ هەمو قۆناغێكی پێشكەوتنی مرۆڤایەتیدا دیدو پێناسەی نوێ بۆ شتەكان دەهاتنە كایەوە.. بۆیە ئەركی سەر شانی پێغەمبەران و تەعلیماتی پەیامەكانیان دەبوە چوارچێوەی چارەسەری ئەو پشێوی و ململانێیەی لەو كۆمەڵگایانەدا دروست دەبو، پەیامی پێغەمبەران دەبوە تەرازوی كێشانی ئەو هەڵوێستانەی ئەم و ئەو دەیانگرتە بەر، لەگەڵ هەمو روداوێك و هەنگاوێكی گۆڕانكاریشدا ئەو پەیامە پیرۆزانە هەڵەكانیان راست دەكردەوەو كۆمەڵگەكەیان پارسەنگ رادەگرت..

★★★

# بەشی یەكەم

## دارشتنی زەمینەی ئوممەت

ئینجا كە سنوری ناوچەكان روخا، تیرەو قەوم و گەلان تێكەڵ بەیەك بون، قۆناغی (ئوممەت) هاتە كایەوە، هەرچەندە ئەو تێكەڵاو بونەی گەلان، زۆرجار بە هۆی دەستدرێژی و شەرو شۆرو داگیر كردنی خاك و وڵات و جەستەو ژیریو سەروەت و سامانی یەكترەوە دەبو، وەكو شەری دەسەڵاتی فیرعەونەكان و ئاشوری و كلدانیەكان و ئەوانی تر.. بۆیە دەبینیت پەیامی پێغەمبەرانیش، كە لەو سەردەمانەدا دەهات، لەگەڵ ئەو بارو دۆخ و قۆناغە نوێیانەدا دەسازا، چونكە دیسان بۆ پێناسەی راستی شتەكانو رون كردنەوەی دیە لێڵەكان و راست كردنەوەی هەڵوێستە هەڵەكان دەهات.. مەگەر نابنیت واتای (ئوممەت) كە مانایەكی فیكری ـ دەرونییەو لە عەقیدەدەیەكەوە هەڵقوڵاوە، كە پەیوەندی بە هیچ گەل و قەوم و ناوچەو خاكێكەوە نییە، چۆن ئەم دیدو تێگەیشتن و ئینتیمایە لە پەیامی سەییدنا ئیبراهیمی كلدانییەوە دەست پێ كرد؟!

پێش هەڵبژاردنی سەییدنا ئیبراهیم بۆ پەیامی (ئوممەت)ی نوێ و دروست كردنی ئوممەتی موسوڵمان، دەبو تواناو لێهاتویی سەییدنا ئیبراهیم تاقی بكرێتەوە، تا شیاوێتی و لێوەشاوەیی بۆ هەڵگرتنی ئەو پەیامە بسەلمێت، تا ئامادەباشی خۆی بە تەواوی نیشاندا، كە دەیەوێت و دەتوانێت و ئامادەیە تەكالیفەكانی خوای پەروەردگار بۆ قۆناغی داهاتودا هەلگرێت، ئەم ئامادەباشیەیە، كە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێ دەكات، كە دەفەرموێ : (وَإِذِ ٱبْتَلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٍ فَأَتَمَّهُنَّ ۖ قَالَ إِنِّى جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا ۖ قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِى ۖ قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِى

ٱلظَّـٰلِمِينَ ) البقرة/١٢٤ واتە : خوای پەروەردگار ئیبراهیمی بە چەندین هەڵوێست تاقی کردەوە، ئەویش هەموویانی بڕی و دەرچو، فەرموی : بۆ خەڵکی دەتکەمە پێشەوا، ئەویش فەرموی : ئەدی نەوەو وەچەکانم؟ فەرموی : ئەم پلەو ڕێزە ستەمکاران ناگرێتەوە.

ئەو هەڵوێستانەی بونە ماددەی تاقیکردنەوەی سەییدنا ئیبراهیم و سەرکەوتوانە تێیاندا دەرچو، بریتی بون لە :

یەکەم : ئامادەیی تەواوی بۆ خۆ بە قوربان کردنی پەیامەکەی.

دوەم : ئامادەیی هیجرەت کردن و واز هێنان لە هەمو پەیوەستییەکی خانەوادەیی و تیرەو خوێنی خزمایەتی و نیشتمان.

سێیەم : ئامادەیی تەواوی بۆ بەرەو ڕو بونەوەی هەمو ئەو عەقیدەو بیروباوەڕانەی لەو سەردەمەدا هەبون، هەروە ها بۆ ریشەکێش کردنی هەمو هێمایەکی رۆشنبیری جۆراو جۆری ئەو سەردەمە.

چوارەم : ئامادەیی بۆ قوربانی دان بە کوڕە تاقانەکەی و خێزانەکەی.

ئایەتە قورئانیەکان ئەو شایەتییە دەدەن کە سەییدنا ئیبراهیم لە هەمو تاقی کردنەوەکانیدا بە پلەی بەرزی ئیمتیاز دەرچو، بۆیە بە لێوەشاوەیی خۆی ـدوای فەزڵی خوا ـ شایانی ئەوە بو کە ببێتە پێشەوای خەڵکی، کە داوای ئەوەی کرد ئەو پلەو ڕێزە بۆ نەوەکانیشی بێت، وەڵامەکەی بە بەڵێ بۆ درایەوە بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئەو مەرجە کە (لَا يَنَالُ عَهۡدِي ٱلظَّـٰلِمِينَ ) واتە : ئەم پلەو ڕێزە ستەمکاران ناگرێتەوە. چونکە ئەو کەسانەی کە داواکاریەکانی پێشەوایەتی ناگرنە بەر و لە تاقی کردنەوەکانیدا دەرناچن شایانی ئەو پلەو ڕێزە نابن، با لە وەچەو نەوەی پێغەمبەرانیش بن..

پاشان سەییدنا ئیبراهیم بۆ ڕەنگ ڕشتنی بنیاتی (ئوممەتی موسوڵمان) ماڵ و منداڵی هەڵگرت و کەوتە ڕێ. پێش هەمو شتێك جارێ گەڕا لە دوی ئەو بستە خاکەی دەبێتە جێ سوکنای ئەم ئوممەتە و دەزگاکانی. بۆ ئەم مەبەستەش ناوچەیەکی لە دوڕێیانی کاروانی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی

شارستانیەکاندا هەڵبژارد کە کەوتبۆوە نێوان میسرو فەلەستین و وڵاتی حیجازەوە.. ئینجا دو دەزگای بۆ پەروەردە کردن و ئاراستە کردن دامەزراند : یەکەمیان بۆ پەروەردەکردن و پێگەیشتن بو، کە بریتییە لە کەعبەو مزگەوتی حەرام، دوەمیشیان بۆ بانگەوازو بڵاو کردنەوەی خواویستی، کە بریتی بو لە مزگەوتی ئەقسا (لە فەلەستینی ئێستا). ئینجا خێزانەکەی خۆی کرد بەدو بەش، تا هەر بەشێکیان لە ناوچەی خۆیدا سەرپەرشتی یەکێك لەو دو دەزگایەی پێ بسپێرێت. تا هەردو لایان کەش و هەواو بارودۆخی بیرۆکەی (ئوممەت) ی نوێ بسازێنن. قورئانیش ئامـاژە بەم ئامادەکردن و پێگەیاندنە دەکات بەوەی کە دەفەرموێ : ( وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبۡرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعۡقُوبُ يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ) البقرە/١٣٢ واتە : جا ئیبراهیم و یەعقوب ئەم وەسێتەیان بۆ کوڕەکان و نەوەکانیان کرد (هەر یەك لەوان دەیفەرمو) : ڕۆڵەکانم بە راستی خوا هەر ئەم دینەی بۆ ئێوە بڕیارداوەو هەڵی بژاردوە، ئیتر ئێوەش هەوڵ بدەن بە موسوڵمانی نەبێت، مەمرن (تا دوا هەناسەتان پەیڕەوی لێ بکەن.

ئینجا یەکەم هەنگاوی پێکهێنان و وەبەرهەم هێنانی (ئوممەتی پەیام) بە پەیامەکەی سەییدنا موسا دەستی پێ کرد، کە پێشتر پێشەکیەکی بۆ داڕێژرا بو بە گەشتەکەی سەییدنا یوسف و خانەوادەکەی سەییدنا یەعقوب بۆ میسرو دامەزراندنی زەمینەو بارودۆخی ڕۆشنبیری گونجاوی ئوممەتیانە.. ئینجا هەنگاوی دواتر هیجرەت بو، بە کۆچ کردن و هاتنە دەرەوەی ئوممەتی پەیام لە میسرو چونیان بەرەو ناوچەی ئەقسا، تا وڵاتەکە، کە ئیبراهیم سنوری بۆ دیاری کرد بو، پاك کەنەوەو ئامادەی بکەن بۆ ئەو (ئوممەتی پەیام) ە و بڵاو کردنەوەی بانگەوازە خواویستیەکە..

ئەم کۆمەڵە موهاجیرە سیفەتی جیهانێتی فرە رەگەزی لە خۆ گرتبو، ئەو رایە ڕاست نییە، کە دەڵێت هەر قەومێکی یەك خوێنی تایبەت بون، کە گوایە تەنها بەنو ئیسرائیلیەکان بون! ئەوەتا قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات، کە

شوێن کەوتوانی سەییدنا موسا خەڵکی تری غەیری بەتو ئیسرائیلیشی تێدا بوە، وەکو ئەو کابرایەی، کە لە قەومی فیرعەون بو، بەڵام شوێن کەوتوی دین و ئوممەتەکەی سەییدنا موسا بو، کە هاتە خزمەتی و هەواڵی دایە، کە فیرعەون و دەستەو حاشیەکەی خەریکی پیلانێکن بۆ کوشتنت، دوایش بەرگری لە موساو بانگەوازە خواویستیەکەی دەکات، وەك خوای گەورە دەفەرموێ : ( وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤۡمِنٌ مِّنۡ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ يَكۡتُمُ إِيمَٰنَهُۥٓ أَتَقۡتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ وَقَدۡ جَآءَكُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمۡۖ وَإِن يَكُ كَٰذِبًا فَعَلَيۡهِ كَذِبُهُۥۖ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبۡكُم بَعۡضُ ٱلَّذِي يَعِدُكُمۡۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ مُسۡرِفٌ كَذَّابٌ ﴿٢٨﴾ يَٰقَوۡمِ لَكُمُ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَ ظَٰهِرِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ بَأۡسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَاۚ قَالَ فِرۡعَوۡنُ مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ) غافر/٢٨ـ٢٩ واتە : پیاوێکی ئیماندار لە خزمەکانی فیرعەون کە تا ئەو کاتە ئیمانەکەی شاردبۆوە، وتی : ئایا رەوایە پیاوێك بکوژن، کە هەمو تاوانەکەی ئەوەیە، کە دەڵێت پەروەردگار خوامە؟! لە کاتێکدا کە چەندین بەڵگەو نیشانەشی لە لایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون و نیشانی داون! ئێ خۆ ئەگەر درۆزن بێت درۆکەی هەر بە زەرەری خۆی تەواو دەبێت، ئەگەر راستگۆش بێت هەندێکتان لەو بەڵاو موسیبەتانە هەر بەسەر دێت کە پێی راگەیاندون،،بە ڕاستی من لەوە دڵنیام کە خوای گەورە هیدایەت و رێنمایی کەسانی زیادڕەو درۆزنان ناکات. هەروەها وتی : هۆ گەلی خزمانم، ئەمڕۆ ئێوە دەسەڵاتتان بەسەر ئەم ناوچەیەدا هەیەو بە ئارەزوی خۆتان فەرمانڕەوایی تێدا دەکەن، جا بیر کەنەوەو تێ فکرن، ئەگەر تۆڵەو سزای خوای گەورە بەرۆکی پێ گرتین و هاتە سەرمان، کێ دەتوانێت بێت بە هانامانەوەو رزگارمان کات لێیان. فیرعەون قسەکەی پێ بڕی و نەڕاندی : من تەنها ئەو ڕاو بۆچونە بە چاك دەزانم و لام پەسەندە، کە پێم راگەیاندن، منیش هەر رێگای چاك و دروست و رەواتان نیشان دەدەم..

هەروەها قورئان باسی ئەو سیحر بازانەشی فەرموە، کە پێشتر پیاوانی راگەیاندنی فیرعەون بون! بەڵام کە بەڵگەو نیشانەکانی مەزنی خوای گەورەو

پێغەمبەرایەتی موسای و هارونییان دی، ڕو بەڕوی فیرعەون وەستانەوە، هەر چەند ئەو زۆری هەڕەشەی مردن و ئیعدام و دەست و قۆڵ بڕینی لێ کردن، بەڵام ئەوان هەر نەترسان و بێ باکانە ڕایان گەیاند، کە بانگەوازی خوایان قبوڵ کردوەو تەحەممولی هەمو ئەنجامێکیشی دەکەن، قورئانی پیرۆز دەگێڕێتەوە : ( قَالُوا۟ لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلَّذِى فَطَرَنَا ۖ فَٱقْضِ مَآ أَنتَ قَاضٍ ۖ إِنَّمَا تَقْضِى هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَآ ) طه/٧٢ واتە : وتیان : سوێند بێت بەوەی دروستی کردوین، تازە ئیدی فەزڵی تۆ نادەین بەسەر ئەم هەمو بەڵگەو نیشانانەدا، کە بۆمان هاتوە، تۆش چیت لەدەست دێت درێغی مەکەو بیکە! خۆ هەرچی تۆ لە دەستت دێت هەر ئەوەیە، کە ئەم دنیایەمان لێ بسەنیت..

دیسان قورئان باسی ئەوەش دەفەرموێ، کە بانگەوازەکەی موسا چوە ناو کۆشکی سەرۆکایەتی فیرعەونەوەو ژنەکەی ئەویشی هێنایە ڕیزەوە! ئەو ئافرەتە بەهێزو لەخۆ بوردەی، کە وازی لە هەمو نیعمەت و ئاڵ و والآیی کۆشك و تەلاری ژێر سایەی فیرعەون هێناو داوای لە خوای خۆی کرد لە جیاتی ئەوە لای خۆی لە بەهەشتدا کۆشکێکی تایبەتی پێ ببەخشێتەوە.

لەو لاشەوە ـ وەکو قورئان بۆمان ڕون دەکاتەوە ـ نەك هەر لە نێو ریزی خوارەوەی پێڕی فیرعەونیشدا ـ کە ئەوەندە سەرسەختانە دژی بانگەوازەکەی سەییدنا موسا وەستانەوە ـ بەڵکو لە ناو دەستەی سەرکردایەتی فیرعەوندا، دەوڵەمەندی خواردەلەمیشی بەناوبانگی تێدا بو، کە لە خزم و خێشی موساش بو، وەکو قارون، کە لە ڕیزی فیرعەون و دژی موساو بانگەوازەکەی وەستا بۆوە: (وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٢٣﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَقَٰرُونَ فَقَالُوا۟ سَٰحِرٌ كَذَّابٌ ) غافر/٢٣ـ٢٤ واتە : ئێمە موسامان بە کۆمەڵێك بەڵگەو نیشانەی ئاشکراوە نارد بۆ فیرعەون و هامان و قارون، بەڵام ئەو ستەمکارانە وتیان : جادوگەرێکی درۆزنە! لە شوێنی تریشدا قورئان بە دورودرێژی باسی قارون دەکات، وەك دەفەرموێ : (إِنَّ قَٰرُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيْهِمْ ۖ وَءَاتَيْنَٰهُ

مِنَ ٱلْكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلْعُصْبَةِ أُو۟لِى ٱلْقُوَّةِ إِذْ قَالَ لَهُۥ قَوْمُهُۥ لَا تَفْرَحْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ ﴿٧٦﴾ وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾ قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِىٓ ..) **القصص/٧٦ـ٧٨ واتە : بێگومان قارون لە قەوم و خێشانی موسا بو کەچی ـ بە هۆی ماڵ و سامانیەوە ـ خۆی گیف دەکردەوە بە سەریانداو فیزی بەسەردا دەکردن، ئەوەندە ماڵ و سامان و داراییمان پێ بەخشیبو، کە بە راستی کلیلی گەنجینەو قاسەکانی بە چەند کەسێکی بە هێز بە زەحمەت هەڵدەگیرا! هەندێك ئیمانداری خزمی خۆی پێیان گوت: خۆ بە کەشخەییەوە با مەدەو بەم سامانەت لە خۆت بایی مەبە، چونکە خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت، کە فیزو تەکەببور بە سەروەت و سامانیانەوە بە سەر خەڵکی تردا دەکەن و لە خۆیان بایی دەبن.. هەوڵ بدە بەو ماڵ و سامانەی خوا پێی بەخشیویت، ماڵی قیامەت و بەهەشتی بەرین بکڕەو بەشی خۆشت لە دنیادا بە حەڵاڵی فەرامۆش مەکە، چاکە لەگەڵ بەندەکانی خوادا بکە، هەر وەك خوا چاکەی هێناوەتە رێت. نەکەیت هەوڵی فەسادو گوناح و تاوان بدەیت لەسەر زەویدا، چونکە خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە تۆوی خراپە دەچێنن.. بەڵام قارون وتی : من ئەم سامان و داراییەم هەر بە هۆی ئازایەتی و زانستی خۆمەوە پەیدا کردوە..**

**قورئانی پیرۆز بۆمان باس دەکات، کە هەڵوێستی قارون هەر ئەوە بو، هەر وا مایەوە تا سەری نایەوە، تا خوای گەورە خۆی و کۆشك و تەلارو سەروەت و سامانی بە ناخی زەویدا بردە خوارەوە..**

**قورئانی پیرۆز، کە ئەوانەی لەگەڵ سەییدنا موسادا هیجرەتیان کرد، ناو دەنێت (بەنو) یان (ئال) بە مانای شوێن کەوتوی عەقیدە بەکاریان دەهێنێت، نەك بە مانای خزمایەتی.. وەکو ئیمامی تەبەری لە تەفسیرەکەیدا لە یاوەران و تابعینەوە نەقڵ دەکات کە ئەوان فەرمویانە : (آلُ الرَّجُلِ هم اتباعُهُ) واتە : ئالی کابرا یەعنی شوێن کەوتوەکانی. هەر تەبەری لە ئیبنو عەبباسەوە ـ خوا لێیان**

رازی بێت ـ دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی : ئال لە قورئاندا شوێن کەوتوانە وەکو ئالی ئیبراهیم و ئالی عیمران و ئالی یاسین و ئالی محمد، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ : (اِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بابراهيمَ الذينَ اتَّبَعُوهُ) واتە : ئەوی شایانەو هەقە بە کەسی ئیبراهیم بژمێررێت ئەو کەسانەن، کە شوێنی کەوتون.[1]

دوای ئامادە کردنی ئوممەتی پەیام و دیاری کردنی ناوچەکەیان و فەرمانی کۆچ کردنەکەیان خوای گەورە، ئەو بەرنامەی بۆ رون کردنەوە کە پێویستە بیکەنە رێبازی ژیانی نوێیان لە (ناوچەی ئوممەتە موسوڵمانەکە) وەك دەفەرموێ : (وَإِذْ قُلْنَا ٱدْخُلُواْ هَٰذِهِ ٱلْقَرْيَةَ فَكُلُواْ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَدًا وَٱدْخُلُواْ ٱلْبَابَ سُجَّدًا وَقُولُواْ حِطَّةٌ نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَٰيَٰكُمْ ۚ وَسَنَزِيدُ ٱلْمُحْسِنِينَ ) البقرە/٥٨ واتە : یادی ئەو نیعمەتانە بکەنەوە کە وتمان : بچنە ئەو شارەوە (قودس) لەوێ حەزتان لە هەرچییەك بو تێرو تەسەل بیخۆن، هەر کە لە دەروازەی شارەکە چونە ژورەوە بە رێزو کڕنوشی پێزانینەوە بچنە ناوەوەو بڵێن : خوایە لە تاوانەکانمان ببورە، جا ئێمەش لە هەڵەو تاوانەکانتان دەبورین، ئێمە پاداشتی چاکەخوازان بە زیادەوە دەدەینەوە.. فەرمانی : (وَٱدْخُلُواْ ٱلْبَابَ سُجَّدًا : بە رێزو کڕنوشی پێزانینەوە بچنە ناوەوە) ئاماژەیە بۆ رۆشنبیری و ومارەسەو ئەو شێوازی ژیانەی، کە دەبێت لەناوچەی ئەقسا کە وڵاتی (ئوممەتی موسڵمان) ەکەیە، خوی پێوە بگرن و بیکەنە داب و دەستوری خۆیان ئەویش ئەوەیە، کە هەموی هەر لە ماناکانی کڕنوش بۆ خوا بردن و خواپەرستی

[1] الطبري، التفسير ب٢/٢٣٤. لە هەمو قۆناغەکانی مێژودا دەوڵەمەندە مشەخۆرەکان هەر لە ریزی ئەو کەسانەدا بون، کە دژایەتی بانگەوازی دادو چاکسازییان کردوە! لە فێڵ و تەڵەکەبازیشیان ئەوە بوە، کە زاراوەی پەیام و بانگەوازەکانیان گۆڕیوە بۆ زاراوەی قەبەو فش و فۆڵی خزمایەتی و تیرە گەری و نەتەوە پەرستی، ئینجا ئەم تیرەو نەتەوانەیان بەرداوەتە گیانی چاکسازان و کردویانن بە گژ هەر کەس و کۆمەڵێکدا، کە چاکەو خێرخوازی خواستبێت، ئیدی هەر شەڕی بێ ئامانەو بەردەوام دەبێت! تا ئەو زەمانەی ئەم دەوڵەمەندە گەندەڵ و سیاسەتمەدارە فێڵاویانە لەوە دڵنیا دەبن کە مەیدان لەوانەی بانگەوازی پاکسازی و چاکسازی دەکەن پاك بوەوە، ئەوجا بە زمانی لوس و وەکو ناوبژیوان و ئاشتیخواز دێنە پێش و داوای ئەمان و ئاشتی بۆ جەماوەر دەکەن!!

وەرگیراوە. کە لێرەدا مەبەست لە بۆ خوا ملکەچ بون و خۆ بە کەم زانینە بەرامبەر بە خەڵکی. ئەمما (وَقُولُواْ حِطَّةٌ : بڵێن : خوایە لە تاوانەکانمان ببورە) بریتییە لە نویٚ کردنەوەی رۆشنبیری و رەخنەو رەخنە لە خۆگرتن، یان بە زاراوەی قورئانی تۆبە کردن. واتە ئامادەباشی ئوممەتەکە، کە هەمیشە ئەوەی لە دیددا بێت واز لەو کۆت و زنجیری نەریتە کۆمەڵایەتییە بەدان بهێنێت کە بە میرات بۆ نەوەی نوێی ماونەتەوە، ئەو کۆت و پێوەندانەی ریٚ لە پێشکەوتن و نەش ونماو ئەو نویٚ بونەوانە دەگرن، کە ویستی خوای بەردەوام دایدەهێنێت. بۆیە تەبەری دەڵێ : (وَقُولُواْ حِطَّةٌ ) یەعنی ئەوە بڵێن، کە گوناحتان پێی هەڵ دەوەرێت، کە بریتییە لە لا اله الا الله و راپەڕاندنی، مانای: (نَّغۡفِرۡ لَكُمۡ خَطَٰيَٰكُمۡۚ ) یش ئەوەیە : لەو کەسانە ناگرین، کە سوجدەکەیان نەبرد بەو مەرجەی داوای لێبوردن بکەن و بێنەوە سەر ریٚ. (وَسَنَزِيدُ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ) یەعنی : نیعمەتی خۆمان لەسەر ئەو کەسانە زیاد دەکەین، کە پیاوچاکن، ئێمەش لە پاداشتیاندا دابین بون و ئاسودەیی تریان زیاتر پیٚ دەبەخشین..

بەڵام ئاسەواری ئەو بارودۆخ و کەشە کۆمەڵایەتی وفیکرییەی شوێن کەوتوانی سەییدنا موسای تێدا ژیا ـ کە بارودۆخی رۆشنبیری فیرعەونی بو ـ هەر لە سەرەتای بزاڤی ئوممەتە پەیامییەکەوە کاریگەری سلبی دەرکەوت! لەوانە :

ـ لەو کاتەدا کە ئوممەتەکەی موسا لە خزمەتیدا بەرەو خاکی پیرۆزو وڵاتی ئوممەت و پەیام لە کۆچ کردنەکەیاندا بون، لە رێگا ـ چونکە زۆر لە ژێر کاریگەری کۆمەڵگەی فیرعەنیدا بون، کە لە جێی خوا پەرستی گوێرەکەی ئەبیسیان[1] دەپەرست ـ ئەمانیش داوایان لە سەییدنا موسا کرد، کە گوێرەکەیەکیان بۆ دیاری بکات، تا بیپەرستنەوە!!

ـ هەروەها چونکە لە وڵاتی چاندن و کشت وکاڵی میسری فیرعەونەوە

---

[1] د. احمد فخري، مصر الفرعونية ج ٣ قاهيرة/ مكتبة الانجلو المصرية ١٩٧١.

هاتبونە دەرێ و بەرەو وڵاتێکی تر کۆچیان کرد بو، سۆزی زەوی و زارو کشت و کاڵ لەسەر ی دانەوەو حەزیان هاتەوە سەر حەسانەوەی بەر سێبەرو، ڕاخستنی سفرەو خوانی پاقلەو نیسك وسیرو پیاز! هەر وەکو، کە میسرییەکان عادەتیان وا بو!

ـ دیسان کاریگەری ژیانی بندەستی و ستەمدیوی و زەلیلییان هەر بەسەرەوە مابو، هەر حەزیان لە خۆ لە خەتەر لادان بو، گرنگ بە لایانەوە هەر سەلامەتی بو با لەسەر حسابی ڕێزو ئازادی و عێزەتیشیان بێت، بۆیە ئامادەی قوربانی دان نەبون، ئامادەی روبەڕو بونەوەی ئەو دوژمنە سەرسەختەی خۆیان نەبون!! هەر خۆیان لە بەرپرسی رادەپسکاندو خۆیان لە تەکالیفی ئازادی دەبوێرا!!

ـ لەوانەش دژوارتر، کە هەر پێیانەوە لکاو، نەوە بە نەوە لەگەڵیاندا تا ئەم زەمانەی ئێستای خۆشمان هەر لەگەڵیاندا ماوە! ئەوە بو کە (رەگەزپەرستی) فێرعەونی لە مۆخ و ئێسقانیان کاری کرد بو! چونکە لە کاردانەوەی ئەو رەگەزپەرستییە فیرعەونیەدا ئەمانیش دوچاری رەگەزپەرستییەکی تایبەت بە خۆیان بو بون! بە شێوەیەکی وا ئەوەندە کاری لە بیرو دیدو بزاڤیان کرد، کە بواریان بۆ برایەتی عەقیدە نەهێشتەوە، نەیانتوانی بێنە سەر ئەو نەریتەی قۆناغی نوێ دەیخوازێت، هەر لەسەر ئەو راو بۆچونە مانەوە کە نابێت خەڵکەکەیان لەسەر غەیری پەیوەندی بەرەبابی و خزمایەتی و خوێن دابمەزرێت! ئەمەش هەر ئینتیما قەومییە کۆنەکەی جارانیان بو، بەڵام بە روکەشێکی دینی سواغیان دابو! بۆیە ناوی خۆیان نا (شعب الله المختار) واتە : گەلی هەڵبژاردەی خوا! بەمەش دەرگای ئینتیما لە غەیری خۆیان داخراو، دەزگا پەروەردەییەکانیشیان لە ئەرکی دینی خۆیان لە وڵاتە پیرۆزەکەی ئەقسا پەك خست.

پاش ماوەیەك سەییدنا عیسا هات ـ سەلامی خوای لێ بێت ـ ئەویش بۆ ئەوە بوە پێغەمبەر، تا ئەو کەلێنانە چاك کاتەوە، کە لە کرۆکی ئوممەتە

نوێکەدا دروست بو بون، بۆ ئەوە هات تا سەر لە نوێ هەوڵیان لەگەڵدا بداتەوەو، لە ئینتیمای (قەوم People) ەوە بیانهێنێتەوە بۆ (جیهانێتی ئوممەتی پەیامەکە)، ئەوجا چەند کەسانێك لەوانەی وازیان لەو چەمکی (گەلی هەڵبژاردەی خوا) هێنا، بونە یاوەرو لایەنگری. لەگەڵ ئەودا کەوتنەوە سەر رێبازی جیهانیانەی بانگەوازەکە، بەلام هەر تاك بون، هێشتا نەببو بە(ئوممەت). ئەمما کۆمەلانی تری خەڵکی ئیسرائیلی بەو کۆت و زنجیری کۆمەلایەتی و فیکریەی خۆیانەوە دامان، کە بارودۆخی ولاتی فێرعەون لێی کرد بونە نەریتی ئاسنینی نەگۆڕ. جار بۆ جار حیبرو پیاوە دینییەکانی تریان بەرفراوان و پێناسەی دینی نوێیان بۆ دەکرد، تا بە یەکجاری پۆشاکی تەوراتییان لەبەر کردو کەوتنە دژایەتی هەر کەس پێوەی پابەند نەبێت، بۆیە ئاوا بە سەرسەختی دژی سەییدنا عیسا و بانگەوازو یاوەرانی وەستانەوە، تا سەرەنجام بونە دو بەشو ناویان لێ نرا (جولەکە) و (دیان: مەسیحی).

بەلام چۆن ئاسەوارو بارودۆخ و کەشی فێرعەونی، کاری لە بانگەوازەکەی سەییدنا موسا کرد، بارودۆخ و کەشی دەوڵەتی ڕۆمانیش ئاوا کاری سەلبی لە مەسیحێتی کرد!

دژوارترین خاڵی خراپی کارتێکردنی دەوڵەمەندی موتریف و کاربەدەستی موستەکبیری رۆمانیەکان لە مەسیحێتی ئەوە بو، کە ئینتیماو دۆستایەتی و هۆکاری کۆبونەوەو سەرخستنیان لە دینداری و (پەیام) ەکەوە گۆڕی بۆ (کەسێتی) ئەو کەسەی، کە پەیامەکەی هێنا بو! ئینجا ئەو سیفەتانەی کۆمەلگەی رۆمانی لە بتەخواکانی خۆیان نابو، لە سەییدنا عیسایان ناو بانگەوازەکەشیان، لە بزاڤێکی گۆڕانکاری فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپەوە کرد بە باوەڕ هێنان بە نادیارێکی شێواو پشێو، کە پەیوەندی بە واقیعی ژیانەوە هەر نەبێت!!

ئەمە لقێك بو لە خانەوادەی سەییدنا ئیبراهیم (لقی سەییدنا ئیسحاق).

..........

# بەشی دوەم

## مەڵبەندی بانگەوازی ئەقسا

لقەکەی تری ئەو خێزانە بەڕێزە (لقی سەییدنا ئیسماعیلی کوڕی) شی هەر کەوتە ژێر کاریگەری ئاسەوارو بارودۆخی سەحراو بیابان و ناوچەی چۆڵەوانی.. ئەوانیش لە (ئوممەتی پەیام و پەروەردە)دوە کە گیان و ماڵیانەو، خۆیان بە قوربانی پەروەردە کردنی ئەو کەسانە دەکرد، کە ڕوی تێ دەکردن، ئەمانیش لەم ئەرکە پیرۆزەیانەوە، بون بە کۆمەڵێك زێوان (سەدەنە)ی کەعبەو بت و بتخانە! پەیامەکەی ئەمانیش بوە پارەبەرهەم هێنانی سیاحی! بوە پێشوازی کردنی گەشتیارانی ماڵی خواو بتە داتاشراوەکان، کە بەراستی بۆیان بوە مایەی پلەی بەرزو پارەی زۆر..

پاش ئەمە گەشانەوەو هەستانەوەی عەمەلی دوەم هاتەوە کایەوە، کە محمد ﷺ پێی هەستا، محمدی سەرقافڵەی لقی بەرەباب و خێوانی پیرۆزی سەییدنا ئیبراهیم، کە لە دەورو بەروی مزگەوتی حەرام (کەعبە) نیشتەجێ بون. لە بانگەوازەکەی ئەمەوە زاراوەی (ئوممەت) هاتەوە دی، ئەمجارەیان زاراوەکە بوە دروشمی پەیامەکە و بە وشەیەکی قورئانی وا داڕێژرا، کە قابیلی وەرگێڕان نەبێت بۆ هیچ زمانێکی تر. زاراوەی ئوممەت لە پەیامی محمددا ﷺ مانای تری بەخشی وەك (الامامە) و (الامام) ی نوێژو سیاسەت وحوکم. یان ئیقتیدا کردن : (آمِّینَ البیتَ الحرام) واتە ئیقتیدا کردنی حەج لەبەر ئەوەیە، کە نابێت ئەم زاراوەیە لە ئەسڵە عەرەبییەکەی خۆیەوە بۆ هیچ زاراوەو وشەیەکی تری عەرەبی، یان غەیری عەرەبی بگۆڕرێت.

جەوهەری پەیامەکەی پێغەمبەر ﷺ بریتی بو لە ڕاست کردنەوەو دروست کردنەوەی ئەو خوارو خێچی و نوقسانیانەی کەوتبونە ناو ئەو

بەرنامەو پرۆگرامەی، کە سەییدنا ئیبراهیم پێغەمبەر ڕەنگی ڕشت و، سەییدنا موساو عیسا دەستیان پێ کرد. ئینجا بەردەوام بونەوەی کاروانی خواویستی ئوممەتەکە لەسەر ئەو ڕێبازو بەرنامە نوێیەی بۆی دادەڕێژرێت، تا ئەو زەمانەی ئامانجە گەورەکانی دێتە دی. بۆیە ئاڕاستەی پەیامە نوێکە لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوت :

١ـ چاك كردنەوەی ئەو خوارو خێچییەی کەوتبوە ناو بەرنامەکەی سەییدنا ئیبراهیمەوە : ئەمەش بەوە بو، کە هەمو ڕۆڵەکانی بەرەباب و تیرەکانی ڕەچەڵەکی قوڕەیشی بانگ کرد، کە واز لەو سیفەتە نوقسانە بێنن، کە گوایە ئێوە (ئوممەتی زێوان) ی بت و بتخانەن! واز لە بازرگانی بە دین بهێنن، هەروەها لەو شێوازی تیرەپەرستی و هۆزخوازیە بهێنن، کە خستونیەتە شیرك و بتپەرستیەوە. ئینجا بانگهێشت کردنی نەوەکانی ئیسحاقیش (جولەکەکان) کە ئەوانیش با واز لەو خۆپەسەندی و زاراوە ناقۆڵایە (گەلی هەڵبژاردەی خوا) بهێنن و عەقیدەکەیان ڕاست کەنەوە، با چیدی دینەکەیان نەخەنە خزمەت مشەخۆری موتریف و دەسەڵاتداری موستەکبیری خاوەن پلەو پارەوە.. ئینجا بانگ کردنی هەردو لایان، کە وەرن با لە (ئوممەتی پەیامەکە) دا کۆببینەوەو، ئەرکە سەرەکیەکەی سەرشانمان دەست پێ بکەینەوە، کە فەرمان کردنە بەچاکەو بەرهەڵستی کردنە لە خراپە و سەلماندنی ئیمانداریە لە نێو خەڵکیدا..

٢ـ ریشەکێش کردنی ئەو جوداگەری و ناکۆکییەی لە رۆڵەی نەوەکانی سەییدنا ئیبراهیمدا رویداوەو بۆتە لەت بونی ناوکی (ئوممەتە موسوڵمانەکە) و کردونی بە جولەکەو دیان، کە لەوانیشەوە دابڕ دابڕ بونی تر داهات و پارت و کۆمەڵی زۆری تر پەیدا بوە، ئەمەش پێچەوانەی هیواو ئاواتەکەی سەییدنا ئیبراهیمە، کە هەر هەوڵی ئەوەی دەدا هەمو مرۆڤایەتی لە بازنەی (ئوممەتی پەیامەکە)دا کۆ بکاتەوەو هەمویان بخاتە سەر یەك ڕاستە ڕێبازو سەر یەك دیدو فیکرو پەیوەندی نێوانیان بکاتەوە بە پەیوەندی عەقیدەو دین، تا هەمویان وەکو جاران ببنەوە یەك ئوممەت و یەك خوا پەرستنەوە..

بۆ هێنانە دی ئەم مەبەستەشە ئەوەندە ئایەتی قورئان دەبینین، کە ئەهلی کیتاب بانگهێشت دەکات بۆ ڕێکەوتن لەسەر پەیمان و بەڵێنێك (الی کلمة سواء) بۆ بەرنامەیەکی پاك و بێ گەردو ڕاست، کە بناغەکەی بانگەوازەکەی سەییدنا ئیبراهیم بێت : (ملة ابراهیم حنیفا)، وەك دەفەرموێ : (قُلْ يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾ يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِىٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوْرَىٰةُ وَٱلْإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعْدِهِۦٓ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٦٥﴾ هَـٰٓأَنتُمْ هَـٰٓؤُلَآءِ حَـٰجَجْتُمْ فِيمَا لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٦﴾ مَا كَانَ إِبْرَٰهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَـٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٦٧﴾ إِنَّ أَوْلَى ٱلنَّاسِ بِإِبْرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَـٰذَا ٱلنَّبِىُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ وَلِىُّ ٱلْمُؤْمِنِينَ ) آل عمران/٦٤ـ٦٨ واتە : ئەی محمد، بڵێ : ئەی ئەوانەی پەیامی خواییتان بۆ هاتوە، وەرن بەدەم بانگهێشتی بەرنامەیەکەوە کە لە نێوان ئێمەو ئێوەدا هاوبەشە، ئەویش ئەوەیە کە جگە لە (الله) هیچی تر نەپەرستین، هیچ جۆرە شەریکێکی بۆ بڕیار نەدەین، هیچ لایەکمان لایەکەی ترمان ـ لە مەزنی و پیرۆزی و حاکمێتیدا ـ لە جێی خوای گەورەدانەنێت.. جا ئەگەر سەرپێچیان کردو بەدەم ئەم بانگەوازەتەوە نەهاتن ئەوا پێیان بڵێ : کە ئێوە بە شایەت بن ئەوا ئێمە موسوڵمانین و ملکەچیشمان تەنها بۆ خوای پەروەردگارە.. ئەی خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان، ئێوە بۆچی وا قسە لەسەر ئیبراهیم دەکەن، کە هەر یەکەتان دەڵێ هی ئێمەیەو ئێمە سەر بەوین؟! خۆ تەورات و ئینجیل دوای ئەو هاتونەتە خوارەوە، ئەوە بۆ ئەقڵتان ناخەنە کارو بیر ناکەنەوە؟! ئەوا ئێوە باس و موجادەلەو شەڕە قسەتان لەسەر ئەوە کرد، کە زانیاریەکتان دەربارەی هەبو، ئەدی بۆچی باس و موناقەشەی شتێك دەکەن کە هیچ زانیاریەکتان دەربارەی نییە؟! خۆ ئاشکرایە، کە خوا دەزانێت و ئێوە نازانن.. ئیبراهیم نە جولەکە بوە، نە دیان، بەڵکو هەمیشە

سەر بە دینی حەق و موسوڵمانێکی گوێڕایەڵ و فەرمانبەردار بوەو، قەت لە ریزی موشریکاندا نەبوە.. ئەوی شایەنی ئەوەیە لە ئیبراهیمەوە نزیك بێت و سەر بەو بێت ئەو کەسانەن، کە شوێن کەوتوی ئەون، هەروەها ئەم پێغەمبەرەش خۆی و ئەوانەش، کە باوەڕیان هێناوە، بێ گومان خوا یارو یاوەرو پشتگیری موسوڵمانانە..

هەروەها دەفەرموێ : (وَقَالُواْ كُونُواْ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ تَهْتَدُواْۗ قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِـۧمَ حَنِيفًاۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٣٥﴾ قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴿١٣٦﴾ فَإِنْ ءَامَنُواْ بِمِثْلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهْتَدَواْۖ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍۖ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١٣٧﴾ صِبْغَةَ ٱللَّهِۖ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبْغَةًۖ وَنَحْنُ لَهُۥ عَٰبِدُونَ ﴿١٣٨﴾ قُلْ أَتُحَآجُّونَنَا فِي ٱللَّهِ وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ وَلَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُخْلِصُونَ ﴿١٣٩﴾ أَمْ تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطَ كَانُواْ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰۗ قُلْ ءَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ ٱللَّهُۗ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٤٠﴾ تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْۖ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْۖ وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ) البقرة/١٣٥ـ١٤١

واتە : ئەوانە دەیانوت : وەرن ببنە جولەکەو دیان، تا بکەونە سەر رێنمایی خوایی! ئەی محمد تۆش پێیان بڵێ : نەخێر، ئەوە ناکەین، چونکە ئێمە خۆمان شوێن دین و بەرنامەی ئیبراهیم کەوتوین، کە پاك و بێ گەردو دروستە، ئەویش هەمیشە خواویست بوەو هەرگیز لە ریزی بتپەرستاندا نەبوە.. ئێوە پێیان بڵێن : ئێمە باوەڕمان بە خوا هێناوەو بەو قورئانەش، کە بۆ خۆمان هاتۆتە خوارەوەو بەوانەش، کە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب ونەوەکانی یەعقوب هاتوە، هەروەها بەو پەیامەی بۆ موساو عیسا هاتوەو بە هەمو ئەو پەیامانەی تریش، کە لە لایەن خوای گەورەوە بۆ پێغەمبەران بە گشتی رەوانە کراوە، ئێمە جیاوازی ناخەینە

نێوان هیچ یەکێك لەو پێغەمبەرانەوەو خۆمان تەسلیمی فەرمانی خوا کردوەو موسوڵمانی ئەوین.. جا ئەگەر ئەوان ـ بەو شێوەیەی خۆتان ـ باوەڕیان هێنا ئەوە مانای وایە ڕێگای ڕێنمایی خواییان دۆزیوەتەوە، ئەگەر پشتیان هەڵکردو گوێیان نەدایێ، ئەوە حەتمەن دەکەونە دوژمنداری ناوخۆو دوبەرەکی ناو خۆیانەوە، خوای تۆ بۆیان بەسەو بۆ ئەوی لێ گەڕێ، ئەو تۆ لە پیلان و فێڵیان دەپارێزێت، چونکە خوا بیسەرو زانایە.. ئەم دین و دیندارییە نەخشەیەکە خوا دایڕشتوە، کێ هەیە لە خوا چاکتر نەخشە بۆ شت دارێژێت؟! لە هەمو بارودۆخێکدا ئێمە هەر پەرستیاری ئەوین و رومان هەر لەوە.. پێیان بڵێ : ئایا ئەمە رەوایە ئێوە ئاوا دەربارەی خوا، موجادەلەو شەڕە قسەتانە لەگەڵمان؟! خۆ ئێوە خۆشتان چاك دەزانن، کە ئەو خوایە پەروەردگاری ئێمەش و ئێوەشە، کارو کردەوەی خۆمان بۆ خۆمان و، کاروکردەوەی خۆتان بۆ خۆتان (چونکە نە ئەوەی ئێوە ئەوەیە، کە ئێمەی لەسەرین، نە ئەوەی ئێمەش ئەوەیە، کە ئێوەی لەسەرین) ئێمە تەنها ملکەچی وگوێڕایەڵی خواین وبەس، یان دەڵێن: ئیبراهیم وئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و کوڕەکانی جولەکەو دیان بون!! پێیان بڵێ : چما ئێوە چاکتر دەزانن یان خوا؟! کێ لەو کەسە ستەمکارترە، کە شایەتییەکی خوایی لە لایەو پەنهانی دەکات؟! خۆ خوای گەورە بێ ئاگا نییە لەوکردارو رەفتارەی ئەنجامی دەدەن. ئەوە ئوممەتێك بو، هات و رابورد، ئەوی کردوێتی وا لە ئەستۆی خۆیدایەو ئێوەش ئەوی دەیکەن هەر وا بە ئەستۆی خۆتانەوە، خۆ ئێوە لەسەر کارو کردەوەی ئەوان موحاسەبە ناکرێن..

٣ـ هەڵهێنانەوەی هەنگاوی عەمەلی وا، کە ئەم یەکگرتنەوە ئاسانتر بکات، بەڵکو لە ناو تاوێرە بەردی ئیختلافاتی دوای سەییدنا ئیبراهیمدا هیوای کانیاوی یەکبونەوەیەك هەڵقوڵێت.. بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەش بو، یەکەم جار ئەو ماڵە کرایە قیبلە، کە سەییدنا ئیبراهیم لە ئەقسا دروستی کرد بو، کە پێشتر زیارەتی ئەو دەزگا پەروەردەیی جیهانیە دەکرا.. دیسان روداوی ئیسراو میعراج، کە لە کەعبەوە بەرەو مزگەوتی ئەقسا کرا، ئینجا لەوێوە بۆ

ئاسمانـەکان، هـەر بـەو ئومێـدە بـو، کـە پەیوەنـدی نێـوان هـەردو مزگەوتەکـە توندو تۆڵ بکرێتەوەو هاریکاری و لێك حـاڵی بونەوەکە هەڵداتـەوە، تـا هـەردو مزگەوتەکـە بکەونـەوە سـەر ئـەو رۆڵـەی بـۆی بنیـاتنراون، رۆڵـی پـەروەردەو بانگەوازو فێرکردنەوە..

بۆ رەسەن کردنەوەو جێگیر کردنی ئەم مانایە بو، کـە قورئـان لەسـەرەتای سورەتی ئیسرائدا ئاوا بە دورو درێژییەك باسی ئەو ناوچەی مزگـەوتی ئەقـسا دەکـات و حـەزەرێکی زۆر بـە (ئوممـەتی پەیامەکـە) دەدات : کـە ئاگـادار بـە، نەکەویتە ناو ئەو سەرپێچیانەوە، کە پێشتر ئوممەتەکەی موسای کەوتنـە نـاو ئەو زەمانەی خۆیان لەو مەبەستە گەورەیە گێل کـرد، کـە لەبـەر خـاتری ئـەوە کۆچـیان پـێ کـراو بـە سـەلامەتی گەێنرانـە ئـەو ناوچـەیەی بۆیـان دیـاری و تـەرخان کـرا! بـەڵام ئـەوان هەوەسـبازانە کەوتنـە بـەد بـەکار هێنـانی خێـرو بەرەکـــەتی ناوچـــەکە بـــۆ رابـــواردن و کـــەیف و ســـەفای خۆیـــان، هـــەمو دەسکەوتەکانی ناوچەکەیان بە کار هێنا بۆ شـەڕو شـۆڕو خراپـەکاری ململانـێ! ئیدی موستەحەقی ئەوە بون خوای گەورە کەسانێکی بەندەی خۆیان لەو ئـازاو بەجەرگانە (عبادا لنا اولي بأس شديد) بۆ بنێرێت، تا وڵاتیان ژێر دەستە کەن و خۆیان زەلیل و شوێنی سەماو هەوەسبازیەکانیان وێرانە کرێت، کـە هۆشـی لـێ سـەند بـون و لەبـەر خـاتری ئـەم مەلەززاتانـەی خۆیـان وازیـان لـە بانگـەوازی خواویستی و پەیامی دادی خوایی هێنا بـو تـا ئـەو جـەنگاوەرە ئازایانـە هـاتن و (فجاسوا خلال الديار)..

بزانە ئەبوبـەکری سـددیق ـ خـوا لێـی رازی بێـت ـ چـەند چـاك لـەم دەرسـە تێگەیشتبو، کە هۆشـداری دەدایـە ئەوسـوپا ئیـسلامییەی، کـە بـۆ ئـەو ناوچـەی مزگـەوتی ئەقـساو دەروەربـەری دەنـاردن، پێـی دەوتـن کـە ئامـانجی پەیامـە ئیسلامیەکە نەگۆڕن، پێی فەرمون : (ئێوە وا رو دەکەنە شام، شـام ناوچـەیەکی بـە پیـت و بەرەکەتـە، خـوای گـەورە هاوکاریتـان دەکـات و یارمـەتیتان دەدات و دەچنە ناوی و دەسەڵاتی بەسـەردا دەگـرن، تـا مزگـەوتی تێـدا دروسـت کـەن، وا

نەتان بینێت، کە کەوتبنە دروست کردنی جیٚ رابواردن و خوٚ مەشغولٚ کردن و بیٚ ئاگایی، ئامان ئاگاتان لە خراپەکاری بیٚت)[١]

٤ـ دارِشتن و رِون کردنەوەی پەیکەری رێکخستنی (ئوممەتی پەیامەکە) بە شێوەیەکی دورو درێژ، بەدیاری کردن و ئاشکرا کردنی دەزگاکانی، بە دیاری کردنی سیاسەت وکاروباری کۆمەڵایەتی وئابوری و، هەمو چالاکیەکانی تری ناوەوەو دەرەوە، پەیوەندی نێوان ئوممەت وخەڵکی دی.

خاڵێکی کاریگەر

## کاریگەری تیرەخوازی عەربی لەسەر چەمکی ئوممەت دوای سەردەمی راشیدین

هەقە ئەوە بوترێت، کە چۆن ئاسەوارو بارودۆخی میسری سەردەمی فیرعەون، کارتێکردنی لەسەر بانگەوازو ئوممەتەکەی سەییدنا موسا هەبو، ئاسەوارو بارودۆخی ناوچە عەرەبیەکەش هەر ئاوا کارتێکردنی خۆی لەسەر ئوممەت و بانگەوازەکەی سەییدنا محمد ﷺ هەبو، جا چۆن لەولا کارتێکردنەکە ئیجابی وسەلبی هەبو، لەملاش هەروا بوە.

لایەنی ئیجابی باشی ناوچە عەرەبیەکە سەرکەوتنی بانگەوازەکەی پێغەمبەری ﷺ ئاسانتر دەکرد، چونکە زۆر چاك توانی مرۆڤی موسوڵمان وا پەروەردە کات، شەیدای بە هاو رەهەندە بەنرخەکانی کۆمەڵ بێت و بیٚ باکانە خۆی لە پێناو بیروباوەرِەکەیدا بکاتە قۆچی قوربانی، زۆرێك لەم دیدو بەهاو مانایانە لە میسری فیرعەوندا نەبو، ئەوەی لەولا هەبو زۆرینەی هەر بارقورسی بو، عەقیدەو بەهاو نەریتی تلیسانەوەو خۆ کرِ کردن بو، دەست بە

---

[١] عبدالله بن المبارك المروزي، كتاب الزهد والرقائق، توێژینەوەی عبدالرحمن الاعظمي/ بیروت/ مؤسسة الرسالة/ بیٚ مێژو. لا ١٤١.

کلاّوی خۆتەوە بگرەو با نەیبات! ئەمانە هەمو وەکو کۆت و زنجیر بون و شوێن کەوتوانی سەییدنا موسایان هێندەی تر بەرەو دنیا رادەکێشا.. دیسان لە نیوەدورگەی عەرەبدا چاندن و کشت و کاڵ نەبو، باری ئابوری زۆر لەسەرەوە نەبو، وا نەبو کۆمەڵگەکە فێری گەدەبەلی و زێدەڕۆیی بکات، ئەمە جگە لە سیفەتەکانی جوامێری و سەخاوەت و گیانی قوربانی دان و لەسەر کردنەوەو گوێ نەدانە کۆسپی رێ، چ سروشتی بو بن، چ هی خەڵکی..

لایەنە سلبییە خراپەکەشی ئەوە بو، کە ئەو دەمارگیری تیرەخوازییە وای لە عەرب دەکرد دۆستایەتی و دوژمنایەتی بە گوێرەی هەڵوێستی هۆزەکەی دیاری بکات، ئەمەش نەیدەهێشت بابای نەو موسوڵمان زو بەرەو کۆمەڵگەی نوێی جیهانی پێ هەڵگرێت، چونکە تۆڕی پەیوەندیە تیرەگەرییەکەی نەیدەهێشت پەیوەندی خۆی بەرفراوان کات، هەمیشە دەبو هۆشی لەو سنورانە بێت، کە تیرەکەی خۆی بۆ پەیوەندی ئەندامانی کێشاوێتی! دەبو هەر بەو چاوەوە بڕوانێت، کە هەر کەس لە تیرەکەی خۆی نییە بێگانەیەو هیچ پەیوەندییەکی بەم و بە تیرەو هۆزەکەی ئەمەوە نیە! ئەمانەش هەمو دەبونە کەندەڵان و کۆسپی سەر رێی پەیوەندی بەستنی جیهانییانەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکە. ئەمەش بێ گومان کاریگەری خۆی دەخستە سەر داهاتوی ئوممەتە موسوڵمانەکەو، نەیدەهێشت نە گەشە بکات نە بەئاسانی دەزگا پەروەردەییەکانی والاتر کات! هەر کاتێکیش ئەم بەهاو رەهەندە تیرەخوازییانە بە ئیسلام نەدەوێران و نەیاندەتوانی خۆیان بدەنە بەر شەڕە پاڵی ئیسلام پەنایان دەبردە بەر (دیاردەو رواڵەت) ی ئیسلامیانەو خۆیان لە (جەوهەری کردار) ی ئیسلامی دەبوارد! نوێژیان دەکرد بەلاّم بە سستی، یان هەر لەبەر چاوی خەڵکی، یان بە تەنها دەیان کرد و نەدەهاتنە جەماعەت! دەیانبەخشی بەلاّم هەر لە بازنەی تیرەو هۆزەکانی خۆیاندا، یان هەندێکیان قاڵبە جاهیلییەکەی خۆیان دەکردە قاڵبی ئیسلامی! بۆیە دەبینیت خوای

پـەروەردگارو کـارجوان خـاوەنی ئـەو دیـدو رەفتـارو هەڵوێـستانەی نـاو نـا دەشـتەکیەکان و دەرهەقیـشیان فـەرموی : ( ٱلۡأَعۡرَابُ أَشَدُّ كُفۡرٗا وَنِفَاقٗا وَأَجۡدَرُ أَلَّا يَعۡلَمُواْ حُدُودَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ) التوبة/٩٧. واتە: تەشتەکیەکان کافرترین و دوڕوترین کەسن، چاکتر وایـە سنوری ئەوانـە نـەزانن کـە خـوا بـۆ پێغەمبـەری ناردۆتـە خـوارەوە.. چـونکە دەشـتەکی ئـەو ئامادەباشـی و توانـا هۆشـییەیان نەبوچەمکی بەهاو نرخی ئەو ئەحکامانـە بـە گـرنگ بگـرن، کـە خـوای گـەورە ناردوێتیە خوارەوە، ئەوەندەشیان ئیدراکی کۆمەڵایەتی و شارستانێتی نییـە، تـا پەی بەو سیستەم و یاساو رێسایانە ببـەن، کـە بـۆ پێشخستنی جیهان پێویـست بون، کە لە قۆناغێکدا پەك خرا بون و کەنار کرا بون، ئەوانـەی ئێـستا ئیـسلام بۆیـان هاتۆتـەوە تـا سـەر لـەنوێ بیانخاتـەوە کـارو ئاراسـتەی جیهانیـانی پـێ بکاتەوە..

لەبەر ئەوە بو، کە کێشەی سەرەکی رێی پێغەمبەر ﷺ لەدوای کۆچ کردنی بۆ مەدینـە، کـە دەبـو ئوممـەتێکی جیهـانی وا بنیـات نێـت، کـە هـەمو رەگـەز و قەوم و قیلەیەکی تێدا بژی. ئەو کۆسپە سەختەی دەمـارگیری و هۆزپـەرستی و تیرەخوازیـە بـو، کـە ببـوە نـەریتی پـیرۆزو رێـسای نـەگۆڕی کۆمەڵگـەی عەرەبەکان..

جا پێغەمبـەر ﷺ کۆمـەڵێك هۆکـارو هەڵوێـست و پلانـی بـۆ لاواز کـردن و نەهێشتنی ئەم کۆسپە سەختە نا، لەوانە :

هۆکاری یەکەم : پاڵفتە کردنەوەی ئەندامانی ئوممەتی نـوێی موسوڵمان لـە هـەمو هەست و نەسـتێکی دەمـارگیری تیرەخـوازی و ئیعتیبـار کردنـی بـە لاکـە تۆپیوی بۆگەن و نەریتە کۆنەی جاهیلییەت، کە کـەڵکی سـەردەمی نـوێی پێـوە نیـە و دەبێـت تـوڕ هەڵدرێت، لـە جێـی ئـەو دەبێـت بـەهاو رەهەنـدی تـەقوا و پارێزکاری ببێتە تەرازو پێوەری کۆمەڵایەتی و هەڵسەنگاندنی خەڵکی، چونکە

ئەمەیان لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە جیهانییە نوێیەدا دەتوانێت هەڵکات نەك ئەو دەمارگیرییە ناڕەسەنە..

هۆکاری دوەم : ئاگادار کردنەوەو ئینزار کردنیان لە گەڕانەوە سەر بەهاو نەریت و پێوەری تیرەخوازی ودەمارگیرییە کۆنەکەی جاهیلییەت. وە ئیعتیبار کردنی ئەم هەست و ڕەفتارەش بە یەکێك لە گوناحە گەورەکان، کە بکەرەکەی شایانی مانەوەی هەتا هەتایی دۆزەخ دەبێت[١].

هۆکاری سێیەم : سڵ کردنەوە لەوەی کە لە ئەم هەستی تیرەخوازی و دەمارگیرییە خێڵەکییە لە داهاتودا ڕۆڵی زۆر سەرەکی دەبێت لە کارەسات وشەڕو وێرانکاری و فیتنە و کێشەی زۆری لێ دەکەوێتەوە.. ئەمانەش هەمو وەکو حەزەرو ئینزارو هەڕەشە هەمویان لە حەدیسی پێغەمبەردا زۆر هاتون، هەر کتێبێکی حەدیسی بگریت، بەشێکی تێدایە بە ناوی کتاب یان باب الفتن کە ئەو دژوارییانە بەیان دەکات کە دەمارگیری خێڵەکی دەینێتەوە..

بۆیە دەبو هەر لە سەرتاوە کۆمەڵگەکەی مەدینە لە هەستی تیرەخوازی و دەمارگیری خێڵەکی و ئینتیمای هۆزایەتی پاك بکرێتەوە و بەرەو بەهای تەقوا ی جیهانیانە هەڵنرێن، دەبوهەر لەو سەرەتای ئیسلامەتیەوە، لە خوا ترسان و

[١] صحيح البخاري : باب الفتن، صحيح مسلم : باب الامارة، مسند احمد : ب١ لا ٤٠٩ و ٤٣٠، سنن النسائي : كتاب البيعة وكتاب الزينة.. بۆ زانینی دەقی هەندێك حەدیس کە گوناحە گەورەکان بە حەوت یان بە دە حسێب دەکات، کە یەکێك لەوانە بە ئەعرابی بونەوەیە دوای کۆچ کردن! یان مورتەدد بونەوەیە دوای کۆچ کردن بڕوانە حەدیسی ژمارە ١٣ ی الجامع الصغِيري سيوطي کە لە ئیمامی نەسائیەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (آكِلُ الرِّبا ومُوكِّلُهُ وكاتِبُهُ اذا عَلِمُوا بِذلكَ. والواشِمَةُ والمُسْتَوشِمَةُ لِلْحُسْنِ، ولاوي الصَّدَقَةِ، والمُرْتَدُّ أَعْرابياً بعدَ الهِجرةِ مَلعونونَ علَى لِسانِ محمدٍ يومَ القيامةِ) واتە : ئەوی سود (فایز/ریبا) دەخوات و ئەوی وەکالەتی وەردەگرێت و ئەوی نوسەری مامەڵەکەیەتی ـ ئەگەر زانیان حەرامە ـ و ئەو کەسەی خاڵ دەکوتێت و ئەوی بۆی دەکوتن و ئەوی رێ لە خێرو خێرات دەگرێت و ئەوی دوای کۆچ کردن پاشگەز دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە سەر ئەعرابێتی، ئەمانە هەمویان دورن لە رەحمەتی خواو لەسەر زمانی محمد ﷺ و لە رۆژی قیامەتدا لەعنەتیان لێ کراوە. دواتر باسی ئەم خاڵە دەکەین.

پابەنـد بـون بـە ئیـسلامەکەوە ببێتـە تـەوەری سـەرەکی پـەروەردەو پێـوەری هەڵسەنگاندنی ناو خەڵکی.

حــەزەرو ئینــزارو هەڕەشــەی پێغەمبــەر ﷺ لــە هەسـتی خێڵــەکی و دەمارگیری تیرەخوازی و سۆزی تایەفەگەری یەکێك بو لە توخمە سەرەکیەکانی بەرنامەی ئاڕاستەو پەروەردەی پێغەمبەر، تەنانەت لە وتارەکەی ڕزگار کردنـی مەککەیدا، جیهادەکەی خـۆی کـردە دژایـەتی ئاشـکراو بـێ وچـانی جاهیلییـەتی عەربی!چونکە فەرموی : (یا مَعْشَرَ قُرَیشٍ إنَّ اللهَ قَدْ أذْهَبَ عَنْکُمْ نَخْوَةَ الجَاهِلِیَّةِ وَتَعْظِمَهَا بِالآبَاءِ، النَّاسُ مِنْ آدَمَ وآدَمُ خُلِقَ مِنْ تُرَابٍ)[١] واتـە : هـۆ خـەڵکی قـوڕەیش، خوای گەورە دەمارگیری جاهیلییـەت وشـانازی کردنـی بـە بـاب و باپیرانـەوە لـە ناودا نەهێشتون، خەڵکی هەموی لە ئادەمن و ئادەمیش لە خاکە.

بـەڵام دوای خیلافـەتی راشـیدین (کلتـور) ی دەمـارگیری و بـەهاو نـەریتی تیرەخوازی هاتەوە مەیدان و دەسەڵاتی کۆمەڵگەی خستەوە ژێـر رکێفـی خـۆی. بە تایبەتی دوای نەمانی نەوەی یاوەرانی پێغەمبەر ﷺ کـە خـۆی پـەروەردەی کردبون.. ئیدی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا چەندین شێوازی پێچەوانە و دژوانگـە (تناقضات) دەرکـەوت، لـەملاوە ئیـسلام هـەمو گـەل و میللـەتانی بـە یـەك چاو سەیر دەکردو هەموی بە یەکسان دادەنان، لەولاشـەوە واقیعێکـی تـر هـەبو، کـە بـە نـاوی ئیـسلامەوە لـە سیاسـەت و بـاری کۆمەڵایـەتی و..هتـد موسـوڵمانانی دەکردە دو چین! عەرەب و مەوالی (عەجەم) ئەمەش بـوە هـۆی پارچـە پارچـە بونی ئوممەتەکەو، گەڕانەوە سەر ئەو سـۆزو نـەریت و بـەها جاهیلییانـەی، لـە تایەفە گەری و دەمـارگیری تـیرەو هـۆزدا دەردەکـەوت، بەمـەش داب و دەسـتورە ئیسلامییە جیهانییەکە کەوتە پاشە کشە..

---

[١] ابن هشام، السیرة ب٤ (القاهرة : مکتبة الکلیات الازهریة، بێ مێژوە) ل٤١.

ئـەم سـەرهەڵدانەوەی دەمـارگیریی و تیرەخوازیـە بـەوە هاتـەوەناو کلتـوی و ڕۆشنبیری و بەهای هەندێکەوە، چونکە ئەمەوییەکان، کە دەوڵەتی ئیسلامییان کەوتـە بەردەسـت ـ وەکـو ئیبنـو تەیمییـە دەڵـێ[1] ـ پاشـایەتیان هێنایـە جێـی خیلافەتی ئیسلامی. ئیدی ئوممەتەکەش هەروا بەرەو نوشوسـتی نـزم دەبـۆوە، تـا گەیـشتە ئـەوەی، کـە زاراوەی (ئوممـەتی موسـوڵمان) نـەك هـەر هـیچ مانـاو واتایـەکی ئەسـڵی نەدەگەیانـد، هـەر سـڕرایەوە! چـونکە هـەمو جـۆرە ئینتیمـا جاهیلیـەکانی تـر هاتنــەوە شـوێنی : هۆزایــەتی، تایەفەگــەری، تیرەخــوازی، نەتەوەیی..هتد.. بەمەش ئوممەتەکە
ـ وەك خەڵکی پەیامەکە ـ نەماو دابڕ دابڕ بو، دەروازەی فیتنەو شـەڕو شـۆڕ کەوتە سەر پشت..

لە لایـەکی تـرەوە هـەر ئـەم هەسـت و هەڵوێـستی تیرەخـوازی و دەمـارگیری خێڵەکییـە بـو، نەیهێـشت دەزگـا سیاسـی و ئیـداری و یاسـادانانەکانی دەوڵـەت، هاوڕێ و هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنە جیهانیەکاندا بڕۆن! هەر ئەم سۆزە پەڕیدە بو نەیهێشت شورا خۆی بگرێت، نـەیهێشت سەرکردایەتی کۆمـەڵکاری بێتـە دی، نـەیهێشت بەرپرسی حاکم بەرامبەر ئوممەتەکـە بچەسپێت، نـەیهێـشت بەشـدار بونی ئوممەت لە بڕیاری سیاسی و ئابوریـدا خـۆی بگرێـت و ببێتـە نـەریتێکی سیاسی و ڕێسایەکی دەستوری. لە جیاتی هەمو ئـەم جوانیانـە حـوکمی سیاسـی تــاکڕەو دەســەڵاتی ڕەهــای ئــابوری حــاکم و فــەرمانی شــەفەیی و ســەرپێیی چارەنوسسازی جەنـگ وئاشـتی بـوە سـیفەتی حـوکم.. ئیـدی ئـەو تیرەخـوازی و دەمارگیرییە مونحەریفە هەر هەمو جومگـەکانی حـوکم و دەزگاکـانی ئاڕاسـتەو مومارەسەی ڕۆژانەی ڕەسمی گرتەوە..

ئەم گەڕانەوە سەر تیرەخوازی و دەمارگیرییە خێڵەکیـە، کـارتێکردنی خـۆی لە دەزگاکانی پـەروەردەو ئاڕاسـتە ئیـسلامیەکەش کـرد! ئەمانیـشی لـە ئامـانجی

[1] ابن تيمية، مجموع الفتاوى/ كتاب قتال اهل البغي ب٣٥ لا١٩٢-٢٠.

(پێکهێنانی ئوممەتی موسوڵمان) و پێشخستن و هاوشان ڕۆیشتنی پێداویستی و داواکاریەکانی قۆناغەکان و بەربەرەکانێکانی واقیعەوە هێنایەوە بۆ ئاستەکانی خوارێ! گەڕاندنیەوە بۆ پلەکانی یەکەم دو دیاردەی تر لە جێی ئەم گەشەو بەرز بونەوەیە دەرکەوتن:

دیاردەی یەکەم : دەزگا رەسمیەکانی ئاڕاستەو پەروەردە کردن ـ نەیانکرد بە گوێرەی بنەماکانی ئیسلام، کە لە قورئان وسوننەتدا ڕۆشن بون ـ ڕو بکەنە ئەو زانستی و لێکۆڵینەوانەی خزمەتی ئیدارەی ئوممەت و پەیوەندییەکانی دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، چونکە کەوتبونە ژێر کاریگەری سۆزی خێڵەکی و هەستی جاهیلیی تیرەخوازی خۆیانەوە، گەڕانەوە سەر (کلتور) و پێوەری خێڵ و هۆز و کەوتنە پیا هەڵگوتن و مەتح و سەنای (کەسایەتی) یە بەهێزەکان! لە جیاتی ئەوەی ئوممەتەکە بەرەو ئاستی پەیامەکەو داخوازیەکانی ئاڕاستە کەن، دەهاتنەوە دواوەو بە کاریگەری دیدو پێوەری جاهیلیی خۆیان بچوکتر دەکردەوە، ئینجا کە کەوتنە سەر خولگەی کەسایەتی و لە دەوری کەسە بەهێزەکان گەڕان، کەوتنە پاساو هێنانەوە بۆ کردەوەی ناهەموارو ناشەرعی ئەو کەسایەتییە بەهێزانە! ئیدی کەوتنە پینەچێتی و بەهانەدۆزی ئەوان!

دیاردەی دوەم : ئەو دەزگایانەی لە خولگەی ڕەسمێتی دەوڵەتدا هەڵ نەدەخولان و، لای ئەو جێیان نەدەبۆوە، یان بە یەکتر ڕازی نەبون، سەرقاڵ بون بە (پەروەردەکردن)ی تاکی بێ کارو پەڕاوێز کراوەوە! هەمو ئاڕاستەو شێوازی پەروەردە کردنی ئەم دەزگا غەیرە ڕەسمیانە هاتە سەر پەروەردە کردنی (دەروێش و سۆفی) ی داماو! لەوانەی خۆیان لە ڕوبەڕو بونەوەی تەوژمەکانی ژیان لادابو، دەرەقەتی ململانێی دەسەڵاتداران نەدەهاتن، ئیدی قەناعەتیان هاتبوە سەر خەڵوەت و نەفس پەروەردەکردن! کە بە درێژایی

ژیانی خۆیان، بە هیوای دادی خواویستی لای خوای گەورەو بەهەشتەکەی، ئارامیان لەسەر ئەو هەمو ناسۆرو مەحروم بون و دەستکورت کردنە دەگرت!

ئەنجامی ئەو جۆرە ئاڕاستەو پەروەردەیە و گۆشەگیریی و گێردانی کاری دەزگاکانی پەروەردە و فێرخوازی، ئەوە بو، کە هەمو ڕەنجەکان لە (فقه العبادات) دا خرانە کار! هەر شەرعناسێك دەهات لەسەر ڕێساو ئەحکامەکانی پەرستنی دەنوسی، هەر نەوەیەکیش، کە بە دوای نەوەیەکی تردا دەهات، هەر لەسەر ئەم ئەحکامانەی دەنوسی! یەکێك پەراوێزی بۆ دادەنا، یەکێکی تر راڤەی دەکرد، یەکێك کورتی دەکردەوە، یەکێکی دی ناوی دەنا مطول!! بۆیە دەبینیت هەزاران بەرگە کتێب لەسەر (تارەت و دەستنوێژ) نوسراون هەزاران لەسەر حەیزو نیفاس و تەڵاق و عیددە هەن! کەچی ئەوەی لەسەر (فیقهی سیاسی) و (فیقهی کۆمەڵکاری) و (ڕێساکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی) و (سیستمی ئیداری و یاسا دانان) و (پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدارو دانیشتوان) و (چۆنیەتی دابەش کردنی سامانی گشتی) نوسراون، ناگەنە ژمارەی پەنجەکانی دەست، مەگەر کتێبێکی وەکو (الاحکام السلطانیة) ی ماوەردی، کە ئەویش پڕە لە خاڵی لاواز، چونکە هەر بۆ هەنجەت گەڕاوە بۆ دەسەڵاتدارانی بهێنێتەوە، کە دەبێ لە حاکم بگەڕێن بە گوێرەی دیدو راو بۆچونی خۆی حوکم بکات! یان قەیدی نییە لە یەك کاتدا چەند چەوڵەتێك و چەند سەرکردایەتییەك هەبێت! یان هەر کەس بە زۆر یا بە فێڵ چوە سەر حوکم - مادام دەیەوێت ئیسلام راپەڕێنێت! - بۆی هەیە بمێنێتەوە!!

..........★★★...........

# بەندی سێیەم

## گرنگی هێنانە دی ئوممەتی موسوڵمان

ئەو چوار چێوەی کە سنوری گرنگی پێکهێنانی ئوممەتە موسوڵمانەکە دیاری دەکات و پێکهاتەکانی دەناسێنێت، ئەو فەرمایشتەی خوای پەروەردگارە کە دەفەرموێ : ( إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلَٰيَتِهِم مِّن شَيۡءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْۚ وَإِنِ ٱسۡتَنصَرُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ فَعَلَيۡكُمُ ٱلنَّصۡرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ﴿٧٢﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٍۚ إِلَّا تَفۡعَلُوهُ تَكُن فِتۡنَةٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَفَسَادٞ كَبِيرٞ ﴿٧٣﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ لَّهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ﴿٧٤﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنۢ بَعۡدُ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ مَعَكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ مِنكُمۡۚ وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ) الانفال/٧٢-٧٥ واتە : بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کۆچیان کردوەو لە پێناوی خوادابە گیان و سامانیانەوە جیهادیان کردوە، هەروەها ئەوانەی، کە پێشوازییان لە کۆچکەرەکان کردو (چون بە دەنگیانەوەو) لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا جێیان بۆ سازدان و داڵدەیان دان و پشتیوانیان لێ کردن و سەریان خستن، ئا ئەوانە هەندێکیان سەرپەرشتیارو پشتی یەکترن، ئەوانەی کە باوەڕیان هێنا، بەڵام کۆچیان نەکرد، هەقتان بەسەریانەوەنەبێت، خۆ ئەوان مافی لایەنگری و سەرپەرشتیاری و پشتیوان لێ کردنیان نییە، تا ئەوانیش کۆچ دەکەن، بەڵام ئەگەر هانای بۆ هێنان و داوای

یارمــەتی و لایــەنگیرییان لێتــان کــرد لەبــەر ئــەوەی بــە هــۆی دینەکەیانــەوە گــیرۆدەی هێزێکــی شــەڕانی بــون، یــان دەیانــەوێت دینەکــە ســەرخەن، بــچن بــە دەنگیانــەوە و ســەریان خــەن، مەگــەر دژی کۆمــەڵێك بوبنــەوە کــە پــەیمانیان لەگەڵ ئێوەدا هەبێت! (واتە پەیمانەکە بپارێزن و مەیـشکێنن) خـوای گـەورەش بەو کـارو رەفتارانـەی دەیانکـەن، بینـەرو بینایـە. ئەوانـەی، کـە بـیٚ باوەڕیـشن، ئەوانیش هەنـدێکیان هـەر لایـەنگرو پـشتیوانی ئـەوانی تریـانن، ئەگـەر ئێـوەی ئیماندار کۆمەکی یەکتری نەکەن و نەچن بە هانای یـەکترەوە، حەتمـەن لەسـەر زەوی ناسـۆرو پـشێوی و تـاوانی گـەورە ئـەنجام دەدرێـت. (یـەعنی ئێـوە دوایـی توشی دەردەسەری و کەندو کۆسپ دەبن). ئەو کەسانەی باوەڕیـان هێنـا، ئینجا کۆچیان کردو، ئینجا جیهادەکەیان لە پێناوی خوادا کرد، هەروەها ئەوانەی، کە ئــەوانیان لــە خــۆگرت داڵــدەیان دان و ســەریان خــستن، بەڕاســتی ئەوانــە موســوڵمانی راســتەقینەی ســاغن، بۆیــە لێخۆشــبون و ڕزق و ڕۆزییــەکی زۆر ڕازاوەو شایــستەیان پێــشکەش دەکرێــت.. ئەوانــەش کــە دوای کۆچــی یەکــەم باوەڕیان هێناو کۆچیان کردو، لە ڕیـزی خۆتانـدا جیهادەکـەیان کـرد، ئەوانـەش هەر لە خۆتانن و پلەو پایەکەی ئێوەیـان هەیـە، ئـەو کەسـانەش، کـە سـەرەڕای پەیوەندی ئیمانداری، پەیوەندی خزمایەتی و کەسایەتییان لەگەڵ یەکتر هەیە، شایستە ترن ببنە سەرپەرشتیارو پشتیوانی یەکتری، لەبەرنامەی دینی خواشـدا ئـەوان هـی یـەکترن و میراتـی یـەکتری دەگـرن، خـواش بـە هـەمو شـتێك زانـاو ئاگایە.

لــە ئایەتەکــەی یەکەمیانــەوە (ژمــارە ٧٢) دەردەکــەوێت، کــە مەبەســتی پەروەردەی ئیسلامی هەر بە پەروەردەکردنی (تاکی موسوڵمان) کۆتایی نایـەت، چونکە پەروەردەکردنی ئەم تاکە موسوڵمانە دەبێتە وەسیلەیەك، هۆکارێك بۆ ئامــانجێکی تــر، بــە پێــشەکیەك بــۆ دروســت کــردن و بنیاتنــانی (ئوممــەتی ئیمانداران)، کە پەیوەندی تاکەکانی بە تۆڕێك پەیوەستی کۆمەڵایـەتی پێکـەوە

دەبەستڕێنەوە، ئەمەش لە زاراوەکاندا دەردەکەوێت، کە هەر یەکەیان ماددەیەکی ئاراستەو پێگەیاندنە. وەکو کۆچ کردن، جیهاد داڵدە دان و بەخەمەوە هاتن، پشت گرتن و سەرخستن.. کە لە کۆتاییدا دەبێتە وەلایەت، واتە هەر ئەندامێك هەستی بەرپرسی وای تێدا دەڕوێت کە دەبێت بە خەمی براکانیەوە بێت و سەرپەرشتی کاروباریان بکات.. ئەمما ئەندامە موسوڵمانەکانی، کە کۆچیان نەکردوە و هێشتا لە دەرەوەی سنوری (پەنا کۆچ ـ المهجر) ەکەی ئوممەت دەژین، هەر موسوڵمانن، بەڵام نەبونەتە تاکی فیعلی ئوممەتەکە! چونکە هیچ کارو کارتێکردنێکیان نییە، باوەڕو دینداریتیەکەیان هیچ کاریگەرییەکی عەمەلی نییە، هیچ پەیوەندیەکی ئیمانی بەهێزیان لەگەڵ ئوممەتەکەدا نییە، بۆیە هیچ وەلایەتێکیش لە نێوان ئەوان و (ئوممەتە موسوڵمانەکە) دا نەهاتۆتە دی. تا کۆچیش نەکەن نایەتە دی..!

گەرچی ئەو ئایەتانەی سەرەوە، وەکو وتمان باس لە گرنگی پێکەوەنانی ئوممەتی موسوڵمان دەکەن، پێکهاتە سەرەکیەکانی ئەممەتەکە لە خۆ دەگرن، بەڵام ئێمە لەم بەشەدا هەر قسە لەسەر گرنگی پێکەوەنانی ئوممەتی موسوڵمان دەکەین، ئەمما توخمە سەرەکیەکانی پێکهاتەکەی لە بەندی دوەمدا باس دەکەین. دیاردەی ئەو گرنگیەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

گرنگی یەکەمی واتای ئوممەتی موسوڵمان : ئەوەیە، کە ئایەتەکەی دوەم (ژمارە ٧٣) ی سورەتەکە باسی ئەو زیانە گەورەیە دەکات، کە لە پێك نەهێنانی ئوممەتی موسوڵمان پەیدا دەبێت! کە لە دو دیاردەی گەورەدا زیاتر دەردەکەوێت :

زیانی یەکەم : داب و دەستورو نەریتی کوفر غەڵبە دەکات و ئەو دەسەڵاتە لەسەر زەویدا بۆ خۆی دەپچڕێت، کە (ئوممەتی کوفر) یش زاڵ بو، وەکو تاك تاکی کافر رەفتار ناکەن، بەڵکو هەمویان لە بازنەی کۆمەڵکارییەکدا کۆدەبنەوەو پشتی یەکتری تێدا دەگرن. کەوا بو، ئەگەر ئوممەتی باوەڕ

سـەرکردایەتی و سـەروەری بەدەسـتەوە نـەبێت، حەتمـەن ئوممـەتی کـوفر دەیگرێتـە دەسـت، ئـیتر ئەوسـا ئـەو ئاڕاسـتە دەکـات و پـلان و نەخـشە، ئـەو دایدەڕێژێت و ئەو بڕیار لەسەر هەمو کاروبارێکی شەڕو ئاشتی دەدات..

زیـانی دوەم : نـەقل بـونی سـەرکردایەتی و ئاڕاسـتە کـردن بـۆ ئوممـەتی کافران، سەر دەکێشێت بۆ بەکار هێنانی هەمو خێـرو بێـری زەوی و دەسکەوت و کەسابەتی کۆمەڵگەو ڕەنجی خـەڵکی و هۆکـاری وەبەرهـەم هێنـان و خـودی بەرهەمەکان و سودو قازانجیان، هەموی هەر دەچێتە ژێـر ڕکێفـی کافرانـەوەو، ئەوانیش لە ڕێگای هێنانە دی حەزو ئارەزوەکانی خۆیانیـدا خـەرج دەکەنـەوە! بە مانایەکی تر : هەمو سەروەت و سامانی مرۆڤایـەتی بـۆ فیتنـەو دژایـەتی و خراپـەکاری بـەکار دێتـەوە.. فیتنـەو ئاشـوبی مەیـدانی سیاسـەت، خراپـەکاری کۆمەڵایەتی، ململانێ و دەبەڕێك ڕاچونی شەڕی ناوخۆیی و شەڕە پـاڵی بـون و تێکگیرانـی بەرژوەنـدی دەرەکـی، ئینجـا لەگـەڵ داڕوخـانی بـەهاو ڕەوشـتە بەرزەکانـدا، داوێـن پیـسی و ڕەوشـت نزمـی گاگـەلی و شـەڕە قۆچـی ئاغـەڵ و پاوەنیش پەرە دەستێنێت! هەر هەموشی دەفەلسەفێندرێت! یاساو ڕێسای ڕێـز گرتن و پاراستن و هاندانیشی دەردەچێت!

گـەر تەماشـای ڕوداوەکـانی مێـژو بکـەین، کـە خـۆی لـە خۆیـدا ئایـات و نیشانەکانی خـوای گـەورەن، کـە لـە دڵ و دەرون و نـاخی خەڵکیـدا هـەن (ایات الانفس) هەمویان ڕاستی و واقیعێتی ئەم هاوکێشەیە دەسـەلمێنن، کـە ئایەتەکـە ئاماژەی پێ کـردوەو بـە ڕێـسایەکی گۆڕانکـاری کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی دانـاوە : ئـەو ئەنجامانـە دەخاتـە ڕو، کـە ئەگـەر ئوممـەتی موسـوڵمان نەهاتـە پـێش ئوممەتی کافران زاڵ دەبن.. کە ئوممەتی موسوڵمانیش دێتە پێشەوەو دەسەڵات دەگرێتە دەست و پەیوەندی دینداران لەسەر وەلایەت (دین و ئوممـەتی پـەیام) دادەمەزرێت، ئیدی ئوممەتانی کوفر، هەرچەند بەهێزیش بـن ـ وەکو فـارس و ڕۆمـی ئـەو زەمانـە ـ هـەر تێـك دەشـکێن و زەمـین و دەسـەڵات بـۆ ئوممـەتی

پەیامەکـە چۆڵ دەکـەن.. ئـەو زەمانـەی ئـەو ئایەتانـەش هاتنـە خـوارەوە ئـەم ڕێسایەیان لە واقیعدا پـێ جێبـەجێ کـرد.. ئـەمما کتێـك پـەروەردەی ئیـسلامی گرمۆڵـە بـو و هـەمو لایـەنێکی ئاڕاسـتەکە هاتـە سـەر پـەروەردە کردنـی (تـاکی موسوڵمان) دور لە پێکەوەنانی ئوممەتی پەیامی ئـەو تاکانـە، دوای ئـەوەی، کـە موسـوڵمانان لـە نـاو خۆیانـدا واتـای ئوممـەتی موسـوڵمانیان خـستە کـەنارو فەرامۆشیان کرد پێکهاتەکانی ئوممـەتیان فـەرامۆش کـرد! ئیـدی شـیرازەی ئـەو ئوممەتـە موسـوڵمانەی پێکیانـەوە نـابو پـسا!بەمـەش ئوممـەتانی تـری غـەیرە موسـوڵمان هاتنـە سـەر تـەخت و دەسـەڵاتی ئاڕاسـتەو حـوکمی جیهانیـان گرتـە دەست و، کەوتنە تاوانکاری و (فەساد)، تا گەیشتە ئەم حاڵەتە نامۆیـەی ئێـستا، کە موسوڵمانان رو دەکەنە (ئوممەتانی کافر)، تا لە دەزگاکـانی ئەوانـەوە، ئـەوە فێـر بـن ئوممـەتان چۆن بنیـات دەنـرێن و کۆمـەڵگا چۆن ئاڕاسـتە دەکرێـت! ئەوانیش هەر بەو شێوەیان فێر دەکەنەوە، کە فێر بون و شارەزا بون و تـەعین بونیـان، خزمـەتی ئیمپریالیـست دەکاتـەوە! ئـەوەیان فێـر دەکـەن، کـە چـۆن بەرنامـەی فیتنەسـازی دادەڕێـژن وتـۆوی خراپـەکاری چۆن دەچـێنن!! هـەزار حەیف..

گرنگی دوەمی واتای ئوممەتی موسوڵمان: ئەوەیە، کە ئایەتی سێیەم (ژمـارە ٧٤ ی سورەتەکە) ئامـاژەی پـێ دەکـات، کـە بریتییـە لـەو سـودو قازانجانـەی لـە پێکەوەنان و دەرکـەوتن و دەسـەڵات وەرگـرتنی (ئوممـەتی موسـوڵمان) دا دێتـە دی، کە سێ سەرەکین :

سودی یەکەم : باوەڕ لە (ڕەگەزنامە) یەکی جوداو (ناسنامە) یـەکی تایبـەت دا خـۆی دەبینێێتـەوە. خـۆی لـە شارسـتانیەتێکدا نیـشان دەدا، کـە کلتـورو ڕۆشنبیری تایبەتی خۆی هەیە، سیستمی کۆمەڵایەتی خۆی هەیـە، دیـدی خـۆی بۆ هەمو شتێك هەیە، کە هەر بە شێوازی خۆشی لە بوارەکانی رەفتارو رەوشت و داب ونـەریت و لـە هـەمو کـات و شـوێنێکدا دەیچەسپێنـچت.. هـەر لەبـەر

ئەوەشــە دەبینیــت کــە خــوای گــەورە دەفــەرموێ ئەنــدامانی (ئوممەتــە موسوڵمانەکە) ئەوانـە بـون، کـە هـەم موجاهیـد بـون وهـەم داڵـدەیان داو، هـەم پشتگیریشیان بۆ یەکتر دەربڕی و، هەموشیان هەر لەیەك پەناکۆچ (مەهجەر)دا بون، ئەمانەشن موسوڵمانی پاك و چاك و سـەر ڕاسـت (أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ)، ئەمما ئەو کەمایەتییە موسوڵمانانەی پەراگەندەو پەرش و بڵاوی ئـەم شـوێن و ئەو جێن، ئەوانە ناچنە ریزی (أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ)! چونکە ئەوانە نـاتوانن باوەڕەکــەیان بکەنــە ڕەگەزنامــەو ناســنامەیەك، کــە پێــوەی بــژین و پێــوەی بناسرێنەوە، کە بتوانن بیکەنـە رێـساو سـیمای کۆمەڵایـەتی جـوداو تایبـەت بـە خۆیان، کە کلتورو رۆشنبیری و زمان و نـەریت و سیـستمی سیاسـی و ئـابوری و پەروەردەیی خۆیان بە جیا بێت و، بشتوانن پارێزگاری بکەن و کۆمەڵگەکـەیان بــە گــوێرەی ئــەو پەیامــەی خۆیــان پــەروەردە کــەن!! ئایــا ئــەو کەمایەتییــە دینییانــەی وان لــە نــاو زۆرینەیــەکی کــوفری بەدەســەڵاتدا دەتــوانن بــونی سـەربەخۆی خۆیـان بـسەلمێنن؟!! دەتـوانن ببنـە ئوممـەتێکی خـاوەن حـوکم و دەسەڵاتێك، کە سبەی شارستانێتییەك بهێننە کایەوە، کە مۆرکی خۆیانی پێوە بێت؟! دەتوانن هەبونی خۆیان وا لێ بکەن خەڵکی تامەزرۆی سـەردان و هاتنـە خزمەتیان بێـت، تـا لێیانـەوە فێـر بـن؟! ئایا ئـەو کەمایەتییـە موسـوڵمانە بـێ سـەروەرییەی نـاو ئوممـەتی کـافر، دەتوانێـت بـە ڕێـسای پـەروەردەیی خـۆی و سیستمی ئاڕاستەی تایبەتی خۆی ئەوەندە کۆمەڵگەکەی ئاڕاستە بکات، کە نەك هـەر خـۆی بپارێزێـت، بـەڵکو وەچـەی مرۆڤایـەتیش بپارێزێـت ونەوەکانیـشی بەرەو ئاستێکی بڵندتر بەرزکاتەوە؟!! ئایا ئەمانە دەتوانێت؟! بێگومـان : نـەو.. بە پێچەوانەوە : وزەی ئەم کەمایەتییە موسوڵمانانەی ناو کۆمەڵگەو دەسـەڵاتی ئوممـەتانی کـوفر هـەر بـە هـەدەر دەڕوات! هـەمو ڕەنجێکـی ڕۆژانـەیان، هـەمو تەمەنیان هەر دەڕژێتـە رێژگـەی (ئوممـەتانی غـەیرە موسـوڵمان) دوە! تـا هـەر خۆشیان دوای نەوەیەك، یان دو، یان سێ لـەو ئوممەتـە غـەیرە موسـوڵمانانەدا

دەتوێنەوەو بونەکەی خۆشیان پێ پارێزگاری ناکرێت.. بۆیە ژیانی (کەمایەتی) موسـولْمان وەك زەرورەتێکـی ناچـاری، ئەوەنـدە قبوڵـە، تـا کۆمەڵکارییـە ئیسلامییەکە سەردەکەوێت و پەناکۆچ (مەهجەر) ێك ساز دەکات بۆ کۆچ و نیشتەجێ بونی (ئوممەتی ئیمانداران). هەر بەوەنـدەی ئـەو پەناکۆچـە ئامـادە بو، ئیدی ژیانی هەر کەمایەتییەك، کە ڕازی بێت بە ئیستیزعافی وڵات و لاوازی نێو کۆمەڵگەی کافران وزەلیلی بندەستی دەسەڵاتی کافران، ئـەوە زوڵمـەو لـە نەفسی خۆ دەکرێت، ئـەوە بـەرەو کزبـونی بـاوەڕو خـۆ دۆڕانـدن چونە! بۆیـە شـایانی ئـەو خەشمـەی خـوای گەورەیـەو سزاکەشـی لای ئـەو زاتـە ئەوەنـدە سەختە.

لەبەر گرنگی ئەم خاڵەیە، کە بەشی دوەمی ئایەتی یەکەم ئەو پەیوەندییە دیـاری دەکـات، کـە لـە نێـوان (ئوممەتـە موسـوڵمانەکە) و (کەمایەتییـە موسوڵمانەکە) هەیە، کە زیاتر نییە لە برایەتییەکی ئیمانی دور، دور لە هەمو وەلایەت و وەلائێك! بە مانایەکی تـر، ئوممـەتی موسوڵمان بـەرپرس نییـە لـەو کەمایەتییـە موسـوڵمانانەی لـەدەرەوەی سـنوری ئـەم دەژیـن، مەگـەر بـە هـۆی دینەکەیانەوە وبچەوسێنرێنەوەو هانـا بـۆ ئوممەتەکە بێـنن، ئـەمان ئـەو کاتـە دەبێت بچن بە هانایانەوە، بەڵام ئەمیش بـە مەرجێکـە : ئـەویش ئەوەیـە ئـەو کەسـانەی ئـەو کەمایەتییـە موسـوڵمانە دەچەوسـێننەوە، پـەیمانیان لەگـەڵ ئوممەتەکەدا ئیمزا نەکردبێت، گەر کردبێتیـان، ئوممەتەکـە بـۆی نییـە ڕاکات بەدەمیانەوەو لەسەریان بکاتەوە، با موسوڵمانیش بن!!

مـرۆڤ، کـە سـەرنجی ئـەم خاڵـە دەدات و لـەو پەیوەندییـە باریـك و لاوازە دەکۆڵێتــەوە، کــە لــە نێــوان (ئوممەتــە موســوڵمانەکەو) و (کەمایەتییــە موسـوڵمانەکە) دا مـاوە، هەسـت بـەو حاڵەتـە دەرونیـە پـشێوە دەکـات، کـە ئـەم سوکە پەیوەندییە لە ڕیزی کەمایەتییە موسوڵمانەکەیدا دەیخولْقێنێت، کە وای لێ دەکات لە خۆی بپرسێتەوە، کە ئـاخر بۆچـی کـۆچ ناکـات؟ بۆچـی نـاو کوفر

بەجێ ناهێڵێت؟! بۆچی ناچێتە ڕیزی (ئوممەتە موسوڵمانەکە)؟! ئەگەر ڕاست دەکات و خۆی بەوان و ئەوان بە هی خۆی دەزانێت!!

سـودی دوەم : ئــەو جـێگیری و دابـین بـون و ئاسـودەییە کۆمەڵایـەتی و سیاسیەیە، کە (لَّهُم مَّغۡفِرَةٞ) ئاماژەی بۆ دەکات. چونکە جۆرێکی لێبـوردنی خـوای گەورە ئەوەیە، کە ئەم ئوممەتە لـە چارەنوسـی هەڵەی ئوممـەتانی تـری پێـشو لابدات، زۆر شـێوەی سـزای ئوممـەتان لـە قورئانـدا بـاس کـراوە، یـەکێك لەوانـە شـاڵاوی ڕق و قـین و بوغزانـدنی یـەکترە، کـە سـەر دەکێـشێت بـۆ شـەڕو شـۆڕی نـاوخۆ، یـان بـۆ لاواز بـونی کۆمەڵگـەو هێرشـی داگـیر کـەرانی دەرەکـی!! وەکـو ئەوەی، کە خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێ : (قُلۡ هُوَ ٱلۡقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبۡعَثَ عَلَيۡكُمۡ عَذَابٗا مِّن فَوۡقِكُمۡ أَوۡ مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ أَوۡ يَلۡبِسَكُمۡ شِيَعٗا وَيُذِيقَ بَعۡضَكُم بَأۡسَ بَعۡضٍۗ ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَفۡقَهُونَ ) الانعام/٦٥ واتە : پێیان بڵێ هەر خوایە، کە بە توانایـەو دەتوانێت سزای سەختتان لەسەروتانەوە بۆ بنێرێت، یان لە ژێر پێتانـەوە، یـان بتانکاتــە پۆشـاکی ناسـۆری پارچەپارچـەییتان بکـات بەبـەرداو، تـاڵاوی تونـدو تیژی هەنـدێکتان بکـات بـە گـەروی هەنـدێکی ترتانـدا، تەماشـاکە چـۆن چـەند بەڵگەی جۆراوجۆریان بۆ دەهێنینەوە، تا تێبگەن و حاڵی ببن!!

یــان : (بَعَثۡنَا عَلَيۡكُمۡ عِبَادٗا لَّنَآ أُوْلِي بَأۡسٖ شَدِيدٖ فَجَاسُواْ خِلَٰلَ ٱلدِّيَارِۚ ) الاسـراء/٥ واتە : ئەی جوەکان!، دیتتان چۆن ئاوا بەندەی تایبەتی خۆمان نـاردە سـەرتان، کە هەمو ئازاو بەجەرگ و خاوەنی تواناو دەسەڵات بون و بە هەمو جێ و ڕێـی وڵاتدا دەڕۆیش.

سودی سێیەم : ئـەو گەشـە ئابوریەیـە، کـە لەگـەڵ تۆکمـە بـونی پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی و تونـدو تـۆڵ بونـەوەی برایـەتی نێـوان چـین و توێـژو تاکـەکانی ئوممەتدا دێتە دی، کە سەرەنجامی پاراستنی ڕێزی ئوممەتەکەو بەها کانی خـو نەریتی ناوەکی خۆیدا گەشە دەکات، کە سومعەو پارسەنگی و ڕێزی کەسێتیشی

لـە دەرەوە، لـە پلـەو پایـەی سیاسـی و ڕۆڵـی مێـژویی دەولـی خۆیـدا دەبێـت.. چونکە ڕۆزی و بژێوی (ئوممەتی موسوڵمان) ڕۆزی و بژێویەکی حـەڵاڵ و پاکـە (رزق کریم)، ڕێزی کەسایەتی تاکـەکانی خـۆی دەپارێزێـت، ناهێڵێـت بـۆ پـاروە نانێك وا ئاتاج ببن خـۆ زەلیـل کـەن، لـە ڕێـی پـارە پەیـدا کردنیانـدا بـۆ هـەمو ئاستێکی کۆمەڵگەکـە بێنـە خـوارەوە، چـونکە ئوممـەتی موسـوڵمان بـۆ سـامانی (بودجـەی قـەومی وڵات) پـەلاماری ئـەم وڵات و ئـەو وڵات نـادات، ناکەوێتـە لەشکرکێشی داگیر کردن، چونکە ئەوە لـە سـومعەی شارسـتانێتی ئـەو ئوممەتـە موسـوڵمانە ناوەشـێتەوە، بـۆ بـژێوی کۆمەڵگەکـەی خـۆی بـڕوات خـەڵکانی تـر بڕوتێنێتەوە!! ئینجا بۆ سەرگرتنی ئەمە هەزار فێڵ و فریو بگرێتە بەر، هەزار وادەو پـەیمانی مـۆرکراو بـشکێنێت، یـان بکەوێتـە فـرت و فێـڵ و پیلانـی ژێـر زەمینی دژی ئەم دۆست و ئەو خاوەن پەیمان! لە ناوەوەش هـەر ڕزق و ڕۆزی و بـژێوی پـاك و حـەڵاڵ (رزق کـریم) دەکـات بـە گـەروی دانیـشتوانیدا، ڕێـزی کۆمەڵایەتی و بەهای خەڵکەکەی خۆی دەگرێت، بۆ پارە ـ بە نـاوی سیاحەت و گەشت و گوزار ـ ئافرەتانی کۆمەڵگەکەی نافرۆشێت، ناشهێڵێت خـەڵکی ـ چ لـە موحتاجیـدا، چ لـە هـەواو هەوەسـی مونحـەریف و لاپەڕیـدەدا ـ لـەش فرۆشـی بکەن، بۆیە ڕێ بە شانۆی سەماو سالۆنی زیناو ساحەی ئاهەنگ و گۆرانی نادات وناهێڵێـت ـ نـە بـە ڕەسمـی و ئاشـکرا، نـە بـە دزی و پـەنهانی ـ پـەناو پەسـیوی زینـاو قومـارو حـەرامی زیانبـەخش بکرێتـەوە، حەتمـەن دەبێـت ڕۆزی هـەر حەڵاڵ و پاك بێت، تا خـوای پـەروەردگاریش ڕێـزی ئوممەتەکـە بگرێـت و ئـەو پلـەو پایـە مـاددی ومەعنەوییـە دنیـایی و قیامەتییـەی پـێ ببەخـشێت، کـە شایانێتی..

گرنگـی سـێیەمی پێکـەوەنانی ئوممـەتی موسـوڵمان : ئەوەیـە کـە ئایـەتی چوارەم (ژمارە ٧٥ ی سورەتەکە) ئاماژەی پێ دەکات (کە باسی خـودی ئوممەتـە موسـوڵمانەکە دەکـات) کـە ئـەم ئوممەتـە کۆمەڵگەیـەکی کراوەیـە، گۆشـەگیرو

داخراو نییە، دەرگای کۆچ بۆ کردنی هەمیشە کراوەیە، هەر کەس دەیەوێت بێتە ڕیزی، با بفەرمویت، بەڵام بەو مەرجەی باوەڕ بهێنێت و ئەویش بەشداری هەڵگرتنی کۆڵی پەیامەکە بکات، لەگەڵ بایەخدانی بە خزمایەتی و کەسایەتییەکەی خۆشی، چونکە پێویستە کەسێتی کۆچکەرەکان، هەر وەکو خۆیان بمێنێتەوەو ناچاری توانەوە نەکرێن، خوای گەورە خۆی شارەزای یاساو ڕێسای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەو، دەزانێت ڕێسای ساغ و کاریگەر لە ناو کۆمەڵگەی پارسەنگ و سەر ڕاستدا چۆن دەپارێزرێت، دەرئەنجامی هەمو پارسەنگی و لاسەنگیەکی دەزانێت..

پیاوانی یەکەمینی ئەم ئوممەتە،دەیانزانی ئەم خاڵە لە پێکەوەنانی ئوممەتەکەدا چەند گرنگ و کاریگەرە، هەروەکو کە ئەو مەرجانەشیان دەزانی، کە دەبێت لە ئوممەتەکەدا (وەك تاك و وەك کۆمەڵیش) هەبن، تا سیفەتی ئەندامێتی ئوممەتەکەیان پێ بدرێت، فەرمایشتەکەی عومەری کوڕی خەتتاب ـ خوا لێی رازی بێت ـ ئەوەی رون کردەوە کە دەربارەی ئایەتی (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ) فەرموی : (يا أيها الناس، مَنْ سَرَّه أنْ يكونَ مِنْ تلكُم الأمَّةِ فَليؤدِّ شَرْطَ اللهِ فيها)[1] واتە : ئەوی حەز دەکات لە ڕیزی ئەو ئوممەتە بێت، با ئەو مەرجانەی خوای گەورە لە خۆیدا بهێنێتە دی، کە بۆ ڕیزی ئەو ئوممەتەی داناوە..

گرنگی چوارەمی واتای ئوممەتی موسوڵمان : کە پەروەردەی ئیسلامی دەیخاتە بەردەست، لای ئەو کەسانە بەهای زۆرە، کە بەرپرسی ئاڕاستەو پەروەردە کردنی سەردەمن، ئەوانەش کە پلانی پێشخستنی شێوازە پەروەردەییەکان دادەڕێژن، ئەوانەش، کە سیستمی پەروەردەیی نێو دەوڵەتی دیاری دەکەن! غافڵ بون لەم سەرچاوەو ڕێسا گرنگانەی ئیسلام و نەزانینیان، دەرفەت و وزەیەکی زۆری کاربەدەستانی ئەو دەزگا گرنگە پەروەردەییە نێو

[1] الطبري، التفسير ب٤ لا ٤٣-٤٤.

دەوڵەتیانـە (Global Education) لـە نـاو دەبـات! کـە شـەورۆژ خـەریکی دارِشتن و بڵاو کردنەوەی ڕێسای پەروەردەن. چونکە ئەو سیستمە پەروەردەیی و ڕێسایانەی ئیسلام بۆ ئاراستەی (ئوممەتـە) ەکـەی دارِشـتوە، زۆر شـیاوی ئـەو قۆناغەیـە، کـە کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی - لـە زەمـانی هـاتنی پێغەمبـەردا ﷺ - گەیشتبویە، بۆ ئەم قۆناغەی ئێستای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش پڕاوپڕە، چونکە زەمـانی گەیانـدن و خێرایـی پەیوەنـدی و تەکنۆلۆژیایـە، زەمـانی قەومییـەت (People) و گــەلێتی (Nation) نــەما.. ســنوری وڵاتــان هەڵوەشــایەوە، پەیوەندی خوێن و خزمایـەتی کۆن بـو، کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی بـە هـۆی ئـەم هەمو ئاسانکاری سەفەرو دواندن و گەیاندنـەوە بـە شـێوەیەکی وا تێکـەڵ یـەك بـون، دەڵێـی لـە یـەك شـوێنن، بازرگـانی کردنییـان دەڵێـی لـە یـەك بازارِدایـە، ئاڵوگۆڕی کلتورو دیدو ڕایان، دەڵێی لە کۆڕی دیوانە![1] هاوسەرێتی و داخـوازی و یەکتر بینین، دەڵێی لە ژوری میوانی ماڵەکەدایە! ئاهەنگی ژنهێنان بۆتـە شـایی گەڕەك،! ئەوەتا هەمو کۆمەڵگەکان خۆیان بێ جوگرافیا دەبیننـەوە، ئـەو دیـدو تێڕوانینانەی لە گەڕەکێك یان لە شارێك یان لە وڵاتێکدا هەیـە بۆتـە جیهـانی، ئەوی جیهانیشەو لەوسەری دنیا بە زمانێکی تر دەربڕراوە، بۆتە جێباسی وڵات و شـارو گەڕەکـەکان! تەنانـەت کۆشـك و تـەلاری هەنـدێك گـەڕەك و شـار وەکـو پاسـی قـەدیمی لـێ هـاتوە، ئـەو دێتـە نـاوی و دوای ماوەیـەك یـەکێکی تـر لـە قەومێکی نر لە کلتورێکی تر لە زمانێکی تر دێتە ناوی..

لەم بارو دۆخە نوێیەدا مرۆڤ هەست بەوە دەکات، کە پێویستی بە (بـرا) ی نوێ هەیە، لە جیاتی برای تیرەو هۆزەکەی کۆنی، لە جیاتی برای قـەوم و گـەل و ناوچەکەی پێشوی، چونکە ئەم برایەتیانە هیـچی نـەماون هـەموی هەڵوەشـا، چونکە ئەو زەمانەی ئـەم برایەتیانـەی تێـدا زەرور بـو، نـەما، ئەوانـە برایـەتی زەمـانی چـاندن و کـشت وکـاڵ و ئـەو کۆمەڵگـە بـچوکانە بـو، کـە هـەر دەبـو

[1] وەك پەیوەندی و موناقەشەی کەناڵەکان و وژورەکانی پاڵتۆك (چات)..

ئەندامان و تاکەکان ئەوە بخۆن، کە خۆیان بەرهەمی دێنن، ئەو زەمانە بو، کە ناوچەکان بە سنورێکی پۆڵایین دیاری دەکران، ئێستا تۆ بەرهەمی کابرایەکی تر دەخۆیت لەو سەر ی جیهانە. ئەویش کار دەکات و پارەی موچە وەردەگرێت،

شتێکی سروشتیشە لە کاتێکدا پەیوەندییە کۆنەکان نامێنن، ئەو بەهاو نەریت و پێوەرانەش نامێنن، کە بەوانەوە پەیوەست بون [١]. بۆیە ئێستا مرۆڤایەتی کەوتۆتە سەر دورێیانێك : یان ئەوەیە بگەڕێتەوە بۆ زەمانی ئەشکەوت و یاسای دارستان و هەرکەس ئازا بێت ببات! یان دەبێت سەر لە نوێ بە پەیوەندییەکانی خۆیدا بچێتەوەو لەم (گوندی گۆی زەمین) ەدا ڕێ بە ئاڵوگۆڕی هەمو بیرو دیدەکان بدات، ئەمەش بوارە بۆ حاڵی بونی مرۆڤایەتی لە ئوممەتی موسوڵمان و ناسین و پەی بردن بە بەرنامەی پێکەوەنان و توخمی پێکهاتەکانی، باوەڕیشمان وایە، کە حەتمەن مرۆڤایەتی هیچ پەیوەندییەك شایستەتر لە پەیوەندی (ئوممەتی موسوڵمان) نادۆزێتەوە، حەتمەن کاتێك لە روی فیکری ودەرونی و باری کۆمەڵایەتییەوە شارەزای ئوممەتی موسوڵمان دەبێت و، و هەست دەکات، کە تیۆرو پراکتیکی ئەم ئوممەتە پڕاوپڕی بەرژەوەندی و گەشەو نەش و نما جیهانیەکەیەتی، ئەوجا گەر ئازادی تەواوی بدرێتێ حەتمەن غەیری ئەو هەڵنابژێرێت..

..........★★★...........

---

[١] ئەو زەمانە لەسەر کردنەوە پیاوەتی بو، جوامێری بو، ئێستا کابرا لە فینلەندا لێی بقەومێت دادگای نێو دەوڵەتی لاهای لە هۆڵەندا لەسەری بە جوابە.

# کۆبەندی دوەم

# پێکهاتەی ئوممەتی موسڵمان

بەندی چوارەم : توخمی یەکەم : تاکی موسڵمان

بەندی پێنجەم : توخمی دوەم : کۆچ و پەناکۆچ

بەندی شەشەم : توخمی سێیەم : جیهادو پەیام

بەندی حەوتەم : توخمی چوارەم : داڵدەو مەئوا

بەندی هەشتەم : توخمی پێنجەم : پشتگیریی

بەندی نۆیەم : توخمی شەشەم : سەرپەرشتیاریی

بەندی دەیەم : توخمەکانی ئوممەت و دەروونناسی

# چوارچێوەی پێکهاتەکانی ئوممەتی موسوڵمان

ئەو چوارچێوە گشتیەی، کە پێکهاتە سەرەکیەکانی ئوممەتی موسوڵمان لەخۆ دەگرێت، ئەو ئایەتەیە، کە خوای گەورە دەفەرموێ : ( إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ) الانفال/٧٢ واتە : ئەو کەسانەی، کە باوەڕیان هێناوەو کۆچ و جیهادیان لە پێناوی خوادا کردوە، هەروەها ئەوانەی، کە داڵدەیان داوەو پشتگیرییان کردوە، ئا ئەوانە سەرپەرشتیارو خەمخۆری یەکترین..

ئەم ئایەتە ئەو توخمانە باس دەفەرموێت، کە بۆ پێکهاتەی ئوممەتە موسوڵمانەکە پێویستن، کە بریتین لە : باوەڕ، کۆچ، جیهاد، داڵدەدان و پشتگیریی[1]..

دەتوانین ئەم پێکهاتانە بەم هاوکێشە وێنە کەین :

تاکە موسوڵمانەکان + کۆچ و کۆبونەوە لە پەناکۆچێك + پەیام و جیهاد + داڵدەدان + پشتگیریی = ئوممەتێکی موسوڵمان کە وەلائیان بۆ یەکترهەیە..

دەشێت ئەم هاوکێشەیە بەم وێنەی کە دێت ڕۆشنتر کەینەوە :

---

[1] لە زۆر شوێنی تری قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەم توخمانەی پێکهاتەی ئوممەتە موسوڵمانەکە کراوە، بۆ نمونە لە سورەتی الحج دا دەفەرموێ : (وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيداً عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلَاكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ) الحج/ ٧٨ واتە لە پێناوی خوادا جیهادێکی ڕاستەقینە بکەن، خوای گەورەیە، کە ئێوەی بۆ پەیامەکەی خۆی هەڵبژاردوەو هیچ گرێ و گۆڵێکی لە دینەکەدا بۆ دروست نەکردون، ئێوە میللەتی باوکە ئیبراهیمتانن، ئەو پێشتر ناوی ناون موسوڵمان، تا پێغەمبەر ﷺ دەرهەق ئەوە (باوەڕو دینداریی و بانگەوازەکەی) ببێتە شاهید لەسەرتان و ئێوەش ببنە شاهید لەسەر خەڵکی، دەی سا ئێوەش نوێژبکەن و زەکات بدەن و بە دینی خواوە پابەند بن، خوای گەورە سەروەرتانە، خوای گەورە چەند سەرپەرشتیارێکی بەسۆزو پشتیوانێکی دڵسۆزە..



وێنەی ژمارە ١

# بەندی چوارەم

# توخمی یەکەم : تاکی موسڵمان

## بەشی یەکەم

## گرنگی تاکە موسڵمانەکان

## بەشی دووەم

## گرنگی سێگۆشە ئیمانیەکە

# بەندی چوارەم

## توخمـی یەکـەم : تاکە موسـڵمانەکان

ئەم بەشە باسە دەربارەی تاکە موسوڵمانەکانە، بەڵام بەو ئیعتیبارەیان نا کە (کۆمەڵەخەڵکێکی خاوەن عەقیدەن و دیدو بیروباوەڕی تایبەتی خۆیان دەربارەی خوا دروست بون و ژیان و چارەنوس هەیە) وەکو، کە لە کتێبەکانی ماددەی عەقیدەدا لە زانکۆکانی دیراساتی ئیسلامی و کۆلیژەکانی شەریعەتدا دەخوێنرێت، بەڵکو بەو ئیعتیبارەیانە، کە توخمێکن لە توخمەکانی پێکهاتەی ئوممەتی موسوڵمان، کە لەگەڵ ئەم پێشڕەوتەی قۆناغی سەردەمدا دەگونجێت، مەبەستم لەو قۆناغی جیهانێتییەیە، کە پەیامی ئیسلام بوە ئاڵای پێشەنگ و کاروانی پێشڕەوانی، تا دیدو نەریتی نوێ و تۆڕێکی نوێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە خەڵکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ببەخشێتەوە، لەوەی کە نەك هەر یارمەتی مانەوەی وەچەو تۆوی مرۆڤایەتی لەسەر زەمین دەدات، بەڵکو بەرەو ئاسۆیەکی بڵندترو ئاستێکی پێشکەوتوتر بەرزیان دەکاتەوە..

لەم ڕوانگەوە ئەم بەشە لە سێ بابەت بە چڕوپڕی دەکۆڵێتەوە : یەکەم : گرنگی تاکە موسوڵمانەکان وەك توخمێکی پێکهاتەی ئوممەتەکەیان، دوەم : گرنگی (ڕەگەزنامە) و (ناسنامە) و (کلتور) ی ئیمانی لەم سەردەمەدا، سێیەم : ڕۆڵی پەروەردە لە دارشتنی تەوەری ڕۆشنبیری دینداری لە پێگەیاندنی (مرۆڤی پەروەردەی ئیسلامی) لەسەری..

★★★

# بەشی یەکەم

# گرنگی تاکە موسڵمانەکان
# وەك توخمی پێکهاتەی ئوممەتەکەیان

## گرنگی تاکە موسڵمانەکان

گرنگی (تاکە موسوڵمانەکان) لەوەدا دەردەکەوێت، کە ئەم جۆرە خەڵکە دەتوانن پارسەنگی کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەرونی ئوممەتەکە راگرن، چونکە سروشتی دروست بونی دەرونی مرۆڤ ـ وەکو قورئان شی دەکاتەوەو مومارەسەی مرۆڤ خۆی دەیسەلمێنێت ـ وەکو سروشتی دروست بونی جەستەی وایە. ئەویش وەکو ئەم توخمی پێکهاتەی هەیە، هەر توخمێکیش رێژەی رادەو بڕی خۆی هەیە، هەر دەزگایەکیشی بەرهەمێك دەدات، کە باری تەندروستی، یان نەخۆشی حاڵەتە دەرونیەکە دەردەخات. بۆیە ئەگەر رادەو بڕی ئەم پێکهاتانە لە رێژەی ئاسایی خۆیان زیاتر یان کەمتر بون، باری دەرونەکە ئاڵۆز دەبێت و خاوەنەکەی توشی نەخۆشی دەرونی دەکات. هەمو حاڵەتە دەرونیەکانی مرۆڤ لە سێ تەوەردا کۆ دەبنەوە : حاڵەتی پارسەنگی میانڕەوی، حاڵەتی دەستدرێژی و ئاغایەتی، حاڵەتی کۆیلەیی و زەلیلی. حاڵەتی یەکەم دەرون ساغییە، کە مرۆڤ دەگەیێنێتە ئاشتی و ئاسودەیی. بەڵام دو حاڵەتەکەی تر دیاردەی دەرونی نەخۆشن و هەڕەشەی سەلامەتی مرۆڤەکە خۆشی دروست دەکەن. لەو دو حاڵەتی نەخۆشیەدا مرۆڤ لە لاوازی خۆیەوە خۆی پێ کۆنترۆڵ نەکراوەو لاسەنگ بوە، بۆیە قورئانیش، کە ئاماژە بەو لاسەنگیە دەکات، باسی لاوازیەکەی مرۆڤ دەکات، کە دەفەرموێ : (وَخُلِقَ ٱلۡإِنسَٰنُ ضَعِيفٗا ) النساء/٢٨ واتە : مرۆڤ بە لاوازی دروست کراوە.

باوەڕ هێنان بە خوای گەورە - وەكو ئیسلام داوای كردوە - هۆكارێكی سەرەكی ئەو پارسەنگی یان لاسەنگی بارودۆخەی دەرونە كە ئاماژەی پێ كرا، چونكە باوەڕو هەستی كابرای موسڵمان بەوەی، كە لای خوای گەورە بەرپرسەو ئەو زاتە بە دەسەڵاتە لە هەمو شتێكی - چاك و خراپی - دەپرسێتەوە، وای لێ دەكات هەمیشە پارسەنگی میانڕەوێتیەكەی خۆی بپارێزێت و نەبە لای دەستدرێژی ئاغایەتیدا لاسەنگ ببێت، كە وای لێ بێت هەر، كە خۆی بە بەهێز بینی لە سنوری خۆی دەرچێت و بكەوێتە پێشێل كردنی مافی ئەم و ئەو، نە بە لای زەلیلی كۆیلەیەتیشدا، كە خۆی بە زەلیل بینی و نیشاندا! ئیدی رێ شل كات بۆ هەرچی و پەرچی و ستەمكاران بێنە سەری و بە كەیفی خۆیان هەرچی هەیەتی بە حەڵاڵی خۆیانی بزانن!

ئەگەر باوەڕهێنان بە خوای گەورە - وەكو ئیسلام داوای كردوە - لە كەسێكدا، یان لە خەڵكانێكدا نەما، ئیدی ئەو خەڵكە لە نێولن لاسەنگی ئاغایەتی و لاسەنگی كۆیلەیەتیدا دێن ودەچن، یان دەهێنرێن و دەبرێن! ئەوی ئاغای بەدەسەڵاتە خۆی وا دەبینێت، كە پێویستی بە كەس نییەو هەر بە هێزی خۆی دەتوانێت كار لە گۆڕانكاریەكانی، نەك كۆمەڵگە، بەڵكو لە هی گەردونیش بكات!!! ئیدی دوچاری دەیان نەخۆشی هەڕاڵی (غرور) و لوت بەرزی و موتریفی و خۆ هەڵكێشان دەبێت، لاف و گەزافی زانستی و زانیاری و زیرەكی و توانایی و دانایی لێ دەدات! ئەمما لە حاڵەتی نەخۆشی و لاسەنگی زەلیلی كۆیلەییەكەیدا، دوچاری دەیان نەخۆشی كوفرو رەشبینی و گەندەڵی و بودەڵەیی ورەبەردان و بەزیوی دەبێت!!

خوای گەورە لە دەیان ئایەتی قورئاندا حاڵەتی لاسەنگی مرۆڤایەتی - چ وەك تاك چ وەك كۆمەڵ و كۆمەڵگە - باس فەرموە، لەوانە :

ـــ ( وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَـٰنَ ٱلضُّرُّ دَعَانَا لِجَنۢبِهِۦٓ أَوْ قَاعِدًا أَوْ قَآئِمًا فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُ ضُرَّهُۥ مَرَّ كَأَن لَّمْ يَدْعُنَآ إِلَىٰ ضُرٍّ مَّسَّهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْمُسْرِفِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ )

یونس/١٢ واتە : ئەو مرۆڤەی بە چاكی باوەڕ لە دڵیدا جێگیر نەبوە، كە زیان و

دەردە سەریەکانی توش دێت بە راکشاو بێت، یان دانیشتو، یان بە پێوە بێت هەر هاناو هاوار بۆ ئێمە دێنێت و دەکڕوزێتەوە، تا لەسەری لادەین، کەچی هەر بەوەندەی زیانەکەی لێ دور دەخەینەوەو لەسەری ناهێڵین، دەکەوێتەوە بارودۆخەکەی جارانی و دەڵێی هەر ئەو کەسەش نییە، کە لێمان دەکوڕوزایەوەو هانای دێنا تا دەردە سەریەکانی لەسەر لادەین! بەڵێ ئیدی ئەوانەی لە سنور دەردەچن کارو رەفتاریان ئاوا لە لا جوان و شیرین دەکرێت!

ـــ ( وَإِذَآ أَنْعَمْنَا عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ أَعْرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ ۖ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ كَانَ يَـُٔوسًا ) الاسـراء/٨٣ واتە : کە نازو نیعمەتی خۆمان بە مرۆڤ (ی بێ باوەڕ) دەبەخشین ـ چونکە هەر بە خەمی خۆیەوەیەتی ـ رو وەردەگێڕێت و فیز دەکات و لە خۆی بایی دەبێت! کەچی کە ناخۆشی خراپەکارییەکی دێتە رێ (کە توشی تەنگانەیەك دەبێت) خەمبارو رەشبین و هیوابڕاو ر دەبێت!

ـــ (فَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ضُرٌّ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَٰهُ نِعْمَةً مِّنَّا قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍۭ ۚ بَلْ هِىَ فِتْنَةٌ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ) الزمر/٤٩ واتە : کە زیانێك دێتە رێی مرۆڤ، تینی بۆ دێت و هاناو هاوار بۆ ئێمە دێنێت، کەچی کە نازو نیعمەتی خۆشمانی پێ دەبەخشین، دەڵێ : ئەمە رەنجی شانی خۆمەو لە زیرەکی خۆمەوەیە! نەخێر وانییە، ئەو بەخشینە هی تاقی کردنەوەیە، بەڵام زۆریان پەی بەم راستییە نابەن و نایزانن..

ـ ( كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ﴿٦﴾ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ) العلق/٦ـ٧ واتە : مرۆڤ هەر بەوەندەی هەستی کرد پێویستی نەماوەو بێ نیاز بوە، سەرکەش دەبێت و دەکەوێتە ستەم و دەستدرێژی!

ـ (قُتِلَ ٱلْإِنسَٰنُ مَآ أَكْفَرَهُۥ) عبس /١٧ واتە : ئەم مرۆڤە چەند سپڵەو بێ دینە، هەی سەرت بە فەتارەت چێ هەی.. (واتە: چ پاساوێکی هەیە بۆ کافر بونی؟)

ـ (إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ) ابراهیم/٣٤ واتە: مرۆڤ زاڵم و سپڵەو بێ وەفایە!

مێژوی مرۆڤایەتی هەمو ئەم سیفەتانەی مرۆڤی ـ کە قورئان باسیان لێوە دەکات ـ سەلماندویەتی و خستویێتیە ڕو.. ئەو ئوممەتانەی، کە لە تاکی وا پێك هاتن، کە نوقسانییان لە باوەڕ بە خواهێناندا هەبو ـ هەڵبەت بەو شێوەیەی، کە ئیسلام داوای کردوە ـ دوچاری دەیان لەو نەخۆشیانە بون کە قورئان بە لاسەنگی ناساندون. لە حاڵەتەکاتی هەبونی سامان و هێزو دەسەڵاتدا تاعونی دەستدرێژی و ستەمکاری تەشەنەی دەکرد : لەم تاعونەشەوە شتی تری ناقۆڵاو نامۆ دەردەکەوت، وەك ئەوەی، کە لە ئەوروپا باوەڕیان وابو، کە پاشاکان و نەوەکانیان خوێنیان شینەو لە خوێنی ئەو خەڵکە جودایە! یان دەسەڵات و جیابونەوەی سپی پێست! یان قەناعەت کردن بەوەی، کە خۆیان گەلی هەڵبژاردەی خوان! یان لە هیندستان و چینەکانی، یان جیهانی لاسەنگی ئەمڕۆو چینی ئەرستۆکراسی و ئاغاو دەرەبەگ، یان نازێتی و فاشیزم، یان بیرۆکەی کۆمەڵایەتی داروینیزم وگیانی ئیستیعماری و ئیمپریالیزم!!

لەو لاشەوە، لە حاڵەتی زەلیلی کۆیلەیەتیەکەشدا دیسان دەیان تاعون و سەقەتی دەرونی دروست دەبو! چینی کۆیلە، پرۆلیتاریا، ڕەش پێست چۆدرای هیندستانی و قەرەج.. هتد.

هەر حاڵەتێکی لادەر لەمانەش دەزگای خۆی هەبو! یانەو مەڵبەندی رۆشنبیری خۆ ی بۆ دروست دەبو، ئاڕاستەوانانی هەردولا لاسەنگیەکەی خۆیان دەفەلسەفاند!، بەڵام نەخۆشانی هەردولا هەر مەترسی نەمانیان لەسەر بو، هەڕەشەی فەوتانیان هەبو، لە واقیعی ژیانیشیاندا مەحروم بون لە خۆشەویستی و دڵنیایی، مەحروم بون لە ئاسودەیی ویژدان و زەمیر! مەگەر لەو قۆناغانەدا کە باوەڕ بە خوای گەورە دەبوەوە سەنگی مەحەك و پارسەنگی هاوکێشەکەی، دیسان راست دەکردەوەو رایدەگرتەوە. بە تایبەتی لای ئەوانەی لەسەر کوێرەوەریەکانی ڕێ ـ لەبەر خاتری خوا ـ ئارامیان دەگرت و لەسەر پابەندی حەقناسی و خێرخوازی دەمانەوە، ئاماژەش بەوانە کە خوای گەورە دەفەرموێ : (وَٱلۡعَصۡرِ ﴿١﴾ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ

ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ) العصر/١-٣ واتە : سوێند بێت بە زەمان، هەمو مرۆڤەكان زەرەرمەندن، مەگەر ئەوانەی، كە باوەڕیان هێناوەو كارو كردەوەی چاكە دەكەن و، هەمیشە ئامۆژگاری پابەندی و خۆگرین.

بەڵام باوەڕ بە خوا هێنان كاتێك دەتوانێت ببێتە هۆكاری پارسەنگی دەرون ساغی میانڕەوی و ناكەوێتە تای لاسەنگی (دەستدرێژی)، یان تای (زەلیلی)، كە لە تەفاعولی ڕۆژانەی لە كۆمەڵگەیەكی مرۆڤایەتیدا بكات، كە داواكاریەكانی لە ناو جەرگەی كۆڕێكی مرۆڤیدا بچەسپن، وەكو كە لە ناو جەرگەی تاك تاكی ئیمانداران دەچەسپن. كاتێك باوەڕ دەبێتە سەنگی مەحەك، كە لە واقیعێكی ئینسانیدا هاتۆتە دی و لە سێ دیاردەدا دەدرەوشێتەوە :

- لە (ناسنامە) ی حەقیقەتی مرۆڤدا.
- لە یەك (ڕەگەزنامە)ی ئیمانیدا.
- لەو (كلتور)ە خاوەن دەزگایەدا، كە دەبێتە سەرچاوەی پەروەردەو ڕۆشنبیری و ئاڕاستە.

## * ناسنامە :

بۆ ناسین و داڕشتنی (ناسنامە)ی ئەسڵیی مرۆڤ، خوای پەروەردگار ئاڕاستەوانانی پەروەردەو پێگەیاندن وا دەكات، كە سروشتی هەمو ئینسانێك خێرخوازی و چاكەسازییە، یەعنی هەمو مرۆڤێك بەو دو خەسڵەتە سروشتییەوە لەدایك دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم سروشتە لەگەڵ لەدایك بونی مرۆڤەكەدا بە ناسكی دەردەكەوێت، زو توشی نەخۆشی دەرونی دەبێت، زو دەكەوێتە حەزی خراپەكاری و خوێنڕێژی، بۆیە دەبێ زو دەرزی بەرگری بۆ پەیدا كرێ و وەك ڤاكسین پێی تەلقیح بكرێت، چونكە ئەو كاتە بەرگری (مەناعة) ئیمانییەكە بۆی دەبێتە خڕكەی سپی یان شورای قەڵا..

زانستی دەروونناسی، تا گەیشتە ئەم حەقیقەتەلە سروشتی مرۆڤدا، زۆری چێشت، زۆر ماندو بو، زۆری تەجروبەو تاقی کردنەوەی کرد، گەرچی هێشتاش هەر بەردەوامەو هێشتاش هەر وا لە قۆناغەکانی دۆزینەوەو تێۆر رێکخستنی، گەرچی تازە دەرکی پێکردوەو ئیعتیرافی لەروی تیۆرییەوە بە کاریگەرێتییەکەی کردوە، بەڵام هێشتا نەیخستۆتە مەیدانی عەمەلییەوە، بەتایبەتی لە مەیدانەکانی پەروەردەو سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابوری.. ئەبرەهام ماسلۆ (Abraham Maslow) کە پێشەوای پسپۆڕانی دەروونناسی مرۆڤایەتییە و باس و لێکۆڵینەوەی زۆر زۆری لەو بوارەدا کردوەو، زۆر لایەنی شاراوەی دەرخستوە، گەیشتە ئەو قەناعەتەی، کە پێویستە لە زۆر لایەنی دەروونناسییدا گۆڕانکاری بکرێت، بەتایبەتی ئەوەی دەربارەی خودی ئینسان خۆیەتی.

کە دیققەت لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو رەنجەکانی ماسلۆ دەدەین و، تەماشای قورئان دەکەین، دەبینین گەیشتۆتە پێناسەی ئیسلام بۆ ئینسان و هەنگاوە سەرەتاییەکانی ناسینی مرۆڤ لە قورئاندا! ماسلۆ دەڵێ :

(هەڵەکەی فرۆید (Frued) کە ئێستا ئێمە خەریکی راست کردنەوەیین، زۆر گەورەو زەقە، کە دەڵێ : ژێری ناوەوە (العقل الباطن) شەڕخوازەو، هیچ تۆوێکی خێرخوازی لەخۆ ناگرێت! چونکە ژێری ناوەوەی هەمو مرۆڤێك، رەگی داهێنان و زەمینەی لەزەت لە ژیان و حەزی خێرخوازی و رێسای سروشتی رەوشت بەرزی و مرۆڤدۆستی تێدایە.. ئێمە ئێستا ـ لەم سەردەمەی خۆماندا ـ گەیشتوینەتە ئەوەی، کە مرۆڤی وا هەیە ژێری ناوەوەی ساغ و خێرخوازە، هی واش هەیە نەخۆش و شەڕخوازە. بۆیە مەدرەسەکانی ئەمڕۆی دەروونناسی نوێ لەم روانگەیەوە سەرلەنوێ لە مرۆڤ دەکۆڵنەوەو گشتگیرانەتر دەیخەنەوە بەرباس و لێکۆڵینەوە، پزیشك و تەندروستەوانانی تریش، ماوەیەکە لەم زەمینە نوێیەی مرۆڤناسی و دەروونناسییەوە، چارەسەری نەخۆشەکانیان دەکەن..)[١].

---

١ Abraham Maslow , The Farther Reaches of Humman Nature.P ١٦٧.

ماسلۆ تیۆرەکەی خۆی خستۆتە چوارچێوەی ئـەو زانیاریانـەی دەروونناسـی دەربارەی سروشتی، کە مرۆڤایەتی گەیشتویێتیێ و لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت :

ـ سروشـتێکی سـەرەکی بایـالۆجی لـە نـاخی هـەمو کەسـێکدا هەیـە، کـە تـا رادەیـەکی زۆر کەسـێتی خاوەنەکـەی و جـۆری جەوهـەری دیـاری دەکـات، کـە قابیلی گۆڕین نییە.

ـ هەمو سروشتێکی نـاوەکی هـەر مرۆڤێـك لـە لایەکـەوە لـە هـی خـەڵکی تـر جودایە، لە لایەکی ترەوە لەگەڵ توخمی هەمو مرۆڤێکی تردا هاوێنەیە.

ـ خوێنـدن و لێکۆڵینـەوەی ئـەم سروشـتە کـارێکی مومکینـەو دەشـکرێت شیکرێتەوەو بناسرێت.

ـ وا دیـار نییـە، کـە ئەسڵی سروشـتی مـرۆڤ شـەڕخوازی بێـت، بەڵکـە ئـەوی رەفتاری دەگۆڕێت، پڕ بون یان بـەتاڵ بونـەوەی پێداویـستییە سـەرەکیەکانێتی، تێر بون، یان ئاتاجی سۆزە سـەرەکیەکانی ژیـانی مرۆڤێتیـەتی، بەگـەڕ خـستن، یان پەك خستنی وزە شاراوەکانێتی، ئەگینا لە ئەسڵدا هـەمو کەسـێك پـۆزەتیڤ و خێرخواز لەدایك دەبێت. ئەمما حەز بە زیانی خەڵکی و گیانی شەڕخوازی و (سـادیزم)ی و ڕق لێبونـەوەو بوغزانـدن، ئەمانـە هیـچیان سـیفەتی سـەرەکی سروشتی ئینسانی نین، ئەمانە کاردانەوەن، کاردانـەوەی سـەرنەکەوتن و بـەزین و بێ ئومێدین لە هێنانەدی پێداویستییە سەرەکیاکاندا.

ـ لەبەر ئەوەی ئەم سروشتە ناوەکیە ئینسانییە خۆی لـە خۆیـدا خێرخـوازە یان بێ لایەنە، چاکتر وایە هەوڵی ئەوە بدرێت بخرێتە کار، هـان بـدرێت، نـەك مت بکرێت و رێ لە سەرهەڵدانی بگیرێت، چونکە ئەگـەر ئـاوا بـواری تـەواو بـۆ ئـەو وزە ناوەکیـە خێرخوازانـە بکرێتـەوە هـەمومان تەندروسـت و سـاغ و بەختەوەرو بەبەرهەم دەژین..

ـ ئەگـەر ئـەم جەوهـەرە ناوەکیـەی مـرۆڤ تـینی کەوتـە سـەر و بـواری خـۆ سـەلماندنی گـیرا، یـان رەفـز کرایـەوە، حەتمـەن خاوەنەکـەی توشی نەخۆشـی دەرونی ئاشکرا ـ یان شاراوە ـ دێت، کـە بـە جۆرێـك لـە جۆرەکـانی کاردانـەوە دەستبەجێ یان دواتر دەردەکەوێتەوە..

ـ ئەم سروشتە ئینسانییە سەخت و سەرکەش نییە، یاخی نییە، لە هەڵەو پەڵەش دور نییە، بە پێچەوانەوە زۆر ناسکە، لاوازە، زۆر ئاسان کۆنترۆڵ دەکرێت، زۆر زو دەکەوێتە ژێر کاریگەری داب و دەستورو خو نەریت و فشاری کلتورو ئاراستەی هەڵەوە..) [١].

مێژوی ژیانی مرۆڤایەتی لە هەمو قۆناغەکانیدا ئەوەی سەلماندوە، کە ئەم سروشتە خێرخوازیەی مرۆڤ بە باوەڕ هێنان بە خوای گەورەو دینداری راست نەبێت ناخرێتە گەڕ. چونکە تەنها باوەڕ هێنانە بە خوا، کە ئەو وزە خێرخوازییەی پێ دەکاتە ئەنجامدانی عەمەلی و راپەڕاندنی واقیعی..

## * ڕەگەزنامە :

قورئان ڕاشکاو و ئاشکرایانە ئەوە ڕون دەکاتەوە، کە ڕەگەزنامە لەو(فیکر)ەوە دێت، کە مرۆڤەکە بە خولگەکانیدا دەخولێتەوە، ئەو کەسانەی بە دەوری فیکری (پەیامی ئیسلام) دا خول دەخۆن و رەنج لە بیروباوەڕەکەیدا سەرف دەکەن، پێیان دەوترێت (موسوڵمان)، ئەو کەسانەش کە باوەڕە سروشتیەکەیان بە دین پەردە پۆش دەکەن و دەیشارنەوەو بە خولگەی فیکرێکی، یان کۆمەڵە فیکرێکی هەڵەدا خول دەخۆن، پێیان دەوترێت : (کافر) چونکە ئەمانە هەر ئەوەیان لا گرنگ دەبێت، کە ئایا دەتوانن چەند حەزو ئارەزوەکانیان لە وێستگەی دنیادا بەم فیکرە هەڵەی خۆیان دەهێننە دی. ئەمما ئەو جۆرە کەسانەی فیکرەکان دەخەنە خزمەتی (کەسایەتی) و (شت)ەوە، پێیان دەوترێت: دوڕو (مونافیق).

نمونەی یەکەمینیەکان (موسوڵمانەکان) ئەوەیە، کە (ڕەگەزنامە)ی مرۆڤە موسڵمانەکەی لێوە وەردەگیرێت، ئەمەش ئەوەیە، کە پەروەردەی ئیسلامی دەیکاتە جێ مەبەستی پەروەردەکردن و پێگەیاندن، قورئانی پیرۆز زۆر تەئکید لەم ڕەگەزنامە دەکاتەوە، کە پەیوەستی دەکاتەوە بەو مەبەستەوە،

---

[١] Abraham Maslow, Toward a Psychology of Being, pp.٣٤

کە دەیەوێت لە پێکەوەنانی ئوممەتی موسوڵماندا بیهێنێتە دی، تا ئەو ئامانجە بێتە دی، کە هەمویانی بۆ پەروەردە کردوە. بە مانایەکی تر : قورئان جەخت لە رەگەزنامەی موسوڵمان دەکاتەوە، بەو سیفەتەی هەست کردن و ئینتیمایە بۆ ئوممەتە موسوڵمانەکەی لەسەر فیکرە ئیسلامییەکە پەروەردە بوە.. خوای گەورە دەفەرموێ : (وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦۚ هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمۡ إِبۡرَٰهِيمَۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ مِن قَبۡلُ وَفِي هَٰذَا لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيۡكُمۡ وَتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِۚ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱعۡتَصِمُواْ بِٱللَّهِ هُوَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ فَنِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ ٱلنَّصِيرُ) الحج/٧٨ واتە : هەروەها بەردەوام بن لەسەر جیهادو تێکۆشان لە پێناوی خوادا بەو شێوە جیهادەی کە شایستەیە، خوای گەورە بۆ ئەوەی هەڵبژاردون، هیچ گرێ و گۆڵ و گرانییەك لە دینەکەدا نییە، ئەمە رێبازو ئوممەتی باپیرە ئیبراهیمتانە، ئەو پێشتر ناوی موسوڵمانێتی لێ ناون، هەروەها لەم قورئانەشدا (وا ناو نراون) تا پێغەمبەر ﷺ ببێتە شایەت بەسەر ئێوەوەو، ئێوەش ببنە شایەت بەسەر خەڵکانی ترەوە، کەوا بو نوێژەکانتان بکەن و زەکاتەکە بدەن و پشت بە خوا ببەستن، هەر خواش یارو یاوەرو سەرپەرشتیارتانە، ئای چەند سەرپەرشتیارێکی چاکەو چەند پشت و پەنایەکی بەهێزە..

ئەوی پاشکۆی (رەگەزنامە) کەشە (چین)[١] ی کابرای موسوڵمانە لە ناو ریزی ئوممەتە موسوڵمانەکەدا، ئەم چینایەتیەش پەیوەندی بە غەیری تەقواوە نییە، واتە پەیوەستە بەوەوە کە: تا چ رادەیەك ئەم کابرا موسوڵمانەی رەگەزنامەی ئومەتە موسڵمانەکەی وەرگرتوەو، خۆی پاراستوە لە نەخۆشی

---

[١] ئەم (چین) ە ئاستی کۆمەڵایەتی ناو موسوڵمانانە نەك بارودۆخی ئابوری و دەوڵەمەندی و هەژاریی، ئەم چینایەتییە بە گوێرەی زۆری و کەمی تەقواو لە خوا ترسان و پابەند بونە بەشەرعەوە ، بڕوانە نوسەر ـ خوا پاداشتی بداتەوە ـ چەند جوان پەیوەستی کردۆتەوە لەگەڵ پاراستنی دڵ و دەرون (باوەڕ) لە لاسەنگ بون، لە کەوتن بەلای موستەکبیرە ستەمکارەکاندا یان بەلای موستەزعەفە زەلیلەکاندا!

لادان و چونە ڕیزی ئاغای ستەمکارەوە، یان ڕیزی کۆیلەی زەلیلەوە.. ئەم مەبەستەشە، کە خوای گەورە ئاماژەی پێ دەکات، کە دەفەرموێ : (إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ) الحجرات/١٣ واتە : بەڕێزترتان لای خوا ئەو کەسەیە کە، بەتەقواترە..

بەم پێوەرە لە کۆمەڵگەکەی پێغەمبەردا چینەکانی خەڵکی و پۆلەکانیان دیاری دەکران، ئەوە چینی کۆچکەرەکانن، ئەوە چینی پشتیوانەکانن، ئەوە چینی ئازادکراوانی مەککەن، ئەوە چینی دوڕوەکانن.. ئەم پێوەرە وەکو دەیبینیت پەیوەندی نە لە نزیك و نە لە دورەوە، بەو هێزو دەسەڵاتەوە نییە کە لە خزمەتی (کەسایەتی) دان، پەیوەندیشی بە هیچ جۆرێك بە سەروەت و سامانەوە نییە، بە (مادده) وە.. بەڵکو ـ ئەمە خۆپاراستنە لە لاسەنگ بون بەلای دەستدرێژی، یان بە لای زەلیلیدا، کە خولانەوەن لە سەر خولگەی (فیکر) ی پەیامی ئیسلامی..

مێژوی شارستانێتی ئیسلامی ئەوە دەسەلمێنێت، کە هەر کاتێك مرۆڤی موسوڵمان (ڕەگەزنامە) ەکەی لە (هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلْمُسْلِمِينَ ) وەرگرتبێت، ئوممەتەکەشی بۆ پەیامەکەی ژیاوەو مەشخەڵی ئەوی هەڵگرتوەو بە دنیای دەرێی گەیاندوە. (چینی باڵا) ی سەرکردایەتی ئوممەتەکەش کراوە بوە بۆ هەر کەسێك، کە (اتقی) ایە، بۆ هەر کەسێك، کە ئاستی دینداریيەکەی لە هاوشانانی بەرزترە. واتە بۆ ئەو کەسانەی، کە پارسەنگ ماون و بە لای یەکێك لەو نەخۆشی دەستدرێژی یان زەلیلییەدا نەکەوتون ئەمما کاتێك، کە (ڕەگەزنامە) ەکە بوە دۆستایەتی (کەسایەتی) حاکم و کاربەدەستان و (ناوچەگەری) و (ماددێتی) ئوممەتەکە مەشخەڵی پەیامەکەی دانا، بە ماڵ و پلەو پایەی دنیاوە خەریك بو، ئینجا چینی تر و بە پێوەری تری غەیری تەقواو دینداری هاتە کایەوە : نەجیبزادە، مەمالیك، مەوالی، سەیید، مسکێن..

.......... - - - ..........

## * کلتور :

لێرەدا مەبەست لە کلتوری موسوڵمان، بەهاو خو نەریت و رەوشت و رەفتارو سیستمەکانی ژیان و شێوازی ئیدارەو ئەو لایەنانەی هونەرن، کە رواڵەتی ئیمانداری و ئیسلامەتی بە چالاکیەکانی ژیانی موسوڵمان دەبەخشن، ئەو لایەنانەن، کە رۆشنبیری ئوممەتەکە دەناسێنن، قورئانی پیرۆز زۆری بایەخ بە کلتوری موسوڵمان (بەم پێناسەیەی) داوە وەك دەفەرموێ :

ـــــ (قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴿١﴾ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ خَٰشِعُونَ ﴿٢﴾ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنِ ٱللَّغۡوِ مُعۡرِضُونَ ﴿٣﴾ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِلزَّكَوٰةِ فَٰعِلُونَ ﴿٤﴾ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ ﴿٥﴾ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ ﴿٦﴾ فَمَنِ ٱبۡتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡعَادُونَ ﴿٧﴾ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِأَمَٰنَٰتِهِمۡ وَعَهۡدِهِمۡ رَٰعُونَ ﴿٨﴾ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمۡ يُحَافِظُونَ ﴿٩﴾ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡوَٰرِثُونَ ﴿١٠﴾ ٱلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلۡفِرۡدَوۡسَ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ) المؤمنون/١ـ١١ واتە : بەڕاستی ئەو موسوڵمانانە سەرکەوتو سەرفراز بون. ئەوانەی، کە لە نوێژەکانیاندا ملکەچ و دڵ ئارام و دڵ دامەزراو خواویستن. ئەوانەش، کە لا ناکەن بە لای کرداری بێ کەڵك و ڕەفتاری نابەجێوە. ئەوانەش، کە زەکاتی سامانەکانیان دەدەن. ئەوانەش، کە داوێنی خۆیان پاك رادەگرن (پەیوەندی لەگەڵ توخمەکەی بەرامبەردا ناکەن) مەگەر لەگەڵ هاوسەرو کەنیزەکی حەڵاڵی خۆیان، ئەوەش جێی لۆمەو سەرزەنشت نییە. جا ئەو کەسەی جگە لەو سنورە دیاری کراوە، رێگای تر بگرێتە بەر، ئەوە یاخی و سنوربەزێنە. هەروەها ئەوانەش سەرفرازن، کە چاودێری راسپاردە دەکەن و پەیمان ناشکێنن (نە خیانەت نە غەدر). ئەوانەش، کە پابەندی نوێژەکانن و لە کاتی خۆیدا بە رێك و پێکی دەیکەن و هۆشیان

لێیەتی. ئا ئەوانە میراتگرن. بەهەشتیان پێ دەبڕێت و دەبنە ئەهلی فیردەوس و بۆ هەتا هەتایی بە نەمری تێیدا دەمێننەوە.

ـ ( وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ هَوۡنٗا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلۡجَٰهِلُونَ قَالُواْ سَلَٰمٗا
﴿٦٣﴾ وَٱلَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمۡ سُجَّدٗا وَقِيَٰمٗا ﴿٦٤﴾ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱصۡرِفۡ عَنَّا عَذَابَ
جَهَنَّمَۖ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا ﴿٦٥﴾ إِنَّهَا سَآءَتۡ مُسۡتَقَرّٗا وَمُقَامٗا ﴿٦٦﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُواْ لَمۡ
يُسۡرِفُواْ وَلَمۡ يَقۡتُرُواْ وَكَانَ بَيۡنَ ذَٰلِكَ قَوَامٗا ﴿٦٧﴾ وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ
وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ يَلۡقَ أَثَامٗا ﴿٦٨﴾
يُضَٰعَفۡ لَهُ ٱلۡعَذَابُ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلٗا
صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمۡ حَسَنَٰتٖۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿٧٠﴾ وَمَن تَابَ وَعَمِلَ
صَٰلِحٗا فَإِنَّهُۥ يَتُوبُ إِلَى ٱللَّهِ مَتَابٗا ﴿٧١﴾ وَٱلَّذِينَ لَا يَشۡهَدُونَ ٱلزُّورَ وَإِذَا مَرُّواْ بِٱللَّغۡوِ مَرُّواْ
كِرَامٗا ﴿٧٢﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ لَمۡ يَخِرُّواْ عَلَيۡهَا صُمّٗا وَعُمۡيَانٗا ﴿٧٣﴾ وَٱلَّذِينَ
يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبۡ لَنَا مِنۡ أَزۡوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعۡيُنٖ وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴿٧٤﴾
أُوْلَٰٓئِكَ يُجۡزَوۡنَ ٱلۡغُرۡفَةَ بِمَا صَبَرُواْ وَيُلَقَّوۡنَ فِيهَا تَحِيَّةٗ وَسَلَٰمًا ﴿٧٥﴾ خَٰلِدِينَ
فِيهَاۚ حَسُنَتۡ مُسۡتَقَرّٗا وَمُقَامٗا ) الفرقان/٦٣ـ٧٦ واتە بەندەکانی خوای میهرەبان ئەو کەسانەن، کە زۆر بە سالاری و سەنگینی بەسەر زەویدا دەڕۆن، هەر کاتێکیش نەفام و جاهیلیەکان بە قسەو قسەلۆکی ناشیرین تانەو تەشەریان لێدەن ئەمان لە وەڵامیاندا دەڵێن : سڵاوتان هەر لێ بێت، (ڕەوشتی بەرزی خۆیان تێك نادەن). ئەوانەی بۆ خواپەرستی و لە خۆشەویستی خوادا، شەونخونی دەکێشن و بە سوجدە بردن شەوارە دەڤرن. ئەوانەی کە دەڵێن : خوای لە سزای دۆزەخ لامانده، چونکە سزاکەی پێوە دەلکێت و لە کوڵ نابێتەوە. بە ڕاستی ئەو دۆزەخە جێ نیشتەجێ و جێ سرەوتێکی! زۆر ناخۆش و نا هەموارە. هەروەها بەندەکانی خوای میهرەبان ئەوانەن کە کاتێك ماڵ و سامانیان دەبەخشن و

خەرجی دەکەن، نە زیادەڕەوی تێدا دەکەن و بەزایەی دەدەن، نـە دەسـت نوقـاو ڕەزیلیش دەکەن، بەڵکو ڕاست و پارسەنگ وان لەو نێوانەدا. هـەروەها ئەوانـەی هیچ جۆرە خوایەك لەگەڵ خوای پەروەردگاردا ناپەرستن و کەسێ ناکوژن خـوا خوێنی حەرام کردبێت، مەگەر بە هەق، هەروەها زینا ناکەن و توخنی ناکەون، جا ئەو کەسـەی ئـەو جـۆرە کارانـە دەکات، ئـەوە توشـی سـزاو ئـازارو ڕیـسوایی دێت، لە قیامەتیشدا ئەو ئازارو سزایەی بـۆ چـەندین بـەرابرە دەکرێتـەوەو بـە زەلیلی و خەجاڵەتی و شەرمەزاریەوە دەبێت ژیانی تێدا بەسـەر ببـات. مەگـەر ئەو کەسەی کـە پەشـیمان دەبێتـەوەو تەوبـە دەکـات و بـاوەڕ دەهێنێـت و کـارو کـــردەوەی چـــاك ئـــەنجام دەدات و ئەوانـــە خـــوای گـــەورە کـــارو کـــردەوە خراپەکانیـشیان بـۆ بـە چـاکە دەنوسـێت، خـواش لێبـوردەو میهرەبانـە. ئـەو کەسەی کە تۆبە دەکات و کارو کردەوەی چاك ئەنجام دەدات و هـەر بـە هیوایـە خوا تۆبەکەی لێ قبوڵ کات، ئـەوە بـێ گومـان سەرڕاسـتانە گەڕاوەتـەوە بـۆ لای خـوای گـەورەو تۆبەکـەی لـێ گـیرا بـوە. هـەروەها بەنـدەی خـوای میهرەبـان ئەوانەشن، کە شایەتی ناهەق بۆ کەس نادەن و ئامادەش نـین لـە شوێنێکدا بـن کـە شـــایەتی ناهـــەقی تێـــدا دەدرێـــت، کـــە بـــە لای گاڵتـــەو گـــەپی دنیـــایی جاهیلیەکانیـشدا تێپـەڕ دەبـن، هـەر بـە هـێمنی و لەسـەرخۆیی ڕادەبـورن و سەنگینی خۆیان دەپارێزن. هەروەها ئەوانەشن کاتێك بە ئایەت و فەرمانەکانی خوای گەورە دەگـەن ڕادەچـەنن و هۆشـی دەدەنـێ و بێـدار دەبنـەوە، بـە کـەڕو کوێری بەسەریاندا ڕەت نابن! دیسان ئەوانەشن کە دوپاڕێنەوەو دەڵێن : خوایـە گیان، لە هاوسەرو نەوەکانمان کەسانی وامان بـۆ ئیجـاد کـە و پـێ ببەخـشە، کـە ببنە مایەی چاو ڕونـی و دڵشادییمان، هـەموشمان بـۆ ئیمانـداران و پیاوچاکان بکە بە پێشەواو پێشەنگی کاروانی خواناسان. ئـەو جـۆرە کەسـانە (باسـکراوان) پاداشتیان ژورە ڕازاوەکانی بەهەشتە، شایەنی خـۆگری و ئارامگریەکانیانـە، جا

لەوێ بە رێزو سڵاوەوە بەخێرهاتنیان لێ دەکرێت و ئیدی لەوێ ئاسودانە نیشتەجێ دەبن وبۆ هەتا هەتایی دەحەوێنەوە..

حەدیسەکانی پێغەمبەر ﷺ سوننەتە عەمەلیەکانی، لیستەیەك لەو رەفتارو ڕەوشتە پەسەندانە دەناسێنێت، کە کلتورو رۆشنبیری ئیسلامی ئوممەتەکە دیاری دەکەن، لیستەکە دەگاتە شەست و قسور، یان حەفتاو قسور لق (کە بریتین لە لقەکانی باوەڕ) بە هەمویان کلتورێکی ئیمانی کاریگەر پێك دەهێنن، کە ئاڕاستەی هەمو هەڵس و کەوت و رەفتارو کارو کردەوەکان دەکات و تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان رێك دەخات، تا ئوممەتە مسوڵمانەکە دەگەێنێتە پلەی یەك جەستەیی، یەك بەدەنی، یەك لەش ولاشەی وا، کە ئەگەر ئەندامێکی ئازاری پێ گەیشت هەمو ئەندامەکانی تریشی دێنە ژان و بەرزو تا دایان دەگرێت[1]..

قورئانی پیرۆز سنورەکانی ئەم (کلتور) ە ئیمانیەی زۆر ورد دیاری کردوەو زۆر توندو سەختیشی گرتوە، نەیهێشتوە لەگەڵ (رەگەزنامە) و (کلتور)ی خەڵکی تردا تێکەڵ ببێت، چونکە رەگەزنامەی خەڵکانی تر، هی ئینتیمای قەومی و نەتەوەیی و ناوچەگەری و بەرژەوەندی ماددین. بڕوانە ئەم ئایەتانە:

ــــــ ( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُوٓاْ ءَابَآءَكُمۡ وَإِخۡوَٰنَكُمۡ أَوۡلِيَآءَ إِنِ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡكُفۡرَ عَلَى ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾ قُلۡ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ وَإِخۡوَٰنُكُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ وَعَشِيرَتُكُمۡ وَأَمۡوَٰلٌ ٱقۡتَرَفۡتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٞ تَخۡشَوۡنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرۡضَوۡنَهَآ أَحَبَّ إِلَيۡكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٖ فِي سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ) التوبة/ ٢٣-٢٤ واتە

---

[1] بۆ زیاتر شارەزایی بون لە لقەکانی باوەڕ بڕوانە : کتێبەکەی ئیمامی بەیهیقی (شعب الایمان) یان (کتاب الایمان) ي ابن مندة.

: ئـەی ئـەو کەسـانەی باوەڕتـان هێنـاوە، ئەگـەر بـاوك و براکانتـان کـوفرو بـێ دینییان لا خۆشەویستترە وەك لە باوەڕو دینـداری، مەیانکەنـە سەرپەرشـتیاری خۆتان، ئەوی دۆستایەتییان بکات، یـان سـەریان خـات یـان بـە سەرپەرشـتیاری خۆییان دانێ ئەوە ستەمکارە. پێیان بڵێ : ئەگەر بـاوك و بـاپیرو رۆڵـەو نـەوەو براو هاوسەرو عەشرەت و هۆزەکانتان و ئەو سامان و ماڵەی کۆتـان کردۆتـەوەو ئەو بازرگانی و مامەڵەیەی لەبەر دەستتاندایە و دەترسێن زەرەر بێنێت و ئـەو کۆشك و تەلارانەتان کە دڵتان پێیان خۆشە، ئەگەر ئەمانەتان لا خۆشەویستترە وەك لە خواو پێغەمبەرەکەی و جیهـادی رێـی دە چاوەڕوان بـن (هەڕەشـەیەکی سـەختە) تـا ئـەو سـاتەی خـوای گـەورە بـە تۆڵـەی خۆیـەوە بۆتـان دێـت! خـوا رێنمایی کەسانی یاخی وسەرپێچ و سنور بەزێن ناکات.

..........

# بەشــی دوەم

## گرنگی سێگۆشــە ئیمانیەکە لەم سەردەمەدا :
## ( ناسنامە ) و ( رەگەزنامە ) و ( کلتورو رۆشنبیریی )

تیۆرییـە کۆنـەکانی (ناسـنامە)ی مـرۆڤ، وەکـو (داروینیزمـی کۆمەڵایـەتی) و (دابەشبونی نەتەوەیی) و (ئەو دینانەی باوەڕیان وایە، کە خەڵك بە چینایەتی دروسـت بـون) ململانـێ و شـەڕو ئاژاوەیـەکی زۆریـان بـۆ مرۆڤایـەتی نایـەوە، چونکە هەمو باوەڕیان هاتبوە سەر ئەو دیدەی داروین، کـە دەڵـێ : (مانـەوە بـۆ بەهێزەکانــە) ئــیتر ئــەو هــەمو شــەڕو شــۆڕی ئــستیعمارێتی و چەوســانەوەی چینایەتی و نەمانی یەکسانی و کۆیلەیی و دەست بەسـەراگرتنی سەرچاوەکانی خێــرو بێــری زەوی و مــەحروم کردنــی خــەڵکی لێیــان و... ئــەم رەفتــارو کردەوانەی، کە تا ئێستاش هەر بەردەوامن، کە هێشتا هەر زاڵن بەسەر رەوشتی مرۆڤایەتی و بنەماکانی پەیوەندی و نێوان تاکەکان لە ناو خۆیانـداو، هـەروەها لــە نێــوان کۆمــەڵگاو دەوڵەتانــدا، ئەمەشــە کــە بۆتــە سەرچــاوەی پــشێوی و کوێرەوەری و ئاڵۆزی دەرون و نەمانی ئاسودەیی..

هەروەها هۆکارەکانی سەختی پەیوەندی و پێك گەیشتن و کـورتی ماوەکـانی سەفەرو داخراوی بازنەی گـەڕان لـە رابـوردودا، هـەمو بونـە هـۆی پەیـدا بـونی سنوری ناوچەو نەتـەوەکان. بـە شـێوەیەکی گشتی مرۆڤـەکان نەیانـدەتوانی لـە دەرەوەی سنوری ناوچە، یان نەتەوەکەی خۆیان بگەڕێن، چونکە هەر تاکێك لە کۆمەڵگـە بـچوکە داخراوەکـەی خۆیـدا بـە تیرەگـەری و خێڵـەکیی و پەیوەسـتی خزمایــەتی و، یــان قەومییەتەکــەی خــۆی تێــر دەبــو، لــە هەســتی ئینتیمــا داخراوەیـدا ـ کـە زۆر بـە پیرۆزو گرنگـی دەزانـی ـ دەمایـەوە! بۆیـە هـەر ئـەم

ئینتیمایانـەش بـون، کـە ببونـە مایـەی دیـاری کردنـی (رەگەزنامـە) و شـێوازی (کلتـورو نـەریت) ی تایبـەت بـەو تـاك و کۆمەڵگەیـە، لـەدایم بـون و چـیان و مانەوە لە بازنەی ئەو ئینتیمـا بـە خـاك، یان بـە گـەل دیـاری کراوانـەدا جۆرە رەفتـارو نـەریتێکی تایبـەتی لەسـەر خـەڵکی دروسـت دەکـرد لـەوەی، کـە پێـی دەڵێین : نەریتی خۆسازدان (قیم المصانعة)[١]، ئەمـە ئـەو نەریتەیـە، کـە خـەڵکی لەبـەر عەیبـەو هەسـت بـە شـەرم و شـورەیی کـردن، نـاوێرن هەنـدێك شـت لـە کۆمەڵگەکـەدا بـە ئاشـکرا بکـەن. یـان لەبـەر هەنـدێك ئیعتیبـارات و بـەهای کۆمەڵایەتی دەست لە هەندێك خراپەکاری وەکو دزی و داوێن پیـسی و شـتی وا دەگرنەوە، هەر ئەم بەهایانەی نەریتە چەسپاوەکەشە، کە دەبێتە یاساو رێسای داوەری و چارەسەری زۆربەی کێشە و ناکۆکیەکانی نێو کۆمەڵگەکە، چونکە کـە ئیختیلافاتێك لە نێو بۆ نمونە دو خێزان، یان دو بەرەبابدا دەردەکەوێت، ریش سـپی و پیـاو مـاقوڵان بـە بەرچـاو گـرتنی هەنـدێك داب و نـەریتی نێـو خۆیـان چارەسەری دەکەن.. ئەم بەهایانەی نەریت لە هەندێ جێ و کاتدا کاریگـەرییان لەسەر پەسەندی و ناپەسەندی زەوقی گشتیش هەیە.. زۆربەی جیاوازییـەکانی نێو گەلان لەم داخران و بەها تایبەتییانەی کۆمەڵگەکانەوە دەهاتن..

بـەڵام کـە ئـەم سـەردەمەی ئێمـە هـات، سـەردەمی تـەکنۆلۆژیاو گونـدەگۆی زەوی، دو دیاردەی زەق بونە رواڵەتی هەمو لایەك :

یەکـەم : مرۆڤـی هـەمو شـوێنێك کۆمـەڵێك ئالیـات و ئـامێری نـوێی چـنگ کەوت، کە بە هۆیانەوە دەیتوانی بـەرگری لـە مرۆڤایـەتی خـۆی و ژیـانی خـۆی بکات، یان ببێتە مایەی لێ سەندنەوەی ئاسودەیی و ژیانی خەڵکانی تر.. بـاوەڕ بـون بـە خـواش لـە هـەردو حاڵەتەکـەدا هۆکـاری کاریگـەری هـەر کـام لـەو دو بەکارهێنانەیە..

---

[١] ئەوەی کە کورد بۆ تەبریری دەیوت : من لەگەڵ عام یان عام لەگەڵ من؟، کە چویتە شاری کوێران دەبێت دەست بەچاوتەوە بگریت.

دوەم : رمـان و کـەلێن تێکـەوتنی سـنوری نێـوان وڵات و گـەل و رۆشـنبیری هـۆزو خێـڵ و تـیرەو تایەفـە نـەمان، بـەرەباب و خانـەوادەکان هەڵوەشـان، پەیوەنـدی خـوێن و خزمایـەتی و ناوچـەگەری پوکایـەوە، مەگـەر لـەو ناوچـە شاخاوی، یان بیابانیانەی، کە هێشتا هەر خۆ بـە پـاك دەزانـن! بۆیـە دەبینیـت کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی تێکەڵ بون، بـەڵام تێکـەڵ بـونێکی بـێ سـەرو بـەرەو نەسـاز! لـە جێـی گونجـانی رۆشـنبیری جەبلەیـەکی بـێ رێـژەی کلتـورو داب و نـەریتی پێـك نـامۆ تێکـچڕژان! ئیـدی پەیوەندییـەکان زیـاتر لێـك هەڵوەشـان، هەسـتی یـەکبون و زەوقـی پێکـەوە مانـەوە، لاواز بـو، سـینەفراوانیی و لێبوردنەکەی قەدیم بو بە ئەنانێتی هەرکەس بۆ خۆی! تـا گەیـشتۆتە ئـەوەی هەنـدێك کۆمەڵگـە وا هەسـت بـە خـۆی دەکـات، کـە خـۆی دۆڕانـدوەو هیـچی نەبردۆتەوە!! چونکە خەڵکەکەی بۆتە جمهوری تـۆپێن و نەریتـە رەسـەنەکانی بونەتـە کەڵەکـە کلتـورێکی هەڵڕێـژراوی لاکـۆڵان! هـەمو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکەو هەرچی، کە کەسێك بـە کەسـانی تـرەوە دەبەسـتێتەوە، هـەر بەرژەوەندییە کی پچڕ پچڕی ئابوری، یان حەزو ئارەزویـەکی کـاتی تێرکردنـی سێکسێکی لاڕێی سەرکەشە!!

## ئەم گۆڕانکارییە تێکچڕژاوانە سێ قەیرانی خستەوە :

تەنگژەی یەکەم : نەگونجانی (ناسنامە) نوێکە بۆ مرۆڤایەتی مرۆڤ :

ئەو ناسنامە نوێیەی داروینیزمی کۆمەڵایەتی بـۆ مرۆڤـی هێنایـە پێـشەوە، کە لەسەر قاڵبی قەڵبی (مانەوە بۆ بەهێزەکانە) داڕێژرابو، ئەو هەمو کوشـتن و کوشتارو تاوانکاریانەی پێ قبوڵ بـو، کـە تاکـەکانی کۆمەڵگەیـەك بەرامبـەر بـە یەکتری دەیان کرد، یان ئەو هەمو خراپەکاریانـەی پـێ یاسـایی بـو، کـە چـین و توێـژو دەوڵـەتێك بەرامبـەر بـە مرۆڤایـەتی مرۆڤـی تـر دەیکـرد! دژواری و ناهـەمواری ئـەم رێـسایە هـەر لـە جیهـانی سـێیەمی دواکـەوتوی تەکنۆلۆجیـدا نەبو، بەڵکو جیهانە پێشکەوتوە تەکنۆلۆجییەکەشی گرتبۆوە، ئەمان زۆر زیـاتر

پێی پەرێشان بون، چونکە ئامێری وێرانکاری و نەخشەی کاولکاریی زیاتریان شك دەبرد!! لە دیدی خێچی ئەم رێسایەوە بو کە (ئەمریکایی و ئەوروپایی) ەکان بە لەشکری عەرەمرەمی پڕ چەکی کوشندەوە - بۆ دزین و ڕاوڕوتی بەروبومی وڵاتان و دەست بەسەراگرتنی سەرچاوەکانی وزە - دەکەوتنە پەلاماری (ئاسیایی و ئەفریقایی) ەکان، ئینجا، کە دەوڵەمەند دەبون و گیرفان و کیسەباخەڵیان لێ پڕ دەکرد، لە ئەمریکاو ئەوروپاکەی خۆیاندا دەکەونەوە پەلاماری یەکترو شەڕی بنبڕییان دژی یەکتری بەرپا دەکرد..

## تەنگژەی دوەم : نەگونجانی (رەگەزنامە کلاسیکییە ناوچەییەکە :

رەگەزنامە کۆنەکەی ناوچە، بوە کۆت و داخزایە گەردنی خەڵکی، ئازادی لێ گرتنەوە، دەروازەی سەربەستی بیرو سەربەستی رادەربڕین و هەڵبژاردنی لە ناو وڵاتانی خۆیاندا لەسەر داخستن! لە بەرامبەریشدا ئازادی و سەربەستی چونە دەرەوەو گەڕان و کارو ژیانی وڵاتانی تری بۆ خستنە سەر پشت..

لە ناو وڵاتدا پەیوەندی ئەو کۆمەڵە بەرەبابەی سەر بە هۆزێك یان خێڵێك بون، یان هی نەتەوەیەك بون، یان عایدی ناوچەیەکی وڵاتەکە بون، سەریان نا بەسەری یەکەوەو پەیوەستییەکەی خۆیان بەهێزتر کردو بونە یەك کوتلە و، ئینجا هەرچی لێیان دەترسا، یان تەماعی لەژێر دەسەڵات و سایەیاندا هەبو، لێیان هاتە پێش و بەمەش کوتلەکە گەورەتر بو، ئینجا بەهۆی هێزێکی شەڕانی ناوەکی خۆیان هاوکاری دەرێ چونە سەر حوکم و هەرچی خێروبێری وڵات هەیە، خستیانە ژێر رکێفی خۆیان و کەوتنە دروست کردنی هێزی تایبەت بە خۆیان بە ناوی سوپای نیشتمانی و موخابەراتی ئاسایش و دەیان دائیرەی تریان بۆ پاراستنی خۆیان پێکەوەنا، بەمەش خەڵکەکەی غەیری ئەوان - کە هەستی دەکرد لە هەمو شتێك مەحروم دەبێت - و دەشچەوسێنرێتەوە، کەوتە دەریای بێ بنی گومانبردن و متمانە نەمان و ترس و پلان و پیلانی دژ،

ئیتر لەولاوە دەزگای داپڵۆسینی دەوڵەت و لەملاوە فاك و فیكی ژێر زەمینی.. دەسەڵاتی سەپاو لای خۆیەوە كەوتە سەرباری كوشتن و جاسوسی و ویژدان كڕین، بە زۆرو زێڕ، جەماوەرە مەحرومەكەش بوە گڕكانی قینی بن تاوێرەشاخ و چاوەڕێی دەرفەتی گونجاوی دەكرد..

لە دەرەوەش، دەبەڕێك راچونی نێو دەوڵەتی پەرەی دەسەند، ژیانی سیاسی و دیبلۆماتی بوە پلان و پیلان و فێڵ و فریو، بوە ئاگری بنكای نهێنی، ئینجا بوە روبەڕو بونەوەی ئاشكراو پێكدادان و شەڕی بەرەیی دەوڵەتان و كۆدەتای فیتی عەسكەر وقین و چەپۆكی سەربازی!!

لە بواری ئابوریشدا (ڕەگەزنامە) ی خێڵەكی و ناوچەگەرێتی و قەومی جیهانی گەیاندە مۆنۆپۆڵ و پارە سەریەكنان و گەدەبەلی هەندێكی دەسەڵاتدار لەسەر حسێبی هەژار بونی نەداران و دەستكورت كردنی مەحرومان!! لە لای ئیستیكبارو سەرمایەدارانەوە دیاردەی ئیستیعمارو داگیر كردن و ڕوتانەوەی میللەتان و ڕاوڕوتی گەلان دەركەوت و گەلانی دنیای سێیەم ئەوەندەی تر ڕەش و ڕوت كەوتن، ئینجا ئیستیكبارانی ئیستیعمار هەر لە ناو خۆیاندا ڕێیان لە سەفەرو بواری بەرهەمێنان و مانەوە لەو ولاتانەدا لە یەكتر دەگرت، چونكە هەر یەكەیان سور بو لەسەر ئەوەی بە كەم ترین ماوە زۆرترین سامان بۆ خۆی بە تەنها راپێچێت!!

لەبەر ئەم دیدە خوارو رێسا نالەبارەیە، كە ماوەیەكی تەواوە جیهان پێویستی بە چەمكێكی نوێی (رەگەزنامە) هەیە، چەمكێكی نوێ، كە ڕێسای ڕەگەزنامە لە قالبی خێڵەكی و ناوچەگەریی و نەتەوەیی و بەرژەوەندی ماددی دەربهێنێت.. لە دادو ئینسافە، كە دان بەوەدا بنێین، كە لەو كاتەی میللەتانی ئەوروپاو ئەمریكا توانیویانە بەربەستەكانی سەفەرو ئیقامەو كاركردن لە (رەگەزنامە) كانیان بكەنەوەو بیانكەنە مایەی یەكتر ناسین (تعارف) و لێك نزیك بونەوە، هەر وەك چەسپاندنی ئەو ئایەتە بێت، كە خوای گەورە دەفەرموێ : (وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ) الحجرات / ١٣ واتە : كردمانن بە

گەل و هۆز، تا یەکتری بناسن..لەم کاتەی ئەمان توانیویانە ئەمە بکەن، یاساناسانی! پاشاو سەرۆك و سوڵتانەکان) شێوازی ترییان داهێناوە بۆ زیندانی (ڕەگەزنامە) ەی خێڵەکی و نەتەوەیی و ناوچەگەرییەکەی خۆیان! ئەوەندەی تر پەیان بە ڕێگاو هۆکاری تری شەیتانی بردوە، تا سەدان لەمپەری تر لە ڕێی ئوممەتی ئیسلامدا دانێن! ئوممەتێك: کە بە داخەوە خۆی لاڕەشەیەتی و لەسەر لێواری گۆڕ دەناڵێنێت!!

## تەنگژەی سێیەم : روخاندنی (کلتورو بەها) کلاسیکییە کۆنەکە :

زانایانی کۆمەڵناسی دەڵێن : مرۆڤی سەردەم دوچاری کۆمەڵێك کێشەی تەپینی دەرونی بون، بۆ نمونە بێ ئومێدی و ڕەشبینی، کە پێی دەڵێن (Frustration)، هەستی غەریبی (Alienation) و هەستی بێ دەسەڵاتی (Powerlessness) و کلۆڵی نەسازان و نامۆو سەیر رەفتار کردن (Normlessness).

لە جێی ئەو نەریتە داڕوخاو پواوانە نەریتی نوێ هاتە پێش، کە دەشێت ناوی لێ بنرێت (نەریتی بەرژەوەندیی)، کە هەموی لە دەسرێکی کاغەز دەچێت، کە کەسێك بۆ کارێکی یان بۆ ماوەیەك بە کاری دەهێنێت و، پاشان دەیخاتە تەنەکەی خۆڵەوە! لەبەر ئەمەیە، کە کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆ دوژتری شیرازە پسان و لێك هەڵوەشان بون، خەڵکەکە توشی بێ بایەخی و گوێنەدان بون، دۆستایەتی نەماوە، تا یەکێك پەیوەندی لەگەڵ یەکێکی تر دەبەستێت، هەزار حساباتی بۆ دەکات! ئێ ئەم پەیوندییەش پێویستە بۆ هەست کردن بە ئینتیما، بە تەقدیر کردن، بە ریز لێنان و جێ دیاریی نێو کۆمەڵگە، دیسان بۆ زانینی بڕی ئەمن و ئەمانێك، کە باڵی بەسەردا کێشاوەو ئەم لە گەشت و دابین بونیدا هەستی پێ دەکات..

ئـــەو ڕێگاچـــارەی پـــسپۆڕان و شـــارەزایان دەربـــارەی تەنگـــژەو قـــەیرانی (ڕۆشنبیریی و نەریت) پێشکەشی دەکەن، هێشتا هەر کـەم و کـورت هەڵدێنێت، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو هەنـدێك لـەو ڕێـچارەو نەخـشانە کێـشەکان ئـاڵۆزترو بارەکە سەنگین تر قوڕاوەکە خەست تر دەکەنەوە..

بـۆ نمونــە، ئــەو نەخــشەیەی، کــە ئــالڤین تۆفلــەر (Alvin Toffler) دایڕشـتوە، کـە یەکێکـە لـە بـەناوبانگترین بیرمەنـدانی داهـاتو، لـە کتێبەکەیـدا راچەنینی داهاتو (Future Shock) کە لـە سـاڵێکدا نـۆ جـار چـاپ کرایـەوەو بڕی ٢٧ ملیۆنی لێ چاپ کراو وەرگێڕرایە سـەر گـەلێك زمـانی دنیـاو بـە هـەمو جیهاندا بڵاو بـۆوە.. تۆفلـەر چارەسـەرێکی دیـاری کـردوە بـۆ ئـەو گۆڕانکارییـە رادەرەی تەکنۆلۆژیای نوێ و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی لەسەر زەمینـەی ئەو بنیاتنراون، کە لەسەر ئاستی ناوچـەو هـەرێم و جیهـان کاریگـەربون.. ئـەو هەوڵی زۆری داوە، تا کۆمـەڵێك شـێواز و ئەتـەکێتی پەیوەنـدی نـوێ بـۆ نـەوەو کۆمەڵگـەکانی داهـاتو دیـاری بکـات، لـە دیـاری کردنـی دیـاردەو ڕواڵـەتی خاڵـە لاوازەکانــداو ورد بــۆی چــوەو ســەرکەوتو بــوە، بــە هەســتێکی زۆر ناســکەوە دەسنیـشانی کـردون، بـۆ نمونـە جـوان بـۆی چـوە، کـە دەڵـێ تـەکنۆلۆژیای نـوێ کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایـەتی کـردوە بـە دەشـتەکی خێڵـەکی نـوێ ( The New Nomads)! کـە لـە جیـاتی وشـتر سـواری فڕۆکـە دەبـن و لـە جیـاتی دیوەخان و ژێر دەوار، لە فڕۆکەخانەکان دادەبـەزن و لـە جیـاتی ژێـر چـادر لـە ئـوتێلی دلگیر دەحەوێنـەوەو، لـە جیـاتی خـەرارو گونیـەو رەشـکەش، جانتایـان پێیـە.. هـەروەها شـتی تـریش.. بـەڵام ڕێـچارەکەی، کـە بـۆی دانـاوە هـەر خـۆی نەخۆشـی تـری کوشـندەی لـێ دەبێتـەوە! چونکە ئـەو بـۆ نمونـە پێوەرێـك بـۆ نــەریت و رەفتــارو رەوشــت پێــشنیار دەکــات، کــە نــاوی دەنــێ (ڕێــژەیی رەهــا : النــسبة المطلقــة) زۆر دژوارە، ئــەو دەڵــێ بــا هەرچــی ئــەوەی پێــی دەوترێــت ئیـنحیراف و بـەد رەوشـتی - مـادام خزمـەتی بەرهـەم هێنـان دەکـەن - بـا هـەر بمێنن، ئەوانەی وەکو رەوشتی نامۆیە، یـان لادانـە، یـان شیرازە پـسانی خێزانـە،

یان پسانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیەکانە، یان داهێنانی دەزگاکانی دایەنگەیە، یان منداڵ لەدایك کردنە بە کۆمەڵ! یان هاوسەرێتی کاتیی و رەحم بە کرێدانە، یان فرۆشتنی مەنی و رێدانە بە نامۆیی سێکسیی خێزانی، یان دۆستایەتیی کاتی یان.. با ئەمانەو هاوشێوەیان هەر بمێنێت، بەڵام با لە خزمەتی بەرهەم هێنان و کارکردندا بن..[١].

ئەگەر لە ئەلڤین تۆفلەر بترازێین و، بێینە سەر نەخشەو پێشنیاری بیرمەندە بەناوبانگەکانی تریش، وەکو تیۆدۆر رۆزاك و دانیال بیل و فریتز شۆماخەرو دێڤید بیربەڵ و رینیێ دۆبۆ.. هەر دەبینین چارەسەرەکانیان کەم و کورت بینە! هەمویان لە ناساندنی خاڵە لاوازەکان و سیمای دیاردە ناقۆڵاکانی تەنگژەو قەیرانی (رۆشنبیریی و نەریت)دا سەرکەوتون، بەڵام لە هەمو چارەسەرەکانیان هەر هاوارو ئینزارو ئاگادار کردنەوەو بانگهێشت کردنی بەرپرسانی کۆمەڵگەکانە بۆ رەنج یەکخستن و هاریکاریی زیاتری نێو خۆیان، تا شێوازی نوێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بدۆزنەوەو، لەبەر رۆشنایی رۆشنبیریی نوێ، ناسینی رۆشنبیری گەلان و ئامادەباشییان بۆ وەرگرتنی جێگرەوە (بدیل) (ی شیاو بۆ کۆمەڵگاکانیان نەخشە دارێژن..[٢].

دەستەی سێیەمیش لەو نێوانەدا هەیە، کە بە (واقیعییەکان) دەناسرێن، ئەمانە لەو ڕوانگەوە، کە مانەوە بۆ بەهێزەکانەیان لە ڕوانگەی ئەوە، کە پێی دەوترێت: (داروینیزمی کۆمەڵایەتی) دەڵێن : ململانێی ناوەکی و شەڕوشۆڕو جەنگی دەرەکی شتێکی سروشتییە، بۆیە بەردەوام هەنجەت بۆ شەرعێتی و هەقیانەتیی دەهێننەوە، لە دیدی فەلسەفی ئەمانەوە، ململانێ و جەنگ و کوشتارو وێرانکاریی شتێکی ئاسایین، بۆیە لە ڕوانگەی ئەمانەوە ئەو کەسەی لاواز بوە، جا لە شەڕدا بەزیوە، یان توشی کارەساتی سروشتی، وەکو لافاو

---

[١] Future Shock ,p.p.٩٥-٢٦٥. : Alvin Toffler

[٢] بڕوانە چاپی دوەمی (فلسفة التربية الاسلامية) ی نوسەر لا ٥٧ ـ ٦٣ و ٢٥٨..

بومەلەرزە بوە، یان بە شکست و زیانێکی ئابوری لاواز بـوە، ئـەوە چارەنوسـێتی و پێویستە پێی قبولْ بێت و تەسلیمی ئەو بەسەرهاتە واقیعیەی ببێت..[١]

کە بە وردی سەرنج دەدەینە نەخشەی فیکریی جیهانی سەردەم، جیهانی گوندەکەی گۆی زەمین کە کیشوەرەکانی بونەتە گەڕەکی گوند و نەتەوەو، گەلەکانی بونەتە خێزان و ولاتەکانی بونەتە خانو و ماڵی گوندیی! رێیەکی دەربازبون غەیری باوەڕ بە خوا هێنان بە پێی دیدی ئیسلام نابینینەوە، تا ئەم مرۆڤایەتیە (ناسنامە) ی خۆی و (رەگەزنامە) ی خۆی و (رۆشنبیریی و کلتوری) خۆی لێوە وەربگرێت.. تەنها ئیسلام هەیە نەریتی پارسەنگی تەقوا بۆ ئەو دەشتەکییە خێڵەکیە نوێیانەی سەردەم فەراهەم بهێنێت و، لە هەر شوێنێك لایاندا لێی وەرگرن و پێی تێر بن، تا بە رۆح پاکیەوە بەرەو ئاستی بالآیان ببات و، وایان لێ بکات هەست بەوە بکەن، کە خوای کردگارو کارزانیان هەمیشە لەگەڵدایەو ئەو چاودێری هەمو ساتێکیانە، کە پێویستە ئەمانیش ئەو هەست و هۆشەیان هەمیشە لە ناخدا بێت، کە خوای گەورە چاوی لێیانەو هەمو رەفتارێکیان لەسەر حسێب دەکات. ئەو خوایەی کە پێیان دەفەرموێ :

(وَهُوَ مَعَكُمۡ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡۚ ) الحديد/٤ واتە : لە هەر کوێ بن خوای گەورەتان هەر لەگەڵدایە. یان : (وَنَحۡنُ أَقۡرَبُ إِلَيۡهِ مِنۡ حَبۡلِ ٱلۡوَرِيدِ ) ق/١٦ واتە ئێمە لە رەگی لا ملی لێی نزیکترین..

سێیەم : رۆڵی پەروەردەکردن لە دارشتن و بەرهەمێنانی تاکی موسوڵمان و، گەشەپێدانی گیانی هێنانە دی داواکاریەکانی باوەڕ لە کێشەکانی (ناسنامە) و (رەگەزنامە) و (رۆشنبیریی و کلتور) :

لە مێژوی پەروەردەی ئیسلامیدا، دو رێگا هەیە بۆ دارشتن و بەرهەمێنانی تاکی موسوڵمان و گەشەپێدانی گیانی هێنانە دی داواکاریەکانی باوەڕ لە کێشەکانی (ناسنامە) و (رەگەزنامە) و (رۆشنبیریی و کلتور) دا :

---

[١] بڕوانە (أهداف التربية الاسلامية) ی نوسەر لا ٢٦٩، ٢٧١..

یەکەم : شێوازی پێغەمبەر ﷺ و ڕێبازی ئاڕاستەی خولەفای راشیدین.

دوەم : شێوازی قاڵبی فیکریی و پڕ کردنـەوەی بیرو مێشکی موسوڵمانەکە، بە ئاڕاستەیەکی نەزەریی دور لە کۆڕو کۆبونەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، واتـە دورەپەرێز لە هەڵس و کەوت و رەفتاری تاکەکان و پەیوەندیە گشتیەکانی نـاو کۆمەڵگەکە..

شێوازی یەکەم: بە پێی وەحیی خوایی بو، کە هەنگاو بە هەنگاو ئاڕاسـتەی پێغەمبـەر ﷺ و یـاوەرانی دەکـرد کـە چـۆن سـەرنج دەدەنـە کـارو ئاسـەواری کارەکانی خوای گەورەو شارەزای ڕێساکانی گـەردونی دەبـن و، جاربۆجار خـۆی لەگــەڵ دەســازێنن، تــا بۆیــان دەبێتــە دیــد ڕونــی و چــاوکرانەوە، ئینجــا یاریدەدەریان دەبێتەوە، لە داڕشتنی ڕێسای ئاڕاستە کۆمەڵایەتی و سیاسـیەکانی کۆمەڵگەکەیان.. ئەم شێوازە دڵ و دەرونی وەرگرەکەی ئامادە دەکرد، کە لەگەڵ بەڵگـەو نیـشانەکانی خـوای گـەورەدا (ئەوانـەی هـی ئاسـۆو دەرونــن - الآفـاق والأنفــس) ڕەفتــاری ڕۆژانــە بکــات، بــەردەوام لــە رەدو بەدەلــدا بێــت، تــا بەرهەمەکەی، کە (یەقین) ە بەدەست دەهێنێت، ئینجا دەکەوێتـە سـەر هێڵـی (ئیمان) بەو وەحیەی، کە بۆی دێت.. پوختەی ئەنجامی ئەم رەفتارانـە وەك لـە دڵ و دەرونـدا کۆدەبونــەوە لــە واقیعــی کۆمەڵگــە مرۆڤایەتیەکەشـدا دەبونـە زەخیرەیـەکی ئـەزمونی سـەرکەوتو، کـە پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکانیان لەسـەر بنیـات دەنـرا، ئـاوا مەیـدانی فیکـرو رۆشـنبیریی وسیاسـەت وئـابوری وهونـەرو بیناسازیی کۆمەڵ ئاڕاستە دەکرا، دەرئەنجامە کۆتاییەکەی ئەم ئاڕاستەو رەنجـە دەبوە ئەو چەپۆکە عەمەلییەی، بتی زەمانەی پێ تێك دەشکێنرا.. ئەو بتانـەی لـە پێنـاوی بەرژەوەنـدی خۆیـان و خانـەوادەو چـین و تـیرەو هـۆزو ناوچـەو نەتەوەکانیاندا، یاریـان بـە چارەنوسـی مـرۆڤ دەکـردو (رەگەزنامـە) یـان بۆیـان دیاری دەکردن و، ئاستی (چین) و (کلتور)یان بۆ خاوەنێتی و پلەوپایەو هەبون، یان نەبونی خەڵکی کۆمەڵگەکان دادەڕشت!

باوەڕهێنـان بـە خـوای تـاك و پـاك بـۆ ئـەوە بـەو شـێوەیەی هـات، تـا ئـەو قەناعەتــە لــە نــاخی خەڵکەکــەدا بــچەسپێنێت، کــە هــەرخوای گــەورەی

پــەروەردگارو سەرپەرشــتی جیهانیانــە، هــەر ئــەو خاوەنیانــە، هــەر ئــەویش ڕێنمایی خەڵکی بەرەو ئەو ڕێبازە ڕاستەی خۆی دەکات، کە هەر هــەمو خــەڵکی ئیمانــداری دەگەیێنێتــە ئاســودەیی و هێمنیــی.. بــۆ ئــەوە بــەو شــێوەیە هــات تــا دەســتی دەســەڵاتداریی ئــەو بتانــە ببڕێــت کــە خۆیــان کــردوە بــە خــاوەن و سەرپەرشتیاری دیاری کردنی (ڕەگەزنامە) و (چین) و (کلتور) ی بتپەرستیی! بۆ ئەوەبەو شێوەیە هات، تـا نـەهێڵێت ئـەو ئایـدیۆلۆژیا بتپەرستیانە، یاسـاو ڕێساو دەستورو سیستمی سیاسی و تەونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، بە پێی بەرژەوەندی خۆیان وا ڕایەڵ کـەن، ڕێ بـدرێن تـەدەخول بکەنـە هـەمو گۆشـەو کـەنارێکی ژیـانی خەڵکەکـەوە، تـەدەخول بکەنـە چۆنیەتی چین و چارەنوسـی هەموویانەوە، ئینجا بە کەیفی خۆیان و بە گوێرەی حەزو ڕقی خۆیان ئەم بەرز کەنەوەوئەو داگرن، یان ئەم لە نـازو نیعمـەت هەڵکێـشن و ئـەویش نـابوت، یـان (بە پێی دیدی کورت و لێڵی خۆیان) ئەم بژێنن و ئەو بمرێنن..

باوەڕ هێنان بە فریشتە بۆ ئەوە بەو شێوەیە هات، کـە لـە نـاخی تاکەکانـدا هەست بـە چـاودێریی نـاوخۆیی بکـەن، تـا قەناعـەتیان لا دروسـت ببێـت، کـە فریشتانێکی خوای گەورە هەن، بەردەوام سۆراغیان دەکەن، بە دویانەوەن، هـەر گوفتــارو کردارێــك ئــەنجام بــدەن، ئــەمان لەســەریان تۆمــاری دەکــەن، هــەر چالاکیەکی چاك، یان خراپیان لـێ دەرکـەوێت، لەسـەریان دەنوسـرێت و دوایـی، یان پاداشـتیان لەسـەر وەردەگرنـەوە، یـان سـزایان لەسـەر وەردەگـرن.. ئەمـەش هەستێکی ناخیی ئان و ساتیی تێدا خەلق دەکردن، کە لـە ئاشـکراو پەنهانیانـدا ئاگاداربن و بە ئاڕاستەی ئیمانەوە پابەند بن..

بـاوەڕ بـە کتێبـە ئاسمانیـەکانیش ئـەوەی لـە ناخـدا دەڕوانـدن، کـە هاتنـە خوارەوەی ئەم پەیامانە چەند پێویست بوە بۆ ڕاست ڕۆیی کۆمەڵگەکان، چەند گرنگیشن لە ئاڕاستە کردنی ڕەفتاری هەمەجۆری ڕۆژانەی تاکەکاندا.

باوەڕ بە پێغەمبەران ئەوەی لا دروست دەکردن، کە هەبونی ئەو پێغەمبەرە بەڕێزانە لە ناو ئـەو کۆمەڵگانـەدا چـەند پێویـست بـون، چـەند نمونـە بـون بـۆ

ئەوەی چاویان لێ بکرێت و شوێن پێیان هەڵگیرێتەوە، پەیامەکانیان وەك ئەو زاتانە هێناویانەو چەسپاندویانە وەربگیرێت و، خەڵکی لەسەر پەروەردە بکرێتەوە، ئەمە بۆ مانەوەی وەچەی مرۆڤایەتی خۆی گرنگ و پێویستە..

باوەڕ هێنان بە ڕۆژی دوایی، بۆیە بەو شێوەیە هات، تا هەستی مەسئولیەت لە ناخی تاکی موسوڵماندا بڕوێنێت، تا هەمیشە هۆشی ئەوەی لا بێت، کە لە داهاتودا لێی دەپرسرێتەوە، لە هەمو ئەو راسپاردانەی پێی دراوە، لە هەمو ئەو فەرمانانەی بەسەریدا دراوە، لە هەمو ئەو بەرهەڵستیانەی لێی کراوە، لێی دەپێچرێتەوە، لەسەر هەمو ئەو مەسئولیەتانەی لە ژیانی دنیایدا خرانە سەرشانی موحاسەبە دەکرێتەوە..

باوەڕ هێنان بە قەزاو قەدەر بەو شێوەیەی، کە ئیسلام هێنای، بۆ ئەوە بو، تاك و کۆی موسوڵمانان ئەوەیان لە ناخدا بچەسپێت، کە دەبێت لەگەڵ سیستمی گشتی و ڕێسای خوایی گەردونیدا هەڵکەن.. تا هەست بە (بیری یاساو ڕێسایی) هەبون بکەن و، نەکەونەوە ژێر کاریگەریی دیدی لێڵ و بیری وێڵی بتپەرستیی و هاوەڵ بۆ خوا پەیدا کردن، تا زیوانی بتەکان وزەو ئارەزوی ئەمان دەستەمۆ نەکەن و بۆ خۆیان و بتەکانیانی بەگەڕ نەخەن! تا لەوە دڵنیا بن و قەناعەتیانی لەسەر بنیاتنێن، کە هەمو شتێك بە پێی زانست و ویستی خوای گەورەیەو هەمو شتێکی بە پێی قەدەری خۆی (کە یاساو ڕێسایە) دروست کردوە.. ئەم شێوە باوەڕو قەناعەت کردنە، خاوەنەکەی دەخاتە سەر بیر کردنەوەیەکی زانستیانەی پارسەنگ و بەرنامەڕێژیەکی گونجاو، بۆ هەمو هەڵس و کەوت و ڕەفتارەکانی ڕۆژانەی، بۆ هەمو بڕگەیەکی دەستورو سیستمی سیاسی و ئابوری، بۆ هەمو بەندو خانەیەکی هەڵسەنگاندن و نەخشەو پلانی تاك و کۆ.. تا ئەوە لە دیدو قەناعەتیاندا بچەسپێنێت، کە رەفتاری باش، دەرئەنجامی کۆمەڵایەتی باشی لێ دەکەوێتەوە، ڕەفتاری خراپیش دەرئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە، واتە هەمو دیاردە چاك و خراپەکانی تاك و کۆی هەر کۆمەڵگەیەك لە رەفتارەکانیانەوە دێت، حەق ئاوایە، نەك ئەوەی خاوەن دەسەڵات و پارەدارە ملهوڕەکان دەیڵێن و دەیانەوێت لە ناخی خەڵکیدا بیکەنە

قەناعـەت، کـە ئـەوان هۆکـارو خـاوەنی دەرئەنجامـە چاکەکانن! ئـەوان هۆکـاری گۆڕانکارین و ئاسودەیی بەوانەوە بەندە! نەخێر.. دەبـێ بـە پێـی بـاوەڕ هێنـان بە قەزاو قەدەر، وەکو کە لە پێناسەی ئیسلامەتیدا هەیە، قەناعەت لەسەر ئەو حەقیقەتە دامـەزرێت، کـە هـەر کاتێـك دەسـەڵات و سنوری ملهوڕان بـە یاسـاو رێـسایی گـەردون، کـە خـوا بـۆی دانـاون کێـشرا، دەرئەنجامەکـە نەهامـەتی و کوێرەوەریی و زیان و سەرنەکەوتن دەبێت.

## ئەمما شێوازی دوەم: شێوازی قاڵبی فیکریی و پڕ کردنەوەی:

واتـە : لـە قاڵبـدانی بـیرو دیـدو تێـڕوانینی خـەڵکی، بـە دەر لـە کـۆڕو کۆمـەڵکاری و بزاڤـی بەشـەرییانە! ئەمـەش لـەو زەمانـەدا رویـدا، کـە پیـاوانی سیاسـەت و دەسـەڵاتدارانی حـوکم، پیـاوانی شـەریعەتیان خـستە ژێـر رکێفـی خۆیانــەوە، یــان کــەنارگیرییان کــردن و، نەیانهێــشت دەزگــا پەروەردەییــە ئیـسلامیەکان رۆڵـی خۆیـان لـە ئاراسـتەی کۆمەڵگـەدا ببیـنن، بـە تایبـەتی لـە مەیدانی سیاسەت و سامانی گشتیدا، ئیتر لەو زەمانـەوە دەزگا فێرخوازیـەکانی ئوممەت خـەڵکی تـەڵقین دەدەدەن، کـە موسـوڵمان کێیـەو ئیـسلام چیەو حـاکم کێیەو حـوکم چییە! ئـەو فیرقەیـە کێیـەو ئـەو ئیعتیقـادە لـە دیـدی ئیـسلامدا چۆنە! تا وای لێ هات، کە ئەم پێناسەو حوکمەی ئەو سەردەمی لەقاڵبدانە، بوە پێناسـەو حـوکمی ئـەو کـەس و دیـدو فیرقانـەی، کـە لـەو سـەردەمانە و لـە زەمانەکانی دواییدا هاتن و دروست بـون! لـەو شـوێنەو لـە هـەمو وڵاتـانی تـری موسوڵمانان بوە حوکمی نەگۆڕ!! ئەم شێوازی ئاڕاسـتە کردنـە تەڵقینییـە، هـیچ ئیعتیمادێکی بە درێژایی مێژوی خۆی نەکردە سەر تەجروبەو تاقی کردنەوەی ئاسۆو دەرون (الآفاق والأنفس)، بەرهـەمی ئـەم ئاڕاسـتە کردنـەش ئەوەیـە، کـە دەبینیـت پێناسـەیەك، یـان ڕایـەکی عەقائیـدی چەسـپاوی نـەگۆڕ دەربـارەی کەسـێك، دیـدێك، گروپێـك دروسـت بـوەو، بـوە بـە بەڵگەنەویـست و قـابیلی

پێداچونەوەو ئاڵوگۆڕ نەماوە!! ئینجا کۆکراوەی ئەم جۆرە پێناسەو حوکمانە، لە دو تویی کتێبدا کۆکرانەوەو پێیان وترا (باسەکانی عەقیدە)! وشەی عەقیدەش ئەو مانایە دەچەسپێنێت، کە ئەم باس و بابەتانە دان پیاهێنراون، کە باس و خواسی تر هەڵناگرن، و بون بە بەڵگەنەویستی دینداریی دروست و ڕەسەن و بواری موناقەشە کردنیان نەماوە! هەرچەندە وشەی عەقیدە، نە لە قورئاندا هاتوە، نە لە سونەتدا.. چونکە قورئان باس لە باوەڕ دەکات، ئینجا کە زۆر دەچەسپێت و دەبێتە بەڵگەنەویست، ناوی دەنێت یەقین (کە لە کوردیدا کراوە بە دڵنیا بون).. یەقین و وشە داتاشراوەکانی تر لێی ٢٨ جار لە قورئاندا هاتون، بۆ نمونە :

- (قَدْ بَيَّنَّا ٱلْـَٔايَـٰتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ ) البقرة/ ١١٨ واتە : بە تەئکید بۆیە ئەم بەڵگەو نیشانانەمان رون کردۆتەوە، تا ئەو خەڵکە لێی دڵنیا ببن..

- (مَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّ ۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًۢا ) النساء / ١٥٧ واتە : ئەوانە بەراستی هیچ زانیاریەکیان دەربارەی نیە، هەر گومان پێ بردن و ڕەمڵ لێدانە، ئەگینا بە دڵنیاییەوە دەڵێین، کە ئەوان نەیانکوشتوە. (مەبەست لە جولەکەکانە، کە سەییدنا عیسایان نەکوشتوە، وەکو باوەو باس دەکرێت..).

ـــــ ( وَكَذَٰلِكَ نُرِىٓ إِبْرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلْمُوقِنِينَ ) الانعام / ٧٥ واتە : ئێمە هەر بەو شێوەیەش دیاردە گەردونیەکانی ئاسمان و زەوی نیشانی ئیبراهیم دەدەین، تا بچێتە ریزی ئەو کەسانەوە، کە یەقینی تەواویان هەیەو دڵنیا بونەتەوە..

- (يُفَصِّلُ ٱلْـَٔايَـٰتِ لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ رَبِّكُمْ تُوقِنُونَ) الرعد/٢ واتە : نیشانەو بەڵگەکان بە دورودرێژی باس دەکات، تا یەقینتان بە دیداری خوای گەورە لا دروست ببێت.

جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان (ئیعتیقاد یان عەقیدە) و (یەقین).. ئیعتیقاد : قبوڵ کردنی بیروباوەڕو تەسلیم بونە بە راستی ئەو بیروباوەڕە،

هۆی دروست بونیشی پێکەوە گونجانی شێوازێکی (تێگەیشتن) و (حەز) ێکی خاوەنەکەیەتی، جا ئیتر حەزەکە لەو شێوازە تێگەیشتنە سلبی بێت یان ئیجابی، لەمەوە بیروباوەڕێکی سلبی، یان بیروباوەڕێکی ئیجابی دروست دەبێت، دەشێت ئەم وەسف و باسە بەم هاوکێشە زیاتر رون بکەینەوە :

بیروباروەڕێکی (ئیجابی) + شێوازێکی تێگەیشتن = حەزێکی ئیجابی.

بیروباروەڕێکی (سلبی) + شێوازێکی تێگەیشتن = حەزێکی سلبی.

کەوابو تەسلیم بون بە ئیعتیقادێك، یان وەرگرتنی بیروباوەڕێك بریتیە لە حەزێکی دەرون لەو باس و بابەتانەی، کە ئەو ئیعتیقادە، یان ئەو بیروباوەڕەی پێ پێناسە کراوە، بێ گوێدانە هەبونی بەڵگەو بێ سەلماندن! ئەو وەلائە مەزهەبی و تائیفیانەی، کە لە خەڵکیدا دروست بون لەم روانگەو زەمینەوە بون، پاڵنەری وەرگرتن و وا باوەڕ کردن، کە بەڵگەنەویستن و موناقەشەیان نابێت لەسەر بکرێتەوە بە هۆی حەزی نەفسەوەو بوە، ئێستاش ئەو جۆرە مەیل و حەزەیە، کە کارتێکردنی لەسەر وەلائی ئەندامی گروپ و حزب و کۆمەڵە ئیسلامیەکانی سەردەم هەیە.. چونکە زۆرینەی ئەندامی ئەو گروپ و حزبانە بێ ڕون بونەوەی بەڵگەو بێ سەلماندن بون بە ئەندام کەوتونەتە ڕێ!!

بەرهەمی کۆتایی ئەم ئیعتیقادو بیروباوەڕەش ئەوەیە، کە مرۆڤێك وەبەرهەم دێت، کە پێشتر پێناسەو حوکمێکی بێ بەڵگەو سەلمان لەسەردا خەزن کراوەو، لێی کراوە بە موسەوەللەمات و لە ڕوانگەی ئەوەوە دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی! بینایی خۆی پێشتر بەستوەو ئینجا دەڕوانێت، گوێی خۆی ئاخنیوەو دەشیەوێت شتی نوێ ببیستێت! ئیدی حەتمەن دژی هەمو ڕاو بۆچون و پێناسەو حوکمێك دەوەستێتەوە، کە پێچەوانەی ئەو ئیعتیقادەی خۆی بێت، کە لە مێشکیدا چەسپیوە، ئەمەش واتای گوێ نەگرتن لە ڕاوبۆچونی بەرامبەرو، مانەوەی ئیختیلافات و راجوێیی و سەرکێشان بۆ ناکۆکی زیاترو پەرتەوازەیی زۆرترو، تەعەسسوبی زیاتری مەزهەبی وحزبی.

ئەمما یەقین و دڵنیایی: ڕازی بون و قەناعەت کردنی ناخی دڵ و دەرونە، کە لە ئەنجامی پێکەوە گونجانی وەحی خوایی لەگەڵ تاقی کردنەوەو ئەزمونی بەرجەستەی مەیدانەکانی ئاسۆو دەرون (الآفاق والأنفس) دەچەسپێت، ئەمیش دەتوانین بەم هاوکێشە ڕون کەینەوە :

تێڕوانینی ژیریانەی ئایەتی وەحی + ئەزمونی ئاسۆو دەرون = یەقین.

کەوابو دڵنیابون (یەقین)، بەرهەمی تێپەڕاندنی کەسێکە بە ڕاڕەوی پەروەردەیی (پەروەردەکارێکی پسپۆڕ) کە لەوێدا هەست بە موعجیزەی گەردونی دەکات، لە هەمان کاتیشدا ئاڕاستەی دەرونی دەکرێت بۆ ڕەفتارو خەملانی کۆمەڵکاریی! ئینجا هەمو دیدو تێڕامان و هەمو هەڵوێستێکی بە ئایەتەکانی وەحی خوایی، کە لە قورئاندا هەن بۆ هەڵدەسەنگێنرێت، تا حەقیقەتەکانی بون و ژیان و گەردونی بۆ ڕون دەبێتەوە..

ئەمەش مانای لەو کاتەی قورئان ئاڕاستەی دەکات، نیشانە گەردونی و دەرونیەکان، یەقینی لا دروست دەکەن، هەروەها لەو کاتەی لە نیشانە گەردونی و دەرونیەکان دەکۆڵێتەوەو دەگاتە شتێك، ئایەتەکانی قورئان بۆی هەڵدەسەنگێنن، کە ئەو شتەی ئەو گەیشتۆتێ حەقیقەتە، یان ماوێتی بیگاتێ!!

ئەو ئاستە کۆتاییەی، کە یەقین دەیەوێت و خەڵکی بۆ بەرز دەکاتەوە، ئەوەیە، کە مرۆڤێکی ئیماندار وەبەرهەم بێت، کە (یەقین) ی لا دروست بوە، کە ئەوانەی باوەڕی پێ هێناون حەقیقەتی گەردونین، ئینجا بەم باوەڕو یەقینەوە دەتوانێت لە هەمو کات و شوێنێکدا هەڵکات و بژی.. لەم تاکە دڵنیایانەشەوە ئوممەتێکی موسوڵمانی خاوەن یەقین پێك دەهێنرێت، کە یەکیان گرتوەو پەیامێکی خواییان ناوەتە سەر شان و بە مرۆڤایەتی دەگەیێننەوە..[١]

---

[١] ئەو ئیعتیرافە بۆ خوێنەری بەڕێز دەکەم کە جوێ کردنەوەی یەقین لە عەقیدە لەم باسەمدا جیاوازی هەیە لە کتێبەکانی ترمدا کە پێشتر لەسەر عەقیدە نوسیوبومن، هۆیەکەشی ئەو (تۆبەی فیکریی) ەمە کە ماوەی چەند ساڵێکە تێیدا دێم و دەچم، کە گەیاندومێتیە ئەوەی، بە زۆر بە (چەمك) ەکاندا بچمەوە..

لـە ڕوانگـەو زەمینــەی ئــەم ڕەســەنکردنەوەی ئیمـان و یەقینەوەیــە، کــە دەڵێین: بۆ ئەوەی سەر لە نوێ تاکی موسـوڵمانمان بـۆ بەرهـەم بێتـەوە، دەبێـت پــەروەردەی ئیــسلامی و ئاڕاســتەوانیمان ئیعتیمــادی تــەواو بکاتــەوە ســەر ڕەسەنکردنەوەی دیدو تێڕوانیەنەکان، ئەمیش چەندین شێوازو مەیدانی خۆی هەیە لەوانە :

١ـ ڕەسەنکردنەوەو داڕشتنەوەی (ناسنامە) ی مرۆڤ سەرلەنوێ و، دۆزینەوەو بەگەڕ خستنی خێرخوازیەکەی ناخی، لەگەڵ سود وەرگـرتن لـە بەرهەمـەکانی دەروونناسـی ئـەمڕۆ، کـە هـەمویان نیـشانەکانی دەرون پێناسـە دەکەنـەوە، هـەر وەکو لە پێشودا باس کرا..

٢ــ ڕەســـەنکردنەوەو داڕشـــتنەوەی ســـەرلەنوێی شـــێوازەکانی چـــۆنیەتی پەروەردەو ئاڕاستەی تاکی موسوڵمان بە شێوەیەکی وا، کە لە ڕەفتارو تەفاعولی ڕۆژانەدا بێت لەگەڵ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، تا لە هـەمان کاتـدا هەسـت بـە سازاوی و گونجاویی ئەو ئایەتە ئاڕاستەوانیانەی قورئان بکـات، لەگـەڵ نیـشانەو بەڵگە گەردونیەکان و دەرونیەکان، لەگەڵ بـەرەو پێشـچونی زانـستی سـەردەم و داهێنــان و دۆزینەوەکانــدا، هەســت کــردن بــەم دو جــۆرە نیــشانەو بەڵگانــە (ئەوانــەی قورئــان و ئەوانــەی ئاسـۆو دەرون) زیـاتر دەبـن و، یـەقین باشـتر لـە ناخی موسوڵماندا دەچەسپێنن، لەم دوانەشـەوە یـەقینی تـەواو دروسـت دەبێـت بەوەی، کە ئەم قورئانە شیاوی هەمو کات و شوێنێکە..

٣ـ ڕەسـەنکردنەوەی سـەرلەنوێی بـاوەڕو بـاوەڕ هێنـان، تـا ببێتـەوە مایـەی گەشەو نەشونمای خواپەرستی و کۆمەڵکاریی، تا بۆ کۆمەڵگەکە ببێتە وزەیـەکی ئیجابی گۆڕانکاریی، تـا بـە تـەنها لـە دروشمـە پەرستنەکاندا گیرنـەخوات و، وا بزانرێـت خواپەرسـتی هـەر ئـەو دروشمانـەن.. نـا، دەبێـت بـاوەڕو یـەقین ببنـە تەوەری خولیای کۆمەڵگەکەو ورەو وزەی ڕۆژانەی ڕەفتاریان، نەبادا ببێتە باسو

خواسێکی غەیبی دور لە کۆمەڵگەو تەفاعولاتی رۆژانەی، تا لە قۆناغەکانی ئەم مرۆڤایەتیە، کە بەرەو خوای گەورەیە دانەبڕێت..

٤ـ دارشتن و رێکخستنەوەی ئەو هاوکێشە عەمەلیانەی، کە کارتێکردنیان لەسەر باری کۆمەڵایەتی مرۆڤ هەیەو، پێیان ئاراستە دەکرێت و هەڵسەنگاندنەوەیان بە (کلتور)ی ئیمانی، لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی سەردەم و پێداویستیەکانی کات و شوێنی نوێ، چونکە ئاراستە ئیسلامیەکان هەرچەندە ئاراستەی گشتین، بەڵام بواری تەواویان بۆ بیرو ژیریی مرۆڤ هێشتۆتەوە، تا نیعمەتەکانی خوای گەورە دەرك پێ بکات لە ئیجتیهاد کردنیدا لە لێکدانەوەی ئیمانیانەی هاوکێشەکاندا! مادام بە شێوەیە کە باوەڕ زیاتر دەچەسپێنێت، ئیسلام دەیەوێت ئەو ئیجتیهادە ببێتە داب و نەریت و سیستمێکی سیاسی و ئیداری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و سەربازیی، لە هەمان کاتیشدا دەزگاو دائیرەی تایبەت بە هەر لایەنێکیانەوە بۆ دابمەزرێت تا بتوانرێت ئەو ئیجتیهادە مرۆڤییانە بخرێنەوە خزمەتی کۆمەڵگەکە، بەڵام مەرجە لە سەرەتاوە (ناسنامە) و (رەگەزنامە) و (رۆشنبیریی و کلتور) و (تەوەری وەلاو) ی مرۆڤەکە بە شێوەیەکی رۆشن دیاری کرا بێت، کە لەگەڵ قەدەری خوادا یەکیان گرتبێتەوە لەگەڵ یاساو رێساکانی، واتە لەگەڵ قورئان و سوننەتدا، بێ ئەوەی هیچ رەگەزپەرستی و دەمارگیریی و هیچ جۆرە شانازی و خۆهەڵکێشانێك هەبێت بە بنەماڵەو رەنگی پێست و نەتەوەو ناوچەو بەرژەوەندیەکی ئابوریەوە..

٥ـ پەروەردە کردنەوەی گەنجەکان و غەیرە گەنجەکانیش بە شێوەیەکی عەمەلیی لەسەر (ناسنامە) ی ئیمانداریێتی و (رەگەزنامە) ی ئیمانداریێتی و کلتوری (ئیمانداریێتی)، ئەوەش بەوە دەبێت، کە دەزگا فێرخوازیەکان، چالاکی و هاوکێشە کردەوەییەکانی باوەڕو یەقین بخەنە بەرنامەی ژیانی رۆژانەی فێرخوازان، تا وەکو مومارەسەی ژیان بکەن و لەسەری گەورە ببن و پەیوەندی

کۆمەڵایەتی ناو خۆیانی لەسەر دابڕێژن، تا نەوەی نوێ ئەم چەمکانە لە واقیعێکی زیندودا ببینێت و، لە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداریی خۆیدا بە جێبەجێ کراوی بیانبینێت.. دەزگاکانی پەروەردەکردن حەتمەن دەبێت هەستی بەرپرسێتی دەربارەی داواکاری و داخوازیەکانی (ناسنامە) ی ئیمانداریێتی لە ناخی ئاڕاستەوانانیاندا، ئەوەندە تێروتەسەل بچەسپێنن، کە ئەوانیش بتوانن گەشە بە فێرخوازەکانی بەردەستیان بدەن و لە کەش و هەوایەکی ئیمانداریێتی وادا پێیان بگەیێنن، کە لەوانیشدا گەشەی بیری و بەڵگەی ژیریی وا بچەسپێت هەست بە مەزنی دیمەنەکانی (ناسنامە) ی ئیمانداریێتی بکەن، ئەوەندە سور ببن لەسەر پێوە پابەند بون پێوەی تا لە هەمو هەڵسو کەوتی ژیانیاندا وا عەکس دەبێتەوە، کە دەبێتە مۆرکی ناسینەوەیان..

دەبێ لێرەدا تەرکیز بکەینە سەر ئەوەی، کە نەهێڵین پەرورردە کردنەکە لە ئاڵقەیەکی تیۆری بئاخنرێت و هیچ چالاکیەکی عەمەلیی هاوڕێ نەخرێت! چونکە ئەمە ئەو جۆرە پەروەردەیە، کە زانایانی ڕەفتارو دەرونناسان ناویان لێناوە فێرخوازیی مەرجانە (التعلم الاشراطي) ئەویش لەو ئەزمونەوە هات، کە ئەو زانایانە تێبینی سەگێکیان کرد، کە مریشك هەر بە زیندویی دەخوات، ئینجا ئەوان مریشکێکی مردارەوە بویان بە گەردنەوە هەڵواسی، کە بەردەوام بۆگەنەکەی بەسەرو لوتیدا بڕوات، بە شێوەیەکیش بو، کە نەدەیتوانی لە کۆڵ خۆی کاتەوە نەدەشیتوانی لە بۆگەنەکەی رزگار بێت، ئەمە وای لێ کرد مریشك خواردنی بە زیندویی و بە مردارەوەبویی بەرچاو بکەوێت..

پەروەردەی تیۆریی بێ چالاکی عەمەلییش وایە، بۆگەنە، پێچەوانەی راست و دروست ئاڕاستە کردنە، چونکە وا فێرخوازەکە دەگەیێنێتە بێزاریی و مەلەل گرتن، دەیگەیێنێتە رەشبینیی و بێ ئومێدی، تا وای لێ دێت باوەڕی بەو بانگەوازانە نامێنێت، کە خەڵکی بۆ ئیمانداریی و تەقواو چاکەخوازیی و

خێرەومەندیی بانگ دەکەن، ئاخر لەبەر ئەم دژوارییی ئەم پـەروەردەو ئاڕاسـتە نوقسانەیە، کە خوای پـەروەردگار دەفـەرموێ : (كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُوا۟ مَا لَا تَفْعَلُونَ ) الصف / ٣ واتە : گەورەترین شتێك، کە خەشمی خوای گـەورە هەستێنێت ئەوەیە، کە شتێك بلێین و خۆتان کاری پێ نەکەن..

٦- دەرخستنی گرنگی کاملبونی تاکی مسوڵمان بە (ناسنامە)و (رەگەزنامـە)و (کلتــورو ڕۆشــنبیریی)و ڕونکردنــەوەی ئــەوەی، کــە جــوێ کردنــەوەیان لــە یەکتریی‌و لـە ئاڕاسـتە کردنـی تـاکی مـسوڵمان زۆر ئەسـتەمە، لێکدابڕانی هـەر یەکێکیان، یان بایەخ پـێ نـەدانی پـەروەردە کردنەکـە لاسـەنگ دەکـات، چونکە ئوممەت دەبێت (ناسنامە)ی مرۆڤ و (رەگەزنامە)ی مـرۆڤ بـۆ تاکـەکانی لەسـەر بنــەماکانی بــاوەڕو دینــداریی دیــاری بکــات، ئینجــا هــەر دەبێــت (کلتــورو ڕۆشــنبیریی) ەکەشــی لــەو دیــدو تێڕوانینەیــەوە بێــت، چــونکە ڕۆشــنبیریی ئوممەتەکـە، واتـە بـەهاو نەریتـەکانی، واتـە رەفتـارو رەوشـتی، واتـە سیـستم و یاساو رێساکانی، واتە پێناسەی خۆی بۆ چاکەو خراپە، واتە هونەرو فەلسەفەی جــوانیی و جوانکــارێتی، واتــە ئــەو خــەت و رێیــەی پەیوەندیــە سیاســی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆی لەسەر دادەمەزرێنێت، واتـە زۆر شـت و لایـەنی تـر، کـە هـەمویان هـەر دەبێـت مـۆرك و سیمای بـاوەڕدارێتی و تـەقوایان پێـوە بێـت و، تەنها لە سەرچاوە ئیماندارێتیەکەی خۆیەوە هەڵهێنجرابن..

ئەمما ئەو ئوممەتەی (رەگەزنامە) کەی بە گوێرەی تیرەگەریی، یا بـە پێـی ناوچـەگەرێتی، یـا بـە پێناسـەی نەتەوایـەتی و قـەومێتی دیـاری دەکـات، ئـەوە (کلتورو ڕۆشنبیریی) ەکەشی هەر لە جوغزی ئـەو دیـدە تەسـکەیدایە، ئەمەشـە تەفسیرو لێکدانەوەی ئەو هـەمو تەنگژەو فـەرق و جیاوازیانـەی، کـە لـە هـەمو وڵاتە ئیسلامیەکاندا لە نێوان موسـوڵمانانـدا دەبینرێت! مەگـەر لـە هەمویانـدا ئەو دژایەتیـەی نێوان نابینیـت؟! کـە لـە لایەکـەوە ئیـسلام وەکـو دیـنی خۆیـان رادەگـەێنن، کەچـی لـە هـەمو چـالاکیەکانی تـری لایەنـەکانی تـری ئیـداری و

سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و رەفتـارو رەوشـت و پەیوەندیـەکانی نێوانیانـدا، پێچەوانەی ئاڕاستەی ئیسلامەکە رەفتار دەکەن! هەر ئەم دژایەتیەیە، کە بۆتـە دوژمنداریێتی نێوان حکومەتانی ئەو وڵاتانەو کۆمەڵە ئیسلامیەکانیان..

٧ـ بەرهەڵست کـردن و رادانـی هـەر چالاکیەکی تـاك، یـان کۆمەڵگەکـە، کـە پێـچەوانەی (ناسـنامە) و (رەگەزنامـە) و (کلتـورو رۆشـنبیری) یـە ئیمانداریێتیەکـە بکاتـەوە، وەکـو پێناسـەی رەگەزنامـەو جـۆری کلتـورو رۆشنبیرییەکانی ئێستا لـە وڵاتـی موسـوڵمانانـدا بـە هـان دەدرێـت و بـە نـامۆیی تەشـەنەی پـێ دەکرێـت! هـەروەها هەرچـی لەسـەر بناغـەو بازنـەی ئـەویش دادەمـەزرێت، وەکـو کـاری ئیـداریی و هەڵوێـستی سیاسـی و کێـشەکانی سـنورو کاروباری ئیقامەو کۆچ کردن و سەفەرو کارو مافی خاوەنێتی و سەدان شـتی تـر، کـە هـەر یەکـەیان جۆرێـك فیتنـە لـە نـاو موسـوڵمانانـدا دروسـت دەکـات و، ئوممەتەکەشیان (لەت و پەت) دەکات..

ڕاسـتیش ئەوەیـە، کـە لـە کـاتی بەرهەڵست کـردن و ڕادانـی ئـەم هەڵانـەدا، ئاڕاستە بە پێزەکانی پێغەمبەری نازدار ﷺ رەچاو بکرێت لە چۆنیەتی ڕادانی (رەگەزنامـە) ی جـاهیلی و (کلتـورو رۆشـنبیریی) جاهیلیـدا، کـە هـەموی خـستونەتە ریـزی گوناحـە گـەورەکان (کبـائر)ەوە[١]، دیـسان دەبێـت بـەردەوام تەرکیز بکرێتەوە سەر ئەو ڕۆڵە پڕ ئاشوبە ڕوخێنەرەی سیستمی فێرخـوازی و بەرنامـەی کتێـب دانـان و دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن و دار النشـرەکان و رۆژنامەگەریێتی لە جیهانی ئیسلامیدا، لـە مـاوەی سـەدو قـسور سـاڵی رابـوردودا بینیان! کە بە هەمویان هەوڵیانـدا (رەگەزنامـە) و (کلتـورو رۆشـنبیریی) هێـزە ئیستیعماریە کافرەکان لە وڵاتی موسوڵمانان بەسـەر کۆمەڵگـە موسـوڵمانەکاندا بچەسپێنن! ئەوانەش، کە هەر ئەوان هەوڵیان دا تیرەگـەریی و ناوچـەگەرێتی و

---

[١] هەمو ئەوانەی لە ئیسلام پاشگەزبونەوە بە ئەعرابی بون ناساندوە، وەکو لە بەشی داهاتودا رون دەکرێتەوە ان شاء الله..

نەتەوەپەرستی شوێنی (رەگەزنامە) ی ئیمانداریێتی و (کلتورو رۆشنبیریی) ئیماندارانەی ئیسلام بگرێتەوە!! کە دواتر وای لێ هات موسوڵمان لە ژێر ئاڵایاندا بوەستێت، نەك هەر سرودی تیرەو هۆزو ناوچەگەریێتی و نیشتیمان پەروەرییان بۆ بڵێتەوە، بەڵکو بۆشیان ببێتە سەربازو لە پێناویشیاندا گیان ببەخشێت!! لەسەر ئەم ئینحیرافەشەوە ئەوەندە گێلانە حاڵی بو بێت، کە گیان بەخشینەکەی لە پێناوی خوادایە!!

بەراستی ئەم (رەگەزنامە) و (کلتورو رۆشنبیریی) یە ئیستیعمارییە نامۆیانە، کاریگەریی (ناسنامە) و (کلتورو رۆشنبیریی) ئیسلامیان نەهێشت! لە مەیدانی ئاراستەو پەروەردە کردنی تاك و کۆدا کار کەناریان کرد، لە مەیدانەکانی تری ئیداریی و سیاسی و وەلائی عەقائیدیدا سڕییانەوە!! هەر هەمو دیدو تێڕوانینە ئیمانداریێتیەکانیان کردە تیۆر و لە قاڵبیاندان، ئینجا لەسەر رەفەو تاقدا دایان نان، تا ئەو کاتانە بیانهێننەوە پێشەوە، کە دەیانخەنەوە خزمەت (رەگەزنامە) و (کلتورو رۆشنبیریی) تیرەو هۆزو نیشتیمان و نەتەوایەتی جاهیلیی خۆیان!! ئەو کاتانە وەك وزەی کاریگەر دەیانخەنەوە کار، کە سەرخستنی کەس و خانەوادەو هۆزو مەزهەب و ناوچەو نەتەوەکانیان دەخوازێت!!!

..........★★★..........

# بەنــدی پێنجــەم

# توخمی دوەم : کــۆچ و پەنــاکــۆچ

## بەشی یەکـــەم

## مانــای کۆچــکــردن

## بەشی دوەم

## گرنگی کۆچکـردن

## بەشی سـێیەم

## ڕۆڵی پەروەردە لە داڕشتنەوەی ڕوکــنی کــۆچ

# بەنــدی پێنجــەم

## توخمی دوەم : کۆچ و پەناجێی ( الهجرة والمَهجَر )

روکنی دوەمی پێکهاتەکانی ئوممەتی موسوڵمان کۆچ (هیجرەت) کردنـە، لـە کۆچ و پەناجێدا ئەو شێوازە نمونەییەی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەردەکـەوێت، کـە موسوڵمانان لە واقیعدا دەیهێننە دی. ژیانی کۆچ و پەناجێ بەرهەمی سروشـتی ئازاد بونی موسوڵمانە، لە کۆت و زنجیرە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و بەربەسـتە ماددیەکان، کە نەیاندەهێشت موسوڵمانان ژیـانێکی ئیـسلامی لـە کۆمەڵگەیـەکی موسوڵمانانەی خۆیاندا دامەزرێنن..

## بەشی یەکەم

## ماناکانی کۆچ کردن

کۆچ کردن واتە گواستنەوە. ئـەمیش بـە دو جـۆرە : گۆڕانکـاری دەرونـی و، گۆڕانکاری جەستەیی.

جەســتەییەکە واتــە: گواســتنەوە لــە کۆمــەڵگاکانی کــوفرو شــیرکەوە بــۆ کۆمەڵگەی باوەڕ. گۆڕانکاری دەرونی، واتە: یەعنی گواستنەوە لـە کلتـورو داب و نــەریت و رۆشــنبیری کۆمەڵگــەی ناموســوڵمان، بــۆ کلتــورو داب و نــەریت ورۆشـنبیری بـاوەڕ.. واتـە : واز هێنـان و خۆڕاپـسکان و داپـچڕان لـە عەقیـدەو رەوشـت و نـەریت و داب و رەسمـی ئـەو کۆمەڵگـە کافرانـەو، وەرگـرتنی بـاوەڕو پابەند بون بە دیاردە باوەڕییـەکان و جێبـەجێ کردنـی داواکارییـەکانی بـاوەڕ. بەم مانایەشە کە خـوای گـەورە دەفـەرموێ : (وَٱلرُّجۡزَ فَٱهۡجُرۡ) المـدثر/٥ واتـە : دور

کەوە لە بت وسوریش بە لەسەر وازلێهێنانی، هەروەها : (وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرٗا جَمِيلٗا ) المزمل/١٠ واتە : ئارام لەسەر ئەوە بگرە، کە دەیڵێن و بە رەفتاری جوان لێیان جویێ بەرەوە..یان : (فَـَٔامَنَ لَهُۥ لُوطٞۘ وَقَالَ إِنِّي مُهَاجِرٌ إِلَىٰ رَبِّيٓۖ ) العنكبوت /٢٦ واتە : لوط علیە السلام باوەڕی پێ هێنا (بە سیدنا ابراهیم ـ علیە السلام ـ) و وتی : من کۆچەری ڕووەو خوام.

ئەعرابییەك [١] دەربارەی کۆچ کردن لە پێغەمبەری ﷺ پرسی ئەی نێرراوی خوا، باسی کۆچمان بۆ بکە، با بزانین ئایا بۆ لای جەنابتە لە هەر کوێیەك بیت، یان بۆ لای خەڵکێکی ترە؟یان بۆ جێیەکی دیاریکراوە؟ وە ئایا ئەگەر جەنابت مردیت، ئیتر کۆچ کردنیش کۆتاییی پێ دێت؟ پێغەمبەرﷺ ماوەیەك بێ دەنگ بو. پاشان پرسی : (أينَ السَّائِلُ)؟ واتە : کوا کابرای پرسیارکەر؟ وتی: ئا ئەمەتا ئەی پێغەمبەری خوا. ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرموی : (الهجرةُ أنْ تَهْجُرَ الفَواحِشَ ما ظهَرَ منها وما بَطَنَ، وتُقِيمَ الصَّلاةَ وتُؤتيَ الزكاةَ ثُمَّ أنتَ مُهاجِرٌ وإنْ مُتَّ في الحَضَرِ) [٢] واتە : کۆچ کردن ئەوەیە، کە واز لە گوناح و خراپەکاری بهێنیت چ ئەوانەی ئاشکران، چ ئەوانەی پەنهانن. هەروەها نوێژ بکەیت و زەکات بدەیت، ئاوا ئەگەر لە شاریشدا نیشتەجێ بیت، هەر بە کۆچەر (موهاجیر) حسابیت.

---

[١] زۆر کەس بە هەڵە ئەعرابی بە (عەرەبی بیابان یان عەرەبی دەشتەکی) تەرجومە دەکات. ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەو زاڵمانەیە. چونکە قورئان، کە باسیان دەفەرموێ، وەکو چۆن دورووەکان وا باس دەکات، کە پۆلە خەڵکێکن و سیفەتی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەعرابیش وا باس دەفەرموێ کە پۆلە خەڵکێکن وخاوەنی چەندین سیفەتی تایبەتی خۆیانن. خۆ هەمو دەشتیەك ئەعرابی نییەو، هەمو شارنشینێکیش موسوڵمان نییە.

[٢] مسند احمد/ الساعاتي/ب٢/٢٢٤ ورواه البزار ورواه الطبراني. بەڵام شێخی ئەلبانی بە زەعیفی داناوە بڕوانە (الضعيفة : ٢٣٨٣). البزار ریوایەتێکی تری بە بێ (وان مت في الحضر) دێنێت و دەفەرموێ : احد اسنادي احمد، حسن.کە ئەمەیە : (الهجرة أن تهجر الفواحش ما ظهر منها وما بطن وتقيم الصلاة وتؤتي الزكاة فأنت مهاجر). مجمع الزوائد ب ٥ ژمارە (٩٢٨٩).

لە جێیەکی تریشدا دەفەرموێ : (الُمهاجِرُ مَنْ هَجَرَ السُّوءَ فَاجْتَنَبَهُ) [1] واتە : کۆچەر ئەو کەسەیە کە وازی لە خراپە هێناوەو توخنی ناکەوێت. هەروەها: (لا تَنْقَطِعُ الهِجْرَةُ حتَّى تَطْلُعُ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِها) [2] واتە : کۆچ کردن تەواو نابێت، تا ئەو زەمانەی خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵدێت..

پیاوێك لە پێغەمبەری پرسی ﷺ: کام کۆچ لە هەموان چاکترە؟ فەرموی : (أنْ تَهْجُرَ مَا كَرِهَ رَبُّكَ وهُما هِجْرَتانِ : هِجْرَةُ البادِي وهِجْرة الحاضِرِ. فهي أَشَدُّهَا وأعْظَمُهَا بَلِيَّةً) [3] واتە : کۆچ ئەوەیە دور بکەویتەوە لەو شتانەی خواکەت دەیبوغزێنێت. ئەوەش دو جۆرە : کۆچی لادێ و کۆچی شار. ئەمەی شاریان قورسترو پڕ کێشەو دەردەسەری ترە..

ئیمامی ڕازی ئەم پەیوەستییەی نێوان هەر دو جۆری کۆچ کردنەکەی باش ڕون کردۆتەوە، کە گوتویەتی [4] : (کۆچ کردن بەوە ئەنجام دەدرێت لە دار الکفرەوە بچێتە دار الاسلام. جاری واش هەیە هەر بریتییە لە وازهێنان و دور کەوتنەوە لە کردەوەی کوفرو ئەنجامدانی کردەوە ئیمانییەکان، هەر وەکو، کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : (الُمهاجِرُ مَنْ هاجَرَ ما نَهَى اللهُ عَنهُ) واتە : کۆچەر ئەو

---

[1] هەمان سەرچاوە/ل ٢٠٦.هەمو حەدیسەکە بەم شێوەیە : روى الإمام أحمد في مسنده عن عبد الله بن عمرو بن العاص رضي الله عنهما قال : سمعت رسول الله ﷺ يقول : أتَدْرُونَ مَنْ الُمسْلِمُ؟ قالوا : اللهُ ورسولُهُ أعلمُ.قالَ : المسلمُ مَنْ سَلِمَ المسلمونَ مِنْ لسانه وَيده، قالَ : أتدرونَ مَنْ المؤمِنُ؟ قالوا : اللهُ ورسولُهُ أعلمُ قالَ : المؤمِنُ مَنْ أمَّنَهُ المؤمنونَ عَلَى أنْفُسِهِمْ وأمْوَالِهِمْ ثُمَّ ذَكَرَ المهاجِرَ فقَالَ : والمهاجِرُ مَنْ هَجَرَ السُّوءَ فَاجْتَنَبَهُ.وەکو ئەویش حەدیسی : (والمهاجِرُ مَنْ هَجَرَ الخطَايا والذُّنوبَ) الالباني : سلسلة الاحاديث الصحيحة ژمارە (٥٤٩).

[2] هەمان سەرچاوە/ ب٤ ل٩٩ وە لا تَنْقَطِعُ الهِجْرَةُ حتَّى تَنْقَطِعَ التَّوبَةُ، ولا تَنْقَطِعُ التَّوبَةُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا (رواه أبو داود والنسائي، صححه الالباني في صحيح الإرواء ١٢٠٨) سنن الدارمي ب ٤/ باب السير

[3] مسند احمد ب ٤/ ل١٩١، ابو داود لە معاویەوە ٤/ ٩٩،کە ئەلبانی لە ارواو الغليل (لە ژێر ژمارەی ١٣٠٨) دا بە صحيحي داناوە. هەروەها : النسائی.

[4] الرازي/ التفسير الكبير ب ١٠/٢٢١-٢٢٢، هەروەها تفسيرالقرطبي (٣٤٦/٥) وتفسير ابن كثير (٥٤٢/١) هەروەها بۆ حەدیسی تر بڕوانە (فتح الباري ٨/ ٢٦٣).

کەسەیە، کە لەو کارو ڕەفتارانە دور کەوتۆتەوە، کە خوای گەورە بەرهەڵستی لێ کردون. ئەو زانایانەی لەم حەدیسە کۆڵیونەتەوە فەرمویانە : هەم ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە دار الکفرەوە هاتونەتە دەرەوەو، هەم ئەو کەسانەش دەگرێتەوە، کە وازیان لە دروشم و دیاردەی کوفر هێناوە. خوای گەورە کۆچ کردنەکانیشی بە نیازو مەبەست (نییەت) ەوە پەیوەست کردۆتەوە، کە حەتمەن دەبێت (فی سبيل الله) بێت. چونکە لەوانەیە کۆچ کردنەکە لە دار الکفرەوە بێت بۆ دار الاسلام، یان لە دروشم و دیاردەو رواڵەتی کوفرەوە بێت بۆ دروشم و دیاردەو رواڵەتی ئیسلامی، بەڵام بە مەبەستی دنیایی ئەنجام درا بێت! بێگومان ئەو کۆچە پەسەندە، کە تەنها لەبەر خاتری خوای پەروەردگار ئەنجام دراوەو، وەکو بەجێ هێنانی فەرمانێکی خوا راپەڕێنراوە.) [١].

کەوا بو پێناسەکانی پێغەمبەر ﷺ زۆر بە جوانی ئەوە رون دەکاتەوە، کە کۆچ (هیجرەت) کردن دو بەشە : کۆچێکیان جەستەییە، کە بە لاشە ئەنجام دەدرێت. ئەوی تریان دەرونییە. ئەگەر کۆچە جەستەییەکە دەرونییەکەشی لەگەڵدا نەبێت ؛ ناتەواوە، بۆیە وەرناگیرێت. چونکە کۆچی جەستەیی راستی و ساغی کۆچی دەرونی دەسەلمێنێت..

ئەگەر کەسێکی موسوڵمان، یان کۆمەڵێك موسوڵمان لە بارودۆخ و کەشێکی نائیسلامیدا بە شێوەیەکی وا دەژیان، کە نەیاندەتوانی بە گوێرەی نمونەی موسوڵمان (واتە موسوڵمانانە) بژین و، ژیانیان بە پێی ئەحکام و تەعلیماتی ئیسلام رێك بخەن ؛ ئەرکی یەکەمی سەرشانیان کۆچە جەستەییەکە دەبێت،

---

[١] بۆ زیاتر رۆشن بونەوەی ئەم مانایە بڕوانە ئەم حەدیسە : (عن عَمرو بن عَبْسَةَ ـ رضي الله عنه ـ قال : قال رَجلٌ : يا رسولَ اللهِ ما الاسلامُ؟ قال : (أن يُسْلِمَ قَلبُكَ للهِ عَزَّ وَجَلَّ، وأن يُسْلِمَ المسلمونَ مِن لِسانِكَ ويَدِكَ) قال : فأي الاسلامِ أفضلُ؟ قالَ : (الايمان). قال : وما الايمانُ؟ قال : (تؤمِنُ باللهِ وملائكَتِه وكُتبِهِ ورُسُلِه والبعثِ بَعْدَ الموتِ) قال : فأيُّ الايمانِ أفضَلُ؟ قالَ : (الهِجْرَةُ) قالَ : فما الهِجْرَةُ؟ قال : (تَهْجُرَ السُّوءَ) قال : فأيُّ الهجرَةِ أفضَلُ؟ قال : (الجهادُ) قال : وما الجهادُ؟ قال : (أنْ تُقَاتِلَ الكُفَّارَ اذا لَقِيتَهُمْ) قال : فأيُّ الجهادِ أفضلُ؟ قال : (مَنْ عَقَرَ جَوادُهُ وأُهْرِيقَ دَمُهُ) قالَ رسولُ اللهِ : (ثُمَّ عَمَلَانِ هُمَا أفضلُ الاعمالِ إلَّا مَنْ عَمِلَ بِمِثْلِهِمَا : حَجَّةٌ مَبْرُورَةٌ أو عَمْرَةٌ مَبرورةٌ) قال الدِّمياطي في المتجر الرابح/ص ٢٨٥ : رواه احمد ١١٤/٤ وهذا لفظه باسناد رجاله رجال الصحيح) بڕوانە سلسلة الاحاديث الصحيحة للالباني/٥٥١ والحديث أصله في مسلم

کە فەرز دەبێت لەسەریان. ئەوجا دوای بە جێ هێنانی ئەم کۆچەو پێوە لکانی موسـوڵمانانی تـر پێیانـەوەو، کۆبونـەوەی هـەموان لـە پـەناجێ (مەهجـەر)ی نوێیان؛ کۆچە دەرونیەکە لەسەر تاك و کۆی کۆمەڵگە نوێکەیان فەرز دەبێت و حەتمەن دەبێت ئاساری کۆچە دەرونییەکە بـە هەمویانـەوە دیـار بێـت. دەبێـت هـەمو موسڵمانانی تـریش، کـە دەتـوانن کـۆچ بکـەن ؛ لـە ئاسـەوارو بـارودۆخ و کەشـە نائیـسلامییەکەی یەکـەمجاریان دەرچـن و خـۆ قوتـار کـەن.ئینجـا لـە پەناجێی نوێیان کۆچە دەرونیەکەیان لە دیدو بیرکردنەوەیانـدا.. لـە هەسـت و هۆش و لە هەمو ڕەفتارو ڕەوشتیاندا، بدرەوشێننەوە..

لەمــەوە دەردەکــەوێت، کــە کــۆچ (هیجــرەت) بــە مانــا مەعنەویەکــەی خۆپەروەردەکردن (تەزکیە)یە، واتە: خۆ گۆڕین یان بە زاراوەی قورئان (تغيير ما بالانفس) ئەمیش ئەو خاڵە تەوەرەییەیە، کە هەمیـشە قورئـان جـەختی لـێ دەکاتـەوە و دەیکاتـە جـێ بایـەخی ئـان و سـاتی ڕۆژانـەی تەمـەنی موسـڵمان. مەبەسـتیش لـەم خـۆ گـۆڕین و هیجرەتـە دەرونییـە، وازهێنـان و لەبـەر خـۆ داماڵینی ئەو بیروباوەڕو رۆشنبیری و کلتورو داب و نەریت و رەفتارە هەڵانەیە، کە هـی زەمـانی کـۆنن و لـە ئیـسلام ورەفتـاری موسـوڵماناندا جێیـان نابێتـەوە. پیادە (عەمەلی) کردنی ئەم دیدو تێڕوانینەش، لەوەدا دەردەکەوت، کە کەسێك لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا موسوڵمان دەبو، دیـاردەی ئـەو کۆچـە دەرونییـەی بە ئاشکرا پێوە دیار دەبو. بەوەی کە وازی لە بیروباوەڕو کلتورو دابو نەریتو ڕەگەزپەرسـتی تیـــرەو هـــۆزو عەشــایرگەرێتی دەهێنــا. ئــەو داب و نەریتــە نامۆیەی، کە زەمانی پێش ئیسلامەتییەکەی زۆر لای پـیرۆزو بـە بـەها بـو، کـە لـە دڵ و دەرونیـدا بببونـە بـت؛ تـوڕی هـــەڵ دەدان و تەبـەڕڕای لـێ دەکـردن! ئــەوی موسـڵمان دەبـو، کۆچـێکی لــە نــاخ و دڵ و دەرونــدا دەکــرد. چــونکە بیــروبـــاوەڕو کـــــلتورو داب و نەریتـــــی یەکخواپەرســـــتی (التوحیـــــد)ی وەردەگــرت.. پێغەمبــەریش ﷺ هەمیــشە هەڕەشــەی تــرس و حــەزەری لــە موسـوڵمانان دەکـرد، کـە : نەکـەن بگەڕێنـەوە سـەر بیروبـاوەڕو کلتـورو داب و

نـــەریتی جـاهیلیی..ســـەر دیـــدو چـــەمکی عەشـــیرەتگەرێتی. چـــونکە ئـــەوە دیاردەیـەکی پاشـگەز بونـەو (الـردة) یـە.. تـاوانێکی گەورەیـەو خاوەنەکـەی بـە (هەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخ) دا سزا دەدرێـت، هـەر وەکـو، کـە لـەو حەدیـسەدا دەردەکەوێت، کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویـەتی : (آكلُ الرِّبا ومُوَكِّلُهُ وكاتِبُهُ اذا عَلِمُوا بِذلكَ. والواشِمَةُ والمُسْتَوشِمَةُ لِلْحُسْنِ ولاوي الصَّدَقَةِ، والمُرْتَدُّ أَعْرابياً بعدَ الهِجرةِ مَلعونونَ علَى لِسانِ محمدٍ يومَ القيامـةِ) [1] واتـە: ئـەوی سـود (فـایز /ریبـا) دەخـوات و ئـەوی وەکالەتی وەردەگرێت، و ئەوی نوسەری مامەڵەکەیەتی ـ ئەگەر زانیـان حەرامـە ـ و ئـەو کەسـەی خـاڵ دەکوتێـت و ئـەوی بـۆی دەکـوتن و ئـەوی ڕێ لـە خێـرو خێرات دەگرێت و، ئەوی دوای کۆچ کردن پاشگەز دەبێتەوەو دەگەڕێتـەوە سـەر ئەعرابێتی، ئەمانە هەمویان دورن لە ڕەحمەتی خواو لەسەر زمـانی محمـد ﷺ لە ڕۆژی قیامەتدا لەعنەتیان لێ کراوە

ئیمامی طَبَري لە تەفسیری ئەم ئایەتـەدا : (إِن تَجۡتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنۡهَوۡنَ عَنۡهُ نُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ ) النـساء/٣١ واتـە : ئەگـەر خۆتـان لـەو گوناحـە گەورانـە بپـارێزن، کـە بەرهەڵـستیتان لـێ کـراوە لێیـان و توخنیـان نەکـەون ؛ لـە گوناحەکانتان خۆش دەبـین. لـە محمـدی کـوڕی سـەهلی کـوڕی ابـو حثمـةوە لـە باوکیەوە دەگێڕێتەوە [2] کە گوتویەتی : لە مزگەوتی کوفە بوم، عەلی کوڕی ابو طالب ـ خوا لێی رازی بێت ـ لەسەر مینبەر بو، وتاری دەدا ـ گوتی : خەڵکینـە!، گوناحە گەورەکان حەوتن.

خەڵکیش بێ دەنگ بون. پاشان سێ جاری دوپات کردەوە. پاشان گوتی :

---

[1] مسند احمد/ تحقيق احمد شاكر بـ٥ ژمارە/٣٨٨١، ٤٠٩٠.سنن النسائي/ كتاب الزينة/ ٢٥، سنن البيهقي ١٩/٩. لە حەدیسێکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : (ثلاث من الكبائر.. والتعرب بعد الهجرة) بڕوانە : ابن الاثير/ النهاية ٢٠٢/٣.

[2] هەروەها ئەم حەدیسە : (قالَ عَلَيه الصَّلاةُ والسَّلامُ : الْكَبَائِرُ سَبْعٌ : الاشْرَاكُ بِالله، وَقَتْلُ النَّفْسِ التي حَرَّمَ اللهُ الَّا بِالْحَقِّ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَةِ، وَالْفِرارُ يَومَ الزَّحْفِ، وأكْلُ الرِّبَا، وأكْلُ مَالِ اليَتيمِ، والرُّجُوعُ الَى الأعْرَابِيَّةِ بَعْدَ الْهِجْرَةِ) رواه الطبراني في الاوسط عن أبي سعيد الخدري وحسنه الالباني في صحيح الجامع الصغير برقم ٤٤٨٢

ـ ئەرێ بۆچی لێم ناپرسن چین؟!

ـ وتیان : ئەی ئەمیری موسوڵمانان، ئەوانە چین؟

ـ گوتی : شەریك بۆ خوا بڕیار دان، کوشتنی نەفسی مرۆڤ، کە خوا حەرامی کردوە، تۆمەتبار کردنی ئافرەتی مێرددار بە تاوانی زینا، خواردنی سامانی هەتیو، خواردنی سو (فایز : ریبا)، هەڵاتن لە رۆژی غەزاو، کاتی روبەڕو بونەوەی دوژمن، گەڕانەوە سەر ئەعرابێتی دوای واز لێهێنانی.. وتم : بابە گیان، گەڕانەوە سەر ئەعرابێتی، بۆچی کەوتۆتە ریزی ئەمانەوە؟! وتی : شتێکی زۆر گەورەیە. چۆن کابرایەك کۆچ بکات و بەشە غەنیمەتی خۆی بۆ دابین کرا بێت و، جیهادی لەسەر فەرز بو بێت ؛ ئەو بەیعەت و بەڵێنە هەر وا سانا لە گەردنی خۆی دامالێت و واز بهێنێت و ببێتەوە بە ئەعرابی؟!!. ئیمامی تەبەری لە عوبەیدی کوڕی عومەیریشەوە گێراوێتیەوە کە فەرمویەتی : گوناحە گەورەکان حەوتن، هەر یەکەیان ئایەتێکی قورئانی لەسەرە.. پاشان گوناحەکانی هەژمارد، کە گەیشتە (التعرُّب بعد الهجرة) واتە : گەڕانەوە سەر ئەعرابێتی دوای کۆچ کردن، گوتی : ئەوەیە، کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێ : ( إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَٰرِهِم مِّنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلۡهُدَى ) محمد/٢٥ واتە : ئەو کەسانەی، کە دوای ئەوەی ڕێنمایی و ڕێبازی خواییان بۆ ڕون بوەوە، پاشگەز بونەوە..[١]

دەبینیت، کە گەڕانەوە سەر عەشایرێتی و تیرەپەرستی (کە بە ئەعرابی بونەوەی دوای کۆچ کردن ناسێنرا) پاشگەز بونەوەیەکی دژوارەو تاوانێکی زۆر گەورەیە. چونکە ئەمە نسکۆیە. زەبرێکەو بەر سیستمی نەریتی ئیسلامی دەکەوێت و، رێسای ناهەمواری (هێز لەسەرو شەریعەتەوەیە) زاڵ دەبێت و خاوەن هێز باز بەسەر یاسادا دەدات، وەلائی عەشایرێتی خۆی لا گەورەترو بەڕێزتر دەبێت وەك لە وەلائی ئوممەت. بەمەش ئەو لە ڕێ لادانە تەشەنە

---

[١] الطبري/ التفسير ب٥/٣٧ـ٣٨ وة الطبراني/ المعجم الكبير ب ٦/١٢٤ ژمارە (٥٦٣٦).

دەكات، كە دەسەڵاتی سەرۆك عەشیرەت و ویست و حەزو ئیرادەكەی ئـەو، جێـی شەریعەت و ویست و ئیرادەی خوا دەگرێتـەوە.. ئەمـەش گەڕانەوەیـە بـۆ بـت و بتپەرستییەكەی پێـشو. ئەمـەش زاڵ كردنـی گیـانی تـاكڕەوی خۆپەرسـتی و سـتەمی كۆمەڵایـەتی و گەڕەلاوژێیـە بەسـەر دڵـسۆزی بـۆ خـەڵك و دادی كۆمەڵایـەتی و گۆڕانكـاری و گیـانی كۆمـەڵكاری و سیـستم دەگرێتـەوە.. لـەم دیدەوەیە، كە خوای گەورە دەفەرموێ : ( ٱلْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا۟ حُدُودَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ) التوبە/٩٧ واتە : ئەعرابیەكان، كوفرو دوڕوییان توندتر و سەختترە. بۆیە باشتر وایە سنوری ڕێبازە خواییەكە نەزانن.. هەر لەم دیـدەو بەم پێناسە بو، كە پێغەمبەرﷺ دەربارەی كۆچ كردنی دەشتەكی (بـەدو) ەكان فـەرموی : (هجـرةُ البـادي الطاعـةُ) [١] واتـە : كـۆچ كردنـی خـەڵكی بـەدو (دەشـتەكییەكان) گوێڕایـەڵی و ملكەچـی (الـسمع و الطاعـة) كردنیانـە. واتـە : گوێ ڕایەڵی شەریعەتەكەی خوای گەورەو مل كەچی دەربڕین بـۆ سیـستمەكەی [٢].

---

[١] هەمان سەرچاوە.

[٢] وا دیارە (ئەعرابی بونەوە دوای كۆچ كردن) لای كۆچەری و پشتیوانەكانی مەدینە رون و ئاشكرا بو بێت. بەڵام هێشتا لای ئەوانەی نەو موسوڵمان بون (پێیان دەوترا ئازاد كراوەكانی مەككە، ئەوانەی دوای فەتحی مەككە موسوڵمان بون) ڕۆشن نەبو. لە ریوایەتی بوخاری و مسلمدا هاتوە كە سەلەمەی كوڕی الاكوەع كە چوە بۆ لای حەجاجی كوڕی یوسفی سەقەفی. حەجاج لێی پرسی : (یا ابنَ الاكوع، اِرْتَدَدْتَ علَى عَقِبَيكَ تَعَرَّبْتَ؟) واتە : ئەرێ كوڕی ئەكوەع، ئەوە دوای موسوڵمان بونت پاشگەز بویتەوە بە ئەعرابی بونەوەت؟ گوتی : نەخێر. بەڵام پێغەمبەر ﷺ رێگای پێداوم بچمە لای دەوار نشینان.. ئەمە دوای ئەوە بو، كە فیتنەی یەكتری كوشتن لە نێوان موسوڵماناندا ڕویدا، سەلەمەی كوڕی الاكوەع گۆشەگیر بو. چوە بیابان و لای دەوارنشینان جێگیر بو. دیارە حەجاج مانای ئەعرابی بونەوەی بە مانا ی (كۆچ كردن لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر) و (كۆچی سیاسی. واتە دەرچون لە ژێر دەسەڵاتی سیستمێكی سیاسی) دەزانی. بۆیە ئەو تێگەیشتنەی بۆ حەجاج راست كردەوە، كە ئەعراب بونەوە، مەسەلەیەكی فیكرییە و گەڕانەوەیە بۆ داب و نەریت و عەشایرێتی و رەگەزپەرستی تیرەو هۆز.

# بەشی دوەم

# گرنگی کۆچ کردن

کۆچ کردن ڕوکنێکی سەرەکی وتوخمێکی کاریگەرە لە پێکهاتەی ئوممەتی موسوڵماندا، تا کۆچ بەردەوام و جێ بایەخ لە دیدو بۆچونی ئوممەتدا بمێنێت، بەردەوامی و زیندو راگرتن و لەش ساغی و تەندروستی ئوممەتەکەش بەردەوام دەبێت و، دور دەبێت لە نەخۆشی و مەرگەسات. ئەو گرنگییەش لە دو خاڵدا دەردەکەوێت :

*یەکەم* : لە لایەکەوە رزگار کردنی موسوڵمانانە لە دەسکورتی و هەژاری و قوتار کردنیانە لە پشێوی و ترس و دڵە ڕاوکەو نائەمنی. لە لایەکی تریشەوە ڕێدان و بوار کردنەوەیە بۆ گەشەو نەش و نمای هێزو دەسەڵاتی بەرگری لە خۆ کردن و، زیاد کردنی تواناکانی بەرهەم هێنان.تا لە هەر دو حاڵەتی ئاشتی و جەنگدا بتوانن هەم ئەمنیەتی خۆیان بپارێزن، هەم پەرەپێدانی رۆزی و توانای ئابوری خۆیان بەهێزتر کەن. ئەمەش ئەنجامێکی کۆچ کردنەکەیە. نابینیت خوای گەورە ئاماژەی پێ دەکات و دەفەرموێ : (وَمَن يُهَاجِرۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ يَجِدۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُرَٰغَمٗا كَثِيرٗا وَسَعَةٗۚ) النساء/١٠٠ واتە : هەر کەس لەبەر خاتری خوا کۆچ بکات، دەسەڵاتی بەهێزو رۆزی بەرفراوانی دەداتێ. ئەمەش دو باڵە :

ـ باڵی یەکەم : دەسەڵات و هێزی بەرگرییە : کە بە هۆیەوە دوژمنان ناچار دەکات واز لە چەوساندنەوەی موسوڵمانان بهێنن و موسالیمانە لەگەڵیاندا رەفتار بکەن و، چیدی شەڕیان پێ نەفرۆشن.کە پێشیان فرۆشتن، ئەوەندەیان هێزو توانا هەبێت، بەرپەرچی پەلامارەکەیان بدەنەوەو خۆیان بپارێزن.

ئەمەیە مانای (مُرَاغَمًا كَثِيرًا). ڕۆزی و سەروەت و سامانی زۆریش (سَعَةً) ەكەیە.

لە زۆر جێگای تری قورئاندا باسی ئەو كۆچ كردنە دوپات دەبێتەوە. چونك هێزی بەرگری و كاری شارستانیانەی پێوە پەیوەستە. وەكو دەفەرموێ : ( وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ظُلِمُواْ لَنُبَوِّئَنَّهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗۖ وَلَأَجۡرُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ) النحل/٤١ واتە : ئەو كەسانەی لەبەر خاتری خوا ـ دوای ئەوەی ستەمیان لێ كرا ـ كۆچیان كرد ؛ ئێمە حەتمەن پلەو جێ و ڕێی چاكیان لە دنیادا بۆ دابین دەكەین و پاداشتی دواییشیان گەورەترە، گەر هەستی پێ بكەن..

چونكە كۆچ (هیجرەت) كردن زۆر هۆكاری هێزو دەسەڵات دەهێنێتە دی. وەكو پێكەوەنانی پەناگەو جێ داڵدەی مەحكەم و ڕێدان بە وزەو تواناكان، تا لە خزمەت كۆمەڵگە موسوڵمانەكەدا بخرێنە گەڕو، پێداویستیەكانی خۆیان وەبەرهەم بهێنن. خوای گەورە هەڵوێستی ئەو كەسانە ئیدانە دەكات، كە كۆچ ناكەن و هەر وایان پێ چاكە لە ڕیزی كۆمەڵگە ناحەزو دوژمنەكانیاندا بمێننەوە! بۆیە هەڕەشەی توندیان لێ دەكات و دەفەرموێ: ( إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمۡۖ قَالُواْ كُنَّا مُسۡتَضۡعَفِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ قَالُوٓاْ أَلَمۡ تَكُنۡ أَرۡضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٗ فَتُهَاجِرُواْ فِيهَاۚ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ) النساء/٩٧ واتە: ئەوانەی كە فریشتەكان گیانیان كێشان ـ كە ستەمیان لە نەفسی خۆیان كرد بو ـ پێیان وتن : ئێوە چی بون؟ چ كارە بون؟ وتیان : ئێمە لەسەر زەمیندا موستەزعەف كرا بوین، بێ دەسەڵات مابوینەوە. پێیان دەوترێت : ئەدی ئەو سەر زەمینەی خوا هێندە بەر فراوان نەبو جێگای ئێوەی تێدا ببێتەوە. ئەدی بۆچی كۆچتان نەكرد و نەچونە ناوچەیەكی تر؟! ئا ئەوانە هەر دۆزەخ جێ پەنایانەو چارەنوسیان زۆر سەختە..

لە عبداللەی کوڕی عەبباسەوە دەگێڕنەوە [١] کە خەڵکێکی موسڵمان هەبون، کە لە مەککە مابونەوەو کۆچیان بۆ مەدینە نەکرد بو! پاشان موشریکەکانی قوڕەیش ئەو موسڵمانانەیان پێش خۆیان داو هێنایاننە شەڕی موسڵمانان، جا کە هەندێکیان لە شەڕەکەدا پێکران ؛ موسڵمانانی مەدینە بە حەسرەتەوە دەیانوت : ئەوانە برای خۆمان بون و بە زۆر هێنرا بون. بۆیە داوای لێ خۆش بونیان لە خوای گەورە بۆ دەکردن.. ئینجا ئەم ئایەتە لە وەڵامی هەڵوێستی ئەو موسڵمانانەدا لە مەدینە هاتە خوارەوە.

کە تەماشای مێژوی ئیسلام دەکەیت، دەبینی کۆچ کردن کاریگەریەکی گەورەی هەبوە لەسەر زۆر لەو بزاڤە چاکە خوازیانەی سەرکەوتو بون لە قوتار کردنی جیهانی ئیسلامی لە لاوازی و بێ دەسەڵاتی و بێدەستی.. وەکو ئەو بزاڤەی، کە نەوەی سەلاحەددینی ئەییوبی هێنایە بەرهەم. یان بزاڤی مُرابطون لە مەغریب. بزاڤی یەکەم کە نەوەی صلاح الدینی پێگەیاند لەوەوە بو، کە وازی لە تەقلیدو مەزهەبگەرایی و دەمارگیری عەشایرێتی زەمانی خۆی هێنا بو. هەروەها وازیشی لە کێشە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگەی خیلافەتی بەغدا هێنا بو و چو بوە پەناجێی (مەهجەر)ی خۆی لە ناوچەی نێوان موسڵ و باکوری سوریا، تا دەگاتە میسر و حیجاز [٢]، کە لەوێوە گەشەو نەش و نمای دەکرد. بزاڤی مورابیتونیش لە ڕۆژئاوای ئەفریقاوە سەری هەڵداو بوە هێزێکی کاریگەری وا، کە مەغریب و ئەندەلوسی بۆ ماوەی چەندین سەدە بوژاندەوە.

---

[١] تەفسیری ابن کثیر : ٤٨١/١ دا هەیە و لێرەدا لە صحیح البخاري/ کتاب تفسیر القران: ژمارە ٤٢٣٠ وەرگیراوە کە ئیبنو عەبباس دەگێڕێتەوە کە : أَنَّ نَاسًا مِنْ الْمُسْلِمِينَ كَانُوا مَعَ الْمُشْرِكِينَ يُكَثِّرُونَ سَوَادَ الْمُشْرِكِينَ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ يَأْتِي السَّهْمُ فَيُرْمَى بِهِ فَيُصِيبُ أَحَدَهُمْ فَيَقْتُلُهُ أَوْ يُضْرَبُ فَيُقْتَلُ فَأَنْزَلَ اللَّهُ : (إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلاَئِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ).

[٢] بڕوانە کتێبی (هكذا ظهر جيل صلاح الدين) ی ماجد عرسان الكيلاني (کراوە بە کوردی بە ناوی: سەرهەڵدانەوەی صلاح الدين و گەڕانەوەی قودس وەرگێڕانی صادق عثمان عارف.

ـ باڵی دوەم : کۆچ (هیجرەت) بە مانا دەرونی و هەستییەکەی لەگەڵ یەکێك لەو حەقیقەتە نەگۆڕانەدا یەك دەگرێتەوە، کە ئیسلام دەربارەی بون و ژیان دەیخاتە ڕو. کە بریتییە لە بەردەوامێتی خەڵق بون و نوێ کردنەوە.. واتە ئەم گەردونە هەمیشە و هەردەم شتی تری نوێی لێ دەخوڵقێت : (وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ وَيَخْتَارُ) القصص/٦٨ واتە : پەروەردگارت هەرچی پێ خۆش بێت دروستی دەکات و هەڵی دەبژێرێت. ئەم دروست کردنی نوێیەش شتی نوێ بە دوای خۆیدا دەهێنێت. چ لە جیهانی دیدو تێڕوانین و بۆچوندا، چ لە جیهانی کەسایەتی و شتی ماددیدا. ئەم جیهانە نوێیانەش پەیوەندی نوێیان دەوێت. پەیوەندیش سیستم و داب و نەریتی نوێی دەوێت. کە پێویستە دەزگاکانی ئاڕاستەو پەروەردە کردن دەستورو یاساو ڕێساو سیاسەت و هەڵوێستی ڕەسەن و پەسەنیان بۆ داڕێژن (كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِى شَأْنٍ) الرحمن/٢٩. واتە : هەمو ڕۆژێك ئەو لە کاروبارێکی نوێدایە..

ئەو کەسانەی پەی بە بەردەوامێتی و خەڵق بونی نوێ و نوێ بونەوە نابەن ؛ ناشزانن ئەم نوێ بونەوەیەش، چ جۆرە پەیوەندی وداب و نەریت و یاساو ڕێسای نوێ و دیدو تێڕوانین و پێناسەی نوێ دێنێتە کایەوە. پەی بەوەش نابەن، کە سەرچاوەی هەمو ئەمانەش کۆچ کردنەکەیە. بۆیە هەر بەرەو ئاڕاستەی پێچەوانەی مێژو دەچن و، دەکەونەوە ناو هەمان هەڵەکانی ڕابوردو. دەکەونەوە ناو سەرگەردانی و وێڵی و پشێوی: (بَلْ هُمْ فِى لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ ) ق/١٥.

کۆچ کردن بە مانا بەرفراوانەکەی بریتیە لە نەفس و هەست ڕاهێنان لەگەڵ ڕوداوە بەردەوامەکانی خەڵق بون. ئەمەش بزاڤێکی نوێ بونەوەی بەردەوامە.. لە لایەکەوە پیاوچاکەکانی نەوەی نوێی هەڵبژاردوەو جوێی کردونەتەوەو بەم دیدە پەروەردەیان دەکات، لە لایەکی تریشەوە وا ڕایان

دەهێنیت، کە قۆناغی نـوێی نەوەکە دەخوازێت. بـەم پـەروەردە بونـە (کـە بـە دیـدو ڕاهێنانەکەیـە) ئـەو نەوەیـە ئامـادە دەکرێـت، کـە هـەڵگرتنی بانگـەوازە ئیـسلامیەکەی دەخرێتـە سـەر شـان، بـەو هیوایـەی کۆمەڵگەکـە بـەرەو ئاسـۆی بڵندی ئامانجی دینەکـە بـەرز کاتـەوە، تـا گەشـەو پێـشکەوتنی مرۆڤایـەتی هـەر بەردەوام بێت..

جێی داخە، کە لەم زەمانەی سـەدان بڕگـە یاسـای کـۆچ و پەناهێنـدەیی لـە وڵاتانی ڕۆژئاوادا دەبینین، کەچی ئێمەی ئەهلی ئیسلام لە (ئـەحکامی شـەرع و شەرعناسی ڕەگەزنامەو هاوڵاتێتی) هیچمان نییە، کە لەسـەر بنـچینەکانی کـۆچ کردن (هیجرەت) دارێژرا بێت. بڕوانە یاساکانی پەناهێندەیی لە وڵاتێکی وەکـو ئەمریکا چەند کاریگەرە؟! ڕۆڵی چەند گرنگی لە کۆکردنەوەی پسپۆڕو شارەزاو هەڵکەوتوانی سەر زەمیندا دیوە، بڕوانە چۆن وزەیـان دەگرێتـە خـۆو ئـازادی و بوارو ئامڕازو هەلی تایبەتییان بۆ دەڕەخسێنێت تا هەرچییەکیان پـێ بەرهـەم بێـت، بەرهـەمی بهێـنن!! ئاشکراشـە ئەمانـە لـە پێشخـستن و بـە هێـز کردنـی ئەمریکادا چەند کاریگەرن؟ دیققەت بدە، چۆن ئەو وزە پەرتەوازانـەی وڵاتـان، یان (دزراو) ی وڵاتان ئەو پێشەوایەتییە کاریگەرەیان بە ئەمریکا داوە..

واقیع بینانەیە گەر بڵێین بە ئەنقەستە، کـە ئـەقڵی هاوچـەرخی ئیـسلامی لەم کاتەدا ـ لە تێگەیـشتنی ئـەو ڕێـسایەی باسمـان کـرد ـ دور دەخرێتـەوە. دور دەخرێتەوە لە یەکخستنەوەی پەیوەنـدی نێوان خوڵقاندن و کۆچ کـردن (الخلق والهجرة) کە لەش سـاغی و تەنـدروسـتی میللـەتانی پێوەیـە.. بـیری هاوچـەرخی ڕۆژئـاوا چـاك هەسـتیان بـەو ڕاسـتیە کـردوە بۆیـە هـەمو سیـستمەکانی ژیـانی خۆیان بە گوێرەی ئەو دیدە داڕشتوە.. بەڵام لای ئەوانیش لاسـەنگییەکی دژوار هەیـە. لاسـەنگی ئـەو پەیوەندییـە خراپـەی نێـوان بیرمەنـدان و کڵێـسەکانیان. (واتە لێك ترازانـی بیرمەنـدان و دیـن لـە یـەکتر) کـە ئـەنجامی ئـەو نەسازان و جەنگە دور خایانەی نێوانیان بو. کـە ئـیتر بیرمەنـدان قەناعـەتیان هاتـە سـەر

ئەوەی، کە لە ڕوی ئایدیۆلۆژیەوە نکۆڵی لەوە بکەن، کە گەردون دروست بو بێت.. چونکە وا دەبینن، کە هەمو گەردون لە دامەزراندن و گەشەو پەرەسەندن (التطور والارتقاء) ەوە هاتوە! واتە گەردون و ژیان پێویستییان بە خوا نییە هەڵی سوڕێنێت و گەشەو نەش و نمای پێ بدات. چونکە خۆی لە خۆیدا ئەو گەشەو نەش و نمایە دەکات.. بۆیە ڕۆژئاوا دیدو تێڕوانین و بۆچونیان لە دو مەدرەسەدا دەرکەوتوە : یەکیان باوەڕی وایە، کە ژیان و گەردون سەرەتایان هەبوەو خوای گەورە دروستی کردون. ئەمەش پێی دەوترێت : خەلق بون (Creationism) ئەوی تریشیان باوەڕی وایە، کە هەر نەش و نماو گەشەی ناوخۆیی ژیان و گەردونە بەردەوامی بە ژیان و گەردون دەبەخشێت. ژیان و گەردون ئەزەلین و سەرەتاو کۆتاییان نییە‼ ئەمەشە، کە پێی دەڵێن : گەشەو نما (Evolution).

جێی خۆیەتی و لە دادپەروەرییە، ئەو شایەتیە بدەین کە ژیری و بیری ئیسلامی لە ماوەکانی ڕابوردودا لە گرنگی و بەردەوام بونی کۆچ غافڵ نەبوە. هەمیشە باسی کردوەو تیۆرو ڕێسای بۆ داناوە. ئەوەتا ئیمامی ابن تیمیة ـ رحمه الله ـ لە باس و لێکۆڵینەوەی ئایەتەکانی کۆچەرو پشتیوانان (المهاجرون والانصار) دا ـ کە چوار چێوەی پێکهاتەکانی ئوممەتە موسوڵمانەکەن، کە لە ئیمانداران پێك هاتبو ـ دەفەرموێ [١] : کۆچەرەکان: ئەوانەن کە وڵاتی خۆیان بەجێ هێشت و چونە مەدینە. پشتیوانەکانیش: ئەوانەن، کە پێشوازیان لە کۆچەرەکان کردو داڵدەیان دان ئەو ئەعرابیانەی، کە کۆچیان نەکرد حوکمێکی تریان هەبو.. هەیان بو کۆچ کردنی لێ قەدەغە کرا بو. چونکە گەورەکانیان نەیاندەهێشت مەککە بەجێ بهێڵن.. حوکمی ئەم جۆرە پۆلێن و پۆلانە، تا ڕۆژی قیامەت هەر هەن و هەر دەمێنن و خەڵکیشیان هەر بەسەردا دابەش دەکرێت. قورئانیش ئاماژە بەو کەسانە دەدات، کە شوێن کەوتوی ئەم ڕێبازو

---

[١] ابن تیمیة : مجموعة الفتاوي/ ١١/ ٣٩.

بەرنامـــــــە دەبـــــــن: ( وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنۢ بَعۡدُ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ مَعَكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ مِنكُمۡۚ ) الانفال/٧٥ واتە: ئەو کەسانەش کە دوایی باوەڕیان هێناو کۆچیان کـردو هاتنـە ریزتانەوەو جیهادیان لەگەڵدا کردن ؛ ئەوانەش هەر لە ئێوەن.

بەڵام ئەو گیانی بابسالارییەی، کە لە کلتـوری تیرەپەرستییەوە دروست بـو بـو، هەمیـشە هـەوڵی ئـەوەی دەدا بۆیـاخێکی ئیـسلامی لـە ڕوی خـۆی بـدات و شـەرعییەتێك بـۆ ناخـە نامۆکـەی بخوڵقێنێـت. بۆیـە هەمیـشە کـۆچ و نوێکردنەوەی ڕەفز دەکردەوە. هەر دەم لە هەڵمـەتی تۆقانـدنی دەسـەڵاتیدا بـو بـۆ سـەر ئـەو بـیرو ژیرانـەی داوای نوێخوازیـان دەکـرد. ئـەو تەقلیدییـە تیرەپەرسـتییە، هەمیـشە دنـەی حاکمـەکانی دەدا، تـا بیرئـازادو نوێخوازەکـان پەراوێز کرێن وبچەوسێنرێنەوەو بواری ئازادی ڕایان نـەدرێتێ! بەمـەش هـەمو ئوممەتەکە بە داخەوە لە بەرهەمی بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو جۆرە زانـاو بیرمەندانە مەحروم دەبو!

★★★

# بەشی سێیەم

## ڕۆڵی پەروەردە کردن لە داڕشتنەوەی ڕوکنی کۆچ

تاك تاکی کۆمەڵگە بە تەنها ناتوانن کۆچ بکەن، بە تایبەتی کۆچی دەرونی. بەڵکو حەتمەن دەشێت دەزگای تایبەتی پەروەردەیی هەبێت، کە بە ئاراستەیەکی ڕێك و پێکی وا هەستێت. ئەو دەزگا پەروەردەییانەش هەر دەبێت پسپۆڕ بن. دەبێت شارەزاییەکی تەواویان لە یاساو ڕێسای گۆڕانکاری کۆمەڵگاکاندا هەبێت. دەبێت ئاگاداری گۆڕانکارییە فیکری و ئیداری و ڕەوشتییەکان بن.. لەگەڵ بونی ئەم جۆرە دەزگا تایبەتمەندانەدا ؛ چەندین هۆکاری تریش هەن، کە پاڵپشتی ئەو پەروەردە کردنە دەبن. دو هۆکار لەوانە :

١- هەبونی ژمارەیەکی گونجاو لە پسپۆڕو شارەزایانی پەروەردە، لەوانەی پەی بە گۆڕانی بیرو دەرون دەبەن. (وەکو دیدو بۆچون و بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژی جیاواز و.. هتد) دەبێت خۆشیان لە خو نەریت و ئاراستەو مومارەسەی چەوت رزگاریان بو بێت. تا بتوانن ئەوانەی بەردەستیان لەو چەوتیانە دور خەنەوە.

٢- دۆزینەوەی ناوچەیەك و پییێکهێنانی کەش و بارودۆخێکی گونجاو، بۆ دابین کردنی کۆچی دەرونی و جەستەیی. دەبێت ئازادی و سەربەستی گەورەترین و کاریگەرترین هۆکاری سەرخستنی ئەو ناوچەیە بن. چونکە کۆچ کردن، ئازادی بیرو بیرکردنەوەو هەڵاوێردن و هەڵبژاردنە. ئاشکراشە ئەوانەی توانیان لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچ بکەن، هەر ئەوانە بون، کە پێشتر ئازاد بون لە بیرو بیرکردنەوەو هەڵبژاردنی بیرو دیدی دینی نوێ. بەڵام ئەوانەی ئەم ئازادییەیان نەبو، هەر لە جێی خۆیان و هەر لەسەر بیرکردنەوەی

تەقلیدی خۆیان مانەوەو رەفزی بارودۆخ و قۆناغی نوێیان کرد! چونکە هێشتا هەر پابەند بون بەو میراتە فیکری و کلتوری و داب و نەریتەی باب و باپیرانیانەوە، کە خویان پێوە گرتبو، تا سەریشی بە فەتارەت دان!!

ئەگەر ئەم هاوکێشەیە لە دڵ و دەرون و بیری و ژیری ماموٚستاو رێبەرو بەرپرساندا نەچەسپا ؛ کۆچ کردن ئەو کاریگەرێتییە گرنگەی نابێت. یان تا دەزگاو دائیرەو ئۆرگانە تایبەتمەندەکانی بەرنامەو سیاسەت و کارگێڕی بە بەهای ئازادیخوازی ئامادە نەبوبن. ناتوانن دوایی ئازادی بە خەڵکی تر بدەن.. ئازادی زۆر گرنگە، چونکە دو دیاردە دەخاتە بەر دەست :

*یەکەم* : گەشەو نەش و نماو فراوان بونی بیرتیژی و زو پەی بردن و ئەقڵ بە شت شکان. ئەمەش وا دەکات ئەندامان توانای هەڵاوێردنی راست و چەوتیان زو بۆ دروست ببێت.

*دوەم* : ویست و ئیرادەو چاونەترسی پێ دەگات.خەڵکی ئازا پەروەردە دەبێت، کە خەمی سەرەکی سەرخستنی حەق دەبێت.خەڵکی بوێر دێنە پێش و رێ لە ناهەقیەکان دەگرن..

بەڵام ئەگەر ئەو ئازادییە نەهێنرایە کایەوە، یان تەسك کرایەوە، بیر کول دەبێت و توانا ژیرییەکان دەخەسێ و ویست و ئیرادە شل دەبن و حەزی گۆڕانکاری نامێنێت.. بەمەش ئوممەت جورئەتی داهێنانی دەپوکێتەوەو نامێنێت. ئیتر حەتمەن لە دنیادا بەرەو لاوازی و بێ دەسەڵاتی دەڕوات و، لە قیامەتیشدا حەتمەن بەر سزای خوای گەورە دەکەوێت..

جا بۆیە حەتمەن، هەر دەبێت ئاڕاستەو پەروەردە کردن دو شت بەرهەم بێنن :

١ـ ئەو مرۆڤەی بە پەروەردەی ئیسلامی گۆش دەکرێت، دەبێت مەشقی لەسەر موراجەعەو هەڵسەنگاندن و پێدا چونەوە پێ بکرێت. دەبێت جورئەتی ئەوەی تێدا بڕوێنرێت، کە بوێرانە ڕەخنە لە هەڵەکانی ئەو کەلەپورە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەی لە باپیرانەوە بۆی ماوەتەوە، بگرێت. ئەوجا

تواناکان هان بدرێن بۆ دۆزینەوەی ئەو خاڵ و تەوەرانەی ماوەیان بەسەر چوە وکارتێکردنیان نەماوە. هەروەها هان بدرێن بۆ توێژینەوەی ئەو بۆچونانەی هەڵەو ناقۆڵاییان لەم زەمانەدا دەرکەوتوەو سەلمێنراوە، کە کەم و کورت بون، چ لە تێگەیشتن، چ لە چەسپاندنو راپەڕاندندا.. پاشان جورئەتی هەڵسەنگاندنو لادان و ڕادان و سڕینەوەی هەڵەکان و ئاسەوارەکانیشیان (بە مانای کۆچ کردنەکە) دەبێت لە پسپۆڕان و ئەهلی تایبەتمەندێتی و رۆشنبیراندا بە گشتی بدرێت، تا بتوانن و بزانن و بوێرن ئەو گۆشەو تەنافانەی خوار بەکارهێنرانو دیاردەی دزێو ناقۆڵای لە کلتورو رۆشنبیری و داب و نەریت و خورەوشت و سیستم و هونەرو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نەوەکانی پێش ئێمەدا دروست کرد ؛ چۆن راست بە کار دەهێنرێتەوەو، دەبێت بە پێی چ نەخشەو پلانێك بن..

کۆچ - لێرەداو بەو مانایانە - دیمەنێکی تۆبە کردنە لەو رۆشنبیری و نەریتە چەوتەی زەمانی بەسەر چوە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی، کە ئەو هەمو چەوتی و ناهەقی و نالەبارێتییەی لێوە دروست بو. چ لە سیستم و شێوازی راپەڕاندن و مومارەسەدا. چ لە دەزگاو دائیرەو کارمەنداناد.. پێغەمبەریش ﷺ ئاشکراو راشکاوانە تۆبە کردن بە کۆچ کردنەوە دەبەستێتەوە. وەکو کە دەفەرموێ : (لا تنَقطِعُ الهِجرةُ حتَى تنقطعُ التوبةُ. ولا تنقطعُ التوبةُ حتى تَطْلُعُ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِها ) [١] واتە : کاتێك کۆچ کردن کۆتایی دێت، کە تۆبە کۆتایی هاتبێت. تۆبەش کاتێك کۆتایی دێت، کە خۆر لە خۆرئاواوە هەڵ بێت.

کەوا بو کۆچ تۆبە کردنەو، تۆبە کردنیش کۆچ کردنە. هەردوکیشیان واز هێنانو ودورکەوتنەوەیە لە هەڵەو چەوتیو دواکەوتویی (لە تاوان و ئینحیراف کردن) هەروەها خۆ قوتار کردن و هەڵاتن و دور کەوتنەوەشە لەو ناوچانەی

[١] سنن الدارمي/ دار احياء السنة النبوية/٢/٢٤٠ بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١٠).

کــە ژیانیــان بــۆ موســوڵمان تێــدا ســەختەو لەبــەر تــاوان و خراپــەکاری دینداریێتییەکەیان، نەشونما تێیدا ناکات و ڕێزی ژیانێکی ئازادیان لێ نەماوە.

٢ــ مەشـق پێکردنــی مامۆسـتاو رابــەرو بەرپرسـانی پــەروەردەو ئاڕاسـتە کردنـەکانیش لەسـەر تێگەیـشتن و ئیـستیعاب کردنـی (پـۆلی نمونـەیی).. واتـە وایان لێ بکرێت، کـە وا هەسـت بکـەن، کـە دەبێـت حەتمـەن پۆلێـك، کۆمـەڵێك، کۆمەڵگەیەك دروست بکەن، نمونەیی بن :

ـ زۆر بە وردی و دورو درێژی هەمو شتێکیان دەربارەی پۆلە نمونەییەکەیان دەرك پێ کردبێت.

ـ خەڵکی زەمانی خۆیان بن. نەهێڵرێت بە لاشـە لـەم زەمانـەدا بـژین، بـەڵام بە بیروهۆش و جۆری بیرکردنەوەو تێڕوانین، پیاوی تەقلیدی چەندین سەدەی رابوردو بن!

واتە لەو جۆرە بن، کە سیدنا عەلی کوڕی ابو طالب ـ خوا لێی رازی بێت ـ وەسێتی دەکرد، کـە توانـاو شـیاوێتی داهاتویـان هـەبێت. نـەبادا لـە پـڕ بکەونـە هەڵوێـستی واوە، کـە بیریـان لـێ نەکردبێتـەوە. یـان لـە گۆڕانکاریەکانـدا توشـی سەدمە بـبن و، بکەونـە دڵـە ڕاوکـێ و ڕاڕایـی و هـەر رۆژە لەسـەر زەمینەیـەکی لـەق ولـەرزۆك، یـان بـیرو دیـدی کـاڵ کرچۆك، یـان نەفـەس کـورت و ترسـنۆك پەروەردە بن. وەکو هەڵوێستی لەرزۆکی ئەو کافرانـەی خـوای گـەورە ئاماژەیـان پێ دەکات : (بَلۡ هُمۡ فِي لَبۡسٖ مِّنۡ خَلۡقٖ جَدِيدٖ ) ق/١٥ واتـە / هـەر رۆژەو لـە پـشێویەکی نوێی خولقاندان..

هەر رۆژەو لەسەر پەتێکن. یا کلك و سایەی کەسیکن!! مێشکیان بە تەقلید جەمانەو نوێخوازیی لایان حەیرانە!

..........★★★..........

# بەندی شەشەم

# توخمی سێیەم : جیهادو پەیام

## بەشی یەکەم

## مانای جیهاد

## بەشی دوەم

## مانای پەیام

# بەندی شەشەم

## توخمی سێیەم : جیهادو پەیام

جیهــادو پــەیام تــوخمی ســێیەکی پێکهاتــەی ئوممــەتی موســوڵمانن، کۆکردنەوەی هەردوکیان پێکەوەو، ناونانیان بە یەك توخم لەبەر ئەوەیە، کە لە قورئان و سوننەتدا، چونکە وەسیلەو ئامانجن، هەمیشە پێکەوە دێن، پەیامی بێ جیهاد، نەك هەر خوای گەورە خۆشی ناوێت، بەڵکو زۆریشی دەبوغزێنێت و رقی لێی هەڵدەستێت، جیهادی بێ پەیامیش، هەر گەلەکۆمەکێی جاهیلیەت و سەرخستنی ڕەگەزپەرستی و خزمەتکردنی هەواو هەوەسە، بۆیە دەبێتە مایەی سزای خوای گەورە..

باسی ئەم پوختەیەی سەرێ بەم شێوەیە :

## بەشی یەکەم

## مانای جیهاد

جیهاد لە روی زمانەوانیەوە، مانای رەنجدانە. لە ڕوی زاراوەییەوە بریتیە لە سەرف کردنی هەمو وزەو توانایەك لە کاتی ئاشتی و جەنگدا بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی پەیامی ئیسلام لە هەمو بوارەکانی فیکرو کۆمەڵکاری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و زانستی و سەربازی و بوارەکانی تری ژیان، ئەمەشە کە قورئانی پیرۆز لە زۆر شوێنیدا جەختی لێ دەکاتەوە، وەکو کە دەفەرموێ : (وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦۚ هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ ) الحج/٧٨ واتە : سەرڕاستانە لەبەر خاتری خوا جیهادەکە بکەن، ئاخر خۆ ئەو

هەڵبژاردون، لە دینەکەشدا هیچ کێشەو گرفتێکی بۆ پێش نەهێناون.. بە مانایەکی دیکە یەعنی ئەو جیهادەی، کە خوای گەورە ئێوەی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردوە، بوارو شێوازەکانی ئەوەندە تەنگ و تەسك نیە، نەتوانن هیچی لێ ئەنجام بدەن! ئەو بە شێوەی جیاوازی وا لەسەری فەرز کردون، کە لەگەڵ ئەو وزەو تواناو دەسەڵاتەی لەخۆتاندا دەگونجێت، کە خوای گەورە لە خۆتانیدا فەراهەم هێناوە[١]..

پێغەمبەری نازدار ﷺ چوارچێوەیەکی بەرفراوان بۆ جیهاد لە دو خاڵدا دەخاتە ڕو :

ـ لە دەرخستنی هاوکێشە کردەوەییەکانی جیهاد، کە لە مەیدانێکی ئیجابی کارو چالاکیدا دەبێت.

ـ هۆشدان و حەزەردان لە هەمو ئەو چالاکی و هەڵوێستانەی، دژی چالاکیە کردەوەییەکانی جیهاد دەبنەوە، هەروەها پەنا گرتن بە خوای گەورە لە سستی و تەممەڵی و نەخۆشی و قەرزاریی و ژێردەستەیی دەسەڵاتداران.[٢]

لەم ڕووەوە، کە جیهاد تەکنۆلۆژیای ئیسلامە، لە کاتی ئاشتیدا کارو بەرهەم فەراهەم دەهێنێت و، لە کاتی شەڕیشدا ڕووەو ڕوی دەستدرێژیەکان دەبێتەوە، لە هیچ یەکێك لەم دو کاتەشیدایە کار بۆ ئەوە ناکات، ئابوری دامەزراو بژێوی بەرزو پلەی سیاسی بۆ ڕەگەزێکی دیاریکراوی مرۆڤایەتی بهێنێتە دی، یان گەلێك باڵادەست کات بەسەر گەلێکی دیکە، یان گەلانی دیکەدا، یان ئیمتیازاتێك بۆ خەڵکێکی دینی دور لە ئەهلی دینی تر مسۆگەر کات، نەخێر، ئیسلام لە هەمو هەوڵ و تەقەلاکانی خۆیدا، مەبەستی پەروەردە کردنی کۆمەڵێك مرۆڤە، کە شیاوی ئەوە بن ئەم پەیامە خواییە هەڵگرن و بە جیهانی بگەیێنن، بۆیە ئەوەی ئێستا وڵاتانی پێشکەوتوی پیشەسازو زاناو

---

[١] تەفسیری تەبەری ب١٧/ لا ٢٠٥

[٢] لە حەدیسی سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتوە، کە پێغەمبەر ﷺ لە زیکرەکانیدا دەیفەرمو : (اللهُمَّ إنِّي أعُوذُ بِكَ مِنْ الْهَمِّ والْحَزَنِ ، وأعُوذُ بِكَ مِن العَجْزِ والكَسَلِ ، وأعُوذُ بِكَ مِن الجُبْنِ والبُخْلِ ، وأعُوذُ بكَ مِن غَلَبَةِ الدَّينِ وقَهْرِ الرِّجَالِ)

ئیداریـەوان دەیکـەن، جیهـادی بـێ پەیامـە! بۆیـە دەبینیـت جیهـان کەوتۆتـە تەنگژەی ئەوەوە، کە گەلێك دژی گەلانی تـر جیهـادێکی بـێ پـەیام دەکات، یـان لـەملاوە میللـەتێکی تـری خـاوەن پـەیام دەبینیـت، کـە لـە خـەونێکی قورسـی سەوزیدا پرخەی دێت و دڵی هەر بەوە خۆشـە، کـە دەقـی پیرۆزی پەیامەکـەی هێشتا لەبەرەو لە دەزگا پەروەردەییەکانیدا دەخوێنێتەوە، بـێ ئـەوەی جیهـادی لە پێناودا بکات و کارامانە هەڵیگرێت و بیگەێنێتەوە بە جیهانیان!!

لـەم ڕوانگەوەیـە، کـە دەبێـت بایـەخێکی قـوڵتر بـە مانـا شارسـتانێتیەکەی جیهـاد بـدرێت، چـونکە یـەکێك لـە واتاکـانی ئەوەیـە، کـە جیهـاد (ئەمنیـەتی ئیـسلامی) مـسۆگەر دەکـات، بـە مانایـەکی ڕۆشـنتر : ئیـسلام دەیـەوێت بـە جیهادەکە پەیامەکەی بگەێنێتە گەلانی تـر، تـا ئەمنیـەتی فیکریـی و مـاددی و دەرونـی شـوێنکەوتوانی خـۆی ڕاگرێـت، تـا مانـەوەی تـوخم و ڕەگـەزی نـەوەی مرۆڤایـەتی و پێـشکەوتو بالاچـونیان دابـین کـات، چـونکە - بـە پێـی دیـدو تێڕوانینی ئیسلامی - ئەوەی، کە جێی مەترسیەو هەڕەشەی ریـشەکێش کردنـی توخم و نەوەکانی مرۆڤایەتی دەکات جۆری (بەهاو نەریت) ی کوفرە، کە یاساو رێساکانی خەلق و گەشەو نەشونماو چارەنوس سازیی لە خـەڵکی دەشارێتەوەو، ناهێڵێت وەکـو خـۆی پـەی پـێ ببرێـت و رەفتـاری ژیرانـەی لەگەڵدا بکرێـت.. چونکە بەهاو نـەریتی کـوفر بـە ئومێـدی لـەزەتی زیـاتر لـە ژیـان و حـەزەکانی هەمو پاڵنەرە دەرونیەکانی وەکو حەزو ترس، لە هـەواو هەوەسـکاریی ململانـێ و شەڕە پاڵی خودی مرۆڤایەتیدا دەخاتە گەڕ! ئیتر هەمو شێوەی بیر کردنەوەو هەسـت و هـۆش و مومارەسـەو رەفتـارو هەڵـسوکەوت و پەیوەندیـەکانی کۆمـەڵگاکان لـەم دیـدو بۆچـون و تێڕوانینـە کوفرانـەوە سەرچـاوە دەگـرن! ئەمەش کۆتا پلەی دژوارییە، چونکە دەرچون و لادانە لـە ڕێـساکانی گـەردون و ژیان.. ئیسلام پێی وایە ئەگـەر ئـەهلی کـوفر لـە ناوچـەیەکدا دەسـەڵات بگرنـە دەست، پڕی دەکەن لە ستەمکاری و ناهـەقی و زوڵمـی سیاسـی و فیکریـی، پـڕی دەکـەن لـە ئاشـوبی کۆمەڵایـەتی، شیرازەی هـەمو پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکان

دەپـــسێنن و، خـــەڵکی دەبەنـــەوە زەمـــانی شەڕەشـــۆقی دارســـتانی و یاســـای دواکـەوتویی (دەسـەڵاتدار دەیبـات و بـێ دەسـت تەماشـای دەکـات)!!.. ئەمـەش نەمانی پارسەنگی هاوکێشەی ژیانی مرۆڤایەتیە، بۆیە ئیسلام شوێن کـەوتوانی هان دەدات خۆبەخت کەن لە پێناوی رادانی بەهاو نەریتی کوفرو، سـەندنەوەی دەسەڵات لە دەزگاو نوێنەرو کەسایەتیەکانی کوفرو دیسان و لە هـەمان کاتـدا و لە بەرامبەریشدا هەمو ڕەنجێکی خۆیان بخەنە کار، بـۆ بـڵاو کردنـەوەی بـەهاو نەریتی ئیمانداریی و خێرو خێرات کردن، بۆ خزمـەتی خوێنـدکارانی شـەرع و هەڵگرانی بانگەوازی بەهاو نەریتەکانی ئیسلام و لە پێناو پیادەکردنی حـوکمی ئیسلام و دامەزرانـدنی دەسـەڵات و دەزگاکـانی، تـا ئاشـتی وئەمنیـەت بـۆ هـەمو خەڵکی بێتە دی.. ئا ئەوەشە تەفسیری ئـەوەی، کـە دیـن بـۆ خـواو بێـت وبـەس (وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِ) البقرة/١٩٣.

ئـەم چـەمکە ئیـسلامیەی ئەمنیـەت و ئاشـتی، زۆر جیـاوازی هەیـە لەگـەڵ زاراوەی ئەمنی قەومی، کە لە کۆمەڵگەکانی ئـەمڕۆدا بـاس دەکـرێن، کـە دەبنـە مایەی جۆرەها ستەمکاری و دەستدرێژی لە یەکتر کردن..

پێناسـەی جیهـاد بـەو شـێوەیەی سـەرەوە، کـە ڕون کرایـەوە، وا دەکـات، کـە تەرجومە کردنی جیهاد وەکـو زاراوەیـەك بـۆ زمـانێکی تـر کـارێکی زەحمـەت و زیانبەخش بێت، کارێکی زەحمەتـە، چـونکە بـە زەحمـەت دەتوانیـت وشـەیەکی وای بۆ بدۆزیتەوە کە ئەو ماناو واتایانە بگەیێنێت، زیانبەخشیشە، چونکە واتاو مانا عەرەبیەکانی دەشێوێنێت.. نابینیت کە بـە ئینگلیـزی کـراوە بـە ( Holy War) چەند زیـانی گەیانـدوە؟! نابینیـت، کـە تـەنها مانایـەکی بەخشیوە، کـە گوایـە جـەنگی پـیرۆزەو بـەس؟! جەنگـە پیرۆزەکـەش، کـە زاراوەیـەکی دیـنی مەسیحێتیە هەر ڕاست ناکەوێت، کە وابزانرێت پڕاوپڕی جیهـادی چـەکدارییە! ئەدی کوا ماناو واتاکانی تری جیهاد؟!

لێرەدا پێویـستە ئاماژەیـەك بـەوە بکـەین، کـە هەنـدێك ئاسـەواری کلتـوری پێش ئیسلامەتی گەلانی موسوڵمان، کاریگەرییەکی خراپیـان خـستە نـاو واتـای

زاراوە ئیسلامیەکانەوە، یەکێك لەوانە جیهادە.. بۆ نمونە هەندێك لە عەرەبەکان وا لە جیهادەکە حاڵی ببون، کە هەر وەکو ئەو غەزاو شەڕانەی ناو تیرەو هۆزەکانی خۆیان وایە، کە پێش ئیسلامەتیەکەیان دەیانکرد! یان موسوڵمانێکی پاکستانی وا لە زوهدو خواناسیەکەی ئیسلام تێگەیشت، کە هەر وەکو تەقەشوف و خۆ هەژارو کەساس کردنی هندۆسیەکەی کۆنی خۆیانە، کە لە جاهیلییەتی خۆیدا لەسەری بو!! ئەمەش لە خراپ حاڵی بون و هەڵە لێکدانەوەیە، کە لە جیاتی ئەوەی لە دیدی خودی ئیسلامەوە لێکبدرێنەوە، لە دیدی کلتوریی پێشوی خۆیانەوە لێکی دەدەنەوە، گۆڕین و راست کردنەوەی ئەم جۆرە دیدو تێڕوانین و پێناسانەش، ئەرکێکی تری جیهادی پەروەردەکردن و ئاڕاستە کردنی دەزگا ئیسلامیەکانە، کە دەیانەوێت موسوڵمانان راست لە دینەکە تێبگەنەوەو، دروست پێوەی پابەند ببنەوەو باش پیادە(تطبیق)ی بکەنەوە .

★★★

## مەیدانەکانی جیهاد

حەتمەن جیهاد ناتوانێت رۆڵی پەروەردەیی خۆی بە تەواوی ـ وەکو ئیسلام دەیەوێت ـ ببینێت تا پەروەردەی ئیسلامی ڕۆڵی خۆی بە تەواوی لە ڕەسەنکردنەوەی چەمك و دیدەکاندا نەبینێت، و، کرۆك و ڕواڵەتی ئەو جیهادە بە گوێرەی کات و شوێن بە درێژی رون نەکاتەوە، پەروەردەو ئاڕاستەی ئیسلامی بۆ ڕەسەن کردنەوەی تێگەیشتنی زاراوەی جیهاد، پێویستی بە سێ هۆکار هەیە :

یەکەم : پلەو ئاستی پێشبڕدی مرۆڤایەتی.

دوەم : جۆری ئەو هێزانەی لە ناوەوەو دەرەوە بەربەرەکانێ دەکەن.

سێیەم : سڕینەوەی ڕواڵەتی جیهادەکە، یان ڕێنەدان بە سڕینەوەی..

لە زەمینەی ئەم سێ هۆکارەوە دەتوانین بڵێین، کە جیهاد سێ مەیدانی ناوەکی لە خۆ دەگرێت، کە جێی هەر هەمو کاروبارو چالاکیەکانی موسوڵمانیان تێدا دەبێتەوە، چونکە ئەو بەمەیدانانە لەگەڵ نوێ بونەوەدا دەکشێن و، زیاتر ڕێ بە شێوازو هۆو پەیوەندی و دەزگای دیکە دەدەن، کە کات و شوێن دایان دەهێنێت : ئەو مەیدانانەش بریتین لە :

## ١. مەیدانی جیهادی پەروەردەکاریی :

ئامانج لە پەرەوەردە کردنی تاکی موسوڵمان لەم مەیدانەدا، داڕشتنی کەسایەتیەکەیەتی، تا لە (أَسۡفَلَ سَٰفِلِينَ) التين/٥ واتە: کۆتا پلەی خواریێ، لە هیچ و پوچیەوە بیگۆڕێت بۆ ئاستی (أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ) التين/٤ واتە: باشترین شێوازی سەڕراستی.. تا لەو ئاستەیەوە، کە ملکەچی هەواو هەوەسی خۆیەتی و هەڵپەکاریی دوی هێنانەدی حەزەکانی خۆیەتی و بە ئاڕاستەی پاڵنەرە دەرونیەکانی خۆیدا دەڕوات، کە هەمو یان کاتی و ساتین، یان کاردانەوەی هەڵچونی تاکڕەوی خۆی و خۆبەسەریین، بۆ ئاستی سەلماندنی هەبونی خۆ (تحقيق الذات)، کە مرۆڤ لەو ئاستەیدا هەبونی حەقیقی و کاریگەریی خۆی دەچەسپێنێت، چونکە بە پێی ژیریی و بیری خۆی دەڕوات و هەنگاوەکانی لەبەر رۆشنایی ئەو دەرسانەدا هەڵ دەهێنێتەوە، کە لە ئەزمونەکانی ژیانی خۆیەوە فێربوە.. ئەوی گەیاندوشیەتیە ئەم ئاستە، ئەو دیدو بیرو هۆشەی بو، کە زانی کردگار کێیەو گەردون چیەو مرۆڤ بۆچی لەسەر زەمینەو ژیان بەرەو کوێ دەڕوات..

جیهادیش بەو شێوەی باس کرا، کارێکە دەبێ پشت بە نەخشەکارییەکی ورد ی زانستیانە ببەستێت و، ئامادەباشییەکی تەواوی بۆ ساز کرێت، پێویستە دەزگاو پسپۆڕی خۆی هەبێت، دەبێ بازنەی کارو شێوازو چۆنیەتی خۆی

**هەبێ، دەبێ کەسانی پەروەردە کراو پەروەردەکاری خۆی هەبێت، کە تایبەتمەندی بوارەکانی بن، مەگەر نابینیت چۆن پێغەمبەر ﷺ کاربەدەستانو تایبەتمەندانی جیهادی پەروەردەکاری و زانستیشی گەیاندۆتە پلەو ئاستی جیهادی گۆڕەپانی جەنگو (مداد العلماء ودماء الشهداء) مەرەکەبی پێنوسی زانایان بە خوێنی شەهیدان چواندوە[١].**

**لێرەدا دەبێ ئاماژە بەو شێواندنەش بکەین، کە لە سەردەمەکانی تەقلیدگەرایی و نوێ نەکردنەوەو وەستانی ئیجتیهاددا لە مەیدانی جیهادی پەروەردە کردندا ڕویداوە، وەکو ئەو بەش بەش کردن و دابڕ بونەی خرایە نێوان تەوەرەکانی پەروەردەی ئیسلامی و مەیدانەکانیەوە. بۆ نمونە ئەم شێواندن و پشێویە بو، کە وای کرد پەروەردە کردنی نەفس و خۆڕاهێنان لەسەر پابەندیی دروست بە ئیسلامەوە ببێتە بەرپرسێتیەکی تاك کەسی و هەر موسوڵمانەو خۆی بەرپرسی پەروەردەکردنی نەفسی خۆی بێت! بەمەش ئەم موسوڵمانە دەکەوتە ململانێ و دەبەرێك ڕاچونێکی سەختی خۆی لەگەڵ خۆی! زۆرانبازی ڕقنی دینداریەکەی بەرامبەر پاڵنەری نەفس و حەزو**

---

[١] نوسەری بەڕێز ئاوا ئاماژەی داوە کە ئەوە حەدیسە، بۆیە لە پەراوێزەکەدا نوسیوێتی بڕوانە کتێبی (فیض القدير شرح الجامع الصغير ب ٦ القاهرة - دار الفكر ١٣٩١/ ١٩٧٢ لا ٤٦٦ ژمارە ١٠٠٢٦) بۆ ساغ کردنەوەی زۆر گەڕام، گەیشتمە ئەوەی کە زۆرینەی ئەوانەی بەکاریان هێناوە شیعەن، چونکە لە سەرچاوەی حەدیسی ئەهلی سوننەتدا، وەکو کتێبی المقاصدەکەی ئیمامی سەخاوی بەو دەقەی، کە دەڵێ : (يوزن مداد العلماء بدماء الشهداء فيرجح مداد العلماء) بە قسەی شێخ حەسەنی بەسری زانیوەو هەر واشی ناساندوە، بەڵام خەتیبی بەغدادی بە ریوایەتی (وزن حبر العلماء بدم الشهداء فرجح عليه) گێڕاوێتیەوە، کە حەدیسەو لە ئیبنو عومەرەوە گێڕراوەتەوە، بەڵام دەربارەشی گوتویەتی : (وفي إسناده متهم بالوضع) واتە: لە سەنەدەکەیدا لاوازی تێدایە (کە محمد بن جەعفەرە) کە بە حەدیس هەڵبەستن ناسراوە، بۆیە فەرمویانە حەدیسێکی زەعیفە! لە ریوایەتی تریشدا هەیە وەکو، کە شیرازی لە ئەنەس و مەوهیبی لە عیمرانی کوڕی حەسین و ئیبنو عبد البەڕ لە ئەبود دەرداوو ئیبنول جەوزی لە العلل لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە گێڕاویانەتەوە بەڵام المناوی دوای باس کردن لە هەموی فەرمویەتی: سەنەدەکانیان زەعیفە بەڵام بەیەکتری بەهێز دەبن..

ئارەزووەکانی، تا سەرەنجام بوە دەروێشێکی داماوی وازهێن لە دنیا، کە هەژاری و چڵکنی پێ باشتر بێت، وەك لە رێکخستنی ژیان و بەهرەمەند بون لە جوانیەکانی بون و گەردون!!

## ٢. جیهادی رێکخستن :

مەبەستی ئەم جیهادەش رێك و پێك کردنی تواناو وزەی ئوممەتەکەو بەگەڕ خستنێتی لە کات و شوێنی گونجاوی خۆیدا، کە بە پێی زاراوەی قورئانی بریتیە لە (وِسْع).. واتە توانای کەرەستەیی و واتایی و مرۆڤین (ماددی و مەعنەوی و بەشەریی) و رێکخستنیان بە پێکەوە سازاندن و گونجاندنیان لەگەڵ یەکتریدا، بێ ئەوەی بهێڵرێت هیچ لە هیچیان بە هەدەر بڕوات، یان خوارو خێچ بڕوات، یان ناهەموار بەکار بهێنرێت، تا هەمویان ببنە تەواوکەری یەکتریی و، بە هەمویان ببنە مایەی هەڵگرتنی پەیامەکەو هێنانە دی ئامانجەکانی.. قورئانی پیرۆز ئاڕاستەی (ئوممەتە موسوڵمانەکە)ی وا دەکات، کە ئەگەر ئەقڵیان بەو هاوکێشەیە شکاو توانیان بە رێك و پێك کردن و پارسەنگ کردنی بیخەنە کارو ئارامیش بگرن ئەو کاتە رێژەی (تاکە ئیمانداراەکان) بەرامبەر کافرەکان دەبێتە (١ـ ١٠ یەك بۆ دە)!! ئەمەش هۆی ڕاست بەگەڕ خستنی جیهادی رێکخستنی موسوڵمانانە، سەرەنجامی تێگەیشتنی موسوڵمانانە لە هاوکێشەکەو نەفامی کافرانە لێی، چونکە ئەمان بە فێرکردنی خوای گەورە پەییان بەو هاوکێشەیە بردوە، بەڵام کافرەکان هێشتا نازانن، ئەقڵیان پێی ناشکێت، بە زاراوەی قورئان (قَوۡمٌ لَّا يَفۡقَهُونَ)، سەرەنجامی هەر تێکچڕژان و ڕوبەڕو بونەوەیەکی مەیدانی جیهادی چەکدارییش تێکشکانی کافرەکان و سەرکەوتنی موسوڵمانان دەبێت، بەو مەرجەی موسوڵمانان باش لە هاوکێشەکە حاڵی بو بن و، چاکیش وزەو تواناکانیان رێك خستبێت، بۆیە

دەفـــــەرموێ : (إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ ۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّائَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ) الانفـال/٦٥ واتـە : ئەگـەر ئێـوە دە کەسی بە ئارامتان تێدا بێت، دوسەد کـەس دەبـەزێنن، ئەگـەر سـەد کەسـتان هـەبێت زاڵ دەبـن بەسـەر هـەزار کـەس لەوانـەی باوەڕیـان نـەهێناوەو کـافرن، چونکە ئەوان تێناگەن و پەی بە هاوکێشەکان نابەن..

ئـەوان پـەی بـە هاوکێـشەی ڕێکخـستن و ئامادەکـاریی ڕۆحـی و دەرونـی و مـاددی نابـەن، ئـەوان لـە شـێوازی ڕوبـەڕو بونەوەکـە حـاڵی نـابن و، سـود لـە سـتراتیژێتی شـوێن و ئاڕاسـتەی مەعنـەوی و گرنگـی ئامانجێـك، کـە خـۆی لـە پێناودا دەبێ بۆ بدرێت بە کوشت نابەن، ئەوان نازانن ئەو ئامانجە کامەیە، کـە لە حەقیقەتدا دەبێ ئەو هەمو وزەو توانا مادی و مەعنەوی و بەشـەرییەی بـۆ بخرێتە گەڕ!!

جیهادی ڕێکخستن بەم مانایـەی، کـارێکی تـاك کەسـی نیـە، بەرپرسـێتیەکی تـاك تـاکی ئەنـدامانی ئوممەتـە موسـوڵمانەکە نیـە! نـەخێر، ئەمـە کـارێکی ستراتیژیی ئوممەتەکەیە، کە دەبێت دەزگای پەروەردەیی و زانـستی و تـەتبیقی بۆ فەراهەم بهێنێت، دەبێ مەرکـەزی لێکۆڵینـەوەو پـسپۆڕانی بـۆ ئامـادە بکـات، دەبێ شێوازو کەرەستەی پێویستی بۆ بسازێنێت و، ئاسـانکاریی بـۆ ئـەو دەزگـاو پسپۆڕانەی بکات تا سـەرەتا ئـەم هاوکێـشەیە ئیـستیعاب بکـەن، ئینجا ڕەفتـاری لەگەڵدا بکەن و نەخشە سـتراتیژێتیەکەی داڕێـژن و وزەی هـەموانی بـۆ بخەنـە گەڕ.. بۆیە هەر لە سەرەتاوە پێویستە ئاستی ڕەسەنێتی قورئـانی و ڕۆشـنبیریی واقیعیانەی خودی پـەروەردەوانان وئاڕاسـتەوانان و ڕێبـەران بـەرز بکرێتـەوەو، زەمینەی گەشەیان بۆ ئامادە بکرێت و ئیمکاناتیان بخرێتە بەردەست، تا بتوانن پلان بۆ بە عەمەلی کردنی ئەو چالاکیانە داڕێژن، کە هاوکێشەکە دەیخوازێت..

## ٣. جیهادی چەکدارانە :

ئامانجی ئەم جیهادە لابردنی ئەو بەربەست و کۆسپانەن، کە دێنە سەر ڕێی مانەوەو گەشەی توخمی مرۆڤ، ئەمیش لەو کاتانەدایە، کە هەمو شێوازەکارەکانی دیکەی پەروەردەیی و ئاراستەی تەنزیمی، دەرەقەتی ئەو بەربەستانە نایەن و هێنانە دی ئەم ئامانجە بەرزەی مانەوەو گەشەی توخمی مرۆڤ و مرۆڤایەتی زەحمەت تر دەبێت، ئەوەی لەم خاڵەدا زۆر جێی سەرنجە ئەوەیە، کە ئامانجی جیهادە چەکداریەکە ـ چونکە دەبێ لە چوار چێوەی ڕێسا عەقائیدی و یاسا، شەرعیەکانەوە ئەنجام بدرێت، کە هەمو پێوەی پابەند بون و دەبن ـ هەر ئامانجی پەیامە ئیسلامیەکەیەوبە هیچ شێوەیەك و لە هیچ قۆناغ و هەنگاوێکیدا لە ئامانجی پەیامەکە دور ناکەوێتەوە.. بۆیە کاتێك، کە ئامانجی پەیامەکە پێش جەنگ، یان لە کاتی شەڕی چەکداریدا دێتە دی، شەڕ دەوەستێت و لەڕوی شەرعیەوە ناهێڵرێت کەس لەخۆوە بیکات! نمونەی ئەمەش لە ڕێ و ڕێبازی پێغەمبەری نازداردا ﷺ زۆرە لەوانە:

ـ ئوسامەی کوڕی زەید خوا لە خۆی و باوکی ڕازی بێت گێڕایەوە گوتی : (بَعَثَنَا رسُولُ اللهِ ﷺ إلى الحِرقةِ مِن جُهَينَةَ قال : فَصَبَّحْنَا القَومَ فَهَزَمْنَاهُم قال : ولَحِقْتُ أنا وَرَجُلٍ من الأنصارِ رَجُلاً منهم، قال : فَلَمَّا غَشَينَاهُ قال لا إله إلا الله، قال : فَكَفَّ عَنهُ الأنصاري، فَطَعَنْتُهُ بِرُمْحِي حَتَّى قَتَلْتُهُ، قال : فَلَمَّا قَدِمْنَا بَلَغَ ذلك النبِي ﷺ، قال : فقال لي : (يا أسامة أَقَتَلْتَهُ بعدَ ما قالَ لا إله إلا الله)؟ قال : قلتُ : يا رسولَ الله، إنَّمَا كانَ مُتَعَوِّذَاً قال :(أَقَتَلْتَهُ بَعْدَمَا قال لا إله إلا الله)؟ قال : فَمَا زالَ يُكَرِّرُهَا عَلَيَّ حَتى تَمَنَّيتُ أنِّي لَمْ أَكُنْ أسْلَمْتُ قَبْلَ ذلكَ اليومَ)[1] واتە : پێغەمبەر ﷺ

---

[1] ئەمە ریوایەتی بوخاریە لە تجريد الصحيح ب ٢ غزوة مؤته ل ٨٣ لە ریوایەتی موسلیمیشدا لە جوندبی کوڕی جونادەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر ﷺ لە ئوسامەی پرسی : بۆچی کوشتت؟! ئوسامەش گوتی : ئاخر زۆر زیانی بە موسوڵمانان گەیاند، فلانی کوشت، فلانی کوشت چەند ناوێکی ئاوا هێنا، ئیتر کە من هەڵمەتم کردە سەری لە ترسی کوشتنی خۆی وتی لا اله الا الله، پێغەمبەر ﷺ فەرموی : (أقَتَلْتَهُ؟) واتە : کوشتت؟ فەرموی : بەڵێ، ئەویش فەرموی

ناردینی بۆ ناوچەی حیرقەی هۆزی جوهەینە، بەرەبەیان دامان بەسەریاندا و شکاندمانن، من و پیاوێکی پشتیوانەکان (ئەنساری) کەوتینە سەر کابرایەکیان، کە گرتمان، هاواری کرد (لا الـه الا الله) پشتیوانەکە لێی گەڕا، بەڵام من رمەکەم کرد بە سکیداو کوشتم، کە هاتینەوە خزمەت پێغەمبەر ﷺ بۆمان گێڕایەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموی : (ئەرێ ئوسامە کوشتت دوای ئەوەی وتی لا اله الا الله؟!) وتم : ئەی پێغەمبەری خوا لە ترسی کوشتنی خۆی وتی، بەڵام ئەو هەر دەیفەرمو : (ئەرێ ئوسامە کوشتت دوای ئەوەی وتی لا الـه الا الله؟!) ئەوەندەی دوپات کردەوە خۆزگەی ئەوەم دەخواست، تا ئەو ڕۆژە موسڵمان نەبومایە..

ـ میقدادی کوڕی عەمری کیندی خوا لێی ڕازی بێت، کە یەکێکە لەوانەی بەشداری غەزای بەدری کردوە، فەرموی لە پێغەمبەرم ﷺ پرسی : (یا رسول الله أرأیت إن لقیت رجلاً من الكفار فقاتلني فضرب إحدى يدي بالسيف فقطعها، ثم لاذ مني بشجرة، فقال: أسلمت لله، أفأقتله يا رسول الله بعد أن قالها؟ قال رسول الله ﷺ لا تقتله "، قال: فقلت يا رسول الله إنه قد قطع يدي ثم قال ذلك بعد أن قطعها، أفأقتله؟ قال رسول الله ﷺ :" لا تقتله فإن قتلته فإنه بمنزلتك قبل أن تقتله، وإنك بمنزلته قبل أن يقول كلمته التي قال)[١]، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر توشی کابرایەکی کافربوم و کەوتینە کوشتاری یەك، ئەو دەستێکی منی بە شمشێر پەڕاندو لێی کردەوە، پاشان خۆی خستە پاڵ قەدی دارێك و وتی موسوڵمان بوم، دوای ئەوەی وای وت بیکوژم؟! پێغەمبەر ﷺ فەرموی : نەخێر، وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! خۆ ئەو قۆڵی لێ کردومەتەوە، ئینجا پەنای بردۆتە بەر

---

(وكيف تصنع بلا إله إلا اللّه إذا جاءت يوم القيامة؟) واتە دەی چی لە لا اله الا الله کە دەکەیت، کە لە قیامەتدا دێتەوە پێش؟! ئوسامە گوتی : ئەی پێغەمبەری خوا داوای لێبوردنم بۆ بکە، بەڵام پێغەمبەر ﷺ هەر دەیفەرمو (وكيف تصنع بلا إله إلا اللّه إذا جاءت يوم القيامة؟)

[١] متفق علیە، لای بوخاری ب ٤ ژمارە (٧٢٤٦) و لای موسلیم ب ٢ لا ٩٨ ژمارە (٩٥ ـ ١٥٥) لای ئیمامی ئەحمەدیش سەحیحە (مسند أحمد/ شرح الساعاتي ب١ ژمارە ٧٠ لا ١٠١)..

قـەدی درەختەکـەو وای وتـوە!! پێغەمبـەر ﷺ فـەرموی : مـەیکوژە، ئەگـەر کوشـتت، ئـەوا ئـەو دێتـە شـوێنەکەی تـۆ، واتـە پـێش ئـەوەی بیکوژیـت! تـۆش دەچیتە شوێنەکەی ئەو، واتە پێش ئەوەی ئەو قسەیەی بکات کە کردی..

ئاراسـتەی ئیـسلام لـەوەش دورتـر دەشـێت، چـونکە دەیـەوێت ئامـانجی جیهادەکـە لەگـەڵ ئامـانجی خـودی پەیامەکـە بـسورێتەوە، بۆیـە ئوممەتـە موسوڵمانەکە وا پەروەردە دەکات، کە لێبـوردەو سینەفراوان بێـت، تارێی تۆڵـە نەگرێتە بەر، تەنانـەت دەیـەوێت کـاتی سـەرکەوتن و بـە دەسـەڵاتێتی بـە دوای ئـەو سامانەشـیدا نـەڕوات، کـە موسـادەرە کـرا لێـی و زەوت کـرا!! تـا ئامانجـە بەرزەکەی ئیسلام وجیهادەکەی بۆ دوژمنان دەرکەوێت و بە کردەوە بسەلمێت.

شـورەیحی کـوڕی زەبیعـەی کینـدی لـە یەمامـەوە هاتـە خزمـەت پێغەمبـەر ﷺ، کە گەیشتە نزیکی مەدینە، ئەسپەکەی لـە دەرەوەی شـار بەسـتەوەو خـۆی بە پێ هاتە ناو شارو، چوە خزمەت پێغەمبـەر ﷺ و لێـی پرسـی : خـەڵکی بـۆ لای چی بانگهێشت دەکەیت؟! فەرموی : (إلى شَهادةِ أنْ لا إلهَ إلا اللهُ وإقامِ الـصلاةِ وإيتاءِ الزكاةِ) واتە بۆ شایەتی دان، کە تەنها الله خوایـەو شـایانی پەرسـتنەو بـۆ نوێـژکردن و زەکاتـدان.. کـابرا وتـی : چـاکە، بـەڵام مـن هەنـدێك پیاومـاقوڵی خۆمـانم لەگەڵدان، کـە بـەبێ ئـەوان هـیچ کارێـك ناکـەم، بـەڵکو مـن موسـڵمان دەبم‌و، ئـــەوانیش بـــۆ ئیـــسلامەکە بانگهێـــشت دەکـــەم و بـــە موســـوڵمانێتی دەیانهێنم.. کە ڕۆیشت پێغەمبـەر ﷺ بـە یـاوەرانی فـەرمو : (دَخَـلَ بوجـهٍ كـافرٍ وخَرَجَ بِعُقْبَى غادرٍ وما الرَّجُلُ بِمُسْلِمٍ) واتـە : وەك کافر هاتە ژورێ و، وەکـو ئـەهلی غەدر چوە دەرێ، ئەمە موسڵمان نییە! ئینجا شورەیح، کە بەرەو دەروازەی شـار گەڕایەوە مەڕو ماڵاتێکی بینی پێش خۆیدان و دزینی، کە موسوڵمانەکان زانیان بە دوایاندا چون، بەڵام نەیانگەیشتنێ..

سـاڵ هـات و چـو، کـە پێغەمبـەر ﷺ دوای پـەیمانی حودەیبییـە تەشـریفی بردە مەککە بۆ حەج، بینی ئەوە شورەیحەو هـەمو مەڕوماڵاتەکەشـی پێیـە، کـە پار دزینی!! بەڵام وا هاتون، کە دیاریان بۆ کەعبە هێناوە!! پێغەمبەر فـەرموی:

(هذا شريح دونكم) واتە : ئەوە شورەیحە بیگەنێ.. کە موسـولْمانەکان خۆیـان بـۆ گرتنی ئامادە کرد، ئەو ئایەتە دابەزیە خوارێ : ( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ وَلَا ٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ وَلَا ٱلۡهَدۡيَ وَلَا ٱلۡقَلَٰٓئِدَ وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّهِمۡ وَرِضۡوَٰنٗاۚ ) المائـدة/٢ واتــە: ئـەی ئـەو کەسـانەی باوەڕتـان هێنـاوە! ڕێگـرتن لـە دروشمەکانی خواپەرستی (کـە خـەڵکانێك ئـەنجامی دەدەن) بـۆ خۆتـان بـە ڕەوا مــەزانن و پەرسـتنەکان هەڵمەوەشـێننەوە، هـەروەها لـە مانگـە حەڕامەکانـدا (ڕەجـەب و زولقیعـدەو زولحیجەجـەو محـەڕڕەم) دا کێـشە مەنێنــەوەو ڕێ لــە قوربانی مەگرن، کە خەڵکی دەیکات، ئـەو ملوانکانـەش دامەکـەنن، کـە خـەڵکی دەیکاتە ملی مەڕو ئاژەڵانێکیان، کە وەك نیشانە بـۆ قوربـانی کردنیـان دیاریـان کەن!! (واتە: با هی خۆشتان بن، تازە شـورەیح و کۆمـەڵە دزەکـەی کردویانەتـە قوربانی!!) ڕێ لـە تەوافکارانـەی مـاڵی خـواش مـەگرن، نـەبادا ئەمنیـەتی مـاڵی خـوا تێـك چێت!! ئـەوی دێتـە مـاڵی خـوا، هـەر چی بێـت، هـەر بـە ئومێـدی ڕەزامەندی و فەزڵی خوای گەورە دێتە ئەوێ..[1]

ئـیتر پێغەمبـەرﷺ غـەیری گوێڕایـەڵی دەربـڕین بـۆ خـوای پـەروەردگارو جێبەجێکردنی فەرمانە خواییەکە، هیچی تری نەکرد و ڕێی نەدا نـە شـورەیح بگرن، نە مەڕەکانیشی لێ بستێننەوە!

هەمو هەڵوێستە جوانەکانی پێغەمبەر ﷺ لەگـەڵ دوژمـن و ناحـەزەکانیـدا هــەر وان، هــەموی نمونــەی گــەورەیی و لێبــوردەیی و پێــشەوایەتیە، هــەمو جێبــەجێکردنی ئاڕاســتە خواییەکانــە، کــە مەبەســتی جیهادەکــەو ئامــانجی پەیامەکەی لێـك جـوێ نەکردونەتـەوە.. پێغەمبـەر ﷺ زۆرتـرین نـاڕەحـەتی و ئازارو ناسۆری دەخرایـە ڕێ، بـەڵام هەمیـشە خـۆی کـۆنترۆڵ دەکـردو گەورانـە

---

[1] نوسەری بەڕێز ئاماژەی بە سەرچاوەکەی نەکردوە، بەڵام لە هەندێك لە تەفسیرو کتێبی هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکانی قورئاندا ئەو ڕوداوە کراوە بە هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتە، وەکو ئیمامی قورتوبی ب٦ لا ٤٣..کەمێك بە لەفزی جیاواز هێناویێتیەوە..

ڕەفتاری دەکرد، خەم و ناسۆرو توڕەبونەکانی خۆی دەڕەواندەوەو نەیدەهێشت لای ببنە گیانی تۆڵە.. هەمو جیهان ئەو هەڵوێستە نمونەیی ئەوی بینی لە وەحشی کوڕی حەرب، کە حەمزەی مامی لە ئوحوددا بەو شێوە دڕندانە کوشتبو، کە جەرگ و دڵی دەرهێنابو! کەچی لێشی خۆش بو لە خۆشی نزیک کردەوە!! لە هیندی ژنی ئەبو سوفیان خۆشبو، کە نەك هەر نەخشەدانەری پلانی کوشتنەکەی حەمزەی مامی بو، بەڵکو جەرگ و دڵەکەشیان کە بۆ دەرهێنا دایە بەر قەپاڵ ویستی بیخوات، بەڵام بۆی نەخورا!! لە ئیبنو ئەبی سەرح خۆش بو، کە بە ناو فەرمانی ئەوەوە خراپترین درۆی هەڵبەست.. دوای فەتحی مەککە نەیهێشت یاوەرە چەوساوەکانی، خانو و بەرەکانیان لە قوڕەیش و ئەهلی مەککە بسێننەوە، کە لە کاتی کۆچکردنی ئەماندا بۆ مەدینە، ئەوان موسادەرەیان کردبون و بۆ خۆیان زەوت کردبون!! وە هەروەها..

پەروەردەی ئیسلامی، پێویستی بە هەر سێ مەیدان و شێوازەکەی جیهاد هەیە، هەموشیان دەبێت بە گوێرەی فقهێکی ڕەسەن و واقیعی ئاڕاستەیان بکەن و، ئاگاداری ئەحکامەکانی ناسخ و مەنسوخ بن[١]..

---

[١] ئیمامی ئیبنو تەیمییە تێگەیشتنێکی وردەکارانەی لە مەسەلەی ناسخ و مەنسوخدا هەیە، کە پوختەکەی ئەوەیە، کە نەسخ هەر بە مانای سڕینەوە نایات، بەڵکو جاری وا هەیە بە مانای لابردن، کەنار دان، وەستانی کاتیی، وەستانی خولییانە بەکار دێنێت.. کە هەر یەکەیان بە گوێرەی کات و بارودۆخ دەگۆڕێن، لەوانەیە لە سەردەمێکدا حوکمێکی شەرعی نەسخ ببێتەوە، بەڵام لەوانەیە بارودۆخێکی نوێ دێتە پێشەوەو ناچار دەکات، نەسخەکە لادات و حوکمە شەرعیەکە بگێڕێتەوە، نوسەری بەڕێزیش ئەم بۆچونەی ئیمامی ئیبنو تەیمیە دەگرێتەبەر و پێی وایە ئەم بۆچونەیە، کە لەگەڵ هەمیشەیی و بەردەوامێتی دەقە قورئانیەکاندا یەك دەگرێتەوە، چونکە ئایەتی قورئان بۆ هەمو کات و شوێنێکە.. بڕوانە مقدمة التفسیر/ ابن تیمیة.. (نوسەر)

لە دەستورو یاسای سەردەمی وڵاتانی ڕۆژئاوادا، زاراوەیەك هەیە پێی دەڵێن: یاسا مردوەکان، ئەمەش ئەو یاسایانەیە، کە ماوەی دە ساڵیان بەسەردا دەڕوات و بەکار نایەن، دوای ئەو دە ساڵە بۆ بەکارهێنانەوەیان (یان بڵێین بۆ گەشانەوە یان زیندو کردنەوەیان) دە هەزار بە ئیمزاو ناوی زانراوی خۆیانەوە داوای بەکاربردنەوەی ئەو بڕگەیە دەکەنەوە، کە مردوە.. گومانی تێدا نیە، کە هەندێك ئەحکامی ئیسلامیش وایە، بۆ نمونە ئەحکامی کۆیلە ئازاد کردن، کە ئێستا کۆیلەیەتی لە زۆر وڵات نەماوە چی و چۆن ئەحکامەکانی جێبەجێ دەکرێن، کەوابو هەر ئەوەیە، کە بە

کەوابو جیهادە چەکداریەکە دەبێتە هەنجەتی بەکار لەو کاتانـەدا کـە بـەهاو نـەریتی کـوفر کۆمەڵگەیـەك دەخاتـە ژێـر رکێفـی خـۆی و دەکەوێتـە زوڵـم و دەستدرێژیی و دەبێتە مەترسیەك بۆ نەهێشتنی تـوخمی مـرۆڤ و مرۆڤایـەتی یان بۆ رێگرتن لە گەشـەو نەشونمای.. بـەڵام لـەو کاتانـەدا کە رێـی دایـالۆگ و پێکـەوە دوان و لـە یـەکتر حـاڵی بـون مەیـسەر دەبێـت ئـەحکامی جیهـادە چەکداریەکە دەوستێت یان بڵێن نەسخ دەبێتەوە.. ئیدی دەزگاکانی پەروەردەی ئیـسلامی دەکەونـە پـەرورەدە کـردن و پێگەیانـدنی کەسـانی شـیاو لایـق بـە دایالۆگ و هونەری گـرەو بردنـەوەی گفتوگۆ، لەمەشـدا نابێـت وتوێـژو تـەوەرە باسەکان ببنە جنێو قسەی ناشیرین و هەڵچون.. بەڵکو پیاوانی بەرەی ئیسلامی لـە دایالۆگەکـەدا، دەبـێ بگەنـە ئـەو ئاسـتە بـەرزەی، کـە جیهـادی فیکریـی دەیخوازێت، تا بتوانن بە راقیترین شێوەی موناقەشە (یجادلوا) ی ئەهلی کوفری جیهانی بکەن و چاکترین (أحسن) ناوەرۆك و چاکترین بەرهـەم بخەنـە ڕو، کـە لەگەڵ حەقیقەتەکانی گەردوندا یەك دەگرنەوەو قەناعەت بە بەرەی بەرامبەر دەکەن، کە خێرخوازی مرۆڤایەتی وا لەمەی ئەماندا [١]..

پێ هەڵگرتنی مرۆڤایەتی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تـری، بـۆ نمونـە، کـە لە قۆناغی یەکە ناوچەییەکانیەوە، یان لە نەتەوایەتیـەوە پـێ دەنێتـە قۆنـاغی کوتلەکاریە گەورە نێو دەوڵەتیەکانەوە، کە لەسـەر ئاسـتی کیـشوەرە گـەورەکانی دنیـا دادەمـەزرێن، وەکـو ئەوانـەی ئێـستا هـەن، ئـەوە دەخوازێـت، کـە دەزگـا پەروەردەییـەکان، هـەر چیان لـە توانادایـە بیخەنـە کـار، تـا مامۆسـتاو پیـاوانی واجیبـەی خۆیـان وا شـیاو پـەروەردە کـەن، کـە توانـای جیهـادی ڕێکخـستنی

---

هەڵپەسێرراوی دادەنرێت، تا کاتێك ئوممەتەکە لە بارودۆخێکی وەکو ئەو کاتانەدا پێویستی پێی دەبێتەوە..ئەمەش ئەو بۆچونەی ئیمامی ئیبنو تەیمیە، کە بۆتە جێ لایەنگیریی نوسەر. (وەرگێر)

[١] ئاماژەی نوسەرە بە ئایەتی : (ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) النحل/ ١٢٥ یان : (وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ) العنكبوت/ ٤٦ یان: (وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ) فصلت/ ٣٣..

تـەنزیمیو سـتراتیژێتیان هـەبێت و، بتـوانن تـۆڕێکی بـەرفراوانی لێوەشاوە بـۆ پەیوەنـدی بەسـتن بـسازن، کـە یارمەتیـدەریان بێـت لـە رونکردنـەوەی دیـدو تێڕوانینی خۆیاندا.. دیسان بۆ ئەوەی بتوانن زەمینەی زۆر لەبار ئامادە بکەن، کـە هـەمو وزەی هـەمو ئوممەتەکـە زۆر زیرەکانـە بخەنـە گـەڕ، تـا پـێ بنێنـە قۆنـاغی تـری پێـشکەوتنەوە، تـا لـە قۆناغـەکانی (خێڵـەکی و عەشـایرێتی) و (ناوچەگەریی و هەرێمایەتی) و (نەتەوایـەتی) دەرچـن، چـونکە ئـەم قۆناغانـە کاتێك ئوممەتی دینداریی تێی دەکەوێت، کە یاساو ڕێسای خواییـان لـە گەشـەی کۆمەڵگەدا بیرچوبێتەوەو خوای گـەورەش بەرژەوەندیـەکانی خۆیانیـان لـە بـیر دەباتـەوە لـەوەی، کـە چۆن دەتـوانن ئـەو قۆناغـە پاشکەوتوانە بـبڕن و، بـچنە قۆنـاغی ئوممەتیانـەی نێـو دەوڵـەتی و جیهانێتییـەوە، کـە ئامـانجی سـەرەکی پەروەردەی ئیسلامیە لە پێکهێنانی ئوممەتی موسڵماندا..

کورتـەی بـاس ئەوەیـە، کـە لادان و هێنانـەوە پێـشی هەنـدێك ئـەحکامی شەرعی، بە پێی بارو دۆخە نوێکان، وەکو کـە بەسـەر ئەحکامـەکانی مامەڵـەدا دێن، بەسەر جیهادیشدا دێن، بارودۆخی ئاشـتیخوازانە شـێوازی ئاشـتیخوازانەی جیهادەکەی دەوێت، ئەمەش لە سـیاقی هـەمو ئایەتـەکانی جیهاددا هەسـت پـێ دەکرێت.. کە لە سەرەتاوە بە خۆ ئامادە کردن و بە سامان بەخشین دەست پـێ دەکات، ئەگەر بەشـی نـەکرد، جیهـادی بیرکـاریی و ژیربێـژیی و تـەنزیمی کـارو وزەکانی دەخرێتە سەر، ئەگەر هەردوکیان بەشیان نـەکرد، واتـە مەبەسـتەکان بـە ئاڕاسـتەی پـەروەردەیی بانگەوازەکـەو سـامان بەخـشینەکە نەهاتنـە دی، جیهـادە چـەکداریەکە دێتـە پـێش..لـە هـەمان کاتیـشدا دەروازەی دیـالۆگ و گفتوگۆی ئاشتیانە هەر کراوە دەمێنێتـەوە، تـا زوتـر هـەلی تەقەبەسـت و شـەڕ وەستان فەراهەم بێتە بەردەست و ئاشتی بگەڕێتەوە..

گرنگی جیهادی چەکداریی لە هەمو مێژوی مرۆڤایەتیدا لـەوەوە زیـاتر ڕون دەبێتـەوە، کـە بیروبـاوەڕو تیۆریـە فیکـری و سیاسـیەکانی جیهـانی ئـەمڕۆی غەیری موسڵمانان دەبینین، بە تایبەتی ڕۆژئاوا، وازی لە حەزی دەسـتدرێژی و

کوشتارو تاڵان کردنی میللەتانی دیکە نەهێناوەو رەنگە، تا قیامەتیش هەر وازی لێ ناهێنێت، هەر لە رەنجی ئەوەدا دەبێت میللەتانی دیکە ژێردەست کات، دواکەوتویان کات، تا بە پێی ئەو رێساو دیدەی خۆی، کە دەڵێ : (ناکۆکی و مانەوە بۆ بەهێزو چاکترینە) کۆنترۆڵیان کات خۆشی لە عەقڵی دەستەجەمعی خۆشیدا بە بەهێزو چاکتر دادەنێت.. ئەم رێسایەشی بەلاوە بەڵگەنەویستێکی ئەوەندە راستە، کە نایەوێت موناقەشەی بکات!! چجای پێداچونەوەو گۆڕینی! ئاخر لەم ڕوانگەوەیە، کە تەماشای شەڕو جەنگ و دەبەڕێك راچون دەکات بە پێداویستیەکی بایۆلۆژی ژیانی دەبینێت، بۆیە بەرپا کردن و بەردەوام کردنیشی بە پێداویستی ژیان دەزانێت!! چونکە هەر لەو ڕوانگەوە پێی وایە ئەو توخمانەی لاوازن نابێت بمێنن، نابێت جێ بگرن، پێویستە بە شەڕو شۆڕ لە بەرژەوەندی بەهێزەکاندا لەناو چن!! هەر بۆیە رۆژئاوا ئەو هەمو بایەخە بە سەربازی و چەك و تفاقی سەربازی و خۆ بەهێز کردن دەدات.. ئەمە دیدێکی فەلسەفی ڕۆژئاوایەو لەمێژە بە رەگی فیکری باب و باپیریاندا رۆچوە[1] و ئێستاش ئەو روانگەو دیدە فەلسەفیە تەوەرەی سەرەکی جیهانبینیانە، لەم

---

[1] موسڵمانان زۆر پێویستە شارەزای ئەقڵیەتی ڕۆژئاوا ببن و شێوەی بیرکردنەوەو روانگەی بەها دارشتن و بەڵگەنەویستی فیکریی و شێوازی بیرکردنەوەو بۆچون و هەڵسەنگاندنیان شارەزا ببن، هەروەکو چۆن رۆژئاوا پلانی بەرامبەر موسڵمانان دارشت کاتێك، کە شارەزای دیدو تێڕوانین و بەڵگەنەویستی فیکریی و ڕەفتارو ڕەوشت و بەهاو نەریتی موسڵمانان بو، شارەزای ئەمان بو ئینجا کەوتە کار لەسەر کردنیان، تا توانی موسوڵمانانیش بەگەڕ خات بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی خۆی! هەمو جیهانی بەکارهێنا، تا ئاوا خۆی پێ گەیاندو خۆی بەهێز کردو دەسەلات و نفوزی گرتە دەست!! تەوەری سەرەکی جیهانبینی رۆژئاواش ئەو رێسای (ناکۆکی و مانەوە بۆ بەهێزو چاکترینە) یە، ئەم رێسایە بە لایانەوە، وەکو تەوحیدەی ئێمەیە، لەو دیدەوە هەمو فیکرو بیروباوەڕێکیان دارشتوە، نەك لە دیدی دینی ئاسمانیەوە، یان لە رەوشت بەرزی و بەهای بە نرخی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەوە.. رۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا فیکرەی ململانێی بە لاوە پیرۆزە وەك ئینجیل! بۆیە ئەوەندەش بایەخی بە دەروونناسی (علم النفس) داوەو دەدات، ئەمەش وەنەبێت زانستێك بێت بۆ رون کردنەوەو ناساندنی حەقیقەتی شت بخرێتە گەڕ، بەڵکو بۆ ناسینی هەست و رەفتاری تاك و کۆی خەڵکی دەخوێنرێت و بەکاردێت، تا بزانرێت بە چ شێوازێك هەمو گەلان دەخرێنە ژێر بار، تا بزانرێت چۆن خەڵکی تر دەکرێنە پردی پەڕینەوە بۆ کلتورو رۆشنبیرییان، تا بەکار بهێنرێنەوە بۆ هێنانە دی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو زەروەکانی..

سەدانەی دواییدا ئەم دیدە زیاتر بۆ هەمو دنیا ئاشکرا بو چونکە رۆژئاوا بە شێوەی ئیستیعماری سەربازی و فیکری زۆر بە جیددی تیۆری خۆی بەسەر گەلاندا چەسپاند، ئێستاش بایەخی سیاسی و عەسکەریکەری خۆی هەر لەو دیدو بۆچونە فەلسەفیەوەیە..[1]

لە بەرامبەر ئەم عەقڵیەتە غەیر موسڵمانەدا کە ئیعتیمادی سەرەکی خۆی دەکاتە سەر ململانێ و دەبەرێك راچونی شەڕو، ئەو دەکاتە بنەمای پەیوەندیەکانی دەرەوەی بە کۆمەڵگەکانی تری مرۆڤایەتیەوە، کە هاوبەشی ژیانی ئەم سەر زەویەنی، گرنگی و زەرورەت و ڕۆڵی جیهاد دێتە پێشێ، وەکو بەربەستێکی دەستدرێژیی رۆژئاوا، وەکو بەهۆش هێنانەوەی ئەقڵیەتی رۆژئاوا، کە بە حەزی شەڕخوازی ئاخنراوە.. ئالێرەدایە، کە بە شێوەیەکی کاتیی جیهادە چەکداریەکەی ئیسلام دێتەوە پێشێ.. مەبەستیش لێی عەمەلیات کردنە! لێکردنەوەی ئەو ئەندامە نەخۆشانەی بەدەنی مرۆڤایەتین، ئەو موتریف و گەندەڵانەی، گەر بۆیان بلوێت هەر هەمو دنیا دەکەنە گۆڕەپانی خوێنڕێژیی و جەردەیی و وێرانکاریی.. جیهادی چەکداریی بۆ ئەمە پێویستە بێتە پێشێ، تا لاسەنگیەکەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و هێزەکانی ناوی راست کاتەوەو پارسەنگی دروست کاتەوە، چونکە وەکو هێزێکی پاسەوان، هەر کاتێك دیترا دنیا بەرەو تێکچون دەچێت پێویستە بێتەوە پێشێ، تا دادپەروەریی و یەکسانی و ئازادی و برایەتی و مافی خاوەنێتی و پەیوەندی ساغ و پارسەنگ بۆ هەمو کەس مەیسەر ببێتەوە.. ئەمانەش ئەو بەها بەنرخانەن، کە خوای گەورە جیهادەکەی لە پێناودا فەرز کردون، نابینیت نیەتی جیهاد کردنەکەش، ئەگەر لەمانە ترازا جیهادەکە بەتاڵ دەکاتەوە؟! لەو روانگەوەیە، کە لە پێغەمبەری پێشەوایان ﷺ پرسی، کە یەکێك لەبەر ئازایەتی خۆی دەچێتە

[1] بۆ ناسینی راو بۆچونی ئەو رۆژئاواییانەو زیاتر شارەزابون لێیان، دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆدو کتێبی نوسەر : کتێبی (فلسفة التربیة الاسلامیة) چاپی دوەم لا ١٥٦ ـ ١٥٩، هەروەها کتێبی (أهداف التربیة الاسلامیة) لا ٢٦٩ ـ ٢٧٠

غەزا، یەکێکی تر لەبەر خزمایەتی و تیرەگەریێتی دەچێت، یەکێکی تر بۆ دەسکەوتی جەنگ دەچێت، یەکێکی تر بۆ ناو دەرکردن، یەکێکی تر بۆ ریابازیی، غەزای کێ لەمانە لە پێناوی خوادایە؟ پێغەمبەر ﷺ وەڵام ئاوا دەداتەوە، کە هەر کەس لە پێناوی بەرزکردنەوەی وشەی خوادا بچێت، ئەوە غەزای فی سبیل اللە کردوە[١].. دەستەواژەی : هەر کەس لە پێناوی بەرزکردنەوەی وشەی خوادا، واتە بۆ چەسپاندنی ئەو پەیامە شارستانێتیە راقیەی، کە ئیسلام هێناویەتی و موسڵمان هەڵیگرتوەو، دەبێت بە هەمو جیهانیانی بگەیێنێت، تا تۆوی مرۆڤ بمێنێت و کۆمەڵگەکەی بە ئاسودەیی گەشەو نەشونما بکات.. ئەمەش هەمو هێنانە دی هەندێك لایەنی تری خواپەرستین.. ئاخر شارستانێتی ئیسلامی، ئا لەم دیدە خواپەرستیەیەوە مۆرك و سیفاتی پەیامەکەی خۆی بە جیهان دەگەیێنێت.. ئەمما وردەکاری پەیامەکە ئەوە بریتیە لە مانای پەیامەکە، کە لە بەشی داهاتودا باسی دەکەین ان شاء اللە.

★★★

---

[١] سەحیحی موسلیم بە شەرحی نەوەوی ب ١٣ لا ٤٩ ـ ٥٠ کتاب الامارة (چاپی دار الکتب العلمیة): لە ئەبو موسای ئەشعەری ـ خوا لێی رازی بێت ـ دەگێرێتەوە، کە: (أَنَ أعرابیاً أتی النَبِيَ ﷺ فقالَ یا رسُولَ اللهِ، الرجُلُ یُقاتِلُ لِلمَغْنَمِ والرَجُلُ یُقاتِلُ لِیُذْکَرَ، والرَجُلُ یُقاتِلُ لِیُرَی مَکانَهُ وفي روایةٍ : یُقاتِلُ شَجَاعَة، ویُقاتِلُ حَمِیَة، فَمَنْ فِي سَبیلِ اللهِ؟فقالَ رسُولُ اللهِ ﷺ مَنْ قاتَلَ لِتَکُونَ کَلِمَةُ اللهِ هيَ العُلیا فَهوَ فِي سَبیلِ اللهِ) مُتفق علیه واتە : ئەعرابییەك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و لێی پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا! کابرایەك بۆ دەسکەوتی شەڕ (غەنیمەت) دەجەنگێت. یەکێکی تر بۆ ناو دەر کردن دەجەنگێت، کابرایەکی دیش بۆ ئەوەی شوێن دەستی دیار بێت (تا ببێتە فەرماندە) لە ریوایەتێکی تردا هاتوە : بۆ ئازایەتی دەجەنگێت. هەشە بۆ عەشیرەت گەریێتی دەجەنگێت.. ئەمانە کامیان لە پێناوی خوادایە؟ فەرموی : ئەوی لە پێناوی بەرز کردنەوەی وشەی خوادا (واتە دینی خوا) دەجەنگێت، ئەوە لە پێناوی خوادایە.

# بەشی دووەم

## مانای پەیام (الرسالة)

وشەی الرسالة والرسول لە قورئاندا لە سەدان شوێنی قورئاندا دوپات دەبنەوە، بەڵام لەو ئایەتەدا، کە بۆتە چوارچێوەی توخمەکانی ئوممەتی موسوڵمان، ئاماژەیەك بە پەیامەکە دەکرێت لەوەدا، کە خوای گەورە دەفەرموێ: (فِي سَبيلِ اللهِ) واتە لە پێناوی خوادا، ناوەرۆکی پەیام دەبێت بە سێ بەشی سەرەکیەوە :

١ـ فەرمانکردن بە چاکە، کە تەوەرەکەی بریتیە لە بانگهێشت کردن بۆ خۆسازاندن لەگەڵ یاساو ڕێسای خوای گەورە تا لەگەڵ ڕێسا گەردونیە هەستپێکراوەکان و قەدەریەکانیدا یەك بگرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە مانەوەو بەردەوام بونی مرۆڤی پێوە بەندە..

٢ـ بەرهەڵستیکردن لە خراپە، تەوەرەی ئەمیش هۆشیار کردنەوەی خەڵکی و ئینزار کردنیانە لەوەی نەکەن بە یاساو ڕێسا گەردونیە خواییەکان، یان بە ڕێسا قەدەریەکانی ئەو بکێشرێن، چونکە ئەوە مانای نەمان و زەرەرمەندی دنیاو ئاخیرەتی مرۆڤ..

٣ـ باوەڕ هێنان بە خوای گەورە، تەوەری ئەمیشیان بریتیە لە قەناعەت کردنی تەواو بە تواناو دەسەڵاتی بێ سنوری خوایی، بەوەی کە ئەو، خاوەنەو ماڧی رەفتار کردنی بە پێی حەزی دانایی خۆی هەیە، بەرهەمی ئەم باوەڕهێنانەش ئەوەیە، کە لە لایەکەوە مرۆڤایەتی لە شاڵاوی خوایەتی ساختەیی مرۆڤی وەکو خۆی رزگار دەکات، مل بۆ کەسانێکی وەکو خۆی بەو سیفەتەی بوبن بە خوا کەچ ناکات.. لە لایەکی تریشەوە بواری تەواو بۆ توانا

ژیریی و دەرونی و جەستەییەکانی دەکاتەوە، تا هەرچی لەم گەردونەدا بۆی مەیسەر کراوەو دەکەوێتە بەر دەستی بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی بێ بەربەستی ترس و بیم بەکاریان بهێنێت..

ئەم سێ توخمە سەرەکیەی سەرەوە، کە پێکهاتەی پەیامی خواییین لەو ئایەتەدا هاتون، کە دەفەرموێ : ( كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ) ال عمران/١١٠ واتە: ئێوە باشترین ئوممەت بون لە نێو خەڵکیدا خرانە بەرچاو، بەوەی فەرمان بە چاکە دەکەن و بەرهەڵستی لە خراپە دەکەن و باوەڕتان بە خوا هەیە..

یاوەری بەڕێز ئەبو هورەیرە ئەم ئایەتە راڤە دەکاتو دەڵێ : ئێوە بۆیە بونەتە باشترین ئوممەت، کە خەڵکی بە زنجیرو کۆت کێش دەکەن، تا بە بەهەشتیاندا دەکەن! ئەمەش بەوەیە، کە موسڵمانان گیان و ماڵیان لە جیهاددا خەرج دەکەن، تا سود بە خەڵکی بگەیێنن، ئیدی حەتمەن باشترین ئوممەتن، خەڵکیش رەعیەتی خوای گەورەن، ئەو کەسەش زیاتر خۆشەویستە، کە زیاتر بە پەرۆشی ئەو رەعیەتەی خوای گەورەیە[١].

ئەو چاکەیەش، کە ئایەتەکە ئاماژەی بۆ دەکات، ناوێکی گشتگیری کۆکەرەوەیە، کە هەمو شتێکی سودمەند دەگرێتەوە، کە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی بخرێتە گەڕ، بۆ ئاڕاستە کردنی ڕەفتارو پەروەردەکردنی ڕەوشتیان، بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان، بۆیە دەبینیت، کە کابرایەك لە پێغەمبەری ﷺ پرسی، چاکە چیە؟ فەرموی : (لا تَحْقِرَنَّ مِن المَعْروفِ شَيئاً، وَلَو أنْ تُعْطِيَ صِلَةَ الْحَبْلِ، وَلَو أنْ تُعْطِيَ شَسْعَ النَّعْلِ، وَلَو أنْ تَنْزِعَ مِنْ دَلْوِكَ فِي إنَاءِ الْمُسْتَسْقِي، وَلَو أنْ تُنَحِّيَ الشَّيءَ مِنْ طَرِيقِ النَّاسِ يُؤْذِيهِمْ، وَلَو أنْ تَلْقَى أخَاكَ وجْهُكَ إلَيهِ مُنْطَلِقٌ، وَإنْ سَبَّكَ رَجُلٌ بِشَيءٍ يَعْلَمُهُ فِيكَ وَأنْتَ تَعْلَمُ نَحْوَهُ فَلَا تَسُبَّهُ، فَيَكُونَ أجْرُهُ لَكَ

---

[١] ابن تيمية : الفتاوى/ علم السوك ب١٠ لا ٥٩.

وزْرُهُ عَلَيهِ، وَمَا سَرَّ أُذُنُكَ أَنْ تَسْمَعَهُ فَاعْمَلْ بِهِ، وَمَا سَاءَ أَذُنُكَ أَنْ تَسْمَعَهُ فَاجْتَنِبْهُ) رواه احمد[١] واته : هیچ کارێکی باش بە بێنرخ مەزانە، با پەتکێکیش بێت بیدەیت، با ئاغزونەو قەیتانی پێڵاوێك بێت، با ئەو ئاوە بێت، کە لە دۆلکەکەتدا ماوەتەوەو دەیدەیت بەو کەسەی هاتوە ئاو هەڵکێشێت، با لادانی شتێك بێت لەسەر ڕێی خەڵکی، کە ئازارێکیان پێ دەگەیێنێت، با دیداری براکەی خۆت بێت وبەڕوی خۆشەوە بیبینیت، ئەگەر کەسێك جنێوێکی پێدایت، کە دەربارەت دەیزانی تۆ جنێوی بەوە پێ مەدەرەوە، کە لەودا دەیزانیت، تۆ پاداشتی ئەوە وەردەگریت و ئەویش تاوانەکە، هەرچی بە گوێتدا چو پێت باش بو بیخەرە کار، هەرچی بە گوێتدا چو خراپەبو توخنی مەکەوە..

گومانی تێدا نیە، کە ئەو پێناسەی پێغەمبەری نازدار ﷺ بۆ چاکە هەمو باشەیەك ناگرێتەوە، چونکە ئەو موراعاتی کابرای کردوەو، بە پێی ئاستی ئەو بارودۆخ و کەشی دەوروبەری و سەرنجدانی ئەو، ئاڕاستەی بۆ هەندێك لەو چاکانە کردوە، بەڵام لە سەرجەمی قورئانو حەدیسی پێغەمبەردا ﷺ (چاکە)و (خراپە) بە شێوەیەکی بەرفراوان باس دەکرێن و شیرازەی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان و پەیوەندی کۆمەڵگاکانیش دەگرنەوە، پەیوەندی گەلان و دەوڵەتانیش، چونکە هەرچی ڕەفتارێك گونجان و پێکەوەسازان لەگەڵ یاساو ڕێسای خواییدا دروست کات ـ چ ئەوانەی لە گەردوندان، چ ئەوانەی لە ڕێبازەکەیدان ـ هەمو دەچنەوە ناو بازنەی (چاکە) وەو، هەرچی ڕەفتارێکیش بەو یاساو ڕێسایانە بکێشرێن، دەچێتە بازنەی (خراپە)وە..

پێناسەی پەیام بەم شێوەیە، پێچەوانەی دیدو تێڕوانینی هەندێکە، کە وا بانگهێشت بۆ ئیسلامەتی دەکەن، کە هێزێکی ڕادەرو توانایەکی ڕابون و ڕاپەڕین و بنیاتنانی سیاسی و سەربازی و ئابوری موسوڵمانانە.. ئەمە دانانی

---

[١] مسند احمد/ تصنيف الساعاتي ب ١٩ لا ٢٠١. ئەو یاوەرە بەڕێزەش، کە لێی پرسی ناوی (ئەبو جوريين ئەلهەجيمی) یە..

ئامانجـە لـە شـوێنی هۆكـار دانـانی هۆكـارە لـە شـوێنی ئامـانج.. ڕاسـتە ئیـسلام شوێنكەوتوانی بۆ بەرزی و پێشكەوتن هەڵدەنێ، بەڵام ئەمە ئامانج نیـە، ئەمـە هۆكـارو ئەنجامـە، ئامـانج بڵاوكردنـەوەی پەیامەكـەی ئیـسلام و بـە خـەڵكی گەیاندنێتی، كە ڕێزی موسڵمانان و توانـاو هێـزو دەسـەڵاتیان وا لـەم هـەڵگرتنی بانگـەوازە خواییـەو گەیاندنیـدا بەمەیـە، كـە دەگەنـە تـەمكین و ئاسـودەیی.. ئەمـــەش مەبەســـتی خـــوای گەورەیـــە، كـــە دەفـــەرموێ: (إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ ) التوبـة / ١١١ واتـە :خـوای گـەورە گیان و ماڵی موسڵمانان لێیان دەكڕێت بەوەی، كە بەهەشتیان بۆ دەبێت..

پێغەمبەر ﷺ هۆشداریی دەداتە موسڵمانان، كە لێیان تێك نەچێت، ئامانج لە شوێنی هۆكار دانێن و هۆكاریش لـە شـوێنی ئامـانج.. بۆیـە دەفـەرموێ: (إذا ضَنَّ الناسُ بالدينارِ و الدرهَمِ و تَبَايَعُوا بالعِينَةِ و تَبَعُوا أذنابَ البقَرِ و تَركُوا الجهـادَ في سبيلِ اللهِ ، أدْخَلَ اللهُ تعالى علـيهم ذُلَّـاً لا يَرْفَعُـهُ عَـنهم حتَّـى يُراجِعُـوا ديـنَهُم) رواه احمـد[1] واتـە : ئەگـەر خـەڵكی پیـسكەو چـروك بـون لـە بەخـشینەوەی دینـارو درهەمێكداو، كەوتنە سەوداو مامەڵـەی گۆڕینـەوەو دەسـتیان بـە كلكی مانگـاوە گرت و وازیان لە جیهاد كردن لە پێناوی خوادا هێنا، خوای گەورەش دەیانخاتـە ناو زەلیلیەكەوە، تا نەگەڕێنەوە سەر دینەكەیان لەسەریان لانابات..

هەروەها دەفەرموێ : (إنَّ اللهَ بَعَثَني نَبِيَّاً مَرْحَمَةً ومَلْحَمَةً ولَمْ يَبْعَثْنِي تَـاجِراً ولا زَارِعَاً وإنَّ شِرَارَ هذهِ الأمةِ التُّجَار والزارعـونَ إلا مَـنْ شَـحَّ علَـى دِينَـهِ)[2] واتـە : خـوای پەروەردگار كە منی كردوە بە پێغەمبەر بـە ڕەحمـەت نـاردومی و كردومـی بـە

[1] مسند احمد ب ٢ لا ٨٤ هەروەها ئەبو داودیش لە سنن دا هەروا ریوایەتی كردوە بەڵام بە لەفزێكی دیكە كە دەفەرموێ : (إذَا تَبَايَعتُمْ بِالْعِينَةِ وَأَخَذْتُمْ أذْنَابَ الْبَقَرِ وَرَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ وَتَرَكْتُمْ الْجِهَادَ سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيكُمْ ذُلّاً لا يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إلى دِينِكُمْ).. شێخی ئەلبانی لە صحيح الجامع دا ژمارە ٤٢٣ دەڵـێ سەحیحە..

[2] كنز العمال ب ٤ لا ٢٨٢ لە ئەبو نوعەیمەوە لە حلية الاولياء.

هۆکاری جیهادو کوشتاریش، نەیکردوم بە بازرگان و جوتیار، با بزانن، کە خراپترینی ئەم ئوممەتە بازرگانەکانێتی، مەگەر ئەو کەسانەیان، کە زۆر ئاگایان لە دینەکەی خۆیانە و فەرامۆشی ناکەن..

گومانی تێدا نیە، کە پێغەمبەر ﷺ لە بەهاو نرخی ئابوری کەم ناکاتەوەو، ئەو پیشانە بە کەم ناناسێنێت، بەڵام هۆشداریی ئەوە دەدات، کە چەند دژوارە پەیامەکە ببێتە کاری بازرگانی!! چەند ترسناکە دینەکە ببێتە مایەی پارەپەیدا کردن و پێ خواردن! یان بکرێتە هۆکارێك بۆ بەرزکردنەوەی پلەو پایەی خەڵکی! هەر وەکو کە فەلسەفەی ئەمڕۆ داوای دەکات[1]..

ڕاست کردنەوەی ئەم دیدو تێڕوانینەو ڕێ گرتن لەوەی ئامانجی دینەکە ببێتە هۆکارو ئەنجامی، یان بە پێچەوانەوە بە درێژایی مێژو ئەرکی سەرشانی زانایانی نوێکەرەوەی دینەکە بوە بە تایبەتی لەو سەردەمانەدا، کە ئوممەت وەکو ئاوی مەنگ لە شوێنی خۆی قەتیس دەماو موسڵمانان ئینحیرافیان دەکرد، لە جیاتی ئەوەی ببنە ئوممەتی پەیامەکە، دەبونە ئوممەتی زێوان و مەراسیمی ئاهەنگانێك، کە خۆیان ناویان لێ دەنا خواپەرستی!! پەیامەکەشیان دەکردە مایەی پارەسەر یەکنان و ، خۆبردنە پێش و پلەو پایە بردنەوەی بەردەست دەسەڵاتدارانی ملهوڕ..

★★★

[1] لە حەدیسی سەحیحدا هاتوە کە پێغەمبەر دەفەرموێ : (ما ذِئْبَانِ جائِعانِ أُرْسِلا الى زَرِيبَةِ غَنَمٍ بِأفْسَدَ لَها مِنْ حِرْصِ الْمَرْءِ عَلَى المالِ والشَرَفِ لِدِينِهِ) رواه احمد والترمذي باسناد صحيح عن كعب بن مالك رضي الله عنه واتە : دو گورگی برسی بکەونە ناو پەچەیەکی مەڕەوە خراپتر نابن لە کەسێك، کە سورە لەسەر سەروەت و سامان و ماڵ پێکەوە نان و پلەو پایە دەست خستن بە هۆی دینەکەوە.

# گرنگی پەیام لە هەبونی ئوممەتدا

پەیام لەسەر ئاستی جیهانی، گرنگیەکی کاریگەری لە پێکەوەنانی ئوممەتان وچارەنوسیاندا هەیە، ئەمەش لەم سێ خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەون :

یەکەم : پلەو مەنزیلەو ڕۆڵی ئوممەتان بەوە دیاری دەکرێت، کە چەند بەرهەمی شارستنانێتی بە گەلانی دیکە بەخشیوە، ئەم بەرهەمە، پەیامە شارستانێتیەکەی ئەو ئوممەتەیە، کە بە جۆرو زۆری بەرهەمەکەی دەچێتە ڕیزی پێشەوە، یان دواوەی میللەتان، بە زۆرو جۆری بەرهەمەکانی دەتوانێت لایەنگری دیکە لە میللەتاندا بۆ خۆی کەسب کات، دەتوانێت وزەی نوێ و سەرچاوەی نوێی ماددی و مەعنەوی دیکە بۆ خۆی پەیدا کات. ئەمە ئەوەیە، کە مێژونوسی بەریتانی تۆینبی (Toynbee) ناوی لێنابو کەشخەیەتی شارستانێتی..

دوەم : ئەم بەرهەمە شارستانێتیە، مایەی مانەوەو گەشەکردن و بەردەوامبونی شارستانێتیە، چونکە ئەو ئوممەتەی بەرهەم بەخشینی دەوەستێت، دەست دەکات بە وەرگرتن!! هەر وەرگرتنێکیش بێ بەخشین بێت، خۆکوشتنێکی هێواشە.. هەمو کەسێك ئەمە هەست پێ ناکات، تەنها ئەو کەسانە هەستی پێ دەکەن، کە شارەزای ڕێسای کۆمەڵناسیی و گۆڕانکاریی و میللەتان و ڕێڕەوی مێژون.. چونکە لەوانەیە قۆناغێکی لە قۆناغی گۆڕانی ئوممەتێك، دو نەوە، یان سێ نەوەی یەك لە دوای یەکی بوێت..

ـ ئوممەتی وەستاو لە قۆناغی یەکەمیدا، کەرەستە پیشەسازیەکان وەردەگرێت، بە تایبەتی کەرەستەی جەنگی..

ـ لە قۆناغی دوەمیدا جۆری کەلوپەل و شێوازی جل وبەرگ و پۆشاك و خواردن و دیکۆرات وەردەگرێت..

ـ لە قۆناغی سێیەمیدا کلتورو ڕۆشنبیری و زمان و شێوازی سیستمی ئیدارەو ئەتەکێتی دیبلۆماسێتی و بنەماکانی دارشتنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هونەرو کەرەستەو شێوەی رابواردن وەردەگرێت..

ـ لە قۆناغی چوارەمدا داب و نەریت و بنەما ڕەوشتی و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانی دەشێت و ناشێت (عەیبەو عەیب نیە) وەردەگرێت..

ـ لە قۆناغی پێنجەمیدا عەقیدەو دیدو تیڕوانینی فەلسەفی و بیروباوەڕوەر دەگرێت.. لەم قۆناغەیدا هەمو سیمایەکی کەسایەتی خۆی لەدەست دەدا، چونکە هەموی لەبەرامبەر وەرگیراوەکانیدا دەپوکێنەوە..

ئەو ئوممەتەی رێساکانی ئەم پوکانەوەو توانەوەیە پەی پێ دەبات، خێرا هەوڵ دەدات ڕۆڵی بەخشینی شارستانیانەی خۆی نوێکاتەوە، شتێك وەبەرهەم بهێنێت و بیخاتە رو، تا بەردەوامێتی زیندوانەی ناو خۆی بسەلمێنێت و ڕێزی دەرەوەی خۆی بەدەست بهێنێت.. ئەوە ژاپۆن و بەردەوام بونەوەی بەرهەمی شارستانێتی خۆی، ئەوە فەلسەفەی زەن (Zen) کە دوای جەنگە وێرانکارییەکەی بەسەریدا سەپێنراو، وەك دیدێکی نوێ ناردیە دەرەوە، ئەوە وەرزشەکانی جۆدۆو کاراتێ، ئەوە بەرهەمە پیشەسازیە نوێکانی، کە هەمویان مۆرکی هونەری ژاپۆنییان پێوە دیارە، ئەمەش بەوە بو، کە کلتوری خۆیان پاراست، داب و نەریتی خۆیان هێشتەوە، تەنانەت دەبو (تا ئێستاش هەر وایە) هەمو ئەنجومەنێکی وەزیرانی نوێ بچنە پەرستگای سەرەکی بودایی وڵات و لەوێ سوێندی یاسایی بخۆن!!

سێیەم : پەیام پێداویستیەکی دەرونی کۆمەڵایەتیە، ئەو ئوممەتەی پەیامێك هەڵدەگرێت، پارێزگاریی یەکێتیەکەی ناو خۆی دەکات، ناهێڵێت توشی لەت لەت بونی مەزهەبی و تائیفی و حزبی و ببێت، پەیامەکەی

ناهێڵێت مەڵبەندی هێزو خاوەن نفوزەکان بکەونە شەڕە شۆقی بەرژەوەندی و ڕەگەزپەرستی و دەمارگیریی خۆویستی.. ئەم دو حاڵەتە دژ بە یەکەش خۆیان لە یەکتر مەلاس دەدەن، هەر کاتێك پەیام و یەکێتیەکە هاتنە پێشەوە، لەت لەت بونەکە دەخزێتە کونەوە، هەر کاتێك لەت لەتبونەکەش زاڵ بو، پەیام و یەکێتی بونەکە دەخزێنە کونەوە.. چونکە لە سروشتی پەیام وایە، کە وزەی هەموان بۆ ئامانجە کۆیەکەی هەموان، کە کۆلکەی هاوبەشی ڕەنجی هەمویانە دەخاتە گەڕ، بۆیە لەت لەت بونیان لێ دەرناکەوێت، بەڵام ئەگەر پەیامەکەیان بزر بو، یان نەیان ما، حەتمەن ئەو لەت لەت بون وراپسکان راپسکانەی خاوەن نفوزەکان دێتە شوێنی پەیام و ئامانجە کۆیەکەی!! لەتەکان دەکەونە هەوڵی هێنانە دی ئامانجە بچوکەکانی خۆیان، ڕەنج بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیە تەنگەکانی خۆیان دەخەنە کار، بەمەش پێك دەکێشرێن، حزبایەتی و تیرەو هۆز پەرستی و دەمارگیریی و ئەنانێتی سەر بۆ هەمو هەڵوێستێك دەکێشێت، ئیتر ئومەتەکە تۆپەڵ تۆپەڵ دەبێ و شەڕەشۆقی فیتنەو یەکتر هاڕین هەمو ڕەنجێك بە با دەدات.. ئاماژە بەم نەخۆشیە کوشندەیە کە خوای پەروەردگار بە ئوممەتی موسوڵمان دەفەرموێ : (إِلَّا تَنفِرُواْ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ) التوبة / ٣٩ واتە ئەگەر لە پێناوی خوادا رانەپەڕن و جیهادەکە بۆ سەرخستنی دینەکەی ئەو نەکەن، ئەوا خوای گەورە سزایەکی واتان دەدات، کە زۆر بە ژان بێت و ئێوەش بە خەڵکانێکی دیکە دەگۆڕێتەوە..

لەوانەیە سزا بە ژانەکە لە لایەن خوای گەورە خۆیەوە بێت و، لەوانەشە لە لایەن خەڵکانێکی بەهێزو دەسەلاتەوە بێت، چونکە موسوڵمانان ئەگەر جیهادیان لە پێناوی خوادا واز لێهێنا، پشێویەکی وا دەکەوێتە نێوانیانەوە، کە زۆر نابات سەر دەکێشێت بۆ هەمو جۆرەکانی ناکۆکی و ئینجا شەڕو یەکتری

کوشتن وەکو کە ئێستا دەیبینین[1].. موسوڵمانان کاتێك بە جیهادەکەوە مەشغوڵ دەبن، هەمو دڵ و دەرونیان بۆ یەکتر دەجۆشێت و زیاتر لێك نزیك دەبنەوە، دەستیان مشت دەبێت و بەرامبەر دوژمنانی خۆیان و دوژمنانی خوای گەورە دەوەستنەوە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر جیهادەکەیان واز لێهێنا، بە لاواز کردنی خۆیانەوە خەریك دەبن و یەکتری دەخۆن[2]..

لە ئایەتی تردا خوای پەروەردگار هەڕەشەی ئەوە لە موسوڵمانان دەکات و هۆشدارییان دەداتێ، کە ئەنجامی هەڵنەگرتنی پەیامەکەیان خراپ لەسەر دەکەوێت! نەکەن واز لە هەڵگرتنی پەیامەکە بە بەخشین و جیهاد کردن بەو بەهانە بهێنن، کە قورسەو ئەنجامدانی لەم زەمانەدا ئاسان نیە!! وەك دەفەرموێ : (وَأَنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا تُلۡقُواْ بِأَيۡدِيكُمۡ إِلَى ٱلتَّهۡلُكَةِ) البقرة / ١٩٥ واتە : لە پێناوی خوادا (بۆ بەردەوام بونی جیهادەکە) ببەخشن و بە دەستی خۆتان خۆ مەفەوتێنن..

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە زیاتر ئەم ڕێسا قورئانیە گەردونیە ڕون دەکاتەوە، زیاتر ئەو ڕاستیە دەچەسپێنێت، کە واز هێنان لە هەڵگرتنی پەیامی خواو ئالای جیهاد، لاوازی لە ویست و ڕیزی موسوڵمانان‌دا دروست دەکات و ڕێی ڕزگارییان لێ دەگرێت!

موسوڵمانەکان لە بەرامبەر دەروازەی شاری قوستەنتینیە بەرامبەر ڕۆم بۆ شەڕ وەستابون، بە تەمای هێرش بون، لەپڕ یەکێك لە موسوڵمانەکان لە ڕیز دەرپەڕی و خۆی کرد بە ڕیزی جەنگاوەرانی ڕۆمدا و کەوتە شمشێر وەشاندن، تا لەبەرچاوان بزر بو.. خەڵکانێك هاواریان کرد : بە دەستی خۆی خۆی بە فەوتان دا.. ئەبو ئەییوبی ئەنساری خوا لێی ڕازی بێت، کە یاوەری پێغەمبەری

---

[1] ئاخر بۆیە خوای پەروەدگار ٤١ جاری لە قورئاندا فەرموە موسوڵمان ٤١ جاریشی لە بەرامبەریدا فەرموە جیهاد!!

[2] ابن تەیمیە : الفتاوی/ التفسیر ب ١٥ ل ٤٤ ـ ٤٥..

نازدار ﷺ بو لەویٚ بو، کە دیتی ئەوان ئاوا لە ئایەتەکەی پیٚشو گەیشتون، بە سەرسامیەوە ڕوی کردە خەڵکەکەو فەرموی : (خەڵکینە، ئیٚوە ئەو ئایەتە بە غەیری مەبەستی خوٚی لیٚك دەدەنەوە!! ئەو ئایەتە لەسەر ئیٚمەی پشتیوانانی مەدینە هاتە خوارێ، کاتیٚك خوای گەورە دینەکەی خوٚی سەرخست و پشتیوانی زوٚری بوٚ پەیدا بو، ئیٚمە لە ناو خوٚماندا بە چرپە بیٚ ئەوەی پیٚغەمبەری خوا ﷺ گویٚی لیٚ بیٚت وتمان : ئەریٚ خوٚ ئیٚمە سەروەت و سامانمان فەوتا، ئەگەر ئاوڕیٚك بە لای خوٚماندا بدەینەوەو بکەوینەوە کاسبی و باخ و باخاتەکانمان چی دەبیٚت؟! ئیتر خوای گەورە ئەم ئایەتەی بەو شیٚوەیە ناردە خوارەوە کە هەڵویٚستەکەی ئیٚمەی رەت کردەوەو بە هەڵەی فەوتانی خوٚمانی دانا، کە فەرموی: (وَأَنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا تُلۡقُواْ بِأَيۡدِيكُمۡ إِلَى ٱلتَّهۡلُكَةِ) البقرة/١٩٥ واتە: لە پیٚناوی خوادا بوٚ بەردەوام بونی جیهادەکە ببەخشن وبە دەستی خوٚتان خوٚ مەفەوتیٚنن. ئەوە دەربارەی ئەو خەیاڵاتە بو کە ویستمان واز لە جیهادەکە بهیٚنین و، ماوەیەك بوٚ ریٚکخستنەوەی سامانمان خەریك بینەوە.. پاشان ئەبو ئەییوب فەرمانی بە هەموان دا هیٚرش کەن.. سەیدنا ئەبو ئەییوب هەر لە جیهاددا مایەوە تا گیانی سپارد[١].. خوا لیٚی رازی بیٚت..

★★★

[١] بڕوانە الواحدي النیسابوري لە کتیٚبی اسباب النزول ل ٣ ـ ٣٨ هەروەها السیوطي : لباب النقول في اسباب النزول ل ٣٧ کە لە ترمزی و ئەبو داودو ئیبنو حیببان و الحاکمەوە نەقڵی کردوە...

# ڕۆڵی پەروەردە لە بەهێزکردنی پەیامدا

پـەروەردەی ئیـسلامی بەرپرسـێتیەکی گـەورە لـە داڕشـتنەوەی ئامـانجی پـەیامی ئیـسلام و شـێوازی هـەلگرتن و گەیاندنـەوەی و سەرخـستنەوەیدا دەبینێت، هەروەها لـە حـەزی ئینتیمایـدا.. ئـەم بەرپرسـێتیە لـە چوار شـتدا دەردەکەوێت :

یەکەم : ناوەرۆکی پەیامەکە بکاتە (پـەیامی سـەردەم) نـەك هـەر لەوەنـدەدا بوەسـتێت، کـە کتێـب لەسـەر پاڵـەوانێتی هـەلگرانی پێـشوی ئوممەتەکـەو قارەمـانێتی مێـژویی بنوسـێت و، بـەردەوام لـە میـدیاو وتارەکانـدا بـە گـوێی شـوێنکەوتوانی نـوێی پەیامەکـەدا بدرێتـەوە.. هـەر بەوەنـدەی هـاوار کرێـت : موسوڵمانینە بۆ دینەکەتان بگەڕێنەوە، ئیسلام زۆر کاریگـەر بـوە، ئیـسلام زۆر گرنگە!! ئەم پەیامە بەوە نایەتەوە بون و پێشەوایەتی و حوکم، بـەڵکو دەبێـت لـە قـاڵبێکی نوێـدا داڕێژرێتـەوە، لـە دەزگـای پـەروەردەیی فیکریـی و سیاسـی و دەرونـی ئیـسلامیانەدا سـەر لـە نـوێ داڕێژرێتـەوەو نیـشان بدرێتـەوە، دەبێـت دیراسـات و لێکۆڵینـەوەی زانـستیانەی ئـەکادیمی و غـەیرە ئـەکادیمی لەسـەر بنوسـرێتەوەو دیـدو تێـڕوانێنی دینەکـە لـە ڕێبـازێکی سیاسـی و دەزگایـەکی ئیـداری کۆمـەڵکاریی ئیـسلامیانەدا نیـشان بدرێتـەوە، تـا بتوانێـت سـەر لـەنوێ ئوممـەتی موسـوڵمان وەبەرهـەم بهێنێتـەوە.. تـا بتوانێـت ئینتیمـای دیـن و ئوممەتەکە بکاتەوە بـە حـەزێکی سـەربەرزانە و جێـی شـانازی خەڵکەکـەی بـە شـێوەیەك، کـە بـە پەرۆشـەوە بـەرەو پەیامەکـەی بێنـەوە..پـەروەردەی ئیـسلامیانەی ئـاوا، ئوممەتەکـە دێنێتـەوەو بـون و ناشـهێڵێت تاکـەکان چـیدی پەرتـەوازەو بـێ سـەرو بـەر بمێننـەوە، ناشـهێڵێت کیـانی ئوممەتەکـەش زیـاتر داڕمێت، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی پێنج خاڵی سەرەکی دەبێت :

ا ـ سەرنجدانەوە لە پێداویستیەکانی سەردەم، ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت، کە ئێستا گۆی زەوی گوندێکی جیهانیە!

ب ـ تەماشاکردنەوەی پەیامی قورئان وسوننەت بە چاوی ئازادیخوازانەوە، دور لە کاریگەری باوکایەتی پێشین وچاولێکەرییان.

ج ـ سەرنجدان لە (مێژوی تێگەیشتن) ی سەلەفی پێشینی موسوڵمانان و (شارەزایی) غەیرە موسوڵمانان لە چۆنیەتی پێکەوەنانی ئوممەتان ودیقەت گرتنی زانستیانە لێیان، تا بە چاوی ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوەی سلبی و ئیجابیانەوە سەیر بکرێتەوە..

د ـ سەرنجدان و دیراسە کردنی مێژوی کۆمەلگەکانی مرۆڤایەتی، کە چۆن یاساو رێسای خەلق لە کۆن و نوێدا، کاریگەریی لەسەر ڕەوتیان هەبوە.. تا چەند سلبیانە، یان ئیجابیانە لەگەڵیدا هەڵسوکەوتیان کردوە..

هـ ـ بەدوداچون و دیراسە کردنی سروشتی مرۆڤانەی مرۆڤ و شێوازو چۆنیەتی رەفتاری سلبی و ئیجابیانە لەگەڵ دەوروبەری خۆی..

دەبێت (هەڵسەنگاندن و موراجەعە) لە هەمو بوارو مەیدانێکی ئەم دیراسەو لێکۆڵینەوەو بەدودا چونەدا هاوڕێ بێت، تا بەردەوام سەیری پلانە ستراتیژێتیەکەی بنیاتنانەوەی ئوممەت و نوێ کردنەوەی چالاکی و تێگەڕانی وزەی نوێی و بە گەڕ خستنی تەواوی بکرێتەوە، تا لەگەڵ دەرکەوتنی ئەنجامی نوێی هەمو رەنجێکی زانستیانەی ڕاست تەماشا بکرێتەوە، کە چەند لە توانادایە بخرێتە خزمەتی ستراتیژێتی پەروەردە کردنەوەی ئوممەتەکە..

شتێکی بەڵگەنەویستە، کە لە ڕیزی ئەو ڕوکنانەی دەبێت جێ بایەخ بنەوە (زمان) ە، چونکە زمان هۆکارو وەسیلەی هەلگرتنی پەیامەکەو مایەی رۆشن کردنەوەیەتی، تەنها لە پەیامی ئیسلامیدا ئەوە دەبینین، کە بلاو بونەوەی زمانی عەرەبی و شارەزابون و بایەخ پێدانی گەیشتۆتە پلەی بایەخ دان بە خودی دینەکە، چونکە شارەزابونی تەواو لە زمانی عەرەبی تەنها ڕێیەکە لە

هەمو کات و شوێنێکدا، کە موسوڵمانان بگەیێنێتە ئاستێکی وا، کە پەی بە گرنگی و کاریگەریی قورئانی پیرۆز، کە پەیامی خوایە بە زمانی هەڵبژاردەی خوایی ببەن! هەروەها شارەزابونی زمانی عەرەبیە، کە وا دەکات موسوڵمانان بە تەواوی پەی بە رۆڵی گرنگ و کاریگەری کەسایەتی پێغەمبەر ﷺ و سوننەتە پیرۆزەکانی ببرێت، کە لێکدەرەوەو راڤەکاری قورئانەکەیە.. هەر کەسێکیش لە زمانەکە شارەزابو، پەی بە ئامانجەکانی پەیامی دینەکە برد حەتمەن واقیعبینانەتر بۆ دیاریکردنی پێداویستیەکانی سەردەم هەنگاو هەڵدەهێنێتەوەو باشتر لە رەسەنێتی و نوێکردنەوە حاڵی دەبێت و پراکتیزەی دەکاتەوە.. چونکە تەرجەمە کردنی ئیسلامە عەرەبیەکە بۆ زمانی تر، هەرچەند وەرگێڕەکە شارەزاو پسپۆڕ بێت، هەر ئەوەندە دەتوانێت، کە تێگەیشتنەکەی خۆی لە ئیسلام بە خەڵکی بگەیێنێتەوە، نەك خودی ئیسلامەکە.. شەرعناسێك هەرچەند بیر تیژو شارەزابێت، هەر تێگەیشتنەکەی خۆی و بۆچونەکەی خۆی، کە لەبەر تیشکی حاڵی بونێتی لە پەیامەکە بۆ خەڵکی دەدرەوشێنێتەوە، نەك قورئان و سوننەتەکە! لە دیدی خەڵکەوە بڕوانیتە بیروباروەڕ، یان لە بۆچون و پێناسەی خەڵکەوە بڕوانیتە شتەکانی دەوروبەرت، دژواریەکی گەورەی هەیە، چونکە فاسڵێکی گەورە دەخاتە نێوان موسوڵمان و قورئانەکەوە، ئەوەش واتە وشك هەڵاتنی بیرو لێڵ بونی دیدو تێڕوانینی شارستانیانەی بابای موسوڵمان..

بەڵگەی زۆر لە مێژوی ئیسلامدا لەبەر دەستدایە ئەوە بسەلمێنێت، کە زمانی عەرەبی و بڵاو بونەوەی بە سەرانسەری وڵاتی موسوڵماناندا، بەشدارییەکی کاریگەرو بەرچاوی لە تێگەیشتنی پەیامەکە دا بینی، جگە لە پێشبردو دەوڵەمەند کردنی (کلتور) ی ئیسلامی هاوبەشی نێو موسوڵمانان، کە ئەویش بوە ئاڵقەیەکی بەهێزی پەیوەست بونە فەرعیەکانی تری ئوممەت و، بنەما سەرەکیەکانی برایەتی و یەکبونی ئوممەتەکەشی زۆر بەهێزتر کرد..

بـەڵام دەبینرێـت کاتێـك، کـە زمـانی عـەرەبی لـە وڵاتـی موسـڵمانانی غـەیرە عەربیـدا پاشەکـشەی کـرد، ئـەم میللەتـە موسـڵمانە غـەیرە عەرەبیانــە، لـە پەیوەنـدی راستەوخۆی قورئـان و سـوننەتەکە دابـڕان و، ڕۆشـنبیری و کلتـوری ئیــسلامیانەی هاوبەشــیان گــرژ بــۆوەو، ڕێ بــۆ کلتــورە قەدیمیــە غــەیرە ئیـسلامیەکانیان خـۆش کـرد بـۆوە، کـە بێنـەوە نـاو موسـولمانانەوە! ئـیتر ئـەو بـەهاو نەریتـە کۆنـە غـەیرە ئیـسلامیانە، خزانـە قـاڵبی ئیـسلامیەوەو، زۆریـان خۆیان کردە ئیسلامی!!

دوەم : دەبێـت پــەروەردەی ئیـسلامی لـە دڵ و دەرونــی (خوێنــدەواران) دا ڕەسەن ببێتەوە، تا هەست بە ئینتیمـا بکەنـەوە ـ تـا هەسـت بـە بەرپرسـیارێتی خۆیـان بکەنــەوە بەرامبــەر بــەم پەیامــە، تــا گرنگــی کۆمــەڵکاریان لا دروسـت ببێتەوەو لەوە واز بێنن، کە دینداریی دەشێت بە تەنهاش بگیرێتە بەر!! دەبێت توانای بیریی و ژیرییان گەشەی پێ بدرێت، بلیمەتی و زیرەکیی عەمەلییان بۆ هەڵگرتنی پەیامەکە بخرێتە کار، تا دینداریيەکەیان ببێتە موماڕەسە کردنێکی ڕاستی دینداریی و کارێکی بیناسازیی سەرکەوتو..

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەك بەوە بدەین، کە دەبێت سەرلەنوێ سەرنـج لـەوە بدرێتــەوە، کــە دەزگــا پەروەردەییــە تەقلیدییــە ئیــسلامیەکان، ئــەو کەلــەپورو کلتورەی لە مێژوی ئیسلامەوە بۆیان مابۆوە، کتومـت وەریـان گـرت و بـێ هـیچ هەڵسەنگاندنێك، بێ ئەوەی هیچ موراجەعەیەکی بکەنەوە، کەوتنەوە خۆ پێوە پابەنـد کردنــەوە پێیــەوەو، کەوتنــەوە داڕشــتنەوەی موسـڵمانان بــە پێـی ئـەو! ئەمەش نابێت هەر وا بڕوات.. چونکە کلتوری ئیسلامی دو بەشە :

ــ بەشــێکیان هــی ســەردەمانی گەشــەی شارســتانێتی ئــەهلی ئیــسلامەو، بایەخـــدانێکی زۆری پێـــوە دیـــارە بـــە کۆمـــەڵکاریی ئوممـــەتی و، وەلاء و خۆشەویستی بۆ پەیامەکەو خۆبۆ ساغکردنەوەی.

ـ بەشێکی تریان هی سەردەمانێکە، کە هەمو ئاڕاستەکان تاکڕەوی بون و پەروەردەی کۆمەڵکاریی پێوە دیار نەمابو، هی سەردەمەکانی وشك هەڵاتنی بیرو زەمانی دەمارگیریی مەزهەبی، کە خەڵکەکەیان وا ئاڕاستە دەکرد، کە لەو کاتەوەی لە دایك دەبو، تا مردنەکەی، هەر بۆ مەزهەبەکەی بژی و بمرێت و چاوەڕوانی هەمو پاداشتێك هەر لە قیامەتدا بیدرێتەوە، ئەمەش ئاڕاستەیەك بو خەڵکەکەی بێ کار پەك دەخست! دەتوت ئەم خەڵکە بە دنیادا ناڕۆن!! هەمو کتێب و ئاڕاستەی ئەم سەردەمانە دەبینین، کە بایەخ بە پەروەر تاکڕەوی کەسەکان دەدەن، نەك بە کۆمەڵکاریی ئوممەتەکە! تاك ئاڕاستە دەکرا، نەك کۆمەڵ، بۆیە زیرەکەکانیش نەدەبونە وزەی خزمەت کردنی دنیای خەڵکەکە!

سێیەم : دەبێت پەروەردەی ئیسلامی وئاڕاستە کردنی موسوڵمانان، تەماشای نوێکردنەوەی شێوازی جیهاد بکاتەوە، دەبێت بزانرێت جۆرەکانی جیهاد چۆن دەگێڕێتەوە بەرو، وزەکان لەم سەردەمەدا چۆن ڕێك دەخرێنەوەو دەکرێنەوە بە روکنی نەخشەوانی و، زیرەکیەکان و توانا بیریی و ژیریی و جەستەییەکان بۆ جیهادەکە چۆن دەخرێنەوە گەڕ، تا زیاتر گەشەیان پێ بدرێت و لە سنورێکدا نەوەستن.. ئینجا بۆ دابەشکردنەوەی پلەو شوێنی کارو ڕۆڵی تاکەکانیش، پێویستە بە گوێرەی لێوەشایی و توانای هەڵگرتنی پەیامەکە بە خەڵکی بدرێتەوە..

چوارەم : دیاریکردنی ڕوبەری بازنەی بەرپرسێتی، تا ئەو خوێندەوارانەی کات وشوێن لەوە حاڵی بن، کە بواری کارکردنیان کوێیە؟ چونکە ـ وەکو ئیمامی ڕازی دەڵێ : کۆتا بوارو سنوری کارکردنی موسوڵمان، هەمو خەڵکەو هەمو سەر زەمینە، وەکو دەڵێ : هەمو کەسێك لە ئوممەتی محمدە ﷺ، ئەگەر ئیماندار بێت، ئەوە لە ئوممەتی شوێن کەوتوانێتی، ئەگەر کافریش بو، ئەوە لە

ئوممەتی بانگەوازەکەیەتی، ئەوەش مانای ئەو حەدیسەی پێغەمبەرە ﷺ، کە دەفەرموێ : (بُعِثْتُ الی الاحمَرَ والاسودَ) واتە بۆ ڕەش و سوری خەڵکی نێرراوم[١]..

هەروەها ئیبنو تەیمییە دەڵێ : خوای گەورە پێغەمبەرایەتی بە محمد ﷺ کۆتایی پێهێناوە و فەرمانی بە ئوممەتەکەی کردوە، کە فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە بکات و باوەڕیشی بە خوا هەبێت، لە دوای خۆشی زانایان ئەو کارەی پێغەمبەران و نێرراوانی خوای گەورە لە گەیاندنی بانگەوازەکەی و ڕون کردنەوەی دینەکەیدا دەگرنە ئەستۆ، تا پەیامی خوایی بەردەوام بگەیەنرێت[٢]..

..........★★★..........

---

[١] الرازي : التفسير ب ٨ ل ١٤٦.

[٢] ابن تيمية : الفتاوى/ توحيد الالوهية ب ١ ل ٣

# بەندی حەوتەم

# توخمی چوارەم : داڵدەو مەئوا

## بەشی یەکەم : مانای مەئوا

## بەشی دوەم : رواڵەتی مەئوا سازکردن

* باسی یەکەم : بە هەند زانینی زەوی و ئاوەدان کردنەوەی

. بڕگەی یەکەم : زەوی وەکو مەئوای هێمن

. بڕگەی دوەم : زەوی وەکو سەرچاوەی بژێوی

. بڕگەی سێیەم : هاوبەشی هەموان لە خاوەنێتی ساماندا

. بڕگەی چوارەم : زەوی رێی بەرەو خواویستیە

* باسی دوەم : گەشەپێدانی بەهاو نیشتەجێبون

* باسی سێیەم : رێزی نیشتەجێبونی مرۆڤ

* باسی چوارەم : پەیوەندی نێوان ئەمنیەتی ڕۆزیی و ئەمنیەتی دینی

باسی پێنجەم : پەیوەندی نێوان مەئواو چالاکی سیاسی

## بەشی سێیەم : گرنگی مەئواسازیی

وەرگێڕ : پاشکۆیەکی کورت بۆ ریزکردنەوەی ماناکانی مەئواسازیی

# بەنـــدی حەوتـــەم

## توخمــی چوارەم : داڵـــدەو مەئـــوا

داڵدە دان و لە خۆگرتن، تـوخمی چـوارەمی ئـەو توخمانەیـە، کـە ئوممـەت پێکدەهێنن بۆ ئەوەی باشترو وردتر لەم زاراوە حاڵی بین، دەبێـت دو زەمینـەی بۆ لەبەر چاو بگرین : یەکەم : مـەئوا لـە قورئـان و حەدیسـی پێغەمبـەردا ﷺ چۆن و بـە چ مانـا هـاتوە. دوەم : پراکتیـزە کردنـی ئـەم تیـۆرە ئیـسلامییە لـە کۆمەڵگەکەی پێغەمبەر ﷺ لە شاری مەدینەی پیرۆز دوا کۆچەکەی پێغەمبـەر ﷺ بـۆی. ئـەمیش بـەو ئیعتیبـارەی : ئـەو کۆمەڵگەیـە، کـە نمونـەی عەمـەلی بنیاتنان و پێکهێنانی ئوممەتی موسڵمانە..

★★★

## بەشــی یەکــەم : مانای مــەئوا

مانای مەئوا لە قورئان و حەدیسدا بەم واتایانە هاتون :

ـ بە مانای جێی دابین بون و شوێنی نیشتەجێی هەمیشەیی ژیـان، وەکـو لـە قورئانـدا لـە باسـی بەهەشـتدا هـاتوە : (فَلَهُمْ جَنَّٰتُ ٱلْمَأْوَىٰ نُزُلًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ) السجدة/١٩ واتە: ئەوانە لە پاداشتی ئەو کارە چاکانەی کردویانە بەهەشتیان بـۆ دەبێتە مەئوا..

ـ بـە مانـای بـاش پێـشوازی کـردن و ڕێزلێنـانی هـاتوان، وەك دەفـەرموێ : ( وَلَمَّا دَخَلُوا۟ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيْهِ أَخَاهُ ) یوسف/٦٩ واتـە کـە چونە ژورەوە بـۆ خزمەت یوسف، باش پێشوازی لـە براکـەی کـردو ڕێـزی لێنـا. هـەروەها: ( فَلَمَّا

دَخَلُواْ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَبَوَيۡهِ ) یوسف/٩٩ واته : كه چونه ژورەوه بۆ خزمەتی، باش پێشوازی له دایك وباوكی كردو ڕێزی لێنان.

ـ سەرپەرشتی و بایەخ پێدان و به خەمەوه هاتن : وەكو خوای گەوره له قورئاندا دەفەرموێ : (أَلَمۡ يَجِدۡكَ يَتِيمٗا فَـَٔاوَىٰ ) الضحى/ ٦ واته : مەگەر تۆ هەتیوێك نەبویت و خوا خۆی سەرپەرشتی كردیت؟ یان : وَفَصِيلَتِهِ ٱلَّتِي تُـٔۡوِيهِ)المعارج/١٤٨ واته : یان هەمو خزم و كەس و كارەكانی، كه هەنی! ئەوانەی زەمانێ بون پشتیان دەگرت و سەریان دەخست.. یان : (وَجَعَلۡنَا ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَأُمَّهُۥٓ ءَايَةٗ وَءَاوَيۡنَٰهُمَآ إِلَىٰ رَبۡوَةٖ ذَاتِ قَرَارٖ وَمَعِينٖ) المؤمنون/٥٠ واته : ئێمه كوڕەكەی مەریەم، خۆی و دایكیمان كرده نیشانەی گەورەیی و دەسەڵات و بردماننه مەنزڵێكی نیشتەجێ بون و جێیەكی ئاوداری پڕ پیت و فەڕ.

ـ به مانای : ئەو لایەنەی ڕێزو ڕازت دەگرێت و دەبێته ئەو خەمخۆرەی ئاهی خۆتی ـ بێ سڵ كردنەوه ـ لا هەڵدەڕێژیت و بۆت دەبێته جێی هەناسه هەڵكێشان (تەنفیس) ی خەم و كینەت، وەكو خوای گەوره دەربارەی خێزانەكانی پێغەمبەر پێی دەفەرموێ : (تُرۡجِي مَن تَشَآءُ مِنۡهُنَّ وَتُـٔۡوِيٓ إِلَيۡكَ مَن تَشَآءُۖ ) الاحزاب / ٥١ واته :ئومێدت به هەركامێكیان، كه بۆت دەبێته مایەی ئاسودەیی دەروداڵدەی ده.. یان پێغەمبەر ﷺ، كه به یاوەرێكی خۆی فەرمو : (أَلَكَ أمـرَأةٌ تَـأوِي اِلَيهـا ؟) [١] واته : ئایا خێزانێكت هەیه كه چویتەوه لای ئاهی خۆتی لا هەڵڕێژیت؟

ـ به مانای شوێنی ئەمان و قوتاربون و حەوانەوه : وەكو ئەشكەوتەكەی ئەسحابول كەهف، كه خوای گەوره دەربارەی دەفەرموێ : (إِذۡ أَوَى ٱلۡفِتۡيَةُ إِلَى

---

[١] ئیمامی موسلیم/ باب الزهد/ ٣٧

ٱلۡكَهۡفِ ) الكهف/١٠ واته : كه لاوەكان چونه ئەشكەوتەكەو كردیانه حەشارگەو جێ ئەمانی خۆیان.. هەروەها چیاو كێوی عاسێ و سەختیش هەر دەبێته مەئوا، نابینیت كوڕەكەی نوح پێغەمبەر ـ سەلامی خوای لێ بێت ـ دەڵێت : (سَـَٔاوِيٓ إِلَىٰ جَبَلٖ يَعۡصِمُنِي مِنَ ٱلۡمَآءِۚ ) هود/٤٣ واته : پەنا دەبەمە بەر چیایەك، كه له ئاوەكه بمپارێزێت.

ـ داڵدە دان و جێ كردنەوەو سەرخستن، وەكو : (وَٱذۡكُرُوٓاْ إِذۡ أَنتُمۡ قَلِيلٞ مُّسۡتَضۡعَفُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ تَخَافُونَ أَن يَتَخَطَّفَكُمُ ٱلنَّاسُ فَـَٔاوَىٰكُمۡ وَأَيَّدَكُم بِنَصۡرِهِۦ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ) الانفال/٢٦ واته : یادی ئەو كاته بكەنەوە، كه لەسەر ئەو زەمینەدا كەم و لاوازو موستەزعەف بون و، دەترسان خەڵكی بۆتان دابێنەوەو بتانفرێنن! بەڵام خوا داڵدەی دان و بە سەرخستنی خۆی پشتی گرتن و ڕزق و ڕۆزی حەڵاڵی پێ بەخشین، تا سوپاسگوزاری بن..

هەروەها له گێڕانەوەی خۆزگەكەی لوط پێغەمبەردا ـ سەلامی خوای لێ بێت ـ دەفەرموێ : (قَالَ لَوۡ أَنَّ لِي بِكُمۡ قُوَّةً أَوۡ ءَاوِيٓ إِلَىٰ رُكۡنٖ شَدِيدٖ ) هود/٨٠ واته: فەرموی : ئاخ، ئەگەر دەسەڵاتم بەسەرتاندا دەشكاو پێتان دەوێران، یان بمتوانیایه بچمه پاڵ هێزێكی وا سەری خستمایه.

ـ بە مانای كەناری پشودان و حەوانەوە : (إِذۡ أَوَيۡنَآ إِلَى ٱلصَّخۡرَةِ ) الكهف/٦٣ واته: كه گەڕاینەوە لای تاوێرە بەردی پەناگەو جێ حەوانەوەكه.

چونە سەر جێی خەو ئیسراحەتیش لەم مانایەوەیە، وەكو، كە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ : (اذا اَوَيْتَ الى فِراشِكَ فَاقرأ آية الكرسي (اللّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ) حَتَّى تُخْتِمَ الآيةَ فَإنَّكَ لا يَزالُ عَلَيكَ مِن اللهِ حافِظٌ، ولا يَقْرَبَّنَك شَيطانٌ حَتَّى تُصْبِحَ) [1] واته : هەر كه بۆ حەوانەوەت چویته سەر جێی نوستنت ئایەتول

---

[1] صحیح البخاري/ كتاب بدء الخلق/ كتاب فضائل القران ژماره ٤٦٢٤ وفتح الباري ٤/٤٨٧.

کورسی بخوێنە، ئیتر بەردەوام لە لایەن خوای گەورەوە پاسەوانێکت بۆ دادەنرێت و شەیتان، تا بەیانی ناتوانێت توخنت کەوێت [١].

ئەمما چەسپاندنی عەمەلی ئەم تەوەرە مانایانەش لە جیهانی واقیعدا، کۆمەڵگە هاوبەشەکەی پێغەمبەر بو ﷺ، کە لە مەدینە لە کۆچەران و پشتیوانان (المهاجرون والانصار) دروستی کرد. ئەمەش لە دو لاوە دەردەکەوێت:

یەکەم : پشتیوانەکان، کە سەر ڕاست و دینداری ساغ بون، هەرچی شێوازی پێشوازی جوان و، داڵدە دانی ئەمین و ئەمان و برایەتی عەمەلی پاك و، بەشدار بونی واقیعی ژیان و کارو هاوکاری و چارەنوسیان، لەگەڵ کۆچەرەکاندا دروست کرد.

دوەم : پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکەی نێوان کۆچەران و پشتیوانان، کە پێغەمبەر ﷺ لە نێوان توێژو چین و خەڵکانی مەدینەدا دایمەزراند، زۆر زو ڕێکخراو بەهێز کرا، بۆیە هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە مەدینە بە عەمەلی بوە مەئوا، هەمو دانیشتوانەکانیشی لە بارودۆخێکی واقیعیدا، لە ژێر سایەی بەرفراوانی ئەو مەئوایەدا ژیانی ڕۆژانەیان دەبردە سەر! بۆیە لە هەمو ڕویەکەوە بونە سەرمەشقی نەوەکانی دواتری ئوممەت، تا چاویان لێ کەن و هەوڵ بدەن وەك ئەوان دروست ببنەوە..

★★★

---

[١] بۆ باشتر تێگەیشتنەوەی ئەم تەوەرە مانایانە ریزبەندیەکی ترم بۆ کرد، دەتوانیت لە پاشکۆی ئەم بەشەدا سەرنجی بدەیتێ..

# بەشی دوەم

# ڕواڵەتی مەئوا سازکردن

پەروەردەو ئاڕاستەی ئیسلامی، پێویستی زۆری بەوە هەیە، کە لە هەمو کات و شوێنێکدا، ورد سەرنج بداتە خاڵە سەرەکیەکانی (مەئوا دروست کردن)، کە حەتمەن دەبێت لەبەر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆزدا بێت. لەو خاڵە سەرەکیانەش:

## باسی یەکەم

## بە هەند زانینی زەوی وئاوەدان کردنەوەی بە جۆرێك کە خوا دەیەوێ

ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا زۆرن، کە جەخت لەسەر گرنگی زەوی دەکەنەوەو لە هەمو ڕویەکەوە بە یەکێك لە نیعمەتە هەرە گەورەکانی خوای گەورەی دەناسێنن، یەکێك لەو لایەنە گرنگانەی ئەوەیە، کە دەبێت ئەم سەر زەمینە ببێتە مەئوای هەمو مرۆڤێك، مەئوا ئا بەو مانایانەی لەسەرەوە باس کران. دەبێت بواریش بۆ هەمو مرۆڤێك بکرێتەوە، تا بەشی خۆی ئاوەدان کاتەوەو سودی لێ وەربگرێت. دەبێت ڕێش بگیرێت لەوەی کەسێك یان کۆمەڵێك یان چینێك یان گەلێك بۆ خۆی زەوت کات و ڕێ لە خەڵکی تر بگرێت.. ڕێکخستن و یاسایی کردنی ئەم سودە گشتییەش، دەبێت لە ڕوانگەی قورئانەوە بێت، کە دەفەرموێ : ( وَٱلۡأَرۡضَ وَضَعَهَا لِلۡأَنَامِ ) الرحمن/١٠ واتە :

خوای گەورە زەوی بۆ هەر هەمو خـەڵکی دانـاوە. هـەروەها : (هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا ) هـود/٦١ واتـە : ئـەوە (خـوای گەورەیـە) کـە ئێـوەی لەسـەر زەوی دروست کردوەو داوای لێ کردون، کە ئاوەدانی بکەنەوە..

جا چونکە مەئوا سازدان بەو مانایانەی قورئانی پیرۆز داوای دەکات، ناشێ و ناکرێت لە یەك کاتدا بە زۆر بەسەر ئـەو هـەمو خەڵکەدا بـسەپێندرێت، بۆیـە حیکمـەتی خـوایی وای خواسـتوە، کـە هـەر دەبێـت کۆمەڵـە خـەڵکێك لـە نێـو خۆیاندا ئوممەتێك پێك بهێنن و، مەشق لەسەر ئەم (مەئوا سازدان) ە بکـەن و، پاشـــان وەك نمونەیـــەکی واقیعـــی نیـــشانی هـــەمو مرۆڤایـــەتی بـــدەن. ئـــەو ئوممەتەش، حەتمەن ئوممەتە موسوڵمانەکەیە..

لـە ٤٦٦ جێـی قورئانـدا باسـی زەوی کـراوە، لـە حەدیـسی پێغەمبەریـشدا ئەوەندە زۆر هاتوە، کە ژماردنی ئاسان نیە! بەڵام دەتوانرێـت هـەمو بـاس لێـوە کردنەکانی زەوی، لە هەر دو سەرچاوەکانی ئاڕاستەکەوە بکەینە چوار جۆر :

١ـ باش سـود وەرگـرتن لـە زەوی، بـەو سـیفەتەی مـەئوای هـەموان و جێگـای حەوانەوەو هێمنی و ئاسودەییە.

٢ـ باش سود وەرگرتن لە زەوی، بەو سیفەتەی جێ گوزەران و بـژێوی دابـین کردنە.

٣ـ زەوی موڵکی هەمو مرۆڤایەتییەو، دەبێت هەموش تێیدا بەشدار بن.

٤ـ باش سود وەرگرتن لە زەوی، بەو سـیفەتەی مایـەی خواناسـی و تاقیگـەی بەرەو خوا چونە.

ڕاڤەو شیکردنەوەی ئەم سیفەتانەی زەوی :

## بڕگەی یەکەم : سود لە زەوی بەو سیفەتەی مەئوا و جێی هێمنی و ئاسودەییە :

بناغـەی مـەئوا سازدان بـۆ هـەمو مرۆڤێـك (لـە هـەر ڕەگـەزو تـوخم و ڕیشەیەك بێت) ئەوەیە، کـە پێداویـستییە سـەرەکیەکانی دەرونـی و جەسـتەیی بۆ مسۆگەر بکرێت، تـا بـۆ وەدەسـت هێنـانی پێداویـستی گەورەتری خـۆی (کـە بریتییە لـە سـەلماندنی بـونی شیاوی خـۆی و شـایان بـونی پلـەو مەنزیلەیـەکی باڵاترە) یەکلایی ببێتەوە. ئەمەش بە ڕاست ناسینی خوای گەورە دێتە دی، بـە تەواو ملکەچ بون بۆی دێتە دی، بە خۆشویستنی خوای خاوەن بەبـەزەیی دێتـە دی. لەمەشـەوە حیکمـەتی دروسـت کردنـی خـۆی و ژیـان و چارەنوسـی ڕون دەبێتـەوە.. بـۆ هێنانـە دی ئـەم مەبەسـتەیە، کـە خـوای پـەروەردگار زەوی بـۆ هەمو خەڵکی دروست کردوە، هەمو بنەماو سـیفەت و هۆکـارێکی گەیـشتن بـەو مەبەستەشـی بـۆ هـەموان مەیـسەر کـردوەو هەسـت پـێ کردنیـشی بـۆ هـەموان ڕەخساندوە..

خوای گەورە بـۆ سـود بەخـشی زەوی و جـوانی سـەر زەمـین و شـیاوێتی بـۆ بونی بە (مەئوا) ی مرۆڤ، دەبینیت ئاوا شاخ و بـاخ و چـەم و چۆڵ و دەشـت و دۆڵ و هەردو نزارو روەك و گیانلەبەرو ئاو هەواو خولانـەوەو هێـزی راکێـشانی زەوی و... هتد دروست کردوە، تا لەگەڵ بیرو ژیری مرۆڤ و هیممەت و چوسـت و چـالاکی و ورەو وزەیـدا بگونجێـت، زەوی کردۆتـە راخـەرو لانکـەو مایـەی حەوانەوە : ( ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فِرَٰشٗا ) البقرة/٢٢ واتە : خوای گەورەیە، کـە زەمینی بۆ کردونەتە پانتاییەك و بۆی راخستون، یـان ( ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ مَهۡدٗا وَجَعَلَ لَكُمۡ فِيهَا سُبُلٗا لَّعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ ) الزخرف/١٠ واتە : خوا ئەوەیە، کە زەوی بـۆ کردونەتـە لانکـە و رێگـای زۆری بـۆ تێـدا سـاز کـردون، تـا رێنمـایی

وەرگــرن. یــان (وَٱلۡأَرۡضَ فَرَشۡنَٰهَا فَنِعۡمَ ٱلۡمَٰهِدُونَ ) الــذاریات/٤٨ واتــە : زەویمــان ڕاخستوە، خوا چاکترین ئاسانسازی ڕێگاتانە.

دوای ئەم سازدانەی سەر زەوی بۆ ئاسودەیی جەستەیی، خـوای پـەروەردگار نێرراوانی خۆی بۆ مرۆڤایەتی نارد، تا لە لایەنی دەرونیشەوە ئاسـودەیان کـات، تا بە پێی ئاڕاستەی خوایی بنەماکانی بەختەوەری بچەسپێت..

ئەم ئاڕاستە خواییانـەش هـەر دو بەشـی فـەرمان و بەرهەڵستی دەگرنـەوە واتە : وا بکەن و وا مەکەن..

جۆری یەکەم: کە فەرمانە، سەرچاوەی کۆمەڵە داب و نەریتێکە، کـە لـق و پۆپی جۆراو جۆری تری لێ جویێ دەبێتەوە، کە چاکی وچاکە خوازی (صلاح و اصلاح) یان پێ بلاو دەبێتەوە. بەرهەمی ئەمەش مەئوا سازدانە، واتـەجێگیری و دابین بون وهێمنی.

لەو کۆمەڵە بەهای کلتورو داب و نەریتانە :

١ـ بـلاو کردنـەوەی دادپـەروەری بـە شـێوەیەك، کـە ببێتـە تـەوەری هـەمو پەیوەندیەکانی نێوان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. ئەو ئایەت و حەدیسانەی ئاماژەوە ئاڕاسـتە دەکـەن زۆرن، هەنـدێکیان هـەر بـە تـەنها دەبنـە ڕێـساو بناغـەی ئـەو ئاڕاستەو پەروەردە کردنە وەك ئایەتی : (وَلَا تَبۡخَسُواْ ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُفۡسِدِينَ ) هــود/٨٥ واتــە : لــە هــەقی خــەڵکی کــەم مەکەنــەوەو خراپەکاری بەسەر زەویدا بلاو مەکەنەوە.

٢ـ بـێ هـەواوفیزیی و چەسـپاندنی وەکـو بناغەیـەیکی ڕەوشـت و ڕەفتـاری بەهاو نەریتی کۆمەڵگەکە، ئـەو ڕێـسایەی، کـە دەبێتـە زەمینـەی ئـەم سیفەتە، فەرمایشتەکەی خوای گەورەیە، کـە دەفـەرموێ : ( وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ هَوۡنًا ) الفرقـان/٦٣ واتـە : بەنـدەکانی خـوا ئـەو کەسـانەن، کـە بـێ هەواوفیزانە بەسەر زەویدا دەڕۆن.. ڕۆیشتن بەسەر زەویدا ئاماژەیە بۆ ڕەفتارو

ڕەوشت، هەر وەکو، کە بێ هەواوفیزیەکەی ئاماژەیە بۆ نەرم و نیانی و ئەدەبی ڕەفتار.

٣- میانڕەوی لە (وەبەرهەم هێنان) و (مەسروفات) : ڕێسای ئەمیش ئەو فەرمایشتەی خوای گەورەیە، کە دەفەرموێ : (وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ) الاعراف/٣١ واتە : بخۆن و بخۆنەوە بێ ئەوەی زیادەڕۆیی و گەدەبەلی بکەن، خوای گەورە دەسبڵاوانی خۆش ناوێت..

ئەوی ئەم سێ ڕێسا سەرەکیەی بەهاو نەریت و ڕەفتارو ڕەوشتی لێوە وەردەگیرێت بە هەمو لق وچڵەکانی تریشیەوە خواناسی و ڕاست پەرستن و مل کەچی و گوێڕایەڵیەتی..

جۆری دوەم : جۆری دوەمی ئاڕاستە خواییەکە بریتیە لە هۆشداریی بۆ خۆ دورگرتن لە خراپەکارییە سەرەکیەکان، کە بەرامبەر ئەو چاکەکاریە سەرەکیانەن، کە لەسەرەوە باس کران.. چونکە ئەم خراپەکاریانەش تەوەرەی هەمو ڕەفتارێکی ناڕەواو ستەمکارانەن، کە جۆرەها خراپی و بەدیی (فەساد) لەسەر زەمیندا دەهێنێتە کایەوەو ئاسودەیی ناهێڵێت.. ئەو خراپەکارییە سەرەکیانەش بریتین لە :

١- بڵاو بونەوەی ستەمکاریی لەسەر زەمینداو تەشەنە کردنی، تا دەگاتە ئەوەی نەك هەر بە ئاسایی ببینرێت بەڵکو دەشبێتە ڕێسای پەیوەست کردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤایەتی!! لەبەر دژواریی و سلبیەتی کاریگەریێتی کە ئەوەندە لە قورئان و حەدیسدا باس لە ستەمکاریی و ئاسەوارە کاولکارییەکەی دەکرێت، کە ئەوەندە زۆر نیشانی دەدەن کە هەر قابیلی هەژماردن نیە..

٢- لوت بەرزیی و ئیستیکبار لەسەر زەمین، بە شێوەیەکی وا، کە دەبێتە پاڵنەری هەمو جۆرە دەسدرێژیی و خۆبەزلزانین و بە بچوك سەیر کردنی بەرامبەران! بۆیە باسی خۆبەزلزانین و هەڕاڵ (مەغرور) بون ئاسەوارەکانیان ئەوەندە لە قورئانی پیرۆزو حەدیسی پاکدا دوپات دەبنەوە.. کە بە کۆکاریی

سـیفەتی ئیـستیكباریانە (علـو) ناسـێنراوە، و بـەردەوامیش باسـیان لـە دەرچەناهەموارەكانی كردوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێ :

هــــــــەروەها: ( سَأَصۡرِفُ عَنۡ ءَايَٰتِيَ ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ ) الاعراف/١٤٦ واتە : ئەو كەسانەی هەر وا بە ناهەق لەخۆبایی دەبـن و خۆبـەزل دەزانن، لە نیشانەو بەڵگەی خۆمیان دور دەخەمەوە..

یـــــان : (وَقَضَيۡنَآ إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ فِي ٱلۡكِتَٰبِ لَتُفۡسِدُنَّ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَّتَيۡنِ وَلَتَعۡلُنَّ عُلُوّٗا كَبِيرٗا ) الاسراء/٤ واتە : بڕیاری ئەوەمان لە پەیامـدا بـۆ بـەنی ئیـسرائیلیەكان دابو، كە ئێوە دوجار لەسەر زەویدا خراپەكاریی بـڵاو دەكەنـەوەو بەشـێوەیەكی زۆر هەڕاڵانە دەسەڵاتی ئیستیكباریی دەگرنە بەردەست..

ـ هەروەها (وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًاۖ إِنَّكَ لَن تَخۡرِقَ ٱلۡأَرۡضَ وَلَن تَبۡلُغَ ٱلۡجِبَالَ طُولٗا ) الاسراء/٣٧ واتە : بەهەواو فیزەوە بەسەر زەویدا مەڕۆ، خـۆ تـۆ نـەزەمینت پـێ كوناودەر دەكرێت، نە بە بڵندی چیایانیش دەگەیت..

ـ هـەروەها : ( ثُمَّ أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ وَأَخَاهُ هَٰرُونَ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٍ ﴿٤٥﴾ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ وَكَانُواْ قَوۡمًا عَالِينَ )المؤمنون/٤٥ ـ ٤٦ واتە : پاشان موساو براكـەیمان بە نیشانەو بەڵگەی ڕۆشنی خۆمانەوە بـۆ فیرعـەون و پیێڕەكـەی نـارد، كـە چـی خۆیان بە زلتر زانی، بەڕاستی نەتەوەیەكی هەڕاڵ و لەخۆبایی بو بون!

یــــــــــان: ( تِلۡكَ ٱلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ نَجۡعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوّٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فَسَادٗا ) القـصص/٨٣ واتــە : ئــەو خــانوی حەوانــەوەی ڕۆژی دوایــی بــۆ ئــەو كەسـانە دادەنـێین، كـە نـە خراپـەكارییان لەسـەر زەویـدا دەوێـت، نـە لـەخۆبایی بـون و هەڕاڵـیی..

ـ ( إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي ٱلْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا ) القصص/ ٤ واته : بەڕاستی فیرعەون لەسەر زەمیندا لوتبەرزانە رەفتاری کرد، خەڵکەکەی دەستە دەستەو تۆپەڵ تۆپەڵ کرد..

ـ ( وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي ٱلْأَرْضِ مَرَحًا ) لقمان / ١٨ واته : روت لە خەڵکی وەرمەگێڕەو بە لالوتەوە سەیریان مەکە، بە کەشخەیەتی و هەواوفیزیشەوە بەسەر زەویدا گوزەر مەکە..

٣ـ زیادەڕۆیی لە (وەبەرهەمهێنان) و (بەکارهێنان)ی خێروبێری زەوی و ئەوی لەم کردەوە بەدەوە دەکەوێتەوە، وەکو کاولکاریی و ئالودە کردنی کەش و ئاو هەواو سەرچاوەکانی تری نیعمەتە خواییەکان، کە بۆ هەمو دانیشتوانی سەر زەمینی لە هەمو نەوەکاندا داناوە.. دەبینیت قورئانی پیرۆزو فەرمودەی پاك هەمیشە، کە باس لە ئیستیکبارو لوت بەرزی و لەخۆبایی بون دەکەن، دەسبەجێ لەگەڵیشیدا باس لە تەرەف و دەسبلاوی و ئیسراف و گەدەبەلی دەکەن، خاوەنی ئەم رەفتارو رەوشتە بەدانە بە برای شەیتانان ناوزەد دەکات، کە دەکەونە بەر غەزەبی خوای میهرەبانی بەدەسەڵات..

تاکە سەرچاوەی سەرەکی ئەم سێ رێسایەی بەدکاری و خراپەکاریی و هەرچی لق و چڵێك لێیان جوێ بۆتەوە لەسەر زەویدا، کافر بونە!! باوەڕ نەبونە بە خوای کردگار، یا هاوەڵ بۆدانان و نکوڵی کردن لە هیدایەت دانی، یان سەرپێچی کردن و یاخی بونە لە ئاڕاستەکانی..

لەم ڕوانگەوەیە، کە دەبینرێت قورئانی پیرۆز هەمیشە هۆشداریی دەداتە مرۆڤایەتی، کە نەکەن کافر بن، نەکەن رێی خراپەکاریی هەڵبژێرن و پیادەی کەن، نەکەن بەرهەڵستی پەیامی ئیسلاحسازیی پێغەمبەرانی خوا بکەن، کە دەیانەوێت بنەماکانی مەئوایەکی ئاسودەیی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چێ بکەن!

دیسان بەردەوام هۆشداریی ئەوەشیان دەداتێ، بە تایبەتی بە موسڵمانان، کە نەکەن ئەم دیدو تێڕوانینیە دینیە خواییە بکەنە شتێکی تیۆرییانە، چونکە دوایی ئوممەتە موسوڵمانەکەتان پێ پێك نایات، کە بۆکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبێتە پێشڕەوی چاکەخوازیی و دژی خراپەکاریی و فەساد رادەوەستێت و ڕوەو ڕوی دەبێتەوە، تا بەسەریدا زاڵ ببێت و پارچە خاکێك بۆ حەوانەوەی چەوساوەکان بکاتە مەئوا! تا ئاسودەی دەرونیان بۆ دەستەبەر کات، تا بە دەرهێنان و بەکارهێنانی خێروبێری زەمین بۆ مرۆڤایەتی بژێوی ژیانێکی شەرافەتمەندانەیان بۆ مسۆگەر کات، تا بتوانێت ئاوا لەو ڕێیەوە بەرەو خواناسیان بهێنێتەوەو ئەو ئامانجە گەورەیان پێ بهێنێتە، دی کە پەرستنی خوای تاك و تەنهاو گوێڕایەڵێتی و ملکەچی فەرمانەکانێتی..

ئینجا لە هەمو قورئانی پیرۆزو سوننەتی پاکدا دەبینرێت، کە چۆن هەڕەشەی سستی و تەمبەڵی و ساردبونەوەو کۆڵدان لە هەڵگرانی پەیامەکە دەکرێت؟! خوای گەورە لە ڕێی پێکەوەنانی ئوممەتی موسوڵماندا، هەمیشە جەخت لە گرتنەبەری بنەماکانی کۆمەڵکارییە قورئانیەکە دەکاتەوە، کە دەبێت ئەرکەکانی دیدو هەڵوێستەکانی ڕێبازەکە زۆر بە جیددی بپارێزرێت و قۆناغەکانی کارو خەباتەکە بە وردی ببڕرێت.. هۆشداریی ئەوەیان دەداتێ، کە هەر کەمتەرخەمیەك لە بەرنامەدانان و ڕاپەڕاندنی پێکەوەنانی ئوممەتی موسوڵماندا، کە بە پێی ئاڕاستەی خواییە ـ سەرەنجامەکەی زۆر دژوار دەبێت، سەرەنجام فیتنەسازیی و ئاژاوەو تەشەنەی خراپەو دەسدرێژی کردن دەبێت!! ئەو کاتەش هیچ ئومێدێکی پێکەوەنانی ئەو مەئوایەی پەناجێی چەوساوان ومایەی ئاسودەیی هەموان دەبێت نایاتە دی و، ئەو هیوایە دەپوکێتەوە..

★★★

## بڕگەی دوەم : زەوی کە سەرچاوەی بژێویە بۆ سود وەرگرتنە

گومانی تێدا نیە، کە سەرزەمین سەرچاوەی سەرەکی ژیانە، چارنوسی هەمو ئوممەتێك، تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر ئەوە بەندە، کە تا چ ڕادەیەك و چۆن سود لە زەوی بەردەستی وەردەگرێت.. ئەو سەردەمانەی مرۆڤ دەیزانی چۆن بە چاکی لەگەڵ زەویدا ڕەفتار بکات، شارستانیێتی پێ دروست دەکرا، ئەوسەردەمانەش کە نەیدەزانی باش لەگەڵیدا ڕەفتار بکات شارستانیێتیەکەی، کە هەشیبو نەدەماو دەڕوخایەوە، دەچوە لای کەسانی ئوممەتانی تر لەوانەی، کە دەیانزانی چۆن ڕەفتارەکەی لەگەڵدا بکەن.. ئەمەش هاوکێشەیەکە بەسەر ئەو سێ شارستانیێتیەدا دەچەسپێت، کە لەسەر ئەم زەویە هێنراوەتە دی [١]..

خاڵی سەرەکی باش سود وەرگرتن لە زەوی، دو لقە :

یەکەمیان : نیشتەجێ بون لەسەر زەویەك، کە ئازادی تەواوی تێدا دەستەبەر کرابێت، بە تایبەتی ئازادی خواپەرستی، خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ يَـٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ أَرۡضِى وَٰسِعَةٌ فَإِيَّـٰىَ فَٱعۡبُدُونِ ﴾ العنکبوت / ٥٦ واتە : ئەی ئەو بەندانەی من کە باوەڕتان هێناوە، سەر زەمینی من بەرفراوانە دە هەر منی تێدا بپەرستن.. سەر زەمینی فراوان ئاماژەیە بۆ کۆچ کردن و نیشتەجێ بون لەو شوێنانەدا، کە بە تەواوی وبە ئازادی خواپەرستی تێدا دەهێننە دی، خواپەرستیش بە مانا بەرفراوانەکەی، کە قورئان باسی لێوە کردوە، ئەویش بە شێوەیەکی کامڵی نەك جوێ کردنەوەی هەندێکی لە هەندێکی تری، خواپەرستیەك، کە دور بێت لە هەمو تین و فشارێکی ماددی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و فیکریی..

دوەمیان : ئازادی گەڕان و هاتوچۆ بەسەر ئەو زەویەدا، بۆ کەسابەت، بۆ پەیدا کردنی ڕۆزی، بۆ بازرگانی و کارکردن، قورئان ئەم لقەی تریان بە ناوی

---

[١] E.Fritz Schumacher ,Small is Beautiful (New York , Harper , Row Inc. ١٩٧٣) pp.١٠٢-١٠٣)

(الضرب في الأرض) و (السعي في مناكبها) ناو دەبات.. زۆرینەی باسەكانی ئەم لقەش وا لە سورەتە مەدەنیەكاندا وەكو سورەتی البقرە، ال عمران، النساء، المائدە.. لە المزملیشدا ئاماژەی پێكراوە..

نابێ هیچ كەندو كۆسپ و بەربەستێكی جوگرافیایی، یان جنسی و ئینتیمای رەگەزپەرستیانە، یان ئایدیۆلۆژی و دیدو رێبازی ئیستیكبارو خۆبەزلترزانین، یان رەوشتی چاوچنۆكی و حەسودی و دەستبلاویی رێ لەو خەڵكە بگرێت، كە ئەو (الضرب في الأرض) و (السعي في مناكبها) ئەنجام دەدەن.. وەك خوای خاوەن دەفەرموێ : (هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ ذَلُولًا فَٱمْشُوا۟ فِى مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا۟ مِن رِّزْقِهِۦ ۖ وَإِلَيْهِ ٱلنُّشُورُ) الملك / ١٥ واتە : ئەو خوایەیە، كە ئەو زەویەی بۆ ئێوە ئاوا زەلیلانە دەستەبەر كردوە، دەی سا ئێوەش پێیدا بڕۆن و بێن و لە رزق و رۆزیەكەی خوای گەورە بخۆن و بشزانن، كە بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە..

نابێت دیدو تێڕوانینە عەقائیدیە دینیەكان ببنە بەربەستی ماددی و بێنە سەر ڕێی سود وەرگرتن لەو زەویەو ببنە كۆسپی بەگەڕ خستنی خێروبێریی بۆ خەڵكی.. نابینیت كە سەیدنا ئیبراهیم ـ سەلامی خوای لێ بێت ـ لە خوای گەورە پاڕایەوە دوعاكەی تەنها بۆ رۆزی بەخشین بە ئیمانداركان كرد، فەرموی خوایە رۆزی و ئەمانی هەمو ئەو موسوڵمانانە بدە، كە لە دەوروبەری كەعبە نیشتەجێن، واتە (مەئوای ئەمنیەتی ژیان) یان پێ ببەخشە، بەڵام وەڵامی خوایی وا هاتەوە كە ئەو ئەمان ورۆزی بە هەمو خەڵكەكە دەبەخشێت، بە (كافر) و (موسوڵمان) یان، هەرچی شتێك مایەی لەزەتی ژیانی دنیا بێت بە كافرانیشی دەدات، بەڵام لە رۆژی دواییدا لەسەر كافر بونەكەیان سزایان بە ئاگری دۆزەخ دەداتەوە.. بۆیە فەرموی : (وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَـٰذَا بَلَدًا ءَامِنًا وَٱرْزُقْ أَهْلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ مَنْ ءَامَنَ مِنْهُم بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۖ قَالَ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلًا ثُمَّ أَضْطَرُّهُۥٓ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلنَّارِ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ) البقرة / ١٢٦ واتە : كاتێك ئیبراهیم (سەلامی خوای

لێ بێت) فەرموی : خوایە ئەم وڵاتە پڕ ئەمان کەو لە هەمو بەروبومێك رزقی ئەو کەسانە لەو خەڵکە بدە، کە باوەڕیان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هێناوە، فەرموی : رزقی ئەوانەش دەدەم، کە باوەڕیان نەهێناوە، تا ئەو بڕە کەمە لەزەت بکەن، پاشان ناچاری سزای دۆزەخیان دەکەم و چارەنوسی خراپیان دێنمە ڕێ!

لەم زەمین و دیدەیە، کە وەحی خوایی بۆ پێغەمبەریش ﷺ هاتە خوارەوە، کە بە ئەبوبەکری سددیق خوا لێی رازی بێت بڵێ، کە یارمەتی لەو کەسانە نەگرێتەوە، کە تۆمەتی زینایان خستە پاڵ کچەکەی! کە عائیشەی دایکی موسڵمانانە!! یان کە فەرمانی بە پشتیوانەکان کرد، کە یارمەتی دارایی و خۆراکیی خۆیان لەو خزمە جولەکانەیان نەگرنەوە کە هەڵوێستی کافرانەیان لە ئیسلامەکەی ئەمان گرتۆتەبەر!

ئەمە لەبەر خاتری ئەوەیە، کە کابرای کافر پێداویستی رزق و رۆزیی بۆ مسۆگەر بکرێت، تا بیرو هۆشی بخاتە سەر سەرنجدان و وردبونەوە لە نیشانەو ئاسەواریی کردگاریتی و پەروەردگاریتی خوای گەورەو بیر لە بەڵگەکانی بکاتەوە، کە لە ئاسۆی دەرەوەو ناخی خۆیدان هەن..

لەم ڕوانگەوەیە دەبینین خوای گەورە لە قورئاندا زۆر جار ئاڕاستەی مرۆڤایەتی وا دەکات، کە وا سود لە زەمین وەرگرن، کە سەرچاوەی رزق و رۆزی هەموانە، بەڵام مەرجە بە رەوایی بەدەستی بهێنن و بە حەڵاڵی بیخۆن، هەر وەك، کە هۆشداریی ئەوەیان دەداتێ، کە فریوی شێوازەکاری شەیتان نەخۆن و ئەو رزق و رۆزیەی سەر زەمین بە گوێرەی ئاڕاستەی ئەو حەرام نەکەن و بیخۆن :

(يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ حَلَٰلٗا طَيِّبٗا وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٌ ) البقرة / ١٦٨ واتە : هۆ خەڵکینە، لە ڕزق و ڕۆزی زەمین بە ڕێی حەڵاڵ و پاکی بخۆن، شوێن پێی شەیتان هەڵمەگرن و بە دوی هەنگاوی ئەودا مەچن، چونکە ئەو دوژمنی سەرسەختی ئاشکراتانە..

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِۖ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلۡخَبِيثَ مِنۡهُ تُنفِقُونَ ﴾ البقرة / ٢٦٧ واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە لەو پارەو سامانە حەڵاڵ و پاکەی بەدەستتان هێناوە ببەخشن، هەروەها لەوەی کە لەو زەمینەوە بۆمان فەراهەم هێناوەو کەوتۆتە بەردەستتان، چاوتان لە حەرام و سامانی پیستان نەبێت و بە هیوا بن لەو ببەخشن!!

﴿ قُلۡ أَرَءَيۡتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزۡقٖ فَجَعَلۡتُم مِّنۡهُ حَرَامٗا وَحَلَٰلٗا قُلۡ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمۡۖ أَمۡ عَلَى ٱللَّهِ تَفۡتَرُونَ ﴾ یونس / ٥٩. واتە : پێیان بڵێ: ئادەی پێم بڵێن بزانم چۆن ئەو رزق و رۆزیەی خوا بۆی ناردونەتە خوارەوە لە خۆتانەوە بۆ حەڵاڵ و حەرام دابەشتان کردوە، ئەمە خوای گەورە ڕێی پێداون (کە باوەڕیشتان بە خوا نیە)، یان هەر لە خۆتانەوە قسە بەدەم خواوە هەڵدەبەستن؟!!

لە سود وەرگرتن لە خێروبێری زەمیندا تەنها دو ڕێگا هەیە :

ـ یان بە پێی بەرنامەی خوایی دەبێت (کە پاك و حەڵاڵە) کە بنەمای سیستمی ئابوری ئیسلامی لەسەر دەگەڕێت و، بەو ئاڕاستە خواییە سەر زەمین دەبێتە سەرچاوەی ڕزق و رۆزی بۆ هەمو خەڵکی، کە دەبێتە هۆی دامەزراوی ژیریی وئاسودەیی دەرون و چێژیی جەستەی هەمو کەس.. کە لەژێر ئاڕاستەی ئەودا هاریکاریی و هاوکاریی نێوان خەڵکی دێتە دی، بە گوێرەی تەعلیماتی ئەو دینە، هەمو لایەك لەزەت لە خۆراکی (حەڵاڵ) دەکەن، کە دەبێتە مایەی بەختەوەریی و گەشەکاریی..

ـ یان بە گوێرەی ئاڕاستەو ڕێبازی شەیتان (کە پیس و حەرامە).. ئەمەی کە جۆرەها تیۆرو دیدی شەڕخوازیی و راپسکان و ڕوتاندنەوەو، بۆ وەبەرهەم هێنان و سود لێوەرگرتن دێنێتە کایەوە کە ئەوەتا هەمو مرۆڤایەتی دوچاری تەنگژەو پشێوی ژیریی و دڵەراوکێی دەرونی و مەحروم بونی جەستە کردوە!! ئەم بەرنامە شەیتانیەیە دەبینرێت، کە دەیان یاساو ڕێساو سیستمی مۆنۆپۆڵ

و خراپ بەکارهێنان و جەردەیی نێو دەوڵەتی و فڕکان فڕکانی سامانی زەوی و دزی و گزی هێناوەتە دی، کە هەمو مافێکی خاوەنێتی تاك و کۆی گەلانی بۆ بەرژەوەندی کەمایەتیەکی مشەخۆر پێشێل کردوە، ئەوەتا دەبینرێت، کە چۆن زۆرینـەی مرۆڤایـەتی پـشکێکی خراپـی لـەو خۆراکـە (پـیس و حەرامـە) بەرکەوتوە، کە لە نەخۆشی و هەژاری و قات و قڕی و شەڕو شۆڕ زیاتری لێ نەکەوتۆتەوە!! کە سەرزەمینی لە حیاتی خێرو خۆشی پڕ کردوە لە لاسەنگی و ئاژاوەو فیتنەو ستەم!!

پێغەمبـەری پێـشەوا ئـەو ئاسـەوارەی لـە دیـدو بەرنامـەو رێبـازی هـەردو بەرەکەوە دێتە دی دەخاتە بەرچاو کە دەفەرموێ : (لَيسَ بَعْـدَ الحَلَـالِ الطَّيِّـبِ إلَّـا الحَـرَامُ الخَبِيـثُ)[1] بوخـاری / کتـاب الاشـربه واتـە : دوای حـەڵاڵی پـاك غـەیری حەرامی پیس هیچ شتی دیکە نیە..

ئینجا پێغەمبـەر ﷺ جۆری مەیدانـەکانی چاکەخوازیی (حـەڵاڵی پـاك) و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئاڕاستە خواییەکەی قورئان، بە تەفسیلاتێکی زیاتر

---

[1] ئەسڵی حەدیسەکە کە لە ئەبو جوەیریەوە گێڕراوەتەوە بەم شێوەیە: عن أبي الجويرية قال : (سَأَلْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ عَنْ الْبَاذقِ، فَقَالَ : سَبَقَ محمدٌ ﷺ الباذقَ، فَمَا أَسْكَرَ فَهوَ حَرامٌ، قال : الشرابُ الحلالُ الطيبُ، قال : ليسَ بَعْدَ الحلالِ الطيِّبِ إلا الحرامُ الخبيثُ) صحيح البخاري (٥٥٩٨) واتە دەربارەی بازق لە ئیبنو عەبباسم پرسی : (الباذق : جۆرە شەرابێکە کە لە زەمانی پێغەمبەردا ﷺ نەبو) لە وەڵامدا فەرموی : پێغەمبەر ﷺ لە سەردەمانی پێش بازقدا بو، بەڵام هەرچی سەرخۆش کات حەرامە.. خواردنەوە پاك و حەڵاڵە، لە پاك و حەڵاڵیش بترازێت پیس و حەرامە.. مەبەستی ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت ئەوەیە، کە شەریعەتەکەی خوای گەورە، کە بە پێغەمبەری نازداردا ﷺ ناردوێتی، هەمو شتێکی گرتۆتەوە، لەوانە ئەو شەرابەش.. چونکە فەرمویەتی: (مَا أَسْكَرَ فَهوَ حَرَامٌ) ئیمامی ئیبنول قەییم لە کتێبەکەی خۆیدا إعلام الموقعين (٤/٣٧٥-٣٧٦) دەڵێ : ئەمە یەکێکە لە ئەسڵە سەرەکی و بەسودەکانی تەواوێتی شەریعەتی ئیسلام، کە لەسەر یەك پیتێك دامەزراوە، ئەویش ئەوەیە، کە شەریعەتەکەی پێغەمبەر گشتگیرەو هەرچیەك مرۆڤ پێویستی پێی پێی بێت لەوێدا هەیە، چ زانیاری و زانین بێت، یان ئاڕاستەی کارو کردەوە بێت، ئەم شەریعەتە وای کردوە ، کە موسڵمان پێویستی بە هیچی کەس و لایەنی تر نەمێنێت، بەڵام ئەوەی زەروریە گەیاندن و ڕون کردنەوەیەتی بە خەڵکی..

بە سەدان حەدیسی پیرۆزی خۆی باس دەفەرموێ، حەدیسەکان ئەوەنـدە زۆرن، کە لە هەژمارد نایەن، لەوانە :

## * هانــدان :

ـ (عن أنسٍ قالَ : قالَ رسولُ اللهِ ﷺ : مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَغْرِسُ غَرْسَاً، أو يَـزْرَعُ زَرْعَـاً، فَيَأْكُلُ مِنْهُ طَيرٌ أو إنسَانٌ أو بَهِيمَةٌ، إلَّا كانَ لَهُ بِهِ صَدَقَةٌ) بوخاری / (کتاب الحرث) و موسـلم (كتـاب المـساقاة و المزارعـة)[1]، واتــە : پێغەمبــەر ﷺ فـەرموی : هــەر موسوڵمانێك، کە نەمامێك دەنێژێت، یان شتێك دەڕوێنێـت، پاشـان باڵنـدە، یـان مرۆڤ، یان ئاژەڵ لێی بخوات، هەموی بەخێر بۆ دەنوسرێت.

ـ (مَا مِنْ رَجُلٍ يَغْرِسُ غَرْسَاً إلَّا كَتَبَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ لَهُ مِنْ الأجْرِ قَدْرَ مَـا يَخْـرُجُ مِـنْ ثَمَرِ ذلِكَ الْغِـرَاسِ) احمد ب ٥ / ل ٤١٥ ، واتـە : هـەر موسـوڵمانێك، کـە نـەمامێك دەنێـژێت بەقـەدەر ئەوەنـدەی، کـە ئـەو نەمامـە بەرهـەم دەبەخـشێت، خـوای گەورەش خێر بەم دەبەخشێت..

ـ (إنْ قَامَتْ القِيَامَـةُ وَبِيَـدِ أَحَـدِكُمْ فَـسِيلَةٌ فَـإن اسْـتَطَاعَ أنْ لا يَقُـومَ حَتَّـى يَغْرِسَـهَا فَلْيَفْعَلَ) احمد ب٣ / ل ١٨٤ و ١٩٧ (ژمارە ١٢٥٦٩) واتە : لەو کاتەی قیامـەت دادێ، گەر یەکێك نەمامێکی بەدەستەوە بو، دەیتوانی بیڕوێنێت، با بیکات..

## * ڕێکخستـن :

هـەروەها ئاڕاسـتەی ئـەوە دەدات، کـە ئـەو بەربەسـتانە لادرێـن، کـە ڕێ لـە بەکارهێنان وچاندنی زەوی دەگرن، کە سەرەکیترینیان مۆنۆپۆڵ کردن ودەست بەسەردا گرتنێتی لە لایەن ئەوانەی، نە دەڕوێنن ونە کار دەکەن!

---

[1] البخاري (٢١٩٥)، مسلم (١٥٥٣) هەروەها بڕوانە فتح الباری : ٥/ ٣..

ـ (عن جابِرِ بنِ عبدِ اللهِ قالَ قالَ رسولُ اللهِ ﷺ مَنْ كانَتْ لَهُ أرضٌ فَلْيَزْرَعْهَا فإنْ لَمْ يَسْتَطِعْ أنْ يَزْرَعْهَا وعَجَزَ عَنْهَا فَلْيَمْنَحْهَا أخَاهُ المُسْلِمَ ولا يُؤْجِرْهُ إيِّاهُ) موسليم / ب١ باب كراء الارض ل ١٩٧ واته : هەر كەس پارچە زەویەكی هەیە، با بیكێڵێت و شتێكی تێدا بڕوێنێت،، ئەگەر نەیتوانی بیكێڵێت و شتێكی تێدا بڕوێنێت با بیبەخشێت بە برا موسوڵمانەكەی، با بە كرێ نەیداتێ..

ـ (عَنْ جابرٍ قال : قالَ رسولُ اللهِ ﷺ : مَنْ كَانَتْ لَهُ أرضٌ فَلِيَزْرَعْهَا أو فَيُحْرِثْهَا أخَاهُ وإلَّا فَلْيَدَعْهَا) موسليم / ب١ باب كراء الارض ل ١٩٩ واته : هەر كەس پارچە زەویەكی هەیە با بیكێڵێت و شتێكی تێدا بڕوێنێت،، یان با بركەی تری هاندات بۆ كێڵانی، ئەگەر هەر نا، با وازی لێ بهێنێت..

ـ (عن جابرِ بنِ عبدِ اللهِ قالَ : نَهَى رسولُ اللهِ ﷺ أنْ يُؤْخَذَ لِلأرضِ أجْرٌ أو حَظ) موسليم / ب١ باب كراء الارض ل ١٩٧ واته: پێغەمبەر ﷺ بەرهەڵستی لەوە دەكرد، كە كەسێك كرێ لەسەر زەوی وەرگرێت، یان پشكێكی تێدا هەبێت..

ـ (عَنْ نَافِعٍ أنَّ بْنَ عُمَرَ كَانَ يَكْرِي مَزَارِعَهُ فَبَلَغَهُ أنَّ رافِعَ بْنَ خَدِيجٍ يُحَدِّثُ فِيهَا بِنَهْيٍ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ فَدَخَلَ عليهِ وَسَألَهُ فَقَالَ كانَ رسولُ اللهِ ﷺ يَنْهَى عَنْ كِرَاءِ المزارعِ فَتَرَكَهَا بْنُ عُمَرَ بَعْدُ) سەحیحی موسلیم بە راڤەی ئیمامی نەوەوی ب ١٠ باب كراء الارض ل ٢٠٢ واته : نافیع گێڕایەوە كە ئیبنو عومەرخوا لێیان رازی بێت كێڵگەكانی خۆی بە كرێ دەدا، كەچی كە بیستی رافیعی كوڕی خەدیج خوا لێی رازی بێت حەدیسێكی لایە، كە پێغەمبەر ﷺ بەرهەڵستی لە بەكرێدانی كێڵگە كردوە، چوە لای و لێی پرسی، ئەویش گوتی بەڵێ پێغەمبەر ﷺ بەرهەڵستی لە بەكرێدانی كێڵگە كردوە، ئیتر ئیبنو عومەریش وازی لە بەكرێدانی كێڵگەكانی هێنا..

## * قەدەغــە کــردن :

یەکێکی تر لەو بەربەستانەی، کە ڕێ لە بەکارهێنانی زەوی دەگرێت دەست بەسەردا گرتنێتی، کە کەسانێك ستەمکارانە دەیخەنـە ژێـر رکێفـی خۆیانـەوەو، ناهێڵن کەسی تر سودی لـێ وەربگرێـت.. هۆشـداریی پێغەمبـەر ﷺ لـەم ڕووەوە زۆرەو زۆر بە جیددی و هەڕەشەئامێزە، وەك دەفەرموێ :

ـ (مَنْ اقْتَطَعَ أَرْضَاً ظَالِمَاً لَقِـيَ اللهَ وَهُـوَ عَلَيـهِ غَـضْبَانُ) مـسلم/ راڤـەی ئیمـامی نەوەوی ب ٢ / کتاب الایمان. واتە : هـەر کەسـێك بـە زوڵـم پارچـە زەویـەك بـۆ خۆی زەوت کات، کاتێك بەخوای خۆی دەگات، دەبینێت زۆر زۆر لێی توڕەیە!!

ـ (مَنْ أَخَذَ مِن الأَرْضِ شَيْئًا بِغَيْرِ حَقِّـهِ خُـسِفَ بِـهِ يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ إِلَـى سَـبْعِ أَرَضِـينَ) بوخـاری: کتـاب المظـالم[1] واتـە : هـەر کەسـێك پارچـە زەویـەك زەوت کـات، بـێ ئەوەی مافی بێت، ڕۆژی قیامـەت خـۆی وپارچـە زەویەکـە بـە حـەوت تەبەقـەی زەمیندا ڕۆدەبرێن.

ـ (مَنْ أَخَذَ مِن الأَرْضِ شَيْئَاً بِغَيرِ حَقِّهِ، خَسَفَ بِهِ يَوْمِ القِيَامَةِ سَبْعِ أَرْضِـينَ)[2] واتـە : هەر کەسێك پارچە زەویەك بە ناهـەق داگیرکـات، خـوای گـەورە لـە سـزایدا بـە حەوت چینی زەویدا دەباتە خوارەوە..

سـەختترین زوڵمـی سـەردەم ئەوەیـە، کـە خـەڵکانێك بـە هـۆی هـەبونی دەسەڵات و هێـزو نفوزەوە دەسـەڵاتیان گرتـوە بەسـەر زەوی ناوچـەیەکداو، بـە دەست خۆیانەوە کردویانەتە کەلوپەلی کڕین و فرۆشتن!! ئیدی بـە نرخـی زۆر

---

[1] البخاري/ كتاب المظالم والغصب ژمارە ٢٢٧٤ و أحمد/ المسند حديث ژمارە ٥٤٨١.

[2] ئەوەی سەرەوە ریوایەتی تەبەرانیە ، کە نوسەر هێناوێتیەوە لە المعجم الكبيردايە ب ٢٢ ل ٢٦٩ ژمارە ٦٩٠، هەروەها الهيثمي لە " المجمع " (٤/ ١٧٥ بەڵام ریوایەتی تری لەوان سەحیحتر ئەمەیە (أَيُّمَا رَجُلٍ ظَلَمَ شِبْرَاً مِنْ الأَرْضِ كَلَّفَهُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يَحْفُرَهُ حَتَّى يَبْلُغَ آخِرَ سَبْعِ أَرَضِينَ ثُمَّ يُطَوَّقَهُ إِلَى يَوْمِ القِيَامَةِ حَتَّى يَقْضِيَ بَيْنَ النَّاسِ) کە ئەلبانی رحمە الله لە سلسلة الاحاديث الصحيحة دا هێناوێتیەوە ٤٢٩/١.

گران بەو خەڵکە بێ دەرەتانەی دەفرۆشنەوە! بۆیە دەبینیت کەسانێکی داماو بە سەرانسەری وڵاتاندا بۆ کەسابەت و پارە پەیدا کردن هەر هەمو تەمەنی خۆیان سەرف دەکەن، کەچی ئەوەندەیان پارە پێ پەیدا ناکرێت لە سەد مەتر زیاتر زەوییان پێ بکڕێت[1]!!

لەم روانگەشەوە ئەوە پێویست دەکات، کە بەرنامەی پەروەردەیی دەزگا ئیسلامیەکان چاو بەو یاساو رێساو بارودۆخانەی خاوەنێتیدا بخشێننەوە، کە لە سەردەمانی دەسەڵاتی رەهاو زۆرداریی کەسانێك بونە خاوەن مافی بەشکردن!! بە تایبەتی دوای سەردەمی پاشایەتی کە بێ ئەوەی ئەقڵی پێ بشکێت خۆی لەو خەڵکە کردە دەمڕاست و خاوەن مافی دان و وەرگرتنەوەی ماف!! دەزگا پەروەردەییە ئیسلامیەکان داواکراون، کە ئەم روانگە چەوتە لەبەر رۆشنایی ئایەتەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەرﷺ و رەفتاری خەلیفەکانی راشیدیندا راست کەنەوە.. پێویستیشە چەوتی ئەو فەتوایانەش دەرخەن، کە لەو سەردەمانەی پاشایەتی دینیدا (زانای رەسمی سوڵتانەکان) ئەو رەفتارەیانم پێ دەشەرعاند، یان ئەو فەتوا سەقەتانەی ئەمڕۆ (زانای رەسمی پاشاو سەرۆکەکان) لەم روەوە دەری دەکەن و یاسا ستەمکارەکانی خاوەنێتیان بۆ دەکەنە شەرعی!! پێویستە ئەم ستەمە لەبەر رۆشنایی دەقی قورئان و حەدیس و رەفتاری یاوەراندا راست بکرێتەوە، تا دادی خواویستی و رێنمایی خوایی دەرکەوێتەوە.. چونکە بەراستی ئەو موفتی و زانا رەسمیانەش دەکەونە بەر تین و فشاری ئەم ئایەتەی کە دەربارەی پیاوانی دینی دیان و جوەکان

---

[1] لەو زوڵمە سەیرانەی لەسەردەمی ئیستیعماردا لە وڵاتانی ئەفریقا کرا، کابرایەکی ئینگلیزی کە ناوی سێلس رۆدیس بو بە هێزێکی کرێگرتەی چەکداریەوە چوە سەر وڵاتی زیمبابۆی و کردی بە هی خۆی و ناوەکەشی کردە رۆدیسیا!! هەر وا مایەوە تا بزاڤی ئازادیخوازی خەڵکەکەی خۆیان قوتار کردو لە ١٩٨٠دا ئازاد بون و وڵاتی خۆیان ناو نایەوە زیمبابۆی!!

دەیفـــەرمو : ( ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ) التوبـــة/٣١ واتە : ئەوانە حیبرو راهیبەکانی خۆیان (پیاوانی دینی دیـان وجو) لـە جیـاتی خوای گەورە کردبوە خوا! پێغەرمبەریش ﷺ ئەوەی ڕون کردەوە، کـە ئـەو لـە جێی خوادانانە چۆن، بوە کە فەرموی : (احَلُّو الحَرَامَ و حَرَّمُوا الحَرَامَ)[١].

پەروەردەی ئیسلامی پێویستە گیانی کارخۆشویـستن لـە دڵـی موسـوڵمانانـدا بـچێنێت، پێویـستە بیکاتـە سـیمایەکی نـەریتی پـیرۆزی ئیـسلامەتی، بـەو سیفەتەی، کە هۆکارێکی پیرۆزی ژیانی بەختەوەری و بەڕێزە، تا پەنا نەبرێتـە بەر هۆکارو شێوازی بەدو ناپەسەندی ئەم سەردەمە کە لە کاریگەریی ماناکـانی توخمی (داڵدەدان) دەکـە کـەم دەکاتـەوەو دایدەوەشـێنێت! پـەروەردەی ئیـسلامی پێویستە لە ناتوانایی و تەمبەڵی هەڵێ و لای موسوڵمانان قێزەونی کات.. ئـەوە نەریتی تیرەو هۆزە وای کردوە خەڵکانێك پێیان شەرم بێت کار بکەن، بەڵکو لە جێـی ئـەوە دەبێـت کۆیلـەو حاشـیەو خزمـەتکارو رەنجبـەریان هـەبێت! بـێ دەسـەڵاتی و نـەتوانین و تەمبـەڵی لای خـوای گـەورەو پێغەمبـەری مـەزن ﷺ سیفەتانێکی بـوغزێنراون، بۆیـە پێغەمبـەر ﷺ دەرهـەقی دەفـەرموێ : (إنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ لَيلُومُ عَلَى الْعَجْزِ فَأنِلْ مِنْ نفسِكَ الْجَهْدَ، فَإنْ غُلِبْتَ فَقُلَ : تَوَكَّلْتُ عَلَى اللهِ، أو

---

[١] نوسەری بەڕێز لە تەفسیری تەبەری ب١٠ ل ١١٤-١١٥ تەفسیری ئایەتی ٣١ ی سورەتی التوبە وەریگرتوە، بەڵام حەدیسەکە بەم شێوەیەیە : ترمزي لە حوسەینی کوڕی یەزیدەوە بە سەنەدیدا دەچێتەوە سەر عەدی کوڕی حاتەم خوا لێی ڕازی بێت، کە فەرمویەتی : (هاتمە خزمەت پێغەمبەر ﷺ، خاچێکی زێڕم لە گەردندا بو، فەرموی ئەو بتە لە خۆت دور خەرەوەو فڕێیدە، پاشان گوێم گرت کە قورئانی دەخوێند، فەرموی : (اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ) التوبە/٣١ ئینجا فەرموی : (أمَّا إنَّهُم لَمْ يَكونُوا يَعْبُدونَهُم ولكِنَّهُم كَانوا إذا أحَلُّوا لَهُمْ شَيئَاً اسْتَحَلّوهُ وإذا حَرَّمُوا عَلَيهم شَيئاً حَرَّمُوهُ) واتە : ئەوان خۆ نەیاندەپەرستن بەڵام کە شتێکیان بۆ حەڵاڵ دەکردن بە حەڵاڵیان دەزانی و کە شتێکیان لێ حەرام دەکردن بە حەرامیان دەزانی.. لای ترمذي ب٥/ ل ٢٧٨ ە وژمارە (٣٠٩٥) ە، لای بەیهیقی لە السنن الكبرى ب١٠/ ١١٦ و ژمارە (/٢٠١٣٧) ە و لای تەبەرانی ب ١٧/ ٩٢ ژمارە (٢١٨) یەو شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمیە دەرهەقی گوتویەتی : (حەدیسێکی دورودرێژەو حەسەنە). شێخی ئەلبانیش رحمه الله دەڵێ : حەدیسەکە (حسن) ە.

حَسْبِي اللهُ وَنِعْمَ الوكِيلُ)[١] واتە : خوای گەورە گلەیی لەسەر بێ توانایی دەکات، دەی سا تین بدەبەر خۆت و رەنجدە، ئەگەر ماندو بویت، بڵێ : پشتم بە خوا بەستوە، خوام هەیەو ئەویش باشترین پاڵپشتە..

زۆر پێویستە دەزگاکانی پەروەردەو ئاراستەی ئیسلامی، نەریتی خواناسی و رەفتاری زوهدو پیاوچاکێتی پاك کەنەوە لەو هەمو بیدعەو نارێکیەی تێی کەوتوە، کە وای کردوە رازی بون بە هەژاری و دەسکورتی، سیمایەکی سەرەکی پیاوچاکێتی و خواناسی بێت!

موسوڵمانان ـ لە قورئاندا ـ داوای ئەوەیان لێکراوە کار کەن و بۆ کەسابەت بەسەر زەمیندا بگەڕێن و سامان کۆکەنەوە،ئەو کاتی کە بە رێگای شەرعی و پاك و پوخت پەیدای دەکەن، گرنگ ئەوەیە ئەو کاتە تێیدا زاهیدانە بژین و گەدەبەلیی تێدا نەکەن، بیخەنەوەخزمەت خۆشیان و خەڵکانی تریش، تا رێزو سومعەی خەڵکیشی پێ بپارێزرێت، تا موحتاجیی خەڵکی چاوبەرەوژێر نەکات.. ئەمە ئەو زوهدو پیاوچاکێتیەیە، کە پێغەمبەری پێشەوا ﷺ یاوەرانی خۆی لەسەر رادەهێنا.. هەمیشە وای ئاراستە دەکردن، کە موسوڵمان دەبێت متمانەی بەوە هەبێت، کە لە دەستی خوای گەورەدایە زیاتر لەوەی لە دەستی خۆیدایە.. ئەمەشە زاهیدێتی و پیاوچاکیی[٢]..

فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ لەوبارەوە ئەوەندە زۆرە، کە هەمو گومانێك دەرەوێنێتەوە و پێچ و پەنای ئاڵۆز دەردەخات، لەوانە :

---

[١] تەبەرانی : سەرچاوەی پێشو ب ٨ ل ١١٢ ژمارە (٧٤٧٥). دانەری بەڕێز ئاوا هێناویتیەوەو منیش لە (كنز العمال)دا بە ژمارەی (٥٦١٨) بینیم، بەڵام توێژینەوەیم بەرچاو نەکەوتوە.. هەرچەندە بەڵگەی تر زۆرە لەسەر کارو هاندانی دەستپاکی لێی، کە هەژمارد نایەن، خۆ ئاشکرایە پێغەمبەری نازدار عليه السلام، کە شوان بو وەکو خۆی دەیفەرمو بە چەند قیراتێکم شوانێتیم بۆ قورەیش دەکرد.. (بوخاری).

[٢] بڕوانە ترمذي : السنن/ كتاب الزهد یان ئیبنو ماجە : السنن/ كتاب الزهد..

ـ (خَيرُكُمْ مَنْ لَمْ يَتْرُكْ آخِرَتَهُ لِدُنياهُ ولا دُنْياهُ لِآخِرَتِـهِ ولَمْ يَكُـنْ كَلَّـاً عَلَـى النّـاسِ)[١] واتـه باشترینتان ئەو کەسەیە، کە دوارۆژی بۆ دنیای واز لێ نەهێنێت و، دنیاشی بۆ رۆژی دوایی واز لێ نەهێنێت و، مشەخۆریش نـەبێت بەسـەر خەڵکیـەوە ـ (مـن استطاع منكم أن يقي دينه و عرضـه بمالـه فليفعـل)[٢] واتـه : هـەر کەسێکتان تـوانی دینەکەی و ناموسی بە پارە بپارێزێت، با بیکات..

ـ (إنَّ الفَاقَةَ لأصْحَابي سَعَادَةٌ، وإنَّ الْغِنَى لِلْمُؤْمِنِ في آخِـرِ الزَّمَـانِ سَـعَادَةٌ )[٣] واتـه : هەژاری بۆ یاوەرانی مـن خۆشـبەختیە، دەوڵەمەنـدی بـۆ موسـوڵمانان لـە ئـاخر زەماندا مایەی بەختەوەرییە..

ـ (يا جابِرُ لا عَلَيكَ أنْ تُمْسِكَ عَلَيكَ مَالَكَ فإنَّ لهذا الأمْرِ مُدَّةً )[٤] واته : هـۆ جـابر، هیچت لەسەر ناکەوێت، گەر سامانی خۆت بپارێزیت، ئـەم کـارە کـاتی دیکەشـی بە دوادا دێت..

ـ (يأتي عَلَى النَّاسِ زمَانٌ مَنْ لَمْ يَكُنْ مَعَهُ أصفَرُ وأبيَضُ لَمْ يَتَهَنَّ بالْعَيشِ)[١] واتـه : زەمانێك بەسەر خەڵکیدا دێت ئەوی زێرو زیـوی نـەبێت، چـێژی ئاسـودەیی لـە ژیان ناکات.

---

[١] نوسەر ئاماژەی بە سەنەدی فەرمودەکە نەکردوە، خەتیبی بەغدادی و دەیلەمی لە ئەنەسەوە خوا لێی رازی بێت ریوایەتیان کردوە (كشف الخفاء ومزيل الالباس عما اشتهر من الاحاديث على ألسنة الناس/ جامعة الايمان/ اليمن ژمارە (١٢٥٣)، بەڵام شێخی ئەلبانی رحمه الله لە سلسلة الاحاديث الضعيفة و الموضوعة کەیدا دەربارەی گوتویەتی: مەوزوعە..

[٢] نوسەر سەنەدی ئەم فەرمودەشی نەنوسیوە.. ئەمە حەدیسی ئەبو عیسمەی نوحی کوڕی مەریەمە، کە لە باوکیەوە ئەویش لە ئەنەسەوە خوا لێی ڕازی بێت ڕیوایەتی کردوە، بەڵام شێخی ئەلبانی رحمه الله لە کتێبەکانیدا بە (متروك الحديث) ی ناساندوە لە سلسلة الاحاديث الضعيفة و الموضوعة ی خۆیدا بە زەعیف ناساندوە..

[٣] نوسەری بەڕێز سەنەدی ئەم فەرمودەشی نەنوسیوە، ئەمە رافیعی لە ئەنەس و ئیبنو مەسعودەوە گێڕاوێتیەوە، لە كنـز العمالی هیندیدا ژمارە (٦٣٣٩) یە.

[٤] نوسەر ئاوا ئاماژەی پێداوە : (المتقى الهندى: كنز العمال ج٣ ل ٢٣٨، ٢٤٠) ئەمە ریوایەتی تەبەرانیە و لە كنز العمالدا بە ژمارە (٦٣٤٧) ش هاتوە.

ـ (إِذَا كَانَ فِي آخِرِ الزَّمَانِ لا بُدَّ لِلنَّاسِ فِيهَا مِنَ الدَّرَاهِمِ وَالدَّنَانِيرِ يُقِيمُ الرَّجُلُ بِهَا دِينَهُ ودُنْيَاهُ) [٢] واتە : کە ئاخر زەمان دەبێت حەتمەن خەڵکی پێویستیان بە درهەم و دینار (بە پارە) دەبێت، تا کابرا دین و دنیاکەی پێ بپارێزێت.

شەرعناسانی گەورەی یاوەران لەم ئاڕاستانە حاڵی بوبون و دەچونە ناو هەر میللەتێکەوە بە ڕۆشنبیریی خۆیان فێریان دەکردن.. ئەوەتا مەعازی کوڕی جەبەل خوا لێی رازی بێت، کە مامۆستای شام و یەمەنە دەیگوت: (يا بنَ آدمَ أنت محتاجٌ إلى نصيبكَ من الدنيا وأنت إلى نصيبك من الآخرة أحْوجُ، فإن بدأتَ بنصيبك من الآخرة مُرّْ بنصيبك من الدنيا، فانتظِمْها انتظاماً، وإن بدأتَ بنصيبك من الدنيا فاتَكَ نصيبُك من الآخرةِ، وأنت من الدنيا على خطر) [٣] واتە: هۆ بەنی ئادەم، تۆ پێویستیت بە پشکی دنیات هەیە، بەڵام پێویستیت بە پشکی رۆژی دواییت زۆرترە، جا ئەگەر بە پشکی رۆژی دواییت دەستت پێ کرد، بە پشکی دنیاتدا بڕۆو بە چاکی رێکی خە، ئەگەر بە پشکی دنیاشت دەستت پێ کرد، حەتمەن پشکی دواییت لەدەست دەچێت، لە دنیاکەشتدا هەر لە دژوارییدایت..

واقیعی ئێستای جیهان نیشانی دەدات، کە واز هێنانی موسوڵمانان لە سامان کۆکردنەوەو دەسەڵات نەگرتنە دەستیان و سەرپەرشتی نەکردنی سەروەتو سامانی وڵاتەکانیان و لە بەرامبەریشدا هەوڵی کافران بۆ دەسەڵات گرتنە دەست و چنگ کردن بە ئابوری وڵاتاندا چ زیانێکی لە ئیسلام و موسوڵمانان و میللەتانی تریش لە ناوەوەو لە دەرەوە داوە! لە ناوەوە ئەوەتا زمانی زانایان

---

[١] نوسەری بەڕێز سەنەدی ئەم فەرمودەشی هەر نەنوسیوە، کە بەقییەی کوڕی وەلید لە ئەبو بەکری کوڕی ئەبو مەریەمیەوە ریوایەت کردوە (کشف الخفاء ومزيل الالباس عما اشتهر من الاحاديث على ألسنة الناس ٣٢٦٩) تەبەرانی لە کتێبی الاوسط بە سەنەدەوە بردوێتیەوە سەر ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت. ئیمامی ئەحمەدیش بە لەفزێکی نزیك ئەمە گێڕاوێتیەوە، هەروەها دەیلەمی لە جابرەوە.

[٢] نوسەر : (الطبراني : المعجم الكبير ج٢٠/ ٢٧٨ ـ ٢٧٩ ژمارە ٦٥٩ ، ٦٦٠).

[٣] ابن تيمية : الفتاوى/ كتاب الجهاد ج ٢٨ ل ٣٩٦.

لاڵە لە فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستی لە خراپەی دەسەڵاتداران و بەرەنگاری بونەوەی ستەمی ستەمکاران، لە جێی ئەوە زۆرێك لەو زاناو شەرعناسانە دەبینرێن لە جیاتی پێشەوایەتی گەل بۆ وەرگرتنی مافی رەوایان، بونەتەوە بە داردەستی دەسەڵاتداران و شەورۆژ لە خزمەتی سوڵتانەکاندان و هەنجەتی شەرعی بۆ حوکمی ناڕەوای ئەو ستەمکارانە دەهێننەوە!! لە دەرەوەش ئەوە دیارە، کە میللەتانی سەر زەمین چەند ئاتاجی سامان و نانن! چەند وڵات و میللەت و دەزگا دەبینیت لە تاو قورسی ژیان و قوتی لایەموتی خۆیان تەنازولیان لە مافی خۆیان کردوەو، وازیان لە رێزو ئازادی خۆیان هێناوە و ستەمکارانیش بێ بەزەییانە هەمویان ئیستیغلال کردون!!

سەرمایەدارو دەسەڵاتدارو مشەخۆرە گەندەڵەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن ـ لە رێی زانایانی ڕەسمییانەوە، کە ڕۆڵی جادوگەرانی فیرعەون دەبینن ــ چەمکی دینەکە دابڕ دابڕ کەن وهەر بەشە لەوانی دیکە جودا کەنەوە، بۆیە دەبینیت دیاردە پەرستنەکان لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان جیا دەکەنەوە، ماناو واتا دینیەکان لە ئاڕاستە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان جودا دەکەنەوەو لە جێی ئەو دەکەونە داهێنانی کۆمەڵە بیدعەی تری وا کە هیچ پەیوەندیەکیان بە ئەسڵی شەرع و بارودۆخی واقیعی خەڵکەکەوە نەبێت!! تا ڕوی خەڵکەکە لە (کردار) ەوە بەرەو (دیدار) وەرچەخێنن!! تا پیاوچاکیان لە کردەوەوە لێ بکەنە دیمەنی زوهدو سۆفیگەریی وا کە دنیای واز لێهێنابێت و لەبەر زۆری خواناسی هەر ڕوی لە قیامەت بێت! وا لە خەڵکەکە دەگەیەنن، کە زاهیدێتی پلەی راستەقینەی خواویستیە، ئەمە ئەوە دەخوازێت، کە بۆ ئەوەی نیعمەتی رۆژی دواییان دەسکەوێت، دەبێت لەم دنیا دڵیان پێوەی نەبێت و هەوڵی پارە سەریەکنان نەدەن! هەوڵی خاوەنێتی زەوی زارو کۆمپانیاو خڕ کردنەوەی ماڵی دنیا نەدەن! ئەو خەڵکە داماوە فریوخورادەش نازانێت، کە سامانی حەڵاڵ

پردی قیامەتە، چونکە پێداویستیەکانی دنیای پێ جێبەجێ دەکرێت و ماف و ڕێزو کەرامەتی پێ دەپارێزرێت.. ئەگەر ئەم سامانە نەبو ئەو پردەش بە زەحمەتێکی نا ئاسایی دادەنرێت، ئەگەر داشنرێت! ئەو موسڵمانانە خواناسە فریودراوانە لەوە بێ ئاگا دەکرێن، کە یەکێکی وەکو سەیدنا ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت دوعای بۆ دەوڵەمەند بونی وەچەو نەوەکانیشی دەکرد! تا سوپاسگوزاریی خوای گەورە بکەن، تا خواپەرستی بکەن، تا ستایشی بکەن و خزمەتی ماڵی خوا بکەن!! ئاخر ئەمە بە دەسکورتی چۆن دەکرێت؟!

لەم روانگەوەیە کە دەڵێین : پێویستە بەرپرسانی دەزگا پەروەردەیی و ئاراستەوانەکانی موسڵمانان بیریان بەرفراونتر کەن، دەبێ زو پەی بەو ئامۆژگارییە وێرانکارییانە ببەن، کە پسپۆڕانی بانکی نێو دەوڵەتی و شارەزایانی نەخشەوانی ئابوری رۆژئاوایی لەم سەردەمەدا دەیدەنە حکومەت و بەرپرسی وڵاتی موسڵمانان! نابینیت هەزاران کەس لەپەیمانگاو زانکۆکان، خوێندن تەواو دەکەن و دەردەچن ، بەڵام تایبەتمەندێتیەکانیان توێژینەوەی شیعری پشقل و خێمەی دڕاو وەسفی مۆڵگەی وشترو گریانی عاشقان و چیرۆکی بەر ئاگردانە!! یان توێژینەوەی مەسارو بەرەکانی شەڕەکانی تیرەو هۆزەکانە!! لە کاتێکدا دەبینیت پەیمانگایەکی کشتوکاڵی، یان ئامادەییەکی پیشەسازی لە گۆشەو کەناری شارێکی بێ بایەخدا دروست کراوە، کەسی وا نابێتە قوتابی! چونکە ئەوانەی خوێندنی ئەوێ تەواو دەکەن، وەکو شاعیرە دەمهەراشەکان نابن و تەعینات و پلەو پارەیان دەسناکەوێت!!

★★★

## بڕگەی سێیەم: هاوبەشی هەموان لە خاوەنێتی سەرچاوەی سامان و گیر نەکردنی لەلایەن دەستەیەکەوە یان خانەوادەیەکەوە یان چینێکەوە :

ئەمەش ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێ دەکات : (كَيۡ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡۚ ) الحشر/٧ واتە : تا (سەروەت و سامان) لە دەست دەوڵەمەندەکانی ناوتاندا گیر نەدرێت.

یان کە دەفەرموێ : ( وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ ) البقرة/ ١٨٨ واتە : سامانی خۆتان بە ناڕەوایی مەخۆن..

تەبەری لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت : حیکمەت لەم ئایەتە ئەوەیە، کە خەڵکی لەوە بگەن سەروەت وسامان هی هەمو ئوممەتەکەیەو، نابێت هەندێك بۆ خۆیانی بپچڕن و لەوانی دیکەی بگرنەوە، وشەی (باطل) ئەوەیە، کە خەڵکانێك بۆ خۆیانی زەوت کەن و هەر خۆیان سودی لێ بکەن و ئەوانی دیکەی لێ مەحروم کەن، چونکە ئوممەتی موسوڵمان دەبێت وەکو یەك جەستە بێت، ئامانجی هەموانیش ئەوەیە، کە ئەمنیەتی هەمویان بە هەمویان بهێنرێتە دی.. ئەگەر جیاوازی زۆر لە ئاستی بژێوی ئەو خەڵکەدا دروست بو، پارەو سامان لە دەست دەوڵەمەندەکاندا گیری خواردو نەپەڕیەوە بۆ کەسانی دیکە، ئیدی حەتمەن ئاسەواری خراپی هەمو تاکێکی کۆمەڵگەکە دەگرێتەوەو کەسی لێ بەدەر ناکات! حەتمەن هەموشیان هەر بەو حاڵەتە دەفەوتێن بەڵام نازانرێت کەی؟! ئایا مەحرومەکان پێشتر دەفەوتێن یان زەوتکارەکان؟! ئەسڵی دیدو بیری ڕەسەن ئەوەیە، کە بزانرێت کە سامان و ماڵ هی خوایەو ئەو بە لوتفی خۆی خستوێتیە بەردەستی هەمو ئوممەتەکە پێکەوە، تا هەموان سودی لێ وەرگرن، بەو مەرجەش کە سامانەکە لە سیفەتی یارمەتیدەر (ماعون)

دەرنەچێت و بە ڕاستی یارمەتی خەڵکەکە بدات، تا کاروباری دین و دنیای خۆیانی پێ ڕاپەڕێنن..

ئەو ئایەتەش، کە خوای گەورە دەفەرموێ : (وَٱلَّذِينَ يَكۡنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلۡفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٖ ) التوبة/٣٤ واته: ئەوانەی زێڕو زیو گەنجینە دەکەن و لە پێناوی خوادا نایبەخشن، مژدەی سزایەکی زۆر بەژانیان بدەرێ.. یاوەران ئەم ئایەتەیان وا تەفسیر دەکرد، کە لەگەڵ دیدو تێڕوانینی ڕەسەنی هەموویاندا یەکی دەگرتەوە، کە هەمو ئوممەت هاوبەشە لە سەروەت و سامانداو، کەس بۆی نیە بۆ خۆی و خانەوادەی خۆی، یان تیرەو هۆزی خۆی، یان چین و ئاستی خۆی زەوت کات..

کۆمەڵێك لە یاوەران، خوا لێیان رازی بێت، لە پێش هەموویانەوە عەلی کوڕی ئەبو تالیب خوا ڕوی گەشتر کات ڕایان وابو، کە هەر چی پارەیەك لە چوارهەزار درهەم زیاتر بێت، زەکاتی لێ بدرێت، یان نەدرێت هەر بە گەنجینەکراو حسێب دەبێت..

کۆمەڵێکی تر لە پێشینانەوە سەیدنا ئەبوزەڕی غەففاری و سالمی کوڕی جەعد خوا لێیان رازی بێت، دەیانگوت هەرچی لە خاوەنەکەی زیاد بێت، بە گەنجینەکراو حسێبە!

کۆمەڵێکی تریان لە پێش ئەوانیشەوە سەیدنا عبداللەی کوڕی عومەر خوا لێیان رازی بێت دەیانگوت : گەنجینە کراو ئەو سامانەیە، کە کۆکراوەتەوەو زەکاتی لێ دەرنەکراوە[1]..[2].

---

[1] الطبري : تفسیر البیان ب ١٠ ل ١١٧ ـ ١٢١.

[2] تێبینیەك هەیە لە سەرەتای ئەم ئایەتەی، کە دژی هەڵوێستی ئەو کەسانەیە، کە زێڕو زیو گەنجینە دەکەن و نایبەخشن، بە باسی حیبرەکانی جولەکەو راهیبی دیانان دەست پێ دەکات و هۆشداری دەداتە موسوڵمانان، کە نەکەن شوێن پێی ئەوان هەڵگرن و وەکو ئەوانتان لێ بێت!! وەك دەفەرموێ : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيراً مِنْ الْأَحْبَارِ والرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَنْ

پێغەمبەری پێشەوا ئەشعەرییەکانی کردە نمونەیەکی جوانی وا کە ئیوائەکەی تێدا بەرجەستە بوەو پرەنسیپی هاوبەشێتی سامانی لە بەهێزترین شێوەدا نیشانداوە.. ئەشعەریەکان کۆمەڵێکن لە موسوڵمانانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ کە یاوەری بەڕێز ئەبوموسای ئەشعەری خوا لێی رازی بێت لەوانە، لە تێگەیشتنی قوڵی ئەم پۆلە موسوڵمانە چاکە لە ئیوائی بژێوی هاوبەشبونی هەمویان بو، لە سەروەت و سامانی بەردەستی هەموان، کەسیان هیچیان پاشەکەوت نەدەکرد، هەر کاتێك لە کاتی ئاشتیدا نەدارییان بەسەردا بهاتایە، یان لە کاتی جەنگدا خۆراکیان کەم ببوایەتەوە، هەمو کۆدەبونەوەو هەرچی سامان و ماڵێك، کە هەیانبو دەیانهێناو لە جێیەك مەڵۆیان دەکرد (کۆیان دەکردەوە) پاشان بە یەکسانی لە ناو خۆیان بەشیان دەکردەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم رەفتارەی ئەشعەریەکانی لا پەسەند بو مەتحی دەکرد، جارێك فەرموی : (انَّ الاشْعَرِيِّينَ إِذَا أَرْمَلُوا فِي الْغَزْو، أو قَلَّ طَعَامُ عِيَالِهِمْ فِي المدِينَةِ، جَمَعُوا مَا عِنْدَهُمْ فِي ثَوبٍ وَاحِدٍ ثُمَّ اقْتَسَمُوهُ بَيْنَهُمْ فِي إِنَاءٍ وَاحِدٍ بِالسَّوِيَّةِ فَهُمْ مِنِّي وأَنَا مِنْهُمْ)[١] واتە : ئەشعەرییەکان لە کاتی جەنگدا، کە خواردنیان پێ نەدەما، یان خۆراکی خێزانەکانیان لە ماڵەوە لە مەدینە کەم دەبو، هەرچی

---

سَبِيلِ اللهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ والْفِضَّةَ وَ لَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ) التوبە/ ٣٤ واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە زۆرێك لە حیبرو راهیبەکان سەروەت و سامانی خەڵکی ناڕەوایانە لوش دەدەن و دەیخۆن و رێگریی دینی خواش دەبن! ئەوانەی زێڕو زیو گەنجینە دەکەن و لە پێناوی خوادا نایبەخشن، مژدەی سزایەکی زۆر بەژانیان بدەرێ.. بڕوانە سەرمایەداریی، کە بەرجەستەکردنی عەمەلیی گەنجینە کردنی زێڕو زیوەو هەمیشە لە خەمی قۆرغ (احتكار) دایە، لە ناخی مەسیحێتی و نەریتە ئابوریەکەیەوە سەری هەڵداوە! لە جیهانی ئەوانەوە پەڕییە هەمو جیهان، ئەوە شتێکە خۆشیان ئیعتیراف بەو ستەمکارییە دەکەن! وەکو لە ئیعتیرافاتی کۆمەڵناسی گەورەی ئەڵمانی ماکی فیبەر (Max Weber) دا دەیخوێنێتەوە..

[١] صحيح البخاري : كتاب المغازي، صحيح مسلم/ شرح النوي ب ١١ كتاب فضائل الصحابة.

هەیانبو دەیانهێناو، هەمویان لەسەر پۆشاکێك دادەنا، پاشان لە ناو خۆیانـدا بـە یەکسانی بەشیان دەکردەوە! ئەوانە لە منن و منیش لەوانم [١]..

گومانی تێدا نیە کە هەر یەك لە ئایەتەکەو فەرمودەکەی سـەرەوە ئامـاژە بە رۆڵی سەرەکی سەروەت و سامان دەکەن لە سیستمی ئـابوری ئیـسلامیدا، کـە بەرپرسـە لـە (مـسۆگەر کردنـی پێداویـستیەکانی هـەمو ئوممەتەکـە پێکـەوە).. بۆیە ئەرکی سەرەکی پەروەردەی ئیسلامی و ئاڕاستەوانی موسـوڵمانان ئەوەیـە، کە ئیقتیدا کردن و شوێن پێ هەلگرتنەوەی دیدو تێـڕوانینی ئەشعەرییەکان و سـەیدنا عـەلی کـوڕی ئـەبو تالیـب و ئـەبو زەڕو سـالیمی کـوڕی جەعـد و بـاقی یاوەرانی دیکە بکاتـە تـەوەری ئـەو نەریتـە ئابورییـەی لـە نـاخی موسـوڵماناندا دەیـچەسپێنێت و لـە دەزگاکانیـدا گەشـەی پـێ دەدات، بـەو ئومێـدەی تیـۆرێکی دیکـەی سیـستمی ئـابوری ئیـسلامی گەڵاڵـە بێتـەوە، کـە وەکـو زانـستی ئـابوری بخوێندرێت، بە شێوەیەکی وا نیشان درێتـەوە، کـە لـە توانـای سیـستمی ئـابوری ئیسلامی دا هەیە کـە پارسـەنگی بگێڕێتـەوە بـۆ بـاری لاری ئـابوری کۆمەڵگـەی موسوڵمانان، تەنانەت لەم سەردەمەشـدا کـە ئابوریـەکی لایـەنگی چینایەتی لـە نـاو موسـوڵماناندا رەگـی داکوتـاوە، ئـەو دیـاردە کوشـندە نامۆیـەی، کـە سـەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب پلانی دانا نەیهێڵێت، کە فەرموی : نیەتم وایە سـامانی زیادەی دەوڵەمەندەکان وەرگرمەوەو بیدەمە هەژارەکانیان.

---

[١] حەتمەن دەبێت پەروەردەی ئیسلامی و دەزگاکانی، لە ڕێی چەسپاندنی ئەم نەریتە ئابورییە ئیسلامیە دادپەروەرانەدا بارودۆخی سەردەم لە کات و شوێن رەچاو کەن، چونکە شێوەکاری ئەشعەرییەکان خوا لێیان رازی بێت لەگەڵ کات و شوێنی خۆیان لەو سەردەمەدا شیاو بو، لەگەڵ رەفتاری رۆژانەی ئەو کۆمەڵگە سادەدا دەگونجا، کە لە مەدینە هەبو، بەڵام ئێستا پەیوەندیەکان تێکچرژاو ترو کۆمەڵگەکان گەورەترو ئاڵۆزترن، پەیوەندیەکان شلوشێواوترن، بۆیە دەبێت شێوەی گونجاو بدۆزرێتەوە، کە رەسەنێتیەکەش بپارێزێت و نوێکردنەوەشی داهێنانی تێدا بێت..

**ئەو پەروەردە ڕەسەنەی پێغەمبەری پێشەوا ﷺ و ئاڕاستە کردنی ئەو بۆ کۆمەڵگەکە، کە ئەو ئاستە بەرزو پارسەنگەی لە کۆمەڵگەکەدا دروست کرد، کە بوە تەوەری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە بەبەزەییەکان، چونکە بوە درەوشانەوەی کۆمەڵایەتی خواپەرستیەکە، ئەم درەوشاندنەوەیە بە شێوەیەکی پاك و راست بەڵگەی خواپەرستی پاك و راستە، هەر وەکو لە کتێبی (فلسفة التربية الاسلامية) دا رون کراوەتەوە، نمونە لەسەر ئەم سیاسەتە پێغەمبەرێتیە زۆرە، لەوانە :**

**ـ (المسلمونَ شُرَكَاءُ فِي ثَلاثَةٍ : فِي الماءِ والكَلأِ والنَّارِ)[1] واتە : موسوڵمانان لە سێ شتدا هاوبەشن : لە ئاو پاوەن (لەوەڕگا) و ئاگردا[2]..**

---

[1] نوسەری بەڕێز هەر ئەوەندەی نوسیوە (مسند احمد/ تویژینەوەی الساعاتی ب ١٥ ل ١٣٢ ـ ژمارە ٢٣.) بەڵام شەوکانی رحمە الله لە نیل الاوطار/کتب أحیاء الاموات/ مەسەلەی پێنجەم ل ٣٦٥ دا دەڵێ (ئیمامی ئەحمەد و ئەبو داود گێڕاویانەتەوەو ئیبنو ماجەش لە ئیبنو عەبباسەوە گێڕاوێتیەوەو زیادەیەکی تری پێوەیە کە دەفەرموێ (وثَمَنُهُ حَرَامٌ) واتە : ئەو پارەیەی لە هەقی ئەو سێ شتەدا وەردەگیرێت حەرامە.. هەروەها فەرمودەیەکی تری بەسنەدی حەسەنەوە لە ئیبنو ماجەوە گێڕاوەتەوە کە دەفەرموێ : (لا يُمْنَعُ الماءُ والنارُ والكَلَأُ) واتە : رێی ئاو ئاگرو لەوەڕگا لەکەس ناگیرێت.

[2] پێغەمبەر ﷺ لە چەندین فەرمودەیدا خەڵکی هان داوە کە ئاو نەفرۆشن و بەرهەڵستیشی لێ کردون، کە زیادەکە لە خەڵکی بگیرێتەوە، هەندێك لەوانە لە سەحیحی بوخاریدایە، لە کتاب الحرث، هەروەها لە موسلیمدا لە کتاب المساقاة و المزارعة، وەکو فەرمودەکەی، کە جابر خوا لێی رازی بێت دەیگێڕێتەوە، کە پێغەمبەرﷺ (نَهَى رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم عَنْ أضْرَابِ الابِلِ وعَنْ بَيعِ الماءِ والارضِ لِتُحْرَثَ) بەرهەڵستی کرد لە رێگرتنی خەڵکی لە بەستنەوەی وشترەکانیان لە گەوڕە گشتیەکاندا، هەروەها لە فرۆشتنی ئاو زەوی لە کێڵانی (بە کرێ).. لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێ : (ثَلَاثَةٌ لَايُكَلِّمُهُمْ اللهُ يومَ القِيَامَةِ وَلَا يَنْظُرُ اِلَيهِمْ : رَجُلٌ حَلَفَ عَلَى سِلْعَةٍ لَقَدْ أُعْطِيَ بِهَا أكْثَرَ مِمَّا أُعْطِيَ وَهُوَ كَاذِبٌ، وَرَجُلٌ حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ كَاذِبَةٍ بَعْدَ الْعَصْرِ لِيَقْطَعَ بِهَا مَالَ رَجُلٍ مُسْلِمٍ، وَرَجُلٌ مَنَعَ فَضْلَ مَاءٍ فَيَقُولُ اللهُ : الْيَومَ أَمْنَعُكَ فَضْلِي كَمَا مَنَعْتَ مَا لَمْ تَعْمَلْ يَدَاكَ) واتە سێ پۆل خەڵکی هەن کە خوای پەروەردگار لە رۆژی دواییدا قسەیان لەگەڵدا ناکات (یەعنی زۆر لێیان توڕەیە خوا پەنامان بدات) و ئاوڕیان لێ ناداتەوە : پیاوێك (کەسێك) لەسەر فرۆشتنی شتێك بە درۆ سوێند دەخوات، کە

ئاماژە کردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەو سێ کەرەستەیە لەبەر ئەوەیە، کە لەو بارودۆخە بیابانیەی ئەو قۆناغەی مێژوی کۆمەڵگە ئیسلامیەکەدا ئەوانە بنەمای سەرەکی ژیان بون، ئێستا کە بارودۆخ و قۆناغەکان گۆڕاون، حەتمەن بنەماکانی ژیانی کۆمەڵگەکەش دەگۆڕێن.. ئەوەی لە مەسەلەی داڵدەدان (ئیواء) دا گرنگە مسۆگەر کردنی ئەمنیەتی بژێوی و پارسەنگی ئابورییە، کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە قاڵبی خواپەرستیدا رێك دەخاتەوە، ئەمانەش هەمویان تاك و کۆی کۆمەڵگەکە لە جێکۆچ (مەئوا) کەدا دەگەێننە ئەمنیەتی دینی.. ئەمەش داواکراوەکەیە.

ئاڕاستەیەکی تری پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە، کە خاوەنێتی تاك لە کاتی پێداویستی ئوممەتدا نامێنێت و، سەروەت و سامانی تاکەکان لە کاتی پێویستی ئوممەتدا دەبنە موڵکی گشتی، وەك دەفەرموێ :

ـ (كُلُّ شَئٍ سِوَى جِلْفُ هَذَا الطَّعَامِ، والماءِ العَذِبِ، أو بَيْتٍ يُظِلُّهُ فَضْلٌ لَيْسَ لِابْنِ آدَمَ فِيهِ حَقٌّ)[1] واتە : هەر شتێکی زیادە لەسەر نانەوشکەی ئەم خواردنەوە، لەسەر ئەم ئاوەوە، لەسەر خانویەکەوە سایەی بخاتە سەر، لە بەنی ئادەم زیادەو مافی تێیدا نیە..

ـ (وَمَا عَظُمَتْ نِعْمَةُ اللهِ عَلَى عَبْدٍ إِلَّا اشْتَدَّتْ عَلَيهِ مَؤونَةُ النَّاسِ، فَمَنْ لَمْ يَحْتَمِلْ تِلْكَ الْمَؤونَةَ لِلنَّاسِ فَقَدْ عَرَضَ تِلْكَ النِّعْمَةَ لِلزَّوالِ)[2] واتە : هەر نیعمەتێکی خوایی

---

زیاتر لەوەیان پێداوە، کە ئەم مشتەرییە دەیداتێ، کابرایەك سوێندێکی درۆ دەخوات بۆ ئەوەی ماڵی موسوڵمانێك زەوت کات، پیاوێکیش کە زیادەی ئاوی لە خەڵکی گرتبێتەوە، خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا پێی دەفەرموێ : وەك چۆن تۆ شتێکت لەو خەڵکە دەگرتەوە، کە بە دەستی خۆت پەیدات نەکردبو، ئەوا منیش ئەمڕۆ فەزڵی خۆم لە تۆ دەگرمەوە..

[1] کنز العمال/ المتقی الهندی ب٣ ل ٣٩٨ ژمارە ٧١٣٢ لە تەبەرانییەوە وەرگیراوە..

[2] کنز العمال ب٦ ل ٣٤٧ لە البەیهیقی لە شعب الایمانەوە وەرگیراوە.. هەروەها تەبەرانی لە عائیشەو ئیبنو عەبباسەوە خوا لێیان رازی بێت گێڕاوێتیەوەو گوتویەتی (اسنادە جید)..

لەسەر هەر بەندەیەکی زیاد ببێت، کۆڵی خەڵکیشی پێوە قورستر دەبێت، هەر کەسێك ئەو کۆڵەی خەڵکەکەی پێ هەڵنەگیرا، ئەوە نیعمەتەکەی خوای دوچاری پوکانەوەو نەمان کردوە..

ـ (إنَّ لِلَّهِ أقْوَاماً يَخْتَصُّهُمْ بِالنِّعَمِ لِمَنَافِعِ الْعِبَادِ وَيُقِرُّهَا فِيهِمْ مَا بَذَلُوهَا الَى غَيْرِهِمْ، فَإذَا مَنَعُوهَا نَزَعَهَا مِنْهُمْ فَحَوَّلَهَا الَى غَيْرِهِمْ)[1] واته : خەڵکانێك هەن خوای گەورە تایبەتیان دەکات بە هەندێك نیعمەتی خۆی تا خێروەدەر بن بۆ خەڵکی، خوای گەورە لەسەریان هەر بەردەوامی دەکات، تا لە خۆیان، و خەڵکی نەگۆڕێن، کە لە خەڵکیان گرتەوە خوای گەورەش لەوانی دەستێنێتەوەو دەیداتە کەسانی دیکە.

ـ (إنَّ إبْلِيسَ يَبْعَثُ أشَدَّ أصْحَابِهِ، وأقْوَى أصْحَابِهِ الَى مَنْ يَصْنَعُ الْمَعْرُوفَ فِي مَالِهِ)[2] واته : ئیبلیس توندترن و بەهێزترین کەسی دەوری خۆی دەنێرێتە سەر ڕێی ئەو کەسەی، کە خێروخێرات لە سامانەکەی دەکات!

★★★

[1] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی : کنـز العمال/ المتقی الهندی بـ٦ ل ٣٥٠ له جامع الکبیری تەبەرانییەوە وەرگیراوە، منیش دوای بەدودا گەڕانی، بینیم لەالحلیة ئەبو نەعیمیشدا هەیەو ئیبنو ئەبو دونیا گوتویەتی (حەسەن) ە شێخی ئەلبانیش رحمه الله له (صحیح الجامع الصغیر/ ژماره ٢١٦٤) دا بە حەسەنی ناساندوە..

[2] کنـز العمال/ المتقی الهندی بـ٦ ل ٣٤٩ له الکبیری تەبەرانییەوە وەرگیراوە.

## بڕگەی چوارەم : سـود لـە زەوی بەو سیفـەتـەی ڕێـی بەرەو خواویسـتیـە :

ئەو رواڵەت و دیمەنی سود وەرگرتنە لە زەوی، کە لە بڕگەکانی(یەکەم و دوەم و سـێیەم) ی سـەرەوەدا رابـورد ئامـانجی کۆتـایی نـین، بـەڵکو کۆمەڵـە مەبەستێکن بە هێنانـە دییـان ئامانجـە گشتیەکە دێتـە دی، کـە ئـەو مەبەسـتی سـەرەکی بزاڤـە ئیـسلامیەکەی ئوممـەتی موسـوڵمانە، کـە بریتیـە لـە بـاش بەکارهێنانی سەر زەمـین بـەو ئیعتیبـارەی، کـە باشـترین تاقیگەیـە بـۆ ناسـینی نیشانەکانی ئاسۆو دەرون (ایات الافاق والانفس) کـە رۆژانـە مـرۆڤ مـوعجیزەی خواییان تێدا دەبینێت، دەسەڵات و توانای خوای تاك و پاك لە مەخلوقاتدا، کە شایەتی کردگارێتی خوای گەورە دەدەن، هەزاران بەڵگە لەسەر پـەرەردگارێتی و خۆشەویستی خواو شوێن بەرنامە کەوتنی ئەو دەخەنە ڕو.. خـوای گـەورە ئـەم مرۆڤایەتیـە بـۆ ئـەوە ئاڕاسـتە دەکـات، کـە دەفـەرموێ : (إِنَّ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ) الجاثيـة/٣ واتـە : ئاسمانـەکان و زەوی نیـشانەن بـۆ موسـوڵمانی ئیماندار.. یان (وَفِي ٱلۡأَرۡضِ ءَايَٰتٞ لِّلۡمُوقِنِينَ ) الذاريات / ٢٠ واتە : لـە زەویـدا نیـشانە بۆ ئیمانداران زۆرە..

ئـەو دیمـەن و ڕواڵەتانـەی زانـین و ناسـینی نیـشانەکانی زەوی، کـە قورئـان ئاماژەیان بۆ دەکات زۆرن و جۆراوجۆرن :

★ ئاماژەیەك بـەرەو زانیاریـەکانی (بنـچینەی جۆرەکـان) و سـەرەتای خـەلق بـون و گەشـەکردن دەبـات، کـە موسـوڵمانان هـان دەدات بکەونـە توێژینـەوەی جۆرو پێکهاتەو شێوازی ژیانی مەخلوقات :

ـ (قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ بَدَأَ ٱلۡخَلۡقَۚ ) العنکبـوت / ٢٠ واتـە : بڵـێ : بەم زەویەدا وەرن و بچن و سەرنج بدەن خوڵقان چۆن دروست بو؟!

ئەم دیدو ڕێبازو توێژینەوەیە داروین گرتیە بەر، ئەو کاتی کە جەولەکەی لە باشوری ئەمریکای باشورەوە دەست پێ کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرنامەو شێوازی زانین و ناسینی زانستیەکەی وەحی لە ژێریی و هەستەوەرەکان جوێ کردبۆوە، گومڕایانە حاڵی بو، لە لێکدانەوەی هۆکاری دروست بون و گەشەو نەشونمای زیندەوراندا دید لێڵ دەرچو، ئەوەتا ئەمڕۆ دەیان زانای تر هاتون و هەڵەکانی داروین دەخەنە ڕو، ڕەخنە لە بەرنامەو شێوازی توێژینەوەکەی دەگرن، ئەگەرچی دیارە، کە ڕەخنە گرتنەکە لە داروین و تیۆریەکەی دواکەوت، چونکە کاریگەریی داروین و تیۆریەکەی ئیشی خۆیان کرد، تا زانایان جورئەتی ئەوەیان بۆ دروست بو بە درۆی بخەنەوە، ململانێی فیکرو سیاسەت تیۆرەکەی ئەوی لەبەرچاوان کردە حەقیقەتی گەردون و ژیان! ئێستا کە بنەمای تیۆریەکەی هەڵدەتەکێنرێت، دوای ئەوەیە کە ئەو تیۆرییەی، کە لەسەر جیهانی بایالۆجی بو هێنرایە ناو جیهانی فیکرو سیاسەت و کۆمەڵگەو ئابوری و پەروەردەو بەهاو رەوشت! دوای ئەوە بو، کە ئاسەوارێکی زۆر دڕندانەی کاولکاریی لێ کەوتەوە، ژیانی تاك و کۆی کردە شەڕەشۆقی دارستان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی هەڵتەکاندو، خەڵکی لێك دابڕی و پەڕاوەزەی کردن.. ئیدی کەپەنەك لەپاش باران بۆچیە؟!

★ ئاماژەیەکی دیکەی قورئانی بەرەو جۆرەها زانستی سروشتی ترە، کە پەیوەندییان بە ئاسمان و زەویناسییەوە هەیە، هەروەها بەرەو ئەوانەی تێیاندان، لە گیاندارو بێ گیان، لەوانە :

- (إِنَّ ٱللَّهَ يُمۡسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ أَن تَزُولَاۚ ) فاطر/٤١ واتە : خوای گەورەیە، کە ئاسمانەکان و زەوی گرتوە تا لەق نەبن و نەفەوتێن.. ئێستا وا زانستی مرۆڤایەتی گەیشتۆتە هەندێك لەو هۆکارانەی بونەتە هۆی لەق نەبون و نەفەوتانی ئەم ئاسمانەو زەوی و ئەوانەی تێیاندان! تازە دەگەنە زانین و ناسینی هێزی راکێشانی زەوی و یاساکانی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمیشیان لە ژێر

سایەی وەحی خواییدا نەبوە، کوێرانە کەوتۆتە ڕێ و خوای کردگاری ئاسمانەکان و زەوی پێ نەدۆزیوەتەوە!

ــ (خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۖ يُكَوِّرُ ٱلَّيْلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ) الزمر / ٥ واتە : ئاسمانەکان و زەوی بە هەق دروست کردن، شەو بەسەر ڕۆژدا دەهێنێت و تێی دەپێچێت..

ــ (إِنَّ فِى خَلْقِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَـٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلْفُلْكِ ٱلَّتِى تَجْرِى فِى ٱلْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٍ فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَـٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلْمُسَخَّرِ بَيْنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ) البقرة/١٦٤ واتە : لە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی و هاتوچۆی گۆڕانکاریی شەو ڕۆژوئەو کەشتیانەی بە دەریادا بۆ سودی خەڵکی دێن و دەچن، هەروەها لەو بارانەی خوای گەورە لە ئاسمانەوە دەیبارێنێت، کە زەوی دوای مردنی پێ زیندو دەکاتەوە و زیندەوەری پێ بڵاو دەکاتەوە، دیسان لە شنەی باو شەماڵ و ڕاگیریی هەوری دەستەبەر کراوی نێوان ئاسمان و زەوی.. هەموی پڕن لە نیشانەو بەڵگەو ئاماژە بۆ کەسانێك پەی پێ ببەن و ئەقڵیانی بۆ بخەنە کار..

⋆ ئاماژەیەکی تر بەرەو زانستەکانی کۆمەڵناسیی مرۆڤایەتیە، کە بە درێژایی ساڵانی تولانی مێژو نەوە بە نەوەی مرۆڤایەتی هێناویانەتە دی، قورئان داوا لە شوێن کەوتوەکانی دەکات لە ئاسەواری کۆمەڵگای کۆن و دەسەڵاتەکانی مرۆڤ بکۆڵنەوەو هۆکاری بڵندچون و داڕمان بدۆزنەوەو پەندو ئامۆژگاری لێ وەرگرن، چونکە هەمو شتێکی ئەو کۆمەڵگەو دەسەڵاتانە بە پێی ڕێساو یاسای قەدەری خوایی هاتون و چون :

ـ ( أَوَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْۚ كَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَأَثَارُواْ ٱلْأَرْضَ وَعَمَرُوهَآ أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ) الـروم / ٩ واتـه : چـما بەسـەر زەویـدا نەگەڕاون تا سەرنج دەنە چارەنوسی ئەو کەسانەی کە پێش ئەمان هاتن و چون؟! کە لەوان بەهێزتر بون و دەسەڵاتیان بەسەر زەویدا هەبو، بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئاوەدانیان دەکردەوە.. بەڵام، کە نێرراوەکانی خوای گەورە هاتنە لایان و نیشانەو بەڵگەی خواناسییان خستنە پێش چاو (نکوڵییان کردو بەدرۆیان خستنەوە) ئیدی کەوتنە بەر خەشم‌و توڕەیی خوای گەورە! خۆ شتێکی ناومکین بو، خوای گەورە ستەمیان لێ بکات، بەڵام خۆیان ستەمکار بون..

ئەم دەقە سەرنج بۆ ئەو نەوانەی مرۆڤایەتی ڕادەکێشێت، کە لە مێژودا هاتن و چون، هەر یەکەیان بە گوێرەی ئەو زانستەی هەیانبو، زەوییان ئاوەدان کردەوەو شارستانێتیان پێکەوەنا، هەر یەکەیان زانستی سەردەمی خۆی بۆ چەسپاندنی هێزو دەسەڵاتی خۆی لەو شوێنانەدا، کە حوکمی دەکرد بەکارهێنا، هەموشیان مەغرورانە بەوە دڵخۆش بوبون، بەڵام چونکە لوت بەرزو خۆبەزلزان بون، چونکە ستەمکارو خوانەناس بون، لە ئامانجی گەورەی هێزو دەسەڵات دەرچون، کە خواناسیی و دادی کۆمەڵایەتی و یەکسانی نێوان مرۆڤە.. چونکە دینی خوایان نەکردبوە بەرنامەی ژینو، بە پێی شەرعی خوایی حوکمیان نەکردو ئاوەدان کردنەوەکەیان نەکردە هۆکاریی خواویستی و گاڵتەیان بەو کەسانە دەکرد، کە خوایان بیر دەخستنەوە، ئیدی هەر دەبو دوچاری ئەو شکست و بەزین و داڕمانە ببن، کە توشی بون، نابینیت هەیانە ناویشی نەماوە!! ئەمە هەر ئەو دژوارییەیە، کە ڕوەو ڕوی شارستانێتی سەردەم بۆتەوە، بەڵێ تەکنۆلۆژیای نوێ مرۆڤایەتی گەیاندۆیە ئەوجێکی بلند، بەڵام

بەداخەوە مرۆڤایەتی بەمە زۆر بوغرا بوە، زۆر لوتبەرزو بە هەواو فیزانە دەڕوانێتە مێژو، نەفامانە دەڕوانێتە ئەو کەسانەی، کە خوای بیر دەخەنەوە!! سەرباری ئەوەش کەوتۆتە دژایەتی خواویستی و جەنگێکی بێ ئامانی لە هەمو بوارەکانی ژیاندا بەرامبەر دینی خواو دیندارانی بەرپا کردوە!! هەمان هەڵەی زەقی دەسەڵاتداری بێدینی نەوەکانی رابوردو دوبارە دەکاتەوە! چەند بە بەرهەمی ماددی بەردەستی دڵخۆشە، دو ئەوەندە مەغرورەو لاناکات بەلای ئەو نیشانەو بەڵگانەوە، کە بەرەو خواناسیی دەبەن!!

ـ ( أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوٓاْ أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴿٨٢﴾ فَلَمَّا جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَرِحُواْ بِمَا عِندَهُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ )

غافر / ٨٢ ـ٨٣ واتە : چما بەسەر زەویدا نەهاتون و نەچون؟! نەیاندیوە چیمان بەسەر قەومەکانی پێش ئەواندا هێناوە؟! نابینن چارەنوسی ئەوان چۆن بوە؟! مەگەر لەمان بەهێزترو بەدەسەڵاتتر نەبون؟! لەوان زیاتر کاریگەر نەبون؟! ئاسەواری ئەوان زیاتر نیە؟! بەڵام بڕوانە هەمو ئەوەی لە دەستیاندا بو، هەر هەمو ئەو هێزو دەسەڵاتەی، کە هەیانبو، چ دادێکی دان؟! کە نێرراوانی خوا هاتنە لایان و نیشانەو بەڵگەی خواناسییان خستە پێش چاویان، مەغرورانە لایان نەکرد بەلای ئەوانەوەو بەوە رازی بون، کە لەبەر دەستی خۆیاندا هەبو، ئیدی ئێمە هەر بەوە فەوتاندمانن، کە گاڵتەیان پێ دەکردو بە فشەیان دەزانی!

قورئان بەردەوام مرۆڤ هان دەدات، کە بەسەر زەویدا وەرن و بڕۆن و تێفکرن‌و بکۆڵنەوە، بەڵام مەرجە، کە ژیرییتان بخەنە کار، بیرو هۆش و زەینتان بەگەڕ خەن، ئەوانەی ئێوە دەیگەنێ و پەیان پێ دەبەن، دیمەنی دەسەڵاتن، ڕواڵەتی هێزن، ئاسەواری توانان، ڕێساو یاسای گەردون و ژیانن، نەك کردگار.. ئەوانە دیمەنی حەقیێکن، کە خوای کردگارو خاوەن هێزو دەسەڵات دروستی کردون، ئاوا بە گۆشەنیگای بەرفراوانەوە بڕوانن و سەرنجدەن، نەك

وەکو مەستی بێ ئاگاو ئاژەڵی بێ دەماخ! نەك وەکو وێڵی چێژو شێتی دەسەڵات و شەقاوەی بێ هۆش و گۆش!!

ـــــ ( أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَتَكُونَ لَهُمۡ قُلُوبٞ يَعۡقِلُونَ بِهَآ أَوۡ ءَاذَانٞ يَسۡمَعُونَ بِهَاۖ فَإِنَّهَا لَا تَعۡمَى ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَلَٰكِن تَعۡمَى ٱلۡقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ ) الحـج / ٤٦ واتـه : چـما بەسـەر زەویدا نەهاتون ونەچون؟ تا دڵ و بیرو هۆشیان هەبێت و بیکەنە مایەی بیر کردنەوە، یان گوێچکەیان بکەنە مایەی بیستن و حاڵی بون؟! خۆ خوای گەورە بینایی کوێر ناکات، ئەو دڵە کوێر دەکات کە لە سینەدایە.

دەرەنجامی کۆتایی ئەم گەڕان و هاتو چۆو سەرنجدانەی سەر زەوی، ئەنجامی ئەم توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو شیکاریی کردنی ڕوداوانەی، کە ڕویانداوە ئەوەیە، کە کۆمەڵە خەڵکێکی بیرمەندو ژیر پەیدابوبن، کە خوێندنەوەیەکی ئاقلانەی وردەکارانەیان بۆ نیشانەو بەڵگەکانی ئاسۆو دەرون (آیات الافاق و الانفس) هەبێت، تا خۆیان و ئەوانەی ئاراستەیان دەکەن بگەنە ئەو ئاستەی ئیمانداران دەیگەنێ، کە هەمیشە لە یادو زیکری خوادا دەبن، لەوانەی کە خوای گەورە دەرهەقیان فەرمویەتی : ( ٱلَّذِينَ يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمٗا وَقُعُودٗا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمۡ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ رَبَّنَا مَا خَلَقۡتَ هَٰذَا بَٰطِلٗا سُبۡحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ) ال عمران / ١٩١ واتە : ئەو کەسانەی کە بە پێوەو بە دانیشتنان و بە ڕاکشانەوە یادی خوا دەکەن و، بیر لە دروست کراوانی ئاسمانەکان و زەوی دەکەنەوەوبە نزاوە دەڵێن : خوای پەروەردگار، ئەم هەمو شتەتان بە هەوانتە دروست نەکردوە.. خوایە پاك و بێ خەوشی بۆ جەنابت.. خوایە لە سزای ئاگری دۆزەخ لامانده..

# باسی دوەم

# گەشە پێدانی بەهای نیشتەجێبون

ڕواڵەتی دوەمی توخمی داڵدەدان (ئیواء) لە ئیسلامدا بریتیە لە گەشەپێدانی بەهای نیشتەجێ بون و، هاوسەرگیریی و خێزان پێکەوەنان و ئەوانەی تر، کە لێی دەبنەوە وەکو مسۆگەر کردنی خانوبەرەو هۆکارەکانی هاتوچۆ بە شێوەیەکی وا، کە خەڵکەکە هەست بکەن ئەمانە موڵکی گشتین، مەگەر لە بارودۆخانێکی تایبەتدا.. پێغەمبەری پێشەوا ﷺ کۆمەڵێك بەڵگەی عەقائیدی بۆ چەسپاندنی ئەم بەها کۆمەڵایەتیانە دەخاتە بەردەست موسڵمانان، لەوانە :

- ئەبو سەعیدی خودری خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموی : ( مَنْ كَانَ مَعَهُ فَضْلُ ظَهْرٍ فَلْيَعِدْ بِهِ عَلَى مَنْ لا ظَهْرَ لَهُ، وَمَنْ كانَ مَعَهُ فَضْلُ زادٍ فَلْيَعِدْ بِهِ عَلَى مَنْ لا زادَ مَعَهُ، فَذَكَرَ مِنْ أصْنَافِ المالِ مَا ذَكَرَهُ حَتَّى رأينَا أنَّهُ لا حَقَّ لأحَدٍ مِنَّا فِي فَضْلٍ)[1] واتە : هەر کەسێك وڵاخێکی سواری زیادەی پێیە، با بیدات بەو کەسەی نیەتی، هەر کەسێك خواردنێکی زیادەی پێیە، با بیدات بەو کەسەی، کە نیەتی، ئیتر بەو شێوەیە جۆرەها سامان وماڵی باس فەرمو، تا وامان زانی کەسمان نیە شتی زیادەی نەبێت..

- پێغەمبەر ﷺ لە ئاڕاستەی تردا هۆشداریی دەداتە ئەو کەسانەی، کە جێو ڕێ و هۆکارەکانی هاتوچۆ لە خەڵکی دەگرنەوەو مەحرومیان دەکەن ، بۆیە دەفەرموێ : (تكونُ إبِلٌ لِلشَّياطِينِ، وَبيوتٌ للشَّياطِينِ، فَأمّا إبِلُ الشَّياطِينِ فَقَدْ رأيتُهَا يَخْرُجُ أحَدُكُمْ بِجَنيباتٍ مَعَهُ قَدْ أسْمَنَهَا فَلا يَعْلُو بَعِيراً مِنْهَا، وَيَمُرُّ بأخيهِ قَدْ

---

[1] شرح صحيح مسلم ب ١٢ ل ٣٣، ابوداود/ السنن (١٦٦٣)، ئیمامی احمد : باقي مسند المكثرين (١٠٩٠٠) البيهقي : السنن الكبرى (٧٥٩٦)

انقَطَعَ بِهِ فَـلا يَحْمِلُـهُ، وأمَّـا بيـوتُ الـشَّيَاطِينِ فَلَـمْ أرَهـا)[١] واتـه : حوشـتر هەیـە هـی شـەیتانە، مـاڵ هەیـە هـی شـەیتانە، حوشـتری شـەیتان ئەوانـەن کـە بـە دەست خاوەنیانەوەن کە دایانبەستون (قەڵەویان کردون) بە بەتاڵی بـە لای ڕێبوارانی ماندودا دەیانبەن نە خۆیان سواریان دەبن، نە فەرمو لـەو ماندوانـە دەکـەن، تـا سواری یەکێکیان بن، ماڵی شەیتانیش، ئەوە جارێ نەمدیوە..

ئامـاژە کـردن بـە حوشـتر بـۆ سـواربونی ڕێبـواران، دیـارە کـە ئاماژەیـە بـە هۆکـاری گواسـتنەوە، کـە جۆرەکـانی لەگـەڵ پێـشکەوتنی تـەکنۆلۆژیاوڕۆژانی زەمانـدا دەگۆڕێـت، ئامـاژە بـە ماڵەکـەش هـەر وایـە.. کـە دەفـەرموێ جـارێ نەمدیوە، یەعنی لە زەمـانی جەنابیانـدا نـەبوە، حەتمـەن لـە زەمانـەکانی دوای خۆی پەیدا دەبێت، ئەو زەمانانەی، کە خەڵکی هەمو شـتێکی گـشتی بـۆ خۆیـان زەوت دەکـەن! سـەدان کۆشـك و تـەلاری گـەورەو بـەرفراوان و رازاوە، شـوقەو عیمارەی بەرز بەرز، لەولاشیانەوە ملیۆنـەها موسـوڵمانی ڕەشـوڕوت بـێ جـێ و ڕێن! لە کەلاوەدا دەژین! هی دیـش پەڕۆشـڕەی سـواڵیان دەسـناکەوێت و لەسـەر شەقام و کۆڵانان ڕۆژ دەکەنەوە!! یان هـەزاران هـەزارێکی بـێ کـەس، کـە سـەری خۆیان هەڵدەگرن و بەرەو مەجهول دەڕۆن بە ئومێدی پەیدا کردنی خـۆراك و کوخێکی سوکنا!!

ئەمــە وەنــەبێ ڕێ لــە پێــشکەوتنی ئــاوەدانی و عیمــران و بیناســازیی و زەخرەفـەی بگرێـت، نـا، ئەگـەر مەبەسـت لـەو بیناسازیی و کۆشـك و تەلارانـە ئیواء بن، بۆ نیشتەجێی لانەوازان و بێ مەئوایان بـن ئـەوە هانـدراوە، حەتمـەن دەسەڵاتی ئیسلامی پشتیوانیان لێ دەکات، بە لوتکەی کـردەوەی چاکەخوازییان دەژمێرێـت، چـونکە دەبێتـە مایـەی بـەهێز کردنـی هەسـتی برایـەتی و سـۆزی مرۆڤایـەتی و دڵـەکان زیـاتر پێکـەوە دەبەسـتێتەوە.. گەشـە بـە هاریکـاریی و یارمەتیدان و بەخەمی یەکتربون دەدات..

---

[١] ابو داود : السنن ب ٣ باب الجهاد ل ٣٩ (٢٥٦٨).

دروست کردنی مزگەوت و مەیتەم و تەمبەڵ خانەو جێی بێ نەوایان لە مێژوی ئیسلامدا هەمویان لەم دیدو هەست و سۆزەوە هاتون، چونکە ئاڕاستەی پێغەمبەری پێشەوا ﷺ لەم بارەوە زۆرە، لەوانە :

ـ (مَنْ بَنَى مَسْجِدًا يَبْتَغِي بِهِ وَجْهَ اللهِ بَنَى اللهُ لَهُ مِثْلَهُ فِي الْجَنَّةِ)[١] موسلیم. واتە : هەر کەسێك مزگەوتێك لەبەر خاتری خوای گەورە دروست بکات، خوای گەورە وەکو ئەوەی خۆی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەکاتەوە..

ـ (إِنَّ مِمَّا يَلْحَقُ الْمُؤْمِنَ مِنْ عَمَلِهِ وَحَسَنَاتِهِ بَعْدَ مَوْتِهِ عِلْمًا عَلَّمَهُ وَنَشَرَهُ وَلَدًا صَالِحًا تَرَكَهُ وَمُصْحَفًا وَرَّثَهُ أَوْ مَسْجِدًا بَنَاهُ أَوْ بَيْتًا لِابْنِ السَّبِيلِ بَنَاهُ أَوْ نَهْرًا أَجْرَاهُ أَوْ صَدَقَةً أَخْرَجَهَا مِنْ مَالِهِ فِي صِحَّتِهِ وَحَيَاتِهِ يَلْحَقُهُ مِنْ بَعْدِ مَوْتِهِ)[٢] واتە : لەوەی کە کاری عەبدی موسوڵمان بەردەوام لە دوای مردنیشی دەیهێڵێتەوەو بۆی دەبێتە پاشکۆی چاکەکانی : زانستیەکە، کە بڵاوی کردۆتەوە، یان کوڕێکی پیاوچاکە، کە جێی هێشتوە، یان قورئانێکی لەدوا بەجێماوە، یان مزگەوتێکەو دروستی کردوە، یان ماڵێکەو بۆ لانەوازانی دروست کردوە، یان روبارێکەو هەڵیبەستوە، یان خێرو خێراتێکەو لە سەروەت و سامانی خۆی لە ژیانیدا لە کاتی تەندروستیدا دەری کردوە، ئەمانە هەموی بەدوای مەرگی خاوەنیاندا بەردەوام دەبن و بۆیان دەچن.. بۆیان دەبنە توێشو و زەخیرەی قیامەتی..

---

[١] بوخاری/ کتاب الصلاة (٤٥٠/١٧٢/١) باب من بنى مسجدًا. وموسلم/ کتاب المساجد ومواضع الصلاة (٣٧٨/١/برقم ٥٣٣)، باب فضل بناء المساجد والحث عليها.

[٢] نوسەری بەڕێز ئاماژەی بە سەنەدی ئەم فەرموده داوە، کە لە بوخاریدا بێت، بەڵام ئەو ریوایەتە گێڕانەوەی ئیبنو ماجەیە، کە بە سەنەدی حەسەن ریوایەتی کردوە، لای بەیهیقی و ئیبنو خوزەیمەش سەحیحە، شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە (صحيح ابن ماجة) دا هێناویێتیەوەو گوتویەتی (حسن) ە.. لە ریوایەتێکی تریدا کە سەحیحە بەم شێوەیەیە : (عَن أبي قَتَادَةَ رَضِي اللهُ عنهُ قالَ قالَ رسولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم : خَيرُ مَا يَخْلُفُ الرَّجُلَ مِنْ بَعدِهِ ثلاثٌ : وَلَدٌ صَالِحٌ يَدْعُو لَهُ وصَدَقَةٌ تَجْرِي يَبْلُغُهُ أَجْرُهَا وَعِلْمٌ يُعْمَلُ بِهِ مِنْ بَعْدِهِ) بەڵام لە بوخاری و موسلیمدا ریوایەتی تر لەسەر ئەم بابەتە هەیە لەوانە : (عن أبي هريرة : إِذَا مَاتَ ابنُ آدمَ انْقَطَعَ عَمَلُهُ إِلَّا مِنْ ثَلاثٍ : صَدَقَةٌ جَارِيَةٌ أو عِلْمٌ يُنْتَفَعُ بِهِ أو وَلَدٌ صَالِحٌ يَدْعُو لَهُ) موسلیم.

ئـەمما ئەگـەر بیناسـازی و کۆشـك و تـەلار دروسـت کـردن بـوە مایـەی خـۆ هەڵکێشان و لوت بەرزی و نیشانەی چینایەتی و دیاردەی شانازی کردن بەسـەر نـەداران و سـیمای جویٚ کردنـەوەی دەوڵەمەنـدان لـە هـەژاران، یـان بـوە هـۆی ئەوەی روبەرێکی بەرفراوانی زەوی زەوت بکرێت و لەسەر کۆمەڵێك موتریف و زێـدەڕۆو گـەدە زل تـاپۆ بکرێـت و، نەکرێتـە مایـەی چاندن و بەرهـەمهێنانی قـوتی خـەڵکی، ئـەوە هـەڕاڵ بـون و بـیٚ تـەقوایی لادانـە، ئـەوە گـەلۆریی و هەرزەبیریی و گومڕاییە..

ـــ ( ﴿أَتَبۡنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ ءَايَةً تَعۡبَثُونَ ﴿١٢٨﴾ وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمۡ تَخۡلُدُونَ ﴿١٢٩﴾ وَإِذَا بَطَشۡتُم بَطَشۡتُمۡ جَبَّارِينَ ﴿١٣٠﴾ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ ) الـشعراء/١٢٨ـ١٣١ واتـە: ئـەریٚ ئێـوە لەسـەر هـەمو بەرزاییـەك کۆشـك و تـەلار بـۆ فـەخرو شـانازیی دەڕازێننـەوەو جیٚو ڕیٚ قـایم دروسـت دەکـەن، بـەو هیوایـەی بـە نـەمریی بمێننـەوە، کـە دەسـتیش دەوەشـێنن، زۆر دەستقورسـانە دەیوەشـێنن! ئـیٚ دە لـە خـوا بترسـن و گوێڕایەڵیی بکەن[1]..

پێغەمبەر ﷺ ئەو پارەیە بیٚ پاداشت ناوزەد دەکات، کە دەکرێتە مەسـروفی بیناکردنی کۆشك و تەلارێك، کە پێویست نیە، یـان نابێتـە سودی خـەڵکی، کـە هەر بۆ جوانی و شانازی وخۆهەڵکێشان دروست دەکرێت!

ـ (النَّفَقَةُ كُلُّهَا فِي سَبِيلِ اللهِ إِلَّا الْبِنَاءُ فَلَا خَيرَ فِيهِ)[2] ترمزی : هـەمو پارەسـەرف کردنێك لە پێناوی خوادایە، جگە لەو پارەیەی دەکرێتە کۆشك و تەلار!

ـ قەیسی کوڕی حازم گێڕایەوە، کە چونەتە لای خەبابی کوڕی ئەرەت خـوا لێی ڕازی بێت ئەو کاتەی، کە نەخۆش بوە، بۆی گێڕاونەتەوە، کە پێغەمبەر ﷺ

---

[1] ئەمە تەفسیری ئیمامی تەبەرییە کە لە موجاهیدو ئیبنو عەبباسەوە نەقڵی کردوە : الطبري : التفسیر ب ١٩ ل ٩٤ ـ ٩٥، هەروەها تەفسیری ئیبنو کەثیر لە تەفسیری سورەتی الشعرائدا..

[2] ترمزی : السنن/ باب القیامه (ژمارە ٢٤٨٢) هەر خۆشی دەفەرمویٚ : (حدیث غریب) بەڵام ریوایەتێکی تری هێناوەتەوەو گوتویەتی سەحیحە، کە دەفەرمویٚ : (يُؤْجَرُ الرَّجُلُ في نَفَقَتِهِ كُلِّهَا إلَّا التُّرَابَ أو قالَ : البِنَاء ).

بەرهەڵستی ئەوەی لێکردون کە زیادە مەسرەف لە خانو بەرەیاندا بکەن، دواتر لە کاتێکی دیکەدا چونەتەوە لای دیویانە وا خەریکی دیوار دروست کردنە، ئەو کاتیش پێی فەرمون : (إِنَّ الْمُسْلِمَ لَيُؤْجَرُ فِي كُلِّ شَيْءٍ يُنْفِقُهُ إِلَّا فِي شَيْءٍ يَجْعَلُهُ فِي هَذَا التُّرَابِ)[١] موسوڵمان لە پارە سەرف کردنیدا لە هەمو شتێکدا پاداشت و خێری دەست دەکەوێت جگە لەم خاك و خۆڵە [٢]..

لەم روانگەوەیە، کە پێغەمبەر ﷺ باس لەوە دەکات کە کاتێك زانستی شەرعی نامێنێت و نەزانی تەشەنە دەکات، ئیدی خەڵکی دەکەونە کێبڕکێی کۆشك و تەلار سازدان! هەر یەك بۆ شانازیی خانوی جوان و بڵند دروست دەکات و خۆی پێوە بادەدات!! تەنانەت خێوەت و چادرنشینەکانی بیابانەکانیش دەکەونە ئەم کێبڕکێیەوە!!

ـ (مِنْ أَشْرَاطِ السَّاعَةِ إِذَا تَطَاوَلَ رِعَاءُ الْبَهْمِ فِي الْبُنْيَانِ) [٣] واتە : لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە، کە شوانکارەی پێ پەتی کۆشك وتەلاری بڵند دروست دەکەن

ـ (وَإِذَا رَأَيْتَ الْحُفَاةَ الْعُرَاةَ الصُّمَّ الْبُكْمَ مُلُوكَ الْأَرْضِ فَذَاكَ مِنْ أَشْرَاطِهَا وَإِذَا رَأَيْتَ رِعَاءَ الْبَهْمِ يَتَطَاوَلُونَ فِي الْبُنْيَانِ فَذَاكَ مِنْ أَشْرَاطِهَا)[٤] واتە : ئەگەر پێ پەتی ڕوتەڵ و کەڕو کونتێ و لاڵە پەتەت بینی، بون بە پاشاو دەسەڵاتداریی سەرزەمین، ئەوەش لە نیشانەکانیەتی (نیشانەی نزیك بونەوەی قیامەت)! ئەگەر شوانکارەت بینی وا کۆشك و تەلاری بڵند بڵند دروست دەکەن، ئەوەش لە نیشانەکانیەتی!![٥]

---

[١] نوسەری بەڕێز نوسیویێتی (صحیح مسلم/ کتاب الایمان، الترمذي/ السنن/ کتاب القیامة) بەڵام من لەوێدا نەمدی، ئەوەی سەرەوەم لە فتح الباریدا دی کە هەر ئاوا بو، ئیمامی ئیبنو حەجەریش لەسەری نوسیوە : ئەمە سەنەدێکی دیکەیەتی..

[٢] مەبەستی ئەوەیە کە یاوەرانێکی تری پێغەمبەر ﷺ شەهید بون و ڕۆیشتن، کۆشکی خۆیان لە بەهەشت پێکەوەنا، و ئێمەش ئەوەتا وا خەریکی خاك و خۆڵین، مەبەستیش لە بەرهەڵستی کردن و هان نەدان زیادەڕۆیی کردنە بە شێوەیەك کە لە پێداویستی خۆی زیاتر بێت..

[٣] صحیح البخاري : کتاب الایمان، و کتاب الاستئذان، وکتاب الفتن

[٤] صحیح مسلم : کتاب الایمان/ باب الایمان و الاسلام و الاحسان.

[٥] بڕوانە ئەو فەرمایشتەی کە پێغەمبەری نازدار پێش ١٤٠٠ساڵ فەرمویەتی چۆن ئێستا لە وڵاتانی خلیج بە تایبەتی لە شارێکی وەکو (دوبەی) هاتۆتە دی!

# باسی سێیەم

## ڕێزی نیشتەجێ بونی مرۆڤ و دەرنە پەڕاندنی

ڕواڵەتێکی دیکەی دادگەری و مەئواسازیی ئیسلامی بریتیە لە ڕێز گرتن لە حەزی نیشتەجێ بونی مرۆڤ لەو شوێنەی پێی خۆشەو ڕێگرتن لە ناڕەحەت کردن و دەرپەڕاندنی خەڵکی، یان نەفی کردنیان لە شوێنی سوکنایانەوە بۆ شوێنی تر..

قورئانی پیرۆز جەخت لە پیرۆزی دادگەری و نیشتەجێ بونی مرۆڤ دەکاتەوەو، ناهێڵێت دەسەڵاتدارێك بە هۆی ناحەزێتی و ناکۆکی خۆیەوە (کە بە هۆی ڕاجوێیی یان ناکۆکی عەشایری یان ململانێی حزبایەتی و تێکچڕژانی بەرژەوەندیەکان دروست بوە) لەگەڵ کەسانی دیکەدا ئەو مافە بە خۆی بدات، کە لە شوێنی خۆیان هەڵیان کەنێ و دەریان کات :

ـ خوای گەورە دەفەرموێ : (وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ لَا تَسْفِكُونَ دِمَآءَكُمْ وَلَا تُخْرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَـٰرِكُمْ ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٨٤﴾ ثُمَّ أَنتُمْ هَـٰٓؤُلَآءِ تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِّنكُم مِّن دِيَـٰرِهِمْ تَظَـٰهَرُونَ عَلَيْهِم بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَـٰرَىٰ تُفَـٰدُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ ) البقرة/٨٤ ـ ٨٥ واتە : پەیمانمان لێتان وەرگرت کە خوێنی یەکتریی نەڕێژن و یەکتریی لە ماڵ و حاڵ و جێ و ڕێی خۆتان دەرنەپەڕێنن، ڕازی بون و بڕیارتان داو بون بە شایەت لەسەر خۆتان. کەچی لە دوای ئەوە ئەوەتا وا یەکتریی دەکوژن و هەر کۆمەڵەو کۆمەڵێکی دیکە لە ماڵ و حاڵ و جێ و ڕێی خۆی دەردەپەڕێنێت

و بە زوڵم و تـاوان گەلەکۆمـەکێ لەسـەر یـەکتریی دەکـەن!! تەبـەری ڕەحمـەتی خوای لێ بێت حاڵی بونی یاوەران و لێکدانەوەیانی بۆ ئەم ئایەتـە هێناوەتـەوە، کـە گوتویانـە : کوشـتنی هـەر یـەکێکیان وەکـو کوشـتنی بکوژەکـە خـۆی بـوە، دەرپەڕاندنی کەسێك لە لایەن کەسانێکی ترەوە، وەکو دەرپەڕاندنی خۆیان بوە لە ناو ماڵ و منـداڵ و جێ و ڕێـی خۆیـان، چونکە حـوکمی هـەمو ئوممەتەکـە وەکو حوکمی یەك کەس وایە، بۆیـە پێغەمبـەری پێـشەوا ﷺ فەرمویـەتی، کـە نمونەی ئوممەتەکە لە بەزەیی هاتنەوەو سۆزو خۆشەویـستیی یەکتریـدا، وەکـو نمونـەی یـەك جەسـتە وایـە، کـە ئەنـدامێکی توشـی ئازارێـك دەبێـت هـەمو جەستەکە تای لێ دێت و شەونخونی بۆ دەکێشێت[1]..

پاشان تەبەری ڕای قەتادە نەقڵ دەکات کە دەڵێ : واتـە بـا کەسـتان کەسـی ترتان نـەکوژێت (وَلَا تُخۡرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَـٰرِكُمۡ ) یـەعنی ئـەی مـرۆڤ، نەفـسی هەر یەك لە میللەتەکەت وەکو نەفسی خۆتـە، لـە ئەبولعالیەشـەوە ئـەوە نـەقڵ دەکات، کـە فەرمویـەتی : (وَإِذۡ أَخَذۡنَا مِيثَـٰقَكُمۡ لَا تَسۡفِكُونَ دِمَآءَكُمۡ ) واتـە کەسـتان کەسێکی تر لە خۆتـان نـەکوژێت، (وَلَا تُخۡرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَـٰرِكُمۡ ) کەسیـشتان کەسێکی تر لە خۆتان لە ماڵ و حاڵ و جێ و ڕێی خۆی نەکاتە دەرەوە[2]..

ئەگـەر ئەوەنـدە جـەخت لـە دەرنـەکردنی کەسـانی ئاسـایی کرابێتـەوە، حەتمەن جەختی زیاتر لە دەرنـەکردن و ڕاوەدونـەنانی پێغەمبـەران و داعـی و خواویستان و بیرمەندان و زاناو خـاوەن ڕاوبۆچونەکان کراوەتـەوە، کـە هـەوڵی

---

[1] ئاماژەیە بەو فەرمودەیەی کە دەفەرموێ : (مَثَلُ المؤمنينَ في تَوادِّهِم وتراحُمِهم وتعاطُفِهم مَثَلُ الجَسَدِ اذا اشْتَكَى مِنْهُ عضوٌ تَداعَى لَهُ سائِرُ الجَسَدِ بِالسَّهَرِ والْحُمَّى) مسلم بشرح النوي/ كتاب البر ١٦/ ل١٤٠ ژمارە (٤٦٨٥)، البخاري/كتاب الادب/ باب رحمة الناس والبهائم/ ٥٥٥٢ هەروەها ٥٦٦٥، مسند احمد ١٧٦٤٨. واتە : نمونەی موسوڵمانان لە ناو خۆیاندا لە خۆشویستن و بەزەیی و سۆزیاندا دەرهەق یەکتر وەکو جەستەیەکن، ئەگەر ئەندامێکی ئازاری گەیشتێ سەراپای جەستە، تا دای دەگرێت و شەونخونی دەکێشێت..

[2] الطبري : التفسير ب ١ ل ٣٩٤.

چاکسازیی کۆمەڵگەکانیان دەدەن و لە رەنجی راست کردنەوەدان.. خوای گەورە ئاماژە بەمە دەکات، کە دەفەرموێ : (وَإِن كَادُواْ لَيَسْتَفِزُّونَكَ مِنَ ٱلْأَرْضِ لِيُخْرِجُوكَ مِنْهَا وَإِذًا لَّا يَلْبَثُونَ خِلَٰفَكَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٧٦﴾ سُنَّةَ مَن قَدْ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِن رُّسُلِنَا وَلَا تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلًا ) الاسراء/٧٦ـ٧٧ واتە: کافرەکان زۆریان بۆت هێناو ئازارو ناخۆشی زۆریان هێنایە رێت، تا لەسەر زەوی (مەککە) دەرت پەڕێنن و دەربەدەرت کەن، بەڵام ئەوانیش دوای تۆ مەگەر بۆ ماوەیەکی کەم دەنا نەدەمانەوە! ئەمە (لەناوبردن و بە فەتارەت دانیان) رێسای نەگۆڕمانەو بۆ سەرخستنی هەمو پێغەمبەرێکی خۆمان پێش تۆ لەسەری رۆیشتوین، رێسای ئێمەش گۆڕانی بەسەردا نایات..

ئەمە رێسای نەگۆڕی خواییە، بۆ هەمو پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت خراوەتە کار! ئەمە رێسای نەگۆڕی بەردەوامی ژیانە.. هەر کاتێك نەتەوەیەك پێشەوای خواناس و داعیانی ئەم دینەی لەماڵ و حاڵ و جێ و رێی خۆیان دەرپەڕاند، بە تەئکید ئەو بەڵاو موسیبەت و سزا سەختانەیان دێتە رێ، کە خوای گەورە باسیی فەرمون، ئەمەش رێسایەکەو خۆی فەرمویەتی کە گۆڕانی بەسەردا نایات..

ئیبنو عەبباس دەربارەی ئەم ئایەتەو هۆی هاتنە خوارەوەی دەفەرموێ : ئەمە دەرهەقی ئەهلی مەککە هاتە خوارەوە کە هەوڵیان دا پێغەمبەری خوا ﷺ دەرکەن، دوای دەرکردنەکەی زۆری پێ نەچو خوای گەورە بە غەزای بەدر جەرگی بڕین، کە کەڵەپیاوانی گەورەیان لێ کوژرا[١]..

★★★

[١] تفسير الطبري ب ١٥ ل ١٣٣.

# باسی چوارەم

## پەیوەندی نێوان ئەمنیەتی رۆزیی و ئەمنیەتی دینی

پەیوەندی نێوان ئەمنیەتی رۆزی و ئەمنیەتی دینی وەکو پەیوەندی نێوان هۆکارو ئامانجە، پێکەوە بەندن و لێك دانابڕێن، کە هۆکار نەما یان لاواز بو، هێنانەدی ئامانجەکە زەحمەت دەبێت، یان دورتر دەکەوێتەوە، یان بە لاوازی دێتە دەست، بۆیە خوای گەورە لە دوعاکەی سەیدنا ئیبراهیمدا ئاماژە بە دەستەبەرکردنی ئەمنیەتی رۆزییەکە دەکات، تا ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیی پێ بێتە دی، کە دەبێتە هۆکاری سوپاسکردنی خوای گەورەو شوکرانە بژێریی!

ـ (رَبَّنَآ إِنِّيٓ أَسۡكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيۡرِ ذِي زَرۡعٍ عِندَ بَيۡتِكَ ٱلۡمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱجۡعَلۡ أَفۡـِٔدَةٗ مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهۡوِيٓ إِلَيۡهِمۡ وَٱرۡزُقۡهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَشۡكُرُونَ ) ابراهیم/٣٧ واتە : خوایە وا من بەشێك لە ماڵ و منداڵەکەم لە دۆڵێکی بێ کشتوکاڵدا لای ماڵە بە حورمەتەکەی تۆ داناوە، تا نوێژو تاعەتی تۆ بکەن، دەی سا خوایە تۆش وایان بۆ بکە خەڵکانێك لە دوریشەوە بێن بۆ لایان و، لە بەروبومی شوێنان پشکی خۆیان بدەرێ، تا سوپاسگوزارت بن..

ـ (انَّا أنْزَلْنا المالَ لاقَامَةِ الصلاةِ وايتاءِ الزَّكاةِ ولَو كانَ لابْنِ ادَمَ وادِياً مِنْ مَالٍ لَتَمَنَّى انْ يَكُونَ لَهُ آخَرُ وَلَو كانَ لَهُ وادِيانِ لَتَمَنَّى أنْ يَكُونَ لَهُ ثَلاثَةٌ وَلا يَمْلَأُ جَوْفَهُ الا التُّرَابَ ثُمَّ يَتُوبُ اللهُ عَلَى مَنْ تَابَ)[1] ئەمە حەدیسی قودسیە[2]وخوای گەورە تێیدا

---

[1] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی (مسند أحمد/ شرح الساعاتي ج ٥ ص ٢١٩، الاتحافات السنية بالاحاديث القدسية نقلا عن احمد والطبراني في الكبير) بەڵام الحمد لله خۆم هەندێك سەنەدی دیکەی بەهێزیم دۆزیەوە کە بەم شێوەیە : حديث حسن أحمد ٥/ ٢١٨ ، والطبراني " الأوسط " ، ٣/ ٥٢ ، وابو نعيم " معرفة الصحابة ژمارە " ١٨٨٧ ، والقطيعي " جزء الألف دينار " ژمارە ١٧٦.

[2] حەدیسی قودسی ماناکەی لە خوای گەورەوەیەو لەفزەکەی لە پێغەمبەرەوەیە ﷺ، نە وەکو قورئانە، کە لەفزو مانای لە خوای گەورەوەیە، نە وەکو فەرمودەشە، کە لەفزو مانای لە پێغەمبەر ﷺ خۆیەوەتی.

دەفەرموێ: ئێمە سەروەت و سامانمان بۆیە ناردۆتە خوارەوە، تا ببێتە مایەی نوێژ کردن و زەکات دان، بەڵام خۆ مرۆڤ ئەگەردۆڵێکی (لەسەروەت و سامان هەبێت) خۆزگە بۆ دۆڵی دوەم دەخوازێت! ئەگەر دو دۆڵی هەبێت، خۆزگە بۆ دۆڵی سێیەم دەخوازێت، تائەویش بخاتەپاڵیان!! بەراستی هەرخاك گەدەی مرۆڤ پڕدەکاتەوە، پاشان خوای گەورە تۆیەبی ئەو کەسانە وەردەگرێت کە پەشیمان دەبنەوە.

ـ لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا کە خوای گەورە دەفەرموێ : (فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَإِخْوَٰنُكُمْ فِى ٱلدِّينِ ) التوبة / ١١ واتە : ئەگەر تۆبەیان کردو نوێژەکانیان دەست پێکردەوەو زەکاتەکەیان دا، ئەوە برای دینیتانن.. ئەبوزەید دەڵێ: نوێژوزەکاتی پێکەوە فەرزکردۆتەوەو جیاوازیی نەخستۆتە نێوانیانەوە.. ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە : خوای گەورە نوێژی بێ زەکات قبوڵ ناکات.. پاشان گوتی : رەحمەتی خوا لە ئەبوبەکری سددیق بێت چەند تێگەیشتو بو..

ـ عبداللەی کوڕی مەسعود خوا لێی ڕازی بێت دەڵێ : فەرمانتان پێدراوە، کە نوێژ بکەن و زەکات بدەن، ئەوی زەکات نادات نوێژەکەشی لێ گیرا نابێت[1]..

کەوابو نوێژە کە پایەی دینەکەیە و کاریگەریی لە ژیانی کۆمەڵگەدا بێ زەکاتەکە نابێت.. بۆیە دەبینیت پێغەمبەری پێشەوا ﷺ پەیوەندی نێوان پەرستنەکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ـ کە بەشێکیان یارمەتیدانی یەکتریە بە سامان و ماڵ ـ پێکەوە گرێ دەداتەوە.. ئەمنیەتی رۆزیی دەکاتە چارەسەری ئینحیرافاتی کۆمەڵ، چونکە بە دورەپەرێزیی لە تاوان و دەستدرێژیی و چاوچنۆکی و پارەپەرستیەوەی دەبەستێتەوە، وەکو ئەوەی کە ئوممەتەکە بەرپرس بێت لە مسۆگەر کردنی ئەمنیەتی رۆزیی، لە مسۆگەر کردنی هۆکاروشێوازو رێگاکانی داڵدەدان و نیشتەجێ بون، کە دەبنەوە جێدالدەو شوێنی سوکناو حەوانەوەی لادەرانی کۆمەڵگە، هەر کاتێك ئوممەت و پێشەوایانی دەوڵەت و بەرپرسانی، ئەمنیەتی ڕۆزییان بۆ هەمو چینەکانی

---

[1] الطبري : التفسير ب ١٠ ل ٨٧.

خـەڵکی مـسۆگەر کـرد، جێـی حەوانـەوەو سـوکنایان بـۆ هـەموان دابـین کـردو پێداویستیەکانی ژیانیـان مـسۆگەر کـردن، حەتمـەن لادەرو دزو خراپـەکارانیش هۆشـیان دێتـەوە بـەرو، ڕو لـە چاکـسازیی خۆیـان دەکـەن.. لەبـەر ئەوەیـە، کـە پێغەمبەری سەروەر ﷺ دەفەرموێ : (قَـالَ رَجُـلٌ لَأَتَـصَدَّقَنَّ اللَّيْلَـةَ بِـصَدَقَةٍ، فَخَـرَجَ بِصَدَقَتِه فَوَضَعَهَا فِي يَدِ سَارِقٍ، فَأَصْبَحُوا يَتَحَدَّثُونَ تُصُدِّقَ عَلَى سَارِقٍ، فَقَالَ : اللَّهُمَّ لَـكَ الْحَمْدُ، لَأَتَصَدَّقَنَّ بِصَدَقَةٍ فَخَرَجَ فَوَضَعَهَا فِي يَدِ زَانِيَةٍ فَأَصْبَحَ النَّاسُ يَتَحَـدَّثُونَ : تُـصُدِّقَ عَلَى زَانِيَةٍ، فَقَالَ : اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ، لَأَتَصَدَّقَنَّ اللَّيْلَةَ بِصَدَقَةٍ فَخَرَجَ بِصَدَقَتِه فَوَضَعَهَا فِـي يَدِ غَنِيٍّ، فَأَصْبَحُوا يَتَحَدَّثُونَ تُصُدِّقَ عَلَى غَنِيٍّ، فَقَالَ اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ عَلَى سَارِقٍ، وَعَلَى زَانِيَةٍ، وَعَلَى غَنِيٍّ فَأُتِيَ فَقِيلَ لَهُ : أَمَّـا صَـدَقَتُكَ عَلَـى سَـارِقٍ فَلَعَلَّـهُ أَنْ يَـسْتَعْفِفَ عَـنْ سَرِقَتِه، وَأَمَّا الزَّانِيَةُ فَلَعَلَّهَا تَسْتَعْفِفُ عَنْ زِنَاهَا، وَأَمَّا الْغَنِيُّ فَلَعَلَّهُ يَعْتَبِـرُ، وَيُنْفِـقُ مِمَّـا آتَاهُ اللَّهُ تَعَالَى ) متفق عليه [١] واتـە : کابرایـەك وتـی : ئەمـشەو خێرێـك دەکـەم، چو خێرەکەی کردە دەستی دزێکەوە، خەڵکی لێی کەوتنە قسە، وتیـان : خێـری بە دز کـردوە!! کـابرا وتـی : خوایـە سـوپاس بـۆ تـۆ، خێرێکـی تـر دەکـەم، چـو، ئەمجارە خێرەکەی کـردە دەسـتی زیناکارێکـەوە! خـەڵکی لێـی کەوتنـەوە قـسەو وتیان : ئەمشەو خێری بە زیناکار کردوە!! وتی : خوایە سوپاس بـۆ تـۆ لەسـەر ئـەو خێـرەی بـە زیناکارەکـەم کـردوە، ئـەمجارەش خێرێکـی تـر دەکـەم، چـو، خێرەکەی کردە دەستی دەوڵەمەندێکەوە! خەڵکی لێی کەوتنەوە قـسەو وتیـان : خێری بە دەوڵەمەند کردوە! وتی : خوایە سوپاس بۆ تۆ وا مـن خێـرم بـە دزو بـە زیناکـارو بـە دەوڵەمەنـد کـرد، فریـشتە هاتنـە لای و پێیـان وت : ئـەمما خێرەکەی کە بە دزەکەت کردوە، بەڵکو ببێتـە مایـەی گێڕانـەوەی لـە دزیەکـەو وازبهێنێت، خێری زیناکارەکەش بەڵکو ببێتـە هـۆی گێڕانـەوەی لـە زینـاو وازی لێ بهێنێت، خێری دەوڵەمەندەکەش بەڵکو دەبێتە مایەی پەند لـێ وەرگـرتن و بڵێ : با منیش خێرێك بکەم..

★★★

[١] البخاري/ ١٣٥٥، مسلم/ ١٠٢٢، أحمد/ ٢٣٥٠، الالباني : صحيح الجامع ٤٣٤٦.

# باسی پێنجەم

## پەیوەندی نێوان مەئواو چالاکی سیاسیی و چوستی ئیداریی

ڕواڵەتی پێنجەمی داڵدەدان و مەئواسازیی، دەرکەوتنی ئەو پەیوەندیەیە، کە لە نێوان نیشتەجێبون لە مەئواو چوست و چالاکی سیاسی و ئیدارەی مەئواوە هەیە..

بۆ ئەوەی نیشتەجێبون لە مەئوا ببێتە واقیعێکی هەست پێکراوی کاریگەر لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی خەڵکی، دەبێت کۆمەڵێك پێداویستی بۆ دانیشتوانی مەئواکە دابین بکرێت و، چەندین دەزگای ئیداریی بۆ ناوچەکە دابمەزرێنرێت، لەوانە : دەزگای سیاسیو دائیرەی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵکی، تا ژیانی مەئوا ئاسان بڕواتو مەئواسازییەکە بەردەوام لەبرەو دا بێت.. لە سەرەتای ئیسلامەتیدا ئەمە ئیعتیمادی دەکردە سەر دینداریی و تەقوای کاربەدەستانو بڕی زانایيو توانایان.. وەکو ئەوەی لە سەیدنا ئەبوبەکری سددیق خوا لێی رازی بێت لە سەرەتای حوکمڕانی خۆیدا دەرهەقی پاشگەزبوەکان بینرا، کە وتیان نوێژ دەکەین، بەڵام زەکاتەکە نادەین! بە هیچ شێوەیەك موساوەمەی لەسەر نەکردن، نەیهێشت نوێژەکە ببێتە ڕەفتارێکی شکڵیی و هیچ کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی موسڵمانان نەمێنێت..

سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابیش هەر وا بو.. نەیهێشت نە خەلیفە، نە والیەکانی لە هیچ شتێکدا لە عمومی خەڵکەکە جودا بن، نەیهشێت سیمای ژیانی کەسیان لەگەڵ سیمای گشتی خەڵکیدا جیاوازییان هەبێت! بۆ نمونە، کە بۆ ئەبو موسای ئەشعەری خوا لێی رازی بێت، کە والی خۆی بو، نوسی : (عِـدْ مَرْضَى المسلمينَ، واشْهِدْ جَنَائِزَهُمْ، وافْتَحْ بَابَكَ، وبَاشِرْ أمْرَهُمْ بنفسِكَ، فَإنَّمَا أنتَ رَجُلٌ

مِنْهُمْ، غَيرَ أَنَّ اللهَ جَعَلَكَ أَثْقَلُهُم حِمْلَاً، وَقَدْ بَلَغَنِي أَنَّهُ فَشَا لَكَ وِلِأَهْلِ بَيتِكَ هَيْئَةٌ فِي لِبَاسِكَ وَمَطْعَمِكَ وَمَرْكَبِكَ، لَيْسَ لِلْمُسْلِمِينَ مِثْلُهَا، فَإِيَّاكَ يَا عَبْدَ اللهِ أَنْ تَكُونَ بِمَنْزِلَةِ البَهِيمَةِ التي مَرَّتْ بِوَادٍ خَصِيبٍ، فَلَمْ يَكُنْ لَهَا إلا السِّمَنَ، وأَنَّ حَتْفَهَا فِي السِّمَنِ، واعْلَمْ أَنَّ لِلْعَامِلِ مَرَدَّاً إلى اللهِ، فَإذا زَاغَ زَاغَتْ رَعِيَّتُهُ، وإِنَّ أَشْقَى النَّاسِ مَنْ شَقِيَتْ بِهِ رَعِيَّتُهُ والسَّلامُ)[١] واته : سەردانی نەخۆشی موسڵمانان بکە، لەگەڵ تەرمیاندا بۆ گۆڕستان بچۆ، دەرگای ماڵت کراوە بێت، خۆت کارەکانیان بۆ ئەنجامدە، تۆ خۆت یەکێکیت لەوان، بەڵام ئەوەیە، کە خوای گەورە تۆی کردوە بە خاوەن قورسترین کۆڵ، بیستومە دەڵێن : شێوەیەکی تایبەتت بۆ ژیانی خۆت و ماڵ و منداڵت لە جلوبەرگ و خۆراك و سواریت دا، داهێناوە، کە موسوڵمانان شتی وایان نیە، هۆ عەبدەکەی خوا! زۆر هۆشیار بەو وا نەکەیت! نەبیتە نمونەی ئەو ئاژەڵەی، کە ڕۆژێك بە لای پاوەن و مێرگوزارێکی سەوزدا دەڕوا، هەر مشوری خۆی دەخوات! هەر دەخوا تا تا قەڵەو دەبێت! ئاخر قەڵەوی مەرگی خۆی پێوەیە، ئەوە بزانە ئەگەر والیەك (کاربەدەست) لە ڕێ لایدا، ڕەعییەتەکەشی لا دەدەن، بەدترین کەس ئەو کەسەیە، کە دەبێتە مایەی کوێرەوەریی ڕەعییەتەکەی..

کە عەمری کوڕی عاس خوا لێی رازی بێت لە نامەکەیدا، کە لە میسرەوە بۆی نوسی : (لە نزیکی مزگەوتی جامیعە[٢] خانویەکمان بۆ دروست کردویت.. خەلیفە بە سەرسوڕمانەوە بۆی نوسی : ئاخر چۆن دەشێت کەسێك لە حیجاز بێت و، خانوی لە میسر بۆ دروست بکرێت؟! زو بیکەنە بازاڕێك بۆ موسڵمانان)[٣]..

سەیدنا عومەر بەردەوام دەربارەی سەروەت و سامانی ئوممەتەکەو دارایی و بەیتولمال بۆ والیەکانی دەنوسی، کە : (من وا تەماشای سەروەت و سامانی ئوممەتەکە دەکەم، کە کەوتۆتە بەردەستم، وەك سەروەت و سامانی هەتیو،

---

[١] كنز العمال ب ٥ ل ٦٩٦ نقلا عن الدينوري..

[٢] ئەوی کە نوێژی هەینی تێدا دەکرێت..

[٣] كنز العمال ب ٥ ل ٦٨٧ نقلا عن تاريخ مصر لابن عبدالحكيم.

ئەگەر پێویستم پێی نەبێت لێی هەڵناگرم، ئەگەر دەسکورت کەوتم و پێویستم پێی بو، بە قەدەر پێویستیەکەی خۆمی لێ هەڵدەگرم، ئەگەر پارەی خۆمم کەوتەوە بەردەست، ئەو بڕەی بەیتولمال دادەنێمەوە کە خواردومە). لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێ : (ئەو رەفتارەی لە بەیتولمال بۆ والی شیاوە، بەو بڕو شێوەیەیە، کە بۆسەرپەرشتیاری هەتیو شیاوە، کە لە سامانی هەتیودا بیکات، ئەو والیەی دەوڵەمەند بێت، دەبێت دەستی خۆی لە بەیتولمال بگرێتەوە، ئەو والیەش، کە دەسکورت بو، بۆی هەیە بە قەدەر پێویستی خۆی لێی هەڵگرێت)[١]!!

هەمان دیدو تێگەیشتن لە سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە دەبینین، کە دەفەرموێ : (إنَّ اللهَ فَرَضَ علَى الاغنيـاءِ مَـا يَكفـي فُقَـرَاءَهُم وإنْ جَـاعُوا وَ عُـرُوا وَ جَهَدُوا فَبِمَنْعِ الاغنياءِ، وَحَقٌّ علَى اللهِ أنْ يُحَاسِبَهُمْ يَومَ الْقِيامَةِ وَ يُعَذِّبَهُمْ عَلَيهِ) واتە : خوای گەورە ئەوەندەی لەسەر دەوڵەمەندەکان فەرز کردوە کە بەشی هەژاران بکات، کە هەژاران دەسکورت کەوتن و ڕوت وڕەجاڵ بون وکەوتنە کوێرەوەریی، ئەوە لەبەر ئەوەیە، کە دەوڵەمەندەکان نەیانبەخشیوە، بۆیە جێی خۆیەتی خوای گەورە لە رۆژی دواییدا لێیان بپرسێتەوەو سزایان بدات لەسەری..

مێژو ئەوە دەڵێ، کە ئەو هەڵوێستە رەسەنەی ئەبوبەکری لەسەر بو، ئەو دەستپاکی و زوهدەی عومەری کوڕی خەتتابی لەسەر بو، ئەو هەستە کۆمەڵایەتیە ناسکەی عەلی کوڕی ئەبو تالیب هەیبو خوا لێیان رازی بێت، رەوشتێکە کە کەمینەیەك پێوەی پابەند بون، بۆیە نابێت چارەنوسی مەئواو ئەمنیەتی رۆزی خەڵکی بدرێتە دەست تەقواو دینداریی بەرپرسان و حەزو کەیفیان، بەڵکو دەبێت بەرپرسێتی پاراستنی مەئواو ئەمنیەتی رۆزی خەڵکەکە بدرێتەوە دەست ئوممەت، تا لە رێی دەسەڵات و دەزگا ئیداریەکانیەوە، بتوانێت یاساو رێسای وایان بۆ دانێت، کە سنورێك بۆ دەسەڵاتداران بکێشێت و نەهێڵێت بیبەزێنن، دەبێت دەزگای دیکەی لێپرسینەوەو موحاسەبە کردنی

---

[١] الطبري : التفسير ب ٤ ل ٢٥٥ و ٢٥٨.

کاربەدەستانی هەبێت، تا وەکو پاسەوانی وریا چاودێری سیستمی مەئواو ئەمنیەتی دانیشتوانەکەی بکات، ئەوەندەشی هێز لە ئیختیاردا بمێنێت، کە بتوانێت بەرپرسی لاڕێ بداتە دادگاو نەهێڵێت کەس پلەی ئیداری و سیاسی خۆی ئیسیتغلال بکات.

دیسان نابێت واز لە خێرو زەکاتیش بهێنرێت بۆ دینداریی وحەزو کەیفی دەوڵەمەندەکان، تا بە کەیفی خۆیان و هەر کات و ساتێك ویستیان ئەو کەلوپەل و شتە بێ کەڵکانەی خۆیان نایانەوێت، بیکەنە دیاری دەستیان و بە منەتەوە بیدەنە هەژارو دەسکورتان!! یان ئەو پارەو پولەی کەڵکی شوێنێکی خۆیان ناگرێت و کەلێنێکیش بۆ هەژاران ناگرێت، بکەنە خێرو بیبەخشنەوە!! نا، ئەم مەسەلەیەش کە زۆر گرنگ و کاریگەرە دەبێت بکرێتەوە بە یاساو رێسا، دەبێت بکرێتە تەعلیماتی رەسمی، کە دەوڵەمەندەکان بە شێوەی باجی رەسمی سامانەکانیان بیدەن بە حکومەت، تا ئەویش بۆ دائیرەی دەستەبەریی کۆمەڵایەتی و هەتیوخانەو کەمدەرامەتانی تەرخان کاتەوە.. ئاوا دەکات و خێرو خێراتی دەوڵەمەندەکانیش دەبێتەوە بە هۆکارێکی دیکەی ڕەسمی سیستمی ئیسلامی، بۆ مسۆگەر کردنی ئەمنیەتی رۆزیی مەئواو دانیشتوانە بەڕێزەکەی.. کاتێ هەژاران بەم شێوە رەسمیە پشکی زەکاتی خۆیان بەردەکەوێت، دەزانن ئەمەی وەری دەگرن مافی ڕەوای خۆیانەو پیاوەتی کەس نیە، تا بێ و منەتیان بە سەردا بکاتەوە[1]..

---

[1] لە ئازایەتیمانە دان بەوە دابنێین، کە پەروەردەو ئاڕاستەی کۆمەڵگە لە رۆژئاوای غەیرە موسوڵمان لەو بوارەدا زۆر پێش دەزگاکانی پەروەردەو ئاڕاستەی جیهانی ئیسلامی کەوتوە، ئەوان سورن لەسەر ئەمنیەتی مەئواو ئەمنیەتی رۆزیی دانیشتوانی وڵاتیان، ئەوان ناهێڵن مافی خەڵکەکە بکەوێتە ژێر دەست و ئارەزوی حاکمەکانیانەوە، لە بەرامبەریشدا بە داخەوە بەهاو نەریتی تیرەو هۆز و خراپ چەسپاندنی ڕێسای مەئواو ئەمنیەتی رۆزیی مەئوانشینان لە وڵاتی موسوڵمانان زۆر تێکچوا! بە درێژایی مێژوی ئیسلامی، دەبینیت سوڵتان و پاشاکان یارییان بە سەروەت وسامانی بەیتولمال کردوەو بە کەیفی خۆیان بۆ رابواردن و سەیرو سەفای خۆیانیان بەکار هێناوە، بە ئارەزوی خۆیان بەخشیویانە، یان خەڵکیان لێ مەحروم کردوە، بە لێشاو داویانە بە دوڕو شاعیری کاسەلێس وموفتی عەمامە پیسی قەسرو بە لۆتی قەرەچەناغ و گۆرانی بێژی بەر دەرگا!! ئەمما ئەوی پێویست بوبێت، ئەوی ئاتاجی پاروە نان بوە، ئەوەندەیان نەداوەتێ پێی تێربێت و دەست

# بەشی سێیەم

# گرنگی مەئواسازیی

دوای رون بونــەوەی مانــاو واتــای مەئواســازیی و دالـّـدەدان و بــاس کردنــی رواڵەت و دیاردەکانی مـەئواو کاریگـەریی لەسـەر رەوتـی کـارکردنی ئوممـەت و مانەوەی قەوارەی، ئەوەمان لا گەلاڵە دەبێت کە :

یەکــەم : هــەر ئوممــەتێك بــە تــوخمی مەئواســازیی ئاراســتەی ژیــانی کۆمەڵگەکەی بکات، ئوممـەتێکی کـراوە دەبێـت، تـاك تـاکی گـەلانی ئوممـەت لـە هەر کوێوە بێن، دەتوانن ببنە هاوڵاتی مـەئوا، ئینتیمـای گـەل و هـۆزو زمـان و ناوچەگەرێتی نابێتە بەربەستی نیشتەجێ بونی کەس لە مەئوای ئوممـەت. بـە هــەمان شــێوە کاربەدەســتانی مــەئوا نــاتوانن هــیچ برگــە یاســایەك، یــان بەرژەوەندیەکی ماددی بکەنە بەهانە بۆ رێ گرتنی موسوڵمانان لە هاتنیـان بـۆ مەئواو بونە هاوڵاتییان لەوێ! کەس ناتوانێت بڵێت مەئوا تایبەتی فلان زمان و فیسار قەومـەو، کەسـی دیکـە بـۆی نیـە رەگەزنامـەی ئـەوێ هـەلگرێت و ببێتـە هاوڵاتی ئەوێ! چونکە رەگەزنامـەی موسـوڵمان عەقیدەکەیـەتی. بـە پێـی ئـەو عەقیـدەو بـری پابەنـدی شـەرع و چوسـت و چـالاکی خۆیـەوە ئاسـانکاریی بـۆ دەکرێت و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی بۆ دیاری دەکرێت..

دوەم : کاتێــك ئوممەتەکــە بــە هەســتی بەرپرســێتی مەئواســازیی ئاراســتە دەکرێت، خەڵکەکەی لە ململانێی چینایەتی و رەگەزپەرسـتی بـێ خـەم دەبـن، چونکە هیچ سیماو سیفاتێکی ئەم چینایەتی و شەرەشۆقی رەگەزپەرسـتییە لـە

---

لەم و لەو پان نەکاتەوە.. ئاخر بۆیە دەبینیت مێژوی موسوڵمانان پرە لە دەزگای ئاراستەی رەسمی سوڵتان و شاعیرو راگەیاندنی تورەهاتی شاهانەو، هەزاران قەسیدەی مەتح و پێدا هەڵگوتن و سرودی بەرپێی سوڵتانەکان!!

مـەئوادا دەرناکـەوێت، چـونکە هـەمو کەسـێك لـە دانیـشتوانانی مـەئوا، هـەلی ڕەخـساوی بـۆ ئاسـودەیی فیکریـی و نیـشتەجێبونی کۆمەڵایـەتی و حەوانـەوەی دەرونی خۆی لەبەردەستدا دەبێت، هەلی ڕەخـساوی هاوسـەرێتی و پێکـەوەنانی خێزان و سوکنا خانو سترو حەوانەوەو، نەبونی خەمی سەرماو گەرماو ئـەمانی تەواوی بۆ دەڕەخسێت..

سێیەم : کاتێك ئوممەتەکە بە هەستی بەرپرسێتی مەئواسازیی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیەکانی ئاڕاستە دەکرێت، بـەهاو نـەریتی کۆمەڵایـەتی خەڵکەکـەی لـە سـیماو سـیفاتی کۆمەڵایـەتی خواپەرسـتیی کۆدەبنـەوە، ئـەمان و چـهمانەت، فێربون و تەندروستی وهەلی رەخساوی کار، هەمو لەبەر دەستدا دەبن، ئەوەش یـەعنی دانیـشتوانی مـەئوا بـێ فـەرق و جـودایی خـەمی نەخوێنـدەواریی و نەخۆشی و هەژاریی و کاریگەریی ڕوداو کارەساتی سروشتی و خـەمی پیرێـتی و پەك کەوتەییان نامێنێت..

چوارەم : کاتێـك ئوممەتەکـە بـە هەسـتی بەرپرسـێتی مەئواسازیی ئاڕاسـتە دەکرێت، بەهای ئیداریی وکار وەرگـرتن وتـەعین بـون، بـە پێـی ئامادەباشـیی و پلانی پێداویستی کۆمەڵگەکـە دەبێـت، نـەك شـەفەیی و سـەرپێیی! دەیـان جار حساب بۆ داهاتو دەکرێت و هۆکاری سەرخـستنی پرۆژەکـانی دیراسـە دەکرێـت، ئەوەش یەعنی هەبونی ئەمان و بێ خەمیی لە تەنگژەی ناکاوی وەك دابـەزینی نـرخی دراو، ئیفلاسی کۆمپانیای زەبەلاح و هتد..

پێنجەم : کاتێك ئوممەتەکە بە هەسـتی بەرپرسـێتی مەئواسازیی ئاڕاسـتەی پێکهاتـەکانی دەکـات و بـە گیـانی تـەقواو ترسـی قیامەتـەوە پارسـەنگی بـازاڕ رادەگرێـت، خەڵکەکـەی بـەو دینداریێتیـەی هەیانـەو بـەو چاوەی یاسا، کـە لـە سـەریانە ڕێنـادەن نـەبونی و قـات وقڕیـی، یـان دارمـان و کێبڕکێـی ناشـەریفانە بـازاڕ بخاتـە سـەر بـاڵی عفریـت و کاسـبکاران و خـەڵکی لـە دڵـەڕاوکێی کـڕین و فرۆشتندا بهێڵێتەوە!! وەك ئەوەی لە پڕێکدا نـرخی کاڵایەك زیاد بەرز بێتەوە، یان جۆرە خۆراکێکی سەرەکی نەمێنێت، یان پێداویستیەکی وەکو ئاو کارەبا رو لـە کزیـی بکـات و دانیـشتوان بخاتـە خـەمی رۆژانـەو پـشێوی نـەبونی و ڕەنجـی

مونافەسەی بێ ماناوە! یان خەڵکەکە وای لێ بێت لە وڵاتی خۆی هیجرەت کات و بەدوای پاروەنان و ئەمانیدا سەری خۆی هەڵگرێت و وێڵی وڵاتان ببێت!! کاتێك هەستی مەئواسازیی لە کاربەدەستاندا دەبێتە دینداریی و ترسی موحاسەبەی قیامەت، کەس ناتوانێت نرخی بازاڕ بۆ بەرژەوەندی خۆی بەرز کاتەوە، یان شاردنەوەی کەلوپەل و ئیستیغلال دروست کات، چونکە ئەوە تا کۆتا پلەو ئاست دژوارە! ئەوە نان وئەمانی مەئوا دەخاتە مەترسی و گیانی فرکان فرکان و ئەنانێتی لە خەڵکەکەدا دەکاتە رەفتاری ئازایانە! ئەوەش هەڵتەکاندنی بنەمایەکی سەرەکی ئەمنیەتی رۆزیی مەئوایە، بۆیە ئەوە شتێك نیە رێی پێ بدرێت..

★★★

## بەرپرسێتی پەروەردەکاریی لە توخمی مەئواسازییدا :

گەورەیی بەرپرسێتی پەروەردەی ئیسلامی لە مەسەلەی مەئواسازیی و ئاراستە کردنی ئوممەتەکەدا بۆی لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوێت :

یەکەم : رەچاو کردنی حاڵ و ئاستی رۆشنبیریی ئوممەت و هۆشیاریی داعی و سەرانی ئاراستەی کاری ئیسلامی لە کاتی چەسپاندن و پراکتیزە کردنی مەسەلەی مەئواسازیی بەو شێوەیەی لە لاپەڕەکانی رابوردودا باس کرا.. هەروەها رەچاوکردنی بڕی پێداویستی وهۆکاری ئاسانکاریی وکاریگەریی ئەو تین و فشارەی بەربەستەکان دروستی دەکەن، واتە حساب بۆ کردنی دەرچەکانی ئەو واقیعەی ئوممەتەکەی تێدا دەژی..

دوەم : دامەزراندن و هاندانی دەزگای لێکۆڵینەوەو داهێنانی زانستیانەی هۆکارو شێوازی نوێی پێشبردی هەستی مەئواسازییەکە، بە کردنەوەی زانکۆو دیراساتی تایبەتمەند بە پلان و بزاڤی مەئواسازیی، تا رەوتی ئوممەتەکە بەرچاوڕونانە بتوانێت هەنگاوی پارسەنگ لە قۆناغەکانی مەئواسازییدا هەڵهێنێتەوە، دەبێت توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو دیراساتی مەیدانی ببێتە کاری

دەستەجەمعی شارەزایان، تا نەخشەی پراكتیزەكردنی مەئواسازییەكە بە پێی پێداویستی كات و شوێنی ئوممەتەكە بێت..

سێیەم : دەزگا ئیداریەكان و دائیرە راپەڕێنەرەكان، كە دەشێت بەرپرسێتی پلانی كاری مەئواسازییان بدرێتە دەست، دەبێ تۆڕێكی چڕو بەربلاوی كۆمەلایەتی لەسەر بنەما شەرعیەكان دروست كەن و سود لە ئەزمونی گەلانی دیكەو تیۆری بیناسازیی ئوممەتان وەرگرن تا توانای ئەوەیان هەبێت لە قۆناغی مەئواسازیەكەیدا تیۆرێكی شیاو لە دیدو تێڕوانینی ئیسلامیەوە بخەنە بەر دەست بەرپرسانی بزاڤی كۆمەڵكاریی ئوممەت..

چوارەم : قوڵ كردنەوەی هەستی مەسئولیەتی مەئواسازیی و قاڵ بونەوە تێیدا، هەروەها بەڕێز تەماشا كردنی كەسایەتی و دەزگاو دائیرەكانی، بە هەند وەرگرتنی بەرهەم و رێساكانی، و رێنەدان بە دروست كردنی بەربەست لە رێیداو لەسەر كردنەوەی راپەڕێنەرانی هەر وەكو، كە لە سەر ناموس و شەرەف دەكرێتەوە! چونكە دامەزراندنی مەئوا، واتە قوتار كردنی موستەزعەفان و بنیاتنانی قەلاو قوللەی بەرگریی لە خۆو، چەسپاندنی شەرع و مسۆگەر كردنی نان و ئەمان و دروست كردنی دەزگای ئیداریی وسیاسی هەرێم وچاودێری كردنی دەسەلاتە ئیسلامیەكەی ناوی و بەشداركردنی هەموان لە خاوەنێتی سامان و هاندانی خەڵكی دیكە بۆ هیجرەت كردن بۆی و بەگەڕ خستنی وزەی هەموان بۆ خێروخۆشی هەموان! ئەمانە هەموی كاری گەورەن، بۆیە دەبێ ئەو كەسانەی پێی هەڵدەستن جێ رێزی هەموان بن، هەر دەزگایەك بەرپرسێتی ئاڕاستەو مانەوەیەتی دەبێ بە چاوێكی زۆر پیرۆزەوە تەماشا بكرێت و نەهێڵرێت بە هیچ شێوەیەك سوكایەتی پێ بكرێت..

پێنجەم : پێشخستنی زانستی ئابوری ئیسلامی بەشێوەیەكی وا، كە بە هەستی دینداریی و بەرپرسێتی قیامەت دەست پێ بكات، لە پشكی قیامەتەوە

بێتەوە بۆ پشکی دنیا[١]! هەر وەکو کە مەعازی کوڕی جەبەل خوا لێی رازی بێت گوتی[٢].. بەم شێوەیە تیۆرو تەتبیق کردنی سیستمێکی ئابوری وا دێتە دی، کە لەگەڵ ئاراستەی مەئواسازیی قورئان و سوننەت دەگونجێت، کە بەدیلی هەمو تیۆریەکانی تری مرۆڤکرد بەتاڵ دەکاتەوە، کە هەمویان پشکی دنیایان دەوێت و هەقیان بەسەر پشکی قیامەتەوە نامێنێت! بەڵکو زیانێکی زۆریش لە پشکی قیامەت دەدەن!! ئەمە جگە لەوەی کە سیستمی ئابوری سەرمایەداریی دروستی کردوە! لە ململانێی چینایەتی و قۆرغ(احتكار) و خوێن مژینی دەسکورتەکان و ئیستیغلالی وڵاتان و ئیستیعمارو یاری کردن بە نرخی کاڵاو مونافەسەی ناشەریفانەو باقی دومەڵەکانی تری تیۆری داروینیزمی کۆمەڵایەتی، کە ئابوری سەردەمی لەسەر دامەزراوە..

شەشەم : بەرفراوان کردنی دیدو تێڕوانینی موسوڵمانان بۆ کارکردن و پاراستنیان لە تەمبەڵی و سستی وخۆلێکێشانەوەی بێکاریی، هەروەها ریشەکێش کردنی گیانی گزیی و ماشینەوەو کێشانەوە، هەروەها چاوچنۆکی و هەڵپەکاریی و چاوتێرنەبون، لە بەرامبەریشدا هاندانی هەستی دینداریی و ڕازی بون بە قەدەرو پشکی خۆو ڕابوردن بە حەڵاڵی بەردەست و، ڕەفتار کردن بە پێی شەرع و دروست کردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەختەوەر پێی..

.........★★★ ........

---

[١] ئاماژەیە بۆ ئایەتی (وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الآخِرَةَ وَلا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ وَلا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ) القصص/٧٧

[٢] (يا بنَ آدمَ أنت محتاجٌ إلى نصيبكَ من الدنيا وأنت إلى نصيبك من الآخرة أحْوجُ، فإن بدأتَ بنصيبك من الآخرة مُرَّ بنصيبك من الدنيا، فانتظِمْها انتظاماً، وإن بدأتَ بنصيبك من الدنيا فاتَكَ نصيبُك من الآخرةِ، وأنت من الدنيا على خطر) واتە : هۆ بەنی ئادەم، تۆ پێویستیت بە پشکی دنیات هەیە، بەڵام پێویستیت بە پشکی رۆژی دواییت زۆرترە، جا ئەگەر بە پشکی رۆژی دواییت دەستت پێ کرد، بە پشکی دنیاتدا بڕۆو بە چاکی رێکی خە، ئەگەر بە پشکی دنیاشت دەستت پێ کرد، حەتمەن پشکی دواییت لەدەست دەچێت، لە دنیاکەشتدا هەر لە دژوارییدایت..

وەرگێڕ : بە ئیجازەی نوسەری بەڕێز :

# پاشكۆیەكی كورت
# بۆ ریز كردنەوەی مانای مەئوا

لەورد دیقەت گرتن لە وشەی قورئانی، دەبینین ئەوەی لە سێ جار زیاتر دوپات دەبێتەوە دەبێتە زاراوەی تایبەتی قورئانی، لە وردتر سەرنجدانی ماناكان دەبینیت مانایەكیان دەبێتە بناغەو مانایەكی تری لەسەر بینا دەكرێت، كە بۆی دەبێتە دیوار، مانای سێیەمیش لەسەر ئەوان دەوەستێت، كە وەكو سەربانی سەر دیوارو بناغەی خانو دێتەوە.. ئینجا قورئان حوكمی خۆی لەسەر ئەو كۆشكە مانایە دەدات.. وشەی (ایمان) و (كفر) و (جاهیلیة) و (اسلام) و(شهادة) و (استضعاف) و (استكبار)و.. هتد لەم جۆرەن.. با لە دوای ئیجازەی نوسەری بەڕێز ئەم تەوەرە مانایانە لەسەر ئەم رێسا قورئانیە ریز كەینەوە :

مەئوا وشەیەكی عەرەبییە وناوی كات و شوێنی (إیواء) ە، كە لە كرداری (آوی) وە هاتوە، وەكو زۆرینەی وشە قورئانییەكان تەوەرە مانایەو كۆمەڵێك مانا لە خۆ دەگرێت، قورئانی پیرۆز بە هەمو ماناكانی بەكاری هێناوە، ئینجا كردوێتییە زاراوەی خۆی، كە وەكو زاراوە قورئانییەكانی تری لە یەك بەكارهێناندا هەمو ماناكانی پێ ڕون دەكاتەوە..

ئەوەی قورئان و حەدیس رونی دەكەنەوە ئەم مانایانەن :

یەكەم : مەئوا شوێنێكی قایم و بەپیتە :

١ـ چیاو کێوی عاسێ و سەخت، نابینیت کوڕەکەی نـوح پێغەمبـەر ـ سـەلامی خـوای لـێ بێـت ـ دەڵێـت : (سَـَٔاوِيٓ إِلَىٰ جَبَلٖ يَعۡصِمُنِي مِنَ ٱلۡمَآءِۚ ) هـود/٤٣ واتـە : پەنا دەبەمـە بـەر چیایەك، کـە لـە ئاوەکە بمپارێزێت. بەرواڵەت چیاکە جێ دڵنیایی پاراستنە، بەڵام ئەم حاڵەتەی ئەم کوڕە بێ گوێیـە، حاڵـەتێکی تایبەتـە چونکە فەرمانی خوای گەورە دەرچوە، کـە هـەمویان نقومی تۆفانەکە دەکات، جا ئیتر بچنە سەر لوتکە چیای عاسێ و بەرزو مەحکەم، یان لـە دۆڵ و نـشێودا بن، هەر وەکو یەکەو فەرمانەکەی خوای گەورەیان بەسەردا دەچەسپێت..

٢ـ بە مانای حەشارگەو شوێنی ئەمان و جێی دابین بون و هێمنی :

ــ وەکـو ئەشـکەوتەکەی یـارانی ئەشـکەوت، کـە خـوای گـەورە دەربـارەی دەفـەرموێ : (إِذۡ أَوَى ٱلۡفِتۡيَةُ إِلَى ٱلۡكَهۡفِ ) الکهـف/١٠ واتـە : کـە لاوەکـان چـونە ئەشکەوتەکەو کردیانە حەشارگەو جێ ئەمانی خۆیان. یـان : (فَأۡوُۥٓاْ إِلَى ٱلۡكَهۡفِ) الکهف/١٦ واتـە : بـڕۆن خۆتـان لـە ئەشـکەوتەکەدا قـایم کـەن و، بیکەنـە جێـی دابینی بونتان.

یان ئەشکەوتی (الثور)، کە پێغەمبەر ﷺ و ئەبوبەکری سددیق ـ خوا لێـی رازی بێـت ـ لـە ڕێـی هیجرەتەکەیانـدا بـۆ مەدینـە چـونە نـاوی و کردیانـە حەشارگەی کاتی خۆیان.

٣ـ تاوێرە بەردی گـەورەو سـەخت : (إِذۡ أَوَيۡنَآ إِلَى ٱلصَّخۡرَةِ) الکهف/٦٣ واتـە : بـا بگەڕێینەوە لای تاوێرە بەردی پەناگەو جێ حەوانەوەکە.

٤ ـ شوێنی حەوانەوەو بەرهەم هێنانی نان و ئاو (هەوارگـەو بـاخ و باخـات و کانی) : وەکو کە خوای گەورە لە باسی عیسا پێغەمبەرو دایکی پاکیدا ـ سەلامی خوایان لێ بێت ـ کـە بردنیـە سـەر شـوێنێکی بـەرزو دلگیرو بۆی کردنـە جێـی حەوانـــــەوە : (وَجَعَلۡنَا ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَأُمَّهُۥٓ ءَايَةٗ وَءَاوَيۡنَٰهُمَآ إِلَىٰ رَبۡوَةٖ ذَاتِ قَرَارٖ وَمَعِينٖ) المؤمنون/٥٠ واتە : ئێمـە کوڕەکـەی مەریـەم، خـۆی و دایکیمـان کـردە نیـشانەی

گەورەیی و دەسەڵات و بردماننە مەنزڵێکی نیشتەجێ بون و جێیەکی ئاوداری پڕ پیت و فەڕ.

دوای دۆزینەوەی جێی مەحکەم وعاسێ وسەخت، کە دەبێ بە پیت بێ، تا ببێتە جێی بەردەوام بونی ژیان، ئینجا قورئان ئاماژە بە خەڵکەکەی دەکات، کە دەبێت چۆن بن، لەمەوە تەوەرە مانای دوەمی مەئوا فێر دەبین :

دوەم: مەئوا : لای خەڵکی دڵسۆزە کە بە خەمتەوەن وداڵدەت دەدەن ولە خۆت دەگرن :

١ـ ایواء بە مانای باش پێشوازی کردن و ڕێز لێنان : ( وَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَخَاهُ ) یوسف/٦٩ واتە کە چونە ژورەوە بۆ خزمەت یوسف، باش پێشوازی لە براکەی کردو ڕێزی لێنا. هەروەها: ( فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَبَوَيۡهِ ) یوسف/٩٩ واتە : کە چونە ژورەوە بۆ خزمەتی، باش پێشوازی لە دایك و باوکی کردو ڕێزی لێنان.

٢ـ سەرپەرشتی و بایەخ پێدان و بە خەمەوە هاتن : (أَلَمۡ يَجِدۡكَ يَتِيمٗا فَـَٔاوَىٰ ) الضحى/ ٦ واتە : مەگەر تۆ هەتیوێك نەبویت و خوا سەرپەرشتی کردیت؟

٣ـ داڵدە دان و جێ کردنەوەو سەرخستن، وەکو : (وَٱذۡكُرُوٓاْ إِذۡ أَنتُمۡ قَلِيلٞ مُّسۡتَضۡعَفُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ تَخَافُونَ أَن يَتَخَطَّفَكُمُ ٱلنَّاسُ فَـَٔاوَىٰكُمۡ وَأَيَّدَكُم بِنَصۡرِهِۦ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ) الانفال/٢٦ واتە : یادی ئەو کاتە بکەنەوە، کە لەسەر ئەو زەمینەدا کەم و لاوازو موستەزعەف بون و، دەترسان خەڵکی بۆتان دابێنەوەو بتانفرێنن! بەڵام خوا داڵدەی دان و بە سەرخستنی خۆی پشتی گرتن وڕزق و ڕۆزی حەڵاڵی پێ بەخشین، تا سوپاسگوزاری بن..

٤ـ ئەو لایەنەی ڕێزو رازت دەگرێت و دەبێتە ئەو خەمخۆرەی ئاهی خۆتی ـ بێ سڵ کردنەوە ـ لا هەڵدەڕێژیت و بۆت دەبێتە جێی هەناسە هەڵکێشان (تەنفیس) ی خەم و کینەت، بۆیە پێغەمبەر ﷺ بە یاوەرێکی خۆی فەرمو :

(أَلَكَ أمرَأَةٌ تَأوي اِلَيهـا؟)[1] واتـه : ئایـا ژنـت هەیـە، کـە چـویتەوە لای سـوکناییت بێت و ئاهی خۆتی لا هەڵڕێژیت؟

کەوا بو، کە تۆ هیجرەت دەکەیت، دەبێ بۆ لای کەسانێکی بکەیت کە :

١ـ دڵسۆزت بن و پێشوازیت لێ بکەن و بەخەمتەوە بن و لە خۆت بگرن.

٢ـ داڵدەدەرت بن و پشتگیریت لێ بکەن و لەسەرت بە جواب بێن.

٣ـ خـەڵکێك بـن ریـزو رازت بگرنـە خـۆو سینە فـراوان بـن، تـا ببنـە جـێ متمانەت و بتوانیت ئاهی خۆتیان لا هەڵڕێژیت.

سێیەم : مەئوا : وەدەست هێنانی ئەمان و پشتیوانە :

١ـ ئەم مانایە لە گێڕانەوەی خۆزگەکەی لـوط پێغەمبـەردا ـ سـەلامی خـوای لـێ بێـت ـ زۆر زەق دەردەکـەوێت، کـە دەیفـەرمو : (قَالَ لَوۡ أَنَّ لِي بِكُمۡ قُوَّةً أَوۡ ءَاوِيٓ إِلَىٰ رُكۡنٖ شَدِيدٖ) هود/٨٠ واتە: فەرموی : ئـاخ ئەگـەر دەسـەڵاتم بەسـەرتاندا دەشـکاو پێتان دەوێرام، یان بمتوانیایە بچمە پاڵ هێزێکی وا سەری خستمایە.

٢ـ خوای کارزان، کە مەتحی پشتیوانەکان (الانصار) ی مەدینـە دەکـات باسـی ئـەم وەسـفانەیان دەفـەرموێ : ( وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنۢ بَعۡدُ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ مَعَكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ مِنكُمۡۚ وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ) الانفال/٧٥ واتە : ئەوانەی، کە دواتر باوەڕیان هێناو کۆچیان کردە لاتان وبەشداری جیهادەکـەیان کردن، ئەوانیش لە خۆتانن ـ ئەوانەش، کە سەرەڕای پەیوەندی باوەڕو دینداری ـ پەیوەندی خزمایەتی پێتانەوە هەیە، هەندێکیان شایـستە تـرن بـە هەنـدێکی تریـان (لـە میراتگریـدا) خـواش زانـاو ئاگایـە بـە هـەمو شـتێك. لـە ئایـەتی پێشتریـــشدا فـــەرموی : ( وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ لَّهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ) واتە : ئەوانەی باوەڕیان هێنـاو کۆچیان کردە لاتان و جیهادەکەیان لـە پێنـاوی خـوادا کـرد، هـەروەها ئەوانـەی تـریش، کـە داڵـدەی ئـەوانیان داو پـشتگیرییان لـێ کـردن و سـەریان خـستن،

[1] صحیح مسلم/ باب الزهد/ ٣٧ موقوفا.

بەڕاستی ئائەوانە موسوڵمانی تەواون، خواش لێبوردنی خۆیی و رزق و ڕۆزیەکی بە قەدرو ڕێزی بۆیان ئامادە کردوە .

٣ـ بە پێچەوانەشەوە دەربارەی هات و هاواری قیامەت و هەیڕۆو، نەفسی نەفسی، خەڵکە مەستو سەرگەردانەکەی ئەو ڕۆژە، کە کەس بە هانای کەسەوە نایەت و، کەس داڵدەی کەس نادات و پشتیوانی لێ ناکات، دەفەرموێ : (يَوۡمَ تَكُونُ ٱلسَّمَآءُ كَٱلۡمُهۡلِ ﴿٨﴾ وَتَكُونُ ٱلۡجِبَالُ كَٱلۡعِهۡنِ ﴿٩﴾ وَلَا يَسۡـَٔلُ حَمِيمٌ حَمِيمٗا ﴿١٠﴾ يُبَصَّرُونَهُمۡۚ يَوَدُّ ٱلۡمُجۡرِمُ لَوۡ يَفۡتَدِي مِنۡ عَذَابِ يَوۡمِئِذِۭ بِبَنِيهِ ﴿١١﴾ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَأَخِيهِ ﴿١٢﴾ وَفَصِيلَتِهِ ٱلَّتِي تُـٔۡوِيهِ ﴿١٣﴾ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ثُمَّ يُنجِيهِ) المعارج/٨ـ١٤ واتە : لەو ڕۆژەدا (کە قیامەتە)، کە ئاسمان وەکو ئاسنی تواوەی لێ دێت. چیاکانیش وەکو لۆکەی شیکراوە. هیچ خزمێك ناپەڕژێتە سەر خزمێکی تری، تا لێی بپرسێت. هەموشیان یەکتری دەبینن. بەڵام ئەوەی تاوانبارە ـ بۆ ئەوەی لە سزاو ئازار قوتاری بێت ـ خۆزگەی ئەوە دەخوازێت بیتوانیایە منداڵەکانی بکاتە قوربانی! ژنەکەی بکاتە کەفارەتی رزگار بونی! یان هەمو خزم و کەس و کارەکانی! ئەوانەی زەمانێ بون پشتیان دەگرت و سەریان دەخست.. بگرە ئاواتەخوازی ئەوە دەکات ـ هەر بۆ رزگار کردنی نەفسی خۆی! یان هەر بۆ ئەوەی خۆی نەجاتی بێتو خەڵکی سەر زەوی هەر هەموی (کە هی ئەویش نین!) بکاتە قۆچی قوربانی!!

٤ ـ چونە سەر جێی خەو ئیسراحەتیش، کە نیشانەی ئەمان و ئومێدی حەوانەوەی بێ خەمی و دڵنیاییە هەر لەم مانایەوەیە، بۆیە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ : (اذا أَوَيْتَ الَى فِرَاشِكَ فَاقْرَأْ آيَةَ الكُرْسِي (اللهُ لَا اِلهَ الَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ) حَتَّى تَخْتِمَ الآيَةَ فَإنَّكَ لا يَزَالُ عَلَيكَ مِن اللهِ حَافِظٌ، وَلَا يَقْرَبَنَّكَ شَيطانٌ حَتَّى تُصْبِحَ) [١] واتە : هەر کە بۆ حەوانەوەت چویتە سەر جێی نوستنت ئایەتول کورسی بخوێنە، ئیتر بەردەوام لە لایەن خوای گەورەوە پاسەوانێکت بۆ دادەنرێت و شەیتان، تا بەیانی ناتوانێت توخنت کەوێت.

---

[١] صحيح البخاري/ كتاب بدء الخلق/ كتاب فضائل القران ٤٦٢٤ وفتح الباري ٤٨٧/٤.

ئێستا گەیشتینە ئەو بەرچاو ڕونییەی، کە تۆ (هیجرەت) دەکەیت، سەرەتا بۆ جێگایەکە، کە هەڵت بژاردوەو بە پێی دیراسەو بۆچونی خۆت جێگایەکی سەخت و عاسیەو دوژمنانت هەر وا بە ئاسانی ناتوانن لەوێدا زەفەرت پێ ببەن، ئەمەش سیفەتی چیاو بەندەنە، کە تا قیامەت هەر وا دەمێنێتەوە، نابینیت تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆ ساروخ بە تیشکی لێزەرو لە ڕێی مانگی دەسکردەوە ئاڕاستە دەکات بەڵام زیانبەخشینی لە چیادا ناگاتە ٥٪ ی زیانی شوێنی تر.. دیسان مەرجە ئەم شوێنە ببێتە جێی حەوانەوەو جێگیر بون و ئاسودەیی و ئەوەندەش بە پیت و بەرەکەت بێت و، بتوانرێت ڕۆزی لێ بەرهەم بهێنرێت و ڕۆزی دانیشتوانی دەستەبەر کات.

ئینجا هیجرەکەت بۆ لای کەسانێکە، کە پێشوازیت دەکەن و ڕێزو رازت دەگرن و لە خۆیانت دەگرن و داڵدەت دەدەن و دەبنە جێی داخ و ئاخ هەڵڕشتنت، لەسەرت هەڵ دەدەنێ و پشتیوانیت لێ دەکەن.

لەم دیدو بۆچونە قورئانیەوە ڕون دەبێتەوە، کە هەر کۆچ کردنێك بۆ لای کەسانێك بکرێت، کە دەوار نشینێکی دەشتن، یان داماوێکی چیا نشینی بێ دەرامەتن، هەم نەناسن و هەم لە ئەدەبیات و ڕێبازو ئامانجت حاڵی نەبون سەرکەوتو نابێت.. بۆیە دەبێت پێش هیجرەت کردن نەخشەیەکی وردو ناسینێکی باشی ناوچەو دانیشتوان کرا بێت. کاتێك هیجرەت سەرکەوتوەو بە بەرهەمە کە بۆ لای خەڵکێکی دڵسۆزو ناوچەیەکی مەحکەم و خاکێکی بە پیت و بوارێکی ئابوری رەخساو دەکرێت. کە سەرەنجامەکەی ئاسودەیی و بەهێز بونە بۆ جیهاد کردن و گەڕانەوە، یان بۆ چەسپاندنی شەریعەتی خواو بەختەوەر کردنی دانیشتوانەکە پێی.. گەر وا نەبو حەتمەن هیجرەتەکەت بەرهەمی مەبەست ناداتە دەست[١]..

---

[١] ئێمە بۆ خۆمان ئەمەمان لە زۆر شوێنی کوردستان لەم نەوەیەی خۆماندا دەدی، وەکو لە سەردەمی بزوتنەوەی ئیسلامیدا لە دوای ساڵی ١٩٩٣ موهاجیرانی گەرمیان و سلێمانی و هەولێر لە هەڵەبجەو هەورامان پێیان دەوترا ئاوارە!! دەشپرسرا : ئەرێ ئاوارەکان کەی دەگەڕێنەوە؟! یان کوردی باشور، کە چونە کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر حسابی پەناهێندەیان بۆ دەکرا.. لە کاتێکدا

**ئێستا دەزانین بەهەشت بەم سیفەتانەی سەرەوەیە، کە بۆتە مەئوای موسڵمانە سەرفرازەکان، مەئوایە، چونکە لای خوای گەورەیە.. چونکە فریشتەی بەڕێز بە ڕیز بۆ پێشوازی وەستاون، دانیشتوانی بەهەشت هەمو پیاوچاکانی مێژون، شوێنەکەش خوای میهرەبان ئامادەی کردوەو، هەر یەکەش بەقەدەر نێوانی ئاسمان و زەوی پێ بڕاوەو رزق و رۆزی هەموان لەوەیە، کە خۆیان حەزی لێ دەکەن و، نە تێیدا ماندو دەبن، نە ڕۆزیەکەشیان کەم دەکاتو هەمو وان لە ژێر ڕەحمەتی بەرفراوامی خوای خاوەنیاندا..**

**بۆ کافرو ملهوڕانیش دۆزەخ بە پێچەوانە مانا، دەبێتە مەئوا.. دەبێتە جێی ترس و بیم، جێی دڵە ڕاوکێ و تۆقین، جێی سزاو ژان و ناسۆرو کەسی خەمخۆری بۆ کەس لێ نیە و، هەرچی لەوێوە دڵڕەق و ترسێنەرە خاو لاماندات : (فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴿٣٧﴾ وَءَاثَرَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ﴿٣٨﴾ فَإِنَّ ٱلۡجَحِيمَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَمَّا مَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفۡسَ عَنِ ٱلۡهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلۡجَنَّةَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ) النازعات ٣٧ ـ ٤١ ، واتە : ئەمما ئەو کەسەی سنوری بەزاندوەو دەستدرێژیی کردوە، ئەوی ژیانی دنیای پێ پەسەندتر بو، ئەوە دۆزەخی بۆ دەبێتە جێی شوێنی مانەوەی! بەڵام ئەو کەسەی کە لە خوای خۆی ترساوەو لەبەر خاتری ئەو، خۆی لە هەواوهەوەس گرتۆتەوە و بەرهەڵستی نەفسی خۆی کردوە، ئەوە بەهەشت جێی ئەمان و حەوانەوەو ئاسودەییەتی..**

..........★★★ ..........

---

هیجرەتی خانەوادە خانەدانەکانی کورد، کە لە نەوەی رابوردو : خانەوادەی بەدرخان و نێهری (هی باکورن و چونە رۆژهەڵات) خانەوادەی بارزانی (هی باشور بون و چونە لای سەید تەهای کوڕەزای شێخی نێهری لە ڕۆژهەڵات) یان سمایل خانی شوکاك سمکۆ (هی ڕۆژهەڵاتەو چوە رەواندوزو سلێمانی) یان خانەوادەی شێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانیەوە چونە لای خانەوادەی سمکۆ لە رۆژهەڵات.. هەر یەکەیان دەچوە لای ئەوی تر، چونکە دیدو نەریتی ئیسلامی ڕەسەن دایڕشتبون، ئەم مانایانەی دالّدەو مەئوا لە جوانترین شێوەیدا پێیانەوە دیار بو..

# بەنـــدی هەشـــتەم

# توخمـــی پێنجـــەم : پشـــتگیـــریی

## بەشـــی یەکـــەم

## مانای پشـــتگیـــریی

# بەشــی دوەم

## بوارو مەیدانەکانی پشتگیریی

. باسی یەکەم : پشتگیری بیروباوەڕ

. باسی دوەم : پشتگیری دادپەروەری

. باسی سێیەم : پشتگیری ئازادی

. باسی چوارەم : پشتگیری موسوڵمانی بەرەنگار

. باسی پێنجەم : پشتگیری ئوممەت

. باسی شەشەم : پشتگیری بیرمەندان

. باسی حەوتەم : پشتگیری ئوممەت دژی دوژمنی دەرەکی

# بەنــدی هەشــتەم

# توخمــی پێنجــەم : پشــتگیــریی

پشتگیریی پێنجەم توخمی پێکهێنانی ئوممـەتی موسـڵمانە، بـۆ حـاڵیی بـون لە ناوەڕۆکی ئەم توخمە، پێویستە دو خاڵ بخەینە پێش چاو : یەکـەم : واتـای پـشتگیریی لـە قورئـان و سـوننەتدا. دوەم : ئـەو بۆنانـەی، کـە ئـەم توخمـەیان لەسـەردەمی پێغەمبـەر ﷺ و یاوەرانـدا تێـدا چەسـپێنراو، ئـەو ئاڕاسـتەی لـە کۆمەڵگەی پێغەمبەرێتی و خولەفای راشیدینیان دەخواست..

# بەشــی یەکــەم

# مانای پشــتگیــریی

زاراوەی پشتگیریی، کە لە قورئان و حەدیسدا دێن، چ راستەو خۆ چ لـە رێـی مانا لێ وەرگیراوەکانیەوە، ئەم واتایانەیان لێ دەفامرێتەوە :

ـ پشتگیریی بـە مانـای : شوێنکەوتنی دیـنی خـواو جیهـاد کـردن لـە پێنـاوی خـواو، ملکەچـی دەربـڕین بـۆ فەرمانـەکانی و گوێڕایـەڵیی لـە وازهێنـان لـە بەرهەڵستی لێکراوەکان. بـەم مانایەشـە، کـە خـوای گـەورە دەفـەرموێ : (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ) سـورة محمـد / ٧ واتـە : ئـەی ئـەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئێوە پشتگیریی خـوای گـەورە بکـەن، ئـەویش پشتگیرییتان دەکاتەوەو پێتان قایمتر دەکات.

- پشتگیریی بە مانای : لایەنگیریی و یارمەتیدان بۆ زاڵبون و دەرکەوتن : وەك خوای گەورە لە باسی غەزای بەدردا دەفەرموێ : ( وَلَقَدۡ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ بِبَدۡرٖ ) آل عمران/١٢٣ واتە : ئەوە بو کە خوای گەورە لە غەزای بەدردا پشتی گرتن و یارمەتیدان زاڵ ببن..

یان کە دەربارەی غەزای حونەین دەفەرموێ: ( لَقَدۡ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٖ وَيَوۡمَ حُنَيۡنٍ إِذۡ أَعۡجَبَتۡكُمۡ كَثۡرَتُكُمۡ فَلَمۡ تُغۡنِ عَنكُمۡ شَيۡـٔٗا ) التوبة/٢٥ واتە: بەتەئکید خوای گەورە لە زۆر شوێندا پشتیوانی لێکردون، ڕۆژی حونەینیش ئەوەبو، کە زۆر بەژمارەو هێزی خۆتان سەرسام بوبون، کەچی دادیشی نەدان!!

- پشتگیریی بە مانای : پشتیوانی.. وەکو کە خوای گەورە دەفەرموێ : (فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُواْ ٱلنُّورَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ) الاعراف / ١٥٧ واتە : جا ئەو کەسانەی، کە باوەڕیان پێی هێناو لەسەریان کردەوەو پشتیوانیان لێ کردو شوێن ئەو نورە کەوتن، کە لەگەڵیدا هاتبوە خوارەوە، سەرکەوتو ئا ئەوانەن!

لە حەدیسدا بە هەمان مانا هاتوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ : (النِّسَاءُ يَنْصُرُ بَعْضُهُنَّ بَعْضَاً)[1] البخاری واتە : ئافرەتان هەر یەکەیان پشتیوانی لەوانی دیکەیان دەکات..

هەروەها، کە دەفەرموێ : (مَنْ نَصَرَ قَومَهُ عَلَى غَيرِ حَقٍّ فَهوَ كالبَعيرِ)[2] واتە : ئەو کەسەی لە ناهەق پشتیوانی لە تیرەو هۆزەکەی خۆی دەکات (لەسەر ناهەقیش هەر سەری دەخات) وەکو حوشترە..

---

[1] البخاري/ كتاب اللباس (٥٤٨٧).

[2] نوسەری بەڕێز لە تەنیشت ئەو فەرمودەوە ئاوای نوسیوە : (ابوداود : السنن : كتاب الادب ١١٢) هەندێك ریوایەتی دیکە هەیە، کە دەفەرموێ : (مَنْ نَصَرَ قَوماً عَلَى غَيرِ الحَقِّ فَهوَ كالبَعيرِ الذي تَرَدَّى فَهوَ يُنْزَعُ بِذَنَبِهِ) كنز العمال (٧٦٥٦) لای ئەبوداود : السنن/ باب في العصبية دەفەرموێ : (مَنْ نَصَرَ قَوْمَهُ عَلَى غَيْرِ الْحَقِّ فَهُوَ كَالْبَعِيرِ الَّذِي رَدِيَ فَهُوَ يَنْزِعُ بِذَنَبِهِ) حديث حسن واتە : ئەو کەسەی قەومەکەی

ـ پـشتگیریی بـه مانـای : پاراسـتن. خـوای گـەوره دەفـەرموێ : ( وَيَٰقَوۡمِ مَن يَنصُرُنِي مِنَ ٱللَّهِ إِن طَرَدتُّهُمۡۚ ) هـود / ٣٠ واتـه : (سـەیدنا نـوح) فـەرموی : ئـەرێ گـەلی خزمینـه ئەگـەر مـن (ئـەو موسـوڵمانه موسـتەزعەفانەی دەوری خـۆمم لەسـەر قسەی ئێوه) دەرکرد، کێ هەیه له غەزەبی خوا بمپارێزێت؟!

یـــان کـــه دەفـــەرموێ : (إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدۡ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذۡ أَخۡرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِيَ ٱثۡنَيۡنِ إِذۡ هُمَا فِي ٱلۡغَارِ إِذۡ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحۡزَنۡ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ) التوبة / ٤٠ واته : که ئێـوه پـشتیوانیتان لـێ نـەکردو سـەرتان نەخـست، ئێ خوای گەوره خۆی پشتیوانی لێ کردو سەری خـست! ئـەوەبو، کـه کافرەکـان له شاری خۆی دەریان پەڕاند ئەو ساتەی، که هەردوکیان له ئەشکەوتەکه بـون به هاوڕێکەی فەرمو : خەم مەخۆ ئێمه خوامان لەگەڵدایه..

ـ پشتگیریی به مانای : سەرخستنی هەق و چەسپاندنی دادپـەروەریی. وەکـو خـوای گـەوره دەفـەرموێ : (مَا لَكُمۡ لَا تَنَاصَرُونَ) الـصافات / ٢٥ واتـه : ئـەرێ ئێـوه چیتانه؟! بۆچی یەکتریی لەسەر هەق سەرناخەن؟!

ـ پشتگیریی به مانای: تۆڵه سەندنەوەو ڕەت کردنەوەی دەستدرێژیی. خوای گـەوره دەفـەرموێ: ( وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ ٱلۡبَغۡيُ هُمۡ يَنتَصِرُونَ ) الـشوری/٣٩ واتـه: ئەوانـەی دەستدرێژییان کرایه سەر، دواتر دەستدرێژیەکه ڕەت دەکەنەوەو تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە..

هـــــەروەها دەفـــــەرموێ: ( وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعۡدَ ظُلۡمِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَا عَلَيۡهِم مِّن سَبِيلٍ ) الشوری/٤١ واته: ئەو کەسەی، که دوای ستەملێکرانی تۆڵەی خۆی دەسـتێنێتەوه بێ ئەوەی سنور ببەزێنێت، ئەوه کەس هەقی بەسەریەوه نیه..

له فەرمودەدا هاتوه، که پێغەمبـەری خۆشەویـست ﷺ دەفـەرموێ : (دَونَـكِ

خۆی به ناهەقیش هەر سەردەخات وەکو ئەو حوشترەیە، که کەوتۆته چاڵەوەو به کلکی رایدەکێشن، تا دەری بهێننەوە!! یەعنی ئەوەنده گوناحکاره که شایانی ئەوەیه ئاوا ئابڕوی بچێت و عەورەتی ببینرێت و سوکایەتی پێ بکرێت و نەشتوانرێت قوتار بکرێت!

فَانْتَصِري)[١] بەڵام واتە : تۆش هەقی خۆت بکەرەوە.

هەروەها دەفەرموێ : (مَنْ دَعَا عَلَى مَنْ ظَلَمَهُ فَقَدْ انْتَصَرَ )[٢] واتە : هەر کەسێك پاڕایەوەو سکاڵای لە ستەمەکەی لە سەرێتی کرد ئەوە سەرخراوە.

ـ پشتگیریی بە مانای : ڕێگرتن لە ستەم ولەسەر کردنەوەی ستەملێکراوان، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : (أُمِرْنَا بِعِيَادَةِ الْمَرِيضِ وَنُصْرَةِ المظلومِ)[٣] واتە : فەرمانمان پێدراوە، کە سەردانی نەخۆش بکەین و لەسەر ستەملێکراو بکەینەوە..

هەروەها دەفەرموێ : (مَنْ أُذِلَّ عِنْدَهُ مُؤْمِنٌ فَلَمْ يَنْصُرْهُ وَهوَ يَقْدِرُ عَلَى أَنْ يَنْصُرَهُ أَذَلَّهُ اللهُ عَلَى رؤوسِ الْخَلَائِقِ يَومَ الْقِيامَةِ)[٤] واتە : هەر کەسێك موسوڵمانێك لە نزیکیەوە زەلیل بکرێت و لەسەری نەکاتەوە، کە دەیتوانی لەسەری بکاتەوە، بە تەئکید خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لەبەرچاوی هەمو خەڵکی زەلیلی دەکاتەوە..

دیسان لە حەدیسێکی قودسیدا دەفەرموێ : (يَقُولُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: وَعِزَّتِي وَجَلَالِي لَأَنْتَقِمَنَّ مِن الظالِم فِي عاجِلِه وآجِلِه، ولأَنْتَقِمَنَّ مِمَّنْ رَأى مَظلوماً فَقَدَرَ أَنْ

---

[١] نوسەری بەڕێز هەر ئەوەندەی نوسیوە (مسند أحمد، وسنن ابن ماجة/ باب النكاح) بەڵام شێخی ئەلبانی لە سلسلة الاحاديث الصحيحة ب ٤ ل ٤٧٦ ژمارە (١٨٦٢) دەڵێ : صحيح.

[٢] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی : (سنن الترمذي/ كتاب الدعوات) فەرمودەکە البەززاریش ریوایەتی کردوە، بەڵام هەندێك لە زانایانی وەکو محمدی کوڕی موفلیحی مەقدیسی لە کتێبەکەیدا (الاداب الشرعية و المنح المرعية) گوتەیەتی لە سەنەدەکەیدا ئەبو حەمزە (مەیمونی کوڕی الاعوەر) هەیە، کە لە ئیبراهیمی نەخەعیەوە دەگێڕێتەوەو لاوازە..

[٣] نوسەری بەڕێز بۆ ئەم فەرمودەش هەر ئەوەندەی نوسیوە: (سنن النسائي/ كتاب الجنائز)، بەڵام فەرمودە لەم بابەتەوە زۆرەو سەنەدی بەهێزتریشیان هەیە، وەك ئەوەی ئیمامی بوخاری لە سەحیحەکەیدا لە كتاب النكاح ژمارە ٤٧٧٧ لە بەرائی کوڕی عازیبەوە ریوایەتی کردوە، کە دەڵێ : (أَمَرَنَا النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِسَبْعٍ... بِعِيَادَةِ الْمَرِيضِ وَاتِّبَاعِ الْجِنَازَةِ وَتَشْمِيتِ الْعَاطِسِ وَإِبْرَارِ الْقَسَمِ وَنَصْرِ الْمَظْلُومِ وَإِفْشَاءِ السَّلَامِ وَإِجَابَةِ الدَّاعِي..) واتە : پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە حەوت شت پێکردین: سەردانی نەخۆش، شوێن کەوتنی جەنازە، دوعا کردن بۆ پژمیو، بەدەم سوێندەوە چون، لەسەرکردنەوەی ستەملێکراو، بڵاوکردنەوەی سڵاوو وەڵامدانەوەی دەعوەت کردن.

[٤] مسند أحمد/ شرح الساعاتي ب ١٩ ل ٦٩ ژمارە ١٢٠.

يَنْصُرُهُ فَلَمْ يَنْصُرْهُ )[١] واته : خوای گەوره دەفەرموێ : سوێند بێت بـه گـەورەیی و مـەزنیی خـۆم، درەنـگ، یـان زو تۆڵـە لەسـتەمکار دەسـتێنمەوە، تۆڵـە لـەو کەسانەش دەستێنمەوە، کـە سـتەملێکراویان بینیـوە، وا زوڵمـی لـێ دەکرێـت و لەسەریان نەکردۆتەوە، کە دەشیانتوانی لەسەری بکەنەوە!

بـەڵام ئـەو بۆنانـەی، کـە ئـەم توخمـەیان لەسـەردەمی پێغەمبـەر ﷺ و یاوەرانـدا تێـدا چەسـپێنراو، ئـەو ئاڕاسـتەی لـە کۆمەڵگـەی پێغەمبـەرێتی و خولەفای راشیدینیان دەخواست، بریتین لە :

یەکـەم : ئـەو پابەندییـە تـەواوەی یـاوەرانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە کۆچکەرانی مەککە بۆ گوێڕایەڵی و ملکەچیی ئەو زاتە پاکە لێبڕان، پاشان ئەو خۆتـەرخان کردنـەی، کـە ئەنـسارەکان لـە مەدینـە بـۆ پاراسـتنی خـۆی و سەرخـستنی بانگەوازەکەیـدا، بـە گوفتـارو کـردار نوانـدیان، کـە بـەو پـەڕی شایانییەوە ناویان لێنرا ئەنسار (پشتیوانان)!

دوەم : ئـەو قوربـانی دان و خۆبـەخت کردنـەی لـە سـیرەی یـەك یـەکی یاوەرانی موهاجیری مەککەدا بینـرا، کە چۆن خۆیـان لـە کۆمەڵگـەی جاهیلیی باب‌و باپیریان راپسکاندو، لە مەودای هەمو هێزێکی راکێشانی دینی‌و کلتوریی‌و داب‌و نـەریتی کۆمەڵایـەتی بـاب‌و بـاپیرانی خۆیـان دەرچـون‌و، خۆیـان بـۆ سەرخستنی دینەکەی خوا ساغ کردەوە!

سـێیەم : ئـەو هیممـەت و ڕەنجـە بـە پێـزەی هـەردولایان (کۆچـکەران و پشتیوانان) بۆ پیادە کردنـی دینەکـە لـە مەدینـە دایـان، کـە ئیـسلامەکەیان بـە جـوانترین شـێوە خـستە رو، کۆمەڵگـەو دەوڵەتەکـەیان بینـا کـردو، ئینجـا وەك پێشەوای رزگاریی بۆ چەسپاندنی دادو خواویـستی هـەمان دیـن بەسـەر زەویـدا بڵاوبونەوە!!

★★★

---

[١] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی (المتقي الهندي : كنز العمال ب ٣ ل ٥٠٥ نقلا عن الطبراني في المعجم الكبير.) ژمارەکەی (٧٦٤١) ە.

# بەشی دووەم

# بوارو مەیدانەکانی پشتگیریی

## باسی یەکەم : پشتگیریی بیروباوەر

پشتگیریی لە ژیانی واقیعیانەی ئوممەتدا دەبێ لەم بوارانەدا بێتە دی :

یەکەم : (پشتگیریی فیکریی) پەیامی ئیسلامەکە لە بەرامبەر سنوربەزاندنی (کەسەکان) و تەشەنە کردنی (شتی ماددی) دا. باسی دورودرێژی ئەمە بەم شێوەیە :

هەمو کۆمەڵگەیەك لە سێ روکن پێك دێت : فیکر، کەسەکان، شتی ماددی ئەو کاتە ئوممەت لە کۆتا ئاستی تەندروستی وسەلامەتیدایە، کە کەسەکان و شتە ماددیەکان بە دەوری بیروباوەڕدا دەگەڕێن و پشتگیریی (فیکر) ەکە دەکەن و ئەویان پێ پیرۆز دەبێت، لەم حاڵەتەدا ئیماندارەکان (کەسەکان) دەبنە میراتگریی پێغەمبەران لە پابەندبون بە پەیام و بانگەواز بۆ کردن و پشتگیریی کردنی، ئاوا خیلافەت دێتە دی و پلەو ئاستی هەر بەرپرسێك بە پێی دو پێوەر دیاری دەکرێت :

یەکەم : بڕو رادەی تێگەیشتن لە پەیامەکەو هەڵگرتن و پێوە پابەندبون و سور بون لەسەر چەسپاندنی.

دوەم : بڕو رادەی دڵسۆزیی و جیدێتی کارکردن بۆ ئەم پەیامە..

قورئانی پیرۆز ئەم دو پێوەرە ناو دەنێت هێزو دەسپاکیی (القوة والامانة) ئەوەشە، کە لەو ئایەتەدا هاتوە، کە دەفەرموێ : (إِنَّ خَيْرَ مَنِ ٱسْتَـْٔجَرْتَ ٱلْقَوِيُّ

ٱلۡأَمِينُ ) القصص/٢٦ واتە : باشترین کەس، کە بە کرێی بگریت ئەو کەسەیە، کە بەهێزی دەسپاك بێت. لە ئایەتێکی تردا ناوی دەنێت دەسەلاتداریی و دەسپاکی (التمکین و والامانة) وەك دەفەرموێ : (إِنَّكَ ٱلۡيَوۡمَ لَدَيۡنَا مَكِينٌ أَمِينٌ) یوسف/٥٤ واتە : ئەمڕۆ تۆ لای ئێمە[1] دەبیتە خاوەن دەسەڵات ودەسپاك. هێز لێرەدا مانای توانایی و لێهاتویی و لێوەشاوەییە، کە لە مەیدانی ئیدارەو فەرمانڕەواییدا زۆر واتا دەگەیێنێت، بۆ نمونە لە سیاسەت و حوکمدا، بە مانای زانینی بنەماکانی دادپەروەرییە بە پێناسەی قورئان و سوننەت و هەبونی هێزو دەسەلاتی چەسپاندنێتی، یەعنی لە لایەکەوە لە ئوسوڵی حوکمە شەرعیەکان تێگەیشتبێت، لە لایەکی ترەوە توانای راپەڕاندنی ئەو حوکمە شەرعیانەی لەسەر خەڵکەکە هەبێت.. لە مەیدانی چالاکی سەربازییدا بریتیە لە ئازایەتی و بەجەرگیی و نەبەزیی لەگەڵ پسپۆڕیی سەربازیی.. ئیدی ئاوا لە هەر یەکێك لە مەیدانەکانی ژیانی تاك وکۆدا، ئەم دو سیفەتە (ئەم دو پێوەرەی هێزو دەسپاکیی) پێویستن وەکو مەیدانەکانی تری پەروەردەو ئیدارەو ئابوری وپیشەسازیی و.. هتد.

مانای سەرەکی دەسپاکییەکە بریتیە لە وەرعی ئەو کەسە، کە ئایا ئەو کەسەی ئەو کارەی ئەنجامداوە لەبەر خاتری (کەسەکان) کردوێتی یان لەبەر خاتری (شتی ماددی) یان هەر لەبەر خاتری خوای گەورەیەو خزمەتی (بیروباوەڕ) ەکە دەکات[2]؟!

کاتێك نوقسانیو کەموکورتی دەکەوێتە توخمی پشتگیرییەوە، کە وەلائەکان لە ئەسڵەکە (کە کارکردنە بۆ پشتگیریی بیروباوەڕەکە) دەگۆڕێن بۆ وەلائی (کەسەکان) و دەسکەوتی (شتی ماددی)! پیادەکردنو جێبەجێکردنی ئەم

---

[1] پاشای میسرەو بە سەیدنا یوسف دەڵێ..

[2] کێشەی زانستی نوێ ئەوەیە کە دو جۆر زانستی لێك جیا کردۆتەوە : زانستی هێزو دەسەلات گرتنە دەست (زانستیەکانی سروشت و ئیدارەو سیاسەت) لەگەڵ زانستیەکانی دەسپاکیی (واتە دینو ڕەوشت)! بەرهەمی ئەمەش لە باشترین حاڵەتیدا ئەوەیە، کە دەزگای هێزو دەسەلات دروست دەکات بێ ئەوەی دەسپاکیی تێدا بێت! لەو لاشەوە دەسپاکەکان بێ هێزو دەسەلات دەکەون!

لاسەنگی و دەستدرێژییە لەوەدا دەردەکەوێت، کە دەبینیت خاوەن دەسەڵاتە عەشایرییەکان، یان خاوەن دەسەڵاتە مەزهەبییەکان و ناوچەگەرەکان دەبنە خاوەنی هەموو شتێك!! تەنانەت بیروباوەڕەکان (فیکر) یش بۆ بەرژەوەندی زیاتری خۆیان دەخەنە کار! خەرمانەی پیرۆزی بیروباوەڕو قەداسەتەکانی ناو کۆمەڵگە لە خۆ دەئاڵێنن و، دەیانکەنەوە مایەی بەهێز کردن و زیادکردنی دەسەڵات و خواروخێچیی (کەسەکان)ی خۆیان! ئیدی ئاوا (پاشایەتی) دێتە شوێنی (خیلافەت)و، پێوەری هێزو دەسپاکییەکە لە خزمەتکردنی (بیروباوەڕ)ەکەوە، دەخرێتە خزمەتی (پاشایەتی)یەکەو، خەڵکی بە قەدەر خۆ نزیك کردنەوە لە (پاشا) و خزمەتکردنیی، کارو وەزیفەو پلەو ئاست وەردەگرن!! ئەمەش ئەو قوڵ تێگەیشتنەی ئەبوبەکری سددیقە خوا لێی ڕازی بێت کە هۆشدارییی دایە یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان خوا لێیان رازی بێت کە پێی فەرمو :

(قال يزيد بن أبي سفيان : قال لي أبو بكر الصديق رضي الله عنه حين بعثني إلى الشام : يا يزيد، إن لك قرابة عسى أن تؤثرهم بالإمارة ، وذلك ما أخاف عليك بعد ما قال رسول الله ﷺ :" من ولي من أمر المسلمين شيئاً فأمَّر عليهم أحداً محاباة فعليه لعنة الله، لا يقبل الله منه صرفاً ولا عدلاً، حتى يدخله جهنم، ومن أعطى أحدا من مال محاباة فعليه لعنة الله ، أو قال برئت منه ذمة الله، إن الله دعا الناس أن يؤمنوا فيكونوا حمى الله، فمن انتهك في حمى الله شيئا بغير حق فعليه لعنة الله. أو قال برئت منه ذمة الله عزوجل)[1] ، واتە : یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان گوتی : کاتێك ئەبوبەکری سددیق منی بۆ شام نارد پێی وتم : هۆ یەزید، خزمایەتیت هەیە، نەکەی بۆ وەرگرتنی پلەو پایەی کاربەدەستیی پێشیان خەیت (یەعنی شایانی نەبن و پێیانی بسپێریت) ترسی ئەمەم لێت هەیە! چونکە پێغەمبەری پێشەوا ﷺ فەرمویەتی : لەعنەتی خوا لەو کەسە بێت[2] ، کە دەبێتە کاربەدەستی

---

[1] المتقي الهندي : كنز العمال ب ٥ ل ٦٦٥ نقلا عن مسند أحمد و عن ابن شعبة البغدادي
[2] دوعایە، یەعنی دور بێت لە رەحمەتی خوا..

موسوڵمانان و کەسێکی تر لەبەر خزمایەتی خۆی دەکاتە بەرپرسییان، خوای گەورە کارو بەخشینی لێ قبوڵ ناکات، (لە ڕۆژی دواییدا بە ئیفلاسیی دەیهێڵێتەوە) تا دەیخاتە دۆزەخەوە! لەعنەتی خوا لەو کەسەش بێت (یان فەرموی : خواو پێغەمبەری خوا بێبەریین لەو کەسەی) کە سەروەت و سامانی (بەیتولمالی) لەبەر خاتری خزمایەتی خۆی دەداتە خەڵکی.. چونکە خوای گەورە، کە ئەو خەڵکەی بانگێشتی دینەکەی کردوە، بۆ ئەوەیەتی ببنە موڵکی خوایی، جا هەر کەسێك بە ناهەق موڵکی خوا بەکار بهێنێت، ئەوە شایانی ئەوەیە لەعنەتی خوای بەرکەوێت و دور بکرێتەوە لە ڕەحمەتی خوای گەورەو خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بێبەرێتی خۆیانی بەرامبەر دەربڕن..

لەم ئاڕاستە پێغەمبەرێتی وراشیدیەوە، کە دەبینیت ئیمامی ئیبنو تەیمیە رحمە اللە تێگەیشتن ورابۆچونی ئاوا دەخاتە رو : ئەگەر کاربەدەستی موسوڵمانان کەسێکی بە تواناو شیاوی لە وەزیفەیەك، یان لە پلەو پایەیەك بۆ یەکێکی تر لادا، لەبەر خزمایەتی بێت، یان لەبەر دۆستایەتی، لەبەر هەبونی پیاوەتی بێت لەسەری، وەك ئازاد کردنی کۆیلە، یان لەبەر ئەوەی خەڵکی یەك شوێنن، یان لەبەر ئەوەی مەزهەبیان یەکە، یان لە یەك قەوم و ڕەگەزو توخمی عەرەب یا فارس یا تورك یا ڕۆمین، یان لەبەر ئەوەی بەرتیلی لێ وەرگرتوە، یان سودێکی پێ گەیاندوە، یان هەر هۆیەکی تر بێت، ئەوە خیانەتی لە خواو پێغەمبەری خواو ئەو راسپاردە (ئەمانەت) ە کردوە، کە خراوەتە بەردەستی.. هەمو ئەوانە دەکەونە بەر هەڕەشەی ئەو ئایەتانەوە، کە خوای گەورە تێیاندا دەفەرموێ : ( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمۡ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٢٧ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞ وَأَنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٞ ) الانفال/٢٧-٢٨ واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، خیانەت لە خواو پێغەمبەرو لەو راسپاردەیە مەکەن، کە خراوەتە بەردەستتان، لە کاتێکدا کە دەشزانن ئەوە خیانەتەو هەر دەشیکەن!! ئەوەش بزانن کە سەروەت و سامان و ماڵ ومنداڵتان مایەی تاقی کردنەوەتانن، خوای گەورە پاداشتی گەورەو گرنگی

لای خۆی داناوە. لەوانەیە کابرا لەبەر خاتری خۆشویستنی کوڕەکەی خۆی، یان کۆیلە ئازاد کراوەکەی خۆی دەیخاتە پێش کەسانی دیکەی شیاوەوەو، دەیانکاتە کاربەدەست! یان پارەو سامانێك دەخاتە بەردەستیان، بێ ئەوەی شایانی بن، کەچی بە یەکێکی تری شیاو شایانی نادات! یان بۆ کەسانێکی نزیکی خۆی، یان بۆ ئەوانەی موساوەمەی لەگەڵ دەکەن و لە خزمەتیدان، تەنازول لە دەسەڵات و پلەو پایەو هەندێك شتی گشتی دەکات، کە بۆ کەسانی دیکەی شیاو شایانی ناکات!! ئەمانە هەمو خیانەتن، هەر کەسێك بیانکات ئەوە خیانەتی لە خواو پێغەمبەرەکەی و ئەو راسپاردەیە کردوە کە خراوەتە بەردەستی[1]..

لەبەر ئەوەی (کەسایەتیەکان) ی رەگەزپەرستیی (شتە ماددیەکان) و هەر چی لێیان دەکەوێتەوە لە چێژو جوانی و بەرژەوەندی ماددی دەخەنە خزمەتی خۆیان و کورسی و مانەوەی پشتگیریی خەڵکی بۆیان،، زۆر زو پشتگیرییەکە، کە لە خزمەتی (بیروباوەڕ) ەوە چوبوە خزمەتی (کەسایەتی)، لەم ئاستە نزمەی بیروهۆشی کۆمەڵگەدا دەکەوێتە خزمەتی (شتە ماددیەکان)! ئیتر گەورەیی و مەزنی و رێز بەسەر ئەو کەسانەدا دەڕژێن، کە خاوەن پارەو سامانن، کە خاوەن بازرگانی و کۆمپانیان، کە وروژێن و بزوێنەری هەواو هەوەسن! لە سەردەمی ئەمان و لەژێر ئاراستەی ئەماندا هەمو رۆشنبیرو دیدو تێڕوانینێك دەبێتە کلتوری ئیستیهلاکی وڕابواردن، بەمەش هەمو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لێك دەترازێن، خزمایەتی و شیرازەی خانەوادەیی دەپسێن! ئیتر بنەمای فیکرو نەگۆڕی بیروباروەڕ و رێسای ئوسوڵی داب و نەریت، هەموی دەبێتەوە بە کەرەستەی کڕین و فرۆشتن و مساوەمە لەسەر کردن! هەموی دەکەونەوە بەر شاڵاوی حزبایەتی و پڕوپاگەندەی سیاسیی و ئابوری! ئیتر بیرکردنەوەی جیددی بابەتی دەپوکێتەوەو هەواو هەوەس جێی دەگرێتەوە! کلتوری ئیستیهلاکی جێی هەمو رێسا پەروەردەییەکان دەگرێتەوە! ئیتر

---

[1] ابن تيمية : الفتاوى ب ٢٨ ل ٢٤٨ ـ ٢٤٩.

خەڵکەکە شەوڕۆژ سەرقاڵی وەدەست هێنانی پێداویستی ڕۆژانەیان دەبن، ئیتر وەکو زەمانی جاهیلییەت، هەمو خەم‌و مشورخۆرییان دەبێتە تێرکردنی داوێن‌و گەدە! نە دەزانن چاکە چیە، تا فەرمانی پێ بکەن‌و، نە دەشزانن خراپە چییە، تا بەرهەڵستی بکەن! سەرەنجامی ئەم گۆڕانکارییە لاسەنگە ئەوەیە، کە دەسەڵاتی سیاسی‌و خاوەنێتی‌و موڵکایەتی زەوت دەکرێت، کۆمەڵێك لە ڕێی کودەتای سەربازیی خوێناوی‌و شەڕو شۆڕەوەو دەبنە حاکم، کۆمەڵێکی دیکەش لە ڕێی دزی و گزییەوە، دەبنە خاوەن کۆمپانیاو سامانی زەوت کراو!! فەرمایشتی پێغەمبەر ئەمە جوان ڕون دەکاتەوە، کە چۆن پیرۆزیی لە بیروباوەڕو بەها دینیەکانی ئیسلامەوە، کە پێغەمبەری پێشەوا و خولەفای راشیدینی لەسەر بو، دەترازێتە خواری و حوکمی شەرع دەبێتە پاشایەتی و، ئینجا دێتە خواروتر، تا دەگاتە کۆدەتای سەربازیی و فڕکان فڕکانی کورسی دەسەڵاتی سیاسی و سامان و ماڵی گشتی :

ـ (إنَّ هَذا الامْرَ بَدأَ رَحْمَةً وَنُبُوَّةً، ثُمَّ يكون رحمة و خلافة، ثُمَّ كَائِنٌ مُلْكَاً عَضُوضَاً، ثُمَّ كَائِنٌ عُتُوَّاً وَجَبْرِيَّةً وَفَسَاداً في الارضِ، يَسْتَحِلُّونَ الْحَرِيرَ وَ الفُرُوجَ ويُرْزَقُونَ عَلَى ذلِكَ و يُنْصَرُونَ)[1] واتە : ئەم دینە بە بەزەیی و پێغەمبەرێتی دەستی پێکرد، پاشان دەبێتە بەزەیی و خیلافەت، پاشان دەبێتە زەوت کردنی دەسەڵات و پاشایەتی

[1] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: ابن كثير : البداية والنهاية ب٨ ل ٢٠ كە لە الطبراني بإسناد جيد وەریگرتوە، هەروەها : ابن تيمية : الفتاوى ب ٣٥ ل ١٩ كە لە مسلم، وەریگرتوە، مسند احمد ب ٤ ل ٢٧٣. بەڵام ئەوەی من لای موسليم بينيومە هەر ئەوەندەیە : (سَيَكونُ خِلَافَةٌ وَنُبُوَّةً وَرَحْمَةً، ثُمَّ يَكونُ مُلْكاً وَ رَحْمَةً، ثمَّ يكونُ مُلْكَ وَ جَبْرِيَّةً، ثُمَّ يكونُ مُلْكَاً عَضوضاً) والله اعلم. بەڵام لەو بەهێزتر ئەم ریوایەتەیە : (تَكونُ النُّبُوَّةُ فيكُم ما شَاءَ اللهُ أنْ تَكونَ ثم يرفَعُهَا الله إذا شَاءَ أنْ يَرفَعَهَا ثم تكونُ خلَافَةٌ عَلَى مِنْهَاجِ النبوَّةِ فَتَكُونُ ما شاء الله أن تكونَ ثمَّ يرفعها الله إذا شاء أن يرفعها ثم تكونُ مُلْكاً عَاضّاً فيكون ما شاء الله أن تكون ثم يرفعها الله إذا شاء أن يرفعها ثم يكون مُلْكَاً جَبْرِيَّاً فتكون ما شاء الله أن تكون ثم يرفعها إذا شاء أن يرفعها ثم تكون خِلَافَةٌ عَلَى مِنْهَاجِ النبوةِ ثمَّ سَكَتَ) رواه أحمد ٢٧٣/ ٤). بڕوانە الالباني : سلسلة الاحاديث الصحيحة، ب ١ ژمارە ٥ ل ٣٤ هەروەها: : (الخلافَةُ في أُمَّتِي ثلاثونَ سَنَةً، ثُمَّ مُلْكٌ بَعْدَ ذلِكَ). رواه أحمد والترمذي، وصححه الألباني، لە ریوایەتێکی دیکەدا دەفەرموێ (خِلافَةُ النُّبُوَّةِ ثلاثونَ سَنَةً، ثم يُؤتي اللهُ الْمُلْكَ مَنْ يَشَاءُ) أبو داود والحاكم، وصححها الألباني..

میراتیی، پاشان دەبێتە حوكمێكی یاخی بون و خۆسەپێن و خراپەكار لەسەر زەوی، كە ئاوریشم و زیناكاریی حەڵاڵ دەكەن، پارەو سامانیان لەسەر ئەوە دەدرێتێ و پشتگیرییان لێ دەكرێت..

ئەو كۆمەڵگانەی لە خزمەتی بیروباوەڕی راستدایەو بە دەوری بنەماكانی ئەودا هەڵدەسوڕێت، زاڵترە وەك لەو كۆمەڵگانەی وا لە خزمەت بیروباوەڕی هەڵەدا، هەر وەكو ئەو زەمانەی سەرەتای ئیسلام، كە ئوممەتی موسوڵمان بەسەر كۆمەڵگەكانی رۆم و فارسدا زاڵ بو، ئەو كۆمەڵگانەی وان لە خزمەت بیروباوەڕی هەڵەدا، یان ئەوەی كە چەوت و راستی لا تێكەڵ بوەو بە دەوری بنەمای هەڵەی ئەودا دێن و دەچن، هەر بەسەر ئەو كۆمەڵگانەدا زاڵ دەبن، كە وان لە خزمەت (كەسایەتی) و (شتی ماددی) داو بە دەوری ئەماندا هەڵدەسوڕێن، حەتمەن دەشیانبەزێنن و بەسەریاندا زاڵ دەبن، وەكو زاڵبونی ئێستای كۆمەڵگەی رۆژئاوا بەسەر كۆمەڵگەكانی جیهانی سێیەمدا، كە وڵاتی ئێستای موسوڵمانانیش بەشێكە لێی!

ئەم سێ جۆری تەوەرەیە : (بیروباوەڕو كەسایەتی و شتی ماددی) یەن، كە ناوەڕۆك و شێوەی رۆشنبیریی و زانست و سیستمی ژیانی كۆمەڵگەكان و پەروەردەكردن و ئاڕاستە كردنیان عەكس دەكەنەوە :

ـ ئەو كاتانەی (كەسایەتی) و (شتی ماددی) دەكەونە خزمەت (بیروباوەڕ)، پەروەردە كردن و بەرنامەی سیاسی و پرۆگرامی خوێندن و ئاڕاستەی راگەیاندن ڕو لە نمونەی باڵاو بەها پیرۆزەكانی بیروباوەڕەكە دەكەن و پابەندی هەموان بە بنەمای بیروباوەڕەكەوە دەبێتە هۆكاری قبوڵ بون و نیشانەی جوامێریی و گەورەیی ناو كۆمەڵگەكە، ئەو كاتە رابوردو ئێستاو داهاتوی بیروباوەڕەكە لەبەرچاو دەگیرێت و هەر یەك لە تاكەكانی كۆمەڵگەكە هەوڵی ئەوە دەدات سیماو مۆرك و داواكاریەكانی ئەو بیروباوەڕە لە خۆیدا بدرەوشێنێتەوە! تا سەرەنجامی ئەو پەروەردەو ئاڕاستە كردنە مەبدەئییە شارستانێتیەك پێكەوە دەنرێت، كە سیستم و كۆمەڵگەكەی دەبێتە نمونەی بەرجەستە بونی ئەو بیروباوەڕە..

ــ ئــەمما ئــەو کاتانــەی کــە (بیروبــاوەڕ) و (شــتی مــاددی) لــە خزمــەتی (کەسایەتی)دا دەبـن و چـەند کەسێکی کۆمەڵگەکە دەبنـە تـەوەرو خەرمانـەی پیرۆزی بەدەوری ئەواندا دەدرەوشێتەوە! پەروەردە کـردن و بەرنامـەی سیاسـی و پرۆگرامـی خوێنـدن و ئاڕاسـتەی راگەیانـدن رو لـەو کەسـایەتیانە دەکـەن و شەوڕۆژ بە باڵای ئەواندا هەوڵ دەدەن، کۆمەڵگەکـە هـەوڵ دەدات لـە رابـوردو و ئێستاو داهاتوی ئەو کەسایەتیانەدا بنـەمای هێـزو پیرۆزیـی بدۆزێتـەوە، هـەوڵ دەدات شتە ماددیەکانیش بۆ خزمەتی مانەوەو بە پیرۆز ناساندنی ئەوان بەکار بهێنێتەوە!

ـ ئەمما کاتێـك کـە (بـیرو بـاوەڕ) ، (کەسـایەتی) و دەکەونـە خزمـەتی (شتی ماددی) پەروەردە کردن و بەرنامەی سیاسی و پرۆگرامی خوێنـدن و ئاڕاسـتەی راگەیاندن روی کۆمەڵگەکە لەو باسانە دەکەن، کە گرنگی شـتی مـاددی عـەکس دەکاتەوە! ئەوانەی بەرپرسی ئاڕاستەی کۆمەڵگەکەن لە رابوردو ئێـستاو داهـاتو دەکۆڵنــەوە، تــا ماددەپەرســتی بکەنــە تــەوەری ژیــان! بەرهــەمی ئــەو ئاڕاســتە کردنەش هەر ئەوە دەبێت، کە کلتورێکی ئیستیهلاکی دێتە کایەوەو کۆمەڵگەکە دەبێتــە مــشەخۆری بەرهــەمی شــوێنانی تــر! لــەم حاڵەتــەدا، کــە شــتی مــاددی دەبێتە تەوەری ژیان و سیستمی پەروەردەیی خەرمانەی پیرۆز بەدەوری ئەمـدا دەکێشێت و راگەیاندن و بەشەکانی هونەر هەمو وشەکانی مەتح و سەنا بەمـدا هەڵدەدەن! چەواشەکارییەك دێتە سەر شانۆ، کە کەم کەس هەستی پـێ دەکـات، چــونکە (بیروبــاوەڕ) و (کەســایەتی) دکــانیش، هــەمو خراونەتــە خزمــەت هێنانەدی (شتی ماددی)! نمونەی زەقی ئەمە شارستانێتی رۆژئاوایـە، کـە هـەمو جیهانی خستۆتە ژێر باری (بەرهەم و سەرف کردنەوەی)[1]!

---

[1] نمونەی هەر سێ حاڵەتەکەی سەرەوە کە نوسەری بەڕێز هێناونیەوە، کوردە! سەرەتا کوردایەتی (بیروباوەڕ)ێك بو، هەمو کورد خۆی بەقوربانی دەکرد، دواتر ئەم بیروباوەڕە بو بە (کەسایەتی) مەلا مستەفا بارزانی و جەلال تاڵەبانی هەمو بیروباوەڕەکە لە دەوری کەسایەتی ئەماندا خولایەوە، ئاخر بۆیە ئیسلام ناهێڵێت بەدەوری کەسایەتی پێغەمبەری پێشەواشدا وا بگەڕێین، کە قەداسەتی بیروباوەڕەکە لاواز بکات! ئەمە لە عەرەبیدا پێی دەڵێن شەخسەنە واتە بە کەسایەتی کردنی

## دوەم بواری پشتگیریی : پشتگیریی دادپەروەریی

تـەوەری پـشتگیریی وا لـە دادپەروەرییـدا، چـونکە پـشت گـرتنی دادو مـافی خـەڵکی سـیمای جوامێرانـە، کـرۆك و نـاوەرۆکی پـشتگیریی چەسـپاندنی دادی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵکیە، لە راستیدا چەسپاندنی دادپـەروەرێتی بەرجەسـتە کردنی (بیروباوەڕ) ی پەیامەکەو بەهاو نـرخێتی، ئـەو تـەوەرە سـەرەکیەیە کـە دەبێـت (کەسـایەتی) و (شـتی مـاددی) بخرێنـە خزمـەتی.. پێـچەوانەی ئەمـە دەسـتدرێژیی و سـتەمکردنە، کـە لـە مانـای شـارەوەیدا بریتیـە لـە تێکـشکانی بیروباوەڕو شکست هێنانی ئاڕاستەی بـەهاو نـەریتی پارسـەنگی کۆمەڵگە! هـەر کۆمەڵگەیـەك کەوتـە ژێربـاڵی سـتەمکاریی و دەسـتدرێژییەوە، حەتمـەن بـە زەلیلییەوە بەرەو ئەوە دەڕوات، کە هەمو بیروبـاوەڕو بـەهاو نـەریتێکی ڕەسـەن بکات بە قوربانی (کەسایەتی) و (شـتی مـاددی)! ئـەو کۆمەڵگەیـە حەتمـەن وای لێ دێت بۆ سادەترین مـافی ژیـانی خـۆی، کـە نـان و ئـاوە بکەوێتـە بەرتیلـدان و واسیتەو واسیتەکاریی و خۆبردنە پێش لە زاڵمانێك، کـە دەسـەڵات و سامانیان زەوت کـردوە! کـە (بیروبـاوەڕ)و (شـتی مـاددی) یـان بـۆ مانـەوەی دەسـەڵاتی گەندەڵی خۆیان خستۆتە کار!

دادپەروەریی رۆحـی رایـەڵی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیەکانـە، ژیـان و مـەرگی کۆمەڵگـەی پێـوە بەنـدە.. نـەمانی دادپـەروەریی هۆکارەکـانی مانـەوە ناهێڵێـت سیـستمێك، دەسـەڵاتێك، گروپێـك، ئوممـەتێك - لـە ریزیـشیاندا ئوممەتـە موسوڵمانەکە - دادی کۆمەڵایەتی نەهێنێتە دی، بۆچی بژی؟!

ئەبولحەسـەنی خـەزرەجی دەڵـێ : لـە گـەڵ دادپەروەریـدا دەسـەڵاتی کـافر بەردەوام دەبێت، بەڵام لەگەڵ ستەمدا دەسەڵاتی ئیسلامیش نامێنێت!

---

بیروباوەڕ! وەکو ئەوەی لە مەسیحێتی و شیعەگەرێتیدا هەیە کوردایەتی هاتە خواروتر بۆ (شتی ماددی) کە بریتی بو لە ئیستیغلال کردنی کوردایەتی و شۆڕش بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی تاك کەسیی گەندلان!!

لەشکری ئیسلام، کە لە نیوەدورگەی عەرەبەوە هاتە دەرەوە بۆ قوتار کردنی گەلان بو لە زوڵم و ستەم، ئەمما وەرگرتن، یان رەفز کردنەوەی ئیسلام، ئەوە وازلێهێنرابو بۆ ئەو گەلانەی خۆیان، هیچ گەلێك ناچاری وەرگرتنی ئەم دینە نەکرا، تەنها ئەوە دەخرایە پێش هەموان : موسوڵمان بن، ماف و ئەرکتان وەکو خۆمان دەبێت، ئەگەر نا جزیە بدەن.. چونکە موسوڵمانیش زەکات دەدات و دەشبێتە سەرباز و دەچێتە جەنگ بۆ رەتکردنەوەی ستەم و بەرگریی لە موسوڵمانان و لە غەیرە موسوڵمانانی ناو کۆمەڵگەکەی..

لەم روانگەوەیە کە لە سەرچاوەکانی ئاراستەو پەروەردەی موسوڵماناندا ئەو هەمو دەقەی قورئان و حەدیس دەبینیت، کە زۆر بە توندی دژی ستەم دەوەستنەوەو، وا لە موسوڵمان دەکەن، کە نەوێرێت توخنی هیچ جۆرێکی بکەوێت..

قورئانی پیرۆز چارەنوسی هەردو لایەنی ستەمکارو ستەملێکراوی کردوە بە یەك! ئەو ستەملێکراوانەی لەسەر زوڵم و زۆردارییەك، کە لێیان دەکرا بێ دەنگ دەبون و خۆیان کڕ دەکرد!! بۆیە ئەوەتا یەك حوکمی داون و یەك شوێنی دۆزەخی بە نسیب کردون!! نابینیت چۆن بە هەڕەشەوە دەفەرموێ :

ـ (إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ قَالُوا۟ فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُوا۟ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ قَالُوٓا۟ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةً فَتُهَاجِرُوا۟ فِيهَا ۚ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ) النساء/٩٧ واتە: ئەو کەسانەی فریشتە گیانیان کێشان، کە ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردبو، پێیان وترا ئێوە چی بون؟! بۆچی چارەنوستان وایە؟! وتیان : لە وڵاتی خۆماندا موستەزعەف بوین! فریشتەکان پێیان دەفەرمون : چما سەرزەمینی خوا ئەوەندە بەرفراوان نەبو ئێوە هیجرەتی تێدا بکەن؟! ئەوانە جێپەنایان دۆزەخەو خراپترین چارەنوسیان دەبێت..

لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستە زەلیلانەدا قورئانی پیرۆز مەتحی ئەو کەسانە دەکات، کە هەڵوێستی جوامێرانەیان هەیەو ستەم و زۆرداریی رەفز دەکەنەوەو

پشتگیریی ئەو کەسانەش دەکەن، کە بەرەنگاری زوڵم و ستەم دەبێتەوەو خۆی بۆ ڕوبەڕو بونەوەی ئامادە دەکات، وەك دەفەرموێ :

ـــ ( وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ ٱلۡبَغۡيُ هُمۡ يَنتَصِرُونَ ﴿٣٩﴾ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعۡدَ ظُلۡمِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَا عَلَيۡهِم مِّن سَبِيلٍ ﴿٤١﴾ إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَظۡلِمُونَ ٱلنَّاسَ وَيَبۡغُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ) الشورى /٣٩ـ٤٢ واته : ئەو کەسانەی کە دوچاری ستەملێکردن بون هەوڵ دەدەن لەسەر خۆیانی لا ببەن، ئەوانە پشتگیریی دەکرێن و سەردەخرێن. خراپە سزاکەی بەرابەرێتی، بەڵام هەر کەسێك لێبوردن پێش خات و چاکسازیی بکات، ئەوە حەتمەن پاداشتی لای خوای گەورەیە، خوای گەورە ستەمکارانی خۆش ناوێت. ئەمما ئەو کەسانەی دوای ستەمیان لێ کراوەو مافی خۆیانە هەقی خۆیان بکەنەوە بەو مەرجەی زێدەڕۆیی تێدا نەکەن، ئەمما ئەو کەسانەی ستەم دەکەن و لە سنوری ماف و ئەرکی خۆیان دەردەچن، ئەوانە بە تەئکید بەرپرسیارن و دەبێ تەحەمولی سزاکەیان بکەن، سزاشیان زۆر بە ژانە..

پێغەمبەری پێشەوا ﷺ زەلیلی ئوممەت و سەرنەخستنی پەیامەکەی و پشتگیریی نەکردنی ئیماندارانی لە بەرەنگاربونەوەی ستەمکارییدا بە نیشانەی مەرگی ئوممەتەکە داناوەو وای هۆشداریی داوە، کە ئەگەر ئوممەتەکەی وای لێ هات ئیتر هەنجەتی مانی نامێنێت.. مردنی باشترە :

ـ (إذا رَأَيتَ أُمَّتِي لا يَقُولُونَ لِلظَّالِمِ مِنْهُم أَنْتَ الظَالِمُ فَقَدْ تُوَدِّعَ منهَا) أحمد[1] واته : ئەگەر ئوممەتەکەمت دی بە ستەمکار نالێت تۆ ستەمکاریت، ئەوە وازی لێ هێنراوە (دەستی لێشۆراوە)!

---

[1] نوسەری بەڕێز نوسیویێتی : (مسند أحمد (تصنيف الساعاتي ب ١٩ ل ١٧٥) بەڵام لە دوای بەدوداچونم بۆم دەرکەوت، کە ریوایەتی تریشی هەیە وەك : (إذا رأيتَ أمتي تَهابُ الظالم أن تقول له أنت ظالم فقد تودع منهم) ریوایەتی عبدالله کوڕی عمرو کوڕی العاص هەیسەمی بۆ پیاوانی سەنەدەکەی دەفەرموێ (رجال الصحيح) بۆ ریوایەتەکەی ئیمامی ئەحمەدیش هەر وای فەرموە،

ـ هەروەها دەفەرموێ : (إنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ لا يُعَـذِّبُ العَامَّـةَ بِعَمَـلِ الخَاصَّـةِ حَتَّـى يَسْتَطِيعَ أنْ تُغيرَ علَى الخاصَّـةِ فـإذا لَـمْ تُغَيِّـر العامَّـةُ علَـى الخاصَّـةِ عَـذَّبَ اللهُ العامَّـةَ والخاصَّـةَ)[١] واتـە : خـوای گـەورە لەبـەر هـەبونی خراپـەکاریی هەنـدێك، هـەمو خەڵکەکـە سـزا نـادات، مەگـەر لەگەڵیانـدا راهـاتبن و هـەوڵی گـۆڕینی خراپـەی ئەوانیان نەدابێت، ئەگەر خەڵکەکە بە گشتی ڕێیان لە کەمینەکە نەگرت، ئـەوە بە تەئکید خوای گەورە سزای خەڵکە زۆرەکەو کەمینەکە پێکەوە دەدات..

بەرهەمی جوانی ئـەم پـەروەردە خواویـستیە ڕەسـەنە لـە نـەوەی یەکـەمی موسوڵمانانـدا چی بو؟! یەکەمین دیاردەی ئاشکراو ڕونی بریتی بو لە پشتگیریی کردنـی هـەق و سەرخـستنی دادپـەروەریی، کۆمەڵگـەی ئیـسلامی لـە هـەمو سـەردەمی پێغەمبـەرێتی و کـاتی خولـەفای راشـیدیندا خـوا لێیـان رازی بێـت شەیدای دادی خواویستی و یەکسانی بون وخولیای ڕاپەڕاندنی بـون، هەڵوێـستی ڕەسەنیان دەرهەقیان دەنوانـدو لـە پێناویـدا بـێ باکانـە قوربانیـان دەدا.. بۆیـە دەبینیت گوێڕایەڵی حاکم پەیوەست بوبو بـە لـڕی چەسـپاندنی دادپـەوەریی و ڕیـز گرتنیـەوە لـە ئـازادی و مـاف وئـەرکی خـەڵکی! سـەیدنا عومـەری کـوڕی خـەتتاب لـە کـۆڕی خۆیـدا بـو، راوێـژکاران و پیاومـاقوڵانی یـاوەران دەوریـان لێدابو، پێی فەرمون : (ئەرێ ئەگەر لە هەندێ کاروباردا چاوپۆشیتان لێ بکەم، چی دەڵێن؟ هەمو بێدەنگ بون دو جاری ئەمە فەرموەوە، ئەوجا بیشری کوڕی سەعد خوا لێی رازی بێت گوتی : ئەگەر وا بکەیت وەك تیر ڕێکت دەکەینـەوە!

---

بڕوانە (مجمع الزوائد ٢٦٥/٧) ریوایەتێکی تر دەفەرموێ : (إذا رأيتَ أمَّتي تهابُ الظالِمَ أن تقول له : أنت ظالمٌ فقد تودع منهم) هەر ریوایەتی عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی عاسە بە توێژینەوەی شێخ ئەحمەد شاکری میسری کە وەکو شێخی ئەلبانیەو تەحقیقی (مسند أحمد) ی کردوە، ئەو دەڵێ : (إسناده صحيح)..

[١] مسند أحمد ب ٤ ل ١٩٣، ریوایەتی دیکەی هەیە وەکو (إنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ لا يعذِّبُ العامَّة بعمل الخاصة حتَّى يَرَوا المنكَرَ بين ظهرانيهم وهم قادرونَ على أن ينكرون، فإذا ذلك فَعَلا عَذَّبَ الله الخاصَّة والعامَّةَ) کە ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداود ریوایەتیان کردوە.

سەیدنا عومەری گوتی : دەی بەڕاستی ئێوەن، بە ڕاستی ئێوەن[١].. یەعنی ئێوەن پیاوانی سەرڕاستی ئوممەتەکە..

ئەمە وەنەبێت هەڵوێستێکی دەگمەنی کەم ڕوداو بوبێت، نا، دەیان هەڵوێستی تری ئاوا هەر لە ژیانی خیلافەتی سەیدنا عومەردا دەبینیت، چونکە سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب هەر ئەوەندە نەبو، کە حاکمێکە، بەڵکو پەروەردەکارو ئاڕاستەوانێکی بەهێز بو، سوربو لەسەر چەسپاندنی بەهاو نەریتی خواویستی لە سیستمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئوممەتەکەدا، دەیویست ئازادی و بوێریی و پاراستنی بنەما دینیەکان وەك لە دڵ و دەرونی تاك تاکی موسوڵمانانندا ڕۆچون، لە ناخی کۆمەڵگەکەشیاندا ڕۆچن، تا تەوەری ژیانی تاك و کۆیان، تا ئاڕاستەی کۆمەڵگەو دەوڵەتیان بەرەو چەسپاندنی زیاتری ئازادی و دادی خواویستی بێت، ئەمەی ئاوا لە سەیدنا عومەردا بەرجەستە بوبو، لە هەمو مێژوی ئیسلامدا، لە کەسێکی دیکەی وەکو ئەو زاتە بەڕێزەدا بەرجەستە نەبۆوە..

★★★

## سێیەم بواری پشتگیریی : پشتگیریی ئازادی

پشتگیریی ئازادی لە بەرامبەر ستەمی دیکتاتۆرییدا، ئەم مەیدان و ڕەنجە، کە پشتگیریی ئازادیی بیرە، بە عەمەلی کردنی عەقیدەی یەکخواپەرستی (تەوحید) و درەوشاندنەوەیەتی لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی پڕ ئەماندا،، ئامانج لەمە هەست کردنی هەموانە بەو بارودۆخ و کەشەی، کە دەبێت هەمو هەستی پێ بکەن، کە هیچ فەرق و جیاوازیەکیان لە نێواندا نیە، نە لە نێوان تاك تاکە جۆربەجۆرەکانیاندا، نە لە نێوان کۆمەڵ و مەزهەب و دەستەی ئینیتمای تری

---

[١] کنز العمال ب ٥ ل ٦٨٧ ـ ٦٨٨.

کۆمەڵایەتیاندا، بەمەش مانەوەو پارسەنگی ئەم بنەمایە، دەبێتە بەرپرسێتی هەمو لایەك، ئەمەش یەعنی رێگرتن لە دروست بونی چینایەتی. لەبەر ئەم خاڵە سەرەکیە گرنگەیە، کە دیار نەمانی ئازادی بە دیارنەمانی یەکخواپەرستی (تەوحید) ەکە دەژمێررێت، چونکە ئەوی خواناسە لە غەیری خوا ناترسێت، تین و فشار هێنان ترس و بیم دروست دەکات و، کاریگەریی لەسەر پاکی عەقیدەکە دروست دەکات، چونکە قەهرو بیم وا لە خەڵکەکە دەکات، لە غەیری خوا بترسن و بتۆقن!

لەم ڕوانگەوەیە، کە ئیمامی تەبەری لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا، کە دەفەرموێ : (يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗا) النور / ٥٥ واتە : بەو مەرجەی بمپەرستن و شەریکم بۆ بڕیار نەدەن، دەفەرموێ : بەو مەرجەی تەنها لە من بترسن و لە ستەمکاران و خەڵکی زاڵم و دەسەڵاتدار نەترسن[١]..

ئەمە بەرپرسێتیەکی گەورە دەخاتە سەر بەرپرسانی ئاڕاستەوانی ئیسلامی وپەروەردەکارانی، ئەمان دەبێ لە خەڵکی دیکە زیاتر شەیدای ئازادی بن ونەشونما بە حەزی ئازادی بدەن، دەبێ بەقەدەر ئەوەندەی، کە بەرگریی لە ناموس وئابڕو دەکەن، ئەوەندەش بەرگریی لە بەهای ئازادی خەڵکی بکەن، لەم ڕوانگەوەیە، کە دەبێ بایەخی زیاد بە ئازادی بیرو سەربەستی ڕا بدەن، چونکە هەر ئوممەتێك پشتگیریی ئازادی بو بە توخمێکی پێکهاتەی، رێزی رەخنە گرتنی لا دەبێت، قەدری بەخۆدا چونەوە دەزانێت، کە بە زاراوەی ئیسلامی (تۆبە) کردنە! ئازادی بیرە، کە جورئەتی ڕەخنە گرتن لە ئوممەتەکەدا دەڕوێنێت و گەشەو نەشونمای پێ دەدات، ئەگەرخەڵکی مومارەسەی بوێرانەی ڕەخنەیان کرد، ئوممەتەکەیان بەوە هەمیشە تەندروست دەهێڵنەوە! ڕەخنەگرتنەکەیە، وا دەکات هەڵەکان کۆنەبنەوە، یان گلەیی وگازاندەکان نەبنە ئاگربژێن (بورکان) و، لە ناکاودا بتەقنەوەو ببنە مایەی فیتنەو شەڕی

---

[١] الطبري : التفسير ب ١٨، ل ١٥٨ ـ ١٥٩.

ناوخۆو، مایەی هەڵتەکانی قەوارەی ئوممەت و لەبەر یەك هەڵوەشانی! لەبەر ئەمەیە، کە دەڵێین دەبێ بەرپرسانی پەروەردەو ئاراستەی ئیسلامی، هەمیشە شوێنکەوتوانی ئیسلام لەسەر ئازادی بیرو سەربەستی را، پارسەنگانە پەروەردە کەن، تا ئەو وەسفانەیان بەسەردا بچەسپێت، کە ئەم ئایەتانە ئاماژەیان پێ دەکەن : (وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسۡنٗا ) البقرة/ ٨٣ واتە : هەروەها قسەی جوان لەگەڵ خەڵکیدا بکەن، یان : (وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ ) النحل / ١٢٥ واتە : بەوەی کە جوانترین شێوازە لەگەڵیاندا بدوێ. هەروەها : (وَقُل لَّهُمۡ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ قَوۡلَۢا بَلِيغٗا ) النساء / ٦٣ واتە : بە وتەیەکی کاریگەر بیاندوێنە..

ئەگەر بەم شێوەیە، لەم ڕوانگە قورئانیەوە ڕەخنە گیراو ڕادەربڕرا ئەو کاتە ڕەخنەگرتن ڕەفتارێکی تەندروست و بیناساز دەبێت، دیاردە کۆمەڵایەتیە ناقۆڵاکان دەخاتەوە ڕو، هەڵەکان دێنێتەوە پێشەوەو داوای راست کردنەوەیان دەکات، گەندەڵیەکان بە شێوەیەکی مەسئولانە دەخاتەوە بەر باس و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون، ئەو کاتە ڕەخنەگرتن نابێتە مەیدانی شەڕە قسەو جنێو بوختان، هەڵبەستن و دوزمانی و فیتنەنانەوە! هەڵەش ئاوا ڕاست دەکرێتەوە، ئاوا کوچەی بنبەستی نەفس و ڕێچکەی خوارو دزە ڕێیەکان ئاشکرا دەبن و ڕێبوارانی نیوەشەویان ناچار دەبن، تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە سەر ڕێی راست..

لە چۆنیەتی و هۆی هاتنە خوارەوەی زۆر ئایەتی قورئاندا هەست بە هاندانی ئازادی بیرو سەربەستی ڕا دەربڕین بە شێوەیەکی بەپێز دەکرێت، لە سیرەدا دەخوێنینەوە کە نوسەیبەی کچی کەعب، کە بە ئوممو عیمارە بەناوبانگ بو، ئەو شۆڕەژنەی خاوەنی هەڵوێستە جیهادیە ئازاکانی ئوحود و جەنگەکانی پاشگەزبوەکان بو، بە ئەدەبەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەپرسێت : ئەرێ ئەی پێغەمبەری خوا، بۆچی لە قورئاندا هەر باسی پیاوان دەبیستین و باسی ژنانی تێدا نیە؟! دەسبەجێ ئەو ئایتە دێتە خوارەوە کە دەفەرموێ : (إِنَّ

ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْقَٰنِتَٰتِ وَٱلصَّٰدِقِينَ
وَٱلصَّٰدِقَٰتِ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَٰتِ
وَٱلصَّٰٓئِمِينَ وَٱلصَّٰٓئِمَٰتِ وَٱلْحَٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَٰفِظَٰتِ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ
كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ) الاحزاب / ٣٥ واته : پیاوان و ئافرەتانی موسوڵمان، پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار، پیاوان و ئافرەتانی ملکەچ وگوێڕایەڵ، پیاوان وئافرەتانی راستگۆ، پیاوان وئافرەتانی بەئارام وخۆگر، پیاوان وئافرەتانی لەخواترس، پیاوانو ئافرەتانی خێرخوازو بەخشندە، پیاوان وئافرەتانی رۆژووەوان، پیاوان و ئافرەتانی داوێن پاك، پیاوان وئافرەتانی دەم بە وێردو زیکری خوا، خوای گەورە لێبوردنی خۆی دەکاتە خەڵات بۆ هەمویان و بەدڵنییایەوە پاداشتی زۆریشیان دەداتەوە..

لەگەڵ ئەو قەناعەت و باوەڕو دڵنیاییەی، کە هەمانە بەوەی، کە زانستی خوا تەواوەو دەورەی هەمو شێتکی داوە، بەڵام لە ئایەتو هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە (کە وەڵامدانەوەی داواکارییە بە ئەدەبەکەی ئەو ئافرەتە سەحابییە بەڕێزە بو خوا لێی رازی بێت) هەست پێ دەکرێت، کە خوای گەورە دەخوازێت بە ڕوداوێك ئوممەتەکە ئاڕاستەی خاڵێکی تری بیناسازیی بکات، هەروەکو، کە حیکمەتو ویستی خوای گەورە زۆر جار وایە، بە ڕوداوەکان ئەو نەوە چاکەی یاوەرانی بۆ پێکهێنانی نمونەیی ئوممەتەکە ئاڕاستە دەکرد! ئەم پرسیارو وەڵامدانەوەیەش لەو بوارەدایە، ئەم ڕوداوە پەندو ئامۆژگاریی ودەرسی زۆری دەربارەی ئازادی ڕاو جورئەتی دەربڕین تێدایە، با ڕاوبۆچون و پرسیارێکی سەیری ئافرەتێکیش بێت! با ئەو بابەتەی پرسیارەکەشی دەربارە کراوە، وەحی خوای زاناو داناش بێت! ئەگەر ئەمە بواری پرسیاری ئافرەتێك هەڵبگرێت، کەوابو هیچ شتێکی موسڵمان (حاکم بێت یان حوکم کراو) نامێنێت لە رەخنەو پرسینەوەی مەسئولانە بەدور بێت..

ژیان لە سەردەمی پێغەمبەرێتی و خولەفای راشیدیندا ئاوا دەڕۆیشت، بۆ نمونە، کە سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت بو بە خەلیفە، ئەبوعوبەیدەی کوڕی الجەڕاح و مەعازی کوڕی جەبەل خوا لێیان ڕازی بێت، نامەیەکی هاوبەشیان بۆ نوسی، کە هەموی یادخستنەوەی بو لەسەر گرنگی و کاریگەریی ئەو مەسئولیەتەی کەوتۆتە سەر شانی! هۆشداریدانی بو لەوەی نەکا کەمتەرخەمی تێدا بکات! لەو خاڵانەی تێیدا هاتبو، دەڵێن : (ئەوا بەرپرسێتی ئەم ئوممەتەت کەوتە سەرشان، هەمو ئوممەت، سورو ڕەشی، پیاوماقوڵ و ڕەشۆکی ئوممەتەکە هەمو دێنە لات، هەروەها دۆست و دوژمنیش، هەر هەموشیان پشکی خۆیانیان لە دادپەروەریی لێت دەوێت، جا ئیتر عومەر گیان چییان لێ دەکەیت؟ ئێمە حەزەری ئەو رۆژەت دەدەینێ کە ڕەنگ و روی خەڵکی تێدا دەبزڕکێت و زەرد هەڵدەگەڕێت، کە دڵان وشك دەبن و هەنجەتی دەسەڵاتێك بن، کە بە هێزی بازو دەمکوتی کردبون! ڕۆژێکە، کە هەمو خەلایق کش و ماتن ولە سزاو خەشمی خوا تۆقیون وئومێدیان هەر بە ڕەحمەتی ئەوە)!

کە نامەکە گەیشتە دەستی سەیدنا عومەر، خۆی بە هەیبەتی خیلافەت گێف نەکردەوەو خۆی مۆن نەکرد! بەڵکو سوپاسی نوسەرانی لەسەر ئامۆژگاریی و بیرخستنەوەکەی کردو بۆی نوسینەوە، کە بێ خەم بن ئامۆژگاریەکەتانم لە گوێ گرتوە، ئینجا زیاتری بۆ ڕون کردنەوە کە : (بە نامەکەتان شەرم و ترستان لە خوا بیر خستومەتەوە، چاکتان کرد، دڵنیاتان دەکەمەوە کە نامەکەتانم لەو شوێنەدا داناوە، کە شایانێتی، چونکە لە دڵتانەوە هاتوە، ئێوە لەبەر خوا نامەتان ناردوە، ڕاستگۆشن تێیدا، تکایە نامەم لێ مەبڕن، زۆر پێویستیم پێتانە، والسلام علیکما)[1]

---

[1] الطبراني : المعجم الكبير ب ٢٠ ل ٣٢ ـ ٣٣ ژمارە ٤٥.

هەر وەکو وتمان نمونەی سەیدنا عومەر لە مێژوی موسوڵمانانـدا کـەم بـوە، ئەو زاتەش چونکە زانیویێتی ئەوی زەمانەتی پاراستنی بنـەماکانی دادو ئـازادی دەگرێتە ئەستۆ، دینداریی و تـەقوای حـاکم نیـە، بـەڵکو دارِشـتنی یاسـاو رِێـساو دامەزراندنی دەزگای وایە، کـە ببێتـە پـەرژینی ئـەو بنەمایانـەو بـەردەوامبونی (پــشتگیریی) یــان، بــۆ ئــەوەی نمونــەی حوکمێــك، یــان حاکمێــك بەســەر ئوممەتەکەدا نەسەپێت و، دەسەڵات بکاتـە حـوکمی تـاکرِەویی و بڵـێ تـا دەمـرم هـەر حـاکمم!! چـونکە ئـەوە یـەعنی مەعـسومییەتی لـە هەڵـەو پەڵـە، یـەعنی رِێنـەدان بـە رِەخنـە لێگـرتنی، حاڵـەتی نەخۆشـیی وا رەخنـەگرتن بـە تـاوان دادەنێـت و سـزای بـۆ دەبرِێتـەوە! رِەخنـە نـەگرتنیش یـەعنی بـەردەوام بـونی ستەم و دەستدرێژیی و سنور بەزاندن لە لایـەن حـاکمی سـەپاوەوە، جـا وڵات و کۆمەڵگەیەك حوکمێکی وای هەتا هەتایە بەسەرەوە بێت، دەبێـت هـەر لـە رِێـی شەرِو شۆرِو کودەتـای سـەربازییەوە ئـەو حاکمـە رِەزاقورسـە لاداو رِادا! ئـەوەش مەرگی ئوممەتە!

جا بۆ ئەوەی ئوممەت لەو زنجیرە فیتنەیە رِزگار ببێت، یان نەکەوێتە ئـەو گرێ کوێرانەوە، پێویستە پەروەردەی ئیسلامی وا ئاراستەی موسـوڵمانان بکـات، کە بە یاساو رێسای نـەگۆرِ هەڵبـژاردنی حـاکم و کۆمـەڵکارێتی سـەرکردایەتی و نـەریتی سیاسـی دیـاری کـات و بیـچەسپێنێت، هـەروەها مـاوەی حـوکمی حـاکم دیاری کات و، بایەخی ئەوەندە پێبـدات، تـا دەیگەیێنێتـە پلـەی نـوێ کردنـەوەی فـەرزە دینیـەکان! چـونکە ئارِاسـتەی گـشتی رِۆحـی شـورا وەکـو لـە قورئانـدا دەردەکـەوێت، وا دەخوازێـت، ئەمـەش ئـەو تێگەیـشتنە واقیعیـە قوڵەیـە، کـە سەیدنا عومەری کورِی خەتتاب لێـی تێگەیـشتبو، بۆیـە دەیگـوت : (لا خِلافَـةَ الا مِن مَشوَرَة)[1] واتە : خیلافەت بۆ کەسێك نیە، کە بە راوێژ نەیگرتبێتە دەست!

[1] المتقي الهندي : كنز العمال ب ٥ ل ٦٤٨ ژماره (١٤١٣٦)

لـە ڕاسـتیدا سیـستمی سـەرۆکایەتی و ئـەو دەزگـاو دائیرانـەی یاسـادانان و ڕاپەڕاندنـەوەی، کـە پێـوەی پەیوەسـتە، کـە ئوممـەتانی تـری غـەیرە موسـڵمان گرتویانەتەبەر (وەك ئەوەی ئێستا لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئـەمریکا هەیـە) نزیکترین شێوەی ئیدارەو حوکمە لە سیستمی ئیسلامیەوە، زۆر لەوانە نـزیکترە لە ئیسلامەوە، کە ئێستا بە ناوی ئیسلامیەوە حـوکمی وڵاتـی موسـوڵمانانی پـێ دەکرێـت، کـە هـەمویان هـەر گەڕانـەوەن بـۆ سـەر داب و نـەریتی تـیرەو هـۆزو ڕەگەزپەرستێتیەکەی! هەمویان وەکو سیستمی ئیدارەی عەشایرگەریی سـەرۆك عەشرەت دەسەڵاتی ڕەهایە! سەرۆك عەشرەت بە تەنها کەسی سیاسی و خـاوەن سامان و میرات بەشکاریی عەشرەتە!! پێش مردنی خۆی دەسەڵات دادەنێت بـۆ کوڕو کوڕەزاکانیشی!!

بوارێکی تری پشتگیریی ئـازادی وسەربەسـتی و وەسـاتدنی زوڵـم و سـتەم و ڕوبـەڕو بونـەوەی دەسـتدرێژیی و سـنور بەزانـدن، ئەوەیـە کـە پـەروەردەی ئیسلامی لە ئاڕاستە کردن و گۆشکردنیدا، بایـەخ بـە ئـازادبونی نـەوەکان بـدات لە نەریتی باوکایەتی، بەوەی کە هەڵوێستی زانستیانەی شەرعی لـە ڕاجـوێیی و ناکۆکیـە مێژوییـەکانی ئیـسلامدا بگرێتـە بـەر، زانـستیانە سـەیری ئـەو هـەمو کەلـەپورە بکـات، کـە بـۆی ماوەتـەوە.. ئەمـەش پـێش هـەمو شـتێك ئـەوە دەخوازێـت، کـە بـە ژیرییـەکی ئـازادو چـاوێکی کـراوەو دیـدێکی ڕونـەوە بڕوانێتەوە هەڵوێستەکان، نەك کوێرانەی تەقلییدی! دەبـێ حەقیقـەتی وەلائـی ئیـسلامی بهێنێتـەوە پـێش، وەکـو قورئـان دەیـەوێت، کـە بـۆ خـواو پێغەمبـەرو موسوڵمانانە،، دەبێ ئازایانە خۆی لەو قسەیە قوتـار کـات، کـە بۆتـە ڕێـسایەکی شەرعی درۆزنە، کـە لـە ڕاسـتیدا هـەر ماددەیـەکی سـڕکەرەو بـەس! کە دەڵێ : (دەبێ خۆمان لە ناکۆکیەکانی سەلەف بەدور بگرین و ڕاجوێییەکانیان بدەینـە دەسـت خـوای گـەورە) ئینجـا واش پالانتـە بکرێـت، کـە (ئەمـە هەڵوێـستی شەرعیانەی ئەهلی سوننەت و جەماعەتـە) لـە هـەمو ئـەو ئیختیلافاتانـەی، لـە لایەنەکانی فیکرو سیاسـەت وحـوکم و ئابورییـدا هـەبون! ئەمـە وا نیـە، ئەمـە

هەڵەیـەکی مێـژویی کوشـندە بـو، کـە ئـەو دیـدو بۆچـونە هێنایـە دی، کـە ئازادکراوانی دوای ئازادکردنی مەککە (کە پێیان دەوترا الطُلَقَاء) و ئەمەویەکان خستیانە پێش و، وەکو هەڵوێست گرتیانە بەرو، بو بـەو ڕێسایەی زۆر هـەقی قورئانیی کرد بە ژێرەوە!! چونکە ئەم قسەیە دو شت تێکەڵ دەکات، کـە حـەق لە نێوانیاندا بزر دەبێت، ئەوانیش (لەعنەت کردن) و (ڕەخنەگرتن) ن! ئەوەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بەرهەڵستیان لێ کـردوەو، نەیانهێـشتوە ئوممـەت بـۆ ڕازیکردنـی حـاکم و ختوکـەی بـوغزی مونحـەریفی تێـی کـەوێت، لەعنـەت کـردن بـو لـە ناحـەزانی دەسـەڵات (موعـارەزە)، چـونکە لەعنـەت کـردن، کـە نەفرین و داوای دور خستنەوەی ناوبراوانە لە ڕەحمەتی خوا، جگە لـەوەی، کـە سـنوربەزاندنی عەبـدە، لەگـەڵ ڕەفتـارو ڕەوشـت وکەسـایەتی پارسـەنگی موسوڵماندا یەك ناگرێتەوە، خوای گەورە، کە بەرهەڵستی لە جنێو دان بە کافر کردوە، ئیـدی چۆن دەبـێ لـە موسـوڵمان بکرێـت؟! ئـەوەی کـە زانایـانی ئـەهلی سوننەت و جەماعەت قەدەغەیان کردوەو نەیانهێشتوە ئوممەتکەی تـێ کـەوێت ئەمەیـە، نـەك ڕەخنـە گـرتنی ئیجـابی (پـۆزەتیف).. ڕەخنـە گـرتن مـافی ئوممەتەکەیە، ڕەخنە گرتن بریتیە لە باس کردنی دیاردە ناقۆڵاکان و بەرچاو خستنیان بۆ توێژینەوەو بەدوداچون، بە ئومێدی ڕاست کردنـەوەو گێڕانـەوەی ماف و ئەرك و دەسەڵات بۆ جێـی خۆیـان، ئەمـەش داواکـراوی شـەرعە، کـە بـۆ بەردەوامبونی پارسەنگی ژیانی کۆمەڵگەکە ڕێسای خۆی بـۆ دیـاریکردوە، ئەمـە (تۆبەی فیکریی) یە، تۆبەی فیکرییش پـێش تۆبـەی ڕەفتـارو کـردارە، چـونکە ئەسـڵە، یەکـەمین هـەنگاوی ویـست و ئـیرادەی واز هێنانـە لـە هەڵـەو یەکـەمین بڕیاری ڕاست کردنەوەیەتی..

ئـەم قـسەیە: (دەبـێ خۆمـان لـە ناکۆکیـەکانی سـەلەف بـەدور بگـرین و ڕاجوێییـەکانیان بدەینـە دەسـت خـوای گـەورە) بۆچـونی ئـەهلی سـوننەت و جەماعەت نیە، ئەوە قسەی مەلای موچەخۆری سوڵتانەکانە، ئـەوە هەڵوێـستی مەلای ڕەسمییە، کـە لـە دوای سـەردەمی راشـیدیی لـە نـاو ئوممـەتی ئیـسلامیدا

بونە دەمڕاست!! کە بە درێژایی مێژوی ئیسلام فەتوالێدەر بون! بە درێژایی مێژوی ئیسلام بە حاکمەکاندا هەڵزنا بون و لەبەر قاپییان کەتبون، چاوەڕێی ئاماژەیەکی حاکمیان دەکرد، تا یەك دو فەتوایان بۆ لێدەن!! فەتوای راپسکانی دەسەڵاتی ئوممەت و زەوت کردنی سەروەت و سامانی میللەت و، خوێن بەفیڕۆدانی خەڵکی!! فەتوای شەرعاندنی باتڵ و خوارکردنەوەی ئەحکامەکانی شەرع بە شێوەیەك کە لەگەڵ هەواوهەوەسی سوڵتان و حاشیەو دەستەو دایەرەکانیدا بگونجێت! ئینجا لاف و گەزاف لێدانی ئەوە، کە گوایە ئەوە هەڵوێستی ئەهلی سوننەت و جەماعەتەو زانایان و شەرعناسانی ئەوان وایان فەرموە، بۆ ئەوەی ئوممەتەکە لە فیتنەو ئاژاوەو شەڕی ناوخۆیی دورخەنەوە!

ناونانی مەلای ڕەسمی بە زانایانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت هەڵەو هەڵوێستێکە، پێویستە ڕاست بکرێتەوە، چونکە ئەوانەی بە ڕاستی ئەهلی سونەت و جەماعەت بون ڕەوتێکی ڕەسەن بون و بون بەژێر تین و فشاری دەسەڵاتی سیاسییەوە، ئەهلی سوننەت و جەماعەت ئەو ڕەوتە فیکرییە کۆمەڵایەتیە بو کە دەیانی وەکو سەعیدی کوڕی جوبەیرو سوفیانی سەوریی و فوزەیلی کوڕی عەیازو عبداللەی کوڕی موبارەك پێشەوایەتیان دەکرد، ئەوانەی کە ئاڵاهەڵگریی ئەم رەوتەی ئەهلی سوننەت وجەماعەتە بون، تا بە زیندویی لە (مەیدانی کار) دا بە پێوە ڕایگرن و نەهێڵن دەسەڵاتی حاکم شەرع پێشێل کات، ئەمانە بون بە بزاڤێکی ئوممەتی رەسەن و کاریگەر لە بوارەکانی سیاسەت و ئابوریی و ئیدارەدا داوایان دەکرد (شەرع لەسەرو هێزەوەیە) هەروا بە نەگۆڕیی بمێنێتەوە! ئەمانە بون، کە بە ژیانی خۆیان بەرەنگاریی نەریتی تیرەو هۆزو دەسەڵاتیی میراتگریی عەشایرییان دەکرد کە دەخوازرا بێتە شوێنی سیستمە ئیسلامیەکە، ئەمانە بون هەمیشە حاکم و مەحکومیان بیر دێنایەوە، کە سیرەو سوننەتی پێغەمبەری پێشەوا ﷺ بریتی بو لە (زاهیدێتی حاکم لە پلەو سامان، بەردەوامی جیهاد بۆ سەرخستنی پەیامی خوایی و دامەزراندنی دادپەروەریی)..

بەڵام نوێنەرانی کلتوریی عەشایریی بە سەرۆکایەتی ئەوانەی لە مەککە ئازاد کران، توانیان بەسەر ئەم ڕەوتە سوننیەدا زاڵ بن و دەسەڵات بۆ خۆیان زەوت کەن و، سامانی گشتی بۆ بەهێزکردنی خۆیان ئیستیغلال کەن، ئینجا بکەونە چەوساندنەوەو پاکتاوکردنی سەرانی ڕەوتی سوننی و راوەدونانیان، ئەمەیە لێکدانەوەی شەهیدبونی دەیانی وەکو حوسەینی کوڕی عەلی و عبداللەی کوڕی زوبەیرو سەعیدی کوڕی جوبەیرو سوفیانی سەوری و ئەوانە.. دەسەڵاتی سیاسیی ئەمەوی و مەلای ڕەسمی بون، کە توانیان لە کاتێکی گونجاوی بەردەستیاندا ڕەوتی سوننی لە (مەیدانی کار) ەوە ببەنە (مەیدانی دەسبەتاڵیی)! لە فەرزێتی چەسپاندنی دادی کۆمەڵایەتیەوە بۆ رەفتارو رەوشتیە تاك کەسەکان و سوننەتی ئادابی کۆمەڵایەتی، لە ڕوبەڕو بونەوەی ئینحیرافی حاکمەوە بۆ پشت لە دنیا کردن و گۆشەگیریی سۆفیگەریی! لە فیقهی دیدی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەو بنەمای دەستورییەوە بۆ فیقهی حەیزو نیفاس و تارەت و دەسنوێژ، لە فیقهی پێکەوەنانی ئوممەتی موسوڵمان و پاراستنی پێکهاتەکانی و لە پاڵنەرەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابوریی و ئیدارییەوە بۆ نوسینی کتێبی فیقهی، چەندین بەرگی غوسڵ و نیەت هێنانی!! کە رۆژبەڕۆژ زیاتری لەسەر دەنوسراو مەزهەبی بۆ دروست دەبو، ڕۆژبەڕۆژ بە ناوی مەزهەبی ئەهلی سوننەتەوە لق و پۆپی گۆشەگیریی و بێ ئیشیی لێ دەبۆوە، لەولاوەش سیستمی حوکمی باوکایەتی عەشایریی بە ناوی ئەهلی سوننەت و جەماعەت و مۆری موختارە درۆزنەی مەلای ڕەسمیەوە، خیلافەت و سامانی خەڵکی زەوت دەکرد و بوارەکانی بیرکردنەوەو ئازادی باوەڕو سەربەستی رادەربڕینی تەسك دەکردەوە..

ڕەوتە ڕەسەنەکەی ئەهلی سوننەت و جەماعەتە، کە هەرگیز رێیان لە ئازادی بیرو سەربەستی را دەربڕین نەگرتوە، ڕێیان لە ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن نەگرتوە، بە پێچەوانەوە، هەمیشە خەڵکیان لەسەر ئازادی و ڕەخنەگرتن هانداوە، عبدالرحمانی کوڕی مەهدی، کە مامۆستای ئیمامی

شافیعی بو دەیگوت : (ئـەهلی زانـستی شـەرعی هەرچیی لـە قـازانجی خۆیـان و بەرامبەرەکانیانە دەینوسنەوەو تۆماری دەکەن، بەڵام ئەهلی هەواوهەوەس هەر ئەوە دەنوسنەوە، کە لە قازانجی خۆیانە)[1]!

ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەیگوت : (لاسایی من و مالیك و سەوری و ئـەوزاعی و ئەوانـە مەکـەرەوە، بـڕۆ لـەو سەرچاوەیەوە وەرگـرە، کـە ئەمانـە لێیان وەرگرتوە..)[2].

شـێخی ئیـسلام ئیبنـو تەیمییـەی رەحمـەتی وردەکارانـە جیـاوازی نێـوان (لەعنەت کردن) و (رەخنەگرتن) ی ڕون کردۆتـەوە، لـە زۆرینـەی کتێبەکانیـدا ئەوەی دوپات کردۆتەوە، بەڵام لـە بـەرگی (٣٥) ی فەتاواکەیدا لـە باسـی (قتـال اهل البغي) دا زیاتـر رەسەنێتی شەرعیی داوەتێ، هەر دەبـینی ئـەو لـە چـەندین شـوێنی کتێبەکانیـدا سیاسـەتی سـەیدنا ئەبوبـەکرو سـەیدنا عومـەری زیـاتر هەڵسەنگاندوەو هەمیشە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە فـەرزە موسـوڵمان ئیقتیـدا بەو دو خەلیفە پێشەوایە بکات، کەچی دەبینیـت هـەر ئـەم ئیمامـە بـەڕێزە لـە باس و هەڵسەنگاندنی سەیدنا عوسمانی کوڕی عـەففان و سـەیدنا عـەلی کـوڕی ئەبو تالیبدا وا ناڵێ! بە پێچەوانەوە، چونکە لـە هەڵوێـست و رەفتـاری ئەوانـدا راجـوێیی زۆرو تەفرەقـە دروسـت بـو، دەڵـێ : ئیقتیـدایان فـەرز نیـە! دەڵـێ : (ئەبوبەکرو عومەر بە سۆزو هێز ئوممەتەکەیان ئاڕاستە دەکـردو، دوربـون لـە تـەئویل کردنـی خـوێن رشـتن و بەهـەدەردانی سـەروەت و سـامانی بـەیتولمال، ئەمما عوسمان حەزی زاڵ کردو بەشکردنەوەی سەروەت و سامانی تەئویل کرد، لـە کاتێکدا عـەلی ترسـی زاڵ کـردو مەسـەلەی خـوێن و تۆڵـەی تـەئویل کـرد.. ئەبوبەکرو عومـەر لـە خـاوەنێتی سـامان و حـەزی دەسـەڵاتدا زاهیدێتیەکـەیان

---

[1] ابن تيمية : اقتضاء الصراط المستقيم/ بيروت ـ دار المعرفة ل ٧..
[2] ابن القيم الجوزية : إعلام الموقعين/ بيروت ـ دارالجيل ب ٢ ل ٢٠١.

کامڵ بو، ئەمما عوسمان زاهیدێتیەکەی، تەنها لە سەرۆکایەتیدا بو، عەلیش زاهیدێتیەکەی تەنها لە سەروەت و ساماندا بو..)[١].

ئیبنوتەیمییە هەڵسەنگاندنێکی وردتری بۆ دیدو هەڵوێستی ئازاد کراوانی مەککە هەیە، ئەوانەی کە لە دوای ئازاد کردنی مەککە (ساڵی ٨ ی کۆچی) موسوڵمان بون! لەعنەت کردنیان بە شیاو نازانێت، بەڵام رەخنەی زۆر توندیان لێ دەگرێت، راشکاوانە رەخنە لە معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان و عەمری کوڕی عاس و ئەوانی دیکە دەگرێت، بە پێڕی دەستدرێژ (الفئة الباغیة) یان ناوزەد دەکات[٢]، بە ئاشکراو راشکاوانە دەفەرموێ : (معاویە هاوکوف (شیاوی بەرامبەر) ی عەلی نەبو)[٣]، معاویە یەکەمین کەس بو کە خیلافەتی کردە پاشایەتی، ئەمە شتێك نیە لە بنەماکانی شەرعدا جائیز بوبێت، ئەمە وازهێنانە لە هەندێك لە فەرزە سەرەکیەکانی دین..) ئینجا لەسەر دژواریی ئەم خاڵە دەدوێ و پاشان دەفەرموێ[٤] : (هەر کاتێك چارەنوسی موسوڵمانان بکەوێتە دەست پاشایەتی و نوێنەرو والی و قازی و ئەمیرەکانیان، ئەوە هەر نیشانەی ئەوە نیە، کە ئەوانە خۆیان کەم و کورتن، بەڵکو ئەوانیش و ئوممەتەکەش کەم و کورت بون، چونکە ئەوە رێسایە کە ئێوە چۆن بن حاکمی وا دەبێتە سەروکارتان! وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : (وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا) الانعام / ١٢٩ واتە : هەر ئەئاوا هەندێك ستەمکار دەکەینەوە بە سەرۆکاری هەندێك ستەمکارانی دیکە!!

★★★

---

[١] ابن تیمیة : الفتاوی/ کتاب قتال أهل البغي ب ٣٥ ل ٢٢ ـ ٢٣.
[٢] هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٥٨، هەروەها ٧٦.
[٣] هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٧٣.
[٤] هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١٩ ـ ٢٢.

## چوارەم بواری پشتگیریی : پشتگیریی موسوڵمانی بەرەنگار لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە

ئەمە پشتگیریی کردنی دەزگاکانی پۆلیس و ئەمن و سوپایە بۆ ئەو موسوڵمانانەی بەرامبەر (کەسایەتی) حاکمی ستەمکار و (ئیستیغلال کردنی (شتی ماددی) وەستاونەتەوە..

بۆ ئەوەی بیروهۆش و هەستی پشتگیریی لە واقیعێکی کۆمەڵایەتیدا بەرجەستە ببێت، کە خەڵکی هەستی پێ بکەن و، لەگەڵیدا هەماهەنگ بن و بخرۆشێن، دەبێ دەزگاکانی ئەمن و ئیدارەی پۆلیس و سوپا بەرپرسێتی (مرۆڤایەتی مرۆڤە موسوڵمانەکە) بن و، ماف و ئەمانی بپارێزن، تا بتوانێت وزەی خۆی لە ناو کۆمەڵگەکەدا ئاسان و ئازاد بخاتە گەڕو، هەبونی خۆی و کاریگەریی کەسایەتی بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگەکە بسەلمێنێت، تا بتوانێت خۆی شیاوی ئەوە بکات کە پەیامی خوایی لە دەرەوەی کۆمەڵگە موسوڵمانەکەی خۆی هەڵگرێت[1]..

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە قورئانی پیرۆز زۆر ئاشکراو راشکاو، ڕێ لە کەم کردنەوەی ڕێزی مرۆڤایەتی مرۆڤ دەکرێت، زۆر دژی چەوساندنەوەیەتی، دژی جاسوسیی لەسەر کردنێتی، دژی نەفی کردن و دورخستنەوەیەتی، دژی بێڕێز کردنێتی، دژی غەیبەت کردنێتی!! ئەمانە کە بەرامبەر مرۆڤێك دەکرێت، بکەرەکانیان بە تاوانبار دەناسێنێت، سزای بۆ داناون! هەڕەشەی توندی قیامەتی لەو کەسانە دەکات کە، ئەو تاوانانە ئەنجام دەدەن!!

---

[1] ئەمە ئەو ئەرکەیە کە دائیرەی ئەمن و پۆلیسی لە ئیسلامدا بۆ دامەزراوە، نەك جاسوسی کردن و ڕاپۆرت نوسین و فڕاندن و ئەشکەنجەدان و جەللادێتی زیندان، نەك بون بە تانجی راوی حزب و سەگی هاری حاکم! وەکو کە ئێستا هەیە.. جا بزانە راست کردنەوەی ئەم چەمکانەو بیناکردنەوەی ئەم دەزگایانە چەندی دەوێت؟! ئینجا بزانە کاری ئیسلامەتی ئێمە چەند قورسەو ڕێمان چەند دورەو چەندمان کات و وزە دەوێت؟!

پێغەمبەری پەروەردەکاریش ﷺ بە هەمان چۆنێتی و چەندێتی، جەختی لەسەر نان و ئەمان و ماڤ خەڵکی دەکاتەوە، ئەو زاتە پاکە کە حاکمی سیاسیی و دەسەڵاتدارە، نەك هەر جاسوسیی هان نادات، بەڵکو بە هۆکارو پاڵنەری خراپەکاریی ناو خەڵکی دەداتە قەڵەم :

ـ (إِنَّ الأَمـيرَ إذا ابْتَغَى الرِّيبَـةَ في النَّاسِ أَفْسَدَهُمْ ) [١] واتـە : ئەگەر ئەمیر توێژینەوەی گومانی خۆی لەخەڵك مەبەست بێت، توشی خراپەیان دەکات.. یەعنی ئەگەر بە ناو خەڵکدا گەڕا (چ خۆی چ بە ناردنی جاسوس) بۆ ئەوەی ئەو گومانەی لە کەسانێکی هەیە ساغی کاتەوە، ئەوە وا لە خەڵکی دەکات فاسد ببن!!

ـ لە معاویەی کوڕی ئەبو سوفیانیشەوە خوا لێیان رازی بێت هاتوە، کە پێغەمبەری پێشەوا ﷺ فەرمویەتی : (إِنَّكَ إِنْ إِتَّبَعْتَ عَورَاتِ النَّاسِ أَفْسَدْتَهُمْ، أو كِدْتَ تُفْسِدُهُمْ) واتـە : تۆ ئەگەر بکەویتە شوێن عەیبوعاری خەڵکی خراپیان دەکەیت.. ئەبو دەرداء دەڵێ [٢] : فەرمودەکە معاویە لە پێغەمبەری خوای ﷺ بیستوەو سودیشی لێ وەرگرتوە.

---

[١] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی (سنن ابي داود باب الادب ب ٤ ل ٢٧٢) ژمارەکەی (٤٨٨٩) یە، بەڵام بۆ زیاتر بڕوانە : (الحاكم : المستدرك على الشيخين/ باب الحدود ژماره (٨١٩٩)، الطبراني : المعجم الاوسط/ باب الميم ژماره (٧٩٥٦) الهيثمي : مجمع الزوائد/ كتاب الخلافة ژماره (٩٠٨٢) دوابەدوای دەڵێ : (رواه أحمد، والطبراني ورجاله ثقات). هەروەها لای ئیمامی ئەحمد (مسند احمد باقي مسند الانصار ژماره (٢٢٣٠٣)، المنذري : الترغيب و الترهيب ٢٤٢/٣، شێخی ئەلبانی رەحمەتی خوای لێ بێت لە چەندین سەرچاوەدا توێژینەوەی لەسەر کردوەو لە هەمویدا گوتویەتی (صحیح) ه وەکو (صحيح ابي داود ٤٨٨٩) و (صحيح الجامع ١٥٨٥) و (صحيح الترغيب ٢٣٤٣) و (غاية المرام ٤٢٥) و (مشكاة المصابيح ٣٦٣٥) والحمد لله.

[٢] الطبراني : المعجم الكبير ب ١٩ ل ٣٧٩ ژماره (٨٩٠) لە سنن ابي داود دەفەرموێ : (إِنَّكَ إِنْ اتَّبَعْتَ عَوْرَاتِ النَّاسِ أَفْسَدْتَهُمْ  أَوْ كِدْتَ أَنْ تُفْسِدَهُمْ) بڕوانە عون المعبود شرح سنن أبي داود : الادب/في النهي عن التجسس (ژماره ٤٢٤٤) ئیمامی نەوەوی رحمه الله لە رياض الصالحيندا هێناویێتیەوەو گوتویەتی (وإسناده صحيح) شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە صحيح الجامع الصغيردا هێناوێتیەوە ژماره (٤٨٨٨).

سزا لە ئیسلامدا نابێت پاڵنەرەکەی ڕق و کینەو غەرەز شەخسی بێت، ناشبێت لە کاتی ڕاپەڕاندنی سزای ئیسلامیدا، قازی یان بکەرەکە توندوتیژ بێت، وەکو ئەوەی داخی خۆی پێ بڕێژێت! نمونە لەسەر ئەوە زۆرە :

ـ پێغەمبەری خوا دەفەرموێ : (لا يَجْلِدُ أحَدٌ فَوقَ عَشَرَةَ أسْواطٍ، إلَّا في حَدّ مِنْ حُدودِ اللهِ تعَالَى) متفق عليه[1] واتە : کەس بۆی نیە لە دە قامچی زیاتر لە کەس بدات، مەگەر سزایەکی خوایی (داری حەدد) بێت.

ـ هەروەها دەفەرموێ : (إنَّ الله تعالَى يُعَذِّبُ يَومَ الْقِيامَةِ الذينَ يُعَذِّبُونَ النَّاسَ في الدُّنيَا)[2] واتە : ئەو کەسانەی لە دنیادا ئەشکەنجەی خەڵکیان داوە، خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا ئەشکەنجەیان دەداتەوە..

ـ هەروەها کە دەفەرموێ : (صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ...)[3] واتە : دو پۆل هەن کە ئەهلی ئاگری

---

[1] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی (البخاري ومسلم و احمد والترمذي و ابو داود) ئەوەی ئەو هێناویێتیەوە ریوایەتی ئیمامی موسلیمە، کە لە سەحیحەکەیدا/ كتاب الحدود/ باب قدر أسواط التعزير ژمارە ١٧٠٨ یە) لای ئیمامی بوخاری : (البخاري : كتاب الحدود/ باب كم التعزير والادب ژمارە (٦٤٥٦) دەفەرموێ : (عن أبي بردة رضي الله عنه قال كان النبي صلى الله عليه وسلم يقول لا يُجْلَدُ فوقَ عَشْرِ جَلْدَاتٍ إلَّا في حَدٍ مِنْ حُدُودِ اللهِ )، لای ئیمامی ئەحمەدیش بڕوانە : (مسند أحمد/ مسند المدنيين ژمارە (١٦٠٥١) دەفەرموێ : (عن أبي بردة أن رسول الله ﷺ كان يقول لا يجلد فوق عشر جلدات إلا في حد من حدود الله عز وجل)، هەروەها هەمو خاوەن سونەنەکانیش لە کتاب الحدوددا گێڕاویانەتەوە، بۆ زیاتر بڕوانە (سنن الترمذي : كتاب الحدود/ باب ما جاء في التعزير ژمارە (١٤٦٣)، سنن أبي داود : كتاب الحدود/ باب التعزير ژمارە (٤٤٩١)، سنن ابن ماجة : كتاب الحدود/ باب التعزير ژمارە (٢٦٠١) سنن الدارمي : كتاب الحدود/ باب التعزير في الذنوب ژمارە (٢٣١٤).

[2] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی (صحيح مسلم/ شرح النوي : كتاب البر، ومسند احمد ب ٣ ل ٤٠٣) لە ریوایەتێکی تری موسلیم لە هەمان کتاب و بابدا دەفەرموێ : (إنَّ الله يُعَذِّبُ الذينَ يُعَذِّبُونَ في الدُّنيَا).

[3] صحيح مسلم : شرح النوي ب ١٧ ل ١٩٠ تەفسیلی فەرمودەکەش بەم شێوەیە : (قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ لَا يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلَا يَجِدْنَ رِيحَهَا وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا) واتە : دو پۆل هەن کە ئەهلی ئاگری دۆزەخن، پێشتر نەمبینیون : کۆمەڵە خەڵکێك هەن، کە قامچییان پێیە وەکو کلکی مانگا وایە، پێی لەخەڵکی دەدەن، پۆلی دوەم ئافرەتی پۆشتەی

دۆزەخن، پێشتر نەمبینیون : کۆمەڵە خەڵکێك هەن، کە قامچییان پێیە وەکو کلکی مانگا وایە پێی لە خەڵکی دەدەن!
ـ هەروەها : (أَوَّلُ مَنْ يَدْخُلُ مِنْ هـذِهِ الأمَّـة النَّـارَ السَّوَّاطونَ)[١] واتـە : یەکەمین کەسێك، کە لەم ئوممەتە دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە، قامچی وەشێنەکانن!!
ئەمانە پۆلیس و موخابەراتن، کە قامچی و کێبڵ و حەیزەران بۆ لێدانی خەڵکی هەڵدەگرن و پێیان لێیان دەدەن..
ـ هەروەها دەفەرموێ : (أَشَدُّ النَّاسِ عَـذَابَاً عِنْـدَ اللهِ يَـومَ القِيامَـةِ أشَـدُّهُمْ عَـذَابَاً لِلنَّـاسِ فِـي الـدُّنْيا)[٢] واتـە : ئـەوی لـە هـەمو کەسێك زیاتر لای خـوای گـەورە ئەشکەنجە دەدرێت، ئەو کەسانەن، کە لە دنیادا ئەشکەنجەی خەڵکی دەدەن..
ـ هەروەها : (يُوشِكُ إِنْ طَالَتْ بِكَ مُدَّةٌ أَنْ تَرَى قَوْمًا فِي أَيْدِيهِمْ مِثْـلُ أَذْنَـابِ الْبَقَـرِ يَغْـدُونَ فِـي غَـضَبِ اللَّـهِ وَيَرُوحُـونَ فِـي سَـخَطِ اللَّـهِ) مـسلم[٣] واتـە : رەنگـە تەمـەنت ئەوەندە درێژ ببێت (بە سەیدنا مەعاز دەفەرموێ) کە بگەیتە ئەو زەمانەی، کە خەڵکانێك ببینێت شتیان پێیە وەکو کلکی مانگایە، بە غەزەبی خوادا دێن و بە رقی خوادا دەچن!!
ـ هەروەها : (يَكونُ في آخِرِ الزمانِ شُرط، يَغْدُونَ في غَضَبِ اللهِ، وَيَروحُونَ فِي سَخَطِ اللهِ فَإِيَّاكَ أَنْ تَكونَ مِنْهُمْ)[٤] واتە : لە ئاخر زەماندا پۆلیس پەیدا دەبن، کە بە بەر تورەیی خوادا دێن وبە ناو خەشمی خوادا دەچن! کەواتە نەکەیت لەوانە بیت..

---

روتن! لادەرو شەڕخوازن، پرچی سەریان وەکو پشتی حوشتر گۆپکە دەکەن و بەرزی دەکەنەوە، ئەوانە ناچنە بەهەشتەوە، ئەو بەهەشتەی، کە بۆنی خۆشیی لە مافەی ئەوەندەو ئەوەندەوە دێت!

[١] المتقي الهندي : كنز العمال ب ٥ ل ٧٩٨ نقلا عن ابن أبي شيبة (المصنف/ كتاب الاوائل : الجزء الثامن (٥٢٣٨)

[٢] مسند أحمد ب ٣ ل ٤٠٣، ب ٤ ل ٩٠. شێخی ئەلبانی رەحمەتی خوای لێ بێت لە (سلسلة الاحاديث الصحيحة ب ٣ ل ٤٢٨ ژمارە (١٤٤٢) دا دەڵێ (صحيح).

[٣] صحيح مسلم : كتاب الجنة/ باب النار يدخلها الجبارون ژمارە (٢٨٥٧، ٧٣٧٤).

[٤] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی (مسند احمد/ تصنيف الساعاتي ب ١٩ ل ٣٢٤) بەڵام ریوایەتی تری بەم شێوەیەشی هەیە (يَكونُ في هذِهِ الأمَّة في آخِرِ الزمانِ رِجالٌ أو قالَ : يَخْرُجُ رِجالٌ مِنْ هذهِ الأمّة في آخِرِ الزَّمَانِ

زینـدانی ئیـسلامی جیـاوازی لەگـەڵ زینـدانی غـەیرە ئیـسلامیدا زۆر زۆرە، چونکە لەگـەڵ ئـەو شـەرعەدا دەسازێت کـە ڕێـزی زۆری بـۆ مرۆڤایـەتی مـرۆڤ داناوە، ئیبنو تەیمییە دەربارەی زیندان لە ئیسلامدا دەڵێ:

(بەنــدکردنی شــەرعی زینــدان کــردن نیــە لــە شــوێنێکی تــەنگ و تــاردا، بەندکردن ناوی خـۆی بـە خـۆیەوەیـە، بریتیـە لـە ڕێگـرتن لـە کەسێك، کـە بـە ئارەزوی خۆی ڕەفتار بکات، جا ئیتر لە ماڵی خۆی بهێڵرێتەوە، یان لە مزگەوت، یان کەسێك بکرێت بە وەکیل بەسەریەوە، ئاخر لەبەر ئەمەیە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە دیل ناوی بردوە..)[1].

ئاسەواری ئەم پەروەردە ڕەسـەنەی پێغەمبـەرێتی لـە نـەوەی یاوەرانـدا، بـە تایبەتی لە خولەفای ڕاشیدیندا بە کـردەوە دەردەکـەوت، کـرا بـە یاسـاو ڕێـسای دەستور، لـە هـەمو دەزگـاو دائیرەکـانی سـوپاو پـۆلیس و ئیداریـەکانی دەوڵەتـدا دەدرەوشایەوە، خەڵکی لە ناوەوەو دەرەوە (دانیشتوانی مەککەو دەوروبەری) بە واقیعی دەیانبینی، کە ئەم دەزگاو دائیرانە بۆ پاراستنی ئەو (پشتگیریی) ەن کـە دینەکـە دەیخوازێـت، دەیـانبینی، کـە عومـەری کـوڕی خـەتتاب والیـەکانی بـۆ حــوکمڕانی هەرێمــەکانی دەوڵــەتی ئیــسلامی دەنــارد، دەیکــرد بــە مــەرج بەسەریانەوە، کە گوزەران و ژیانیـان وەکـو هـی خـەڵکی بێـت، ئـەو سـوارییانە بەکار بهێنن، کـە خـەڵکی سـواری دەبێـت، ئـەوە بپۆشـن، کـە خـەڵکی بـە گـشتی دەیپۆشــن، کــە ســاڵانە نوێنــەری ئــەوان وخەڵکەکــەی دەبینــەوە ئــەوەی بــیر دەخستنەوەو دەیگوت:

---

مَعَهُمْ سِيَاطٌ، كأَنَّهَا أذنابُ الْبَقَرِ، يَغْدُونَ في سَخَطِ اللهِ، وَيَروحُونَ فِي غَضَبِهِ) کە حاکم گێڕاوێتیەوەو ئیمامی زەهەبی گوتویەتی سەحیحە (المستدرك على الصحيحين للحاكم، حديث صحيح الإسناد على شرط الشيخين ولم يخرجاه) هەروەها ئیمامی ئیبنو حەجەر گوتویەتی سەحیحە.. بۆ زیاتر بڕوانە : (مسند أحمد (٥ : ٢٥٠) والمستدرك (٤ : ٤٣٦، ٤٣٧) والمعجم الكبير (٨ : ١٦٠، ٣٠٨) والمعجم الأوسط (٥ : ٢٥٧ـ ٢٥٨) ومسند الشاميين (١: ٣١٠) ومعجم ابن الأعرابي (٣: ١٠٠٦) والفتن لأبي عمرو الداني (٣: ٨٤٧ رقم ٤٣٤) ومجمع البحرين (٤: ٣٥٢ـ ٣٥٣) ومجمع الزوائد (٥: ٢٣٤) والقول المسدد (٣٩ـ ٤١)).

[1] ابن تيمية : الفتاوى : كتاب قتال اهل البغي ب ٣٥ ل ٣٩٨.

(مـن ئێـوەم بـۆ ئـەوە نـەکردوە بـە حـاکم بەسـەر خـوێن و ناموسـی موسوڵمانانەوە، تا لێیـان دەن، یـان سـەروەت و سـامانیان زەوت کـەن، مـن بۆیـە ناردومن، تـا نوێژەکـەیان فێـر کـەن و دەسـکەوتی بـەیتولمالیان بەسـەردا بـەش کەنەوە، تا دادپەروەرییان لەناودا بچەسپێنن، جا هەر کەسێك شتێکی لێ ئـاڵۆز بو، با بیهێنێتەوە لای خـۆم، لـە عـەرەب مـەدەن با زەلیـل نـەبن، لـە بـەرەکانی شەڕیشدا گیریان مەدەن، با توشی فیتنە نەبن، مەشیان کـەن بـە ژێردەسـتە، بـا زەلیل نەبن، تەنها قورئانەکە بکەنە بەرنامەی پێشەوایەتیتان)[١]..

جارێکی دیکەش لەسەر مینبەر وتاری بۆ دەدان دەیگوت :

(بـە خـوا قەسـەم مـن ئـەم بەرپرسـانەم بـۆ ئـەوە نـەناردوە بـبن بـە حـاکم بەسەرتانەوەو لێتان دەن، یان سـەروەت و سـامانتان زەوت کـەن، مـن بـۆ ئـەوەم ناردو، تـا دینەکـەتان بـە قورئـان وسوننەتیەوە فێـر کـەن، هـەر کـەس غـەیری ئەمـەی لـێ دیـتن بـا بیهێنێتـەوە لای خـۆم، بـە خـوا قەسـەم تۆڵـەیان لـێ دەستێنمەوە!

عـەمری کـوڕی عـاس راسـت بـۆوەو گـوتی : جـا باشـە ئـەی ئـەمیری موسوڵمانان، ئەگەر والیەك ویستی یەکێك لە رەعیەتەکەی ئەدەب دا، تـۆ دەبـێ خێرا تۆڵەی لێ بستێنیتەوە؟!

گـوتی: ئـەرێ بـەو خوایـە قەسـەم، کـە گیـانی مـنی بەدەسـتە تۆڵـەی لـێ دەستێنمەوە، من بە چاوی خۆم بینیم پێغەمبەری خوا ﷺ تۆڵەی خـەڵکی لـە خۆی دەستانەوە، لە موسوڵمانان مەدەن بـا زەلیـل نـەبن لـە بـەرەکانی شـەڕیش گیریان مەدەن، با توشـی فیتنـە نـەبن، مافـەکانیان لـێ زەوت مەکـەن، بـا توشـی کافر بون نەبن، مەشیان خەنە شوێنی هەلاکەتەوە، با نەفەوتێن)[٢]!

---

[١] المتقي الهندي : كنز العمال ب ٥ ل ٦٨٨، نقلا عن شعب الايمان.

[٢] مسند أحمد/ تصنيف الساعاتي ب ٣ ل ٨٧ بۆ زیاتر بڕوانە (ابن حجر العسقلاني : تقريب التهذيب ٥٨٧/١) و (ابن كثير : النهاية في الفتن و الملاحم ٢٥٦/١) و (تاريخ الطبري ٥٦٧/٢)

چەسپاندن و بەگەڕ خستنی ئەم ڕێسا ئیسلامیانە لە دەزگای تایبەت بە سەرخستن و پشتگیریی تایبەت بە خۆیاندا سێ هەنگاو پێویستن :

یەکەم : دەبێت پەروەردەی ئیسلامی بۆ ئامادە کردنی ئەم دەزگایانەو پێگەیاندنی فەرمانبەرو کاربەدەستانی ـ لە ئاسایش و موخابەرات و پۆلیس و سوپا ـ خوێندنگای ئیسلامی تایبەت بکاتەوە، نەك ئیعتیماد بکاتە سەر دیدو سیستەم و ئیداریات و ئاراستەی ڕۆژئاوا، لە شێوازی پێگەیاندن و تەعین کردنی کاربەدەستی ئەم دەزگایانە، چونکە دیارە ئەم دیدو سیستەمەیە، کە کۆمەڵێك جاسوس و جەللادو خوێن تاڵی بەرهەم هێناوە، کە لە ناو کۆمەڵگەکانی خۆیاندا بونەتە مایەی بەهیلاکدان و ئیرهاق و تۆقاندن و، لە بەرامبەر هێزی دەرەکیشدا فسیان داوەتەوەو بونەتە مایەی سەرشۆڕی و بەزین و چۆکدادان!

دوەم : دەبێ کاروباری ڕۆژانەی ئەم دەزگاو کاربەدەستە ئەمنییانە، سەرخستن و پشتگیریی ماف و ئازادی خەڵکەکە بێت و ئەو یاساو ڕێسایانە ڕاپەڕێنن کە ئەم مافانە دەچەسپێنن، چونکە ئەم دەزگاو کاربەدەستانە تەعلیماتێکی شەرعی ڕادەپەڕێنن، کە لە دیدو پێناسەی دینەکەوە هاتوە، نەك ببنە کاربەدەست و لێپرسراوی ئەمنی وا، کە تەعلیمات و یاسایەك ڕاپەڕێنن، کە لە دیدو تێڕوانینی فەلسەفەی (داروینیزمی کۆمەڵایەتی)یەوە سەرچاوەیان گرتبێت! ئەمە ناشێت و نابێت! نابێت بە هیچ شێوەیەك دەزگاو کاربەدەستی پۆلیس و ئەمن و سوپای ئوممەتی موسوڵمان، لاسایی شێوازو ڕەفتاری ئیداریی دەزگاو کاربەدەستی ڕۆژئاوا بکاتەوە، نابێت بە هیچ شێوەیەك شێوەکاری موخابەراتی ئەوان وەربگیرێت، نابێ خوێندکاری ئێمە بچێتە لای ئەوان و لە پەیمانگاو دەزگای ئەواندا، فێری شێوازی تەحقیقات و پرسینەوەو بەدودا چون ببێت، یان تەعلیمات و یاسای چاودێریی و زیندان و داوەری و سزاکانی ئەوان وەربگرێت، چونکە ئەوان لەسەر ئەو دیدە داروینیزمە پەروەدە بون، کە پێی وایە مانەوە بۆ بەهێزترینە! لەسەر تیۆری بافلۆف (کە هەمو ئەزمونەکانی خۆی لەسەر ئاژەڵ دەکرد!) ڕاهێنراون، تا بە زۆر ئیعتیراف بە خەڵکی بکەن!

یـان تیۆرەكـانی سـیكنەرو فێربـونی مـەرجكاریی، كـە زۆرینــەی دائیرەكـانی موخابـەراتی ڕۆژئـاوا، بـۆ ئیعـتیراف پێكـردن و مێـشك شـۆرینەوەی گـیراوان بەكاری دەهێنن!

سـێیەم : دەبــێ پــەروەردەی ســەربازییانە لەســەر بنــەماكانی ئیــسلام دابمەزرێت، كە هەمیشە ئەوە لە ناخی موسـوڵماندا دەچەسـپێنێت، كـە چالاكی سـەربازی موسـوڵمان بـۆ سەرخـستنی (بیروبـاوەڕو پـەیام) ەكەیـەتی، نـەك بـۆ سەرخـستنی (كەسـایەتی) كاربەدەسـتان، یـان بەدەسـت هێنـانی (شـتی مـاددی) دەوڵەمەندە تێرو گەدەزلەكان!

تەفسیلاتی گرنگی وگەورەیی ئەم شێوە پـەروەردەو ئاراسـتە كردنـە لێـرەدا باس ناكرێت، بەڵام دەشێت تەسەوری بكەین، دەشێت لەبەر ڕوناكی ئـەو بـەهاو نەریتە پیرۆزانەدا دەركی پێ بكەینەوە، كە لە مێـژوی پـڕ سـەروەریی جیهاددا موسوڵمانی پەروەردە كردوە، ئەو بەها پیرۆزەی، كە خالیدی كوڕی وەلیدی خوا لێی ڕازی بێت لە فەرماندەیی مەیدانەوە، لە پلەی (سەرۆك ئـەركانی سوپا) وە هێنایە خوارێ بۆ (سەربازێكی بێ پلە) بێ ئەوەی زویر ببێت! بەڵكو بەو پەڕی قەناعەتـەوە چالاكی سـەربازی خـۆی ئـەنجام دەداو دەیگوت : (خـۆ مـن لەبـەر خاتری عومەر ناجەنگم)!!

ئــەم مەیــدان و لایــەنی پــشتگیریی و سەرخــستنەی حــەق بــەوە زیــاتر دەچەسپێت، كە لە ناخی هەمواندا ئـەوە ببێتـە بەڵگەنەویـست، كـە (سـەروەری شەرع لەسەرو هەمو دەسەڵاتێكەوەیە) ئینجا دامەزرانـدنی دەزگـای تایبـەت بـە چـاودێریی و موراقەبـەی دەسـەڵاتداران و كاربەدەسـتەكانیان، بـۆ ئـەوەی ڕێ نەدرێت كەس وا بزانێت لە سـەرو یاسـاوەیە (كـە یاسـاكەش هـەر لـە شـەرعەوە سەرچـاوەی گرتـوە) ئیـدی بـەم شـێوەیە رەفتـارو هەڵـسوكەوتی هــەمو كاربەدەسـتانی دەوڵـەتیش كۆنترۆڵ دەكرێـت و، هـەر كەسـەیان لەچوارچـێوەی ڕێپێدراوی یاسایی خۆیدا ماف و ئەركی خۆی دەزانێت و پێوەی پابەند دەبێت. جا هەر كاتێك كاربەدەستێك، یان بەرپرسێك بینرا هـەوڵ دەدات بـچێتە سـەرو

شەرعەوە، یەکسەر دەهێنرێتەوە خوارەوەو بە دەردی بیشری کوڕی سەعد خوا لی رازی بێت بە خەلیفە عومەری گوت : وەك تیر رێك و راستت دەکەینەوە! ئەگەر راست نەکرایەوە، ئەوە مانای وایە بتگەراییەکە بە سونبول و هێمای نوێوە هاتۆتەوە ناو کۆمەڵگەکە، ئەوەش یەعنی شیرك و گوێڕایەڵی و ملکەچبون بۆ غەیری خوای گەورە..

دیسان پەروەردەی ئیسلامی بۆ ئەوەی لە لایەنەکانی پشتگیریی و بوارەکانیدا قوڵ و قاڵ بێتەوە، پێویستی بە ڕەخنەگرتنێکی زانستیانە هەیە لە مومارەسەی مێژوی خولەفاو سوڵتان و والیەکانی دوای خولەفای راشیدین، بە تایبەتی لە بوارەکانی سیاسەت و حوکم و سامان و ئیدارەدا، لەوەی کە بە پێی هەواوهەوەسی خۆیان کێیان بویستیایە بە کاربەدەستی خۆیانیان تەعین دەکردو، کێشیان نەویستیایە، نەك هەر لایان دەدا، بەڵکو دەشیانچەوساندەوە! تاوانبار بە پێی ئارەزوی ئەوان ئازاد دەکراو، بێتاوان بە پێی حەزی مونحەریفی ئەوان تاونبار دەکراو سزا دەدرا! بە شێوەیەکی شیرکایەتی نەمرودیانە، کێیان بویستیایە دەیانژیاندو کێیان بویستیایە دەیانمراند!! پەنا بەخوا سیفاتی خوایەتییان بەبەر خۆیاندا کردبو!

پەروەردەی ئیسلامی دیسان پێویستی بە رەخنەگرتن و پێداچونەوەی داب و نەریت و بەهای عەشایرێتی هەیە، کە ڕەوشتی خێڵەکیی بە پیرۆزی ناساندبو کردبویە یاسا! ئەمە پێچەوانەی (پشتگیریی) یە، چونکە (شەرع لە سەرو دەسەڵاتەوەیە) دەکاتە (دەسەڵات لە سەرو یاساوەیە) بەم لاڕێبونە دژوارە ئەوەی، کە ماڤی خەڵکەو خوای کردگار پێی ڕەوا بینیون دەبێتە مەکرومەی سوڵتان و سەییدو سەرۆك! ئەو حاکمە ڕەزاقورسانەی خۆیان لە جێی خوا داناوەو، دەیکەنە پیاوەتی و گوایە ئەوان لە بەخشندەیی و سینەفراوانی و بەزەیی خۆیانەوە بە خەڵکی دەبەخشن!! ئیدی کاربەدەستانی ستەمکارو زاڵمانی بێ ویژدان خەڵکەکە دەکەنەوە بە کۆیلەی خۆیان، لە کاتێکدا کە بە ئازادی لەدایکبون! ئیدی بێ هەبونی دەزگای موراقەبەو بێ لێپرسینەوەو ترس

و سامی کەس، هەمو ماف و ئەرك و چارەنوسێکی ئەو خەڵکە دەکەوێتە بەر مەرحەمەتی سوڵتان و چاکەی کاربەدەستی دیدخێڵ و دیدخێڵ!

گومانی تێدا نیە، کە ڕەخنەگرتن لەو بەهاو نەریتە خێڵەکیە خواروخێچە، ئەرکێکی پیرۆزی دینیە، وازلێهێنان و ڕێپێدان و بوار کردنەوە بۆ بەربڵاو بونی، بە تایبەتی لە بەرنامەی خوێندن و ڕاگەیاندندا، تاوانێکی گەورەیەو حەتمەن خاوەنەکەی شایانی سزای دۆزەخ دەکات، چونکە ئەعرابی بونەوەیە، گەڕانەوەیە بۆ نەریتە خێڵەکیەکەی جاهیلییەت، کە ئیسلام ئەو هەمو خوێن و خەباتەی لە پێناو ریشەکێش کردنیدا دا! نابینیت پێغەمبەری پێشەوا ﷺ چۆن ئەو گەڕانەوەیە بە ئەعرابی بونەوە پێناسە دەکات، پێشتر فەرمودەی زۆرمان لەسەر ئەمە هێنایەوە، وەکو ئەوەی، کە تێیدا دەفەرموێ : (آكِلُ الرِّبا ومُوَكِّلُهُ وكاتِبُهُ اذا عَلِمُوا بِذلكَ. والواشِمَةُ والمُسْتَوشِمَةُ لِلْحُسْنِ، ولاوي الصَّدَقَةِ، والمُرْتَدُّ أَعْرابياً بعدَ الهِجرةِ مَلعونونَ علَى لِسانِ محمدٍ يومَ القيامةِ) [1] واتە : ئەوی سود (فایز /ریبا) دەخوات و ئەوی وەکالەتی وەردەگرێت و ئەوی نوسەری مامەڵەکەیەتی ـ ئەگەر زانیان حەرامە ـ و ئەو کەسەی خاڵ دەکوتێت و ئەوی بۆی دەکوتن و ئەوی ڕێ لە خێرو خێرات دەگرێت و، ئەوی دوای کۆچ کردن پاشگەز دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە سەر ئەعرابێتی، ئەمانە هەمویان دورن لە ڕەحمەتی خوا لەسەر زمانی محمد ﷺ لە ڕۆژی قیامەتدا لەعنەتیان لێ کراوە..

★★★

[1] مسند احمد/ تحقيق احمد شاكر بـ٥ ژمارە/٣٨٨١، ٤٠٩٠.سنن النسائي/ كتاب الزينة/ ٢٥، سنن البيهقي ١٩/٩. لە حەدیسێکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : (ثلاث من الكبائر.. والتعرب بعد الهجرة) بڕوانە : ابن الاثير/ النهاية ٢٠٢/٣.

## پێنجەم بواری پشتگیریی : پشتگیریی ئوممەتە موسوڵمانەکە لە بەرەنگاربونەوەی دیکتاتۆرییدا

بنچینەی ئەم دیاردەیە ئەوەیە، کە ئەو ئوممەتەی گیانی پشتگیریی ئاراستەی دەکات، رێ بە تاکێك، یان دەستەو تاقمێك نادات بەسەر هەمو بنەما فیکری و نەریتە سیاسیی و رێزی کۆمەڵایەتیەکەیدا باز دات و، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی تەسکی خۆی، یان خۆیان و دەسەڵاتی سیاسی وڵات بە زۆر بگرێتە دەست و خۆی، یان خۆیان و هەواو هەوەسی خۆیان بکەنە یاساو بەسەر ئوممەتەکەیدا بسەپێنن، بۆ ئەوەی ئەمە رو نەدات، پەروەردەی ئیسلامی دەبێت لە سێ لایەنەوە ئاراستەی ئوممەتەکە بکات :

یەکەم : قوڵ کردنەوەی بیروهۆشی خەڵکی دەربارەی یەکێتی ئوممەتی موسوڵمان و، داهێنانی هەمو شێوازێکی لێکنزیکبونەوەو هاورابون و زەرورەتی پاراستنی ئەو یەکێتیەی، ئەمەش یەعنی یەکێتی سەرکردایەتی و پێشەوایەتی و ئاراستەوانی و، رێنەدان بە فرەسەریی و راجوێیی و تەفرەقەو هەر کەس بۆ خۆی! یەعنی بەرەنگاربونەوەو نەهێشتنی هیچ جۆرە وەلائێکی تاکرەوی خۆپەسەندیی و عەشایرێتی و ناوچەگەریی و تائیفی و مەزهەبیی و نەتەوایەتی و، هەر هەستێکی تری لارو وێر، کە یەکێتی ئوممەتەکە دەخاتە بەر تین وتەوژمی لێکترازان ودابردابر بونەوە.

ئاخر لە هەستی دژواریی ئەم خاڵە سەرەکیەی کۆمەڵکاریی و ئوممەتیەوە بو، کاتێك لە دوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەری خۆشەویست، کە یەکێك لە پشتیوانەکانی مەدینە پێشنیازی ئەوەی کرد، کە موسوڵمانان دو خەلیفەیان هەبێت، یەکێك لە موهاجیران و یەکێك لە پشتیوانەکان، و گوتی : پیاوێك لە

تەرەفی ئێمەوە ببێت بە ئەمیرو پیاوێك لە تەرەفی ئێوەوە ببێت، سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب گوتی : (دو شمشێر لە کێلانێکدا جێیان نابێتەوە)[١].

سەیدنا ئەبوبەکری سددیق خوا لێی رازی بێت لە تێگەیشتنە قوڵەکەی خۆیەوە گوتی:

(بۆ موسوڵمانان نەشیاوە لە یەك کاتدا دو ئەمیرییان هەبێت، چونکە هەرچەندی هەوڵ بدەن کاریان پێکەوە رێك خەن، حەتمەن هەر راجوێ و ناکۆك دەبن و بڕیارەکانیان جیاواز دەبێت، ئیدی قسەیان یەك نامێنێت و کۆمەڵەکەیان پەرتەوازە دەبێت، بەوەش دەکەونە ململانێی یەکتریی، ئەوەش سەر دەکێشێت بۆ وازهێنان لە سیرەو سوننەتی پێغەمبەری خواو ﷺ بیدعە داهێنان، هەمو ئەمانەش حەتمەن فیتنەیەکی وا دەخەنەوە، کە کەس توانای کوژاندنەوەی نەمێنێت..)[٢].

دوەم : قوڵ کردنەوەی هەست و گیانی کۆمەڵکاریی و رێسای شوراکاریی لە موسوڵماناندا و هاندانیان لەسەر موماڕەسەکردنیان، چونکە شورا یەکخستنی راوبۆچونەکان و دەوڵەمەند کردنی دیدو بۆچونە، جگە لەوەی کە بەشداریکردنی هەمو ئوممەت و دەزگاکانێتی لە بڕیاردان و هەڵگرتنی مەسئولیەت.. ئەمەش ئەو ڕێسایەیە، کە پێغەمبەری پێشەوا ﷺ و خولەفا بەڕێزەکانی راشیدین لەسەری دەڕۆیشتن، سەیدنا ئەبوبەکرو سەیدنا عومەر هەمیشە، کە کێشەیەکیان دەهاتە پێش، لە قورئان و سوننەتدا سەیری حوکمی شەرعییان بۆ دەکرد، ئەگەر نەیاندۆزیایەتەوە دەگەڕانەوە سەر زانایانی یاوەران و خاوەن راوبۆچونە پەسەندەکان[٣]..

سێیەم : هەل ڕەخساندن بۆ هەموان بۆ تەعین بون و کارکردن بە پێی دو سیفەتی شیاو : تواناو دڵسۆزیی، وریگرتن لە خزم خزمێنەو واسیتەکاریی.

---

[١] البيهقي : السنن الكبرى/ بيروت ـ دار صادر ب ٨ ل ١٤٥.
[٢] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.
[٣] الدارمي : السنن/ باب الفتيا/ دار إحياء السنة النبوية ل ٥٨.

پێشتر ئامۆژگاریەکانی سەیدنا ئەبوبەکرمان بۆ یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان هێنایەوە، کە بیرخستنەوەشی لێرەدا رەنگە بەسود بێت :

(قال يزيد بن أبي سفيان : قال لي أبو بكر الصديق رضي الله عنه حين بعثني إلى الشام : يا يزيد، إن لك قرابة عسى أن تؤثرهم بالإمارة ، وذلك ما أخاف عليك بعد ما قال رسول الله ﷺ :" من ولي من أمر المسلمين شيئاً فأمَّر عليهم أحداً محاباة فعليه لعنة الله، لا يقبل الله منه صرفاً ولا عدلاً، حتى يدخله جهنم، ومن أعطى أحدا من مال محاباة فعليه لعنة الله ، أو قال برئت منه ذمة الله، إن الله دعا الناس أن يؤمنوا فيكونوا حمى الله، فمن انتهك في حمى الله شيئا بغير حق فعليه لعنة الله. أو قال برئت منه ذمة الله عزوجل)[1] واتە یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان گوتی : کاتێك ئەبوبەکری سددیق منی نارد بۆ شام پێی وتم : هۆ یەزید، خزمایەتیت هەیە، نەکەی بۆ وەرگرتنی پلەو پایەی ئیمارەت پێشیان خەیت (یەعنی شایانی نەبن و پێیانی بسپێریت) ترسی ئەمەم لێت هەیە! چونکەپێغەمبەری پێشەوا ﷺ فەرمویەتی : لەعنەتی خوا لەو کەسە بێت[2] کە دەبێتە کاربەدەستی موسوڵمانان و کەسێکی تر لەبەر خزمایەتی خۆی دەکاتە بەرپرسییان، خوای گەورە کارو بەخشینی لێ قبوڵ ناکات، (لە رۆژی دواییدا بە مایەپوچ دەیهێڵێتەوە) تا دەیخاتە دۆزەخەوە! لەعنەتی خوا لەو کەسەش بێت (یان فەرموی : خواو پێغەمبەری خوا بێبەریین لەو کەسەی) کە سەروەت و سامانی (بەیتولمالی) لەبەر خاتری خزمایەتی خۆی دەداتە خەڵکی.. چونکە خوای گەورە، کە ئەو خەڵکەی بانگێشتی دینەکەی کردوە، بۆ ئەوەیەتی ببنە موڵکی خوایی، جا هەر کەسێك بە ناهەق موڵکی خوا بەکار بهێنێت ئەوە شایانی ئەوەیە لەعنەتی خوای بەرکەوێت و دور بکرێتەوە لە رەحمەتی خوای گەورەو خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بێبەریتی خۆیانی بەرامبەر دەربڕن..

★★★

---

[1] المتقي الهندي : كنز العمال ب ٥ ل ٦٦٥ نقلا عن مسند أحمد و عن ابن شعبة البغدادي

[2] دوعایە، یەعنی دور بێت لە رەحمەتی خوا..

## شەشەم بواری پشتگیریی : پشتگیریی بیرمەندان و جەماوەر لە بەرەنگاربونەوەی دەسەڵاتدا

ئەمە لایەنێکی زۆر زۆر گرنگی عەمەلیی پشتگیریی هەقەخوازییە، چونکە پشت گرتنی (پەیام) دەکەیەو لە پەروەردەی ئیسلامیدا، ئەمە یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی سیاسەت، قورئانی پیرۆز لە زۆر شوێندا ڕۆڵی بیرمەندانی ئوممەت و ڕۆڵی پیاوانی هێزو دەسەڵات دیاری دەکات، وەکو :

- (أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ) النساء / ٥٩ واتە : گوێڕایەڵی فەرمانی خوا بن، گوێڕایەڵی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ و ئەو سەرپەرشتیارانە بن، کە لە خۆتانن..

ڕازی و ئیبنوتەیمییە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، توێژینەوەیەکی دورودرێژیان لەسەر لێکدانەوەی بۆچونی یاوەران و زانایانی سەلەف لەسەر زاراوەی (أُولِي الأمْر) کردوە، کە سەرەنجام گەیشتونەتە ئەوەی، کە ڕای هەموان دەبێتەوە بە دو پۆل : پۆلێکیان، کە کەمینەن گوتویانە (أُولِي الأمْر) بریتین لە زانایان و دەسەڵاتداران، پۆلی دوەم، کە زۆرینەن[1] گوتایانە : (أُولِي الأمْر) تەنها زانایانن. بە هەر حاڵ زانایان، واتە بیرمەندانی ئوممەت لە پێناسەی هەردو لایاندا هەیە، ئەولەویەت و پێشەنگیەکەی هی ئەوانەو یەکەمین هێزی کاریگەر لە ڕاستیدا ئەوانن.. ئەمەش زیاتر لەگەڵ (پشتگیریی پەیام) دا دێتەوە، کە دەبێت (کەسایەتی) و (شتی ماددی) لە خزمەتی ئەمدا بن..

دیسان قورئان ئەو پلەو ئاست و بەرپرسێتیەی بیرمەندان و جەماوەرەکە دیاری دەکات، کە دەبێت تێیدا بن و کاریگەریی خۆیان لەوێوە بنوێنن.

---

[1] ابن تيمية : الفتاوى/ كتاب السلوك ب ١٠ ل ٣٥٤.، الرازي : التفسير الكبير ب ١٠ ل ١٤٤ ـ ١٥٠.

ئیبنوتەیمییـە لەمەشـی کۆڵیوەتـەوەو گوتویـەتی ئـەوە لـە چـەندین ئایـەتی قورئانو فەرمودەی پێغەمبەری خوادا ﷺ دەردەکەوێت وەکو :

- (إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ) المائـدة / ٥٥ واتـە : سەرپەرشـتیارانتان غەیری خواو پێغەمبەرەکەی و ئەو کەسانە نین، کە باوەڕیان هێناوە..

- ( وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ) المائـدة/٥٦ واتـە : هـەر کەس پشت کاتە خواو پێغەمبەرەکەی و ئەو کەسانەی، کە باوەڕیان هێنـاوە، بـا ئەوە بزانێت، کە سەرکەوتو حزبەکەی خوایە!

- (وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ ) المنـافقون / ٨ ، واتـە : عیـززەت (ورەبەرزیو ئیرادەی بەهێز) هی خواو پێغەمبەرەکەی و موسڵمانانە..

لە تەحیاتی نوێژی ڕۆژانەی موسڵمانیشدا هاتوە :

- (التَّحِيَّاتُ للهِ والصَّلَواتُ الطَّيِّبَاتُ السَّلَامُ عَلَيكَ ايُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُـهُ السَّلَامُ عَلَينَا وَعَلَى عِبَادِ اللهِ الصَّالِحِينَ أشْهَدُ أنْ لَا إلَـه الَّا اللهُ وأنَّ محمَّداً رَسُولُ اللهِ)[1] واتە : سڵاوو سڵاواتی پاك لە خوای گەورە، سڵاوو بـەزەیی و بەرەکـەت لـە تـۆ ئەی پێغەمبەری خوا، سڵاو لە ئێمەو لە بەندە چاکەکانی خـوای گـەورە، بڕیـار دەدەم جگە لە خوای گەورە، کەس شایانی پەرستن بێت، شایەتیش دەدەم، کـە محمد نێرراوی خوایە..

سـڵاوو بـە پـیرۆز نـاوبردنی خـواو پێغەمبـەری خـوا ﷺ، ئاماژەیـە بـە قورئانو سوننەت، بە وەرگرتنی ئەو دوانە بە سەرچاوەی پەروەردەو ئاڕاستەی ئوممەتی موسڵمان، سڵاو لە موسڵمانە چاکەکانیش، ئاماژەیـە بـە جەماوەری دیندارو بەتەقوای موسڵمانان..

---

[1] ریوایەتەکانی تەحیات زۆرە، ئەمەی نوسەری بەڕێز هێناوێتیەوە ریوایەتی ئیبنو مەسعودە، خوا لێی رازی بێت، شێخی ئەلبانی لە کتێبە بەنرخەکەیدا (صفة صلاة النبي) کە ئەسڵەکەی سێ بەرگە زۆرینەی ئەو ریوایەتانەی هێناوەتەوە، کە سەنەدیان سەحیحە، بڕوانە (صفة صلاة النبي ب ٣ ل ٨٢٩ ـ ١٠٢٢ چاپی مکتبة المعراف/ الرياض ٢٠٠٦)

ئیبنوتەیمییە دەڵێ: ئەمە ئاماژەیە بەو بنەمایانەی، کە سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب لە ئامۆژگاریەکانی خۆیدا ئامـاژەی پێ دەدان، بۆ نمونە بە شورەیحی قازیی دەگوت : (داوەری بە قورئـان بکە، ئەگەر حوکمەکەت تێدا نەدی، بچۆ سەر سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەگەر دەستت نەکەوت، خەڵکانێکی بۆ کۆکەرەوە). لەڕیوایەتێکی دیکەدا دەڵێ: (..پیاوچاکانی بۆ کۆکەرەوە).

ئیبنو مەسعودییش خوا لێی رازی بێت هەر بەو ریزبەندییە ئاڕاستەی ئوممەتی کردوە، کە گوتویەتی : (هەر کەسێك پرسیاری لێ کرا، با بە پێی قورئان فەتوا بدات، ئەگەر حوکمەکەی لەوێدا نەبینیەوە، با بە پێی سوننەتی پێغەمبەری خوا بێت ﷺ، ئەگەر هەر دەستی نەکەوت، با خەڵکی لێ کۆکاتەوە).

لە ئیبنوعەبباسیشەوە خوا لێیان ڕازی بێت هەر بەهەمان شێوە هاتوە[1]، زانایانی ئوسوڵ گوتویانە ڕیزبەندییەکە بەم شێوەیە : قورئـان، سوننەت، کۆڕا (ئیجماع)[2].

هەروەها قورئانی پیرۆز نمونەی تر لە پەیوەندی نێوان بیرمەندانی ئوممەت و جەماوەری ئوممەتەکەو خاوەن هێزو دەسەڵاتدا دێنێتەوە، کە پێویستە چۆن بێت، رۆڵی هەر یەکەیان دیاری دەکات، وەك دەفەرموێ :

ـــــ ( وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٌ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ ) النساء/٨٣ واتە: هەر کە هەواڵێکی ئەمان یان ترس و بیمیان بگاتێ خێرا رایدەگێنن و بڵاوی دەکەنەوە!! ئەگەر

---

[1] ابن تيمية : الفتاوى/ أصول الفقه ب ٢٠ ل ٤٩٨.

[2] پەروەردەکاریی لە جیهانی ئیسلامیدا، ئێستا ئەم سێ سەرچاوەیەی فەرامۆش کردوە و ویست وئیرادەی بێ سنوری حاکمە تاکڕەوەکانی خستۆتە جێیان! ئەمما پەروەردەکاریی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ـ کە موسوڵمان نین ـ سەرچاوەی یەکەم و دوەمی وەرنەگرتوەو، کار بە سەرچاوەی سێیەم دەکات، کە بریتیە لە کۆڕای خەڵکی، لەبەر ئەم سەرکەوتنە پەروەردەکاریەیە، کە ڕۆژئاوا بەسەر ئەو هەمو مرۆڤە تۆپەڵ و تێکەڵەی وڵاتە " (ئیسلامی) یەکاندا زاڵ بوە.(نوسەر).

بیانگەڕاندایەوە بۆ لای پێغەمبەرو سەرپەرشتیارانی خۆیان، باشتر بو(مەبەست لێرەدا خەلیفەو دەسەڵاتە سیاسیە شەرعیەکەیە) چونکە ئەوانەی زانیارییان هەیە، دەزانن فەرمانی چ هەڵوێست و بڕیارێکی شیاوی لەسەر بدەن[١]..

ئاوا ئەگەر ئوممەتەکە دوچاری دژوارییەك بۆوە، چ پەیوەندی بە ئەمانەوە هەبێت، چ پەیوەندی بە ترسەوە هەبێت، یەعنی پەیوەندی بە ئاشتی، یان بە کاروباری جەنگەوە هەبێت، هەستی سرك و گیانی وریایی بەرپرسێتی جەماوەری ئوممەتەکەی بۆ دەوروژێ و ڕەسەنانە ڕەفتاری لەگەڵ دەکات بەوەی، کە دەسبەجێ بیگەێنێتە سەرکردایەتیەکەی، نەك خۆی لە خۆیەوە دەیان هەڵوێستی پێچەوانەو کاردانەوەی هەڵچون بگرێتە بەر، ئەم ئاڕاستەو جۆری پەروەردەکردن لەسەری زۆر گرنگە، چونکە ئەوی لەسەر شانۆی ژیان و واقیعەکەدا زیاتر دەجوڵێت و ڕەفتار دەکات، جەماوەری ئوممەتەکەیە، بڕیارەکانی سەرەوە جەماوەر وەری دەگرێت و دەیچەسپێنێتو لەودا دەبێتە کردەوە، بۆیە نابێت کاردانەوەکە ببێتە گەڕەلاوژێ و، هەر یەکە لای خۆیەوە قسەوقسەلۆکەکە ڕەواج پێ بدات، یان هەڵوێستێکی بە دیدی خۆی لێ بگرێتە بەر! دەبێت جەماوەر بە بڕیاری پێشەوایەتی خۆیەوە پابەند بێت، چونکە پێشەوایەتی ئوممەتەکە ئاگای لە هەمو پسپۆڕی و تایبەتمەندێتیەکان هەیە و، لێکۆڵینەوەی کاروبارەکان دەداتە دەست دەزگای تایبەت بە خۆی، کە سۆراغی بکات و ئەنجامەکەی بداتەوە بە پێشەوایەتی و سەرۆکایەتی، تا بیکاتە بڕیارێکی سیاسی.. دەتوانرێت ئەم ڕێسایە بەم شێوەیە خوارەوە بکێشرێت :

---

[١] ئایەتەکە باس لە کۆمەڵگەی سەرەتایی هەندێك لە نەو موسڵمانەکانی خزمەت پێغەمبەر ﷺ دەکات، کە بە گلەییەوە پێیان دەفەرموێ : نەدەبو هەر، کە قسەوقسەلۆکێکیان کەوتە ناویان (وەك ئەوەی بەشێك بێت لە پڕوپاگەندەی دوژمن)، چ دەربارەی ئەوەی (دەی خۆ ئێوە لە ئەماندان ئیتر بۆ وا خۆتان بەستوەو سەرقاڵی پاسەوانێتی و کەمین دەرکردنن)!! یان بە پێچەوانەوە ترس و بیمی هاتنی دوژمن هەیەو قسەو قسەلۆکەکە پێیان دەڵێ : (خەمتان نەبێت دوژمن دورە، یان ناتوانێت ، یان نایەوێت بێتە سەرتان)!! بەمەش خەلەل دەکەوێتە ڕیزی ئەو موسڵمانانەوە، چونکە ئەوان لەبەرئەوەی هێشتا ئەو بەرپرسێتیە نازانن، کە دەبێت بە سەرکردایەتی خۆیانەوە پەیوەست بن و، هەر جۆرە هەواڵ و قسەیەکی وا بگەێننەوە سەرکردایەتی خۆیان، بۆیە خێرا بە ناو خۆیاندا بڵاوی دەکەنەوە..

**جەماوەری ئوممەت[١] ← کاربەدەستانی شیکاری زانیاری لە دەزگای لێکۆڵینەوە مەڵبەندی بڕیار[٢] ← زانایان و کاربەدەستانی پسپۆڕانی دەزگای لێکۆڵینەوە[٣] ← شانۆی ژیانی کۆمەڵایەتی[٤]**

ئیبنو تەیمییەی ڕەحمەتی دەرکی بە گرنگی ئەم پەیوەندیە لە ڕێکخستنی کاروباری ئوممەتەکەدا کردبو، دەیزانی ڕۆڵی بیرمەندان و پیاوانی فیکر چیەو ڕۆڵی کاربەدەستانی ئیدارەی سیاسیی چیە، بە دوورودرێژی باسی ئەو پەیوەندیەو شێوەی جێبەجێ کردنی کردوە، بۆیە دەڵێ:

(خوای گەورە، کە دەفەرموێ : (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ ۖ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ ۚ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ ) الحديد/٢٥ واتە: بە تەئکید ئێمە نێرراوانی خۆمان بە بەڵگەو نیشانەی ڕۆشنەوە نارد و کتێبمان بۆ ناردنە خوارەوە (پەیامەمان لەگەڵدا ناردن)، هەروەها تەرازو (بۆ دیاریکردنی ماف و ئەرك و دەسەڵات)، تا خەڵکەکە لە ناو خۆیاندا دادپەروەرانە ڕەفتار کەن، دیسان ئاسنمان لە ئاسمانەوە نارده خوارەوە، کە هێزو سودی بۆ خەڵکی تێدایە، تا خواش بزانێت، کە کێ خۆی و پێغەمبەرانی سەردەخات، خوای گەورە بەهێزو خاوەن دەسەڵاتە..

دینی ئیسلامیش ئەوە دەخوازێت، کە شمشێر سەر بە قورئانەکە بێت، لە هەر کاتو شوێنێك زانستی قورئانو سوننەت دەرکەوتو، شمشێریش بەدوایاندا

---

١ جەماوەری ئوممەتەکە باسی کێشەکە وەکو، کە بیستوێتی دەگەیێنێتە کاربەدەستانی خۆی. وەکو دائیرەکانی پۆلیس و ئاسایش..

٢ کاربەدەستان دەیگەیێنن بە پسپۆڕە تایبەتیەکانی شیکارانی زانیاری لە مەڵبەندەکانی دیراسات و توێژینەوە. (مراكز البحوث).

٣ کاربەدەستانی دەزگاکانی لێکۆڵینەوە (دوای سۆراغ کردن و گەیشتنە ماهییەتی ڕاستەقینە) مەلەفەکە دەگەیێننە زانایانو پێشەوایان لە مەڵبەندی بڕیار. (کە ئەنجومەنی شورای ئوممەتەکەن).

٤ پێشەوایان بڕیار لەسەر کێشەکە دەردەکەن و دەینێرنەوە بۆ جەماوەر، تا پێوەی پابەند بێت و گەرەلاوژێ ڕو نەدات..

چـو، ئـەوە ئیـسلامەتیەکە لـەوێ پیـادە کـراوە، ئـەمما ئەگـەر درك پێکردنـی ئوممەتەکە دەربارەی زانستیەکەی قورئـان کـەم و کـورتی تێـدا بـو، شمـشێریش ئەگـەر جارێـك شـوێنکەوتەی قورئـان بێـت و، جارێـك پێـچەوانەی هەڵـسورێت، ئەوە دینداریی خەڵکەکش وا دەبێت..)[١]!

مەبەستی ئیبنوتەیمییە لە شمشێرەکە، پیاوانی سیاسەت و حوکمە، چونکە شمـشێرەکە نیـشانەی هێـزی تـەکنۆلۆژیای ئـەو سـەردەمە بـوە، بـەڵام قورئـان دەفـەرموێ: (حدیـد : ئاسـن)، کـە کەرەسـتە سـەرەکیەکەی تـەکنۆلۆژیای هێـزی هەمو زەمانێکە..

سەردەمانی پێغەمبـەرێتی و خولـەفای راشـیدین جێبـەجێ کردنـی واقیعـی ئەو هاوکێشە پارسەنگەی قورئان بو، کـە وا لـە نێـوان جـەماوەری ئوممەتەکـەو پیـاوانی فیکـرو پیـاوانی سیاسـەت و حوکمـدا.. لـەو سـەردەمەدا (شەرعناسـانی پەیامی خوایی) پێـشەنگی پێـشەوایەتی ئوممەتەکـە بـون، هـەر لـە پێـشنوێژیی مزگەوتەوە بۆ پێشەوایەتی کۆمەڵگەکە، ئەوەش حاشا هەڵنەگرە، کـە خولـەفای راشیدین خوا لێیان ڕازی بێت لە دوای پێغەمبەری پێشەوا ﷺ لە ڕیزی پێـشی پێشەوەی شەرعناسانی ئوممەتەکە بون، ئەگەر هەر یەکەیان بە کاری ڕۆژانـەی خیلافەت و حوکمەوە خەریك نەبوایـە، زەمـانێکی زو بـو، کـە کتـێبی چـەندین بـەرگییان لەسـەر بنـەماکانی فیکـری سیاسـی ئیـسلامی و فیقهـی دەسـتوری وسیاسەتی شەرعی و شێوازی حوکم و بوارەکانیان دەنوسی..

دیـسان هـەر لـەو سـەردەمانی پێغەمبـەرێتی و خولـەفای راشـیدینەدا، بـە گـوێرەی نزیکبونـەوەو خزمـەتکاری (بیروبـاوەڕ) ە ئیـسلامیەکەی پـەیام، پلـەو ئاسـتی ئیـدارەی سیاسـی و کۆمەلایـەتی دەدرایـە خەڵکەکـە، لـە سـەردەمی پێغەمبەرێتی دا بو، کە خـەڵکانێك لـە خـواروترین ئاسـت و پلـەی کۆمەڵایـەتی ناو کۆمەڵگەکەوە گەیشتنە ئاست و پلـەی پێـشەنگی وڕابـەرێتی! خـەڵکانێك لـە چـینی (شـوانە بەرغـەلی دۆڵـەکانی مەککـە) و (رەنجبـەرو خزمـەتکاری ماڵـە

---

[١] ابن تيمية : الفتاوى/ أصول الفقه ب ٢٠ ل ٢٩٣.

راقیـەکان) ەوە هاتنـە ئاسـت و پلـەی شەرعناسـانی پـەیامی خـواو پیـاوانی پـەروەردەو ئاڕاسـتەکاریی کۆمەڵگـەو، فەرمانـدەی سـوپاو والـی هەرێمـەکان و وتەبێـژی ڕەسمـی دەوڵـەت! دەیـانی وەکـو سـەیدنا عبداللـەی کـوڕی مەسـعودو زەیدی کوڕی حاریسەو بیلالی حەبەشـی و سـەلمانی فارسـی، بـەم پلـەو ئاسـتانە گەیـشتن، لـە هـەمان کاتـدا پلـەو ئاسـت بڵنـدانی قـوڕەیش، کـە خزمایـەتی (کەسایەتی)یان پێ پەسەندتر بو، وەك لە خزمـەت بـە (بیروبـاوەڕ) ی پـەیامی خـوا، هـەمو کەوتنـە زبڵـدانی مێـژوی مرۆڤایەتیـەوەو ناویـان لـە کولەکـەی تەڕیشدا نەما!! سەدانی وەکو عەمری کوڕی هیشام و ئوبەی کوڕی خەلەف، کـە لە بەدردا کوژران!! یان کەسانێك، کـە بـەدەوری (کەسـایەتی) خۆیانـدا خولیـان دەخـواردو لـە جاهیلییەتیانـدا گـەورە بـون، کـە نـەیانتوانی بـەرزتر بفـڕن، لـە ئیسلامەکەدا بونەوە بە کەسایەتیەکی ئاسایی، نمونەش ئەبو سوفیانە خوا لێـی ڕازی بێت..

پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر بە حەزەر بو لـەوەی پارسـەنگی ئـەم هاوکێـشەیە تێکچێت و کار بە لاسەنگی بڕوات، هاوکێشەی پارسەنگی نێوان پیاوانی شـەرعو جـەماوەری ئوممەتەکـەو خـاوەن دەسـەڵاتانی، چـونکە دەیزانـی لاسـەنگبونی هاوکێـشەکە کاریگـەریی خراپـی لەسـەر داهـاتوی ئوممەتەکـە دەبێـت، بۆیـە دەیفەرمو :

(خُذُوا الْعَطَاءَ مَا دَامَ عَطَاءً، فَإِذَا صَارَ رِشْوَةً فِي الدِّينِ فَلا تَأْخُذُوهُ، وَلَسْتُمْ بِتَارِكِيهِ، يَمْنَعْكُمُ الْفَقْرَ وَالْحَاجَةَ، أَلا إِنَّ رَحَى الإِسْلامِ دَائِرَةٌ، فَدُورُوا مَعَ الْكِتَابِ حَيْثُ دَارَ، أَلا إِنَّ الْكِتَابَ وَالسُّلْطَانَ سَيَفْتَرِقَانِ، فَلا تُفَارِقُوا الْكِتَابَ، أَلا إِنَّهُ سَيَكُونُ عَلَيْكُمْ أُمَرَاءُ يَقْضُونَ لأَنْفُسِهِمْ مَا لا يَقْضُونَ لَكُمْ، إِنْ عَصَيْتُمُوهُمْ قَتَلُوكُمْ، وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ أَضَلُّوكُمْ"، قَالُوا : يَا رَسُولَ اللَّهِ، كَيْفَ نَصْنَعُ؟ قَالَ : كَمَا صَنَعَ أَصْحَابُ عِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ، نُشِرُوا بِالْمَنَاشِيرِ، وَحُمِلُوا عَلَى الْخَشَبِ، مَوْتٌ فِي طَاعَةِ اللَّهِ خَيْرٌ مِنْ حَيَاةٍ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ)[1] ، واتـە :

---

[1] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی (الطبراني : المعجم الكبير/ وزارة الاوقاف والشؤون الدينية/ بغداد ـ ب ٢٠ ل ٩٠ ژمارە ١٧٢) لە سەرچاوەی دیکەشدا هەیە وەکو (الطبراني/ المعجم الصغير ٢٦٤/١) و (ابو

یارمەتی (پارەو سامان) وەرگرن، مادام خەڵات و دیاری بێت، کە بو بە بەرتیلی دیـن فرۆشـیی، لێـی گـەڕێنو وەری مـەگرن، وازیـشی لـێ نـاهێنن! چـونکە هەژارییو دەستکورتی واتـان لـێ دەکات وەریگـرن، ئـەرێ دەسـتاڕەکەی ئیـسلام هـەر هەڵدەسوڕێت، لەگـەڵ قورئانـدا بـن هـەر چـۆن گـەڕا، ئـەرێ دەسـەڵات و قورئان لێك دور دەکەونەوە، ئێوە لە قورئانەکە دور نەکەونـەوە، دەسـەڵاتداری وا بەسەرتاندا زاڵ دەبێـت، ئـەو حوکمـەی بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـانی دەدەن، بـۆ بەرژەوەنـدی ئێـوەی نـادەن، جـا ئەگـەر سەرپێـچیان بکـەن دەتـانکوژن، ئەگـەر گوێڕاڵیشیان بکەن گومڕاتان دەکەن! وتیان : ئەدی چی بکەین ئەی پێغەمبەری خـوا؟! فـەرموی : وەکـو یـاوەرانی عیـسا بـن، کـە بـە مـشار دەیانبڕینـەوەو بـە قەنارەیانەوە دەکردن (لە سێدارەیان دەدان، بـەڵام ئـەوان هـەر لەسـەر دینەکـە سور بون)! مردن لە پێناوی خوادا باشترە لـە ژیانێـك، کـە لـە سەرپێـچی خـوای گەورەدا بێت..

بە داخەوە لە دوای سەردەمی پێغەمبـەرێتی و خولـەفای راشیدینەوە، ئـەم هاوکێـشەیەی نێـوان بیرمەنـدان و ئاراسـتەوانانی کۆمەڵگـەو دەسـەڵاتدارانی سیاسـیی گـۆڕا! هـەردو لا کەوتنـە نـاکۆکیو زۆران، ئـەنجامیش سـەرکەوتنی دەسـەڵاتداران بـو.. هەرچـەندە ئـەم خاڵـە قـسەو باسـی پـەروەردەیی زیـاتر هەڵدەگرێت، بەڵام ئێرە شوێنی توێژینەوە نیە، با بمێنێت..

سـەردەمی ئێـستای دەزگاکـانی پـەروەردەکاریی و ئاراسـتەوانی جیهـانی ئیسلامی سەردەم، نمونەی مامۆستا دەداتە حاکم! وا دادەنێت، کە کابرای حـاکم وەکو مامۆسـتا هـەمو شـتێك دەزانێـت!! بۆیـە دەبێـت هـەمو کێـشەکان بێتـەوە بەردەست، تا ئەو چارەسەرەیان وا بۆ دیـاری بکـات، کـە موناقەشـەی تێـدا نیـە!

---

نعيم : حلية الأولياء ٥/ ١٨٨) و (الهيثمي : مجمع الزوائد/ ٢٢٨، ٢٣٨) و (ابن حجر : المطالب العالية بزوائد المسانيد الثمانية ژمارە ٤٤٠٨) بەڵام لەبەر ئەوەی لە سەنەدەکەیدا وەزینی کوڕی عەتائی تێدایە، کە هەرچەندە ئیبنو حیببان بە جێمتمانە (ثقة) ی ناساندوە، بەڵام زانایانی دیکە بە زەعیفیان لە قەڵەمداوە، هەمو پیاوانی دیکەی سەنەدەکە جێمتمانەن، شێخی ئەلبانییش رەحمەتی خوای لێ بێت لە تەخریجی فەرمودەکانی کتێبی (مشكلة الفقر و كيف عالجها الاسلام/ الشيخ يوسف القرضاوي بە زەعیفی داناوە)!

**پاشان فەرمان دەردەکات تا بڕیارەکانی جێبەجێ بکەن!! لێرەدا ئەوی هەبون و کاریگەری نیە، بازنەی کۆمەڵایەتییە، کە قەدەغە کراوە، کە لە هەبونی پەیوەندی چارەنوسسازی نێوان بیرمەندان و جەماوەری ئوممەتەکەو دەسەڵاتداراندا دەردەکەوێت، کە ڕۆڵی کێشە دیاری کردن و توێژینەوەکە دەدرێتە دەست زاناو پسپۆڕانی خاوەن شەهادەو دەزگاکانی خێرخوازیی و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون! بەڵام ئەوەی ئێستا لە جیهانی ئیسلامی سەردەمدا ڕو دەدات هەر (دیکۆر)ە، هەر ڕازاندنەوەیە، زانکۆکانی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامیو شەهادەکانیان هەر بۆ جوانی و خۆپێوەبادانە، شەهادەو بڕوانامەی پسپۆڕیی وەکو پەردەو قەنەفەی ماڵانی لێ هاتوە! وەك کتێبخانەی جوانی ماڵان، پڕە لە کتێبی جوان، بەڵام خاوەن ماڵ لاپەڕەیەکی لێ نەخوێندونەتەوە[١]!!**

---

[١] ئەم لاسەنگی و شیرازە پسانەی نێوان بیرمەندان و جەماوەری ئوممەتەکەو دەسەڵاتدارانی سیاسی لە جیهانی ئیسلامی سەردەمدا هەر لەسەر ئاستی دەوڵەت و حکومەتەکان نیە، بەڵکو لەسەر ئاستی حزبو پارتە سیاسیەکانیش هەر وایە! ئەمانیش پێویستە داناو توانا بن، دەبێ خاوەن سەرکردایەتی وپێشەوایەتی بن و توانای جێبەجێ کردنی بڕیاری خۆیان هەبێت، دەبێت فەرمانی سەرکردایەتی بە ناو ئەندامانیاندا، بێ جیاوازی چینایەتی بێت و بڕوات و ڕابپەڕێنرێت، نەك هەر لە ناو حزبدا کۆمەڵێك دەوڵەمەندو خاوەن پلەو ئاستی کۆمەڵایەتی هەبن، کە بڕیارەکانی سەرکردایەتی نەیانگرێتەوە!! هەر لەم حزب و پارتانەی جیهانی ئیسلامی سەردەمدا دەبینی، دەزگای تایبەتی لێکۆڵینەوەو دیراساتی زانستیانە نیە! بیرو فیکری ڕەسەن و کاریگەر شتێکی کەسایەتیە، نەك تەوەرە کاری دەزگایەکی تایبەتمەند ! دەبینیت بیرمەندێك لە حزب دەردەکەوێتو بیرێکی بەرفراوان و ڕەسەنایەتی لە چوارچێوەی حزبدا دەخاتە بەردەست، کەچی حزب ناتوانێت تەبەننای فیکرەکەی بکات! بۆیە بیرمەندەکە بە ڕەنجی شەخسی خۆی دەکەوێتە ڕاڤە کردنو بڵاوکردنەوەی، بە ڕەنجی خۆی پێ دەگات و لایەنگر پەیدا دەکات (تا دەبێتە خەت و ڕەوتی نارەسمی ناوخۆ)! ئەگەرچی حزبەکە پشتگیریی لەم بیرمەندە نەکردوە، بەڵام کردوێتیە موڵکی خۆی و جێ شانازیی، کردوێتیە مایەی کەسب کردنی خەڵکی نوێ! کە بیرمەندەکە نامێنێت، حزب بۆ خۆی ناچار دەبێت لە لاپەڕەکانی مێژو کەلەپوری فیکری خۆیدا بگەڕێ، بەڵکو دیدو تێڕوانینێکی وای دەسکەوێت! هەرچیەکی دەسکەوێت دەکەوێتە مەتح و سەنای!! کەچی ئەوی پێشوی، کە سوك و ئاسان هاتبوە بەردەستی نەهات، دەوڵەمەندتری کات و بیکاتە دیدێکی ڕەسمی حزب!!

ئەمە لە حزب و پارتی ئیسلامی و عەلەمانی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی سەردەمدا وایە! لە کاتێکدا دەبینیت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، هەر بیرمەندێك لە ناو حزب و بزاڤێکدا هەڵکەوێت، دەسبەجێ دەیگرنە خۆ! نابینیت چۆن بزوتنەوەی زایۆنیزم دەزگای تایبەت بە داهێنان و بەرهەمی فیکریی

لە بەرامبەردا دەبینین لە سیستمی پەروەردەو ئاراستەی رۆژئاوای غەیرە موسڵماندا، هەماهەنگی تەواوی خستۆتە نێوان بیرمەندان و جەماوەی گەل (کە لە دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەردەکەوێت) و پیاوانی دەسەڵاتی سیاسییەوە، هەمویان کاری یەکتریی تەواو دەکەن، هەر دەڵێی ئاراستە قورئانیەکە جێبەجێ دەکەن!! لەوێ هەر کێشەیەکی ئەمان، یان ترس و بیم بێتە پێش جەماوەرکە، نابێتە گەرەلاوژێ و وتەوت، بەڵکو خێرا دەگاتەوە دەزگاکانی هەواڵ و ئاسایش، دوای توێژینەوەی دەگاتە مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەو، ئەوانیش بۆی دەکەونە راپرسیی و کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر لەسەری، دەزگاکانی راگەیاندنی لای خۆیان دەوروژێنن، تا دەیان دیدارو ریپۆرتاجی لەسەر بکەن، ئەمانە هەموی زانیاری زیاتر دەخەنە بەردەست پسپۆران، ئاوا کێشەکە بە هەمو رەهەندەکانیەوە دەکەوێتە بەر دەست پسپۆران، ئەوانیش شەونخونی تێدا دەچێژن و شیکارییەکی وردی تێدا دەکەن‌و دەیگەێننە دەزگاکانی ئیدارەی سیاسەتی وڵات، تا لەوێوە بڕیاری گونجاو لەسەر ئەو کێشەیە دەرچێت، کە دەریش چو، ئیتر ئەو دەزگا حکومییەی بەرپرسی راپەڕاندنێتی، وەك فەرمانی سەربازی وەری دەگرێت و، بێ دەمەوەریی و سستی جێبەجێی دەکات، ئاوا ئەو کێشەیەی، کە لە ناو جەماوەردا پەیدا بو، رێی چارەسەرکردنی کەوتەوە بەردەست جەماوەرکە خۆی، جەماوەرەکەش بێ چەندوچون قەناعەتی پێ دەکات و وەری دەگرێت و کاری لەسەر دەکات.. ئیتر ئاوا بەردەوام بە متمانەی نێوان هەموانەوە، بازنە هاوبەشەکەیان هەڵدەسوڕێت..

★★★

---

بیرمەندان دادەمەزرێنێت، چۆن سەدان و هەزاران کەسی پسپۆڕو بەتوانایان بۆ دەدۆزێتەوەو تەعینیان دەکات، تا بە قەدەر قەبارەی ئامانج و دوری ڕێگاو بەربەستەکانی خەڵکیان لێ کۆدەکاتەوە، یەکێك لە ئەرکی سەرەکی ئەم دەزگایانە دامەزراندنی دەزگای فێرخوازیی و پەروەردەو ئاراستەوانیە، کە بە قەدەر ژمارەی پێویست پسپۆڕ دێنێتە بەرهەم!! (نوسەر).

# حەوتەم بواری پشتگیریی : پشتگیریی ئوممەتە موسڵمانەکە لە بەرەنگاربونەوەی دەستدرێژیی دەرەکیدا

ئەو ئوممەتەی لەسەر هەست و قەناعەتی لایەنگیریی و پشتگیریی هەق و، هەقپەروەریی پەروەردە بوبێت، زۆر زەحمەتە سەر بۆ هێزی داگیرکەری دەرەکی دانەوێنێت، زۆر زەحمەتە دوژمنی سەرەکی بتوانێت بێتە سەریی و، سەروەریی و سەروەتی زەوت کات! بۆ رەسەن کردنەوەی ئەمە، پەروەردەی ئیسلامی، پێویستە پێنج خاڵ لە ئوممەتەکەدا بگرێتە بەر :

**یەکەم : پەروەردە کردنی ئوممەتەکە لەسەر گیانی سەربازێتیو خولیا بونی جیهاد :**

ئاڕاستەی پێغەمبەر ﷺ لەم ڕووەوە زۆر جیددی و ڕون و ئاشکرایە، ئەو زاتە پێشەوایە ﷺ ، منداڵان لە تەمەنی زۆر زویانەوە لەسەر شارەزابون لە ئامێرە جەنگیەکانی ئەو سەردەمەی خۆیان و، مەشق کردن لەسەریان هان دەدات! وەکو ئەسپ سواریی و تیرئەندازەیی و بەکارهێنانەکانی شمشێرو هونەرەکانی جەنگ، لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی تەمەن و شیاوێتی و ئەندازەی خولیابون و شەیدابونی جیهادەکە..

بێگومان دەبێت ئەو خاڵە هەمیشە لەبەرچاو بگیرێت، کە خولیابونی جیهادو مومارەسە کردنی ئەوە بیر نەباتەوە، کە ئەسڵ هەڵگرتنی بانگەوازی پەیامەکەو پاراستنێتی، بۆیە دەبێت هەمو هەڵسوکەوتێکی جیهادەکە، بە پێی رێساکانی شەرع بێت، چونکە جیهاد وەسیلەیە، نابێت وەسیلەکە لەسەر حسابی ئامانجی بەرنامەکە قەڵەو بکرێت، هەروەکو لە بەندی جیهادو پەیامدا ڕونکرایەوە، نابێت هیچ ئەرك و فەرمانێكو کرۆکی شەرعەکە، کە ئامانجی دینەکەیە پشتگوێ خات، چونکە فیکرەکە دەبێ هێزەکە ئاڕاستە کات، بە مانایەکی دی، هێز وا لە خزمەت شەرعدا، جیهاد، کە بەکارهێنانی هێزە

سەربازیەکە بۆ ئەوە دەکرێت، کە ئەمن و ئەمان و ئازادی بڵاوبێتەوەو، شەریعەت سەروەر بێت، تا دادی خواویستی بچەسپێت، ئەمەشە جیاوازی سەرەکی نێوان ئیسلام و شارستانێتیە ئیستیعماریەکەی ئەمڕۆی رۆژئاوا، کە بە لاف و گەزافی خۆی بێت، ئاشتی و ئەمان بەسەر زەویدا بڵاو دەکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا فیکرەکەی وا لە خزمەت هێزە سەربازیەکەیدا! هێزی خۆی دەسەپێنێت و پاشان بە فیکرەکە بەهانەی بۆ دەهێنێتەوە!! هەردوکیشی بۆ جەردەیی و ڕوتاندنەوەی جیهانیانە! ئەوە هەمو سیماو ڕەفتاری ئیستیعمار، ئەوە هەمو دەستدرێژیەکانی رۆژئاوا لە جەنگی جیهانی یەکەم و دوەمدا، ئەوە داگیرکردنی وڵاتان و تێکدانی بە کودەتا سەربازییەکان!! بە هێزی سەربازیی وێران دەکەن و، بە فاك و فیکی بیری پوچ خشتوخاڵی دڕندایەتیەکەی ڕادەدەن!!

**دوەم : بایەخدان بە پیشەسازیی جەنگ و بەرەوپێشبردنی زانستییە سەربازییەکان :**

بۆ ئەوەی بەرەی ئیسلامی هەمیشە لە ڕوی سەربازیەوە باڵادەست بێت و، توانای بەرگریی لە خۆی و دین و بەرژەوەندیەکانی هەبێت، دەبێت پیشەسازی ئیسلامی هەمیشە لەبرەودا بێت، تا لەگەڵ هێزی نەیاراندا هاوکێشەی هێز بە پارسەنگی دروست دەبێت و، دوژمن جورئەتی ئەوە ناکات شەڕ بە ئەهلی ئیسلام بفرۆشێت، لە لایەکی تریشەوە هەبونی کەرەستەو نەخشەو پیشەسازیی جەنگی، ئەو ئومێدە زیاتر دروست دەکات، کە لە هەر ڕوبەڕو بونەوەیکی ئوممەت و دوژمناندا سەرکەوتن زوتر بەدەست دێت، ئەمەش ئەو ئاڕاستەیە، کە خوای گەورە بە موسوڵمانانی دەگەیێنێت، کە دەفەرموێ : (وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ وَمِن رِّبَاطِ ٱلۡخَيۡلِ تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمۡ لَا تَعۡلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعۡلَمُهُمۡۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيۡءٖ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ يُوَفَّ إِلَيۡكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا

تُظْلَمُونَ ) الانفـال/٦٠ ، واتــه : بـه هەرچـی شـتێك، كـه مايـەی هێـزەو لـه تواناتاندا هەيه بۆ بەهێزكردنی دەسەڵاتی خۆتان و موسڵمانان بيگرنه بەر، لـه ئامادەسـازيی ئەسـپ (ئـامێری گوسـتنەوەو تەكانـدانی نـاو مەيـدانی جـەنگ) لەوەی، كه دوژمنانی خـواو دوژمنـانی خۆتـانی پـێ دەتـۆقێنن، دوژمنـانی تـری غـەيری ئـەمانيش هـەن، كـه ئێـوه نايانناسـن، خـوا چاكيان دەناسێت، ئـەوەش بزانن هەرچی شتێك له پێناوی خوادا ببەخـشن، خـوای گـەوره پاداشـتەكەيتان بۆ ڕۆژی دوايی هەڵدەگرێت و ستەمتان لێ ناكرێت..

## سـێيەم : دامەزراندنی مەڵبەندی پسپۆڕيی و تايبەتمەند :

تايبــەت بــه ســۆراغ كــردنو ديراســات و لێكۆڵينــەوەی ديــدو تێــڕوانينی فەلــسەفیو فيكــرو سياســەت، ڕێبــازو هەڵوێــستو ڕوداوەكــان، بەرژەوەنــدی ئوممەتو ئەوانی ديكەو هێزه كاريگەرەكانی سەر بەرژەوەنديـەكان، بـۆ ئـەوەی سياسـەت و هەڵوێـستی پارسـەنگيان لەسـەر وەرگيرێـت، بـه شـێوەيەكی وا، كـه پەيامی ئوممەتەكەی پێ بدرەوشێتەوه، ئەمـەش داواكـراوی ئـەو ئايەتەيـە، كـه خــوای گــەوره دەفــەرموێ : (إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ﴿٨﴾ لِّتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا ) الفــتح/٨-٩ واتــه: ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمه تۆمان به پێغەمبەرێتيەوه ناردوه، تا ببيته شايەت و مژدەوان و هۆشدەر، تا ئێوەش باوەڕ به خواو پێغەمبەرەكەی بهێنن و، پشتی بگرن و ڕێزی لێ بگرن وبەيانی و ئێواران سوپاس و ستايـشی خـوای گەورەشـی لەسەر بكەن..

هەر ئەمەش مەبەسته لەوەی، كه پێغەمبەری خوا ﷺ لـه فەرمودەيەكيـدا ئامـاژەی پێـداوه، كـه فەرمويـەتی : (رَحِـمَ اللهُ مَـنْ حَفَـظَ لِـسَانَهُ، وَعَـرَفَ زَمَانَـهُ،

وَاسْتَقَامَتْ طَرِيقَتُهُ )[١] واتە : ڕەحمەتی خوا لەو کەسەی کە زمانی دەپارێزێتو، سەردەمی خۆی دەناسێت و، ڕاستانە لەسەر ڕێبازی خۆی دەمێنێتەوە..

پێغەمبەری پێشەوا ﷺ ڕوداوەکانی سەردەمی خۆی بە سێ هۆکار لێك دەدایەوە : وەحی، ژیریی، هەست.. دوای ئەو زاتەش ﷺ کە وەحی بڕاوە، ئەرکی سەرشانی دەزگاو مەڵبەندەکانی توێژینەوەو بەدوداچون و لێکۆڵینەوە ئەوەیە، کە وزەی زیاتریان لە بوارەکانی ژیریی و هەستدا بخەنە گەڕ، تا پەی بە مەبەستە شاراوەکان بکەن، کە ڕوداوەکان لە ناواخنی خۆیاندا هەڵیانگرتون، ئەگەر ئاوا نەبن زۆر زەحمەتە ستراتیژێتیەکی ڕاست و سیاسەتێکی دانایانە داڕێژن[٢]..

**چوارەم: دامەزراندنی دەزگاو دائیرەو مەڵبەندی دیراساتی ستراتیژێتی :**

دەزگای تایبەت بە نوێخوازیی و، شێوازو چۆنیەتی خۆگونجاندن لەگەڵ داواکاریەکانی سەردەم و، چۆنیەتی روبەڕو بونەوەی پێداویستیەکانی..

**پێنجەم : دامەزراندنی مەڵبەندو دائیرەی تایبەت بە کۆمەڵگەی غەیرە موسوڵمان :**

---

[١] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی (المناوي : فيض القدير شرح الجامع الصغير/ دار الفكر ـ القاهرة ١٣٩١ ك: ١٩٧٢ ب ٤ ل ٢٩ ژمارە (٤٤٤٠).) بەڵام بۆ زیاتر بڕوانە : (كنز العمال ب ٣ ل ٦٥٣ ژمارە (٦٨٩٤) کە لە ئیبنوعەبباسەوە ریوایەتی کردوە، خوا لێی ڕازی بێت.

[٢] مەڵبەندەکانی بەدوداچون و توێژینەوەو دەزگا ئیسلامیەکانی لێکۆڵینەوە، دەبێ زۆر دیقەت لە کاری ستراتیژێتی ڕۆژئاواییەکان لە ئەوروپاو ئەمریکا بدەن، مێژو بەڵگەی زۆری لە لایە، کە ئەوان لە رۆژانی پڕ ژانی ئەندەلوس و شەڕی تولانی خاچپەرستان و ئیستیعماری سەردەمەوە زۆریان ڕق لە موسوڵمانانە، رۆژانە لە هەوڵی نابوت کردنی موسوڵماناندان، ئەمەش ئەوەیە، کە لە فەرمودەی پێغەمبەری پێشەوادا ئاماژەی پێکراوە، کە فەرمویەتی : (أَشَدُّ النَّاسِ عَلَيكُمْ الرومُ، وإِنَّمَا هَلَكَتُهم مَعَ السَّاعَةِ) واتە : سەختترین دوژمن لەسەرتان رۆمەکانن، هاتنی رۆژی قیامەت دەیانفەوتێنێت (نوسەر).. نوسەر نوسیێوتی : (مسند أحمد/ تصنيف الساعاتي ب ٢٤ ل ٥٦ ژمارە (١٥٨) لە (فيض القدير ٣/ ٢٦٥ یشدا هاتوەو ئەسڵێکی لە سەحیحی موسلیمیشدا هەیە.والله اعلم.

ئەمەش بۆ ئەوەی دو ئامانج بێتە دی :

١ ـ ناسین و شارەزابونی ئەو بنەماو بناغانەی، کە ئەو کۆمەڵگایانەی لەسەر بنیات نراوە، لە زمان و کلتورو ڕۆشنبیریی و نەریتی کۆمەڵایەتییان، چونکە ئەمانەیە کە سیاسەتی وڵاتانیان ئاڕاستە دەکات ورەفتارو رەوشت و پەیوەندیەکانی خۆیانی لەسەر بینا دەکەن.. قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتدا ئاڕاستەی ئوممەتە موسوڵمانەکە بۆ ئەوە دەکات، کە بڕۆن دیراسەی ژیریی و بیری (ویست) و (پاڵنەر) ی غەیرە موسوڵمانەکان بکەن، تا ببێتە هۆکاری پێشبردی زانستیەکانی سیاسەتی ئیسلامی و زانستیەکانی کۆمەڵناسیی ئیسلامی و زانستیەکانی مرۆڤناسیی ئیسلامی (ئینترۆپۆلۆجیا)، هەروەها ئەو زانستیانەی دیکە، کە پێداویستی سەردەم دەیانخوازێت، تا پێناسەو بوارو ڕێساکانیان ڕون بکرێتەوە، چونکە زۆر زەحمەتە بێ بایەخ دان بە زانست هیچ لایەن و بوارێکی پشتگیریی ـ لەوانەی باسمان کردن ـ بێتە دی.

٢ ـ داڕشتنەوەیەکی نوێی بنەمای پەیوەندی دەرەکی ئوممەتی موسوڵمان، لەگەڵ وڵات و کۆمەڵگە غەیرە موسوڵمانەکاندا، تا وریاو ئاسان و بەسود ئەو بوارو مەیدانانە دیاری بکرێت، کە ئوممەت و دەسەڵاتە سیاسیەکەی دەتوانێت دۆستایەتیان تێدا بگرێت و، پابەند بێت بەسنورو بنبانی هاوکاریی و هاریکاریی نێوان هەردولا..

.......... ★★★ ........

# بەنــدی نۆیــەم

# توخمــی شەشــەم : ســەرپەشــتیاریی

## بەشــی یەکــەم

## مانای ســەرپەرشــتیارێتی

## بەشــی دوەم

## پلــەکانی ســەرپەرشــتیارێتی ئیمانــدارانە

## بەشــی سـێیەم

## پلــەکانی ســەرپەرشــتیارێتی غەیــرە موســڵمان

# بەندی نۆیەم

## توخمی شەشەم : سەرپەرشتیارێتی

## (الولاية و الولاء)

سەرپەرشتیارێتی پوختەی بەرهەم و ڕەنجی ئاوێتە بون قوڵ و قاڵبونەوەیی ئوممەتەکەی لە توخمەکانی پێکهاتنیدا (واتە توخمەکانی باوەڕ، هیجرەت، جیهاد، داڵدەدان ، پشتگیریی) دەرکەوتنی سەرپەرشتیارێتی لە ڕەفتارو ڕەوشتی تاك و کۆی ئوممەتەکەدا ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئەو توخمانەی سەرەوە، بە ڕاستی لە ئوممەتێکی زیندودا چەسپاون و، کاریگەرێتی خۆیانیان سەلماندوە، ئەوەش ئەنجام و داواکراوی ئایەتەکەیە، کە لە دوای ریزبەندیی پێکهاتەکان باس لەو سەرپەرشتیارێتیە دەکات و دەفەرموێ : ( إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ) الانفال / ٧٢ واتە : بەڕاستی ئەوانەی، کە باوەڕیان هێناوەو کۆچیان کردوەو لە پێناوی خوادا بە گیان و سامانیانەوە جیهادیان کردوە، هەروەها ئەوانەی، کە پێشوازییان لە کۆچکەرەکان کردو (چون بە دەنگیانەوەو) لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا جێیان بۆ سازدان و داڵدەیان دان و، پشتیوانیان لێ کردن و سەریان خستن، ئا ئەوانە سەرپەرشتیارو پشتیوانی یەکترن..

# بەشـی یەکـەم

## مانای سـەرپەرشـتیارێتی ( الولاية )

سەرپەرشتیارێتی (الولاية) زاراوەیەکی ئیسلامی رەسەنەو لەدەیان شوێنی قورئانو فەرمودەدا هاتوە، کە مانای سەرپەرشتیکردنی کاروباری هەمو کەسانێکی تری غەیری خۆتە. الولي : هەمو تاکێکی ئوممەتی موسڵمانە، کە بە پێی شەریعەتی خوا، لە بوارەکانی باوەڕو هیجرەتو جیهادو داڵدەدان و پشتگیرییدا، سەرپەرشتی ئەندامانێکی دیکەی ئوممەتەکە دەکات.. سەرپەرشتیارێتی زاراوەیەکی کۆمەڵایەتیە، ئەوە دەگەیێنێت، کە تاکی موسڵمان وەلائی خۆی دەداتە بیروباوەڕەکەی خۆی، کە لە پەیامەکەیدا ڕون کراوەتەوەو لە خزمەتی ئەودا دەبێت، نەك لە خزمەتی بەرژەوەندی خۆی و خولانەوە بە دەوری خۆیدا. ئەم موسولمانە خاوەن وەلائە، لەگەڵ موسڵمانە هاوبیرەکانی خۆیدا، کە هەمویان وەلائیان بۆ پەیامەکەیانە، پێکەوە دەبنە وزەی بەگەڕ خراو بۆ چەسپاندنی پەیامەکەیان، کە لە توخمەکانی (باوەڕو هیجرەت و جیهادو داڵدەدان و پشتگیریی) دا دەردەکەوێت.. کەوابو سەرپەرشتیارێتی بریتیە لەو گیان و هەستی بەرپرسێتیەی لە ناخی تاکەکانی ئوممەتی موسڵماندا ڕەگ دادەکوتێ، تا رەفتارو پەیوەندیەکان و پێداویستیان بەو، ڕۆحی مەسئولیەتە ئاڕاستە کات، تا هەمو تاکەکان ئەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان بزانن، کە وەکو تاك، یان وەکو دەزگاو دائیرەکانی کۆمەڵگە، یان وەکو دەسەڵاتی سیاسی هەمویان لە هەمو بوارێکی ئاڕاستەوانی فیکرو سیاسەت و کۆمەڵایەتی و داوەریىو فێرخوازییو ڕۆشنبیرییو جەنگو ئاشتیو ئەمن و ئەمانو ئابوری و بەرهەم هێنان و بازرگانی و چاندن و پیشەسازیی دا بەو گیانی مەسئولیەتەوە هاوکاری یەکتر بکەن وکارئاسانی بۆ دائیرەو دەزگاکانی یەکتری بکەن.

لەم زاراوە سەرەکیەوە دەیان زاراوەی دیکە داتاشراوە، وەکو (أولي الامر) و(الولاة واتە : والی بەرپرسی هەرێمەکانی دارالاسلام). ئەو کەسە پیاوچاکانەی زانیویانەو توانیویانە، ئەم سەرپەرشتیارێتیە بە گوێرەی شەریعەتی خوا، لە خۆیان و ئوممەتەکەیاندا بهێننە دی پێیان وتراوە : (ئەولیای خوا، کە کۆی وەلییە)! چونکە هەمو هەڵسوکەوتێکیان یارمەتیدان و بە هاناچونی خەڵکەوە بوەو، پشکی نەفسی خۆیان خستۆتە پاش پێداویستی خەڵکی و، ئەوەندە بۆ خوا سوڵحاون، کە هەمو حەزو ئارەزوەکانی دنیا نەیانتوانیوە بۆ خۆیانیان کەمەندکێش کەن، ئیدی گەیشتونەتە پلەی وەلییێتی! جا بەم مانایەیە، کە هەر کەس لە هەر بوارێکی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابوری، یان ئاڕاستەو فێرخوازیی، یان جیهادو ئەمانو جەنگو ئاشتیدا لەکاردا بو، مادام لەو ئاستەی بەرپرسێتی و خزمەتکارێتی پەیامەکەی خوادا بو ئەوە وەلی خوایە.. لەم روانگەوەیە، کە سەیدنا ئەبوبەکری سددیقو عومەری کوڕی خەتتاب لە سیاسەتدا وەلی خوا بون، سەیدنا خالیدی کوڕی وەلید لە لایەنی سەربازیدا وەلی خوا بو، سەیدنا مەعازی کوڕی جەبەل لە لایەنی پەروەردەو فێرخوازییدا، وەلی خوا بو، سەیدنا عوسمانی کوڕی عەففان و سەیدنا عبدالرحمانی کوڕی عەوف لە لایەنی بازرگانیدا وەلی خوا بو، یەکێکی تر لە چاندن و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵدا وەلی خوابو، یەکێکی دیکە لە پیشەسازییدا وەلی خوا بو، یەکێکی دیکە لە پۆلیسیدا بو بو بە وەلی خوا، یەکی دیکە لە کاروباری ئیدارییدا، ئیتر ئاوا هەر یەکەیان لەو بوارەی، کە تێیدا کەوتبوە خزمەتی ئوممەتەکە بوبو بە وەلی خوا، چونکە بە پێی شەرعی خوا ڕەفتاری دەکردو، بە تەقواوە سنوری فەرمان و بەرهەڵستیەکانی شەرعی دەپاراست..

پێویستە لێرەدا دو خاڵ دەسنیشان بکەین :

**یەکەم : ئەو شێوانەی، کە لە پەروەردەو ئاراستەی ئیسلامیدا بەسەر ئەم زاراوەیەدا هاتوە :**

ماناکەی لە واتا کۆمەڵایەتیەکەیەوە، کە بە مانای وەلی خوا، گۆڕاوە بۆ دەروێشێتی و ساویلکەیی و شێتەڵۆکەیی و گێلیی! بۆ سۆفیگەرێتی گۆشەگیریی خەڵوەتگەی چۆڵەوانی! بۆ هەست مردویی‌و خۆ لە واقیع گێل کردن، بۆ بێ دەسەڵاتی‌و واز لە دنیا هێنان! بۆ زەلیلی‌و خۆ مت کردنی ژێردەستی دوژمنان، بۆ چلکنی و کولکنی و پیسوپۆخلی! سەرباری ئەم جۆرە ژیانە مشەخۆریەش، دەبینیت کابرای وشکە سۆفی، کە لە خەڵوەتگاکەیدا بەلادا دێت‌و دەمرێت، شوێنەکەی دەبێتە مەرقەدو گومەزی بەدەوردا دروست دەکرێت‌و، دەبێتە بتگایەکی جاهیلیی و قوربانی لێ سەر دەبڕرێت و، سادەو ساویلکەی دیکەی مەزڵوم و بێ دەرەتان، کە پۆل پۆل دێنە تەواف و هانای بۆ دێنن، تا سودیان پێ بگەیێنێت، یان زیانیان لێ دور خاتەوە!! دەسەڵاتدارانی ستەمکارو لاڕێش ئەمە بە هەلی زێڕین دەزانن، بۆیە مەرقەدەکان دەکەنە مایەی بیرخەساندنی جەماوەرەکە! ئەوی لە دوای ئەم شێواندن و گۆڕین و ئینحیرافەوە بو، بیرو ژیرییەکی وردەکاری مەکربازی پڕ فاك و فیك بو، چ لەوانەی لەسەر دەسەڵاتی زەوت کراو بون، چ لەوانەی لە خزمەتی ئەوانەدا بون، کە ئینحیرافەکە لە قازانجی هەردولایان بو! چونکە بەو ئینحیرافە توانییان جەوهەری دینەکە لە دیدو بۆچونی خەڵکەکەدا بگۆڕن، تا پلەو پایەی خۆیان هەروا سەلامەت بمێنێت! دەیانزانی بە چاك تێگەیشتن لە ئیسلامە ڕەسەنەکە بو، کە هەمو ئیمتیازاتێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی لەمان سەندرا بۆیە، کە لە بازدانێکی فێڵاویدا دەسەڵاتەکە کەوتە دەستیان، وایان بە بەرژەوەند زانی، کە ناوەرۆکی دینەکە لە خەڵکەکە بشاررێتەوە، بۆیە رەواجیان بەو ئینحیرافەدا، کە ئەو کەسەی وازی لە سیاسەت و ململانێ و دنیاخوازیی هێنابێت و، هەقی کەسی

نەبێت و هەر خەریکی خواپەرستی بێت و، هۆشی هەر لە سزاو ئەشکەنجەی دۆزەخ بێت، دەبێتە وەلی خوا.. ئاوا بە ڕۆشنبیرییەکی سەقەت و لادانێکی زەق لە زاراوە شەرعیەکان، ئەو چەمکە قەڵبەیان هێنایە جێی ئەو چەمکە خواویستیە ڕەسەنە! نابینیت لەو کاتەوە، تا ئێستا دەسەلاتداران بایەخ بە مەرقەدو مەزارو نزرگاکان دەدەن، تا خەڵکەکە لارێ کەن! مەقریزی، کە مێژونوسێکی گەورەی ئیسلامە، باس لەوە دەکات، کە چۆن سوڵتانەکانی مەمالیك تەریقەتی دەروێشی و سۆفێتیان لە میسردا هان دەداو، بایەخیان بە گومەزو تەلاری سەر گۆڕەکانو ڕازاندنەوەی دەدا.. هەمو هەڵوێستو نوسینەکانی ئیبنوتەیمییە رەحمەتی خوای لێ بێت لە سەردەمی خۆیدا، دژی ئەم لادان و سیاسەتە چەوتە بو، کە بە زۆرداریی لەسەری دامەزرابو!

دەسەلاتی هێزە ئیستیعماریەکان، کە لە وڵاتی موسڵمانانندا خۆیان قایم کرد، هەروەها هەمو حکومەتەکانی پاشکەوتەی ئەوانیش بایەخی زۆریان بەم ئینحیرافە داو، لە بەرژەوەندی خۆیانیان بەکار هێنایەوەو یاسای پاراستنیان بۆ داڕشتن، ئەو لادانە نامۆیانەش، کە ئێستا لە دیدو رەفتاری تەریقەتی سۆفیگەرێتیەکانی ئەفریقاو هیندستاندا دەیبینین، هەموی ئاسەواری ئەو لادانەو جوان وێناکردنی ئەو سەردەمەیە..

## دوەم : پلەی سەرپەرشتیارێتی لە ڕیزبەندیی وەلاء و پێویستیی کۆمەڵگەکانی سەردەمدا :

سەرپەرشتیارێتی (بە چەمکی رەسەنی ئیسلامەکە خۆی) لەگەڵ هەنگاوەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەکاندا پێی هەڵهێناوەتەوەو گۆڕاوە، ئەو کاتەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، کۆمەڵگەیەکی بچوکی خانەوادەیی بەرەبابی بو، وەلائەکەش هەر بۆ باپیرە گەورەکە بو. کە کۆمەڵگەکان گەورەتر بون و بون بە تیرو هۆزو عەشیرەت، وەلائەکە بۆ سەرۆك عەشیرەتەکە بو. کە کۆمەڵگەکان

گەورەتر بون و بون بە نەتەوە، وەلائەکەش بو بە هەستێکی نەتەوەیی. کە سنوری وڵاتان نەماو رۆشنبیریی و کلتورەکان تێکەڵ بون، ئیسلام هات، بۆ ئەوەی بازنەی ئیسلامەکە جێگای هەمو مرۆڤایەتی تێدا ببێتەوەو، تاکی هەمو گەلێك هەست بە ئینتیمای خۆی بکات تێیدا، ئیسلام وەلائەکەی دا بە پەیامەکەو، وەلاء بۆ پەیامی ئیسلام بوە پەیوەستی نێوان تاك و کۆی گەلان..

جێی خۆیەتی ئەم ئیعتیرافەش لە بازنەی ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆ گرتنماندا تۆمارکەین، کە لە نەوەی یاوەرانی پێغەمبەری خوادا ﷺ پەیوەستی وەلائەکە لە جوانترین شێوەیدا بەرجەستە بوبو، ئەو بەڕێزانە هەرچی هەیانبو، لە ماڵو سامانو گیان، لە پێناوی خوای گەورەو بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەخشییان، بۆ ئەوەی خەڵکی لە زوڵمو ستەم قوتارکەنو بیانهێننە ژێر سایەی دادی ئیسلام، تا لە تەنگ و تاریکی دنیا ڕزگاریان کەن و بیانهێننە بەر ڕوناکی دنیاو قیامەت.. بەڵام نەوەکانی دوای ئەوان بە داخەوە پاشگەزبونەوە، گەڕانەوە سەر دیدو نەریتی جاهیلییەت و، وەلائی تیرەو هۆزو عەشیرەتگەرێتی و، دواتریش وەلائیان دا بە هەستی نەتەوایەتی عروبی و شعوبی، دواتریش کەوتنە وەلائی ناوچەگەرێتی! ئینجا وەلائی بەرەباب و تایەفە! بۆیە دەبینیت مرۆڤەکانی وڵاتی موسڵمانان، هەریەکەو ڕوی لە لایەکە! هەر یەکە وەلائی بە لایەك داوە! بە دەگمەن دەبینیت وەلائی دابێتەوە بە ئوممەتی موسڵمان!!

★★★

# بەشـــی دووەم

# پلــەکانی ســەرپەرشــتیارێتی ئیمــاندارانە

وەلاء لە قورئان و فەرمودەدا چەندین پلەی جیاوازیان هەیە :

## پلەی یەکەم: سەرپەرشتیارێتی خوای گەورە بۆ موسوڵمانان:

ئەمە لە زۆر ئایەتی قورئاندا باس کراوە، بۆ نمونە : (ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَوۡلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخۡرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِۗ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ) البقرة/٢٥٧ واتە : خوای گەورە سەرپەرشتیاری موسوڵمانانە، ئەو لە تاریکاییەکانەوە بۆ روناکیەکەیان دەهێنێت، بەڵام ئەو کەسـانەی، کە باوەڕیــان نەهێنــاوە، ئەوانە تاغــوت ســەرپەرشــتیاریانــە، کە لە ڕوناکیەکـــەوە بەرەو تاریکـیەکان دەبەن، ئەوانە دانیشتوانی دۆزەخن و بە نەمرییش تێیدا دەمێننەوە..

خوای گەوەر کاروباری موسوڵمانان دەخاتە دەستی پیرۆزی خۆیەوە، هەر لە سەرەتاوە لە لادان و هەڵدێرەکانی کوفر قوتاریان دەکات، لە دیدی لێڵ و بەرنامە ناڕەواو تولەڕێوە، لەو تاریکســتانی گومڕایــی و وێڵــیەوە دەستیان دەگرێت و، بە میهرەبانی خۆی، بە کارزانی خۆی بە ڕێبازی دینی خۆی، بەرەو هیدایەتی نوری خۆیان دەهێنێت، لە بەرامبەریشدا موســڵمانان، کە خوایان خۆشـدەوێت بۆ ســوپاســگوزاریــی خـــوای گـــەورە دەیپەرســتن، زیاتر بە شـــەریعەتەکەیەوە پابەند دەبن، بانگەوازەکەی بڵاودەکەنەوەو لە پێناوی

وەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو شـــەکاوەیی ئاڵای یەکخواپەرســـتیدا بە گیان و ماڵیان جیهاد دەکەن!

سەرپەرشتیارێتی خوای گەورە سەرچاوەیە، ئەسڵە، پلەکانی دیکەی سەرپەرشتیارێتی لەو جویٚ دەبنەوە، بۆیە هەر کەسێك پەیوەندێتی ئەم سەرپەرشتیارێتیەی خوای نەپاراستبێت، هیـچ جۆرە سەرپەرشتیارێتیەکی دیکە دادی نادات، لە خوا یاخی بون و چونە ژێر داڵدەو رکێفی غەیری خوای گەورەو، وەلائدان بە غەیری خوا لە غەزەبی خوای ناپارێزێت : (وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ سُوٓءٗا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ ) الرعـد/١١ واتە : ئەگەر خوای گەورە خراپەیەك بۆ قەومێك بخوازێت، بە هیـچ کلۆجێك ڕێی لیٚ ناگیرێت و کەس ناتوانێت ببێتە سەرپەرشتیاریان!

لەبەر گرنگی و کاریگەریی ئەم سەرپەرشتیارتێیەی خوای گەورەیە، کە دەبینیت لە دەیان ئایەتی قورئان و دەیان فەرمودەی پێغەمبەری خوادا ﷺ ئاماژەی پێکراوەو، مژدەی پێدراوەو جەختی لێکراوەتەوە.

## پلـەی دوەم: ســەرپەرشــتیارێتــی نێــرراوانی خوای گــەورەو موســڵمانان :

ئەمیش لە زۆر ئایەت و فەرمودەدا هاتوە، بۆ نمونە :

ـ خوای گەورە دەفەرمویٚ : (إِنَّ أَوۡلَى ٱلنَّاسِ بِإِبۡرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا ٱلنَّبِيُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۗ وَٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ) آل عمران/٦٨ واتە: ئەوی شایانی ئەوەیە بە شوێن کەوتوی ئیبراهیم بژمێررێت، ئەو کەسانەیە، کە شوێنی کەوتون، هەروەها ئەم پێغەمبەرەو ئەو کەسانەیە، کە باوەڕیان هێناوە، خوای گەورەش سەرپەرشتیاری موســڵمانانە..

- (ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ ) الاحزاب/٦ واته : پێغەمبەر ﷺ له خودی موسڵمانان خۆیان شایانتره سەرپەرشتیاریان بێت!

سەیری ئەم سەرپەرشتیارێتیەی، که خوای گەوره ئاوا مەتحی دەکات، ئەم پێغەمبەره پێشەوایه ﷺ له موسوڵمانان خۆیان شایانتره ببێته سەرپەرشتیار!! له خۆیان بەسۆزترو دڵسۆزتره! له خۆیان زیاتر سوره لەسەر ڕێنمایی و پارسەنگییان، لەسەر سەربەرزی دنیاو قیامەت و بەرژەوەندییان! بۆچی سەرپەرشتیارێتی ئەم پێغەمبەره ﷺ ئەوەنده جێ بایەخی خوای گەورەیه که ئاوا مەتحی دەکات؟! چونکه پێشەوایەکی خەمخۆرەو هۆشی لای پەروەردەکردنو ئاڕاستەو ڕێنیشاندانه، تا شوێنکەوتوانی وا پێبگەن، شایانی ئەوه بن پەیامی خوایی هەڵگرن! تا خوای خاوەنیان لێیان ڕازی بێت! بۆیه له بەرامبەریشدا ئەو موسڵمانانەکەوان له ژێر سەرپەرشتیارێتی ئەو پێغەمبەره پێشەوایەوه ﷺ، دەبێ باوەڕی تەواویان پێی هێنابێت و شوێنی کەوتبن و داڵدەیان دابێت و، به هەمو مانای وشه پشتگیرییان لێ کردبێت..

## پلەی سێیەم : سەرپەرشتیارێتی موسڵمانان بۆ یەکتریی :

ئەمەش له چەندین ئایەتی قورئاندا ئاماژەی پێکراوه، وەکو : ( وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ ) التوبة / ٧١ واته : موسوڵمانان ـ ژن و پیاویان ـ له ناو خۆیاندا سەرپەرشتیاری یەکترن.

موسڵمانان سەرپەرشتیاریی یەکترن، چونکه به هانای یەکترییەوه دێن، ئەمان دەدەنه یەکتریی، داڵدەی یەکتریی دەدەن، له هەمو بوارەکانی ژیاندا پشتگیریی یەکتریی لەسەر خێر دەکەن و، به تەنگ یەکترییەوه دێن، هەر له پێکهێنانی خێزانەوه بۆ دراوسێیەتی کۆڵان و گەڕەك، بۆ خزمایەتی، بۆ خۆئامادەکردن و جیهاد.. بۆ مشورخواردنی نیشتەجێیانی مەئواکەیان، که

لەگەڵیاندا دەژین، بۆ بەخەمەوەبونی هەمو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.. لەم چالاکیانەوە، لەم کارو کارتێکردنەوە لەم جۆرە رەفتارو چالاکیە پەسەندەی رۆژانە دەبینرێن، سەرپەرشتیارێتی دێتە دی.. بەرپرسی کۆمەڵگەی ئاوا، بێ ئەوەی خۆی بیەوێت خەڵکی وەلائی دەدەنێ و، دەیکەنە سەرپەرشتیاری خۆیان، ئەوە باوك یان هەر سەرپەرشتیارێکی دیکە لە خێزانەکاندا، ئەوە موختاری گەڕەك و زانای شار، ئەوە کاربەدەست و والی هەرێم، تا دەگاتە وەزیران و خەلیفە، هەمو کاربەدەستێك کارەکەی بچوك بێت، یان گەورە، دەبینیت خەڵکەکە خۆیان دەیهێننە پێشەوەو دەیبەنە سەر تەختی کار!

## پلەی چوارەم : سەرپەرشتیارێتی خزمی موسوڵمان :

ئاماژە بەمەیە، کە خوای گەورە دەفەرموێ : (وَأُوْلُواْ ٱلْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ ) الاحزاب/٦ واتە: بە پێی پەیامی خوا، ئەو موسوڵمانە موهاجیرانەی خزمانی موسوڵمانیان لێوە نزیکە، شایانترن ببنە سەرپەرشتیاری یەکتریی..

خزمانی ئەندام لە ئوممەتی موسوڵماندا دەبنەوە بە سەرپەرشتیاری یەکتریی، چونکە سەرپەرشتیارتێیە ئەسڵەکەی خۆیان، کە لەسەر بنچینەی وەلاء بۆ پەیامەکەی خوا دامەزراوە، بەو خزمایەتیە، هیچ زیانێکی پێ ناگات، لەبەر ئەوەیە دەبینیت خزمایەتی لە ئیسلامدا پەیوەندیەکی بەرێزەو، نەك هەر هاندراوە، بەڵکو هەڕەشەی خوایی لەو کەسە کراوە، کە خزمایەتی بەردەوام ناکات و پەیوەندیەکەی دەپسێنێت..

سەرچاوەکانی پەروەردەو ئاراستەی ئیسلامی، کە قورئان و سوننەتن وردەکاریی زۆری ئەو سەرپەرشتیارێتی (الولاء و الولایة) دەخەنە بەردەست، کە لەو چوار پلەیەدا دەردەکەون، کە باسکران، کە هەمو ڕەفتارو لایەنەکانی ژیانی تاك و کۆی ئوممەتە موسوڵمانەکە دەگرنەوە. بەرهەمی سەرپەرشتیارێتی

خواو نێرراوانی (وەلائدان بە خواو پێغەمبەرانی خوا سەلامی خوایان لێ بێت) لـە دیـاردەو رەفتـاری پارسـەنگی خۆشەویـستی و دڵـسۆزیی و چـاکەخوازیی و سەرڕاسـتیدا دەردەکـەوێت، بەرهـەمی سەرپەرشـتیارێتی موسـوڵمانان لـە نـاو خۆیاندا بریتیـە لـە برایـەتی و بـە هانـاوە چونی یـەکترو پلـەکانی (ایثـار) (لـە پێـشتر دانـانی بەرژەوەنـدی براکـانی تـر پـێش بەرژەوەنـدی خـۆت)، بەرهـەمی سەرپەرشتیارێتی خزمایـەتی لـە سۆزو بـەزەیی و هاتوچۆو بەشـداریی شـین و شادی یەکتریدا دەردەکەوێت..

ئاوا هەر هەمو پێنج توخمەکانی پێکهاتەی ئوممەت (باوەڕو هیجرەت و جیهادو داڵدەدان و پشتگیریی) دەردەکەوێت و لە واقیعێکی زیندوی هەست پێکراوی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتیدا بەرجەستە دەبێت، کە ناوی ئوممەتی موسوڵمانە..

پەروەردەو ئاڕاستەی ئیسلامی، دەبێت مەسئولیەتی ئەوە بخاتەوە سەرشان، کە بەرنامەی خوێندن و شێوەی ئاڕاستە کردن و پێگەیاندنی ئێستای موسوڵمانان بگۆڕێت، تا بێتەوە ئەو ئاستەی، کە توانای پەروەردەو ئاڕاستە ڕەسەنەکەی ئیسلامی دەبێت.. دەبێت چالاکی نوێ و دەزگاو دائیرەی نوێ بۆ ئەم پلە پلانەی سەرپەرشتیارێتی دامەزرێنێتەوە، تا هەر تاکەو بە گوێرەی تواناو شوێن و کاتی هەبونی خۆی بەو سەرپەرشتیارێتیە گەشە بکات و تاك و کۆی موسوڵمان ممارەسەی بکەن، تا نمونەی ئوممەتە موسوڵمانەکە دەخەنەوە بەردەستی مرۆڤایەتی..

★★★

# بەشی سێیەم

# پلەکانی سەرپەرشتیارێتی غەیرە موسوڵمان

ئەو کەسانەی، کە لە کۆمەڵگەی ئوممەتە موسوڵمانەکەدا نین و، پەیوەستی سەرپەرشتیارێتی عەقیدەو ئوممەتەکە نایانگرێتەوە، لەو بەرەوە لەسەر چەندین سەرپەرشتیارێتی ناڕەوا گۆش دەکرێن، کە لە خەڵك بانگ کردن بۆ بانگەوازی ناهەقی و پشتگیریی و سەرخستنی باتڵدا دەردەکەوێت، ئەم سەرپەرشتیارێتیە ناهەقیە دو پلەیە :

## پلەی یەکەم: سەرپەرشتیارێتی شەیتان بۆ کافران و دوڕوان و یاخیبوان :

شەیتان بەرپرسێتی گومڕا کردن و ئاڕاستەی خوارو ناڕەواو هاندانی کافرو دوڕو تاوانباران لەسەر باتڵ و ناڕەوایی دەگرێتە دەست، وایان ڕێ نیشان دەدات، کە هەمیشە سەرپێچی فەرمانی خوا بکەن و توخنی رێی راستی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت نەکەونەوە! ئەمەیە کە خوای گەورە لە چەندین ئایەتدا باسی فەرموە :

- (فَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ ٱلۡيَوۡمَ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ) النحل/٦٣ واتە: شەیتان کاروکردەوەکانی بۆ رازاندبونەوەو لای جوانکردبون، چونکە شەیتان ئەمڕۆ سەرپەرشتیاریانە! ئەوانە سزای بەژانیان بەنسیب دەبێت.

ـ (إِنَّا جَعَلْنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوْلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ) الاعراف/٢٧ واتە: ئێمە شەیتانەکانمان کردوە بە سەرپەرشتیارانی ئەو کەسانەی، کە باوەڕیان بە پەیامی خوا نەهێناوە..

وا چاکە لێرەدا ئاماژەیەك بەوە بکەین، کە هەندێك کەس ئەم زاراوەی (شەیتان) ە لارو وێرانە بەکاردەهێنن، وای لێ هاتوە موسوڵمان بۆ ئەوەی تۆمەتباری نەکەن بەوەی باوەڕی بە ئەفسانە هەیە! خەریکە موسوڵمانی ئاسایی لە واقیعی حاڵیدا وای لێ بێت، هەڵوێستێکی واقیعی هەست پێکراوی لە شەیتان و فاك و فیکەکانی پێ نەگیرێت! وای لێ هاتوە کابرای موسوڵمان، کە موناقەشەی شەیتان و کارەکانی دەکات، ئیحراج دەبێت! نەبادا پێی بڵێن تۆ باوەڕت بە شیرکی ئەفسانەگەریی و شیرکییاتی هەیەو بیرکردنەوەت خەیاڵاوییە!!

قورئان و فەرمودە، کە باس لە زاراوەی (شەیتان) دەکەن، بە واتای (لادەرو وێڵی بە ئەنقەست وسوربو لەسەر گومڕایی) بەکاری دەهێنن[1].

## شەیتان لە بەکارهێنانی قورئان و فەرمودەدا بە دو جۆرە :

ـ جۆری یەکەم : شەیتانی ئەجندان : ئەو شەیتانە شارراوەیە، کە لە لایەن مرۆڤی ئاساییەوە نابینرێت.. قورئان کە باس لەم شەیتانە دەکات لەو لایەنەوە باسی دەفەرموێ، کە ئەویش پێکهاتەیەکی ئەم بونەیەو، هەبونی هەیەو لەگەڵ مرۆڤدا ڕەفتار دەکات، واشی وەسف دەکات، کە لاوازەو هەمو فاك و فیکێك و تەگبیرێکی ساویلکانەیەو دەرەقەتی موسوڵمانی پاك و سەرڕاست نایەت، زۆرتریش خەریکی ئاڕاستەی قەومەکەی خۆیەتی..

ـ جۆری دوەم : مرۆڤی شەیتانی : ئەمیان ئەو مرۆڤەیە، کە رۆڵی ئەو شەیتانە لە گومڕا کردن و لادان و خراپەکارییدا دەبینێت! کە (لادەرو وێڵی بە

[1] الطبري : التفسير ب ١ ل ٤٩، ابن كثير : التفسير ب ١ ل ٤٥ لە تەفسیری ئایەتی ١٥ ی سوڕەتی بەقەرەدا

ئەنقەست وسوربو لەسەر گومڕایی) سیماو سیفاتێتی، کە هەمیشە وا لە بیری ئەوەدا، کە چۆن دیدی ئەو خەڵکە لێڵ کات، گومان داڕێژێت، کارو کردەوەی پیاوچاکان پوچەڵ کاتەوە! وا لە بەرنامەی ئەوەدا چۆن نەهێڵێت ئەو خەڵکە کارێکی شارستانێتی چاکیان لەدەست بێت.. ئەم مرۆڤە شەیتانە هەمو ژیانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردوە، کە ڕێژەی زیاتری خەڵکی بەرەو فیکرە وێرانکارییە شەڕخوازیەکەی خۆی ڕاکێشێت! ئەم شەڕخوازە ئاڕاستەی شوێن کەوتوەکانی دەکات، کە بڕۆن موسوڵمانان بە گشتی و داعیە چاکەخوازەکانیان بە جەنگوجیدالی شەڕەقسەوە خەریك کەن : (وَإِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوۡلِيَآئِهِمۡ لِيُجَـٰدِلُوكُمۡۖ) الانعام/١٢١ واتە : شەیتانەکان بە گوێی سەرپەرشتکراوانی خۆیاندا دەچرپێنن (فەرمانیان پێ دەکەن) کە شەڕەقسەتان لەگەڵدا بکەن..

تەبەری لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێ کە ئەوانەی ئاوا بە گوێی سەرپەرشتکراوانی خۆیاندا دەچرپاند، کە بڕۆن شەڕەقسە لەگەڵ موسوڵماناندا بکەن، فارسە مەجوسیەکان بون! سەرپەرشتکراوەکانیشیان موشریکانی عەرەب بون.. تەبەری دەڵێ [١] : ئەو شەیتانانەی لەم ئایەتەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، شەیتانە ئاگرپەرستەکانی وڵاتی فارسە، کە ئاڕاستەی موشریکە عەرەبەکانیان دەکرد، فارسەکان قاسیدیان نارد بۆ لای سەرانی موشریکانی قوڕەیش، کە بڕۆن لەسەر گۆشتی مردارەوەبو موناقەشەی دینەکە لەگەڵ محمد ﷺ و یاوەرانیدا بکەن، جا ئەوان بە مردارەوەبویان دەوت : ئەوەی، کە خوا کوشتوێتی! بە قوڕەیشیەکانیان دەوت : بە محمد ﷺ و یاوەرانی بڵێن : ئەوەی خوا کوشتوێتی بە مردارەوەبو حەرامی دەزانن، کەچی ئەوەی، کە خۆتان کوشتوتانە بە حەڵاڵ دەزانن؟! ئیدی ئەوانیش هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و پرسیان : پێمان بڵێ ئەو بەرخەی گیانی دەرچوە، کێ مراندوێتی؟! ئەویش ﷺ فەرموی : خوای

---

[١] الطبري : التفسير ب ٨ ل ١٦ ـ ١٧.

گەورە مراندوێتی، وتیان : ئێ لافی ئەوەش لێدەدەیت کە ئەوەی خوا مراندوێتی حەرامەو ئەوەی خۆت و یاوەرانت مراندوتانە حەلاڵە؟! ئەو کاتە ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە کە دەفەرموێ : ( وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا ) الانعام/ ١١٢ واتە: هەر بەو شێوەیەش بۆ هەر پێغەمبەرێك دوژمنێکمان لە شەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکە دیاریکردوە، کە ئاڕاستەی یەکتری دەکەن و قسەی لوس و چەواشەکاریی و هەڕاڵیی دێن و دەبەن..

ئەم ئاماژەیەی تەبەری بە بۆنەی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە، ئەوە دەسەلمێنێت کە دیاردەی هەبون و ململانێی شەیتانانی مرۆڤ بەشێکە لە دەبەرێ ڕاچونەکەی ئەهلی ئیسلام، لە کۆنەوە، تا ئێستا، دەشێت ئاماژەیەکیش بێت بۆ ئیستیعمارو هاوبیرانیان، کە جۆرەها گومانیان دەربارەی ئیسلام بلاو دەکردەوە، کە پشتی دۆستەکانیان (بەکرێگیراوانی خۆیان) دەگرت! ئەوانەی ئەم گومانانە دەرهەق ئیسلام بلاو دەکەنەوە، کۆن و نوێن.. عەرەبی کۆن و نوێ بەردەوام لە شەیتانە دەرەکیەکانەوە ئاڕاستەیان بۆ هاتوەو دێت، لە کۆندا لە فارس و ڕۆمەوە بۆیان دەهات، ئێستا لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە بۆیان دێت! تەنها قەلایەکیش، کە خۆی تێدا قایم کەن و لەو هێرشە فیکرییانە بیانپارێزێت، ئیسلامەو بەس..

فەرمودەی پێغەمبەری خواش ﷺ هەر هۆشداریی ئەوە دەداتە موسوڵمانان، کە نەکەن بە گوێی ئەوانە بکەن و گومانی باش بە شەڕخوازییان ببەن، بۆیە دەفەرموێ : (يا أَبَا ذَرّ، تَعَوَّذْ باللهِ مِنْ شَرِّ شياطينِ الإنْسِ والجِنِّ" قالَ : قُلْتُ يا رسولَ اللهِ ولِلإنْسِ شَياطينَ؟ قالَ : نَعَمْ شَرٌّ مِنْ شَياطينِ الجِنِّ)[1] واتە: ئەی ئەبو

---

[1] نوسەری بەڕێز هەر ئەوەندەی نوسیوە (هەمان سەرچاوەی تەبەری ل ٥) بەلام ئەسڵی ریوایەتەکە بەم شێوەیە : (عن أبي ذر قال : أتَيتُ رسولَ الله ﷺ في مَجْلِسٍ قَدْ أطالَ فيه الجلوسَ، قال، فَقَالَ : " يا أبا ذر، هل صَلَّيتَ؟ " قال : لا يا رسولَ الله. قال : " قُمْ فَارْكَعْ رَكْعَتَينِ " قال : ثُمَّ جِئْتُ فَجَلَسْتُ إليهِ، فَقَالَ : " يا

زەڕ پەنا بگرە بە خوای گەورە لە شەڕی شەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکە، فەرموی : وتم : ئەی پێغەمبەری خوا، چما مرۆڤیش شەیتانی هەیە؟! فەرموی : بەڵێ لە شەیتانەکانی جنۆکە خراپەکارترن.. هەر لەو پێناسەوە دەفەرمویٚ : (لا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يَصْعَدَ الشَّيَاطِينُ المنْبَرَ)[١] واتە قیامەت دانایێ، تا نەبینیت، کە شەیتان دەچنە سەر مینبەر!

لەم دیدو بۆچونەوە، کە قورئان و فەرمودە نیشانی دەدەن، هەست دەکەین، کە شەیتانی فیکر هەیە، شەیتانی پەروەردەیی هەیە، شەیتانی رۆشنبیریی هەیە، شەیتانی ئەدەب و کلتور هەیە، شەیتانی هونەرو جوانکاریی هەیە، شەیتانی ڕاگەیاندن هەیە، شەیتانی بەرەڵایی هەیە، شەیتانی جلوبەرگ هەیە.. هەر کەسێك لاسایی ئەو شەیتانانە بکاتەوە، یان بە قسەیان تێکەوێت، ئەوە ئەو شەیتانانەی کردوە بەسەرپەرشتیاری خۆی، ئەوە دۆستی ئەو شەیتانانەیە، ئەوانیش پشتیوان و ئاڕاستەوانی ئەمن، بەو ئیعتیبارەی، کە هەردولایان بایەخدانی هاوبەشیان هەیە، پێکەوە بەرەو یەك ئاڕاستە لەکاردان، ئاڕاستەکەشیان دژی ساغ و سەلامەتی ئوممەتەکەیە، دژی پێکهاتەی ئوممەتەکەیە لە (باوەڕو هیجرەت و جیهادو داڵدەدان و پشتگیریی) ئەگەر هەبونیان هەبو، یان دەبێتە بەربەستی ڕێی سازدانەوەی ئوممەتەکە لەسەر ئەو

---

أبا ذر، هل تَعَوَّذْتَ باللهِ من شياطينِ الجِنِّ والإنسِ؟ " قال : قلتُ : لا يا رسول الله، وهل للإنسِ مِنْ شياطينَ؟ قال : " نعَم، هُمْ شَرٌّ مِن شياطينِ الجِنِّ ") هەروەها ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردوە (مسند احمد/ مسند الانصار ژمارە ٢١٠٣٦) هەروەها النسائي: كتب الاستعاذة ژمارە (٥٥٠٧)، ئیمامی ئیبنو کەسیریش لە مصنف/ عبدالرزاقەوە هێناویێتیەوە.

[١] سەنەدیم نەدۆزیەوە، نوسەری بەڕێز لە پەڕاوێزدا نوسیوێتی : گومانم لەوەدا نیە کە ئەو شەیتانانەی دەچنە سەر مینبەر بریتین لە وتاربێژیی فیتنەو فەسادو شەیتانەکانی سینەما کە رەمەزانان دەچنە سەر مینبەری تەلەفزیۆن و ئامۆژگاری دەکەن ودەرسی دینیی وسیرەی پێغەمبەران وپیاوچاکان دەڵێنەوە! هەر ئەوانە خۆشیانن بە درێژایی ساڵەکە گەنجی نوێی نێرو مێ لەسەر فەسادو و فسق و داڕمانی رەفتارو رەوشت مەشق پێ دەدەنەوە

توخمە سەرەکیە پێکهێنانەی! یان دەبێتە مرۆرو گیاکەڵەو مشەخۆری سەر ڕەنجی خواناسان، کە هەوڵ دەدەن زوتر ئوممەتەکە بیناکەنەوە..

ئا بەو شێوەیە سەرپەرشتیارێتی شەیتانەکان لە ناخی کۆمەڵگەدا وجودی خۆیان پەیدا دەکەن و وەك مشەخۆری شاراوە گەشەو نەشونمای خۆیان بە نهێنی دەکەن، تا لە کاتی گونجاویاندا وەکو رەفتاری نامۆ لە کۆمەڵگەکەدا دەردەکەون، ئیدی ئەوەندە زیانبەخشانە تەشەنە دەکەن، کە چارەسەرکردنیان قورستر دەبێت..

لە سەردەمانی دیکتاتۆرێتی شەیتانەکانی سیاسەت و گەدەبەلییدا، کە دەزگا پەروەردەییەکانی ئوممەت، گۆج و جەمان بوبون و بیرو ژیریی وشك هەڵاتبو، ئوممەتەکە بەرەو بەرەی نادیاری شەڕی شەیتانی جنۆکەو مەرەدەکانی جن دەکرایەوە، ئەو بەرەیەی نەدەبینراو کاریگەریی لەسەر ڕوداوەکان، ڕاستەوخۆ نەدەکرد، رێڕەوی خوارو خێچی ئەم بەرەیە، هەندێك خستە جیهانی ئاڵۆزی وەسوەسەو شەپڕێوی دەرونەوە! ئەو ئاڕاستە بە کەیفی شەیتانەکانی سیاسەتو گەدەزلەکانی رابواردنی حەرام بو، کەیفیان بەو جۆرە ئامۆژگاریانە دەهات، کە ئاڕاستەی خەڵکەکە لەوانەوە بگۆڕێت بۆ شەیتانی جنۆکەو جیهانە نادیارەکەی!

دەزگاکانی پەروەردەیی ئیسلامی، دەبێت بگەڕێنەوە سەر ئەسڵی پێناسەی شەیتان و، سەرپەرشتیارێتی شەیتان و واتاو مەبەست و کاریگەریی لەسەر ناخی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.. دەبێت بە جیهانی دەرونناسیدا بگەڕێت، تا بزانێت ئەو هۆکارانە چین، کە کەسانێکی زیت و وریاو زیرەك، بەرەو شەیتانێتی فیکریی و سیاسی و ئابوری و رەوشتیی دەبەن؟! تا شارەزایانە ئەو کەلێن و کونانە بگرێت، کە ئەم دەرونانە لێیەوە دزە دەکەنە جیهانی شەیتانێتیەوەو، دەکەونە چەواشەکردنی ئەو خەڵکە، تا زو، پەی بە چارەسەری ببات، تا ئەو کەسانەش و کۆمەڵگەکەش لە شەڕو شۆڕو ئاژاوەیان بەدور

بگرێت.. ئەمە ئەرکێکی گەورەی پەروەردکارانی ئیســلامیە، قورئان زۆر جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوە، لەبەر گرنگی و کاریگەریی شەیتانە فیکریی و سیاسیەکانە، کە دەبینیت قورئانی پیرۆز، بەردەوام باس لە شێوەی ئاڕاستەو هۆکاری سەرکەوتن و ئاسەواری پلانی شەیتان دەکات، تا بناسرێن و ڕێیان لێ بگیرێت، خوای گەورە دەرهەقیان دەفەرموێ : ( وَإِذَا لَقُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوْا۟ إِلَىٰ شَيَـٰطِينِهِمْ قَالُوٓا۟ إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِءُونَ ) البقرة/١٤ واتە: هەر کاتێك کە توشی موسڵمانەکان دەبن، دەسبەجێ دەڵێن : ئێمەش باوەڕمان هێناوەو موسڵمان بوین! کەچی، کە بە شەیتانەکانی خۆیان دەگەنەوە دەڵێن : ئێمە هەر لەگەڵ ئێوەین، هەر گاڵتەو قەشمەریی بەوان دەکەین، کە وایان حاڵیی دەکەین، گوایە باوەڕمان بە دینەکەی ئەوان هێناوە!!

تەبەڕی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە تەفسیرەکەیدا لە ئیبنو عەبباسەوە خوا لێیان رازی بێت گێڕاوێتیەوە، کە مەبەست لە (شەیتانەکان) لەم ئایەتەدا سەرانی جولەکەو کافرانی مەککەیە، ئایەتەکە ئاماژە بە ڕەفتاری دوڕوەکانی مەدینە دەکات، کە سەرزارەکی وایان نیشان دەدا، کە گوایە موسوڵمان بون، تا لەو خێروبێرەی چنگی موسوڵمانان دەکەوت پشکدار بن، بەڵام کە دەچونەوە لای شەیتانەکانیان لە سەرانی جولەکەو کافرەکان، جەختیان لە پێشینەیان دەکردەوەو دەیانسەلماندەوە، کە هەر وەکو جاران کافرن! پێیان دەوتن، کە : ئێمە گاڵتەمان بە محمد و یاوەرانی دێت، کە وا حاڵی بون، ئێمەش وەکو ئەوان موسڵمان بوین[١]!

---

[١] الطبري : التفسير ب ١ ل ١٢٩ ـ ١٣٠.

## پلــەی دوەم : سـەرپەرشـتیارێتی ناوخۆی کافران و دوڕوان و تاوانباران بۆ یەکتریی :

چەندین ئایەتی قورئان هەن، کە ئاماژە بۆ ئەمە دەکەن وەکو :

ـ (وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۖ) الجاثیة/١٩ واتە: ستەمکاران دۆست و سەرپەرشتیاری یەکترن.

ـ ( وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٍۚ ) الانفال/٧٣ واتە: ئەوانەی کافرن، هەمو دۆست و سەرپەرشتیاری یەکترن..

کـەوابو کافــران و دوڕوان و تاوانبــاران سـەرپەرشــتیارو ئاڕاسـتـەوانی شوێنکەوتوەکانی خۆیانن، مەشقیان پێدەدەن و تەماشای مومارەسەیان دەکەن، ئەوانیش، کە شوێنکەوتویانن وەدەنگیانەوە دێن و گوێڕایەڵی و ملکەچیی و دالدەو پشتگیرییان بۆ دەردەبڕن، ئاوا ئەوانیش بە هەمویان هەوڵ دەدەن، کە ئوممەتی کوفر پێك بهێنن و دەسەڵات لەسەر زەویدا پەیدا کەن و، خێرو بێری زەوی لە خۆیان بەش کەن، تا خراپەکاریی بڵاو کەنەوە.

## ٤ ـ پەروەردەو پەیوەندی دۆستایەتی :

قورئان زۆر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دو جۆر سەرپەرشتیارێتی (وەلایەت) هەیە، کە دەبێت پەروەردەکارانی ئوممەت لێکیان هەڵاوێرن، نەبادا تێکەڵ یەك ببن و، وەلائەکەش لە مێشکی خەڵکیدا ئاڵۆز ببێت، نەبادا پەیوەندی ئینتیمای دیکە بێتە پێش و، وەلائی ئوممەت وئینتیمای پەیام و چەسپاندنی لاواز کەن، یان کاریگەرییەکەی لە تاکەکانی ئوممەتدا سست کەن.. دیـاردەی زەق، کە وەلائەکـانی ئینتـیمـای تێدا تێکەڵ و پێکـــەڵ دەبێت، پەیوەندی خزمایەتی و خوێن و بەرژەوەندیە ئابوریەکانە، لەبەر کاریگەریی و

سروشتی بونێتی، کە ئیسلام ڕێی پێداوەو هانیشی داوە، بەو مەرجەی لە سنوری (سیلەی روحم) دا بمێنێتەوە، چونکە ئەو سنورە هەر وا لە بازنەی (ولاية الايمان) دا.. بەڵام ئەگەر لەو بازنە هاتە دەرەوەو، بو بە پەیوەندیەکی دەمارگیریی جاهیلیی، ئەگەر پێچەوانەی پەیوەندی ئینتیمای دین و ئوممەتەکە بۆوە، ئەو کاتە بە سەد تەئکید، شوێنی لە بازنەی (ئوممەتی ئیمانداران) دا نامێنێتەوەو تورِ هەڵدەدرێت! ئاماژە بەمەیە، کە خوای گەورە دەفەرموێ : ( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُوٓاْ ءَابَآءَكُمۡ وَإِخۡوَٰنَكُمۡ أَوۡلِيَآءَ إِنِ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡكُفۡرَ عَلَى ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾ قُلۡ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ وَإِخۡوَٰنُكُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ وَعَشِيرَتُكُمۡ وَأَمۡوَٰلٌ ٱقۡتَرَفۡتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٞ تَخۡشَوۡنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرۡضَوۡنَهَآ أَحَبَّ إِلَيۡكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٖ فِي سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ) التوبة/٢٣ ـ ٢٤ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر باوك و براکانتان فەزڵی کوفریاندا بەسەر ئیسلامدا، مەیانکەنە سەرپەرشتیاری خۆتان، هەر کەسێکیشتان سەرپەرشتیارێتی ئەوانی قبوڵ بێت، حەتمەن ئەوە ستەمکارە پێیان بڵێ: ئەگەر باوكو نەوەکانتانو براو هاوسەرەکانتانو کەسی عەشیرەتەکانتانو، ئەو سامان و ماڵەی کۆتان کردۆتەوەو، ئەو بازرگانیەی خەمی بێبازاڕییتان هەیەو ئەو کۆشك و تەلارەی دڵتان پێیان خۆشە، لە خواو پێغەمبەرو جیهادی ڕێی خواتان پێ خۆشترە، دەی سا بەرامبەر بە خوای گەورە خۆ لە سەنگەر نێن و چاوەڕوانی هاتنی فەرمانی بن، خوای گەورە ڕێنمایی خەڵکانی فاسق ناکات..

پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئاشکرا ئەو کەسە لە (ئوممەتی ئیمانداران) دەردەکات، کە دەمارگیریی جاهیلیی تێدایەو خەڵکی بۆ دەمارگیرییەکەی بانگ دەکات، یان جەنگی لە پێناودا دەکات، یان پشتگیریی دەکات تا دەمرێت[1]!!

---

[1] ئاماژەیە بەو فەرمودانەی، کە دژی ئەو دیدو هەڵوێستەیە، وەکو حەدیسەکەی جوندوبی کوڕی عەبدالله خوا لێی رازی بێت لای ئیمامی موسلیم، کە دەفەرموێ (مَنْ قُتِلَ تَحْتَ رَايَةٍ عِمِّيَّةٍ يَدْعُو عَصَبِيَّةً أَوْ يَنْصُرُ عَصَبِيَّةً فَقِتْلَةٌ جَاهِلِيَّةٌ)/ مسلم/ الامارة ژمارە (١٨٥٠) واتە : ئەوی لەژێر ئاڵایەکی

حیکمەتی ئەو دیدو هەڵوێستەی ئیسلام لە (دۆستایەتی و سەرپەرشتیارێتی)، کە بەو شێوەیە دیارە لەبەر ئەوەیە، کە بازنەی ئینتیما بۆ دین و ئوممەتەکەی لە ناوچەو نەتەوەیەکدا ناوەستێت، بەڵکو بە هۆی ئەو پەیوەستە ئیمانیەیەوە، هەمو سەرزەمین و هەمو گەل و میللەتان دەگرێتەوە! ئاشکرایە لە هەر شوێنێك ئینتیمای نەتەوە زاڵبو بەسەر ئینتیمای عەشیرەتدا ئەو نەتەوەیە زاڵتر دەبێت بەسەر ناوچەیەکدا، کە وەلائەکە بۆ عەشیرەتێکە.. چونکە تا بازنەی وەلاء بەرفراوانتر بێت، کۆمەڵکاریی زیاتر دەخوازێت، پەیوەندی توندوتۆڵتر دەخوازێت، ئیدی پێکهاتەکانی ئوممەتەکە لە (باوەڕو هیجرەت و جیهاد و پەیام و داڵدەدان و پشتگیریی) ساحەو وزەی زیاترو جۆرتری دەکەوێتە بەردەست، هۆکاری تەکنۆلۆجیاو و ئیدارەو ڕێکخستنی وردەکارتر دەخوازێت.. ئەمەش بە وڵاتە دواکەوتوەکانەوە دیارە، هەر وەکو بە پێچەوانەوە بە وڵاتە پێشکەوتوەکانی وەکو ئەمریکاو ژاپۆن و ئەوروپاوە دیارە.. لە وڵاتانی زاڵ و باڵادەستانی دەرێ دەبینیت وەلائی تاك زۆر جار لە سنوری نەتەوە دەردەچێت، کەچی وەلائی خەڵکی لە وڵاتە دواکەوتوەکانی جیهانی سێیەم دا ـ کە وڵاتی موسوڵمانانیش بەشێکە لێی ـ دەبینیت بۆ تیرەو هۆزو تائیفەو مەزهەبە! بۆیە ڕەنج و چالاکی و بایەخدانیش هەر وا لە ناو جوغزی تەنگی تیرەپەرستی و تائیفەگەرێتیدا! ئەمەش وا دەکات ئامانجەکانیان بچوك بن، تموحاتیان بچوك بێت، بایەخدانیان بە شتی بچوك بێت، کە ئاواش بون، ئاسۆی بیرو گۆشەنیگایان کەم و کورت بینەو بەرهەمیشیان کەمە!!

..........★★★ ........

---

کوێرانەدا دەجەنگێت و بانگەشەی بۆ تیرەپەرستی و دەمارگیرییە، یان عەشیرەتەکەی خۆی بە دەمارگیرانە سەردەخات، گەر بکوژرێت کوژرانەکەی جاهیلییانەیە. فەرمودەی دیکەش لەوبابەتەوە زۆرن.

# بەندی دەیــەم

# توخمەکانی پێکهاتەی ئوممەتی موسڵمان

# بەرامبەر بە تیۆرەکانی دەروونناسیی

## بەشی یەکەم

## پلەکانی پێداویستی لە نێوان ئیسلام و دەروونناسیدا

## بەشی دووەم

## پلەکانی پێداویستی لە نێوان پراکتیزی ئیسلام و پراکتیزی تیۆرەکانی دەروونناسیدا

# بەندی دەیەم

## توخمـەكانی پێكهاتەی ئوممــەت و تیۆری پێداویستیی لە دەروونناسی نوێدا

بەرجەستە كردنی پێكهاتەكانی ئوممەتی موسوڵمان (باوەڕو هیجرەت و جیهادو داڵدەدان و پشتگیریی) لە ژیانی ڕۆژانەی كۆمەڵە خەڵكێكدا، وەڵامدانەوەی سروشتی پێداویستیە سەرەكیەكانی مرۆڤایەتیە، كە ئەمە لە دنیای واقیعدا دێتە دی، هەمو وزەو تواناكان دەتەقنەوەو وزەی تەواوی خۆیان دەبەخشن! بەمەش حەتمەن ئوممەتێك وشارستانێتیەك لەدایك دەبێت.. بە پێچەوانەشەوە ئیهمال كردنی ئەم توخمانە، یان شلوشێواو گرتنیان، یان لەمپەردانان لە ڕێیاندا، كۆمەڵگەكە لە ئاسودەیی مەحروم دەكات، تاكەكانی كۆمەڵگەكە لە هەڵپەكاریی مسۆگەر كردنی پێداویستیەكانی ژیانیاندا دەبن و خۆخۆییانە كار دەكەن، كاریگەریی دەستەجەمعییان نامێنێت، تا خۆویست و بێهێزو پێز دەكەون، ئەوەش دارمان و داهێزرانە! هەنگاو هەڵهێنانەوەیە بەرەو مردن!

زانستی دەروونناسیو كارگێڕیو سیاسەتو پەروەردەی سەردەم لە پراكتیزە (تطبیق) كردندا بایەخی زۆریان بە (پێداویستیە سەرەكیەكانی مرۆڤ) داوە، ئەو سەرچاوەیەی لەم پراكتیزەكردنەیاندا وەكو تیۆری ڕێنیشاندان گرتویانەتەبەر. تیۆری (پێداویستیە سەرەكیەكان)ی ئەبرەهام ماسلۆ[1]

---

[1] ئەبرەهام یان ئیبراهیم ماسلۆ لە یەكەمی نیسانی ١٩٠٨ دا لە شاری برۆكلینی ئەمریكا لەدایكبوە، یەكەمین منداڵی حەوت منداڵەكەی باوكە جولەكەكەیەتی كە لە ڕوسیاوە لەبەر هەژاریی هیجرەتیان بۆ ئەمریكا كردبو، لەبەر خاتری باوكی یەكەمین، جار یاسای خوێند، بەڵام دواتر

(Abraham Maslow) یە، کە پێشەوای مەدرەسەی دەروونناسی مرۆڤایەتی (Humanistic Psychology)یە، کە تەرکیز دەکاتە سەر ئەوەی کە مرۆڤ تاك و بێ وێنەیەو وەکو هیچ گیانلەبەرو ئاژەڵێك نیە..

بە شتێکی بەسودی دەبینم، کە خاڵە لێکچوەکانی ئەو تیۆریە مرۆڤایەتیەو، توخمەکانی پێکهاتەی ئوممەتی موسڵمان لە دیدی قورئانیدا بکەم، کە پێشتر باسکران، کە لە مێژوی ئیسلامدا پیادە کرا :

---

بایەخی چوە سەر دەروونناسی و لەگەڵ هاری هارلۆ، کە ئەزمونەکانی لەسەر مەیمون دەکرد کەوتە کار، لە ١٩٣٤ دکتۆرای لەسەر دەروونناسی وەرگرت و دوای ماوەی ١٠ ساڵ، کە بە مامۆستایەتی زانکۆوە خەریك بو، موتەفەڕیغ بو بۆ تیۆریەکەی خۆی و زۆر بە توندی هێنایە پێش، هەر وا بەردەوام لەسەری نوسی، تا کردیە تیۆرێك، کە ئێستا زۆرینەی سیستمی ڕۆژئاوایی لەبەر رۆشنایی تیۆریەکەی ئەودا پێداویستی کۆمەڵگەکانیان دیاری دەکەن.. ماسلۆ لە ٨ حوزەیرانی ١٩٧٠ کۆچی دوایی کرد..

# بەشی یەکەم

## پلەکانی پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤ
## لە نێوان بنەماکانی ئیسلام و دەروونناسی مرۆڤایەتیدا

مرۆڤ پێداویستی و پاڵنەری زۆرن، هەر یەکەیان کاریگەرییەکی خۆی لەسەر بارودۆخ و چۆنیەتی رەفتارو هەڵوێست گرتنەبەری هەیە، شەڕەپاڵیانە بۆ ئاراستە کردنی خاوەنەکانیان، جاری وا هەیە یەکێك لە پاڵنەرەکانی بەهێزتر دەبێت لەوانی دیکە، جاری واش هەیە هەر ئەو پاڵنەرە لە کاتی تردا کاریگەرییەکی سەرەکی نامێنێت، دەشێت لە کات و شوێنێکی دیاری کراودا، یەکێك لەو پاڵنەرانە، یان یەکێك لەو پێداویستیانە ببێتە بەهێزترین پاڵنەر، یان زۆرترین پێداویستی، ئینجا ببێتە هۆکاری بەگەڕ خستن و ئاراستەی چالاکی. دەشێت بەم وێنەیەی خوارەوە ئەو پلانەی پێداویستی مرۆڤێك نیشان بدرێت :



لێــرەدا پاڵنــەر یــان پێداویــستی (ب) بــەهێزترە، بۆیــە وا ئاڕاســتەی خاوەنەکەی دەکات، کە بەرەو ئەو جۆرە چالاکیە بچێت، کە پێداویستیەکەی پێ چارەسەر دەکرێت. ماسلۆ پێداویستیەکانی مرۆڤ پلە پلە دەکات و هەر پلەیەکیان دەکاتە خانەیەك :

- پێداویستییە فیزیکیەکان (Physiological Needs)
- پێداویستی ئاسایش (_Safety Needs _ Security)
- پێداویستی ئینیتما (_ Social Needs _ affilation)
- پێداویستی ڕێزلێنان (_ Esteem Needs _ Recognation)
- پێداویستی بواری خۆ سەلماندن (Self – actualization Needs).

بەڵام ریزبەندیی ئەم پێداویستیانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، یان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕێت، بەم پێیەی خوارەوە :

**(أ) شێوەی یەکەم : پێداویستیە فیزیکیەکان :**




وێنەی (أ)

لە وێنەی (أ) کە لە سەرەوەیە، پێداویستیە فیزیکیەکان لە سەری سەرەوەن، چونکە لە هەموان زەروریترن، پێویستترن، بۆیە دەبنە بەهێزترین پاڵنەر، چونکە بون و ژیانیان لەسەر دەوەستێت، وەکو پێویستی بە خۆراك بە خواردنەوە، بە هەواو ئاو، بە پۆشاك، بە جێگای حەوانەوەو سوکنا، بە هاوسەرگیریی.. تا ئەم پێداویستیانە پڕ نەبنەوەو خاوەنەکانیان تێر نەبن، بە شێوەیەکی وا، کە خاوەنەکانیان هەست بکەن، کە ژیانی فیزیکییان مسۆگەر بوەو، هەر یەك لە ئەندامانی لەشیان ئەرکی خۆی بە شێوەیەکی داواکراو جێبەجێ دەکات و، ئەوانەی جێ بایەخی جەستەن هاتونەتە دی، هیچ داواکاریەکی دیکەی وەکو ئەمانە، نابێتە جێ بایەخی سەرەکی.. پێداویستیەکانی تر (وەکو مەتح کردنی) لای ئەو کەسەی ئەم پێداویستیەی مسۆگەر نەبوە، جێ بایەخ نیە[١]..

(ب) شێوەی دوەم : پێداویستی ئاسایش :




وێنەی (ب)

[١] وەك ئەو نوکتەی لە ناو لادێییەکاندا دەگێڕرایەوە، کە پێشمەرگە تراکتۆری کابرایان بەکار دەهێنا پاشان پێیان دەوت سوپاس، هاواری لێ هەڵدەستا : سوپاس بدەم بە نان بە ئاو بە گازو رۆن، بە چی؟! چونکە ئەو پێداویستیە سەرەکیەکانی مسۆگەر نەبون.. (وەرگێڕ)

کاتێك پێداویستیە فیزیکییەکان مسۆگەر دەبن، پێداویستی دوای ئـەو دێـت کە لایەنی ئەمنیەتە.. هەر کەسێك خۆراك و ماڵ و خێزانی مسۆگەر بو، ئینجا عەودالی دوی هێمنی و ئاسایش (Safety Needs _ Security_) دەبێـت.. ئـیتر هێنانـەدی ئـەمیان دەبێتـە خولیـای سـەری و بـۆی دەبێتـە جـێ بایـەخ و پالنـەری سـەرەکی چـالاکیەکانی، پێداویـستی ئاسـایش و ئەمنیـەت لەسـەری سەرەوەیەو بەهێزترین پالنەرە.. پێداویستی ئەمنی واتە قوتار بون لـە تـرس و بیم و دڵە راوکێ و مەترسی ئەشکەنجەی بەدەنی و واتایی و، مەحرومم بونـەوەو لەدەستدانی پێداویستیە سەرەکیەکان، کە مسۆگەر بون، هەروەها قوتـاربون لـە خەمی پاراستنی سامان و ماڵ و وەزیفەو کارێك، کە پێداویستیە سـەرەکیەکانی جەسـتەی پێـوە بەنـدە، دیـسان نـەمانی مەترسـی جـێ و ڕێ، کـە مەترسـیەك نەمێنێت لە ناوەوە (وەکو ترسی دز هاتنە سەر ماڵ) یان لە دەرەوە (وەکو شەڕ پێ فرۆشتن و ڕوت کردنەوە شتی وا) ڕوی تێکا.. هەر کاتێك کەسێك مەترسـی لە ئەمنیەتی خۆی و ژیان و مـاڵ و منـداڵ و سـامانی هـەبو، حەتمـەن مـسۆگەر کردنـی ئـەمانی دەبنـە یەکـەمین پێداویـستی سـەرەکی و پالنـەری سـەرەکی چالاکیەکانی، ئیتر هەمیشە لە خەمی ئەوەدا دەبێت، کە چۆن مەترسـیەکان لـە خۆی دورخاتـەوەو ئـەمانی دەسـت کـەوێت، ئـەمانی ژیـان، ئـەمانی کـارو ڕۆزی، ئەمانی مەئواو حەوانەوە، ئەمانی یاسایی..

**(ج) شێوەی سێیەم : پێداویستی ئینتیما :**




وێنەی (ج)

سێیەمین پێداویستی، پێداویستی ئینتیمایە، چونکە مرۆڤ، کە زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، ناتوانێت بە تەنها بژی، ناتوانێت لەو خەڵکەی وەکو خۆی دورەپەرێز بوەستێت، چونکە پێویستی بەوەیە، کە سەر بە پۆلێك مرۆڤی دیکە بێت، کە لە دیدو تێڕوانینی خۆی نزیکن، یان ئەو وا هەست دەکات، حەز دەکات بچێتە ڕیزی کۆمەڵە خەڵکێکەوە، کە پێی رازین، ئەمەش ئەوەندەی تر یارمەتی ئەوەی دەدات، کە پێداویستی ئەمانو ئاسایشەکەشی، تا ئەو ئاستەی خۆی لێی ڕازی دەبێت، مسۆگەر کات، لەم ڕوانگەو پێداویستیەوەیەتی، کە چاودەگێڕێو ورد دەبێتەوە، تا ئەو کەسانە بدۆزێتەوە، کە پێی وایە پەیوەندی بەستن لەگەڵیاندا ئەم مەبەستەی دێننە دی.. لەم حاڵەتەیدا پێداویستی ئینتیما دەبێتە بەهێزترین پاڵنەری، وەکو لە وێنەی ج نیشاندراوە..

### د ـ شێوەی چوارەم : پێداویستی ڕێزلێنان :




وێنەی (د)

دوای ئەوەی کابرا پێداویستی ئینتیمای تێر دەکات، ئیتر هەوڵی ئەوە دەدات، کە لەناو کۆمەڵەکەی خۆیدا ڕێزی لێ بنرێت وببێتە جێمتمانەو مەتح کرێت، ئیتر ئەوەی، کە دەبێت بە خولیای سەری و دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، ئەم مەتح و ڕێزلێنانەیەتی. هەر وەکو لە وێنەی (د) دا نیشاندراوە:

زۆر کەس هەن کە برسی ئەم مەتح کردن و ڕێزلێنانەن، زۆر خۆیان بە تەعلیماتی کۆمەڵەکەیانەوە پابەند دەکەن، تا مەتح کرێن، تابڵێن زۆر مولتەزیم و پابەندە، بەمەش زیاتر ڕێزی لێ بنرێت و بە باشە باس کرێت، پڕ کردنەوەی ئەم پێداویستیە، کابرا دەکاتە جێ متمانەی خۆی، باوەڕی بە خۆی دەبێت، هەست دەکات تاکێکی کاریگەری دەوروبەری خۆیەتی و، هەبونی زەروریيە، هەست بە هێزێکی ناوەکی و دەرەکی پارسەنگبونی کۆمەڵایەتی دەکات.. ئەم کابرایە ئەگەر لەسەر ئەو بەخششەی هەیەتی، لەسەر ئەو هەڵوێستەی هەیەتی، مەتح نەکراو ڕێزی لێ نەنرا، ئەگەر هەلی تەواوی بۆ نەڕەخسێنرا، ئینجا خۆی دەکەوێتە دۆزینەوەی هەلی نابەجێ و، چالاکی ڕمێنەرو چرپەچرپ و چالاکی فێڵکاریی! منداڵی ساوا جاری وا هەیە لە هیچی کەم نیەو هیچی لێ نەکراوە، بەڵام لەپڕ دەست دەکات بە گریان بۆ ئەوەی سەرنجی ئامادەبوان بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و بەقوربان و بەساقەی بن، تا بە لاولۆیدا بێن‌و ئاشتی کەنەوە! فەرمانبەرێك جاری وا هەیە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی دەیکاتە موجادەلەو شەڕەقسە، بۆ ئەوەی سەرنجیان بۆ چالاکیەکانی خۆی ڕاکێشێت، کە لە کاتی موناقەشەدا باسیان دەکات، تا بیبیستنەوەو بزانن، کە چالاکی وای کردوە، تا ڕێزی بگرن. دەبینیت حزبێکی بەرهەڵستکاری حکومەت دەکەوێتە ڕەخنەگرتنێکی توندوتیژەوەو، جاری وا هەیە چالاکی ڕوخێنەر ئەنجام دەدات، تا سەرنجی سەرانی حکومەتەکە بۆ ڕێزلێنان و جێ کردنەوەو مەتح کردنیان بکەنەوە، جاری وا هەیە دەکەوێتە خۆپیشاندان، تا ئاشت بکرێتەوەو وەکو منداڵەکە بە لاولۆیدا بێن!

دو پاڵنەر دەبنە دو پاتری بزاوتی پاڵنەری پێداویستی، ڕێزلێنان و مەتح کردن : پلەوپایە (Prestige) و هێز (Power)..

ـ پلەوپایـە (Prestige) : هەسـتی پێداویـستی هـەبونی پلـەو پایـە لـە کەسـانێکدا دەبنـە پاڵنـەر، کـە لـە خانەوادەیـەکی پلـەداردا، یـان لـە بـارودۆخ و شوێنەوارێکدا لەدایك بوبێت، کە پلەوپایە سیمای گەورەیی و پیاوماقوڵی بێت! خەڵك بـە ڕێ و شـێوەی جیـاواز هـەوڵ بـۆ وەدەسـت هێنـانی پلەوپایـە دەدەن.. هەندێك کەس تەنازولی زۆر دەکات، تا دەستی لە پلەو پایەیەك گیر دەبێت، تـا لەو ڕێیـەوە پـارەو سـامانی زیـاتری دەسـکەوێت، ئەمـە پلەوپایـەی بـۆ پارەیـە.. هەیـە پـارە دەدات، تـا پلەوپایـەی دەسکەوێت بـەو هیوایـەی لێوەشـاوەیی خـۆی بسەلمێنێت و، لەو ڕێیەوە بەناوبانگ ببێت و مـەتح بکرێت.. خـەڵکانێك هـەن هەمو شتێکیان لە پێناوی وەدەست هێنانی ئـەو پلەوپایـەدا دەدەن، کـە لەمێـژە چاویان تێبڕیوە، کەچی کە پێی دەگەن، پێی تێر دەبـن و هـەوڵی زیـاتر کردنـی نادەن، وەکو بڵێیت بەوەندە تێر دەخـوات وحەزەکـەی دێتـەدی! ئـەم پاڵنەرەیـە کە دەیبینیت لە گەنجدا بـەهێزەو، تـا دێـت زیـاتر هـەوڵ دەدات بـچێتە پێـشتر، بەڵام لە پیردا بەرەو قەناعـەت کـردن دەچێت، بـە تایبـەتی کـە هەسـت دەکات گەیشتۆتە ئەو پلەوپایەیەی، کە مەبەستی بو، یان لێی نزیك بۆتەوەو نایـەوێت گۆڕانکارییـەکی تـر ببێـت، نــەبادا ئەمــەی لەدەســت چـێت، یــان لێـی بێتــە خواروتـر!!

ـ هێز (Power) : ئەمیش دو جۆرە : هێزی کەسایەتی وهێزی پلەوپایەکە[1] کەسانی وا هەن هێزیان هەر نیە..

### ﻫ : شێوەی پێنجەم : پێداویستی بواری خۆ سەلماندن :

دوای ئـەوەی کەسـێك پێداویـستی پلـەو پایـەی کۆمەڵایـەتی پـڕ دەبێتـەوەو مەتح و ڕێزلێنانی تێر دەبێت، وێڵی دوی ئەو هەلە دەبێت، کە لە کوێوە دەست

[1] کەسانی وا دەبینیت کە کاریگەرییەکەیان بە زاتی خۆیانەوەیە، بە دیدو بیرییان، بە ڕێکخستن و وزە بەگەڕ خستنیان، بە پێشەوایەتی و ئاڕاستەوانیان.. ئەم کەسە لە ناوەوەو دەرەوەی کۆمەڵەکەی خۆیدا هەر کاریگەرە.. کەسانی دیکەش هەن، کە تەنها لە ناو حزبەکەدا کاریگەرییان هەیە، ئەویش لەبەر پلە حزبیەکەیە، نابینیت کەسانی وا هەن، کە پلە حزبیەکەیان لێ دەسێنرێتەوە، شوانیشیان پێ ناکرێت!

بکەوێت، کە وا دەکات ئەو پلەو ڕێزەی بە نەمری لە ناو خەڵکیدا بمێنێتەوە! بۆیە دەگەڕێ لە دوی ئەو هەل و بوارو جێو ڕێیانەی، کە خۆی تێدا دەسەلمێنێت، ئیدی ئەمەی لا دەبێتە بەهێزترین پاڵنەری رەفتارو هەڵوێستی، ئەم پێداویستیەی دەبێتە یەکەمین خولیای سەری وەکو لە وێنەی خوارێدا نیشان دراوە :




وێنەی (د)

پێداویستی خۆ سەلماندن، وا لە خاوەنەکەی دەکات، کە رەنجی خۆی دوبەرابەر کات و بەسەر هەمو کەندو کۆسپەکانیدا زاڵ بێت، تا بچێتە پێشترو زیاتر ناو بهێنرێت.. بۆیە دەبینیت بیرمەند، یان نوسەر، یان شاعیر، یان هونەرمەند بەهێزترین بنەمای فیکر و جوانترین بەرهەمی دەخاتە بەردەست، سیاسی بەرنامەو پەیکەرو ئامانج و نەخشەی دادەڕێژێت، تا خەڵکی پێ کەسب کات، فەرماندەی سەربازیی سەرکەوتنەکانی دەنوسێتەوەو ئەنجامی ئیجابی شەڕو پێکدادان و جەنگەکانی دەخاتەوە بەردەست.. هەروەها جۆرە کەسەکانی

دیکەو خاوەن پیشەو ناو بەرهەمەکانی دیکە.. هەمو لە هەوڵی ئەوەدا دەبن، کە بەو شێوە بناسرێن، کە خۆیان وێنای دەکێشن!

خەڵکی لە تێر کردنی ئەم حەزەیاندا شێوازو رێی جیاوازیان هەیە، هەیانە لە روی ئیدارییەوە کاریگەریی خۆی دەسەلمێنێت، تا ببێتە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتو، هەیانە لە بواری وەرزشدا خۆی ماندو کردوە، تا بچێتە ئەو پلەو پایەی، کە تێیدا مەتح دەکرێت، تا حەزەکەی خۆی بە سەلماندنی بونی خۆی بهێنێتە دی، یەکێکی دیکە بە خوێندن، ئەوی دیکە بە گۆرانی.. ئەویان دایکەو دەیەوێت خۆی لە خزمەت کردنی زارۆکەکانی و پەروەردە کردنیاندا بپسێنێت، تا ئەوە بسەلمێنێت کە دایکێکی سەرکەوتوە.. ئەو جەنگاوەرەش لەم سەنگەر بۆ ئەو سەنگەر رو بەڕوی دژواریی و مەرگ دەبێتەوە، تا لای ئەوانەی ئەم پێی خۆشە بیسەلمێنێت، کە ئازا بوەو باکی بە مردن نەبوە.. یەکێکی دیکەیان خۆی بە دەستە سەربازی دوژمندا دەتەقێنێتەوە، نەك بۆ ئەوەی خانوی بدەنێ، یان ئەمان، نەك بۆ ئەوەی پلەو پایەی بدەنێ، یان مەتحی کەن، بەڵکو بۆ ئەوەی، لای خاوەن عەقیدە ڤیتالیەکەی بیسەلمێنێت، کە لە راپەڕاندنی تەعلیماتی بیروباوەڕەکەیدا نمونەیی بوە..

شێوازی تێرکردنی ئەم حەزە (خۆسەلماندن) لە خەڵکیدا جۆراوجۆرە، بە گوێرەی قۆناغی تەمەن دەگۆڕێت.. کابرای وەرزشەوان بە گوێرەی توانا و تاقەتی جەستەو وزەی شاراوەی خۆی تێدەخوڕێ و تەکان دەدات [١]..

ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی دوای ئەبرەهام ماسلۆ باسیان لە (خۆ سەلماندن) کرد، هاتنە سەر ئەوەی، کە دەبێت دو پاڵنەری شاراوەی تریش لە کابرادا هەبێت، تا بەرەو خۆ سەلماندنەکەی بڕوات و کۆڵ نەدات :

یەکەمیان پاڵنەری لێهاتویی، دوەم : پاڵنەری حەز کردنی هێنانەدی..

---

١ Abraham Maslow , Motivation and Personality (New York-Harper & Row puplisher ١٩٧٠ PP ٣٥_٥٨) :

لێهاتویی هەر ئەوە نیە، کە کابرا چەند سیفەتێکی هەڵکەوتویی زاتی هەبێت، بەڵکو دەبێت توانای کۆنترۆڵ کردنی هۆکارەکانی بارودۆخ و کەشی لەباری سروشتی و کۆمەلایەتیشی هەبێت، ئەو کەسانەی، کە ئەم حەزەیان تێدایەو ئەو پاڵنەرە وایان لێ دەکات ڕەنجی زۆرتر بدەن، هەر بەوەندەی، کە حەز دەکەن ناگەنە مەبەست، بەڵکو چاوەڕێی ئەوەش دەکەن بارودۆخ و گۆڕانکاریە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان بە شێوەیەکی وا بگۆڕێن، کە هەلێك بۆ ئەمانیش بڕەخسێت، یان ئەوەندە تواناو وزەیان بکەوێتە دەست تا بارودۆخەکە وا لێبکەن بە سودی خۆیان بێتەوە.. ئەمەش ئیعتیماد دەکاتە سەر ئەزمونی سەرکەوتن، یان شکستی کابراو چۆنیەتی دیدی خەڵکی بەرامبەری.. ئەو کەسانەی بە چاوی سلبێتیەوە ڕوانیویانەتە ئەزمونەکە، هیممەتی ئینتیماو حەزی بەشداری کۆمەڵکاریی نوێیان لا دروست نابێتەوە، چونکە هەر وا دەزانن ئەزمونی رابوردو شکست خواردو بوەو، هەر کارێکی دیکە بەو بەرنامەو کەسانە بکرێتەوە، هەر شکست دەهێنێت! ئەمانە دەبنە قوربانی ئەو بارودۆخانەی بەسەریاندا دەسەپێت، بارودۆخەکە ئەمان دەگۆڕێتو، ئەمان بارودۆخەکەیان پێ ناگۆڕێت! چونکە ئومێدو ویست و هیممەت و توانای گۆڕانکارییان لە خۆدا مراندوە! بۆیە حەزی خۆ سەلماندن لە ماندا کپ دەبێتەوەو بەرەو پوکانەوە دەچێت! لەوانەش نەپوکێتەوە، بەلام لەبەر زۆری ئەزمونی سەرنەکەوتو ـ بە دیدی ئەو ـ قەناعەت و حەزی دێتە سەر بێدەنگی و کەنارکەوتن.. لەم حاڵەتەشدا لێهاتوییەکە کپ دەبێت و لەوانەی کۆمەڵێك کێشەی ئاڵۆزیش بۆ دەرونە ماندوەکان بخولقێنێت! چونکە بەرامبەر هەمو هەوڵێکی گۆڕانکاریی، نمونە بە ئەزمونێکی شکست خواردو دەهێنێتەوەو، لە خۆی و دەوروبەریدا بێئومێدی و ڕەشبینی دروست دەکات!

تەمەنیش بۆی هەیە، کەسانی وا هەن حەزی خۆ سەلماندنیان پاڵنەریانە، بەلام لەبەرئەوەی چونەتە ساڵەوە، ویستو هیممەتو توانای گۆڕانکارییان کەم بۆتەوەو، باوەڕیان وا نەماوە، کە دەتوانن زەرورەتی هەبونی خۆیان بسەلمێنن!

بەڵام پاڵنەری حەز کردنی هێنانەدی خۆسەلماندن : زانایانی دەروونناسی تێبینی ئەوەیان کردوە، کە هەندێ کەس پاڵنەری حەزی هێنانەدی مەبەست لایان زۆر بەهێزەو، هەندێ کەسی تر ـ لەوانەیە زۆرینەی خەڵکی بن ـ ئەو حەزو پاڵنەرەیان لا، لاوازەو هیچ جێ بایەخیان نیە! دەڵێی حەزی خۆسەلماندن لایان هەر نیە..

پرۆفیسۆر دێڤید س. ماکلیلاند ئەم دیاردەیەی وروژاند، تا ئێستاش خۆیو زانا دەروونناسەکانی هاوڕێی لە زانکۆی هارفارد هەر پێوەی خەریکن و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن، دەیانەوێت بزانن پێداویستی هێنانەدی، تا چ رادەیەك پاڵنەرە؟! تا چ ڕادەیەك گۆڕەری ڕەفتارەو هەڵوێست سازە؟! توێژینەوەو بەدودا چونەکانی ماکلیلاند ئەوەی سەلماندوە، کە حەزی هێنانەدی مەبەست پاڵنەرەو دەکرێت هەستی پێ بکرێت و، لە پاڵنەرەکانی دیکە جوێ بکرێتەوە، هەر وەکو کە دەکرێت لە هەر کۆمەڵە مرۆڤێکدا دیراسە بکرێت، کە دەکرێت بخرێتە گەڕ دەشکرێت فەرامۆش بکرێت..

هەندێك ڕەفتار هەیە لەو کەسانەدا دەردەکەوێت، کە پاڵنەری هێنانەدیی مەبەستیان لا بەهێزە، وەکو :

١ـ دیراسە کردنی شت بە وردی، پێش ئەوەی دەست بداتە ئەنجامدانی.

٢ـ رێکخستنی هەستی بەرەوپیر چون و کەمکردنەوەی گیانی موغامەرە.

٣ـ بایەخدان بە هێنانەدی مەبەست، زیاتر لە هاندان و خەڵاتدان.

٤ـ بەکارهێنانی کاتی زۆر بۆ بیرکردنەوە لەوەی دەبێت ئەنجام بدرێت[١].

ماسلۆ وا نابینێت، کە پێداویستی هەمو مرۆڤێك هەر بەو ریزبەندییە، کە ئەو دیاری کردوە، بەڵکو پێی وایە ئەوە نمونەی زۆرینەی خەڵکیە، دەنا کەسانی وا هەن هەر لەبەر خاتری کەسێك حەز دەکەن مەبەستێك بێتە دی و هەوڵیشی بۆ دەدەن.. ماسلۆ خۆی نمونە بە غاندی پێشەوای هیندستان

---

١ Paul Hersy , and Ken Blanchard : Management of Organizational Behavior , Englewood Cliffs ; NJ , Prentice Hall Inc. ١٩٨٢ PP ٣٧_٤٠.

دەهێنێتەوە، کە قوربانی بە هەمو پێداویستیە فیزیکی و ئەمنیەتەکانی خۆیدا تا پێداویستی تر تێر کات، کە بریتی بو لە رزگار کردنی وڵاتەکەی لە داگیرکردنی ئیستیعماری ئینگلیزی[١]..[٢]

نامەوێت بە رەخنەوە بە قوڵایی نمونە "نمونەیی"ەکەی ماسلۆدا بچمەوە، کە ئەوەندە بە تاکە کەسێك، کە غاندی سەرسام بوە! کەچی چاوی ئەو نەوە موسوڵمانە بەهێزەی یاوەرانی پێغەمبەری پێشەوای ﷺ لە مێژودا نەبینیوە، کە چۆن هەر هەمویان قوربانیاندا بە هەمو پێداویستیە سەرەکیەکانی فیزیکیو ئەمنیەتو پلەو پایەی کۆمەڵایەتیو رێزو مەدحکردنی خۆیان لە پێناوی سەلماندنی بونی خۆیان لای خوای پەروەردگار! نەوەیەك، کە لە مێژودا دوبارە نەبۆوە، بەڵێ تاك تاکی زۆر، لێرەو لەوێ پەیدا بون، بەڵام ئاوا لە نەوەیەکداو لە شوێنێکدا پەیدا ببنەوە، ئەوە وەکو قورئان شایەتی لەسەر دەدا نەبۆوە، چونکە ئەوە پلەو پایەیەکە، تەنها کۆمەڵێکی لە موسوڵمانانی یەکەم و، کەمێکی تری لە پاشینەی ئەوان گرتەوەو بەس!

دیقەت و سەرنجدانی ورد لە قورئانی پیرۆز ئەوە نیشان دەدات، کە خوای گەورە لە هێنانەدی ستراتیژێتی کاری ئیسلامیدا، ئەم قوربانیدانەی بۆ شوێنکەوتوانی ئەم دینە نەکردۆتە رێسایەکی بەردەوام، بەڵکو وەکو لە سیرەی پێغەمبەری نازداردا ﷺ دەردەکەوێت، لەو کاتانەدا بوە، کە بە دوای جێپەنایەکدا گەڕاوە، تا هیجرەتی بۆ بکاتو، بتوانێت پلەکانی پێداویستیەکانی بۆ خۆی و شوێنکەوتوانی، لەوێ رێکخاتەوە لە هەمو پێداویستیە

---

[١] Paul Hersy , and Ken Blanchard , Op , cit.P ٢٩.

[٢] باشترین نمونە موسڵمان و هەوڵی بەدەستهێنانی رەزامەندی خوای گەورەیە، حەزی شەهیدبونی موسڵمان، چ پەیوەندیەکی بە پلەکانی پێداویستی ماسلۆوە نیە، کابرا بۆ ئەوە خۆی نادات بە کوشت، تا خۆراك و خواردنەوەو خانو ژنو ماڵی دەسکەوێت، یان ئەمانی دەسکەوێت، یان رێزو پلەی کۆمەڵایەتی دەستکەوێت، یان خەڵکی مەدحی بکەنو رێزی لێ بگرن! چونکە ئەو، کە لە ژیانەکە دەردەچێت، چی لەو شتانە بکات، ئەگەر بۆشی بهێننە دی؟! هیچ.. بەڵام رەزامەندی خوای گەورە بۆی بۆتە گەورەترین پاڵنەر، کە هەمو دژوارییەکی لە پێناودا بە ئاسان دیوەو، خۆی تێ فڕێداوەو بێ باك بوە، تا خۆی لەسەری داناوە!!

سەرەکیەکانەوە بۆ پێداویستیەکانی ئەمان و ڕێزو ئینتیما، کە دەبنە هەلی ڕەخساوی بەردەست بۆ سەلماندنی لێوەشاوەیی و هێنانەدی.. ئەوەش بەو جیهادەی لە پێناوی هەڵگرتن و گەیاندنی پەیامی ئیسلام بە هەمو جیهان دەیانکرد.. دیارە کە توخمەکانی باوەڕو هیجرەتو، جیهادو پەیام و، داڵدەدان و پشتگیریی و سەرخستن، هەمویان هۆکاری کاریگەریی واقیعیانەی ڕەخساندن و تێرکردنی ئەم پێداویستیانەبون..

توخمی باوەڕ هەستی ئینتیما لە ئەندامانی ئوممەتدا قوڵتر دەکاتەوەو دیدو تێڕوانین و بەرنامەو ڕێبازێکیان لە بیرو هۆشدا لا گەڵاڵە دەکات، کە لەسەر (ناسنامەو ڕەگەزنامەو کلتور)ی موسڵمانانە دامەزرابێت، تا کەسایەتی تاك و کۆی ئوممەتەکە لە هەمو لایەنەکانی ژیاندا لە ئوممەتانی دیکە جویێ کاتەوە..

توخمی وازوکۆچ (هیجرەت) وا لە موسوڵمان دەکات پێداچونەوەی بەردەوام بکاتەوە، تا بتوانێت واز لە شێوازە هەڵەکانی چەسپاندنی پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤایەتی بهێنێتو راستتر بە گوێرەی دەرچەو داواکاریی کاتو شوێنی سەردەم دایانڕێژتەوە..

توخمی جیهادو پەیامەکەش پێداویستی سەلماندنی بونی خۆ دەهێنێتە دی، ئەمەیە، کە دەروازەیەکی والا دەخاتە بەر دەم موسوڵمان، تا ڕو لە هەمو جیهان کات و لە هەر شوێنێك بۆی لوا (لێوەشاوەیی) خۆی لە هەڵگرتنی پەیامی خواییدا بسەلمێنێت، تا لە هەمو شوێنێك، کە دەیگاتێ ببێتە هێزێکی کاریگەر لە فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپەدا، ئاوا بە پەیامە خواییەکەی دەتوانێت لە هەر کوێ بێت (لێوەشاوەیی) و توانای (هێنانەدی مەبەست)ی خۆی بسەلمێنێت و ئەوە نیشاندات، کە ئەم وەکو هەر تاکێکی تری مرۆڤ وایە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم پەیامێکی خواویستی هەڵگرتوە بۆتە توخمو ڕەگەزێکی کاریگەرتر..

تـوخمی داڵدەدانەکـە پێداویـستیە سـەرەکیەکانی ئوممـەت لـەو لایەنـەوە دێنێتە دی، کە دەبێت ئەو بارودۆخـە بێتـە دی، کـە هـەمو ئوممەتەکە هەسـت بـەوە بکـەن، کـە خـاوەنی خێـرو بێـری وڵات و کـان و سـامانن، هـەمویان مـافی ئەوەیان هەیە هەلی ڕەخـساویان لەبەردەمـدا بێـت، تـا گەشـەو نەشـونما بکـەن، مـافی سروشـتی خۆیانـە ببنـە خـاوەن نـان و خێـزان و ئـەمان، مـاڵ و هۆکـاری هاتوچۆیان مسۆگەر بێت، هەروەها بـە قـەدەر ئـەو مافانـەش هـەمویان هەسـت بکەن، کە ئەرکیان لەسەر شانەو دەبێـت بـە خۆشـحاڵیەوە بـەرەو پـیری بـچن.. هەر وەکو لە بەشی پێنجەمدا باسی لێوە کرا..

توخمی پشتگیریی پێداویستیە ئەمنیەکان مسۆگەر دەکات، کە هەمو لایـەك تەرکیز لەسەر ئەوە دەکـەن، کـە (شـەریعەت لەسـەرو هێزەوەیـە)، ئیـدی هـەمو لایەك هەست دەکـەن لـە ئەمانـدان، دڵنیـا دەبـن، کـە تەنانـەت کـەس بـۆی نیـە غەیبەتیـشیان کـات، یـان دوزمانیـان بـۆ دروسـت کـات، یـان راپۆرتیـان لەسـەر بنوسێت، لەوە بێ خەم دەبن، کە بەرەو چەوساندنەوەو پەراوێز کـردن و ئیلغـا کردنـەوە بـبرێن! دوای ئەمـە هەسـت بـەوە دەکـەن کـە کەرامـەتیان پـارێزراوەو رێزیان لێگیراوە، وەکو کاربەدەستانن و هەمو یەکسانن، هەمویان بە پێی شـەرع ماف و ئەرك و دەسەڵاتیان هەیە! هـەمویان بەرپرسـن لـەوەی ورەو وزەیـان بـۆ چەسپاندنی زیاتر دادپەروەریی بخەنە گەڕ، تا سـتەم لـە نـاو خۆیانـدا نـەهێڵن، ئـەوجا بـشبنە هێزێکـی نێـو دەوڵـەتی، تـا رێـی داگیرکـاریی و شـەڕو شـۆڕو ستەمکاریی بگرن.. ئاوا هەمویان هەست دەکەن دە لەو قۆناغـەدان، کـە دەبێـت هەبونی خۆیان بسەلمێنن.

ئەو خاڵەی لە ئاڕاستە ئیسلامیەکەدا دەرهـەق پلـەکانی پێداویـستی مـرۆڤ، بەئاشکرا تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە ئاڕاستە فیکریـی و سیاسـییەکەی ئیـسلام لەگـەڵ قەناعـەتی بـاوەڕو پەرسـتنەکان و دابـو نەریتـە ڕەوشـتیەکەدا تـەریب دەبنـەوە، هـەمویان دەبنـەوە هۆکـاری ڕێنیـشاندانی ڕاسـت، لـە هـەمان کاتیـشدا قورئان ئاڕاستەی هەڵەی قەومەکانی تری غەیرە موسڵمانیش دەخاتـەوە پـێش چاو، تا هەردو ئاڕاستە چەوت و ڕاستەکە لە پێش چاوی دوێنراوەکان بێـت، تـا

خۆیان بەراوردیان بکەن! نمونەی شێوازی ئەمە دوعاکەی سەیدنا ئیبراهیمە کە فـــەرموی : ( وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا ٱلْبَلَدَ ءَامِنًا وَٱجْنُبْنِى وَبَنِىَّ أَن نَّعْبُدَ ٱلْأَصْنَامَ ﴿٣٥﴾ رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ ۖ فَمَن تَبِعَنِى فَإِنَّهُۥ مِنِّى ۖ وَمَنْ عَصَانِى فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٦﴾ رَّبَّنَآ إِنِّىٓ أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِى بِوَادٍ غَيْرِ ذِى زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ ٱلْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱجْعَلْ أَفْـِٔدَةً مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهْوِىٓ إِلَيْهِمْ وَٱرْزُقْهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ ) ابراهيم / ٣٥ ـ ٣٧ واتە : ئیبراهیم فەرموی : خوایە ئەم شاری مەککەیە بکە بە جێی ئەمن و ئـەمان و حەوانـەوەو ئاسودەیی، خوایـە خـۆم و ئەولادەکانم لە بتپەرستن بەدور بگرە، خوایە ئەم بتانە (ئـەوی دایمەزرانـدونو لە پشتیانەوەنو بە ناویانەوە قسە دەکەن) خـەڵکانێکی زۆریـان گومڕا کـردوە، خوایە هەرکەسێك پەیامی تۆی وەرگرتو بوە شوێنکەوتەی من، تۆش لە خۆمی حسێب بکە، هـەر کەسێکیش یـاخی بـو، سەرپێچی کـرد ئـەوە خـۆت لێبـوردەو خـاوەن بـەزەییت. خوایـە خـۆت ئاگاداریـت وا مـن یـەکێك لـە ئـەولادەکانم (کـە سەیدنا ئیسماعیلە) لەم بیابان و دۆڵە وشك و بـرنگەدا لایماڵەکەی خـۆت (کـە بۆ خواپەرستی دروستمان کردوە) نیشتەجێ کـردوە، تـا نوێـژو تاعـەتت بکـەن، دەی سا تۆش لوتف بکە، با دڵو دەرونی خەڵکیان بۆ بخرۆشێت، تا خـەڵکانێك خۆشیان بوێنو حەز بە دیدەنیو زیارەتیان بکەن، جا خوایە بـۆ ئـەوەی زیـاتر شوکرانەبژێر بن، لە بەروبومو حاسڵاتیش پشکی خۆیانیان پێ بدە.

هـــەروەها دەفـــەرموێ : (وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا بَلَدًا ءَامِنًا وَٱرْزُقْ أَهْلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ مَنْ ءَامَنَ مِنْهُم بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۖ قَالَ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلًا ثُمَّ أَضْطَرُّهُۥٓ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلنَّارِ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ) البقرة/ ١٢٦، واتە : بە یادی بێنەوە، کە ئیبراهیم لە خـوای گـەورە دەپاڕایەوە : خوایە ئەم ناوچەیە (حیجاز کە مەرکەزەکەی مەککەبوە) هـێمن و ئاسـودەو پـڕ ئاسـایش کـە، خوایـە رزق و رۆزی دانیـشتوانەکەی لەوانـەیان کـە باوەڕ بە خواو بە رۆژی دوایی دەهێنن، لە بەرهـەم و حاسـڵات بـدە، فـەرموی :

(من رۆژی هەموان دەدەم) بەڵام ئەوانەیان، کە باوەڕ ناهێنن دوای ئەوەی، کە کەمێك نانو ئەمانیان دەمێ، ژێربارى سزاى دۆزەخیان دەکەم وبەرەو چارەنوسێکی زۆر بە ژانیان دێنم.

ئەم پاڕانەوانە بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستیە سەرەکیەکانی دانیشتوانی مەککەیە، پێداویستیە سەرەکیەکانی جەستە (بەروبوم و حاسلات)، پێداویستیەکانی ئەمان و ڕێزلێنان (تا خەڵکانێك خۆشیان بوێن و حەز بە دیدەنی و زیارەتیان بکەن) ئینجا هۆکارەکانی گەشەی ئەو نەوەو نەوزادانەی سەیدنا ئیبراهیم بۆ ساڵح بون (تا نوێژو تاعەتت بکەن) و (بۆ ئەوەی زیاتر شوکرانەبژێر بن).. چونکە نوێژکردن ئەوەیە، کە ماناکانی لە ژیانێکی واقیعی هەست پێکراودا بەرجەستە بوبێت، دەنا حەقیقەتی سوپاسگوزاری خوای گەورە ئەوەیە، کە کوفرانەی نیعمەتەکانی و سەرپێچی فەرمانەکانی نەکرێت..

ئەمما لە زانستی دەرونناسی نوێدا دەبینین پلەکانی پێداویستی مرۆڤ دور لە باوەڕو دیدو تێڕوانینی فەلسەفی و، لە بەهاو نەریت و رەفتارو رەوشت دەخرێتە بەر دەست! هەر وەکو زانستیەکانی تر نیشان دەدرێت! بۆیە دەبینیت ئەوانەی ئەم تیۆریەیان داڕشتوە بە لایانەوە گرنگ نیە، یان سۆراخی ئەوە ناکەن، کە ئایا تیۆریەکەیان بۆ خێر بەکاردێت، یان بۆ شەڕ!

ئە ئاوا دەبینیت هەردو دیدو تێڕوانین و ئاڕاستەکە (دیدی ئیسلامی و تیۆری ماسلۆ) لە پراکتیزە کردنی جیهانبینیەکەدا جیاوازن.. وەکو لە بڕگەی دواتردا ڕونی دەکەینەوە.

★★★

# بەشی دووەم

## پلەکانی پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤ
## لە نێوان پراکتیزی ئیسلامیانەو پراکتیزی دەروونناسی سەردەمدا

ئەو جیاوازیانەی لە دیدو تێڕوانینی ئیسلام و جیهانبینی تیۆری دەروونناسی سەردەمدا دەبینرێت، هۆکاری سەرەکی ئەو خاڵە جیاوازیە گەورانەن، کە لە پراکتیزەکردنەکانیاندا دەیبینین، کە دەشێت لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان بکەین :

### یەکەم : مسۆگەر کردنی پێداویستیەکانی نان و ئەمان بۆ هەمو توخمی مرۆڤایەتی بەرامبەردا مسۆگەر کردنی تەنها بۆ توخمێکی دیاریکراو :

لە بنەماکانی پەروەردەی ئیسلامیدا، دەبێت پێداویستیە سەرەکیەکانی نانو ئەمان بۆ هەمو کەسێك مسۆگەر بکرێت، کافربن، یان موسڵمان، وەکو لە دوعاکەی سەیدنا ئیبراهیمدا دەبینرێت، ئەو زاتە پاکە، داوای ئەوەی لە خوای گەورە کرد، کە تەنها رزق و رۆزی ئەو کەسانە بە نەوەکانی بدات، کە باوەڕ بە خواو بە ڕۆژی دوایی دەهێنن (وَٱرۡزُقۡ أَهۡلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ مَنۡ ءَامَنَ مِنۡهُم بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۖ) بەڵام وەڵامی خوای میهرەبان وا بو، کە ئەوی باوەڕیشی نەهێناوە بە من و بە ڕۆژی دوایی، کەمێك هەر رزق و رۆزی دەدەم (قَالَ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلٗا) مەبەست لەم کەمێتیە ئەو پشکەی خۆیەتی، کە لە دنیادا وەری دەگرێت، چونکە لەبەر بێ باوەڕێتیەکەی لەو دنیادا پشکی خێری بەرناکەوێت.. بۆیە کەمیشە، چونکە

لە ماوەی کورتی ژیانی دنیادا تەواو دەبێت، ئێ ئەمە لە کوێ و پشکی موسڵمان لە کوێ، کە خوای گەورە لێی خۆش بوەو خستویێتیە بەهەشتێکەوە، کە ژیان تێیدا هەمیشەییە و هیچ نازو نیعمەتێکی کۆتایی نایات!

لەمەوە ئەوە بەدەست دێت، کە کەس لەم دنیایەدا بۆی نیە یاری بە نان و ئەمانی خەڵکی بکات، کەس بۆی نیە دەست لە رزق و رێزی خەڵکی وەرداو، بە هۆی جیاوازی دین و راجوێیی مەزهەب و ناکۆکی فیکریی و دیدی سیاسی و نەریت و عورف و هەڵوێستی خەڵکیەوە، نان وئەمانیان زەوت کات و داڵدەو سوکنایان لەسەر تەنگ کاتەوە، تا ناچاریان کات قەناعەتی خۆیان بۆ ئەم بگۆڕن! ئیسلام بە هیچ شێوەیەك ڕێ نادات نکوڵی لە مافەکانی بونی خەڵکی بکرێت، رێنادات دەست بەسەر سەروەت و سامانیان بگیرێت، بەرهەڵستی هەمو حاکمێکی دەکات، کە موچەی خەڵکی ببڕێت، بە بەهانەی ئەوەی، کە پێچەوانەی شەرعی کردوە! ناهێڵێت دەسەڵاتدارانی ئیسلامی، بە هۆی راجوێییەوە خەڵکی لە کار دەرکەن و نانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان ببڕن.. قورئان پڕە لەم رێسایانە، لەوانە :

- (لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ) البقـره/٢٧٢ واتـه : رێنماییان عایدی تۆ نیە، هەقت بەسەر ئەوەوە نەبێت، خوای گەورە خۆی هیدایەتی ئەو کەسە دەدات، کە خۆی دەیەوێت..

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە ئەوە بو، کە هەندێك لە موسوڵمانانی شاری مەدینە، لەبەر ئەوەی ژن و ژنخوازییان لەگەڵ جولەکەکانی بەنو قورەیزەو بەنونەزیردا هەبو، پشکە خێری خۆیان دەدایە ئەوان، کە ئەمان ئیسلامەکەیان وەرگرت، ویستیان ئەو پشکە خێرە لە جولەکەکان بگرنەوە، تا ناچاریان کەن بەرەو ئیسلامەکە بێن، ئیتر ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە، کە ڕێ لە پێغەمبەری پێشەواش ﷺ دەگرێت، کە شتی وا نابێت بکات و دەبێت بە موسڵمانانیش بڵێت، کە نابێ ڕزق و ڕۆزی کەس بۆ قبوڵی ئیسلامەتی

بگرنەوە[١].. واتە نابێت تین و فشاری ئابوری بکەنـە وەسیلەی هانـدانی خـەڵکی بۆ موسوڵمان بون!!

هەر هەمان ئاڕاستەیە، کە دەبینین کاتێك سەیدنا ئەبوبەکری سددیق (خوا لێی ڕازی بێت) ویستی ئەو خێرەی دەیدایـە هەنـدێك لـەو یاوەرانـەی، کـە ئـەو بوختانەیان دەوتەوە، کە دەرهەق عائیشەخانی خێزانـی پێغەمبـەر ﷺ کرابـو، کـە کـچی بـەڕێزی ئـەمیش بـو، ئـەمیش لـە توڕەییانـدا بڕیـاری دا چـیدی خێرەکەیان پێ نەکات.. بـەڵام ئاڕاسـتەی خـوای گـەورەی بـۆ هـات، کـە کـاری وا نەکات و، هەر بەردەوام بێت لەسەر پێدانی ئەو خێروخێراتە بەو کەسانە!!

خـــوای گـــەورە فـــەرموی : ( وَلَا يَأْتَلِ أُولُوا الْفَضْلِ مِنكُمْ وَالسَّعَةِ أَن يُؤْتُوا أُولِي الْقُرْبَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ۖ وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا ۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ) النـور/٢٢ واتـە : بـا ئـەو کەسـانەتان، کـە خـاوەن فـەزڵ و هـەبون، سوێندی ئەوە نەخۆن، کە دەست بگرنەوە لە بەخشین بە خزمانی دەسکورت و بە هـەژاران و موهـاجیرانی ڕێـی خـوا.. بـا لێبـوردە بـن‌و سـینەفراوانە، گـەردن ئازاد کـەن! مەگـەر ئێـوە حـەز ناکـەن خـوای گـەورە لێتـان خـۆش بێـت؟ خـوای گەورە لێبوردەو بەبەزەییە..

ڕاسـتە ئوممەتـە موسـوڵمانەکە بـەردەوام بـەم ئاڕاسـتە خواییانـەوە پابەنـد نـەبو، هـەر لـەو مـاوەی حـوکمی خولـەفای ڕاشـیدینەدا دەدرەوشـایەوە، چـونکە لـەوە بـەدوا زۆر کـەس گەڕایـەوە سـەر دیـدو نـەریتی تیرەوهـۆزو، خولانـەوەی هاتەوە سەر (کەسایەتی) یەکانی حوکم، بەڵام ئوممەتەکە، تـا ئێـستاش هـەر وا سەیری ئەو ڕەفتارە خوارە دەکات، کە پێچەوانەی بنەمای شەرعەو، سەرپێچیە لە فەرمانی خوای گەورەو سیرەی پێغەمبەری پێشەوا ﷺ و نمونەی خولەفای

---

[١] تەفسیری تەبەری ب٣ ل ٩٤.

راشیدین و، کەس بۆی پینە ناکرێت و ناتوانێت هەنجەتی شەرعییان بۆ بهێنێتەوە..

ئەمما لەم کۆمەڵگانەی سەردەمدا، کە بە گوێرەی تیۆرەکانی دەروونناسی نوێ دەڕۆن، لەبەر ئەوەی دیدو تێڕوانینی جیهانبینییان لەسەر کوفرو بێدینی دامەزراوە، دەبینیت چەسپاندنی ئەو تیۆرەش هەر وا لێڵ وخوارو پڕ ستەمە! دەبینیت رەنجەکانیان بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستیەکانی مرۆڤی خۆیانە، نەك مرۆڤی تر! نان و ئەمان تەنها بۆ هاوڵاتیانی نیشتیمانی خۆیان مسۆگەر دەکەن، تەنانەت ئەمەشیان بە پێی بەرژەوەندی چینێکی تری سەرمایەداری ناو کۆمەڵگەکەیە!! لەم مسۆگەر کردنەشدا ئەوە دەکەنەوە بە مەرج، کە دەبێت خەڵکەکەش کار کەن و باجی رەنج بدەنەوە، تا بەرهەم زیاتر بێت و، ئەمانیش شایانی ئەوە بن ئەو نان و ئەمانەیان بۆ مسۆگەر بکرێت!!

ئەمما لە دەرەوەی ئەم کۆمەڵگە نوێیانەی سەردەم، ئەوە دیارە، کە چۆن سیاسەتمەداران و عەسکەریتاریاو خاوەن بەرژەوەندی کۆمپانیا زەبەلاحەکان و، گەدەبەلەکانی سامان و هەڵسوڕێنەری ئالەو سالەی بانکەکانی ئەم وڵاتە زلهێزانەی لە ناو وڵاتانی خۆیاندا نان و ئەمان بۆ هاوڵاتیانی خۆیان دەستەبەر دەکەن، بەڵام دەبینرێن چۆن کەوتونەتە روتاندنەوەی میللەتان و (ئیحتیکار) کردنی سەروەت و سامانی گەلان و ئیستیعمارکردنیان! هەمو دەبینین چۆن تیۆری ماسلۆیان بۆ ستراتیژێتی دەست بەسەراگرتنی خێرو بێری جیهان کردۆتە پەیژەی سەرکەوتن!! زۆر لە بیرمەندو پسپۆڕانی سیاسەت و نەخشەوانانی پەروەردەی رۆژئاوایی ئیعتیراف بەوە دەکەن کە وڵاتە زلهێزەکان تیۆری ماسلۆیان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، لەوانە عەرەبی و ئیسلامیەکاندا وا خستۆتە گەڕ تا بە بێ توانایی بیانخەنە گێژاوی تەنگژەو کەندەلانەوە، تا

هەمیشە ئاتاجی سیاسەتی دارایی خۆیانیان کەن و، وا بیانهێڵنەوە، کە بە بێ ڕۆژئاواو دەزگا ئیستیعماریەکانی هیچیان بۆ خۆیان پێ نەکرێت[١]!!

بەڵام ئامێرو ئالیەتی ئەم دەستبەسەرا گرتن و ڕوتاندنەوەیەو، چەسپاندنی عەمەلی ئەم سیاسەتە سلبیەی، لە تیۆری ماسلۆوە وەرگیراوە، لەو سیستمە ئیداری و رەفتارە پۆلیسی و مژینە ئابوری و چەوت ئاڕاستە کردنەوەوە دەردەکەوێت، کە وڵاتە پێشکەوتوە زلهێزەکان، وەکو بەرنامەی ئامۆژگاریی دەیدەنە وڵاتانی جیهانی سێیەم! کە پڕە لە کێشەی سیاسی و نەخشەی جەنگی ناوخۆیی کە وا دەکات هەمو سەروەت و سامانی ئەو وڵاتانە رەهنی پارەی چەك و تفاقی سەربازیی و سیاسەتی چەوتی ئیستیهلاکی ببێت! سەرەنجامیش نە بەهێز بون، نە خۆگرتن، نە گەشەو نەشونما دێتە دی، نە ئاشتی و پێکەوە ژیانەکەی جارانیان بۆ دروست دەبێتەوەو، نە نان و ئەمان و پۆشاك و خێزان و خانوبەرەشیان لە جێی کاولکراوەکانیان بۆ دەستەبەر دەبێتەوە! ئاوا دەبینیت، تا دێن ڕۆتر دەچن! هەر وڵات و گەلێکیش وای لێ بێت، دیارە ئیتر لە هاوڵاتیانیاندا هیممەتی گۆڕانکاریی وتوانای هێنانەدی مەبەست ولێوەشاوەیی نابینیت[٢]..

---

[١] خۆم ئەمەم لە پسپۆڕی گەورە پرۆفیسۆر ریچارد کۆنان بیست، کە مامۆستای زانستیە سیاسیەکانە لە زانکۆی پیتسبۆرگ و یەکێکە لە راوێژکارانی کاروباری ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست..

[٢] سەرباری ئەوەش هەمو ئەو وڵاتانە دەبینیت بە ملیارات دۆلار قەرزاری سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی و بانکی نێو دەوڵەتی و زەروە ئابوریەکانی تری کۆمپانیا زەبەللاحە بێ سنورەکانیشیان دەبن!!

## دوەم: مسۆگەرکردنی ئەمان و ڕێز بۆ جۆری توخمی هەمو مرۆڤێك، بەرامبەر مسۆگەرکردنی ئەو ئەمان و ڕێزە بۆ توخمێکی دیاریکراوی مرۆڤ:

لە ئاڕاستەو بنەماکانی پەروەردەی ئیسلامیدا، تێرکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤ لە مسۆگەر کردنی ئەمان و ڕێزدا بۆ هەمو (بەنی ئادەم)ە، بێئەوەی سەیری بیروباوەڕو وڵاتو ڕەگەزو توخمو ڕەنگو کلتورو سەروەت و سامانیان بکرێت، پەیوەندی نێوان ئوممەتی موسڵمان و غەیرە موسڵمانەکانی، هەمو ئەمانەی تێدا دەدرەوشێتەوە، هەمو ئەو پلەو ڕێزەیان وەکو یەك هەیە، چونکە پەیوەندیەکانی لەسەر دیدی ئیمانی، یان لەسەر پەیمان و ئەمانی دروست بون، پابەندبون و وەفا بە هەردوکیشیانەوە واجبە، ئەوی مافی برایەتی دینی لەسەر موسڵمانەکان نیە، پەیمانی ئەمانی پێیانەوە هەیە، چونکە یان ئەهلی زیممەیە ـ یان موستەئمینە[1].. پێغەمبەری خواشﷺ لە کۆتا فەرمایشتی دنیای خۆیدا، هەر موسڵمانانی بەوە ڕادەسپارد، کە لەگەڵ ژنان و ئەهلی زیممەدا جوان ڕەفتار کەن..

بەڵام لەم کۆمەڵگە نوێیانەی سەردەمدا، مسۆگەر کردنی پێداویستی هێمن و دڵنیایی و ڕێز، تایبەت کراوە بە توخمێك، بەرەگەزێك، بە کۆمەڵە کەسێك، کە ئینتیمایەکی تایبەت کۆی کردونەتەوە، کە پێیان دەوترێت (هاوڵاتی)و، سیفەتی زۆرینەیان بەسەردا داون! ئیدی ئەوانەی لە دەرەوەی ئەو بازنەیەن، پێیان دەوترێت (بێگانە) و، سیفەتی کەمینەیان بەسەردا دابڕیون!

---

[1] ئەهلی زیممە : ئەوانەن کە خاوەن دینن و لە سایەی سەروەری شەرعدان لە دارالاسلام. موستەئمینەکان ئەوانەن، کە بە شێوەی کاتیی هاتونەتە دار الاسلامەوە، وەکو ئەوانەی بە ڤیزەو ئیقامەی ڕەسمی هاتون..

ئیتر هەمو پلەکانی ڕێزو پلەو پایەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، بە گوێرەی هەبونی ئەم سیفەتە بەسەریاندا دابەشکراوە!

ئەمن و ئەمانەکەشیان تەنها بەو کەسانە ڕەوا بینیوە، کە لە بازنەی هاوڵاتێتیدا دەژین، بەڵام ئەوانەی لەدەرەوەی بازنەکەن ـ بە تایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ـ ئەوە بێ ئەوەی هیچیان کردبێ، جێ گومانن! بۆیە دەبینیت لەو وڵاتانەدا ئەوانەی هاوڵاتین، هەمیشە لە حەزەری ئەوەدان (بێگانە) کان توخنیان نەکەون، ئەوەندە لێیان نزیك نەبنەوە ، کە جێو ڕێ و نهێنیان بزانن، ئەمانیش لەو بێ متمانەییەی هاوڵاتیان بەد گومان دەبن و، هەمیشە وا هەست دەکەن، کە هاوڵاتیان گومانی بەدیان پێ دەبەن و بە پیاوخراپیان دەزانن! ئەم رەفتارە هەڵانەش ساڵ بە ساڵ ممارەسە دەکرێت، تا دەبێتە نەریتی باو یاسا! ئیدی دەڕوات بۆ پەنگ خواردنەوەی بوغزو قین و یاخی بون و شەڕو شۆڕ، یان تەشەنەی ئاگرپژێنی شۆڕش و جێ بە یەکتریی چۆڵ کردن!!

زۆر لە راوێژکاری موخابەرات و سیاسەتمەدارەکانی رۆژئاوا ئیعتیراف بەوە دەکەن، کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا دیکتاتۆری گەورەیان داناوەو، بە هێزو ئاڕاستەی سەربازیانە پاراستویانن، تەگبیری موخابەراتیانەیان بۆ کردون و چاوپۆشیان لە زیندان و ئەشکەنجەدانیان کردوە، تا حکومەت و هەمو دام و دەزگاکانی لە جیاتی ئەوەی ببنە مسۆگەرکاری دڵنیایی، و ڕێز بونەتە دڕندەو، رێزو مافی مرۆڤی هاوڵاتی خۆیان وا پێشێل کردوە، کە ئیرادەی خەڵکی کۆمەڵگەکە خەساوە! گەر هەمویان کۆکەیتەوە ویست و توانای گۆڕانکاریی هەڵوێستێکیان پێ نەماوە! ئە ئاوا لەو کۆمەڵگایانەدا رۆحی داهێنان وجوانی و هیممەتی سەلماندنی خۆو، لێوەشاوەیی و بەرهەمهێنانیان کوشتوە..

زانای دەرونناس (سۆل و. گلێرمان) وردەکارانە بە دوی ئەم دیاردەیەدا چوەو دیراسەو بەراوردی کردوە، ئەو دەڵێ : تێرکردنی پێداویستیەکانی

ئـەمنو ئـەمان بـە شـێوەیەکی هۆشـیارانە، یـان ناهۆشـیارانە لـە ناوچـەیەکی بێهۆشیی مرۆڤدا خۆ مەڵاس دەدات، چونکە ئەو شتانەی هەست پێکراون، وەکو دەستەبەر کردنـی ئـەمان و سـەلامەتی لـە ڕوداوو کارەسـاتی جـەنگ و گـرتن و نەخۆشیی و دابین نەبونی باری ئابوری و ئەوانە، هـەموی ئەگـەر ڕێـی تـەعبیر کردنیشیان نەبێت، لە ناخدا پەنگ دەخۆنەوە.. بۆیە لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا، هەمیـشە بایـەخ بـە کەشـو بـارودۆخی کـارکردنی کرێکـاران دەدرێـت، کرێکـاران هەسـت دەکـەن ژیـان و مافیـان مـسۆگەرە، زەمانــەتی کاریـان هەیــە، کەشـی کارکردنیان خۆشە، هەلی ڕەخساوی داهێنانی نوێیان لەبەرەدەستدایە.. کەچـی لـە جیهـانی سـێیەمدا هـیچ شـتێك لـەم پێداویـستیە سـەرەتاییانە، نابینیـت دەستەبەر کرابێت! بە پێچەوانەشەوە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، مانـای ئـەم موفرەدانە بونەتە بەربەستی بەرهەمێهنان، چونکە هەر بە ناو هەن)!

گلیرمان بەردەوامەو دەڵێ : (مسۆگەر کردنی ئەم ئەمان و بارە دەرونیـە، وا دەکات کرێکارەکان زوترو ئاسانتر بەدەنگ ئەرکەکانەوە بێن و، خۆشـتر بکەونـە ڕاپەڕاندنیان، ئەمەش وا دەکات بەرهەم زیاتر بێـت و، بـواری داهێنـانی جۆری باشتریشی بۆ بڕەخسێت..).

## سێیەم : مسۆگەرکردنی هەلی ئینتیما بۆ جۆری توخمی هەمو مرۆڤێـك، بەرامبەر مسۆگەرکردنی ئەو هەلە بۆ توخمێکی دیاریکراوی مرۆڤ :

لـە ئاڕاسـتەو بنـەمای پـەروەردەی ئیـسلامیدا، هـەمو مرۆڤێـك دەتوانێـت ئینتیمـای خـۆی لـە (ناسـنامە)[1] و (رەگەزنامـە)، دائیـرەی بـاوەڕدا بدۆزێتـەوە، دەتوانێت لە هەر کوێیەك لەدایك بوبێت، لـە هـەر دایـك و باوکێـك بوبێـت، لـە هەر ڕەنگی پێست و ناوچـەیەك بوبێـت، ئاسـتی ئـابوری هەرچـەند بـەرزو نـزم بێت، لە هەر پلەو پایەیـەکی کۆمەڵایـەتی کۆمەڵگـە جیاوازەکـانی مرۆڤایەتیـدا بێت، ئاسان دەتوانێت ئینتیمای ئیمانی خۆی راگەیێنێت.

بەڵام لە کۆمەڵگەی نوێی سەردەمدا، کە بە پێی مسۆگەرکردنی پێداویـستیە سـەرەکیەکانی مـرۆڤ (وەکـو لـە تیـۆری ماسـلۆدا هـاتوە) ناسـنامەو رەگەزنامـە دیاری دەکات، بە داخەوە لە ڕوانگەی داروینیزمی کۆمەڵایەتیەوە روانیـوێتی و، هەمو ئینتیماکانی بۆ توخمێکی مرۆڤایەتی مسۆگەر کردوە، کە دەبێت خاوەنی (رەنگ) و (توخم) و (پێشبڕدی ئابوری) تایبەتی بێت! ئەم سیفەتانەش هەر لە پیـاوی سـپی پێـستدا هەیـە، کـە گوایـە هـەر ئـەو شارسـتانێتیەو، هـەر ئـەویش پێشکەوتوە.. دوای ئەم کورت بینینە هاتوە، خەڵکی ئەو کۆمەڵگانەی ناسـاندوە، کە لە دەرەوەی ئەوانەی خۆیانن! بەو پێناسەش ناساندونی، کە خۆی بە ڕاستی زانیـون! ئەمـەش سـتەمێکی دیکەیـە!! چـونکە هـاتوە خەڵکەکـەی جیهـانی سێیەمی، بەپێی (رەگەزنامە)و (ناسنانە)و (ئاستی پێشبڕدی شارسـتانێتیەکەی) پۆلـێن کـردوە ! سـەرباری ئەمـەش کەوتۆتـە لێکترازانـدنی کلتـوری کۆمەڵگـەکانیان‌و کلتـوری هـەر یەکـەیانی خـستۆتە بـەر تۆمـەتباریی دادگـا!

---

[1] زاراوەی (ناسنامە) جێو ڕێی مرۆڤەکە لە گەردوندا دەناسێنێت، زاراوەی (رەگەزنامە) کەش جێو ڕێی ئەو لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دەناسێنێت. (نوسەر)

ئەویانی ناو ناوە گەلانی جیهانی سێیەم، کە دڕنـدەن، کۆمەڵگەی دواکەوتون.. ئینجا لە ناخی نەوەی نوێیانـدا هەسـتی (کلتـور غـەریبی) روانـدوە! تـا هـەر لـە گەنجیەوە وا هەست بکەن، کە ئینتیمایان نیە، ئەمەش وایان لێ دەکات هەسـت بە کەم و کورتی بکەن و، بگەڕێن خـۆ بـە کلتـوری ڕۆژئـاوای " شارسـتانێتی " تـەواو کـەن! بـە تایبـەتی لـە بوارەکـانی ڕەوشـتو کۆمەڵایەتیـەوە! ئەمـەش خۆدۆڕاندنەو داواکراوەکەیە..

## چوارەم : مسۆگەرکردنی بواری خۆ سەلماندن بۆ جـۆری توخمی هەمو مرۆڤێك، بەرامبەر مسۆگەر کردنی ئەو بـوارە تەنها بۆ توخمێکی دیاریکراوی مرۆڤ :

لە ئاڕاستەو بنەماکانی پەروەردەی ئیسلامیدا، بوار کردنەوە بۆ سەلماندنی بـونی خـۆو لێوەشـاوەیی مـافی هـەمو (بـەنی ئـادەم)ە بـێ جیـاوازی نێوانیـان، هەمویان دەبێت هەلی ڕەخساویان لەبەر دەمدا بێت بۆ ئیسپاتی شیاوێتی خۆو (هێنانـەدی مەبەسـت) لـە ڕوی فیکریـی و دەرونـی و مادیـەوە، چونکە هـەمو بۆیان هەیەو بـە گوێرەی توانـاو وزەی خۆیـان، دەتـوانن بەشـداری فـەرمان بـە چاکەو بەرهەڵستی لـە خراپـە لـە هـەمو جیهانـدا بکـەن.. هێنانـەدی مەبەسـتی هەموانیش لە واقیعێکی زینـدوی ژیانـدا، پێویـستی بـە (لێوەشـاوەیی) هـەموان هەیـە، هـەمو دەبێـت وزەو ورەی خۆیـان پێکـەوە بـە پێـی سـتراتیژێتیەکی پشودرێژانە بخەنە گەڕ، تا بتوانن (بەرهەمێك زۆر گەورەو شیاو) لە بوارەکـانی زانـستەکانی مەبەسـت و، زانـستیەکانی هۆکـارو داهێنانـدا بخەنـە بەردەسـتی مرۆڤایەتی..

ئەمما لە کۆمەڵگە نوێکانی سەردەمدا، مسۆگەر کردنی بواری سەلماندنی بونی خۆو ئیسپاتی لێوەشاوەیی تاك و کۆ تەنها بۆ توخمێك، یان کۆمەڵە خەڵکێك مسۆگەر کراوە، بواری خۆ سەلماندن و (لێوەشاوەیی) یەکەشیان، هەر (بەرهەمی ماددی) یەو داهێنانە لە زانستیەکانی هۆکاردا، ئەگینا بە هیچ پەیوەستێك توخنی زانستیەکانی مەبەست ناکەون!

ئەمەش هەر وا لە ناو کۆمەڵگەکانی خۆیاندا! ئەمما لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگانەدا، ئەوە سیاسەتی خۆیان پیادە دەکەن، کە بریتیە لە فڕاندن و هێنانی هزری وڵاتانی تر، تا لە وڵاتەکەی ئەماندا بونی خۆی بسەلمێنێت! ئەم فڕاندنی هزرەش شێوازی خۆی هەیە، وەکو پشی پشی بۆ کردنی پەروەردەیی، ڕافڕاندنی ئەمنی، تین و فشاری پۆلیسی، هاندان بۆ تێر کردنی حەزو پڕ کردنەوەی پێداویستیەکانی، کە هەزاران خاوەن هزر و پسپۆڕی، وەکو ئەم لە وڵاتە بێ ئاراستەکەی خۆیدا ـ وڵاتانی جیهانی سێیەم ـ لێیان مەحرومن! بەم شێوەیە ئەم خاوەن هزرو پسپۆڕو بیرتیژو زیرەکانە وڵاتانی خۆیان جێ دەهێڵن، کە ملیۆنەها ئاتاج (موحتاج)ی ئەمانی تێدایە، هەزاران خاوەن هزری دیکەش، کە هەر چاوەڕێن پێداویستیە سەرەکیەکانیان پڕ کەنەوە! لە پێداویستیە جەستەیی (فیزیکی)یەکان، کە پڕن لە پێداویستی خۆراك و پۆشاك و ماڵ و خێزان، کە تا دەمرن ناگەنە سێیەکیشی! کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەبنەوە بە نمونەی لێوەشاوەیی و ئارامگریی خۆسەلماندن.. تا دەبنە سونبول و پێشەوای نمونەیی، بۆ نەوەیەکی نوێی بێبەشتر !!

# ناوەرۆك

**بابەت** **لاپەڕە**


نوسـەر کێ یە؟!......................................................................۷
پێشەکی وەرگێڕ......................................................................۱۱
پێشەکی نوسەر .....................................................................۱۵
کۆبەندی یەکەم: ئوممەتی موسوڵمان..........................................۲۳
بەندی یەکەم : واتای ئوممەتی موسوڵمان........................................۲۵
بەندی دوەم : سەرەتای پێکەوەنانی ئوممەتی موسوڵمان.........................۳۷
بەشی یەکەم : داڕشتنی زەمینەی ئوممەت .......................................۳۹
بەشی دوەم : مەڵبەندی بانگەوازی ئەقسا ........................................۴۹
کاریگەری تیرەخوازی عەربی لەسەر چەمکی ئوممەت دوای سەردەمی راشیدین ..........۵۵
بەندی سێیەم : گرنگی هێنانە دی ئوممەتی موسوڵمان ............................۶۳
کۆبەندی دوەم : پێکهاتەی ئوممەتی موسوڵمان ....................................۷۵
چوارچێوەی پێکهاتەکانی ئوممەتی موسوڵمان.........................................۷۷
بەندی چوارەم : تاکی موسوڵمان.....................................................۷۹
توخمی یەکەم : تاکە موسوڵمانەکان.................................................۸۱
بەشی یەکەم : گرنگی تاکە موسوڵمانەکان وەك توخمی پێکهاتەی ئوممەتەکەیان.........۸۲
بەشی دوەم : گرنگی سێگۆشە ئیمانیەکە لەم سەردەمەدا .............................۹۷
بەندی پێنجەم : توخمی دوەم : کۆچ و پەناکۆچ........................................۱۱۹
بەشی یەکەم : ماناکانی کۆچ کردن .....................................................۱۲۱
بەشی دوەم : گرنگی کۆچ کردن .......................................................۱۲۹
بەشی سێیەم : ڕۆڵی پەروەردە کردن لە داڕشتنەوەی ڕوکنی کۆچ.......................۱۳۶
بەندی شەشەم : توخمی سێیەم : جیهادو پەیام .........................................۱۴۱
بەشی یەکەم : مانای جیهاد ..............................................................۱۴۳
مەیدانەکانی جیهاد ..........................................................................۱۴۷
بەشی دوەم : مانای پەیام (الرسالە) ......................................................۱۶۲
گرنگی پەیام لە هەبونی ئوممەتدا...........................................................۱۶۷
ڕۆڵی پەروەردە لە بەهێزکردنی پەیامدا......................................................۱۷۲
بەندی حەوتەم : توخمی چوارەم : داڵدەو مەئوا .........................................۱۷۹
بەشی یەکەم : مانای مەئوا.....................................................................۱۸۰
بەشی دوەم : ڕواڵەتی مەئوا ساز کردن .........................................................۱۸۴
باسی یەکەم : بە هەند زانینی زەوی وئاوەدان کردنەوەی بە جۆرێك کە خوا دەیەوێ.........۱۸۴
بڕگەی یەکەم : سود لە زەوی بەو سیفەتەی مەئوا و جێی هێمنی و ئاسودەییە : ...........۱۸۶
بڕگەی دوەم : زەوی کە سەرچاوەی بژێویە بۆ سود وەرگرتنە.................................۱۹۲

بڕگەی سێیەم: هاوبەشی هەموان لە خاوەنێتی سەرچاوەی سامان و گیر نەکردنی.................. ٢٠٧
بڕگەی چوارەم : سود لە زەوی بەو سیفەتەی ڕێی بەرەو خواویستیە : ........................ ٢١٤
باسی دوەم : گەشەپێدانی بەهای نیشتەجێبون ........................................... ٢٢٠
باسی سێیەم : ڕێزی نیشتەجێ بونی مرۆڤ و دەرنەپەڕاندنی............................... ٢٢٥
باسی چوارەم : پەیوەندی نێوان ئەمنیەتی رۆزیی و ئەمنیەتی دینی ......................... ٢٢٨
باسی پێنجەم : پەیوەندی نێوان مەئواو چالاکی سیاسیی و چوستی ئیداریی .................. ٢٣١
بەشی سێیەم : گرنگی مەئواسازیی ................................................. ٢٣٥
بەرپرسێتی پەروەردەکاریی لە توخمی مەئواسازییدا : ................................... ٢٣٧
پاشکۆیەکی کورت بۆ ریز کردنەوەی مانای مەئوا ........................................ ٢٤٠
بەندی هەشتەم : توخمی پێنجەم : پشتگیریی ........................................... ٢٤٧
بەشی یەکەم : مانای پشتگیریی ...................................................... ٢٤٧
بەشی دوەم : بوارو مەیدانەکانی پشتگیریی............................................ ٢٤٨
بەندی هەشتەم : توخمی پێنجەم : پشتگیریی ........................................... ٢٤٩
بەشی یەکەم : مانای پشتگیریی ...................................................... ٢٤٩
بەشی دوەم : بوارو مەیدانەکانی پشتگیریی............................................ ٢٥٤
باسی یەکەم : پشتگیریی بیروباوەر .................................................. ٢٥٤
دوەم بواری پشتگیریی : پشتگیریی دادپەروەریی......................................... ٢٦٢
سێیەم بواری پشتگیریی : پشتگیریی ئازادی............................................. ٢٦٦
چوارەم بواری پشتگیریی : پشتگیریی موسوڵمانی بەرەنگار لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە......... ٢٧٨
پێنجەم بواری پشتگیریی : پشتگیریی ئوممەت لە بەرەنگاربونەوەی دیکتاتۆرییدا ............... ٢٨٨
شەشەم بواری پشتگیریی : پشتگیریی بیرمەندان و جەماوەر لە بەرەنگاربونەوەی دەسەڵاتدا.... ٢٩١
حەوتەم بواری پشتگیریی : پشتگیریی ئوممەت لە بەرەنگاربونەوەی دەستدرێژیی دەرەکیدا ..... ٣٠١
بەندی نۆیەم : توخمی شەشەم : سەرپەشتیاریی.......................................... ٣٠٧
بەشی یەکەم : مانای سەرپەرشتیارێتی (الولایە)......................................... ٣١٠
بەشی دوەم : پلەکانی سەرپەرشتیارێتی ئیماندارانە ..................................... ٣١٥
پلەی یەکەم: سەرپەرشتیارێتی خوای گەورە بۆ موسوڵمانان:.............................. ٣١٥
پلەی دوەم: سەرپەرشتیارێتی نێرراوانی خوای گەورەو موسوڵمانان : ........................ ٣١٦
پلەی سێیەم : سەرپەرشتیارێتی موسوڵمانان بۆ یەکتریی : ................................ ٣١٧
پلەی چوارەم : سەرپەرشتیارێتی خزمی موسوڵمان : ..................................... ٣١٨
بەشی سێیەم : پلەکانی سەرپەرشتیارێتی غەیرە موسوڵمان................................ ٣٢٠
پلەی یەکەم: سەرپەرشتیارێتی شەیتان بۆ کافران و دوڕوان و یاخیبوان :...................... ٣٢٠
پلەی دوەم : سەرپەرشتیارێتی ناوخۆی کافران و دوڕوان و تاوانباران بۆ یەکتریی : ............ ٣٢٧
بەندی دەیەم : توخمەکانی پێکهاتەی ئوممەت و تیۆری پێداویستیی لە دەروناسی نوێدا...... ٣٣٣
بەشی یەکەم : پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤ لە نێوان بنەماکانی ئیسلام و ............... ٣٣٥
بەشی دوەم : پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤ لە نێوان ئیسلامیانەو دەروناسی سەردەمدا...... ٣٥١

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.